# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ۵۲ | ساڵی بیست‌ویەکەم | هاوینی ۲۷۱۹



## کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر ۲۴

تەوەری ئەم ژمارەیە:

## کورد و فاکتەرەکانی دەسەڵات

۹۸
گوتاری زاڵ و گوتاری هاوبەش

۱۳۰
ئابووری، گوتاری لەیادکراو

۲۷۶
ئایا غەیرە فارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟

۴۶
زمان و دەسەڵات

نا، بۆ کوردێک کفرە ئێســـتا کوردســـتان وتن،
چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لـــێ ئەبنە دوژمن!
گۆران

گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە
ژمارە ٥٢ • ساڵی بیست و یەکەم • هاوینی ٢٧١٩

**سەرنووسەر:**
**ناسر مورادی**

**دەستەی نووسەران:**
**ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەڵان،**
**مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی**

**بەڕێوەبەری نووسین:**
**شەهاب خالیدی**

**زمانەوان:**
**کامیل نەجاڕی**

**دیزاین:**
**ڕێبوار**

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو
بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشکەوە
بڵاو دەبنەوە

www.kurdistanmedia.com\sorani\tishk
www.facebook.com/GovariTishk
govaritishk@pdki.org

# پێرست


سەروتار ٦

## تیۆری

ئانارشیی نێوخۆیی و پێویستیی ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە • د. محەمەد حسەینزادە ١٠
کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر • سارۆ ئەردەڵان ٢٤
زمان و دەسەڵات • مەسعود بابایی ٤٦
گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێراندا • د. ڕەحیم سورخی ٥٦
تیئۆریی ئاریایی و هیندوئەورووپی • هادی عەزیزی ٨٠
سیاسەت لە کوردستان لە نەبوونی «ماف بە سەر شارەوە» • ساسان ئەمجەدی ٩٠

## شیکاری

گوتاری زاڵ و گوتاری هاوبەش • ڕزگار موکری ٩٨
پێوەندییەکانی نێوان شوناسی دینی و ناسیۆنالیزم • گوڵاڵە کەمانگەر ١٠٦
مدیریت استعماری سرزمین در ڕۆژهەلات • د. منصور سهرابی ١١٤
سڵکردن لە دەسەڵاتخوازی • کوردیار سەقزی ١٢٤
ئابووری، گوتاری لەیادکراوی گەمە سیاسییەکانی کورد • ڕزگار بەهاری ١٣٠
بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و تیرۆریسم • جەمیل کولاهی ١٤٠
دەسەڵات و کۆمەڵگا • مامەند عەلیار ١٤٨
دیپلۆماسیی نەتەوە بندەستەکان • ئارەش ساڵح ١٥٨
چوارچێوەی حیزبە کوردییەکان • بانان بێستوون ١٦٢
کورد و چینی سێهەمی مافەکانی مرۆڤ • جوامێر زاگرۆس ١٧٠
ڕاسان و ڕێ «مەنتاڵیتێتی حەوتەوانە» • ئەفراسیاب گرامی ١٧٨
هێرشی ناسیۆنالیزمی فارسی بۆ سەر جوغرافیای زاگرۆس • سمیرۆ لۆرستانی ١٩٢
ئایدۆلۆژیی کوردایەتی • ڕامیار و ڕۆژبەیان ١٩٨
دەسەڵات و ئۆتۆریتە • ڕۆژبین بۆکانی ٢٠٢
ئەندازیاریی سیاسی • ڕامان ژاوەرۆ ٢٠٨
موانع و راهکارهای توسعه کشاورزی ڕۆژهەلات • شیلان هەوشاری ٢١٤

## ڕوانگە

تیرۆریزم لە ڕوانگەی جیاوازەوە • د. قاسملوو ٢٣٢
ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (٢) • سمایل شەریفی ٢٣٨
ئێمە و شەقام • ژاکان سنەیی ٢٤٦
ڕاسانی تاراوگە • ئاسۆ ساڵح ٢٥٠

## وتووێژ

تابلۆیەکی ٤٧ــ٤٦ ٢٥٦

## وەرگێران

ئایا غەیرەفارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟ ٢٧٦
ئازادی و سنوورەکانی حکومەت ٣٠٢
تەوەرە جێی باسەکان لە کۆماری شیعەدا ٣١٦
کوردەکان لە ناو ئێران ٣٤٠
گەمارۆکان دەسپێکی مەترسین بۆ سەر کۆڵبەرانی کورد لە ئێراندا ٣٥٨
دژەکۆلۆنیالیزم ٣٦٢

## هەڵسەنگاندن

«خەونی کوردستان» • کەیهان یووسفی ٣٦٨
**Hiqûqa Navneteweyî, Astengî an Derfet?** • Sabir Ebdulahîzad ٣٧٧

# ســـــەروتار

**ناسر موڕادی**



پێکهاتەی سیســـتەمی سیاسەتی جیهانی لەسەر بنەمای دەوڵەت دامەزراوە. واتا دەوڵەت سەرەکیترین ئەکتەری سیاســـەتی جیهانییە. لەم چوارچێوە سیاسی – یاساییەدا، هەر کام لەو ئەکتەرانە، پێناسە بۆ هێزی نەتەوەیی خۆیان دەکەن. لەم نێوانەدا، ئەگەرچی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە و کوردستان لە نێو وڵاتانی داگیرکەردا دابەش کراوە، بەڵام خاوەنی چەندین توخم و فاکتەری هێزە کە دەتوانێ لە لایەک کار بکاتە سەر هاوکێشەکان و لە لایەکی دیکەشەوە  خوێندنەوە و ڕێکخستن بۆ ئەم فاکتەرانە بکات. بە وردبوونەوە و تێڕامان لەم فاکتەرانە دەکرێ نەخشەڕێگای گەیشتن بە ئامانج زیاتر ڕوون بکرێتەوە و دوورەڕوانی پرسی خۆی وێنا بکات. بەم پێیە، وێڕای ئەوەی کە  هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی لاوازی و بەهێزیی وڵاتانی داگیرکەر دەکات، بەراوردی هێز  و توانست و دەرفەت و پتانسییەڵەکانی خۆیشی دەکات.

پڕ ئاشـــکرایە هێز بابەتێکی فرەڕەهەند  و چەمکێکی ئاڵۆزە. ئاڵۆز لەو ڕووەوە کە  فۆرم و ناوەرۆکی هێز تا دێ گۆڕانکاریی بە سەردا دێ. چەمکی هێز و نوێنگەکانی لە هەر سەردەمێکدا، لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەردا

بووە، هەر بۆیەش لە هەر قۆناغێک مانایەکی جیاواز بە دەستەوە دەدات. بەم پێیەش لە ڕوانگە و تیۆریی جیاواز کەڵک وەردەگیردرێت، بۆ ئەوەی لایەن و ڕەهەندەکانی هێز بۆ ڕای گشتی و ناوەندەکانی بڕیار ئاشنا بکرێت.

بنیاتنانی دەسەڵاتی کوردی و بەڕێوەبەری کایەی سیاسی، گرێدراوی شێوازی تێگەیشتن لە فاکتەرەکانی هێزە و هێزیش دیاردەیەکی چەند ڕەهەندییە کە بەدەر لە بواری سەربازی کە لێرەدا مەبەست هێزی پێشمەرگەیە، بواری دیکەش لەخۆ دەگرێ کە دەکرێ ئاماژە بە فاکتەری کلتوور و شوناس، مێژوو، زمان، سەرچاوە و سامانە سرووشتییەکان، جوگرافیا و سنوور، شەقام، دیپلۆماسی، گوتاری کوردایەتی و هاوخەباتی بدرێت کە زیاتر خۆی لە چوارچێوەی حیزبە کوردییەکاندا دەبینێتەوە.

فاکتەری سرووشتی، هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەش بوون لە نێوان چوار دەوڵەتی تورکیا، ئێران و عێراق و سوریا وای کردووە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا و دوای سەرکوتی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کورد، کوردستان وەک ناوچەیەکی نائارام و ناسەقامگیر سەیر بکرێ. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان بۆ ۴۰ ملیۆن کەس مەزندە دەکرێ کە بە بەراورد بە حەشیمەتی هەر کام لە وڵاتە داگیرکەرەکان، ژمارەیەکی بەرچاو و کاریگەرە. گرێدانی هێز و تواناکان لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیی ڕزگاریکەری کوردستانەوە دەتوانێ وەک هێزێکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر بکرێت. بە دۆزینەوەی نەوت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و هەروەها وابەستەبوونی ئابووریی جیهانی بە نەوتی خاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەوت و گازی کوردستان دەتوانێ وەک کارتی هێز و یاری سەیر بکرێ. هەڵبەت لە ئێستادا بەرەبەرە دەردەکەوێ کە ئاوی کوردستان کە سەرچاوەیەکی گرنگی دابین کردنی ئاوی ئێران، تورکیا و عێراقە، دەورێکی ستراتێژیک لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا دەبینێت. سەرەڕای ئەم خاڵانە، کەش و هەوای باش، ئاوی زۆر و خاکی بەرفراوان، کوردستانیان کردووە بە ناوچەیەک کە دەتوانێ لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە وەک ناوچەیەک بۆ دابین کردنی کەرەسەی خاو و پێخۆر سەیر بکرێت.

سەبارەت بە فاکتەری توانای چەکداری، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هێزەیە کە داگیرکەران سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقالا و تاقی کردنەوەی هەموو پیلان و شێوازەکان، تاکوو ئێستا لە دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ لەناوبردنی شکستیان خواردووە. خەباتی بەردەوام و ئەزموونی درێژخایەن، ئەم هێزەی وەک هێزی دابینکەری مانەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریکەری کوردستان لە ناوچەکەدا بەبرشت نیشان داوە. هەرچەند زیاتر پێداگری لەسەر توانای ڕێکخستن و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن کراوە، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا ئەم هێزە دەتوانێ دەورێکی کاریگەرتری هەبێ. بۆ نموونە هێزی سایبری و ئەمنیی پێشمەرگە دەتوانێ مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی داگیرکەرانی کوردستان ساز بکا. بێگومان سەرچاوەی مەشروعییەتی ئەم هێزە لە خەباتی ڕەوای نەتەوەیی و پابەندبوون بە ئایدیۆلۆژیی ڕزگاریکەری کوردایەتیدایە.

ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی و حیزبی سیاسی، هێزی نەرم و ڕێکخەری فاکتەرە جیاوازەکانی دەسەڵاتە لە کوردستان. لە ڕاستیدا ئەگەر ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو نەبێ چۆن دەکرێ نەتەوەیەکی مەزن بەرەو سازکردنی کیانێکی کوردی بڕوا و هەروەها لە بەرامبەر هێزەکانی ناوچەدا، وەک هێزێکی بەرگریکار لە بوونی کورد لە جیهاندا خۆی نیشان بدا. ئاشکرایە، ئەگەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبن کە بتوانن داواکارییەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بگونجێنن، داواکاریی کەلتووری، یاسایی و کۆمەڵایەتی بە هیچ شوێنێک ناگا. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و مافی دیاری کردنی چارەنووسە، کە دەتوانن وەک هێزێکی بەرچاو لە ناوچەکەدا خۆیان دەرخەن و مەودای خۆیان لە گەڵ ڕەوتە ڕیفۆرمیستەکان بپارێزن. پێویستە سەرچاوە و فاکتەرەکانی هێز و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە شێوەی هاوکات تەریب بکرێن. ئەکتی سیاسی کاتێک دەستکەوتی بەدواوە دەبێ کە دیدێکی واقعبینانە لە ژینگەی ناوخۆ و دەرەوە بەرایی بدات.

# " تیۆری "

# ئانارشیی نێوخۆیی و پێویستیی ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە

**د. محەمەد حسەین‌زادە**



**ئاماژە**

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم جەخت لەسەر پێویستیی ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندێ لە هۆکارەکانی ئەو پێویستییە بکەمەوە. تەنانەت ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا و بە هۆی خوێندنەوەی بارودۆخی ناوچە و دۆخی ئێران و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکیی ئەوتۆی نەبێ، بەڵام پێویستە بەردەوام ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییەکانی داهاتوو. بۆیە هەوڵ دەدەم گرنگیی ڕۆڵی پێشمەرگە لە ساتی سەرهەڵدانی ئانارشی و دیلێمای ئەمنییەتی لە داهاتوودا ڕوون بکەمەوە.

## پێشەکی

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بگۆترێت کە هیچ هێزێک بە ڕادەی پێشمەرگە لە سەر ڕەوتی خەبات و مێژووی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی کوردستان، کاریگەریی دانەناوە. ئاشکرایە کە ژی و مانەوەی نەتەوەیی (National Survival) گرنگترین و سەرەکیترین ئامانجی هەموو نەتەوەکانە لە جیهاندا و هەر بۆیە هەموو نەتەوەکان بە تایبەت نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان، هەوڵیان داوە لە ڕێگای دامەزراندنی هێزی ئەرتەش و سوپای نەتەوەیی خۆیانەوە، ئەمنییەت و مانەوەی خۆیان دابین بکەن. لەو نێوەدا، نەتەوەی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت، جگە لە هێزی پێشمەرگە، هیچ هێز و کەرەسەیەکی بۆ پاراستنی خۆی نەبووە. لە ڕاستیدا ئەوە هێزی پێشمەرگە بووە کە لە کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراودا، بەردەوام لە بەرانبەر سیاسەتی داگیرکەرانە، حاشالێکەرانە و تەفروتووناکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرە جیاوازەکاندا وەستاوەتەوە و هێچ کات نەیهێشتووە کە دوژمنان، سیاسەتە دژە کوردییەکانی خۆیان لە کوردستان، بە ئاسانی و یان لانیکەم بە بێ دانی تێچووی زۆر ئەنجام بدەن. پێشمەرگە هەرچەندە لە ڕووی چەکوچۆڵ و هێزی مادییەوە هێزێکی هاوسەنگی لەگەڵ دوژمندا نەبووە، بەڵام بە ئازایەتی و بوێری و دلێرییەکانی خۆی، بووەتە هۆی مانەوە و دابین کردنی ئەمنییەتی نەتەوەکەی.

سەرەڕای ئەوە، لەم ساڵانەی دواییدا ویرەویرێک سەبارەت بە کوتاییهاتنی پێویستیی پێشمەرگە بیستراوە. ئەگەر چاو لەوانە داپۆشین کە بە ئەنقەست و لە ناوەندە پیلاندارێژییەکانی داگیرکەرانەوە خەڵک لە هێزی پێشمەرگە بێ هیوا دەکەن، باقی ڕەخنەگرانی هێزی پێشمەرگە، بە تایبەت پەنایان بردووەتە بەر سێ بیانوو و پاساوی نەگونجاو. یەکەم، هەندێ ساویلکە، بڕوایان وایە کە بنەما و بنچینەی سیاسەت کردن و سیاسەتی کردەوەیی لە جیهان و ناوچەدا گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بە خۆیەوە بینیوە و بەم گریمانەوە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیاسەتی گفتوگۆ-تەوەر دەبێت جێگای سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا بگرێتەوە. دەستەی دوویەم، مەسەلەی نەبوونی هاوسەنگیی هێز لە نێوان پێشمەرگە و سوپای دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا زەق دەکەنەوە و دەڵێن کە هێزی پێشمەرگە ناتوانێت هیچ قازانجێکی لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا هەبێت. تاقمێکی دیکەیش بە هۆی دڵساردی و ناهۆمێدی لەو سیاسەتە ناسەرکەوتووانەی کە هەندێک لە حیزبەکان گرتوویانەتە بەر و نەگەیشتوونەتە ئامانجەکانیان، تاوانی ئەو سەرنەکەوتنە دەخەنە ئەستۆی پێشمەرگە و باسی ناکارامەییی ئەو هێزە لە ڕابردوودا دەکەن.

بەڵام هیچ کام لەو بیانوو و پاساوانە گونجاو و دروست نین. ئەوانەی کە باسی گۆڕانێکی قووڵ و جددی لە چییەتی و ناوەڕۆکی سیاسەت و شێوازی سیاسەت کردندا دەکەن، ڕوونی ناکەنەوە کە چ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەردا هاتووەتە ئاراوە و ولام نادەنەوە کە بۆچی ئەو دەوڵەتانە هەر وەک پێشوو، هەوڵی چەوساندنەوە و پاکتاو کردنی نەتەوەی کورد دەدەن. ناڵێن ئەگەر لە ڕابردوودا خەباتی پێشمەرگە پێویست و ڕەوا بووە، ئێستا بۆچی ئەو پێویستییە نەماوە؟ ئەوانەیش کە باسی ناهاوسەنگیی هێز دەکەن، بە حەقیقەت، تێنەگەیشتوون کە لە بنەڕەتدا گرفتی سەرەکیی ئێمە نەبوونی هاوسەنگی بووە و ئەگەر کورد هاوسەنگیی هێزی لەگەڵ داگیرکەران هەبوایەت، لە بنەڕەتدا خاک و نیشتمانیان داگیر نەدەکرا. ئەوانەش کە پێشمەرگە بە تەواوەتی بە ناسەرکەوتوو دەزانن و دڵسارد و ناهۆمێدن لە هێزی

پێشمەرگە، دان بەو حەقیقەتەدا نانێن کە مانەوەی ئێستامان، بەرهەمی بەخت کردنی گیان و لەخۆبردوویی هێزی پێشمەرگە بووە. هیچ کام لەو ڕەخنەگرانە وڵامێکی ڕوون بەم پرسیارە نادەنەوە کە ئەگەر هێزی پێشمەرگە لە باشوور و گەریلا لە ڕۆژئاوای کوردستان نەبوایەت، ئایا بەدەستهێنانی ئەم ڕادەیە لە سەربەخۆیی مومکین دەبوو؟ هەروەها کێشەیەکی گەورەتر و هاوبەشی هەموو ئەو بێ‌بڕوایانە (بە هێزی پێشمەرگە) ئەوەیە کە تا ئێستا نەیانتوانیوە هێزێکی باشتر لە پێشمەرگە بناسێنن و هیچ جێگرەوەیەکیان بۆ ئەو هێزە نەتەوەیی و نیشتمانییە نیە کە کارامەییی خۆی لە ڕەوتی خەباتی کوردستاندا، سەلماندووە.

نەک هەر پێشمەرگە بووە کە لە ڕابردوودا مانەوەی نەتەوەییی دەستەبەر و مسۆگەر کردووە، بەڵکوو لە داهاتوویشدا ئەگەر دۆخی سیاسەت کردن هەر دۆخی جاران (و ئێستا) بێت، دووبارە تەنیا هیوا و هۆمێدی کورد بۆ مسۆگەر کردنی مانەوە و ئەمنییەتی خۆی، هێزی پێشمەرگە دەبێت. لانیکەم ئەزموونەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە دوو بەشی کوردستان- باشوور و ڕۆژئاوا- نیشاندەری ئەوەیە کە لە کاتی سەرهەڵدانی مەترسی و هەڕەشەکان لە لایەن دەوڵەتانی ناوەندی و گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا بۆ سەر نەتەوەی کورد، هێزی پێشەنگی بەرگریکاری نەتەوەیی، هەر پێشمەرگە بووە. دیارە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و نابێت. حاشاهەڵنەگرە کە هەم دەوڵەتی داگیرکەر و هەم هەندێ لە لایەنەکانی دیکە لە ئێراندا وەک دۆژمن دەڕواننە کورد و هیچ پێداچوونەوەیەک لە تێڕوانینی ئەوان بە نیسبەت نەتەوەی کورد ڕووی نەداوە و ئەگەر هەلێکیان بۆ هەڵکەوێت و دەرفەت بە گونجاو بزانن، وەک قۆناغەکانی پێشو پەلاماری نەتەوەی کورد دەدەن. کەوابوو، نەتەوەی کورد دەبێت بەردەوام ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داهاتوو بێت و لەو نێوەدا پێشمەرگە گرنگترین ڕۆڵ دەگێڕێت.

> **لە ڕاستیدا ئەوە هێزی پێشمەرگە بووە کە لە کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراودا، بەردەوام لە بەرانبەر سیاسەتی داگیرکەرانە، حاشالێکەرانە و تەفروتووناکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرە جیاوازەکاندا وەستاوەتەوە**

ئەم نووسراوەیە، هەوڵێکە بۆ وڵام دانەوەی ئەو پرسیارە کە پێویستیی ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتدا چییە؟ گریمانەی سەرەتایی من ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی- ئەمنییەتی جددی و بە تایبەت لاوازیی دەوڵەتی ناوەندی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئانارشی و دیلێمای ئەمنییەتی ناوخۆیی و لە ئاوا حاڵەتێکدا نەتەوەی کورد جگە لە پشت بەستن بە هێزی پێشمەرگە هیچ هیوایەکی بە مانەوەی خۆی نییە، هەر بۆیە هێزگرتن و ئامادەییی پێشمەرگە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

کەوابوو، لە درێژەدی ئەم بابەتەدا، پاش ئاماژەیەکی کورت بۆ ئانارشی و دەرئەنجامەکانی، گرنگی و ڕۆڵی سەرەکیی پێشمەرگە لە ساتی سەرهەڵدانی ئانارشیی نێوخۆیی و دیلێمای ئەمنییەتیدا ڕوون دەکەمەوە و بە ناساندنی «ڕاسان» وەک نموونەی سیاسەتێکی گونجاو بۆ ئەو قۆناغە مەترسیدارە، کۆبەند و دەرەنجامی باسەکە پێشکەش دەکەم.

## ئانارشی نێودەوڵەتی

ئانارشی (Anarchy)، تایبەتمەندیی سەرەکیی سیستەمی نێودەوڵەتییە (Inter-state

system). ئانارشـــی بە مانای بێسەرەوبەرەیی و پاشـــاگەردانی یان بێ نەزمی نییە، بەڵکوو خـــۆی جـــۆرە نەزمێکە و مانـــای ئەوەیە کە لە سیســـتەمی نێودەوڵەتیدا دەســـەڵات یان دەوڵەتێکی ناوەندی لە سەرەوەی دەوڵەتەکاندا بوونی نییە و سیستەم، سیستەمێکی پلەبەندی (Hierarchic) نیـــە و دەوڵەتەکان لانیکەم لە ڕووی تێوری (و یاســـاییەوە) پێکەوە بەرابەر و هاوســـەنگن. بـــە واتایەکی دیکـــە، هەموو دەوڵەتەکان خاوەن دەســـەڵات و سەربەخۆن (تەنیا خاڵی جیاکەرەوەی دەوڵەتەکان، ئاستی هێز و توانایانە). ئەو تایبەتمەندییە تا ڕادەیەک پاوەجێ و هەتاهەتاییە و دەوڵەتەکان ناتوانن لێی دەرباز بن[١]. سەرچاوەی زۆربەی ململانێ و شـــەڕەکان لـــە سیســـتەمی نێونەتەوەیی (International system)دا، دەگەڕێتـــەوە بۆ ئانارشـــی. دەوڵەتەکان لە دۆخی ئانارشـــیکدا دەبێت بەشوێن ئەمنییەتی خۆیانەوە بن، لەبەر ئەوەی کە هیـــچ دەوڵەت یان ناوەندێک نییە کە لە ئەگەری پەلامار و هێرشـــی لایەنێکی دیکەدا، ئەمنییەتیان بپارێزێت.

لەوانەیـــە دەوڵەتـــەکان بـــە مەبەســـتی پاراســـتنی خۆیان و دابین کردنی ئاســـایش و ئەمنییەتیـــان، هەندێ هەنـــگاو هەڵبگرن و سیاســـەتگەلێکی تایبـــەت بگرنە بەر. بەڵام ئاکام و دەرئەنجامی ئەو هەنگاو و سیاســـەتە تاکلایەنانـــە، کێبەرکێـــی چەکوچۆڵ (Arms races) و سەرهەڵدانی هاوپەیمانییەتییەکانە و لە ئاکامدا ئەو دۆخە بە سەرهەڵدانی دیلێمای ئەمنییەتـــی (یان تەگـــەرەی ئەمنییەتی یان تەنگەژەی ئەمنییەتی) (Security dilemma) توندتـــر و مەترســـیدارتر دەبێتەوە و ئەگەری پێکدادان و شـــەڕ لە نێوان دەوڵەتەکاندا زیاد دەبێـــت. ئەوە مانـــای وایە کە ئـــەو ئامراز و کەرەســـانەی کە ئەمنییەتی لایەنێک دابین دەکەن، دەبنە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی لایەن یان لایەنەکانی دیکـــە. کەوابوو، تەنانەت ئەو دەوڵەتـــەی کە بە مەبەســـتی بەرگری کردن لە خۆ، چەکوچـــۆڵ کۆ دەکاتەوە، ڕووبەڕووی وڵامی هاوشێوەی لایەنەکانی دیکە دەبێتەوە. هەر بەو شـــێوەیە، هاوپەیمانییەتییەک کە بە مەبەستی دابین کردنی ئاسایشی ئەندامەکانی، دەست دەداتە بەهێز کردنی خۆی، بەستێنی نیگەرانیی هاوپەیمانییەتییەکانی دیکە ســـاز دەکات.[٢]

لە ئاوا جیهانێکدا، دەوڵەتەکان پەیجووی مانـــەوەی خۆیانـــن و خۆخـــواز (Itself-Interested)ن. واتا ئەو دەوڵەتانە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتری و لەژێر کاریگەریی سیستەمی ئانارشیکدا کردەوەی هاوشێوە لە خۆ دەنوێنن و هەموویـــان بە مەبەســـتی دابیـــن کردنی ئەمنییەتی خۆیـــان، لە ڕێگای ســـتراتێژیی هاوســـەنگیی دەرەکی (External balance) (بۆ نموونە هاوپەیمانییەتی) یان هاوسەنگیی ناوخۆیـــی (Internal balance) (سیاســـەی خۆیارمەتی/Self-helping) هێزەوە، هاوکێشی و هاوســـەنگیی خۆیـــان لەگـــەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەپارێـــزن. زۆرجاریش ئەمنییەت بە پێی توانای سەربازی پێناسە دەکرێت.[٣]

ئاماژەمان بەو خاڵە گرنگە کرد کە تەنانەت ئەگـــەر لایەنێـــک تەنیا بە مەبەســـتی دابین کردنی ئەمنییەتی خۆی، خۆی پڕچەک بکات، لایەنەکانی دیکە هەســـت بە نائەمنی دەکەن و هەڵوێســـتی هاوشێوە لە خۆ دەنوێنن. جۆن هێرتز (John H.Herz) کە بۆ یەکەم جار باسی دیلێمـــای ئەمنییەتیی کرد، بـــڕوای وابوو کە هەست کردن بە نائەمنی، دەرئەنجام و ئاکامی دڵەڕاوکـــێ و ترس و بەدگومانیی دوولایەنەیە و هەر ئـــەوەش دەوڵەتەکان ناچار دەکات کە بۆ وەدەســـتهێنانی هێزی زیاتر، بە مەبەستی دابیـــن کردنی ئەمنییەت، لەگـــەڵ یەکتریدا کێبەرکێ و ململانێ بکەن. دەوڵەتەکانی دیکە لەوە دڵنیا نین کە ئـــەو هێزە لە دژی ئەوان کۆ نەکرێتەوە و هەر بۆیە ئەوانیش بە پڕچەک کردن و بەهێز کردنی خۆیان، بەرپرچ و وڵام دەدەنـــەوە.[٤] بە حەقیقـــەت، دەوڵەتەکان لە

بەرانبەر پەلاماردان، شکستخواردن، کەوتنە ژێر ڕکێف یان تەفرووتووناببوون لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە، نیگەرانی ئەمنییەتی خۆیانن؛ هەر بۆیە هان دەدرێن بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هەڕەشانە، هێزی زیاتر کۆ بکەنەوە. ئەمەش هەمدیسان لایەنەکانی دیکە نیگەران دەکاتەوە و کەوابوو هیچ لایەنێک ناتوانێت بە تەواوەتی هەست بە ئەمنییەت و ئاسایش بکات و هەر بۆیە کێبەرکێ بۆ کۆ کردنەوەی چەکوچۆڵ و زیاد کردن و کەڵەکە کردنی هێز بەردەوام دەبێت و دیلێمای ئەمنییەتی توندتر دەبێتەوە. کەوابوو، دەبێت بڵێین کە بنچینەی دیلێمای ئەمنییەتی، بەدگومانی و ترسی وڵاتانە لە یەکتری و ئەو ترسەش هەتاهەتاییە و هیچ کات لە سیستەمی نێونەتەوەیی ناسڕێتەوە و داناماڵرێت و ئەوەش تراژیدیایەکی سامناک و ژانەسەرێکی خۆفناکە و سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەی ناکۆکی و ململانێ و شەڕەکانە و تا کاتێک ئانارشی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا زاڵە، هیچ ڕێگایەکییش بۆ ڕزگاربوون لەو تەنگەژەیە، نییە.[٥]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت کە ئەم دۆخە نەک هەر لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا، بەڵکوو لە دۆخی ناوخۆیی و بە تایبەت لەو وڵاتانەیدا کە چەندین نەتەوەی جیاواز لە خۆ دەگرێت و بە تایبەت لە وڵاتانی فرەنەتەوەی نادێموکراتیکدا، ئەگەری دەرکەوتنی هەیە. یوگسلاڤیی پێشوو، عێراق و بە تایبەت سووریا نموونەی ئەو وڵاتانەن کە دۆخی ئانارشیی نێوخۆییان ئەزموون کردووە. با بزانین ئانارشیی نێوخۆیی چییە؟

### ئانارشیی نێوخۆیی

بە پێچەوانەی سیستەمی نێودەوڵەتی کە سیستەمێکی ئانارشیکە و هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی یان بانتر لەسەر دەوڵەتەکانەوە نییە کە بەر بە ململانێ و پێکدادان و شەڕ بگرێت، گریمانە ئەوەیە کە سیستەمی ناوخۆیی وڵاتەکان جۆرێک پلە و پایە (hierarchy)، نەزم و یاسای تێدایە و هەر بۆیە هەموو شارۆمەندان و گرووپەکان و نەتەوەکانی ناوخۆی وڵات، هەست بە ئەمنییەت دەکەن. دەوڵەت لە ئاستی نێوخۆییدا لە ڕێگای دامودەزگا و ناوەند و ڕێکخراوەکانەوە، بەر بە هەر جۆرە دەستێوەردان و هەڕەشەیەکی تاک و گرووپەکان بۆ سەر یەکتری دەگرێ و لە شانۆی دەرەکیدا ئەرکی پاراستنی مانەوەیان وەئەستۆ دەگرێت و خۆی بە نوێنەری ئیرادە، خواست، ئاوات و ئارەزووەکان و بەرژەوەندییەکانی دانیشتوان و هەموو گرووپەکان دەزانێت کە لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا دەژین و لە هەر جۆرە هەڕەشەیەک دیانپارێزێت. ئەوە بە تایبەت لە وڵاتانی فرە نەتەوەی دێموکراتیکدا بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. لە ئاوا کۆمەڵگەگەلێکدا، خەڵکیش دەوڵەت لە خۆیان دەزانن، لایەنگەریی لێ دەکەن و بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی هەوڵ دەدەن و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنانی دەرەکیدا گیانی خۆیان بەخت دەکەن. بەڵام ئەوە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا و لە هەموو ساتەکاندا بەرچاو ناکەوێت و وڵاتانێک هەن کە خەڵک و نەتەوەکانی ناوخۆ، ئاوا هەستێکیان بۆ دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات نییە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە خودی ئەو نەتەوەگەلە لە ناوخۆدا، بەرەوڕووی نائەمنین.[٦] بە تایبەت لە وڵاتانی فرە نەتەوەی نادێموکراتیکدا، زۆر جار دەوڵەت نەک هەر نوێنەری نەتەوەکان نییە و ئەمنییەتیان ناپارێزێت، بگرە خۆی (یان بە یارمەتیی نەتەوەیەکی زاڵ) دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە. بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە نەتەوەکان بە زۆرەملێ کەوتبێتنە نێو سنوورە دەستکردەکانەوە و دەوڵەت لە ڕێگای هێزی سەربازییەوە دەستی بەسەر خاک و سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەو نەتەوانەدا گرتبێ.

لەو جۆرە وڵاتانەدا، لە ئەگەری دارمان یان تەنانەت لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندیدا، هاوشێوەی ئاستی نێودەوڵەتی، ئانارشی و دیلێمای ئەمنییەتی دێتە ئاراوە. بەو مانایە کە هەر یەک لە نەتەوەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە ڕێگای کۆ کردنەوەی چەکوچۆڵ و تەنانەت هێرش کردنە سەر نەتەوەکانی دیکە، هەم ئەمنییەتی خۆیان بپارێزن و هەم هەوڵی دابین کردنی ئامانجەکانیان بدەن. ئەگەری زۆر هەیە کە دەوڵەتی ناوەندی خۆی یان بە هاوکاریی نەتەوەی زاڵ، هێرش بکاتە سەر نەتەوەکانی دیکە.

لە ڕاستیدا لە دۆخی ئانارشیی نێوخۆییدا، هەر گرووپ و یان نەتەوەیەک، وەک لایەنێکی سەربەخۆ و بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەجووڵێتەوە. یوگسلاویی پێشوو و عێراق و سووریای ئەم ساڵانەی دوایی نموونەی ئەو وڵاتانەن کە بینیومانە ئانارشی و دیلێمای ئەمنییەتیی نێوخۆیی لە نێویاندا سەری هەڵداوە و نەتەوەکان وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ سیاسەتیان کردووە و بەشوێن دابین کردنی ئامانجی خۆیانەوە بوون. لە سووریای ئەم ساڵانەی دواییدا بینیمان کە چۆن هەم دەوڵەتی ناوەندی، هەم ئەکتەرە دەرەکییەکان (وەک تورکیا) و هەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بە ئیدیعای نوێنەرایەتیی نەتەوە یان ئایینێکی دیکە پەلاماری نەتەوەی کوردیان دا. بەڵام ئانارشیی نێوخۆیی چۆن سەرهەڵدەدات؟

## چۆنییەتی سەرهەڵدانی ئانارشیی نێوخۆیی

بە کورتی، ئانارشیی نێوخۆیی (و دیلێمای ئەمنییەتی)، کە ئەگەری ململانێ و ناکۆکی و شەڕ لە نێو وڵاتەکاندا، بەرز دەکەنەوە، لەوانەیە بە سێ شێوە بێنە ئاراوە. یەکەم ئەوەی کە دەوڵەتێک لە دەرەوە، بە هۆکارێکی تایبەت، هێرش بکاتە سەر دەوڵەتێکی فرە نەتەوەی نادێموکراتیک. دوویەم، دەوڵەتی ناوەندی بە هۆی شۆڕشی هەمەلایەنەی شارۆمەندانەوە توانای بەڕێوەبەریی کاروباری نەمێنێت یان بەرەو هەڵوەشانەوە بڕوات. لەو حاڵەتانەدا دەوڵەتی ناوەندی یان تووشی هەرەس و هەڵوەشاندنەوە و دارمان دەبێت یان ئەوەندە لاواز دەبێت کە کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات. لەو کاتەدا نەتەوەکانی دیکە و بە تایبەت ئەو نەتەوانەی کە هەست بەوە دەکەن کە خاک و وڵاتیان لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە داگیر کراوە، دەرفەتێکیان بۆ دەرەخسێت کە هەوڵی ڕزگاریی خاک و نیشتمانیان بدەن. هەموو نەتەوەکان وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ پەیجووی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبن. دەوڵەتی ناوەندی و نەتەوەی باندەستیش کە تا ئەو کات نەتەوەکانی دیکەیان چەوساندووەتەوە، بەرەیەک پێک دەهێنن. میکانیزمی ئانارشیی نێودەوڵەتی لە ئاستی نێوخۆییشدا بەرچاو دەکەوێت.

> **بنچینەی دیلێمای ئەمنییەتی، بەدگومانی و ترسی وڵاتانە لە یەکتری و ئەو ترسەش هەتاهەتاییە و هیچ کات لە سیستەمی نێونەتەوەیی ناسڕێتەوە و دانامالڕێت و ئەوەش تراژیدیبیایەکی سامناک و ژانەسەرێکی خۆفناکە و سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەی ناکۆکی و ململانێ و شەڕەکانە**

حاڵەتی سێیەم ئەوەیە کە ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەی کە چەندین نەتەوە لە سنوورەکانیاندا هەن، لە ڕێگای گفتوگۆ و وتوویژ و بە شێوازی ئاشتیخوازانە چارەسەر نەکرێن و ناکۆکییەکان بڕۆنە ئاستی پێکدادان و شەڕ. ئەگەری ئەوە هەیە کە ململانێ و ناکۆکیی نەرمی فرهەنگی و شوناسی، بگۆڕدرێت بۆ ململانێ و دیلێمای ئەمنییەتیی سەختی سەربازی. دیلێمای شوناسی، زۆر جار پێی

دەگوردرێت دیلێمای ئەمنییەتی کۆمەڵگەیی (Societal Security dilemma).[٧] بە تایبەت ئەوە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، دەوڵەت یان نەتەوەیەکی باندەست و زاڵ یان دەوڵەتێکی داگیرکەر، بە نیاز بێت فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەکانی دیکە یان ئەو نەتەوانەی کە خاکی داگیر کردوون، بسڕێتەوە و بەرەڕووی پەرچەکداری ئەوان ببێتەوە.

دیارە هەموو نەتەوەیەک پێویستی بە ئەمنییەتی کۆمەڵگەیی هەیە. ئەمنییەتی کۆمەڵگەیی توانای کۆمەڵگەیە بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆی لە بەرانبەر هەڕەشە ڕاستەقینە یان ئەگەری و هەستپێکراوەکاندا. واتا توانای پاراستنی هێماگەل، زمان، ئایین، شوناسی نەتەوەیی و داب و نەریت.[٨] کۆمەڵگەکان گرنگییەکی زۆر دەدەنە فاکتەری شوناس. ئەگەر کۆمەڵگەیەک شوناسی خۆی لەدەست بدات ئیتر بەردەوام نابێت. بە تایبەت ئەو جۆرە ئەمنییەتە بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان گرنگە و هەوڵ دەدەن بەرەوڕووی هەرچەشنە هەڕەشە یان پەلامارێک بۆ سەر شوناسیان ببنەوە.[٩] شوناس خاڵی جیاکەرەوەی نێوان «من»/«ئێمە» و «بێگانە»/«ئەوی دیکە»یە و هەستێکە کە بەستراوەیی تاکێک بە وڵاتێک و کۆمەڵگەیەکی تایبەتەوە نیشان دەدات. مێژووی هاوبەش، بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش نموونەی ڕەهەندگەلی ئەم شوناسەن و دەبنە هۆی یەکگرتوویی و هاوڕێیەتیی ئەندامانی کۆمەڵگەیەک لەگەڵ یەکتریدا. شوناسی کۆمەڵەیی دەتوانێت ڕەپاڵی سەرچاوەگەلی جۆراوجۆر بدرێت. بۆ نموونە، یەکێک لە گرنگترین جۆرەکان یان گێڕانەوەکان یا سەرچاوەکانی شوناسی کۆمەڵەیی، نەتەوەیە کە دەبێتە هۆی هاتنە ئارای چەمکی شوناسی نەتەوەیی.

> **هەڕەشە لەسەر شوناس هەمان هەڕەشەیە لەسەر «ئێمە» و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، لەبەر ئەوەی کە بەستراوەتەوە بەوەی کە شوناسی «ئێمە» لەسەر بنەمای چ فاکتەرگەلێک چێ بووە**

شوناسی نەتەوەیی جۆری هەست کردن بە بەستراوەیی بە نەتەوەیەکی تایبەتە. لە ڕاستیدا خەڵک بەردەوام خوازیاری ئەوەن کە بەشێک بن لە نەتەوەی خۆیان و لەو ڕێگایەوە بناسرێنەوە. نەتەوەیەک کە هێماگەل، شوێنگەلی پیرۆز، داب و نەریت، مێژوو، پاڵەوانانی مێژوویی و فەرهەنگی و نیشتمانیی تایبەتی هەیە. ئەمنییەتی کۆمەڵگەیی واتا پاراستن و چاوەدێریی ئەو تایبەتمەندییانە و هەروەها پاراستن و بەردەوامیی یەکپارچەیی وڵات یان هەبوونی جەستەیی کۆمەڵگەی نەتەوەیی، پاراستن و بەردەوامیی یەکپارچەیی، کۆکی و پێکەوەبەستراوەییی نێوان ئەندامان، پاراستن و بەردەوامیی زمانی نەتەوەیی و بەردەوامیی میراتی ئەدەبی و فەرهەنگیی هاوبەش، پاراستن و بەردەوامیی داب و نەریت، ئایین و بۆنە نەتەوەییەکان، پاراستن و بەردەوامیی فاکتەرە مێژووییەکان و بیرەوەرییە هاوبەشە کۆمەڵییەکان. کەوابوو، ئەو هەڕەشانەیش کە ڕوویان لەو توخم و فاکتەرانە بێت، هەڕەشەن لەسەر ئەمنییەتی نەتەوەیی.

بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیەک، لە لایەن نەتەوەکانی دیکە و بە تایبەت کۆمەڵگەی زاڵ و دەوڵەتی ناوەندییەوە پەلامار بدرێن. بە بڕوای «باری بوزان» هەڕەشەکان لە سەر شوناس، دەتوانن بە چەند شێواز خۆیان بنوێنن: قەدەغە کردنی بەکارهێنانی ناو و جلوبەرگی نەتەوەیی یان دژایەتیی زمان لە ڕێگای

داخستنی ناوەندەکانی فێرکاری و ئایینی یان دوورخستنەوە و کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگە (نەتەوە). لەوانەیە ئەو هەڕەشـانەی پەلاماری بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە/نەتەوە دەدەن لە ڕێگای بەکارهێنان و کەڵک وەرگرتنی بەردەوام لە کەرەســە و کــردەوە ســەرکوتکەرانەکان لــە دژی ڕادەربڕین و نیشــاندانی هێماکانی شوناس ئەنجام بدرێن. ئەگەر بەر بە چالاکیی ئــەو دامەزراوانە بگیردرێــت کە فەرهەنگ و زمــان بەرهەم دێنن، ئاســاییە کە فاکتەری شوناس ناتوانێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە یان لــە جیلێکەوە بــۆ جیلێکی دیکە بە شــێوازێکی دروست و کارامە بگوازرێتەوە. کەوابوو، هەندێ لەو هەڕەشانەی کە پەلاماری ئەمنییەتــی کۆمەڵایەتــی دەدەن، لەوانەیە سەربازی بن ( کوشــتنی ئەندامانی گرووپ، داگیر کردنــی مەڵبەنــدی مێژوویی ئەوان) بەڵام هەندێکی دیکەیش لەوانەیە ســەربازی نەبــن (بێبەش کردنی گرووپــەکان لە مافی زمانی و ئازادیی ئایینی و شیوەی پەرەستنی خۆیان). [۱۰]

هەڕەشە لەسەر شوناس هەمان هەڕەشەیە لەســەر «ئێمــە» و لــە کۆمەڵگەیەکــەوە بۆ کۆمەڵگەیەکــی دیکە جیــاوازە، لەبەر ئەوەی کە بەســتراوەتەوە بەوەی کە شوناسی «ئێمە» لەســەر بنەمــای چ فاکتەرگەلێک چێ بووە. بۆ نموونــە، ئەگەر زمان، تەوەری شوناســی نەتەوەییی کورد بێت، هێژمۆنی زمانی فارسی وەک هەڕەشەیەکی ســەرەکییە بۆ نەتەوەی کــورد. کەوابوو ئەوەی کــە وەک ئەمنییەتی کۆمەڵگەیی/نەتەوەیــی ســەرنجی بیرمەندان بۆ خۆی ڕادەکێشــێ، ئاماژەیە بۆ پێویستیی هەبوونی ئەمنییەت بۆ نەتەوە/کۆمەڵگە، وەک یەکێک لــە گرنگتریــن ئامادەکارییەکانە بۆ پاراستنی ژی و مانەوەیان.

بــەڵام لــە وڵاتانــی فرەنەتــەوەدا - بە تایبــەت وڵاتانی نادێموکــرات یان وڵاتانێک کە پێکهاتەیــان بەرهەمی داگیرکاریی خاکی چەنــد نەتەوەیە- ئەگــەری زۆرە کە هەوڵی نەتەوەیەکــی تایبــەت، بــۆ دابیــن کردنی ئەمنییەتی شوناســی خۆی، لەســەر بنەمای لاوازبوونی ئەمنییەتی شوناســی نەتەوەیەکی دیکە دابنرێــت و ئــەوەش دیلێمایەک لەم بــوارەدا دێنێتــە ئــاراوە. بە واتایــەک، ئەو چالاکییانەی وا نەتەوەیەک بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی ئەمنییەتی خۆی ئەنجامیان دەدات، دەبنــە هــۆی بەرپەرچدانــەوەی کۆمەڵگەیەکی دیکە کە ئــەوەش دەرئەنجام دەبێتــە هۆی کــەم بوونــەوەی ئەمنییەتی نەتەوەییی نەتەوەی یەکەم و شوناســی لاواز دەکات. هەر کاتێک کە نەتەوەکان لەسەر ئەو باوەڕە بن کە شوناســی ئەوان دەبێت بەسەر ئەوی دیکــەدا زاڵ بێت، دیلێمای ئەمنییەتی نەتەوەیی ســەرهەڵدەدات. بۆ نموونە، کاتێک گرووپی کۆمەڵایەتیی پێکهێنەری زۆرینە یان نەتــەوەی زاڵ، پاراســتنی ئەمنییەتی خۆی دەروەست بە بێبەش کردنی گرووپی کەمینە یان ژێردەست، لە مافی زمانیی خۆی بزانێت، گرووپــی زاڵ ئەو کارە لە ڕێگای داخســتنی قوتابخانــەکان ئەنجــام دەدات کــە تیایاندا خوێنــدن بە زمانی گرووپــی کەمینە ئەنجام دەدرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵگەی دووەم بۆ پاراســتنی زمانی خۆی بە شــێوەی جۆراوجــۆر و ئەوەش دیســان دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی یەکەم لە داخستنی قووتابخانەکانی کۆمەڵگەی دوویەم پێداگرتــر بێت. بەمجــۆرە، لەوانەیە دیلێمای ئەمنییەتــی نێوخۆیــی بــەردەوام بێت و لە ئەگەری ڕەخســانی دەرفەتێکــدا، ئەو دیلێما فەرهەنگییە، بگۆڕدرێت بۆ دیلێمای سەخت و سەرهەڵدانی ئانارشی و ململانێ و پێکدادانی نێوان نەتەوەکان.

هەموو نەتــەوەکان ئەو مافــە بۆ خۆیان بــە ڕەوا دەزانن کە بەرگری لــە ئەمنییەتی خۆیان بکــەن. مەرج نییە کــە ئەو بەرگری کردنە هەتاهەتایە بە شــێوازی بووژاندنەوەی

فەرهەنــگ و شــوناس بێت(نەتەوەگەرایی فەرهەنگی). بەڵکوو ئەگــەری ئەوە هەیە کە ئەگەر کێشــە و گرفتەکان لە ڕێگای گفتوگۆ و وتوویژەوە چارەســەر نەبــن و میکانیزمێک بۆ متمانــە کردن بە یەکتــری نەدۆزرێتەوە، لەوانەیە بووژاندنەوەی فەرهەنگ و شۆناســی خۆ، وەک تەنیا ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکان، لەبەرچاو نەگیرێت و پەنا ببرێتە بەر چەک. لــەو حاڵەتــەدا دیلێمای نەرمی ئەمنییەتی دەگۆڕدرێت بۆ دیلێمای ســەخت و کۆمەڵگــەکان دەتوانــن وەک ئەکتەرێکی ســەربەخۆ لــە دۆخێکــی ئانارشــیکدا، لە چەکوچۆڵ و توانای ســەربازی بە مەبەستی بەرگریکردن لە شوناس کەڵک وەر بگرن.[١١]

لەو دۆخەدا، هەموو لایەنەکان هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکانیان خۆیان لە پەلامار و هێرشی لایەنەکانی دیکە بپارێزن یان تەنانەت پەلاماری لایەنەکانی دیکە بدەن. بە تایبەت نموونە پێشوەکان نیشانیان داوە کە دەوڵەت بە هاوکاریی نەتەوەی زاڵ، پەلاماری نەتەوەکانی دیکــە دادا. هەر بۆیە، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەبێ نیگەرانی ئەمنییەتی خۆیان بن و خۆیان ئامــادەی خراپترین دۆخ بکەن. لەبەر ئەوەی لە ئاوا دۆخێکدا، ئەگەری زۆری هەیە کە پێکدادان و شەڕی لێ بکەوێتەوە.

ســووریا لــە قۆناغی شــەڕی ناوخۆیی و گۆڕانکارییەکانــی چەنــد ســاڵی ڕووبردوودا دەتوانێت نموونەیەک بێت لە ســەرهەڵدانی ئانارشــی و دیلێمای ئەمنییەتی نێوخۆیی. تا پێش سەرهەڵدانی نائارامییەکان لەو وڵاتەدا، ســاڵانێکی زۆر، نەتــەوەی کــورد و عەرەبە سوننەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە، لە لایەن دەسەڵاتی کەمینەی عەلەوی-بەعســییەوە دەچەوســانەوە، بە جۆرێک کە نەتــەوەی کورد لەو وڵاتــەدا تەنانەت خاوەن کارتی پێناســە نەبوو و هیــچ جۆرە مافێکی نەتەوەیــی و تاکــی و شــارۆمەندیی نەبوو. دەربڕین و نیشــاندانی بچووکترین نیشــانە و هێمــای نەتەوەیی کوردیــی، دەرئەنجامی دەستبەسەر کردن و ئەشــکەنجە و کوشتن بــوو. بەڵام بــە ســەرهەڵدانی نائارامییەکان ئــەو ڕەوتە نەیتوانی بــەردەوام بێت. هاوکات لەگــەڵ لاوازبوونــی دەســەڵاتی ناوەنــدی، پــاش پێکدادانــەکان و بەهێزبوونــی حیزبە کوردییــەکان و گرووپەکانی دیکە کە خۆیان بــە نوێنەری نەتــەوە یــان ئایینەکانی دیکە دەناســاند، جۆرێک ئانارشــی هاتە ئاراوە. بەو مانایــە کە هەر یەک لە گرووپ و نەتەوەکان، وەک ئەکتەرێکی شێوەدەوڵەتی، دەجووڵانەوە و سیاسەتیان دەکرد. هەر کام لەوانە نەک هەر بە شێوەیەکی خۆیارمەتیدەر (Self-helping) (وەک ئەکتــەرە ســەربەخۆکان) بەشــوێن دابین کردنی ئاسایشــی نەتەوەییی خۆیانەوە بوون، بەڵکــوو وەک دەوڵەتێک، لە ئاســتی دەرەکیشــدا، لە نێو وڵاتانــی بەهێزی ناوچە و تەنانــەت جیهاندا، هەنــدێ هاوپەیمانیان بۆ خۆیــان پەیدا کرد. بۆ نموونــە، دەوڵەتی ناوەندی بوو بە هاوپەیمانی ئێران و ڕووســیا. سوننەکان پشــتیوانیی هەندێک لە سەرۆک وڵاتانی عەرەبیان بەدەست هێنا، بە شێوازێک کە لە هەندێک قۆناغی ســەرەتاییدا، تەنانەت ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستیی وەک داعشیشیان بــە ســەرمایە و پــارە و چەکوچۆڵی خۆیان بە بیانووی پشــتیوانی لە عەرەبە ســوننەکان تەیار دەکرد. کوردەکانیش بەهۆی ئەوەی کە گرنگییەکی زیاتریان بە دێموکراســی دەدا و لەگــەڵ گرووپە تیرۆریســتییە ڕادیکاڵەکاندا شــەڕیان دەکــرد و خوازیــاری دامەزراندنی حکومەتێکــی دێموکراتیک لە بەراورد لەگەڵ هەموو گرووپەکانی دیکە بوون، نزیک بوونەوە لە هاوپەیمانانی ئەمریکا و ئەورووپا.

لێــرەدا دەبێت ســەرنج بدرێتە ئەو خاڵە کــە ناکۆکییە ناوخۆییــەکان لە ســەرەتادا ناکۆکیگەلێکی نەرم بوون و تەنانەت ئیمکانی ئەوە هەبــوو لە ڕێگای گفتوگــۆ و وتوویژی دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ نەتەوە و کەمینەکاندا

چارەسەر ببوایەن، بەڵام دەوڵەت تا ئەو کاتەی کــە لاواز نەبوو و ململانێـــکان نەگۆڕدران بۆ پێکـــدادان و توندوتوتیژی، ئامادەی هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتەکانی خۆیدا نەبوو. ئــەو کاتیش، ئەکتەرەکانی دیکە بە درەنگیان دەزانی. ئەسەدەکان تا پێش ڕاپەرینەکان هیچ کاتێک ئامادەنەبوون کە دان بە مافی نەتەوەیی و شوناسی و فەرهەنگیی نەتەوە و ئایینەکانی دیکەدا بنێن. هەربۆیە ئەو لایەنانەیش کاتێک کە هەســـتیان کرد دەوڵەتــی ناوەندی لاواز بووە، لەو دەرفەتەی کە ڕەخســـابوو کەڵکیان وەرگــرت و بە کەڵــک وەرگرتن لە چەک و توانــای ئەندامەکانیان، هەوڵی دابیـــن کردنـــی ئەمنییەتـــی جەستەیی و شوناسیی خۆیانیان دا. هۆکارەکـــەی ئەوە بوو کە بۆ نموونە ئەگـــەر نەتەوەی کورد، لەو شـــانۆ ئانارشـــیکەدا خۆی پڕچەک نەکردایەت، ئەمنییەتی جە ستە یی - شو نا ســـیبە کە ی دەکەوتە بەر مەترسیی حاشا لێ کران و تەفروتوونا بوون.

ســــــووریا و ڕۆژئـــاوای کوردســـتان نموونەیەکی زەقی نوێتریـــن جـــۆری ئانارشـــیی نێوخۆیی بوو. لە یوگوســـلاڤیی پێشـــوو و تا ڕادەیەکیش لـــە عێراقدا هەمان هەلومەرج ئەزموون کراوە. بەڵام ئەو ڕەوتە تەنیا تایبەت بەو وڵاتانە کە ئاماژەیان پێ کرا نییە و ئەگەری زۆری هەیە لە داهاتووشدا لە وڵاتانی دیکەدا دووبـــارە ببێتەوە. هەنـــدێ لە وڵاتە هاوچەشنەکانیان، هێشتا ئەو ڕێگایە دەپێون کە ئەسەدەکان و ســـەدام حوسێن پێوایان و بـــە لەبەرچاونەگرتنی مافـــی نەتەوەکانی نێو سنوورەکانیان و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی هێما شوناســـییەکانیان، داهاتووی خۆیان دەخەنە مەترســـییەوە. ئێران نموونەیەکی بەرچاوە و ئاشـــکرایە کە لەو وڵاتەیشدا ئەو ڕەوتە خۆی دەنوێنێـــت. دوور نییـــە کە ئەگـــەر دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی فارسەکان، هەر بەو جۆرە بەردەوامی بە نەتەوەگەراییی فارس-تەوەرانە و دژایەتـــی لەگەڵ مافـــی نەتەوەکانی دیکە بدات و دیلێمای ئەمنییەتی نێوخۆیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر بکاتـــەوە، دۆخی داهاتووی زۆر خراپتر بێت لەو نموونەگەلەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن. بارودۆخەکە بە جۆرێکە کە لە ئێستادا هەموو نەتەوەکان بە هۆی ئەو سیاســـەتانەی کە دەوڵەت گرتوویەتییە بەر، هەســـت بە نیگەرانی دەکـــەن و دەوڵەتیش لە ڕاســـتیدا دەســـتی داوەتە هەڕەشە کردنی زیاتـــر لە نەتـــەوەکان. دەبینین کـــە بە تایبەت بە شـــێوەیەکی بەرفـــراوان چەکوچوڵ ڕەوانەی کوردســـتان دەکات و خـــۆی ئامادەی شـــەڕێکی پێش بینی کراو دەکات.

> ئەو چالاکییانەی وا نەتەوەیەک بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی ئەمنییەتی خۆی ئەنجامیان دەدات، دەبنە هۆی بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵگەیەکی دیکە کە ئەوەش دەرئەنجام دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئەمنییەتی نەتەوەییی نەتەوەی یەکەم و شوناسی لاواز دەکات

پێش‌بینـــی دەکرێـــت لـــە ئەگەری هەر جۆرە لاوازبوونێکی دەوڵەتدا، چ بە شێوەی هێرشی دەرەکی و چ بە شێوەی شۆڕشی ناوخۆیی یان بە هۆی ململانێی نەتەوەکان، شـــانۆی ناوخۆییی ئێران و بە تایبەت کوردســـتان، ئێجگار ســـامناک بێت. کەوابوو، حیزبـــەکان وەک نوێنەری نەتـــەوەی کورد لە ڕۆژهـــەلات، کـــە ئەزموونگەلێکی زۆریان لـــە ماڵوێرانـــی و کەوتنـــە بـــەر پەلامـــار و درندەییـــی دەوڵەت و لایەنەکانی دیکە هەیە، چارەیەکییـــان نییە جگە لەوەی پێشـــوەخت پلانێک بۆ ئامادەبوون لەو ساتە سامناکەدا، بە مەبەستی پاراستن و دابین کردنی ئەمنییەتی نەتەوەیی، دارێـــژن. بە تایبەت دەبێت هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان، بە چاوپۆشـــین لەوەی کە لە قۆناغی ئێســـتادا تا چ ڕادەیەک چالاکە و لە دژی دوژمن چالاکی دەنوێنێت و بە چاوپۆشین لەوەی کە چ کەس و لایەنێک

ڕەخنـــەی بێ بنەمـــا) لەو هێـــزە دەگرێت، بەردەوام ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی ســـەرەکی، لە ساتی ســـەرهەڵدانی ئانارشیدا بێت. بـــە دڵنیاییەوە هەمووان لەو ســـاتەدا سپاسمەند و شـــوکرانەبێژی هەبوونی هێزی پێشمەرگە دەبن.

## ئانارشیی نێوخۆیی و ڕۆڵی پێشمەرگە

هەر بەو جۆرەی کە هەموو مرۆڤێک پیویستی بـــە هەبوونی ئەمنییەت و هەســـت کردن بە ئاســـایش هەیـــە، نەتەوەیش پێویســـتی بە ئەمنییەتە. سەرەتا گوتمان کە ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆن، دەوڵەت لە ڕێگای ڕێکخراوەی سوپا و ئەرتەشەوە، بەرگری لە نەتەوەکانیان دەکات. بەڵام ئەو نەتەوانەی کە خاوەن دەوڵەتی ســـەربەخۆ نین و لەوەش زیاتر وڵاتیان لە لایەن دەوڵەت و لایەنەکانی دیکـــەوە داگیرکـــراوە، بـــۆ ڕزگاریی خاک و پاراستنی شوناس و دابین کردنی ئەمنییەتی نەتەوەییی خۆیـــان، ڕێگایەکـــی دژوارتریان لەبەردەمدایـــە، لەبەر ئـــەوەی کە نەک هیچ دەوڵەتێـــک نییە کـــە نوێنەرایەتیی ئەوان و بەرژەوەندییەکانیـــان لە ناوخۆ و دەرەوە بکات و ئاسایشـــیان دابین بـــکات، بەڵکوو ئەگەری هەیە خـــودی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی نەتەوەیەکی زاڵ ببنە مەترسی بۆ سەر جەستە و شوناسی ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتانە.

بە تایبەت لە کاتی سەرهەڵدانی ئانارشیی نێوخۆییـــدا، ئەگـــەری بەکردەوەبوونـــی ئەو مەترســـییە زۆرە. نەتەوەی کـــورد، نموونەی بەرچاوی نەتەوەی بێ دەوڵەتە. نەتەوەی کورد بە گشـــتی لە وڵاتانێکـــدا دەژین کە بە هۆی نەبوونی فرەچەشـــنیی جێگرتوو، مافەکانیان پێشێل کراوە و ساڵانێکی دوور و درێژ سەرکوت کراون و دەکرێن. لە بنەڕەتدا، دەوڵەتە ناوەندییە (داگیرکـــەرە)کان نەک هەر نوێنەری ئاوات و بەرژەوەندیی نەتـــەوەی کورد نەبووەن و نین، بەڵکوو خۆیان هەڕەشەیێکن لەسەر مانەوەیان.

بـــۆ نموونـــە، لـــە ئێرانـــدا بەرژەوەندییەکانی فارسەکان کەوتوونەتە ئەولەوییەت و لووتکە و کوردەکان چەندین دەیەیە کە کەوتوونەتە ژێر هێرش و پەلاماری فارســـەکان کە پشتیوانیی دەوڵەتی ناوەندییشـــیان لەگەڵدایە. هەر بۆیە، بۆ نەتەوەی کورد جیاوازیی نێوان سیستەمی دەرەکـــی و ناوخۆیی مانایەکی ئەوتۆی نییە و لە نێوخۆی سنوورە دەستکردەکانی ئێرانیشدا، بەردەوام خۆیان لە مەترسیی پەلامار و هێرش و توندوتیژیـــی دەوڵەت یـــان ئیتنیکی زاڵدا دەبیننـــەوە. نەتەوەی کورد بەردەوام نیگەرانی ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتەی کە خۆی بە نوێنەری ئیتنیکی زاڵ دەزانێت، ئەوان سەرکوت بکات، پەلاماریـــان بدات و کۆمەڵکوژیـــان بکات. لە ڕاستیشـــدا نەتـــەوەی کورد لـــە ڕۆژهەڵات، لە چەنـــد قۆناغی مێژوویـــدا کەوتووەتە بەر توندوتیژی و هێرش و هەر بۆیە نیگەرانییەکانی بە هیچ جۆرێک دوور لە ڕاستی نیین.

فەتوای جیهاد و لەشکەرکێشـــی بە هەموو جۆرە چەکوچۆڵێکەوە بۆ کوردستان، لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ، کوشتنی دانیشـــتووانی گوندەکان و دوورخستنەوەیان و ئاگرتێبەردانی مەزراکانیان، تیرۆر کردنـــی ڕێبـــەرە نەتەوەییەکانیان، تاڵان کردنی ئاسەوارە فەرهەنگی و مێژوییەکان، بەتاڵان بردنی ســـەرچاوە سرووشـــتییەکان و سووتاندن و کاول کردنـــی پلان دارێژراویـــی ژینگەیان و شـــەهید کردنی ژینگەوانانیان، بێبەش کردنیان لە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکی و داگیر کردنـــی خاک و بەئەمنییەتـــی کردنی وڵاتیان، تەنیا بەشـــێکن لەو توندوتیـــژی و تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان ئەنجام دراون.

ســـەرەڕای ئـــەوەی کـــە پـــاش کوتایی هاتنی قۆناغی شـــەڕی چەکداریی بەربڵاوی حیزبەکان دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری کوماری ئیســـلامی، تـــا ڕادەیەکی زۆر ئۆپەراســـیونی گەورەی سەربازی و کۆمەڵکوژی لە ئاستێکی بەرفراواندا، بە نیسبەت نەتەوەی کورد ئەنجام

نەدراوە، بەڵام هەوڵدان بۆ ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد یان پەراوێزخستن و لادان و لە نێوبردنی فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەی کورد بە چری و بە شێوەیەکی پلاندارێژراو و سیستمیک لە ئارادا بووە و هەوڵێکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دراوە. سەرەڕای ئەوە، هیچ زەمانەت و گەرەنتییەک نییە کە ئۆپەراسیونە سەربازییەکان دووبارە نەبنەوە. لە بنەڕەتدا، ئەو نەتەوانەی کە خاکیان داگیرکراوە و خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نین، بەردەوام لە مەترسیی ئۆپەراسیونی مەرگهێنەردان. بە تایبەت، هەر وا کە ئاماژەمان کرد، لە کات و ساتی سەرهەڵدانی ئانارشیی نێوخۆیی دا ئەگەری دەرکەوتنی ئەو مەترسییە زۆرترە. لە دۆخی ئانارشیدا، دەوڵەتی ناوەندی کە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی زاڵ دەکات، ڕێکخراوە و ئەرتەش و سوپای لەبەر دەستایە. نەتەوەکانی دیکە (کە ئەگەری پێکدادانی نێوان ئەوانیش زۆرە) دەبێ هەوڵ بدەن بە کۆ کردنەوەی هێز و ئەرتەشی نیشتمانیی خۆیان، بەرگری لە خۆیان بکەن. تەنانەت هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەکتەرە دەرکییەکاندا، گەرەنتییەک بۆ دڵنیا بوونەوە لە دابین بوونی ئەمنییەت نییە. وەک نموونەیەک، لە ڕۆژئاوای کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە هێزی گەریلا، هاوپەیمانی ئەمریکا وەک زلهێزی سیستەمی نێودەولەتی بوون، بەڵام لە کاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین هیچ لایەنێک پاڵپشتیی کوردی نەکرد. کەوابوو، ڕۆڵی سەرەکیی پێشمەرگە، لەو هەلومەرجە هەستیار و مەترسیدارانەدا زەق دەبێتەوە و نەتەوەی کورد هیچ هیوایەکی بۆ دابین کردنی ئەمنییەتی خۆی و مانەوەی نییە، جگە لە هیزی پێشمەرگەی کوردستان.

ڕاستە پانتای سیاسەت بەربڵاو و کەرەسە و ئامراز و بژاردەکانی گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان بەرفراوانن و شێوازەکانی خەباتیش جۆراوجۆرن، بەڵام تەنیا پێشمەرگەیە کە دەتوانی بەر بە پەلامار و هێرشی دڕندانەی دوژمن بگرێت و ئاسایش و مانەوەی نەتەوەیی دابین بکات. تەنانەت هێزی پێشمەرگەیە کە دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی خەبات و خۆڕاگری لە بوارەکانی دیکەدا. حاشاهەڵنەگرە کە تا ئێستاش مانەوەی نەتەوەی کورد، سەرەڕای زیان و خەساری زۆر، بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی پێشمەرگە بووە. ئەو پێشمەرگانەی کە پەراوێز خستن و بێبەها کردندنیان قەبووڵ نەکردووە، ملکەچی هێز و یاسای داگیرکەران نەبووەن و لە بەرانبەر ئەوانەی کە حاشایان لە نەتەوەکەیان کردووە، خۆڕاگرییان کردووە و لە بەرانبەر هێرشبەرانی داگیرکەردا، بە ئیرادەیەکی پۆلایین ڕاوەستاون. لە ڕاستیدا، ئەوانن کە هێزی ڕزگاریبەخشن و بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا، مانەوەی ئێمە بە ناچاری گرێدراوی ئامادەیی و بەهێزبوونی ئەوانە. دیارە لە کاتی سەرهەڵدنی ئانارشیی نێوخۆیی دا، دەوڵەتی داگیر و لایەنە هێرشبەرەکانی دیکە، لە نەبوونی هێزی ئامادەی پێشمەرگەدا، هیچ بەرگر و لەمپەرێک لە بەرانبەر هێرشی خۆیان بە مەبەستی تەفروتوونا کردنمان نابیننەوە. کەوابوو دەبێت هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی گونجاو و ڕوو لەداهاتوودا، لەو پەڕی ئامادەییدا بێت.

## ڕاسان وەک سیاسەتێکی گونجاو

ڕاسان داهێنانێکی ستراتێژیکە لە ڕەوت یاخود میتۆدی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بۆ کەلک وەرگرتن لە هەموو توانا و دەرفەتەکان، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی داگیرکەری ناهاوسەنگدا. ئەو داهێنانە، بەرهەمی گەڕانەوەیە بۆ هەندێ لە تاکتیک و سیاسەت و میتۆدە بەکەڵک و سوودمەندەکانی «ڕابردوو»، خوێندنەوەی ئاوەزمەندانەی دۆخی «ئێستا»ی ناوچە و ئێران و ڕۆژهەڵات و هەروەها تێڕامان و پێشبینیی «داهاتوو»ە.

کەوابوو، دوورنواڕی و دووربینی، بەشێکی سرووشتیی ڕاسانە. ڕاســان و بە تایبەت ئەو بەشــەی کە بە ڕاسانی پێشــمەرگە و شاخ ناســراوە، بە چاوپۆشین لەوەی کە لە ئێستادا چەندە چالاکــە، جۆرێکە لــە ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ مەترســییەکانی داهاتوو. ئەوە ڕاســتە کە ئامانجی سەرەکیی ڕاســان، بــە مانــای بەجەمــاوەری کردنی زیاتــری خەبــات و تێکەڵ کردنــی هەموو چین و توێژەکانــە بە ڕەوتی خەباتەوە، بەڵام ئەوەش حاشــاهەڵنەگرە کە بنچینە و بنەمای سەرەکیی ڕاسان هەر پێشــمەرگەیە. ئەگەر ڕاسان مانای وایە کە شــاخ گرێ بداتەوە بە شارەوە، هیچ پێوەندیدەر و گرێدەرێ باشتر و بانتر لە پێشمەرگە بوونی نییە.

گرنگیــی ڕاســان تەنیــا لــەوەدا نییە کــە شــێوازێکی ڕەوای خەباتــی -خەباتی چەکدارانە/بەرگریکارانە- زیندوو کردووەتەوە، خاڵێکــی دیکەی ئێجــگار گرنگی ڕاســان، بەردەوامیی ئامادەبوونی هێزی پێشــمەرگە و نزیکیــی مەودایی لە گەل و دڵنیا کردنەوەی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵات، کە لە ئەگەری ســەرهەڵدانی مەترســی و هەڕەشەدا، هێزی نیشــتمانی، ئامادەی پاراســتنییەتی. پێشتر ئاماژەمــان کرد کــە لە کاتی ســەرهەڵدانی ئانارشیدا، مەترســییەکان و ئەگەری هێرش بۆ ســەر نەتــەوەی کــورد زۆر دەبێت و لەو حاڵەتەشدا تەنیا پێشــمەرگەیە کە دەتوانێت بەرگری لە نەتەوەکەی بکات. کەوابوو، ڕاسان هەم بەو مانایە دێت کە بیر لەو ساتە خۆفناکە کراوەتــەوە و هەم نواندنی هێــز و پەیامێکە بۆ دەوڵەتی داگیرکــەر و لایەنەکانی دیکەی دوژمــن، کە لە ئەگــەری پەلامار بۆ ســەر نەتەوەی کورد، ڕووبــەڕووی هێزی ئامادەی پێشــمەرگە دەبنەوە و هەم دڵنیا کردنەوەی گەلــی ڕۆژهەڵاتە لەوەی کە پێشــمەرگە لە هەر کاتێکــی دیکە لەوان نزیکترە و ئامادەی پاراستنیانە.

کەوابــوو، لەبــەر ئــەوەی کــە ئەگەری ســەرهەڵدانی ئانارشیی نێوخۆیی لە داهاتوو و لە نێو سنوورە دەستکردەکانی ئێراندا زۆرە، ئامادەبوونی پێشــوەختی هێزی پێشمەرگە، هەم لە ڕووی کارامەییی ئەو هێزەوە و هەم بۆ بەرز کردنەوەی ورەی نەتەوەیی لە ناوخۆ، نەک کاریگەر، بەڵکوو پێویستەیەکی حاشاهەڵنەگرە. دیارە، لە پانتای سیاسەت و ئەمنییەتدا، دەبێ پێشــوەخت هەنــدێ ســتراتێژی و تاکتیک دابڕێژرێت، بۆ ئەو ســاتانەی کە قەیران سەر هەڵدەدات. بۆ نموونە لە کاتی لاواز بوون یان دارمانی دەوڵەتدا، دەبێ پێشــوەخت پلانمان دارشتبێت. هۆکاری ئەو پێویستییە، ئەوەیە کە لە کاتی قەیراندا، لە لایەکەوە هەم هەڕەشــە و هەم ئەگەری خافڵگیری زۆرە و لە لایەکی دیکەیشــەوە کاتی بڕیاردان زۆر کورتە و ئەوە تایبەتمەندیی قۆناغی قەیرانە، هەر بۆیە لەو کاتەدا ناکرێت پلانێکی هەمەلایەنە و عاقڵانە دابڕێژرێــت، بەڵکوو ئەو پلانە دەبێ پێشــتر داڕێژرابێت. کەوابوو، ڕاســان لەبەر ئەوەی کە پلانێکی پێشــوەخت داڕێژراو و پشت قایم بە ڕابردوو و خوێندنەوەی دۆخی ئێستا و گرنگتر لەوانــەش چاوی لە داهاتوویە، سیاســەتێکی ئێجگار گونجاوە.

## ئەنجام

یەکێک لە ســەرەکیترین پێویســتییەکانی ئامادەبوونی هێزی پێشــمەرگە لە کوردستان بە گشــتی و لــە ڕۆژهەڵات بــە تایبەتی، پێش بینیی ئەو مەترســی و هەڕەشانەیە کە لــە داهاتوودا و بە تایبەت لە کات و ســاتی ســەرهەڵدانی ئانارشی و دیلێمای ئەمنییەتی نێوخۆییدا دێنە ئاراوە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئاسایش و مانەوەی نەتەوەی کورد بخەنە مەترســییەوە. لەو ســاتەدا نەتــەوەی کورد، جگە لە هێزی پێشمەرگە هیچ هیوایەکی بۆ مانەوەی خۆی نییە.

ئانارشــی لە بنەڕەتــدا چەمکێکە تایبەت

بە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەیی و لە نێوان دەوڵەتەکاندا دەبینرێت و مانای وایە کە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی یان ڕێکخراوەیەک لە سەرەوەی دەوڵەتەکاندا نییە، کە ئاسایش و مانەوەیان دەستەبەر بکات. هەر بۆیە، هەر کام لە ئەکتەرەکان، دەبێت بە گەڕانەوە بۆ هەندێ سیاسەت و بە تایبەت خۆبەهێز کردنی ناوخۆیی (خۆیارمەتی)، هەوڵی دابین کردنی ئاسایشی خۆیان بدەن. بەڵام، چەندین نموونەی مێژوویی و بە تایبەت نموونەی چەند ساڵی ڕابردووی سووریا/ ڕۆژئاوای کوردستان، سەلمێنەری ئەوەن کە ئەگەری سەرهەڵدانی ئانارشی لە وڵاتانی نادێموکراتیکی فرە-نەتەوە، بە هۆی هێرشی دەرەکی یان شۆڕشی نێوخۆیی یان ململانێی نەتەوەکان، هەیە. لەو حاڵەتەدا، هاوشێوەی دەوڵەتەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هەر کام لە ئەکتەرەکان/نەتەوەکان دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگای کۆ کردنەوەی هێز و بە پاڵپشتیی تواناکانی خۆیان، ئاسایش و مانەوەیان دەستەبەر بکەن.

لە نموونەی ئێراندا، ئەگەری ئەوە زۆرە کە دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی هەندێ لایەنی دیکە یان لایەنە جیاوازەکان، هێرش بکەنە سەر کورد. هەر وەک قۆناغەکانی ڕابردوو و ئەزموونە مێژووییەکان. هە بۆیە پێویستە کە نەتەوەی کورد و حیزبەکان، گرنگییەکی زۆر بدەن بە هێزی پێشمەرگە، وەک هێزی پاراستنی نەتەوە و نیشتمان. لانیکەم، ڕاسان وەک داهێنانێکی ستراتێژیک و گونجاو لەم کاتەدا، ئەو دڵنیاییە دەدات کە ئێمە دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئامادەیی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو کات و ساتە هەستیارە، لە توێی ستراتێژیی حیزبی دێموکرات، وەک یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، لەبەرچاو گیراوە. ئەوەش پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

## سەرچاوەکان


١.بۆ خوێندنەوەی ئانارشی و تایبەتمەندییەکانی دیکەی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی- وەک ئەمنییەتخوازیی دەوڵەتەکان و دابەش بوونی هێز و تواناکان بە شێوەی ناهاوسەنگ و نابەرابەر لە نیو ئەکتەرەکاندا- لە ڕوانگەی واڵتزەوە، بڕوانە:

Kenneth N. Waltz, 'Realist Thought and Neorealist Theory', Journal of International Affairs, Vol 44, No 1, Spring/summer (1990), pp:21-37, see: 29-30,Available ate: http://lib.jnu.ac.in/sites/default/files/RefrenceFile/realist%20thought.pdf

2.Kenneth N. Waltz, "The Origins of War in Neorealist Theory", Journal of Interdisciplinary History, Vol 1, 18, NO 4, The Origin and Prevention of Major Wars, Spring 1998, see p: 616, available at: http://users.metu.edu.tr/utuba/Waltz.pdf

3. Nukhet. A Sandal and Patrick James. "Religion and International Relations Theory: Towards a Mutual Understanding", European Journal of International Relations, (2011),see p:14, The online Version of this Article Can be Fond at: https://www.researchgate.net/publication/249690908_Religion_and_Interational_Relations_theory_Towards_a_mutual_understanding

۴. بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

-جان بیلیس و اتیو اسمیت، جهانی شدن سیاست، روابط بین‌الملل در عصر نوین، تهران: موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین‌المللی ابرار معاصر تهران، چاپ نخست، دیماه (۱۳۸۳)، ص ۵۶۹.

- گراهام ایوانز و جفری نونام، فرهنگ روابط بین‌الملل، مترجمین: حمیرا مشیرزاده و حسین شریفی، تهران: نشر میزان، چاپ اول، تابستان،۱۳۸۱، ص ۷۴۹.

- مهردادمیر عرب، «نیم نگاهی به مفهوم امنیت»، مترجم: سید عبدالقیوم سجادی، ص ۱، برگرفته از: http://www.shareh.com/persian/magazine/uloum_s/09/09_08.htm

۵. لەم بارەوە بڕوانە: بیلس و اسمیت، پێشوو، ل ۵۷۰.

۶. حسین زاده، محمد (۱۳۹۶). «ناسیونالیسم و بقا: راز دولت‌خواهی ملت‌ها»، فصلنامه هایا، شماره ۱۹ و ۲۰، ص ۷۸

۷. بۆ نموونە بڕواننە ئەو سەرچاوەی خوارەوە:

روی، پل (۱۳۸۲). «معمای امنیت اجتماعی»، مترجم: منیژه نویدنیا، فصلنامه مطاعات راهبردی، سال ششم، شماره سوم، پاییز، شماره مسلسل ۲۱، صص ۶۸۵- ۷۰۸.

۸. ابراهیم حاجیانی، «امنیت هویت: مبانی و چارچوب مفهومی»، مجله جامعه‌شناسی ایران، دوره شانزدهم، شماره ۴، زمستان، (۱۳۹۵)، ص ۲۴.


۹. روی، همان، ص ۶۹۴.

۱۰. روی همان، صص ۶۹۵ ، ۶۹۹ و ۷۰۰.

۱۱. روی، همان، ص ۶۹۶.

# کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر:
## ئێران چۆن توانیویەتی لە کوردستان هێژمونیی کولتووری ساز بکا؟

سارۆ ئەردەڵان



**ئاماژە**

ناسینی ئەو مێکانیزمانەی کە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی کەڵکی لێ وەردەگرێ تاکوو سوڵتەی نەتەوەی فارس بە سەر نەتەوەی کورددا هەمیشەیی بێ، یارمەتیدەرمانە هەتا لە کاتی بەرپەرچدانەوە و خەباتدا بتوانین دژ بە فرت و فێڵەکانیان بوەستین، ڕێگا نوێکانی خەبات تاقی بکەینەوە و لە هەمان کاتیشدا بزانین ئەو سنوورانە کامانەن کە ئەگەر تێیانپەڕینین لەگەڵ کولتووری ساختەی ئێرانیدا تێکەڵاو دەبین.

*له ئامێزی گــەرم و خۆشەویســتی خۆتاندا جێیەکمان بــۆ بکەنــەوە و وەخۆمان بگرن.*

(ئیسـماعیل ئـەردەڵان، سـەردێری وتـاری سەرنووسەری نامه هفتگی کوهستان، [بەردەنگی بابەتەکە دەوڵەتی ئێرانە]، ٢٠ی ئاپریلی ١٩٤٦)[١]

## دەستپێک

محەمەدعەلــی فروغی (١٨٧٥-١٩٤٢) دوای چەندین ساڵ ئەزموونی گرنگ لە پۆستەکانی ئەندام و سەرۆک پارلەمانی، وەزیری ئابووری، وەزیری جەنگ و سەرۆک وەزیران لە پاشایەتیی قاجار و هەروەها سەردەمی پەهلەویی یەکەم، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانی دوو دەوڵــەت - نەتەوەی ئێــران و تورکیا، وەک باڵوێزی ئێران لە تورکیا (١٩٢٧) دەســت بە کار بوو. ئاشکرایە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ڕاســتەخۆ پەیوەندیی بە دۆخی کوردستانەوە هەیــە، چونکــە لەمبەر و ئەوبەری ســنووره نوێیەکەی نێوان ئــەم دوو وڵاتە کورد دەژیا. ئەم بەرپرســیارەتییە دوابەدوای ئەوە بوو کە شۆڕشی شێخ سەعید پیران (١٨٦٥-١٩٢٥) بە دڕندانەترین شێوە لە لایەن حکومەتی نوێی ئاتاتورکەوە ســەرکوت کرابوو کە تیایدا شێخ ســەعید لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی شــەهید کــران. هەرچەند لەبــەر هۆکاری ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک، پڕۆپاگاندا و ئەو ســەمبۆڵانەی کە بەکار دەهاتن، لە سەرەتادا ئەم شۆڕشە وەک بەرهەڵستکارییەکی ئایینی دەردەکەوت، بەڵام تایبەتمەندیی ســەرەکیی ئەم سەرهەڵدانە لەوەدایە کە یەکەم شۆڕشی نەتەوەییی کوردە کە پانتاییەکی بەرفراوانی لەخــۆ گرتــووە.[٢] فروغــی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی سیاســەتی نوێی ئێران، دەبوو چارەسەرییەک بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە و هەر بۆیە لە نامەیەکدا دوای شرۆڤەی مژارەکە پێشــنیارەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.[٣] ئەو پێی وایە تورکیا هەڵەیەکی زۆر گەورەی ستراتێژیک دەکا کــە دەیــەوێ بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانیان، بە توندوتیژی کورد بسڕێتەوە؛ چونکە کوردەکان حەشیمەتیان زۆرە و ناکرێ نە وەک یۆنانییــەکان لە تورکیا دەریانکەن و نە وەک ئەرمەنییــەکان قەڵاچۆیان بکەن. لە ڕوانگــەی فروغییەوە بیرۆکەی کوردســتانی سەربەخۆ ســازکراوی ئینگلیزییەکانە و ئەوان خســتوویانەتە نــاو زاری کوردەکانەوە و نابێ گوێ بۆ ئەم قســەیەی ئەوان شــل کرێ کە گوایە بە شــێخ مەحمودیان وتووە وڵاتێک بە ناوی کوردستانی ســەربەخۆ قەبووڵ ناکەن. فروغی لە نامەکەیدا دەنووسێت:

*«کەواتە ئێمــە دەبێ هــەر چۆنێک بێ لــە فیکری کوردســتانی خۆماندا بین و ئەگەر بەڕاستی ئیمکانی هەبێ تورکەکان لەگەڵ خۆمان هاودەســت بکەین بەڵام نەک بە مەبەســتی ئــەوەی کوردەکان لەناو بەرین و قەڵاچۆیان بکەین، چونکە ئــەم کارە خەیاڵی خاوە، بەڵکوو دەبێ بە دڵســۆزی و هەروەها ڕاکێشــانی حەز و خۆشەویســتیی ئەوان بۆ دەوڵەتی ئێران و پــەروەردە کردنی ئەوان بە شــێوازی پــەروەردەی ئێرانی، کێشــەی کورد لە ئێــران چارەســەر بکەین. ئەم شــێوازە بۆ ئێمــە زۆر لە [ڕێگەچــارەی] تورکیە ئاسانترە، چونکە کوردەکان لە ڕووی زمان و نــەژادەوە ئێرانین... ئەگەر فەرمانبەری ئێرانــی هەندێک ژیر بن، تەماحیشــیان کەم بکەنەوە و دەستدرێژی نەکەنە سەر کوردەکان و بەکورتی مشــوورێک بخۆن و ڕێگەچارەیەک بدۆزنــەوە، لانیکەم لە نێوان کــورد و فارســدا دژایەتی و قین نامێنێ. ئەگــەر ڕۆژێک لە ڕۆژان خەونی کوردســتانی ســەربەخۆ بەهێــز ببــێ، کوردەکانی ئێران دەبنە هۆی سەرئێشــە بۆمان و بەشــکم لایەنــی ئێرانیی ئەوان ســەرکەوێ و هیچ کە خەسارێکمان پێ نەگا بەڵکوو کەڵکیشی بۆمان هەبێ.»[٤]*

مــن ئەم ســتراتیژییە نەرمەبــرەی ئێران بۆ تواندنەوەی کورد لە ناو کولتووری ئێرانیدا (کە فرۆغی کرۆکییە سەرەکییەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستنیشان کردووە و پێم وایە ئەم ڕێڕەوە تاکوو ئیستا درێژەی هەبووە) لە ژێــر چەمکــی کۆلۆنیالیزمــی وەخۆگردا (Embracing Colonialism) تاوتوێ دەکەم. مەبەســت لە کۆلۆنیالیزمــی وەخۆگر ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران بۆ مەشروعیەت دان بە تالانی کوردســتان، چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد و هەروەها پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی سازکردنی هێژمونیی کولتوورییەوە سیاســەتێکی دیاری کراوی بۆ بەهیخۆکردنی هەموو بەشــەکانی ناسنامەی کوردی لە ژێر چەمکی ئێرانی بووندا هەیــە و لەم چوارچێوەدا کــورد بوون وەکوو ژێرکۆمەڵەی ئێرانی بوون پێناسەی بۆ دەکرێ. ئــەم سیاســەتی بەهیخۆکردنــە لایەنێکی سۆزداریشــی پێوە دیــارە کــە ئێرانییەکان هەوڵ دەدەن لە نێوان کورد و فارسدا مێژوو، کولتــوور و ئەزموونێکی هاوبەشــی ســاختە ســاز بکەن و لەم ڕووەوە وا نیشانی بدەن کە کوردیان خۆش دەوێ، لەگەڵی نەرمونیان و لــە ڕواڵەتەدا بە گەرموگــوری لەگەڵ مرۆڤی کورد هەڵســووکەوت دەکــەن. بەم پێیە دوو ڕەهەنــدی بەهیخۆکــردن و گەرموگوڕیی سیاسەتی فارسەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کــوردی، تایبەتمەنــدی ســەرەکی چەمکی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر پێک دێنن.

## ئێرانیبوون ناســنامەی کوردبوون وەخۆ دەگرێ

بــە باوەڕی مــن کوردســتان وەک کۆلۆنیی چــوار دەوڵەت نەتەوەی ئێران، تورکیا، عێراق و ســوریا، لە دۆخێکی تــالان کردنی هەموو ســەرچاوە ماددییەکانیدایە و نەتەوەی کورد وەک نەتەوەی ژێردەســت لــە لایەن نەتەوە سەردەســتەکانی فارس، تــورک و عەرەبەوە دەچەوســێتەوە. ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی، دژ بەم کۆلۆنیالیزمە خەبات دەکا و بە مەبەستی ڕزگاربوونی کوردستان لەم دۆخە، بانگەشەی دابڕان لە سیســتەمی کۆلۆنیالیستی دەکا.[۵] لە نێوان شــێوازە جۆراوجۆرەکانی بەکۆلۆنی کردنــی کوردســتان، کۆلۆنیالیزمــی ئێرانی (Iranian Colonialism) کەڵــک لە هەندێک میکانیزمی ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر وەردەگرێ و داخوازیی ئەوە دەکا کە ســەرەڕای ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە ئێرانە، دەبێ پارچەکانی تری کوردســتانیش بخرێنە سەر جوگرافیای سیاسیی ئێران. لە هەمان کاتیشدا نوخبەی ئێرانی بۆ ماوەی نزیک بە سەدەیەک، هەوڵیان داوە کە بە پشت بەستن بە هەندێک تیۆریی ســازکراوی ڕۆژئاوایی، بیســەلمێنن مێــژوو، زمان، ئایین، موســیقا و دابونەریتی کــورد، بەشــێک لــە مێــژوو و کولتووری ئێرانییە. بەم گوێرەیە، کۆلۆنیالیزمی ئێرانی[۶] تایبەتمەندییەکی وەخۆگرانەی هەیە و لەسەر دوو ئاســتی بووناســانە و مەعریفەناســانە دەیــەوێ یەکماڵییەک لە نێوان کورد بوون و ئێرانی بووندا ســاز بکا: لە ئاستی بووناسانەدا دەبێژن کورد لــە دەرەوەی ئێران لە مێژوودا نەبــووە و لــە ئیستاشــدا ئەگــەر کوردێک تەنانەت لە پارچەکانی تری کوردستان دەژی کۆلۆنیالیزمــی ئێرانــی دەیەوێ لــە ئامێزی بگرێ، لەناو ئێرانێکی گــەورەی فەرهەنگیدا بیتوێنێتــەوە و وەکــوو بوونەوەرێکی ئێرانی پێناســەی بۆ بکا. لە ئەنجامدا، کوردســتان کــە نیشــتمانی کوردانە وەکوو بەشــێک لە خاکی ئێران لە زەمەنی کۆندا دەناســێندرێ و هەوڵ دەدرێ لە ئیستاشدا پارچەکانی تری کوردستان کە لەدەرەوەی جوگرافیای ئێرانن داگیر بکرێن و بخرێنە سەر نەخشەی ئێران. ئەم سیاسەتە کۆلۆنیالیســتییە لە کاتێکدایە کە ئێرانیــش وەکوو یەکەیەکی سیاســی ـ جوگرافیایی پێش لە جەنگی یەکەمی جیهانی بۆخۆی بوونی نەبووە.[۷]

مەبەست لە هێژموونی کولتووری ئەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشندا نەتەوەی سەردەست[8] لە ڕووی کولتوورییەوە سوڵتەی بە سەر نەتەوەکانی تردا هەبێ و جیهانبینیی نەتەوەی سەردەست (بیروباوەڕەکان، دابونەریتەکان، بەهاکان و تێگەیشتن لە دونیای دەوروبەر) لە لایەن نەتەوەی ژێردەستەوە، بێ بەرپەرچ دانەوە و بە ڕەزایەتی خۆیان، پەسەند بکرێ. ئاکامی کۆتاییش پاساو هێنانەوە بۆ دۆخی هەنووکەییی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو چەوساندنەوەیە کە نەتەوەی سەردەست بەڕێوەی دەبا. بۆ نکۆڵی کردن لە بوونی کورد، کۆلۆنیالیزمی ئێرانی هاوکات لەگەڵ سەرکوت و توندوتیژی کە تایبەتمەندییەکی خێرا، ئاشکرا، ماڵوێرانکەر، دژەمرۆییانە و دڕندانەی هەیە و لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا پرۆژەی جۆراوجۆریان بۆ پێناسە کردووە، کەڵک لە مێکانیزمەکانی وەخۆگرانەی ئایدیۆلۆژیی ئێرانچیەتی وەردەگرێ کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بە مەبەستی تواندنەوەی ناسنامەی کوردی، چەندین شێوازی بەخۆوە گرتووە. ئەم شێوازە لە ڕواڵەتدا هێواش، شاراوە، شارستانیانە، مرۆییانە، ئاکادێمیک و بەپێی بەهاکانی کولتووری جێی شانازی و کۆنی ئێرانییە؛ ئێرانییەکان لە پرۆسەیەکی هەمیشەیی، نەگۆڕ و درێژخایەندا وا دەنوێنن کە بە گەرموگوڕی لەگەڵ کوردەکان هەڵسوکەوت دەکەن و لە ڕووی نەژادی، زمانی، ئایینی و کولتوورییەوە، پێداگرییان لەسەر نزیکایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد کردووە. ئەم هەستی گەرموگوڕی و نزیکایەتییەی ئێرانییەکان لەگەڵ کوردەکان کە لە ڕێگەی تیۆریی ئارییاییەوە زەق دەکرێتەوە، بەو مەبەستەیە کە لە نێوان نەتەوە ناسامییەکانی ناوچەکە و دژ بە سەرەوەریی درێژخایەنی عەرەبەکان، یەکگرتووییەک لە ژێر ناوی کولتووری ئێرانیدا ساز بکەن کە تیایدا زمانی فارسی و نەژادی ئێرانی دەوری یەکەم و کۆتایی دەبینێت.[9]


ئەم لایەنە مەعریفەناسانە چەند ڕەهەندییە بە ئامانجی ستەمکاری و چەوساندنەوەی کوردە. لە کاتێکدا هەر نەتەوەیەک هەڵگری هەندێک تایبەتمەندیی کولتووریی خۆیەتی کە لە نەتەوەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، فارسەکان بە سازکردنی نەتەوەی ساختەی ئێرانی، دەیانەوێ کولتووری نەتەوەکانی دەوروبەری خۆیان بە قازانجی نەتەوەی فارس لەناو بەرن و بیانتوێننەوە. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان دەوڵەت نەتەوەی تورکیا لەگەڵ ئێران بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ناسنامەی تورکیایی بوون، هەمان ناسنامەی تورکییە و کورد بوون بەشێوەیەکی یاسایی سڕدراوەتەوە و لە ڕووی نژادییەوە هەوڵی بەردەوام بۆ قەڵاچۆکردنی کورد دراوە. هەرچەند نابێ ئەوە لە بیر کەین کە ناسیۆنالیزمی تورکی لە ڕێگەی پێناسەکردنی کورد وەک ئەو تورکە شاخییانەی کە تورکییان لەبیر چووەتەوە و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆریی زمانی هەتاو، هەوڵێکی نەزۆکیان بۆ وەخۆگرتنی ناسنامەی کوردی داوە. ناسیۆنالیزمی تورکی هەرچەند توانیویەتی ناسنامەی کوردی لاواز بکا و تەنانەت بەشێک لە کوردەکان لە ڕووی ناسنامەوە خۆیان وەک تورک پێناسە بکەن یان بە زمانی تورکی بئاخفن، بەڵام نەیتوانیوە ببێتە مەترسی بۆ سەر دەزگای مەعریفەناسانەی کورد؛ چونکە بەڵگەی سەرەکیی ئەوان کە بریتی بوو لەوەی تورکەکان بە شێوەیەکی مێژوویی بافەرهەنگن، یەکەم کولتووریان ساز کردووە، شارستانیەتیان بڵاو کردووەتەوە، زێدی ئەوان (ئاسیای ناوەندی و ئاناتۆلیا) لانکەی شارستانیەتی مرۆییە و زمانی تورکی وەکوو هەتاو وایە و سەرچاوەی هەموو زمانەکانە، هێندە گاڵتەجاڕانە بوو کە لە دەرەوەی تورکیا کەس باسی لێ نەکرد و پاش ماوەیەک هێندە کاڵفامانە و نازانستی بوو کە تورکەکانیش ئیتر بەکاری ناهێنن.[10]

دەکرێ جیاوازیی دوو ناسیۆنالیزمی ئێرانی و تورکی لە ڕێگەی ئەم دیاگرامەی خوارەوە نیشان بدەین. ناسیۆنالیزمی تورکی ناسنامەی کوردی دەسڕێتەوە و دەیەوێ تورکیایەک ساز بکا کە هەموویان یان تورک بن یان خۆیان بە تورک بزانن. بەڵام نەتەوەی سەردەستی فارس نایەوێ کەس لە ڕووی نەژادییەوە فارس بێ و تەنانەت نکۆڵی لە بوونی نەژادی فارس دەکا. بەڵکوو ئەم داخوازییەی هەیە کە نەژادێکی گەورەتر بە ناوی ئاریایی هەیە کە کورد، فارس، بەلوچ و تورک تیایدا جێگەیان دەبێتەوە و پێکەوە وەڵاتی ئێران ساز دەکەن. بەم شێوەیە هەموویان وەخۆ دەگرێ، هەرچەند لە ئاکامدا مەبەست هەر سەپاندنی زمانی فارسی و زاڵ کردنی کولتووری فارس و لەناوبردنی کولتوورەکانی دیکەیە.

## کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر گەرموگوڕە

ئاشیل مبێمبە (١٩٥٧- ) بیرمەندی کامێرۆنی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم، بۆ تاوتوێ کردنی ئەم شێوازە لە کۆلۆنیالیزم کەڵک لە چەمکی گەرموگوڕیی ستەمکاری (the intimacy of Tyranny) وەردەگرێ.[١١] ئەو پێی وایە کە شێوازی پۆستکۆلۆنیالیزمی سوڵتە، نە تەنیا جۆرەکانی کۆنترۆڵ بەڵکوو شێوازەکانی گەرموگوڕی و تەنانەت هاودەستییش دەستنیشان دەکا. سوژەی پۆست کۆلۆنی کراو، تەنیا لە کاتی بەرپەرچدانەوە یان بەرگری کردندا دەرناکەوێ؛ بەڵکوو دەبێ سەیری کۆبوونەوەکان، کارناڤاڵەکان و جەژنەکان بکەین کە چۆن مرۆڤی بەکۆلۆنی کراو، هەست بە نزیکایەتی لەگەڵ کولتووری نەتەوەی سەردەست دەکا. لێرەدایە کە



مبێمبە ڕەخنە لە میخائیل باختین (١٨٩٥-١٩٧٥) و شێوازی بەکارهێنانی چەمکی کارناڤاڵ و کارناڤاڵیگەری دەگرێ. بە باوەڕی باختین، لەناو کارناڤاڵدا پەیوەندییە توندوتۆڵ و نەگۆڕەکانی ژیانی ڕاستەقینە دەگۆڕدرێ و هەمووان بە شێوەیەکی هاوشێوە و بێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتییان تیایدا بەشدار دەبن. گفتوگۆی کارناڤاڵی جەماوەری و گشتییە کە هاوکات لەگەڵ سڕینەوەی سووژەی سوڵتە، تاکەکان لە دۆخێکی بەرامبەردا پێکەوە قسە دەکەن. باختین لەم ڕێگەیەوە بەریەک کەوتنی دوو فەرهەنگی جەماوەری (کولتووری گاڵتە و ڕابواردن) و فەرهەنگی ڕەسمیی کڵێسە و دەرەبەگایەتی (کولتووری جیددی) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نیشان دەدا.[١٢] مبێمبە دەبێژێ هەڵەی باختین لەوەدایە کە کردەوە نارەسمییەکانی ڕابواردن و گەرموگوڕی بۆ ئەو خەڵکە دەگەڕێنێتەوە کە لە ژێر سوڵتەدان:

*«بەڵام بەرهەمهێنانی گاڵتەجاڕی، تەنیا تایبەت بەم گرووپە نییە [جەماوەر]. ئاوەژوو کردنی ڕاستەقینە کاتێک ڕوو دەدا کە کۆمەڵانی خەڵک لەبەر ئەو مەیلەی بۆ شکۆ هەیانە دەیانەوێ شێتانە هەڵسوکەوت بکەن و بۆ لاسایی کردنەوەی دەسەڵات جلوبەرگی نزم و ئەرزانبایی لەبەر بکەن و لە ڕێگەیەوە مەعریفەناسیی ئەوان دیسان بەرهەم بێننەوە... لێرەدا و لە چوارچێوەی ئەم گەرموگوڕییەدایە کە دەبێ سەبارەت بە هێز و وزەی دەسەڵات لە ئافریکا لێکۆڵینەوە بکرێ. ئەم توێژینەوەیە دەبێ لە دامەزراوەکان و پێگە ڕەسمییەکانی دەسەڵات و ڕێسا نووسراوەکانی واوەتر بچێ و تاوتوێی ئەمە بکا کە چۆن بابەتی شاراوە و ئاشکرا لێک دەئاڵێن و چۆن کردەوەی ئەو کەسانەی کە فەرمانیان بە دەستە و ئەو کەسانەی گوێڕایەڵن وەها گرێ دراوی یەکن کە هەر دوو لایەنەکە بێ دەسەڵات دەکا و هەر ڕێک لەم بێ دەسەڵاتییەدایە کە بارودۆخێک ساز دەبێ، تیایدا توندوتیژی لەوپەڕی خۆیدا دەبیندرێ.»*[١٣]

هەڵبەت بواری بەکارهێنانی باسەکەی مبێمبە بۆ دوای قۆناغی کۆلۆنیالیزم لە ئافریکایە و لە ڕێگەیەوە مێکانیزمەکانی سوڵتەی هێزە کۆلۆنیالیستییەکان دەردەخا کە چۆن درێژە بە سوڵتەی خۆیان بە سەر تاکی ئافریکاییدا دەدەن، بەڵام من کەڵک لەو بەشەی وەردەگرم کە چۆن دەکرێ بەم شێوەیە باس لە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بکەین کە لە ڕێگەی گەرموگوڕی و نزیکایەتییەکەوە کە لەگەڵ کورد و کولتووری کوردستان نیشانی دەدا، ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە کوردستان دادەکوتێ. کۆلۆنیالیزمی ئێرانی تەنیا بە بەلارێدا بردن، چەواشەکردن، تواندنەوە و لەناوبردنی کولتووری کوردستان و ناسنامەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (وەک هەرێمێک کە ڕاستەوخۆ بەکۆلۆنیی گرتووە) بەسەندە ناکا بەڵکوو دەیەوێ هێژمونییەکی کولتووری لە ناوچەکە ساز کا. لۆژیکی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لەسەر ئەم بنەمایە دەوەستێ کە بۆ ئەوەی کوردەکانی هەر چوار پارچە بەرپەرچی سیستەمی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی نەدەنەوە، دەبێ و باشترە کوردەکان خۆیان دیان بە ئێرانی بوونی خۆیاندا بهێنن و لە دڵەوە شانازی بە ناسنامەی ئێرانیی خۆیانەوە بکەن. واتە ئەگەر خۆشیان بە کورد بزانن لە ئاستێکی گەورەتردا و تەواو بەدڵخوازی خۆیان باس لەوە بکەن کە کورد ئێرانییە. پرسیار ئەوەیە بۆچی کاتێک باس لە مێژوو، زمان و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کورد دەکرێ یەکسەر کورد بۆ ئێرانی بوون دەگەڕێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بنچینەییە دەبێ دەزگای مەعریفەناسیی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی شی بکەینەوە کە چۆن لە

ڕێگەی زانستێکی سازکراو و نوێوە، ناسنامەی کوردی دەسڕنەوە. ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ڕێگەی سڕینەوەی فیزیکیی کورد بە تەنیا چارەسەر دانانێت، بەڵکوو ئایدیۆلۆژیستەکانی ئێرانچیەتی لەوە تێگەیشتوون کە دەتوانن لە ڕێگای بەرهەمهێنانی زانستێکی ساختەوە، هێژمونییەکی کولتووری ساز کەن و قووڵتر، کاریگەرتر و درێژخایەنتر لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی بوونی کورد بسڕنەوە. گرنگترین میکانیزمێک کە کاربەدەستانی ئێرانی بۆ لەناوبردنی کورد و پەرەپێدان و بەهێزکردنی سوڵتەی خۆیان کەڵکی لێ وەردگرن ئەوەیە کە لە ئاکادێمیا و لە ڕووی زانستییەوە، دەست بە سەر بوونی کورددا بگرن؛ چونکە شێوازی وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی هەم ئامێزی بۆ کورد کردووەتەوە و هەم دەیەوێ هەناوی کوردایەتی بۆش بکاتەوە و تێگەیشتنی کورد لە خۆی بگۆڕێ. بۆ سازکردنی هێژمونی کولتووری پێویست بە دەسەڵات دەکا و دەسەڵاتیش پەیوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ مەعریفەیەکدا هەیە کە ئاکادێمیا وەک ناوەندی سەرەکی سازی دەکا و مەشروعیەتی پێ دەدا. هەر چۆن فوکۆ بە سازکردنی چەمکی دەسەڵات/مەعریفە (Power/Knowledge) مەبەستی ئەوە بوو کە «دەسەڵات ناتوانێ بێ مەعریفە خۆی بسەپێنێ و مەعریفەش ناتوانێ بێ دەسەڵات ساز ببێ»،[۱۴] منیش پێم وایە کە ئێرانییەکان نەیاندەتوانی بە سەر کوردستاندا دەسەڵاتیان هەبێ مەگەر ئەوەی مەعریفەیەکی ئێرانی بەرهەم بهێنن. لە هەمان کاتیشدا، هەرچەند ڕۆژهەڵاتناسەکان و پانئێرانیستەکان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بە چڕی باس لە تایبەتمەندییەکانی ئێران دەکەن، بەڵام تاکوو دەوڵەت نەتەوەی ئێران ساز نەبوو، ئەم تیۆرییە نەیتوانیبوو لە کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ.

بەشێک لە کورد لە ژێر کاریگەریی ئەم زانستە ساختەیەدا خۆی لە چوارچێوەی کولتوور و دابونەریتی ئێرانیدا پێناسە دەکا. ئەم شێوازە لە کۆلۆنیالیزم کە نەتەوەی سەردەستی فارس بۆ لەناوبردنی ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوەی ژێردەستی کورد بەکاری دینێ دەکرێ وەک کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک (زانستی) بیناسێنین و بریتییە لە «پرۆسەیەک کە تیایدا، ناوەند و چەقی بەرهەمهێنان و بەدەستخستنی زانست سەبارەت بە نەتەوەیەک، لە دەرەوەی خودی ئەو نەتەوەیەدایە.»[۱۵] بە هۆی نەبوونی دەوڵەت نەتەوە لە کوردستان، کورد نەیتوانیوە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بێ کە بۆخۆی زانست لەمەڕ خۆی بەرهەم بێنێ و ئەو زانستەیش کە بەرهەمی هێناوەتەوە، لەسەر بنەمای گریمانەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان کە سەبارەت بە پەیوەندیی ئێران و کورد سازیان کردووە. لەم ڕووەوە دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ تایبەتمەندیی وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک لە ئێران دەستنیشان بکەین:

> **نابێ ئەوە لە بیر کەین، بەکارهێنانی چەمکی نەژاد بۆ جیاوازی دانان لە نێوان مرۆڤەکان، چ لە ڕووی کۆمەڵناسی و تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی زانستی ژێنێتیکەوە، ڕەت کراوەتەوە**

- کورد و فارس لە ڕووی نەژادییەوە ئارییین. کەواتە کورد ناتوانێ داخوازیی ئەوە بکا کە ئێرانی نییە. چونکە ئێران وڵاتی لەمێژینەی ئارییاییەکانە.
- زمانی کوردی یەکێک لە زمانە هێند و ئەورووپییەکانە و زمانی کوردی و فارسی بەشێک لە زمانی ئێرانین.
- ئایینە کۆنەکانی کورد وەکوو یارسان، ئێزدی و عەلەوی بەشێک لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانن.

• بە شێوازی گشتی کولتووری کوردی (موسیقا، نەورۆز و هتد.) بەشێکن لە کولتووری مەزنتری ئێران.
هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییانە و تەنانەت ئەو نزیکایەتییە کە لە ڕووی زانستییەوە لە نێوان کورد و فارس ساز کراوە، کوردی پارچەکانی تر، بەتایبەت لە کاتی قەیرانی سیاسیدا، داوای پەیوەندییەکی زیاتر لە ئێران دەکەن و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێران بتوانێ پەل بۆ پارچەکانی دیکە ڕابکێشێ یان لانیکەم بیهەوێ مەترسیی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان بۆ سەر ڕۆژهەڵات کەم بکاتەوە. بۆ نموونە، نەمر مەلامستەفا بارزانی نزیک دوو ساڵ پێش لە پەیمانی ئەلجزایەر و شکانی شۆڕش (١٩٧٥) لە باشوور، چاوی بە شای ئەو کاتی ئێران دەکەوێ و داوای لێ دەکا کە پشتی شۆڕشەکەیان بەر نەدا و تەنانەت لەبەر ئەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت پشتیوانی لە حکومەتی بەعس دەکا، شا و ئامریکاییەکان با پارێزگاری لە کورد بکەن. ئەسەدوڵڵا عەلەم، وەزیری دەرباری ئێران (١٩٦٧-١٩٧٧) لە یادداشتەکانی خۆیدا ئاماژە بە چاوپێکەوتنی مەلامستەفا بارزانی لەگەڵ محەمەدڕەزا شای پەهلەوی لە ڕێکەوتی ١٩٧٣/٧/١٤ بە ماوەی دوو کاتژمێر دەکا کە تیایدا داواکارییەکی سێ لاپەڕەیی بە زمانی ئینگیزی پێشکەش کراوە. لەم داواکارییەدا کە بە ئیمزای بارزانی گەیشتووە، هاتووە کە «خەڵکی ئێمە [کوردەکان] خاوەن شکۆ وەک باوک و پارێزەری خۆیان سەیر دەکەن و بەدڵنیاییەوە هەر دەرگایەکی تریش بە ڕووی ئێمەدا بکرێتەوە هەوڵی ئێوەی لە پشتەوە بووە. لە ئاکامدا ئەم هەقیقەتەتان وەبیر دەهێنینەوە و خۆتان زۆربەی جار ئاماژەتان پێ کردووە کە لە کاتێکدا کوردەکان لە عێراق ژینۆساید دەکرێن، ئێران ناتوانێ کەمتەرخەم بێ و هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و کوردەکانی عێراق، دەبێ لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و تورکەکانی قیبرس قووڵتر بێ. ئێمە پەنامان بۆ تۆ هێناوە کە لە دەست هەڕەشەکانی بەعس کە لە لایەن یەکیەتیی سۆڤییەتەوە پشتیوانی دەکرێ بمانپارێزی و هەوڵ بدەی بە هەر شێوەیەک کە پێت باشە و ئیمکانی هەیە، لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران، زیاتر پشتگیری لە جووڵانەوەکەمان بکەی.»[١٦] هەرچەند بارزانی بە مەبەستی سیاسی نامەکەی نووسیوە بەڵام بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتەکانی ئێران بۆ نزیکبوونەوە لە کورد لەسەر هەمان ڕێڕەوە کە فروغی پێشنیاری کردووە؛ شا بەڕاشکاوی داوای پەیوەندییەکی قووڵتر لە نێوان ئێران-کورد بە بەراورد لەگەڵ پەیوەندی تورک-تورکی قیبرس دەکا، بەڵام هەر ڕێک لەم پەیوەندییەدا، لەم نزیکایەتییەدا و لەم گەرموگوڕییەدایە کە توندوتیژی ساز دەبێ. ئێران هەر دوابەدوای ئەوە، پشتی کوردان بەر دەدا و ماڵوێرانی و دەربەدەری تووشی کوردان دەبێ؛ چوار دەیە دواتر وەکوو یەکەم دوژمنی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان دەست بە پیلانگێڕی، داخستنی سنوورەکان و پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات.

تێنەگەیشتن لە پەیوەندیی کۆلۆنیالیستیی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کوردستان و هەروەها پەیوەندییەک بە مەبەستی چەوساندنەوە لە نێوان نەتەوەی سەردەستی فارس لەگەڵ نەتەوەی ژێردەستی کورددا دەبێتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە بەرپرسان و زانایانی باشووری کوردستان بەردەوام بیانەوێ خۆیان لە ئێرانییەکان نزیک بکەنەوە. ئەم نزیکایەتییەکە تا ئاستێک بیرۆکەی ئێرانی لە ئامێز دەگیردرێ کە نکۆڵی لە ستەمکاریی حکومەتی ئێران دەکرێ. بەهرۆز جەعفەر، بەرپرسی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی هەرێمی مەدیتەرانە لە هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکدا

لەگەڵ سایتی کوردپریس لە ساڵی ۲۰۱۹دا دەڵێ: «کورد و فارس لە ناوچەکەدا پەیوەندییەکی مێژوویی و قووڵیان هەیە. پەیوەندیی هیچ کام لە نەتەوەکانی ناوچەکە وەک پەیوەندیی ئەم دووانە قووڵ و ریشەدار نییە و پێشینەکەی بۆ پێش لە هاتنی ئیسلام و تەنانەت پێش لە ئیمپراتۆریی ساسانی و سازبوونی شارستانیەت و ئیمپراتۆرییە بەهێزەکان لە وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە. ئەردەشێری بابەک دامەزرێنەری خاندانی ساسانی لە دایکی کورد و باوکی فارس بووە و هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان پێیان وایە کە باوکی کورد و دایکی فارس بووە. لە چیرۆکە ئوستوورەییەکانیشدا وەکوو ڕۆستەم و زۆراب ڕیشەی کورد و فارس پێک دەگات و پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ یەک هەیە. کەواتە، بنەما و بەستێنێکی هاوبەشی مێژوویی لێرەدا هەیە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا هیچ کات ئێران دوژمنی کوردەکان نەبووە. حکومەتی ئێران هیچ کاتێک کوردەکانی ئەنفال و بۆمبارانی کیمیایی نەکردووە.»[۱۷] تەواو هەست بەوە دەکرێ کە چۆن ستراتێژیی محەمەدعەلی فروغی بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کوردان وڵامی داوەتەوە. بەهرۆز جەعفەر بەشانازییەوە باس لەوە دەکا کە جەلال تاڵەبانی لەو کاتەدا سەرۆک کۆماری عێراق بووە، زۆرترین دۆستایەتی و نزیکایەتی لەگەڵ ئێران بووە. ڕێک ساڵێک بەر لەم چاوپێکەوتنە، لە هێرشیکی ترۆریستیی ئێراندا بۆ سەر بارەگاکانی هەر دوو حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان، ۱۸ کەس شەهید و زیاتر لە پەنجا کەس بریندار بوون.[۱۸]

## تیۆریی نەژادی ئاریایی و زمانەکانی هێند و ئەورووپایی

نابێ ئەوە لە بیر کەین، بەکارهێنانی چەمکی نەژاد بۆ جیاوازی دانان لە نێوان مرۆڤەکان، چ لە ڕووی کۆمەڵناسی و تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی زانستی ژێنێتیکەوە، ڕەت کراوەتەوە و هەروەها ئەگەرچی پاش دەرەنجامە دژەمرۆییەکانی ڕاسیزم لە ئەورووپا کە لە چوارچێوەی نازیسمدا هۆلۆکاستی جوولەکەکانی لێ کەوتەوە، چیتر تووڕەهاتی تیۆریی نەژادی ئاریایی و دەرەنجامە سەیر و سەمەرەکانی باوی نەماوە،[۱۹] بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئەنجامەکانی تاکوو ئەمڕۆ، ناچارین سەیری سازبوونی تیۆرییەکی نەژادی بکەین کە وەکوو تیۆریی نەژادی ئاریایی یان هێند و ئەورووپایی پێناسەی بۆ دەکرێ. ئوستوورەی نەژادی ئاریایی، مرۆڤەکان بە چەند نەژاد دابەش دەکا و زۆربەی ئەورووپییەکان لەگەڵ نەتەوەکانی فارس، کورد و بەلوچ و هەروەها هێندییەکان بە یەک نەژاد دادەنێت. هەروەها زۆربەی کات ساز کردنی ئوستوورەی ئاریایی بۆ نووسینەکانی سێر ویلیام جونز دەگەڕێننەوە کە لە ساڵی ۱۷۸۶ بەوە گەیشت کە زمانەکانی یۆنانی، لاتین، سانسکریت و ئێرانی ڕیشەکانیان هاوبەشە. زاراوەی ئاریایی بەڵام سازکراوی ئەنکۆتیل دوپرۆنە (۱۷۳۱-۱۸۶۰) کە لە ساڵی ۱۷۶۳ باس لەوە دەکا کە خەڵکێک بە ناوی ئارییەن (aryen) ئاڤێستایان نووسیوە. پاش ئەمە فریدریش شلێگێل، نووسەری ڕۆمانتیکی ئاڵمانی لە ساڵی ۱۹۱۸ زاراوەی نەژادی ئاریایی بۆ ئاڵمانییەکان بە مانای نەجابەت و شانازی بەکار دێنێت.[۲۰] بنەما ئوستوورەییەکانی ئاریایی، کە زانستێکی ساختە بە دووریەوەیە، بوو بە هۆکاری ئەوەی کە نزیکاتییە زمانییەکان، لەگەڵ پەیوەندییەکی نەژادی پێکەوە گرێ بدەن. ئەم تیۆرییە بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار کەسێک بە ناوی میرزا ئاقاخان کرمانی (۱۸۵۴-۱۸۹۷)، نووسەری ناسیۆنالیستی ئێرانی، لە مانای نەژادیدا کەڵک لە چەمکی ئاریایی وەربگرێ و پێی وا بێ کە ئاریایی نەژادێکی هەڵبژێردراو، پاک و سەروەرە.[۲۱]

واتە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم (١٨٩٠) بە هیچ شێوەیەک لە کتێبە فارسییەکاندا و لە سەرتاسەری ئەدەبیاتی فارسیدا وشەی ئاریا یان ئاریایی بەکار نەهاتووە.[٢٢] مستەفا وەزیری، یەکەم ئاکادێمیسیەنێکە کە لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی نەتەوەی خەیاڵیی ئێران (١٩٩٣)، بەدڵنیاییەوە باس لەوە دەکا کە چەمکی نەتەوەی ئێران، سازکراوی ڕۆژهەڵاتناسەکانە و ناسیۆنالیستەکانی ئێران لە دوای پەشێویی دەسەڵات لە کۆتاییی سەردەمی قاجاردا کەڵکیان لێ وەرگرتووە و لە سەردەمی ڕەزاشا بەدواوە تاکوو ئیستا ئیتر بە بەردەوامی بەکار هاتووە.[٢٣]

باسی نوێ و بەڵگەمەندی وەزیری، بە لای زۆربەی ئاکادێمیای ئێرانییەوە ناخۆش هاتە بەر چاو و دەکرێ بگوترێ تا ڕادەیەکی زۆر پەراوێز خرا. وەزیری تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێشەوە کە سازکردنی وەهمی نەژادی ئاریایی لە لایەن ئێرانییەکانەوە و کەڵک لێ وەرگرتنی بۆ ڕۆنانی بینای کولتووری ئێرانی، وەک شیزۆفێرنیایەکی کولتووری وەسف دەکا. مەبەستی وەزیری ئەوەیە وەک تووشبووانی نەخۆشیی شیزۆفێرنیا، ناسیۆنالیستەکانی ئێران ڕەفتارێکی ئەبنۆرماڵیان هەیە، قسەی هەڵیت و پەڵیت دەکەن، توانایان بۆ تێگەیشتن لە بابەتە ڕاستەقینەکان کەم بووەتەوە، باوەڕی هەڵەیان لە لا ساز بووە و بیرکردنەوەیان ناڕوون و ئاڵۆزە.[٢٤] هەوڵەکانی ڕەزاشا، بۆ سازکردنی دەوڵەت نەتەوە، پێویستی بە ڕۆنانی مەعریفەیەکی نوێ هەبوو و هەر بەم مەبەستەش حسێن پیرنیا (١٨٧٤-١٩٤٧) یەکێک لە گرنگترین ناسیۆنالیستەکانی ئەو قۆناغە لە لایەن ڕەزاشاوە دەستنیشان دەکرێ کە یەکەم کتێبە مێژووییەکانی ئێران بنووسێت. یەکێک لەو بەرهەمە مێژووییانە کە ناوی مێژووی ئێرانی کۆنە (١٩٢٨) بەشێکی بۆ مژاری نژادەکان تەرخان کراوە.[٢٥] ئەوەی لێرەدا بۆمان گرنگە تاوتوێ کردنی چۆنیەتی سازکردنی ئەو تیۆرییە ساختانەیە کە لە ڕێگەی پەروەردەی مۆدێرن و زانکۆکانەوە و هەروەها سەپاندنی زمانی فارسی وەک تەنیا زمانی ڕەسمی پەروەردە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە نوخبەی کورد بۆخۆیان پەرە بەم تیۆرییانە بدەن و تەنانەت ئەو بەشەیان کە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی سوڵتەی ئێرانیدا دەوەستنەوە، نەتوانن بەیەکجاری خۆیان لە چەمکی ئێران دابڕن و جیا بکەنەوە.

> بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئەنجامەکانی تاکوو ئەمرۆ، ناچارین سەیری سازبوونی تیۆرییەکی نەژادی بکەین کە وەکوو تیۆریی نەژادی ئاریایی یان هێند و ئەورووپایی پێناسەی بۆ دەکرێ

چۆنیەتی سازبوون و پەرەسەندنی چەمکی نەژاد و زمانی ئاریایی لە بەستێنی ئەندێشە و فەلسەفەی ئێرانیدا شێوازی دەرکەوتنەکەی نیشان دراوە و توێژەران لەمبارەوە لێکۆڵینەوەی وردیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەوەیکە چۆن ئەم چەمکانە لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژی ئێرانییەوە خزاونەتە ناو فیکر و بۆچوونی کوردەوە ناڕوونە و تاکوو ئیستا نەبووەتە هۆی سازکردنی مشتومڕ، وەک کێشە کەمتر سەیری کراوە و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام نەدراوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بە شێوازێکی مێژوویی لە نێو فیکری کوردایەتیدا ڕۆ بچین، بە شوێن نیشانەکانی ئەم بیرۆکەیەدا بگەڕێین و پەیوەندییەکانی زانست و دەسەڵات نیشان بدەین.

لە نێو شۆڕشی کوردیدا هەرچەند دژ بە داگیرکەرانی کوردستان خەبات کراوە، بەڵام زۆرجاریش لە ژێر کاریگەریی ئەم بیرۆکەیەدا و بەتایبەت بە هۆی ئەوەی دوژمنی ڕاستەوخۆ

فارس نەبووە لە ناسینی ئایدیۆلۆژیی ئارياییدا (Ariaism) هەڵە کراوە. لە ژمارەی چوارەم و کۆتاییی بڵاوکراوەی ڕۆژی کورد (گۆڤاری جڤاتی «هێڤی»ی قوتابیانی کورد، ئەستەموڵ ١٩١٢)[٢٦] وتارێکی سەرنجراکێش بە ناوی ئەسڵ و نەسڵی کورد هەیە کە نووسەر ناوی خوازراوی «کوردی» هەڵبژادووە؛ عەبدوڵڵا زەنگەنە پێی وایە کە عەبدولکەریم سلێمانی (١٨٨٠ – ١٩٢٩) ئەو بابەتەی نووسیوە.[٢٧] لە وتارەکەدا هاتووە: «کورد بەر لە نەبووەت هەبوون و مەوجود بوون. کورد لە ئەقوامی ئارییەن، لە پاش بیعسەت، قسمێ لە ئەوان وەکوو ئێمە، وەکوو ئەفغان، وەکوو ئێران، دینی ئیسلامیان قەبوڵ کرد و ئەلحەمدولیلا بووینە ئیسلام، قسمێ لە ئەوان وەکوو: ڕۆم، وەکوو: ئەرمەن، وەکوو: ئەڵمان، لەسەر ڕێگەی جەهالەتا مانەوە. چە ڕۆم، چە ئەرمەنی، چە ئەڵمان، پۆرتکیز، ئەمانە هەموو لە عرقی کوردن. دیقەت فەرموون، لیباسمان، عەنعەناتمان وەکوو عەجەمە، لەبەر ئیختیلات لەگەڵ بەغدا جوزئێ فەرقمان هەیە. فەقەت بە دیقەت ئەگەر تەعمیق بکرێت عەینی عەجەم حائز حەرەکات و سەکەناتین. عەجەم لە وەختی خۆیا مەزهەبی سوننی بوو، فەقەت شا ئیسماعیلی سەفەوی بە فکری خۆی ئەم مەزهەبی شیعەیەی ئیحداس کرد و مەقسەدی تەوحیدی قەومی عەجەم بوو، وەئیللا ئەساسەن مەزهەبمان یەک بوو. ئەڵمان و زبانی ئەڵمانی زۆر موشابەهەتی بە کوردی هەیە، ئیمڕۆ ئەگەر کوردێ بچێ بۆ ئەڵمان بە زەرفی دوو مانگ فێری زبانی ئاڵمانی دەبێ، فەقەت ئەگەر تورکێ، یا عەرەبێ بچێ بۆ فێربوونی زبانی ئەڵمانی متەوەفیقەتە سەر ساڵێک، چونکە زبانی ئاڵمان وەک زبانی کوردی گرانە.[٢٨] ئەگەر بۆچوونەکەی زەنگەنە درووست بێ، نووسەر خەڵکی سلێمانییە کە لەو کاتەدا بەشێک لە کوردستانی عوسمانی بووە. نووسەر لە ڕێگەی هەڵکشانی کوردەوە دەیەوێ بە یەکسان کردنی نەژادی کورد لەگەڵ عەجەم (ئێران/ فارس) و ئەوروپییەکان (بەتایبەت ئاڵمانی) پلەی قەومی کورد بەرز بکاتەوە. لێرەشدا ئەوپەڕی هەست بە نزیکایەتی لەگەڵ ئێران ودژایەتی کردن و تەنانەت سووک سەیری تورک و عەرەب کردن دەبیندرێ.

> **چۆنیەتی سازبوون و پەرەسەندنی چەمکی نەژاد و زمانی ئاریایی لە بەستێنی ئەندێشە و فەلسەفەی ئێرانیدا شێوازی دەرکەوتنەکەی نیشان دراوە و توێژەران لەمبارەوە لێکۆڵینەوەی وردیان ئەنجام داوە**

لە وتارێکدا کە لە ژێر ناوی نووسەرانی فارس بیخوێنن لە ڕۆژنامەی هاواری کورد لە ڕەزبەری ١٣٢٤ (سێپتامبری ١٩٤٥) هەوڵ دراوە بە زمانی فارسی وڵامی ڕۆژنامەنووسە فارسەکان و بەتایبەت نووسینێکی دوکتور کەریم سەنجابی (١٩٠٤-١٩٩٥) خەڵکی کرماشان بدرێتەوە کە لەو کاتەدا مامۆستای زانکۆی تاران بووە. لەم وتارە درێژەدا هەرچەند بە شێوەیەکی بەهێز پێداگری لە مافی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ کراوە، بەڵام بە مەبەستی سیاسی ویستراوە گرژییەکان کەم بکرێتەوە. بۆ مەبەستی دەستکەوتێکی سیاسی، ڕێگەیەک جگە لە گەڕانەوە و سەرچاوەدان بە تیۆریی ئاریایی و نزیکایەتیی کورد و فارس و هەروەها ئێرانیبوونی هەر دووکیان شک نابردرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژنامەی نیشتمان (بڵاوکراوەی ژێکاف)دا لەم جۆرە هەڵوێستانە نابیندرێت. نووسەر کە بە دوو پیت ئاماژەی بە ناوی خۆی کردووە دەنووسێت: «بەگوێرەی پێشینەی مێژوویی و بیروڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان ئاشکرایە کە کورد و فارس هەر دووکیان ئاری نژادن و لەگەڵ

یەک بران و لە یەک باوکن... [کوردەکان] یەکێک لە پاکترین نژادەکانی ئێرانن و ئەم خاکە پاکە لانکەی باو و باپیرانی ئەوانە، ئێران نیشتمان و زێدی ئازیز و ستایشکراوی ئەوانە. کوردەکان ئێرانیان لە هەزاران ساڵ لەمەو پێشەوە لە دەستدرێژیی داگیرکەران و سنووربەزێنەکان پاراستووە و لە ڕێگەی سەربەستی و یەکپارچەیی خاکی ئێران، بە گیان بەخت کردنەوە، فیداکاریمان کردووە و خوێنمان ڕشتووە و وەکوو شێرێکی سامناک و نەترس جەستەی خۆمان وەبەر فیشەکی دوژمن داوە و نەمانهێلاوە بێگانە پێی بخاتە سەر ئەم خاکە پیرۆزە و تاکوو زیندووین دەشیپارێزین. ئێران و سەڵتەنەتەکەی بە هی خۆمان دەزانین و خۆشمان بە هی ئەو دادەنێین، چونکە یەکەم خاندانی شاکانی ئێران «ماد» یان «کورد» بوون.»[۲۹] بە ڕوونی لەم نووسینەدا کەڵک لە بەرجەستەکردنی نزیکایەتیی کورد و فارس وەرگیراوە لە چوارچێوە وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا و نائاگایانە ئەم بەشەی بەهێز دەکرێتەوە کە ئێران و کێشەکانی بە هی خۆ دەزانن (لە کاری کۆ کەڵک وەردەگیرێ و ئاماژەکە لانیکەم بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف یان کوردان بەگشتی دەگەڕێتەوە)؛ هەر لەم بە هی خۆزانینەدایە کە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر دەتوانێ بوونی سەربەخۆی کورد بسڕێتەوە یان گرێدراوی بوونێکی درۆیین بە ناوی ئێرانی بکات. زۆری پێناچێت حکومەتی ئێران بە توندوتیژی وەڵامی داوا ڕەواکانی کۆماری کوردستان دەداتەوە.

لە درێژەی بابەتەکەدا دوو نموونە لە ڕۆژنامەی کوردستان دێنمەوە کە بڵاوکراوەی ڕەسمیی کۆماری کوردستان (۱۹۴۶) بووە. هەرچەند لەم ڕۆژنامە و بەگشتی لە گوتاری ڕەسمیی بەرپرسانی کۆماردا، ئاستیکی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی دەبینرێ، بەڵام دیسانەوە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لە شوێنە هەرە ئاستەمەکانەوە خۆی نیشان دەدا کە لەو سەردەمەدا لە مەترسییەکانی ئاگادار نەبوون. دڵشاد ڕەسووڵی، لە وتارێکدا بە ناوی تەحریکاتی ئەو خائنانەی کە دەیانەوێ ئێران مەحو بێتەوە کە لە ژمارەی پەنجای ڕۆژنامەی کوردستان (۶ جۆزەردان ۱۳۲۵ [۱۹۴۶]) چاپ بووە، بەتوندی وەڵامی بابەتێک بە ناوی مسالمت هم حدی دارد دەداتەوە کە گوایە لە تاران دژ بە کۆماری کوردستان لە ڕۆژنامەیەکدا چاپ بووە و تیایدا داوا کراوە کە حکومەت کوردەکان سەرکوت بکا، ڕەسووڵی (موعاوین و بازڕەسی کوللی وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان)[۳۰] دەنوسێت: «ئەسڵی مەرکەزی تەحریکاتی شوومی ئیستێعماری لە ئێران سەرچاوەی لە جێگایەکی زۆر قووڵە... ئەگەر ماوەی بدرێتێ و ڕەوەشەن فکران و کاربەدەستانی پاکداوێنی تاران جڵەوگیری لێ نەکەن تاجی شاهەنشاهی لە نێوان دەچێ... [درێژەی بابەت لە ل. ۴] برێک ورد ببنەوە و سەرنجێکی دنیای دێموکراسی بدەن بزانن دنیا چ باسە. لەمە زیاتر نیشتمانی ئێران بۆ پشتەوە مەکشێننەوە و میللەت مەخنکێنن، هەر نەتەوەیەک ئازادیی خۆی بدەنێ. بەتایبەتی خۆتان لە مەنجەڵی وەجۆش هاتووی کوردان مەنێن، دەنا وەڵلاهی دادەپلۆخێن و ڕسوای ئەبەدی دەبن.»[۳۱]

ئەوەی زۆر جێی سەرنجە گوتاری دژەکۆلۆنیالیستیی ئەم وتارەیە کە لە چەندین وتاری دیکەی ڕۆژنامەی کوردستانیشدا نموونەی دەبینرێ، بەڵام کۆلۆنیالیزم لێرەدا شتێکی دەرەکییە و مەبەست لە وڵاتانی ئەورووپی و بەتایبەت بریتانیایە. نووسەر پێی وایە کە پیلانگێڕیی کۆلۆنیالیزم و لەبەر دابین کردنی بەرژەوەندیی ئەوان، هەندێک لایەن نایانەوێ مافی ڕەوای کوردان بدرێ و هەر بۆیە باس لەوە دەکا کە ئەم لایەنانە خۆیان دژ بە ئێران و تاجی پاشایەتین. لە کاتێکدا لە مهاباد شانۆی دایکی نیشتمان بەڕێوە چووە و

کوردستان وەک دایک نیشان دراوە کە دەبێ کورد لە دەستدرێژی بیپارێزێ، لێرەدا وشەی نیشتمان بۆ ئێرانی بەکار هاتووە. سەرەڕای ئەوەی کە کۆمار مەترسیی لەناوچوون و سەرکوتی لەسەر بووە و ڕەنگە ئەم وتارەش زیاتر بە مەبەستی سازکردنی ڕێگەچارەیەک نووسرابێ کە لە سیاسەتی نزیک بوونەوە و هەڕەشە، پێکەوە کەڵکی وەرگرتبێ.

محەمەدتۆفیق وردی (١٩٢٣-١٩٧٥) لە وتاری کورد و دەوڵەتانی تورک و عەرەب و فارس لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٣ (١٣ گەلاوێژی ١٩٤٦)دا دەنووسێ «هەموو میللەتێک دەزانێ کە کورد زبانێکی تایبەتی و خوو و ڕەوشتێکی جوێی هەیە، نەژادی ئارییە، خاوەنی خاک و نیشتمانێکی فراوانە. بەڵام ئیستعمار و کۆنەپەرستی هانی ئەو سێ میللەتە دەدا کە بڵێن «کوردیش لە نەسلی ئێمەیە»... نازانین تورک و فارس تا بە کەی بە پیلانی ئیستعمار هەڵدەخڵەتێن. خۆ سوور دەزانن کە کورد تا یەک نەفەری مابێ واز لە نیشتمانی خۆی ناهێنێ و نابێ نە بە عەرەب نە بە عەجەم نە بە تورک. ئەمە بە ڕاستی دەڵێین و ئیسباتی دەکەین نە هەر تورک و عەرەب و فارس بەڵکوو هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات هێزی خۆی کۆ کاتەوە یەک هێشتا کوردی پێ نافەوتێ، چونکو تا دوژمنمان پتر بێ پتر فیداکاری دەکەین و بۆ ئامانجی خۆمان چاکتر هەوڵ دەدەین.» ئەم نووسینە سەرنجڕاکێشە لە لایەن یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەی مهاباد کە خۆی بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانی بووە، دیسانەوە دەرخەری هەمان تایبەتمەندیی وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانییە. نووسەر بەڕوونی باس لەوە دەکا کە کورد هیچ کام لە نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب نییە و لەوەش ژێرانە تێدەگا ئەگەر کورد لە نەسلی یەکێکیان بێ کێشە بۆ ناسنامەیان ساز دەبێ، هەرچەند پێناسەکردنی کورد بە نەژادی ئاریایی هەمان کێشەی مەعریفی بۆ کورد ساز دەکا کە مەترسیی سڕینەوەی ناسنامەی بەدواوە دێت.

دیارە قۆناغی سازبوونی ژێکاف و حکومەتی ٣٣٠ ڕۆژەی کۆماری کوردستان بە ناوەندیەتیی مهاباد هەم لە ناوخۆی کوردستان گرنگیی بیرکردنەوە لە ناسنامەی ساز کردووە و هەم لە ناوەندی ئێران زیاتر باس لە مەسەلەی کورد کراوە. بەرەبەرە ستراتێژیی فروغی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هاوکات لەگەڵ سەرکوتی بێڕەحمانە دەبنە دوو بناغەی سیاسەتی حکومەتەکانی ئێران کە تاکوو ئەمڕۆ درێژەی هەبووە. غولامڕەزا ڕەشید یاسەمی (١٨٩٦-١٩٥١)، کە خەڵکی گاوارەی کرماشانە، لە کتێبە ناودارەکەی خۆیدا کرد و پیوستگی تاریخی و نژادی او (١٩٤٧)، بە مەبەستی سەلماندنی بەردەوام بوونی قەومی کورد لە نەژادی ئێرانی، ئاماژە بەوە دەکا کە دەیەوێ کورد بە نەژادێکی پاک و شەریفەوە گرێ بداتەوە: «کورد یەکێک لە شاخەکانی دارێکی هەرە کۆنی بەهێزی نەژادی ئێرانییە و هەمیشە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا بە سەربەرزی و ڕێزەوە ژیاوە... وەفاداریی عەشیرەتە کوردەکان بۆ ئێران، چ ئەوانەی کە لە چیاکانی زاگرۆس و سەروەتری ژیاون و چ ئەوانەی کە لە پارس و شوێنەکانی دیکەی ئێران بوون، زۆر زیاتر لە عەشیرەتەکانی دیکەی ئێرانی نەژاد بووە. دەکرێ کوردستان وەکوو مەیدانێک سەیر بکرێ کە خوێنی ئێرانییە کۆن و نوێکان لەوێ و لەبەر ئێران تیایدا ڕژاوە.»[٣٢]

ئیحسان نووری پاشا (١٨٩٢-١٩٧٦)، سەرکردەی ناوداری شۆڕشی خۆیبوون، لە کاتی ئاوارەیی لە تاران، کتێبێکی بە ناوی «تاریخ ریشه نژادی کرد» [مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ١٩٥٤] دەنووسێ و لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا باس لە ئامانجێک دەکا کە ئەوی هان داوە سەرەڕای ئەوەی مێژوونووس نییە، دەست بۆ قەڵەم بدات:

«مەبەستم ئەمە نییە مێژووی کورد و کوردستان بنووسم، بەڵکوو ئەوەندەم گەرەکە خزمەتی قەومێکی ئێرانی نەژاد بکەم کە خەریکە لە لایەن نەژادەکانی دیکەوە لە نێو دەبرێت. هەر ئەوەندەم گەرەکە ئەم میللەتە ڕەشید و عەگید و زۆر لێ کراوە لە گومناوی دەرباز بکەم، نەیەڵم لە شەرەفی نەژادی ئێرانیی خۆی مەحروم بێ... میللەتێک [کورد] کە بەردی بناغەی شکۆداری ئێرانی هەر لە سەرەتاوە بە خوێنی پیرۆزی جەنگاوەرانی خۆی پێکەوە چەسپاندووە.[۳۳] لە نووسینی هەر دوو نووسەری کورد بۆمان دەردەکەوێ کە کەڵکەڵەی نووسینەکانیان گرێدانی کورد و ئێران لە ڕووی نەژادییەوەیە. کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر هیچ کە توانیویەتی بوونی کورد وەخۆ بگرێ، لێرە بەدواوە لە ئامانجی سازکردنی هێژموونی کولتووریش نزیک دەبێتەوە، چونکە کوردەکان و بەتایبەت زانا کوردەکان بە مەیلی خۆیان تیۆریی نەژادی ئاریایی و ژیان لەسەر خاکی ئێرانیان پەسەند کردووە.

یەکێک لە سەرنجڕاکێش ترین تێزەکان کە کوردێک سەبارەت بە چەمکی ئاریایی پێشنیاری کردووە تیۆرییەکە کە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە کتێبی مانیفێستی تمەدن دموکراتیک (۲۰۰۹) چوارچێوەکەی دیاری کردووە. ئەم بەرهەمە کە وەک کتێبێکی گرنگ و ناوەندی لە ناساندنی ئەندێشەی ئۆجەلاندا پێناسەی بۆ دەکرێ لە بەشی دووەمدا باسێکی تێر و تەسەڵ سەبارەت بە ئاریایی بوونی کورد و فارس لە ژێر ناوی مژارەکانی بڵاوبوونەوەی زمان و کولتووری ئاریایی پێشکەش دەکرێ. ئۆجەلان لە باسەکەیدا جگە لە مژاری زمان پێیوایە کە دەبێ باس لە کولتووری ئاریایی بکرێ و دەبێژێ لە نێوان ۱۰۰۰۰ تا ۴۰۰۰ ساڵ پێش لە زایین قۆناغی زێڕینی سەقامگیربوونی زمان و کولتووری ئاریاییە. بە باوەڕی ئەو «زمان-کولتووری ئاریایی ڕیشەیەکی ئەورووپایی و هێندی نییە، بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕاستە.»[۳۴] بە باوەڕی ئۆجەلان کولتووری ئاریایی سەرەتا لە کەوانەی بەپیتدا خۆی نیشان داوە و سەقامگیر بووە و دواتر بە شێوازی کولتووری (نەک مرۆیی) لە ۷۰۰۰ ساڵ پێش لە زایین بەرەو ئێران ڕۆشتووە و لە ۴۰۰۰ پێش لە زایین کاریگەرییەکانی لە هێند دەبیندرێ. «بە بەراوردی کولتووری ئاریایی لەگەڵ کولتووری چینی... بە شیمانەی زۆر کولتووری چینی کەڵکی لە کولتووری ئاریایی وەرگرتووە... گرووپی کولتووری چینی و گرووپی کولتووری سامی، نەیانتوانیوە تایبەتمەندی بەجیهانیبوون وەک کولتووری ئاریایی نیشان بدەن.»[۳۵] بابەتێکی گرنگی نووسینەکەی ئۆجەلان ئەوەیە کە لە جیاتی مژاری نەژاد باس لە کولتوور دەکا و پێیوایە کە «زمانە سەرەتاییەکانی کورد، فارس، ئەفغان [؟] بەلوچ» ناوەکی سەرەکی کولتووری ئاریایی ساز دەکەن کە دواتر لە ڕۆژهەڵاتەوە تا هیند و چین و لە ڕۆژئاواوە تاکوو ئەورووپا بڵاو بووەتەوە. لە ئاکامدا لێرەشدا کورد و فارس ئاریایین و پێکەوە لانکەی شارستانیەتی جیهان ساز دەکەن.

> **دیارە قۆناغی سازبوونی ژێکاف و حکومەتی ۳۳۰ ڕۆژەی کۆماری کوردستان بە ناوەندیەتیی مهاباد هەم لە ناوخۆی کوردستان گرنگیی بیرکردنەوە لە ناسنامەی ساز کردووە و هەم لە ناوەندی ئێران زیاتر باس لە مەسەلەی کورد کراوە**

هەڵبەت هەر جۆرە سازکردنێکی هێژمونی، خۆی لە خۆیدا بەرەو سازکردنی ئایدیۆلۆژییەکی دژەهێژمونیش هەنگاو دەنێ. یەکێک لە بەرچاوترین هەوڵەکانی ئاکادێمیای کوردی لەو سەردەمەدا تێزی دوکتورای عەبدولڕەحمان قاسملووە. قاسملوو لە کتێبی

کـــورد و کوردســـتان (١٩٦٢؛ یەکەم چاپی کوردی ١٩٧٣) لە بەشـــی یەکەمی فەســـڵی دووەمدا و لە ژێر ســـەردێڕی ڕەســـەنی کورد دەنووســـێت: «نەتەوەی کورد دەچێتەوە سەر کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت کە بە لانکی شارســـتانیەتی کۆن دەناسرێ... هێندیـــک لە «مێژوونووســـان» بەئەنقەســـت ڕاســـتییە مێژووییـــەکان بەراوەژوو نیشـــان دەدەن، بـــۆ ئـــەوەی بەهێنانـــەوەی هێندێ بەڵگەی بێ ئەســـاس ئیسبات بکەن کە کورد لە ڕەگەزی ســـامییە یان تورکە. هێندێکی تر خزمایەتیی نێوان زمانی فارســـی و کوردی و ئـــەوەی کە هـــەر دوو زمانەکە دەچنـــەوە ســـەر لقـــی زمانە ئێرانییـــەکان دەکەنـــە بەڵگەی ئەوە کە کورد بە فارس دابنێن. بەکورتـــی دان بـــە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکـــی ســـەربەخۆ دانانێن و پەرەئەسەتاندنی مێژوو بەراوەژوو نیشان دەدەن. ئەمڕۆ زانست دەریخســـتووە کە کورد لـــە تۆرەمەی عەشـــیرەتەکانی زاگرۆســـە... کـــە لـــە ڕۆژگاری کۆنـــدا لە مەڵبەنـــدی چیاکانی زاگـــرۆس نیشـــتەجێ بوون و لەگەڵ عەشـــیرەتەکانی (هیند و ئورووپایـــی) کـــە لە هـــەزارەی دووهەمی پێـــش زایینداد هاتوونە ئەو مەڵبەندە تێکەڵاو بوون.»[٣٦]

ئەم جـــۆرە ڕوانینـــەی قاســـملوو وەک خاڵێکی وەچەرخان ســـەیر دەکەم کە تیایدا نووســـەر دژ بە تیۆریی ئاریایی دەوەســـتێ و هەوڵ دەدا ســـەرچاوەیەکی دیکە بۆ نەژادی کـــورد بدۆزێتەوە و لەم ڕێگەیەوە ســـەرەڕای تورک، عەرەب و فارس، ناســـنامەی کورد لە ئێرانیش جیا بکاتەوە. هەروەها قاســـملوو کە ئـــاگاداری گرنگیی ســـەربەخۆیی مەعریفی بۆ ســـازکردنی ناســـنامەی کوردییە، باس لە خۆجێیی بوونی کورد لە ناوچەی زاگرۆس[٣٧] دەکا و هـــەر لەم بەشـــەدایە کە لۆڕســـتان بە بەشـــێک لە کوردســـتان پێناســـە دەکا. بۆیە گرنگە قاســـملووی ئاکادێمیســـییەن لە قاســـملووی سیاســـی جیا بکەینـــەوە کە بە مەبەستی گوشار سازکردن و ئامانجی سیاسی باس لەوە دەکا ناهێڵین کەس خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ.[٣٨]

> هەڵبەت هەر جۆرە سازکردنێکی هێژمونی، خۆی لە خۆیدا بەرەو سازکردنی ئایدیۆلۆژییەکی دژەهێژمونیش هەنگاو دەنێ. یەکێک لە بەرچاوترین هەوڵەکانی ئاکادیمیای کوردی لەو سەردەمەدا تێزی دوکتورای عەبدولڕەحمان قاسملووە

## ڕێکخســـتنەوەی ناســـنامەی ئێرانـــی: ڕوخساری نوێی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر

محەمـــەد قـــازی (١٩١٣-١٩١٨)، وەرگێڕی نـــاوداری کـــورد کـــە تەنیا بە زمانـــی فارســـی تەرجەمـــەی دەکـــردەوە، دەبێژێ: «من خۆم لەســـەر ئەم بڕوایـــەم کە هەر دوو بەشی کوردستانی عێراق و تورکیا دەبێ بخرێنە پاڵ ئێران. نەتـــەوەی کـــورد نەتەوەیەکە کە هێچ جـــۆرە پەیوەندییەکی نەژادی و زمانـــی و کولتووریی لەگەڵ تورک و عـــەرەب نییە، ئەمە لـــە کاتێکدایـــە کە هەم نەژادەکەی لەگەڵ ئێرانییەکان یەکێکە و هـــەم زمانی کوردی لێکچوون و خزمایەتییەکی زۆر نزیکـــی لەگەڵ زمانی فارســـی هەیە. وا بۆی دەچم کە زۆربەی هەرە زۆری هاوشارییەکانم لەگەڵ ئـــەم بیر و باوەڕە هـــاوڕا بن، چونکە بەتایبـــەت لە ســـەردەمی کۆندا هەر ســـێ بەشەکەی کوردستان بەشێک لە خاکی ئێران و ســـەر بە ئیمپراتۆرییەکانی هێخامەنێشی و ساسانی بوون.»[٣٩] ئیبراهیم یونسی (١٩٢٦-٢٠١٢) وەرگێڕ و یەکێکی تر لە فارسینووسە ناودارەکانی کورد باس لەوە دەکا: «دەوڵەتەکان پـــارە و وزەیەکی زۆر بـــەکار دێنن، کاتی بۆ تەرخان دەکـــەن و پێوەی مانـــدوو دەبن تا گرووپێکی هاوڕا لەناو وەڵاتێکدا ساز بکەن کە

دژایەتیی سیاسەت و سەربەخۆیی ئەوانی کردووە و مەبەستیان ئەوەیە سەرنجی ئەم گرووپە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ دەوڵەت و نەتەوەی ئێران بێ ئەوەی هیچ پارە و وزەیەکیان خەرج کردبێ هێزێکی یەکگرتوو و هاونەژادی خۆیان بە ناوی خەڵکی کورد، لە تورکیا و عێراق، هەیە کە خۆیان بە ئێرانی دەزانن و شانازی بە ئێرانی بوونی خۆیانەوە دەکەن و بە لە کیس دانی پارە و لەناوچوونی مرۆیی لە هەمبەر کولتووری تورکی و سامی، بەرگرییان لە کولتووری ئێرانی کردووە و دەیکەن... لە کاتێکدا بەپێی هەر لۆژیکێک و بەگوێرەی هەر سیاسەتێک، ئێران مافی هەیە و دەبێ پشتیوانی لە خەڵکی کورد بکا. ئەوە چۆنە کە تورکیا هەر تورکێک — لە هەر شوێنێکی دونیا — بە هاووڵاتیی خۆی دەزانێ و پێان دەڵێ کە یەکگرن، لە زانکۆکانی تورکیا جێی تایبەت بۆ منداڵەکانیان تەرخان دەکا... بەڵێ! تەنانەت بۆ «ئازەربایجانییەکانی ئێمە!»... و دەشبینی کە لەبەر ژمارەیەکی کەم تورک هێرش دەکاتە سەر دوورگەی یۆنانیی قیبرس، بەلام ئێران نابێ بڵێ کە ئەمانە [کوردەکان] ئێرانین و لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا نابێ بەرگری لە مافەکانیان بکا؟»[٤٠]

دەبینین کە هەر دوو نوخبەی کورد بە دوو شێوازی لێک نزیک و بە شێوەیەکی مەترسیدار خزمەت بە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر دەکەن. قازی پێشنیاری ئەوە دەکا، لەبەر ئەوەی نەژادی کورد ئێرانییە، دەبێ ئێران پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەخۆ بگرێ. یونسیش کە سەرەتا بە گلەیی لە بیرۆکەی فروغی دەست پێ دەکا کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا هێنامانەوە و پێی وایە ئێران نابێ کورد وەک دوژمن سەیر بکا و تەنانەت بوونی کوردەکان لە پارچەکانی دیکە، و هەر بەوگوێرەیە لە وڵاتانی دراوسێی ئێران، بە مانای بەرگری کردن لە کولتووری ئێرانی لەهەمبەر کولتووری سامی و تورکی دادەنێ. واتە، بە مەترسییەکی زیاترەوە و ناڕاستەوخۆ، پلانی هێژموونیی کولتووری بۆ ئێران و دەستێوەردان لە کاروباری پارچەکانی تر بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی دادەڕێژێت.

لە ئەنجامی ئەم هێژموونییەدایە کە ئێران سەرەڕای هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سازی کردووە، دیسانەوە بەرپرسانی باشووری کوردستان بە باوەشی ئاوەڵاوە کولتووری ئێرانی پەرە پێ دەدەن. لە یەکێک لە دوایین نموونەکانیدا ئامادەکاری بۆ نفوزی زیاتری زمانی فارسی لە هەرێم دەکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەو ڕیفۆرمانەی لە هەرێمی کوردستان بۆ بواری خوێندنی باڵا کراوە، گرنگی بە زانین و فێرکاریی زمانێک جگە لە زمانی کوردی بۆ ئاکادێمیسیەن، توێژەر و خوێندکارەکان وەک یەکێک لە بابەتە هەرە پێویستەکان سەیر کرا. دوابەدوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و سازبوونی پارڵەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ زمانی کوردی وەک زمانی خوێندن پەسەند کرا و هەر لەو کاتەوە نەوەی نوێ لە زانکۆکان کەمتر توانیویەتی کەڵک لە زمانی فەرمیی پێشووتر کە عەرەبی بوو وەرگرێ. لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی باشوور نزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا بایەخی زۆری پێ دراوە و هەر بۆیە زانینی زمانی ئینگلیزی زۆر زیاتر لە جاران گرنگییەکەی هەست پێ دەکرێ. هەر بۆیەش بۆ هەموو دەرچووانی قۆناغەکانی ماستەر و دوکتۆرا و هەروەها بۆ بەرزبوونەوەی پلەی زانستیی مامۆستاکانی زانکۆ، دەرچوون لە یەکێک لە تاقی کردنەوە باوەڕ پێ کراوەکانی زمانی ئینگلیزی وەک یەکێک لە مەرجە گرنگەکان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ڕاگەیاندراوە. جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە مامۆستاکانەوە، وەک کارێکی ئەستەم سەیر دەکرا و هەر بۆیەش نارەزایەتییەکی بەربڵاوی لێ کەوتەوە. یەکێک لە بەرەوڕووبوونەوەکان لەگەڵ ئەم بڕیارە،

داواکاریی مامۆستاکانی بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە هەموو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بوو کە بەڵگەیان دەهێنایەوە ئەوان پێویست ناکا زمانی ئینگلیزی بزانن، بەڵکوو باشتر و پێویستترە کە توانستی زمانی فارسیی ئەوان تاقی بکرێتەوە. هەر بۆیەش لە مانگی ئاگۆستیساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بڕیاری دەرکرد کە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرای زمانی کوردی دەتوانن لە تاقیکردنەوەی ستانداردی زمانی فارسی (سامفا SAMFA)[٤١] لە یەکێک لە زانکۆ باوەڕ پێکراوەکانی ئێران بەشداری بکەن و لەو ڕێگەوە نازناوی زانستییان بەرز ببێتەوە.[٤٢] ئەوەی لێردا جێی سەرنجە، چۆن شارەزایانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی وڵاتێک جگە لە ئێران بەو قەناعەتە گەیشتوون کە زمانی فارسی ڕێک هەمان ئەو زمانەیە کە پێویستە و باشترە ئەوان بیزانن هەتاکوو ئاستی زانستیی ئەوان لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا پێی بەرز ببێتەوە؟

بەڵام چی بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، لەگەڵ ئەوەیدا کە تیۆریی ئاریایی لە دنیادا شکەستی هێناوە و ئیتر بەدەگمەن قسەی لەسەر دەکرێ و زیانەکانی بە وردی دەستنیشان کراوە، دیسان بیرۆکەی ئێرانی بوون بتوانێ بەهێزەوە خۆی نیشان بدا؟ بەهێز بوونی ئەم بیرۆکەیە بۆ دوو لایەن دەگەڕێتەوە: سەرەتا سازکردنی سەدان ئەنستیتۆ، گۆڤار و ناوەندی لێکۆڵینەوە بۆ پەرەپێدان بە مژاری فیکری ئێرانی؛ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێک ئامریکا وەک یەکەم زلهێزی دونیا دەرکەوت، لە پاڵیدا زانکۆکانی ئامریکاش توانیان هەمان پێشەنگییان لە بواری زانستدا هەبێ و هەر بۆ سەپاندنی ئەم پێشەنگییە دەبوایە مۆدێلی ئامریکایی بۆ زانستی مرۆیی جێگای مۆدێلە پێشووترەکانیان بگرتایەوە. لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی هەرێمی ساز دەبێ و لە هەمان کاتدا کە بواری نوێی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر هەڵدەدا، بواری لێکۆڵینەوەی ئێرانیش وەک لقێکی ئەم بوارە سەیر دەکرێ و دەیان بەش لە زانکۆ باشەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا بۆ توێژینەوە لەسەر ئێران تەرخان دەکرێن. هەر بەپێی ئەم دابەشکارییە نوێیە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی یان کوردۆلۆژی وەک لقێکی لێکۆڵینەوەی ئێران هەڵسووکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. مەبەستیش ئەوەیە ئەگەر خوێندکار یان توێژەرێک بیهەوێ لەسەر بەندبێژی لە ئامەد، هاتنی ئیسلام بۆ مێردین، سۆفیگەری لە بتلیس، شێوازی مێعماری لە قەڵاتی هەولێر، شێعری جگەرخوێن، ئایینی ئێزدی، شانامەی کوردی، زاری هەورامی، بەیتی خەج و سیامەند و هتد. لێکۆڵینەوە بکات، بە شێمانەی زۆرەوە جگە لە چەند بەشێکی ئێرانناسی و ئەو بەشە کوردییانەی کە لە چوارچێوەی ئەو بەشانەدا کار دەکەن، جێگایەک بۆ خوێندن یان لێکۆڵینەکەی خۆی پەیدا ناکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئێرانیش خۆی لە کردنەوە و پشتگیری لە دەیان بەش لە جیهاندا دەورێکی کارای هەیە و لە ڕووی ماددییەوە سەرچاوەی داهاتیان دابین دەکا. کەواتە مەعریفەیەک کە دەربارەی کورد و کوردستان ساز دەبێ سەرەتا دەبێ لە بەشەکانی ئێرانناسی یان لێکۆڵینەوەی ئێراندا پەسەند بکرێ، لە ژورناڵەکاندا هەڵسەنگێنەرە ئێرانی یان ئێرانناسەکان تاوتوێی بکەن و ڕێگەی بدەن کە چاپ و بڵاو ببێتەوە. ئەمە هەمان مێکانیزمی دەسەڵات/زانستە کە ئەو ئیمکانە بۆ ئێرانییەکان دەڕەخسێنێ زۆر زیاتر لە تورکەکان یان عەرەبەکان بتوانن مێکانزیمەکانی سازکردنی مەعریفەی کوردی کە کورد خۆی بەرهەمی هێنابێ کۆنتڕۆڵ بکەن، بە لای بیرۆکەی ئێرانی بووندا بیشکێننەوە و ئەو بابەتانەی کە لە دووتوێی

ناسنامەی ئێرانیدا ناگونجێ و لە بەرژەوەندیی ناسنامەیەکی سەربەخۆی کوردیدایە لە ئاکادێمیا دەریهاوێژن و وەک بابەتێکی نازانستی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن و لەبەر چاوی نەگرن.

هەنووکە ئاکادێمیای ئێرانی بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی سوڵتە بەوە گەیشتووە کە هەندێک تیۆریی وەک نەژادی ئاریایی یان زمانەکانی هیند و ئەورووپایی چیتر ناتوانێ مەشرووعییەت بۆ کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی ساز بکا، هەر بۆیە دەتوانین باس لە لایەنی دووەمی بەهێزبوونەوەی بیرۆکەی ئێرانی بۆ نوێژکردنەوە و پڕ چەک کردنی بە چەندین تیۆری سازکراوی نوێ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بگەڕێنینەوە. لە درێژەدا بەکورتی ئاماژە بە دوو تیۆریی سەرەکی ئەم باسە دەکەم:

**۱** تیۆریی ئێرانی مەزن (The Greater Iran): ریچارد فرای بەم شێوەیە پێناسە بۆ ئێرانی مەزن دەکا کە «قەفقاز، عێراق، ئەفغانستان، پاکستان و ئاسیای ناوەندی لەخۆ دەگرێ و کاریگەرییە کولتوورییەکەی هەتا چین و رۆژئاوای هیند پەرە دەستێنێت... ئێران هەموو خاک و خەڵکێکی ناوچەکە دەگرێتەوە کە تیایدا بە زمانە ئێرانییەکان قسە کراوە و دەکەن. ئێران ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە لە رابردوودا کولتووری فرەرەهەندی ئێرانییان هەبووە.»[۴۳] ئەم تیۆرییە رەنگە زۆرترین بەکارهێنەری لە ناو ئێران و دەرەوە هەبێ. ئێنسێکلۆپێدیای ئێرانیکا دەقاودەق بە مەبەستی خزمەت و پەرەپێدان بەم تیۆرییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە ئامریکا دامەزراوە و هەزاران سەرەبابەتی زانستییان بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژییە بەرهەم هێناوە.[۴۴] ئەوەی کە لەم ئێنسێکلۆپێدیایەدا گرنگییەکی زۆری هەیە باس کردن لە بەردەوامیەتیی کولتووری ئێرانییە (Iranian Cultural Continent)[۴۵] و دەیانەوێ نیشانی بدەن هەرچەند لە ئێران دەیان خاندان و بنەماڵەی پاشایەتی فەرمانڕەوا بوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە کولتووری ئێرانی توانیویەتی لە هێرشەکانی ئەسکەندەر و یۆنانییەکان، عەرەب و ئایینی ئیسلام و مغۆلەکان و هتد. تاکوو ئەمڕۆ بەردەوام بێت و ناوەکی خۆی بهێڵێتەوە. داڵی سەرەکی بۆ ئەم ئایدیۆلۆژییە بەردەوام بوونە و هەر بۆیە نووسەرانی کتێبی ئێرانی هەرمان: بەردەوامیەتی و پەشێوی پێیان وایە کە «ئێران نە وڵاتێکە وەکوو وڵاتەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نە لە هەمان بەستێنی دراوسێکانیشیدا دەتوانین لێی تێبگەین. رەنگە رێبەری ئێران بۆ مافی خۆی بۆ فەرمانڕەوایی بەپێی ئیسلام لە ئێران پاساو بهێنێتەوە، بەڵام ناسنامەی ئێرانی زۆر قووڵترە. هەموو دراوسێکانی ئێران سەربەخۆیی خۆیان لە سەدەی بیستەمدا بەدەست هێناوە یان لە چەند ناوچە لەگەڵ یەک پێکهاتوون، بەڵام ریشەی ئێرانییەکان وەکوو یەک نەتەوە بۆ چەندین سەدە پێش لە ئیسلام دەگەڕێتەوە.»[۴۶] تێزی ئێرانشەهری سەیدجواد تەباتەبایی لە هەمان چوارچێوەی ئێرانی مەزندا بە ناڕوونی باس لە لایەنی بەردەوامیەتی کولتووری ئێرانی لە مێژوودا دەکا و پێیوایە ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەندێشەی ئێرانشەهری پێش لە سازبوونی نەتەوە لە ئێراندا بوونی هەبووە؛ ئەندێشەی ئێرانشەهری دوو بەشی مێژوویی ئێران، واتە سەردەمی دێرین و سەردەمی دوای ئیسلام لێک گرێ دەداتەوە و لەم رێگەوە

> **ئەو بەشە کوردییانەی کە لە چوارچێوەی ئەو بەشانەدا کار دەکەن، جێگایەک بۆ خوێندن یان لێکۆڵینەکەی خۆی پەیدا ناکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئێرانیش خۆی لە کردنەوە و پشتگیری لە دەیان بەش لە جیهاندا دەورێکی کارای هەیە**

بەردەوامبوونی مێژوویی و کولتووری ئێران دەپارێزێت.[۴۷] حەمید دەباشی لە تیۆرییەکی سەیر و سەمەرتردا سەبارەت بە ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێستایدا دەیەوێ بڵێ کە کولتووری ئێران تایبەتمەندییەکی جیهان نیشتمانی (cosmopolitan) هەیە کە ڕیشەی لە مێژووی ئێراندایە و تەنانەت لە چوارچێوەی کولتووری ئێرانیدا بەکارهێنانی هەندێک دووانەی وەک ئیسلامگەرایی/سێکولاریزم و نەریتی/مۆدێرن کارێکی هەڵەیە. دەباشی لە ئاکامدا بەو دەرەنجامە دەگا کە هەستی جیابوونەوەی کوردەکان و نەتەوەکانی دیکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی مۆنارشی فارسیزمی پەهلەوییەکان و ئیسلامەگەرایی مەلاکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە مافەکانیان بێبەش کراون و ئەمەش لەبەر هۆکاری ئەوە بووە تایبەتمەندی جیهان نیشتمانی ئێران حاشای لێ کراوە.[۴۸]

**۲** هەرێم یان کۆمەڵگای پێرشینییەت (The Persianate Zone or The Persianate Society)؛ بۆ یەکەم جار مارشاڵ هاجسەن (۱۹۲۲-۱۹۶۸) ئەم چەمکەی بۆ ئاماژەدان بۆ هەرێمێک سازی کرد کە بە دەوری زمانی فارسیدا تیایدا کولتوورێکی تایبەت ساز بووە.[۴۹] ئێرانییەکان هەر لەمە کەڵک وەردەگرن و انجمن مطالعات جوامع فارسی زبان (The Association for the Study of Persianate Societies) ساز دەکەن و لە چاپەمەنیی بریل ژورناڵێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. لە نێوان ئەم بیرۆکەیە و بیرۆکەی ئێرانی مەزندا نزیکایەتیی زۆر هەیە، هەرچەند لەمەدا ئیتر بەئاشکرا گرنگی و سەروەریی زمانی فارسی نیشان دەدرێ. هەستیاری لەسەر ئەم بابەتە تا ڕادەیەکە کە ئێحسان یارشاتێر (۱۹۲۰-۲۰۱۸) کە بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ بەڕێوەبەری ئێنسێکلۆپێدیای ئێرانیکا بوو، دەبێژێ لە ئینگلیزیدا نابێ بنووسرێ یان بگوترێ فارسی (Farsi) بەڵکوو دەبێ لە هەمان وشە زمانی پێرشن (Persian Language) کەڵک وەرگرین، چونکە ئەو زمانە هی قەومی فارس نییە و بۆ نەتەوەی ئێران دەگەڕێتەوە.[۵۰] ئەمساڵ لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە کتێبێکیان بە ناوی جیهانی پێرشینییەت: سنوورەکانی زمانی هاوبەشی ئۆراسیا چاپ کرد. نووسەرانی هەوڵیان داوە کە لە چین، بەنگال، پەنجاب، هیند و ڕووسیا و سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و هتد. نموونەکان لە دەسەڵاتی زمانی پێرشن بهێننەوە. سپونەر لە پاشکۆیەکدا لە ژێر ناوی «هەزارەی پێرشینییەت» نووسیویەتی ئاماژە بەوە دەکا «پێرشن [فارسی] زمانی نیشتمانیی ئێرانی مۆدێرنە و دەورێکی بێ وێنەی لە مێژووی جیهاندا هەبووە. لە سەدەی نۆیەمەوە، کەمتر لە دوو سەد ساڵ پاش سەرکەوتنەکانی عەرەب — ئیسلام، زمانی فارسی بوو بە زمانی ستاندارد بۆ کاروباری حکومەت، ئیدارە، تەجارەت، ئەدەبیات و تەنانەت بۆ ڕاڤەی ئایینیش کەڵکی لێ وەردەگیرا.»[۵۱]

> **وەک هەموو خەباتێکی دژەکۆلۆنیالیستی تەنیا ڕێگەچارە دابڕان لەو سیستەمەیە کە لە هەموو ئاستەکاندا مرۆڤی سەر بە نەتەوەی ژێردەست ملکەچی ویست، بەرژەوەندی و بەهاکانی نەتەوەی سەردەست دەکا**

## دەرەنجام

ناسینی ئەو مێکانیزمانەی کە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی کەڵکی لێ وەردەگرێ تاکوو سوڵتەی نەتەوەی فارس بە سەر نەتەوەی کورددا هەمیشەیی بێ، یارمەتیدەرمانە هەتا لە کاتی بەرپەرچدانەوە و خەباتدا بتوانین دژ بە فرت و فێڵەکانیان بوەستین، ڕێگا نوێکانی

خەبات تاقی بکەینەوە و لە هەمان کاتیشدا بزانین ئەو سنوورانە کامانەن کە ئەگەر تێیانپەڕێنین لەگەڵ کولتووری ساختەی ئێرانیدا تێکەڵاو دەبین. ئێمەی کورد لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا دەژین، واتە بۆ ڕزگاری پێویستە دژ بەم کۆلۆنیالیزمە بوەستینەوە کە خوازیاری وەخۆگرتنی بوونمانە. هەرچەند لە دوای ڕزگاریش ئاسەوارە نەگریسەکانی ڕەنگە تا دەیان ساڵ دەست لەسەرمان هەڵنەگرێ. ئیستا چەندین ملیۆن کەس لە ڕۆژهەڵات دەژین کە بە هۆی سیاسەتە ئاڵۆزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە نازانن و ناتوانن بە زمانی کوردی بخوێننەوە و بنووسن. ئێرانییەکان لە ڕێگەی گۆڕانی زەوقی کوردەوە دەستکاریی دەزگای جوانیناسیی ئێمەیان کردووە. بە فۆلکلۆر نیشان دانی موسیقای کوردی، بەهێز کردنی ئەو دامودەزگایانەی کە بۆ فێرکاریی موسیقای ئێران تەرخان کراون، پشتیوانی لەو گروپانەی کە ئامێری ئێرانی/فارسی بەکار دێنن (وەکوو تار و سێتار، سەنتوور، نەی)، لەمپەر سازکردن بۆ گەشەی زانستیی موسیقای کوردی لە زانکۆکان و فێرگەکان، بڵاوکردنەوەی موسیقای نزم و ساختەی کوردی لە میدیاکانیانەوە، ژەنینی ئامێری کوردی لەگەڵ شیعری فارسی (بۆ نموونە ئامێری تەمموورە کە بۆ ڕێورەسمی ئایینی یارسان تەنیا لەگەڵ دەقی ئایینی کوردیدا کەڵکی لێ وەرگیراوە) بەشێک لەو مێکانیزمانەن کە زەوقی نەتەوەیی کوردیان پێ تێکداوە.[٥٢]

وەک هەموو خەباتێکی دژەکۆلۆنیالیستی تەنیا ڕێگەچارە دابڕان لەو سیستەمەیە کە لە هەموو ئاستەکاندا مرۆڤی سەر بە نەتەوەی ژێردەست ملکەچی ویست، بەرژەوەندی و بەهاکانی نەتەوەی سەردەست دەکا. کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی خەباتی لە ڕۆژهەڵات دژوارتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کردووە. چونکە کاتێک ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی دەیەوێ سنوورەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەی فارس دەستنیشان بکا، کێشەی بۆ ساز دەبێ. چەمکی ساختەی ئێران هەموو تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کورد وەخۆ دەگرێ و لە ڕۆحی کوردی دایاندەماڵێ. بۆ نموونە ئەگەر کردنەوەی ئاگر بۆ دەستپێکی نەورۆز لە پارچەکانی تری کوردستان دەبێتە هێمایەکی نیشتمانی بۆ بەرخۆدان، بەڵام لە ڕۆژهەڵات فارسەکان دەڵێن ئەم جەژنە هی هەموو ئێرانییەکانە. ئەم وتەزایە کێشەی بۆ خەبات و بەرهەڵستکارییەکی کوردانە دژ بە دوژمنی تورک و عەرەب ساز ناکا، بەڵام گومان و دوودڵی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی بەرهەم دەهێنێ، ناسنامەی کوردی لەگەڵ ناسنامەی ئێرانی لێک دەئاڵێنێ و مەترسییەکی جەوهەری بۆ بوونی سەربەخۆی کورد لە جیهاندا ساز دەکا. هەر بۆیە ئەگەر ڕەقیبمان دەوڵەتی ئێران بوو دەنگ ئەوەندە دلێر نابێ کە پڕ بە قورگ هاوار بکەین «جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە/ بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە» چونکە کەمێک ئەولاتر مرۆڤی کۆلۆنیالیست دێت و جەژنە پیرۆزەی نەورزۆی ئێرانیت لێ دەکا.

## سەرچاوەکان


١. اسمعیل اردلان، «در آغوش پر مهر و محبت خود کردستان را هم جای دهید،» نامه هفتگی کوهستان ٥٣ (٢٩ آوریل ١٩٤٦) ١. سەرجەم ژمارەکانی نامە کوهستان لەم سەرچاوەی خوارەوەدا چاپ بووە:

نامه هفتگی کوهستان (شماره ١-٨٤)، به کوشش صدیق صالح و رفیق صالح (سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠١٠.

2. Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion (1880-1925) (Austin: University of Texas Press, 1989) conclusion chapter.

٣. محمدعلی فروغی، سیاستنامەی ذکاءالملک: مقالەها، نامەها، و سخنرانیهای سیاسی، به اهتمام ایرج افشار و هرمز همایونپور (تهران: کتاب روشن، ١٣٨٩) ١٢٢-٣٠.

٤. هەمان سەرچاوەم ١٢٩-١٣٠؛ (پێداگرییەکانی ناو دەقەکە هی منە نەک فروغی).

۵. ســارۆ ئــەردەڵان، «کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمــی نێوخۆییە»، گۆڤاری تیشک ۵۱ (بەهاری ۲۰۱۹): ۳۶-۴۵.
۶. کەمال ســولەیمانی و ئەحمەد محەمەدپور لــە وتارێکی گرنگدا باس لە شــێوازەکانی کپکردن و سڕینەوەی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ئێران دەکەن:
Kamal Soleimani and Ahmad Mohammadpour, “Can non-Persians speak? The sovereign’s narration of “Iranian identity”,” Ethnicities (June 11, 2019), Online access with https://doi.org/10.1177/1468796819853059
7. MostafaVaziri, Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity (New York: Paragon House, 1993) 1-11.
8. T. J. Jackson Lears, “The Concept of Cultural Hegemony: Problems and Possibilities,” The American Historical Review 90 (1985: 3).
ئەم چەمکە بەپێی شــێوزی ڕوانینی گرامشی بۆ هیژمونی و کولتوور ســاز کراوە و لە ڕاســتیدا ئەو لــە جیاتی نەتەوە بــاس لە چینی فەرمانڕەوا دەکا.
۹. رضا ضیاء ابراهیمی،پیدایش ناسیونالیســم ایرانی: نژاد و سیاست بی‌جاســازی، ترجمه حسن افشار (تهران: نشر مرکز، ۱۳۹۶)، ۲۶۰-۲۷۳.
10. Welat Zeydanlıoğlu, “Turkey’s Kurdish language policy,” International Journal of the Sociology of Language 217 (2012),
11. Achille Mbembe, On the Postcolony (Berkeley and Los Angeles: University of California Press), 128-133.
12. Mikhail Bakhtin, Problems of Dostoevsky’s Poetics, ed. And trans. Caryl Emerson (Minneapolis: University of Minnesota, 1999), 107-8.
13. Achille Mbembe, On the Postcolony, 133.
14. Michel Foucault, “Prison talk,” in Power/Knowledge, ed. C. Gordon (Brighton: Harvester, 1980), 52.
15. Johan Galtung, “After Camelot,” The Rise and Fall of Project Camelot: Studies in the Relationship between Social Science and Practical Politics, ed. Irving Louis Horowitz (Cambridge, Mass.: MIT Press, 1967), 296.
۱۶. اســدالله علــم، یادداشــتهای علم، ویرایــش و مقدمه علینقی عالیخانی (تهران: انتشارارت مازیار، ۱۳۸۳)، ۱۱۵-۱۱۶.
۱۷. بهــروز جعفــر، «فرصتهــا و تهدیدها در روابط ایــران و اقلیم کردســتان عــراق،» مصاحبه بــا خبرگزاری کردپــرس (۲۱ مرداد ۱۳۹۸)، دسترســی ۵ ســپتامبر ۲۰۱۹ با لینــک http://www.kurdpress.com/details.aspx?id=91153
18. Ali Hamdi Alkhshali and Muwafaq Mohammed, “Attack on Iranian Kurdish opposition headquarters in Iraq,” CNN World (September 8, 2018) access at September 10 2019 with: https://edition.cnn.com/2018/09/08/middleeast/iraq-attack/index.html
19. Stefan Arvidsson, Aryan Idols: Indo-European Mythology as Ideology and Science, tr. Sonia Wichmann (Chicago: The University of Chicago Press, 2006) The American Historical Review
۲۰. رضا ضیاء ابراهیمی،پیدایش ناسیونالیسم ایران، ۲۱۹.
21. Reza Zia-Ebrahimi, “Self-Orientalization and Dislocation: The Uses and Abuses of the “Aryan” Discourse in Iran,” Iranian Studies 44 (2011: 4), 445-472.
۲۲. رضا ضیاء ابراهیمی،پیدایش ناسیونالیسم ایران، ۲۲۷.
23. Mostafa Vaziri, Iran as Imagined Nation, 169-202.
24. Ibid., 207-212.
۲۵. رضا ضیاء ابراهیمی،پیدایش ناسیونالیسم ایران، ۲۳۰.
۲۶. بۆ زانیاریی زیاتر لەســەر جڤاتا هێڤــی و هەروەها بڵاوکراوەی ڕۆژی نوێ بڕوانە:
مالمیسانژ، جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان (۱۹۱۲-۱۹۲۲)، وەرگێڕان زریان ڕۆژهەڵاتی (سلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۰۸)، ۱۹۹-۲۱۴.
۲۷. عەبدوڵــڵا زەنگەنە، «پێشــەکی،» کــۆی ژمارەکانی ڕۆژی کورد (سلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۰۵)، ۸۶.
۲۸. کوردی [عەبدولکەریم ســلێمانی]، «ئەســڵ و نەسەبی کورد،» ڕۆژی کــورد ۴ (گۆڤاری جڤاتی «هێڤی»ی قوتابیانی کورد، ۱۹۱۳)، ۱۸.
هەر چوار ژمارەی ئەم گۆڤارە لە دوو توێی کتێبدا چاپ بوون، بڕوانە: ڕۆژی کورد، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: عەبدوڵڵا زەنگەنە (ســلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۰۵).
۲۹. م. ح [سەید محەمەد حەمیدی]، «نویسندگان فارسی بخوانند،» هاواری کورد ۱ (۱۹۴۵)، ۱۸-۲۳.
ئەم ڕۆژنامەیە لە پاشکۆی ڕۆژنامەی نیشتماندا و لە دووی کتێبێکدا لە لایەن بنکەی ژینەوە چاپ بووە، بڕوانن:
نیشــتمان (بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵــەی ژ. ک)، ئامادەکار: عەلی کەریمی (ســلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۰۸). ئەم وتارە لە لاپەڕەکانی ۳۷۷-۳۸۲ چاپ بووە.
۳۰. ســدیق ساڵح، «پێشــەکی،» ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردن: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح (سلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۰۷)، ۳۳.
۳۱. دڵشاد ڕەســووڵی، «تحریکاتی ئەو خائنانەی کە دەیانەوی ایران محوبیتەوە،» ڕۆژنامەی کوردستان ۵۰ (۶ جۆزەردان ۱۳۲۵)، ۱ و ۴.
ســەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە دووتوێی کتێبێکدا لە لایەن بنکەی ژینەوە چاپ بووە، بڕوانە:
ڕۆژنامەی کوردســتان، ئامادەکردن: ڕەفیق ســاڵح و ســدیق ساڵح (سلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۰۷) ۲۰۳ و ۲۰۶.
۳۲. غلامرضارشیدیاســمی، کرد و پیوســتگی نــژادی و تاریخی او (تهران: مجمع ناشر کتاب، ۱۳۱۶)، ۷.
۳۳. احســان نوردی، تاریخ ریشه نژادی کرد (تهران: چاپخانه سپهر، ۱۳۳۳)، ۲-۳.
وەرگێڕانە کوردییەکەم لە حەمە کەریم حارف دەقاودەق وەرگرتووە،

بروانە:
ئیحسان نوری پاشـا، مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، وەرگێرانی حەمە کەریم عارف (سلێمانی: چاپەمنی سایە، ٢٠٠٨)، ٢٩-٣٠.

٣٤. عبدالله اوجالان، مانیفیست تمدن دموکراتیک: مسائل گذار از مدرنیتەی کاپیتالیستی و روند دموکراسی، برگردان: آ. کاردوخ (مرکز نشر آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان، ٢٠١٠) ٥٠.

٣٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٢-٥٣.

٣٦. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کورد و کوردستان، وەرگێرانی عەبدوڵلا حەسەنزادە (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٧-٣٨.

٣٧. بۆ ئاشنابوون لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ناوچەی زاگرۆس و گرنگییەکەی لە سازکردنی ناسنامەی سەربەخۆ بۆ کورد بروانە:
شاهۆ زەنگەنە، «تیۆریی زاگرۆس: چۆن بیر لە کوردستانی فەرهەنگی دەکەینەوە؟،» گۆڤاری تیشک ٥١ (بەهاری ٢٠١٩)، ١٠-٢١.

٣٨. پێنج ساڵ پێش ئیستا، کەناڵی بی‌بی‌سی چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ قاسملوو بە شێوەیەکی پچڕاو بڵاو کردەوە کە تیایدا پرسیارەکان و بەردەنگەکان دیار نین. بە وتەی عێنایەت فانی، دەرهێنەری بەرنامەکە چاوپێکەوتنەکە بۆ کەناڵێکی بریتانیایی بووە و شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بەردەنگی قاسملوو بینەرانی بریتانیایی بن. هەر بەم مەبەستەش قاسملوو وەک سکرتێری حدکا پێداگری لەسەر بۆچوونە حیزبییەکان و هەروەها درووشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، کە لەو کاتەدا بریتییە بووە لە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، دەکا. بروانە:
بە عبارت دیگر: گفتگوی پخش نشدە با عبدالرحمن قاسملو، تهیەکنندە عنایت فانی، پخش شدە در ٢٠١٤/٠٧/١٥ (دسترسی بە کانال یوتوب بی‌بی‌سی در ٢٠١٩/٠٩/١٥) از طریق لینک: htt-ps://youtu.be/SGsfvkcMn8U

٣٩. محمد قاضی، «مقدمە،» کرد و کردستان، واسیلی نیکیتین، ترجمە محمد قاضی (تهران: انتشارات نیلوفر، ١٣٦٧)، ١٣-١٤.

٤٠. ابراهیم یونسی، «مقدمە،» تاریخ معاصر کرد، دیوید مکداول، ترجمە ابراهیم یونسی (تهران: نشر پانیذ، ١٣٨٣)، ٢٤-٢٥.

٤١. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ئەزموونە کە بە شێوازی ئەزموونی تۆفێل و ئایێلتس بەڕێوە دەچێ سەردانی سایتی ڕەسمی سازمان سنجش بکەن:
http://www.sanjesh.org/group.aspx?gid=15

٤٢. نامەکە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان، بەڕێوەبەرایەتی زانستی بۆ هەموو زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان نێردراوە. ژمارەی نامە: ١١٧٦٣ و ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/١٨ لەسەر نامەکە نووسراوە. دەقی نامەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:
ب/ بروانامەی توانستی زمانی فارسی
ڕێز و سڵاو...
سەبارەت بە ڕەزامەندی لە سەر بەکارهێنانی بروانامەی توانستی زمانی فارسی بۆ هەڵگرانی بروانامەی ماستەر و دکتۆرای زمانی کوردی بۆ بە دەستهێنانی نازناوی زانستی، تەنها تاقیکردنەوەی ستانداردی (سامفا SAMFA) پەسەند دەکرێت، هەر تاقیکردنەوەیەکی تر ئەنجام بدرێت لە لایەن وەزارەتەوە باوەڕپێکراو نابێت، و بۆ زانینی بەڕێزتان سەبارەت بەو بەڕێزانەی کە پێش ئەو گشتاندنە تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە و بروانامەکەیان لە لایەن زانکۆیەکی باوەڕپێکراوی ئێرانی سەرپەرشتی کراوە ئەوا دەشێت بۆ مەبەستی وەرگرتنی نازناوی زانستی بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
لەگەڵ ڕێزدا...
م. فوئاد علی سمایل
ی. بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان

43. Richard N. Frye, Greater Iran: A 20th-Century Odyssey (Costa Mesa, California: Mazda Publishers, Inc., 2005), xi.

٤٤. ئەم ئینسێکلۆپیدیایە بەشێکی زۆر لە کولتوور و ناسنامەی کوردی وەک بەشێک لە ئێران لە قەڵەم داوە و چونکە لە ئاستی ئاکادێمیکدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە توانیوەتی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر توێژەرانی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی دابنێت، بروانە:
http://www.iranicaonline.org/

45. Xavier de Planhol, “Iran i. Lands of Iran,” Encyclopædia Iranica, XIII/2, pp. 204-212, available online at http://www.iranicaonline.org/articles/iran-i-lands-of-iran (accessed on 1 September 2019).

46. Patrick Clawson and Michael Rubin, Eternal Iran: Continuity and Chaos (New York: Palgrave MacMillan, 2005), 159.

٤٧. سیدجواد طباطبایی، ابن خلدون و علوم اجتماعی (تهران: نشر ثالث، ١٣٩١)، ١٤١.

48. Hamid Dabashi, Iran Without Bordrs: Towards Critique of the Postcolonial Nation (New York: Verso, 2016) in passim, spaciously see Introduction.

49. Marshall Hodgson, The Venture of Islam: The Expansion of Islam in the Middle Periods (Chicago: The University of Chicago Press), 293-4.


50. Ehsan Yarshater, “Persian identity in historical perspective, Iranian Studies 26 (1993: 1-2), 141-142.

51. Brian Spooner, “Epilogue: The Persianate Millennium,” The Persianate World: The Frontiers of a Eurasian Lingua Franca, ed. Nile Green (Oakland, California: University of California Press, 2019),

٥٢. وەک نموونە بەشی موسیقای زانکۆی کوردستان (سنە) لە ساڵی ٢٠١٦ و لە ژێر ناوی «ژەنینی سازی ئێرانی» دامەزراوە و خوێندکار لە قۆناغی لیسانسدا وەردەگرێ کە فێری ڕەدیف و دەزگای ئێرانییان بکا. لەسەر ماڵپەڕی فەرمی ئەم بەشە هاتووە کە «ئامانجی ئەم بەشە فێرکاری و پەرەپێدانی موسیقای ئێرانی و پشتیوانی لەو توێژینەوانەیە کە سەبارەت بە موسیقای ناوچەکەن... بواری ژەنینی سازی ئێرانی یەکێک لە قۆناغەکانی لیسانسی خوێندنی باڵایە کە دەیەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە موسیقای ڕەسەن و نەریتیی ئێران ژەنیار پەروەردە بکا.» بۆ زانیاری زیاتر بروانە:
https://uok.ac.ir/fa/faculties/arts-and-architecture/departments/music.aspx

# زمان و دەسەڵات

مەسعود بابایی



**ئاماژە**

پێوەندیی ستەمکارانەی زمانی فارسی و دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی، هیچ پێوەندییەکی بە سروشتی زمانی فارسییەوە نیە، بەڵام سازوکارێکی نەتەوەسازیی ستەمکارانە و پەستاوتنی چەندین نەتەوە لە جوگرافیایەکدا و پەراوێزخستنی زمانیان لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە، وەها بەڵایەکی بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا هێناوە! بەڵام «مەودادانان» و «هەڵاواردن» وەک سروشتی لێکدانەبڕاوی زمان، هەمیشە ڕووی لە دابڕاندنی جوگرافیا و شوناسبەخشین بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکانە و هیچکات ناتوانین لە سروشتی بێ هەڵپەی زمان بدوێین.

*کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ڕمووزی دەردی دڵ*
*ڕووڕەشیی هەروەک دەوات و دووزوبانیی وەک قەڵەم*
*«نالی»*

*«هەتــا ڕێزمــان هەیــە، لە*
*دەست خوا ڕزگارمان نابێت»*
*نیچە*

*«زمــان دەســەڵاتە»*
*هابێرماس*

*«زمــان فاشیســتە!»*
*پۆل ڕیکۆر*

## بەرایی

هەرکام لەو ڕســتە و دەربڕینانەی ســەرەوە دیو و ڕوخســارێکی زمانمــان بۆ دەردەخەن کە تێکڕایان دەکرێ لە بەستێنی دیاریکراوی خۆیاندا ڕاست و دروست و بەجێ بن. پێوەندیی نێوان «زمان» و «دەســەڵات» کە ئێمە لە دوو وشــەی ســادەی نێو فەرهەنگ و وشــەنامە دەریان دەهاوێژین و لە جووت کەوانەدا لێیان دەدوێین، پێوەندییەکــی دیالکتیکیی قووڵە. یەکەمین پرۆســەی زاڵبوون بەسەر جیهانی سروشــتدا، پرۆســەی «ناولێنان»ە. «ناولێنان» مافێکــە کە مرۆڤ لە ڕەوتــی بەرهەمهێنانی «ناســین»دا بــە خــۆی بەخشــیوە؛ واتــە دەرهێنانــی جیهان لە «ســیاچاڵی بێمانایی» و واتادارکردنی ژینگەیــەک کە تێیدا دەژین و دەستنیشــانکردنی «قەڵەمــڕەوی ژیان» لە ڕێگەی نیشــانەدارکردنەوە، یەکەمین قۆناخی شوناسبەخشــین بە ڕووبەرێک لە سروشــت و زەوییــە کــە جۆرێک لە مــرۆڤ لە ڕەوتی فراژووبوون(تکامــل، ئیڤلوشــن)یدا بەرهەمی هێنــاوە. پێوەندییەکانی نێــوان «فەرماندان» و «فەرمانوەرگرتــن» لە ڕێگــەی ئاماژەکانی زمانەوە باڵادەســتی(ئوتۆریتی) و دەســەڵات لە نیشانەناســییەکی هێزتەوەرانــەدا پۆلێن دەکەن. ڕێوشــوێنەکانی «ڕێزلێنــان» کە لە جووڵەکانی دەست و سەر و ئەندامانی لەشدا ڕەنگ دەدەنەوە، ڕەنگدانەوەی زنجیرەپلەیەکی هەرەمی(هیرارشــی)ن. هــەر بــۆ نموونە، دەســتەواژەی «ڕیش سپی» و «دەمڕاست»ی خێڵ و هــۆز، پێوەندییی بە «زانین»ەوە هەیە کە ئێمەی کورد لە وشەی «ئەزموون»دا دەری دەبڕین و ئەزموونیش بەرکەوتی ئێمە لەتەک مرۆڤ و دەوربــەرە. «ئەزموون»، کەڵەکەبوونی «زانیــن»ە کــە بەشــێوەیەک لە شــێوەکان دەتوانیــن هــەردووک مانای «قاڵبــوون» و «خاراوی»ی تێدا هەڵبهێنجێن و لەم سۆنگەوە گوتەکــەی فۆکــۆ واتە«زانین دەســەڵاتە!» ماناکەی بە زوڵاڵــی دەردەکەوێت. هەر بۆیە «ڕیش سپی» لە زنجیرەپلەی «فەرماندەری»دا، «فەرمانبەری»مان لێ دەخوازێ و ئێمەش لەبەر ئەوەی کە باڵادەســتی هاوپێناوی دەسەڵاتە، ڕێز لە «ڕیش سپی» دەگرین. لەم سەردەمەی ئێمەدا «ڕیش سپی» هەســتی «ڕێزلێنان» لە لای ئێمــە دەوروژێنێ و ڕەنگــە بتوانم بڵێم مانا و ئاماژەکانی دیکەی ئەم دەستەواژەیە لە خودئاگای ئێمەدا کەوتوون. مەبەستم ئەوەیە کە ئێستە وا بیر دەکەینەوە کە «تەمەن» ڕۆڵی ســەرەکی لەم «ڕێزلێنان»ەدا دەگێڕێت؛ بەڵام بــە بۆچوونی بەندە «ناخودئــاگا»، ئێمە ناچار دەکات بەگوێرەی دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێکی مێژوویــی ئەم ڕێزە بنوێنیــن، بەڵام یادگەی وێنەیی(حافظە تصویری)ی ئێمە ماناکێشەکێ (تداعی معانی)ی «ڕیشــی سپی / تەمەن» لە زەینمانــدا زیندوو دەکاتــەوە و لەبەر ئەوەی ماناکانی دیکە لە «ناخودئاگا»ی ئێمەدا کەڵەکە کراون، ئێمە لە پاڵنەرە ڕەفتارییەکانمان بەئاگا نین کە لە زەین و زماندا پەیکەیان داوە!

«ڕەخنــەی نیچەیی» تا ڕادەیەک هەوێنی ڕەخنەی پۆســت مودێرنیســتییە کە بەوەوە بونیــادی ڕەخنەی مێتافیزیکــی دەخاتە ژێر پرســیارەوە. ئەگەر خولیای مودێرنیتە هەمان «مێتافیزیکــی ئارایی»(متافیزیک حضور) ی

دێریدا بێت، ئێمە درێژەی ڕەخنەی نیچە دەبینین کە دواتر لەسەردەستی فۆکۆ بە چەمکی «تکنیکەکانی ڕاڤە» دەگات. تکنیکی ڕاڤەی زمانی لە ڕێگەی ئاماژەگەریی زمانییەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە کۆشکی قەناعەتەکۆنەکان برمێت و لە سەر کاولاشی هەزاران ساڵەی هەقیقەت بینای ڕێژەگەرایی ڕۆ بنرێت.

زمان بەگوێرەی لۆژیکی دیاردەیی کار دەکات و هەر دیاردەیەک لە سرووشتدا هەبێ لە زمانیشدا گوتەزایەکی بۆ درووست دەکرێ. سرووشت لە دۆخی ناخودئاگایی و هاوسەنگیی فیزیکیدا دەردەکەوێ. بەگوێرەی لۆژیکی دیاردەیی و پێوەندیی دیداری هەرچییەک لە جوگرافیای سرووشتی و مرۆیی ئێمەدایە لەڕێگەی چاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ مێشکی ئێمە و ئێمە لێکدانەوەی وێنە لە مێشکماندا دەکەین بە وێنا، وێناکان دواتر بە فەرمانی ئاماژەی وێنایی دەبن بە ئاماژەی زمانی و بەم چەشنە مرۆڤ، جیهان لە سیاچاڵی بێ واتایی دەهێنێتە دەرەوە و لەڕێگەی پرۆسەی ناولێنانەوە بەسەر جیهاندا زاڵا دەبێت.

مرۆڤ جوانیی گوڵ دەدۆزێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچ گوڵێک هیچ خودئاگاییەکی لەهەمبەر جوانیی خۆی نیە. سیستمی وێناداریی زمانی لە دۆخێکی ستوونیدایە. دۆخی ستوونیی زمان دۆخێکی سیستمسازە، چونکە نۆژەنکەرەوەی جیهانی دەرەکییە لە گوتەزا زمانییەکاندا و هەمدیس ڕەنیوهێنان (بازتولید) ی جیهانە نەک بەو چەشنەی کە هەیە بەڵکو بەو چەشنەی کە مرۆڤ خۆی دەیهەوێ. ئەمەش دەتوانین بە توانای شوناسبەخشین ناودێری بکەین.

> پێوەندیی ستەمکارانەی زمانی فارسی و دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی، هیچ پێوەندییەکی بە سروشتی زمانی فارسییەوە نیە، بەڵام سازوکارێکی نەتەوەسازیی ستەمکارانە و پەستاوتنی چەندین نەتەوە لە جوگرافیایەکدا

لەم سۆنگەوەیە کە هابێرماس دەڵێ :«زمان دەسەڵاتە».

## زمان و دەسەڵات

مەبەستمان لە دەسەڵات تەنیا دەسەڵاتی سیاسی نیە، بەڵکو هێزی پەنگراو (بالقوە) ی زمانە کە تێکڕای کۆد و نیشانەدانانی بۆرۆکراسیی سیاسی ـــ کۆمەڵایەتی دەرەخسێنێ. لێرەدا دەمهەوێ بە دوو وشەی « سام و شکۆ» پێوەندیی زمان و دەسەڵات ڕوون بکەمەوە. مەبەست لە شکۆ هەمان زنجیرەپلە (هیرارشی ) یە و مەبەستمان لە سام (هەژموون) ە. هەڵبەت پێویستە وشەکانی ترسناکی و سامناکی لێکهاوێر بکەین. سام پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ (هیبت) هەیە ـــ ڕەنگە هاوواتاش بێت ـــ و لە ئەنجامی شکۆدارییەوە دەرەخسێ. ئەگەر دیمەنێکی هونەری و بەرهەمێکی گەورەی تراژیکی وەک «هاملێت» ی شکسپیر لەبەرچاو بگرین، هێزی چارەنووس و شکۆی کەسایەتیی هاملێت توانای کارتێکەریی زۆری هەیە و وامان لێدەکات پەسنی هاملێت بکەین. ئەگەر ئەمە باڵادەستی (ئۆتۆریتی) پاڵەوانێکی چیرۆک بێت، لە دۆخی ڕاستەقینەدا دەبێ چۆن بێت؟!

لۆژیکی کارتێکەری، لۆژیکی هێزە. لۆژیکی هێز لە ئاستی سیاسیدا کاتێک سیستماتیک دەبێت و دۆخی هیرارشی بەخۆوە دەگرێ، ئیدی هێز نیە، بەڵکوو پێی دەگوترێ دەسەڵات. دەتوانین دوو وشەی سام و شکۆ لە دۆخی وشەییەوە بیانترازێنین و هەردووک زاراوەی «سامسازی» و «شکۆسازی»یان لێ ساز بکەین و بیانکەین بە زاراوەی شیکەرەوەی

ئەم باسەمان.

ئەگــەر بڕوامان بــە تیۆریـــی تاودانەوە (بازتاب/انعــكاس) هەبـــێ، دەبێ بڕواشـــمان بەوە هەبێ دۆخی دەربڕینی زمانی، نیشانەی دۆخـــی کارتێکەرییە لە واتای بەرینی خۆیدا. تەنانــەت پرۆســەی ناولێنانیش لــە ئاکامی کارتێکەریی سروشـــتی/ دەرەکییەوە ئەنجام دەدرێ. هێزی کارتێکەری، هێزی دەســەڵاتە و هێزی دەسەڵاتی مرۆیی لە ئاکامی بنەواشە و تەکووزداری (پرنسیپ و دیسپلین) دەگات بە زنجیرەپلــە. کاتێک دەگەین بە زنجیرەپلە لەوەلا ئۆرگانیزم و ئۆرگانیزاســیۆن دەســت پێدەکات.

دەسەڵات کۆتەڵ و پەیکەربەندییەکی لاڵ نیە. لە ڕێگەی زمانەوە «گوتەزاسازی» دەکات. هــەر گوتەزایەک لــە خولگــەی کۆمەڵێک چەمکـــدا دەخولێتـــەوە. زمان بە دارشـــتنی پلەکانی واتا و واتـــاداری، پلەکانی بەهادانان ڕێک دەخات. پەروەردەی ڕەوشتی، بەهاکان و بایەخەکان دادەنێ، بەڵام زمان پۆلێنبەندیی دەکات و سیســـتمی ڕەوشـــتی و پلەبەندیی واتا بە سیســـتمی بەهادانان (یان بایەخدانان) دەگات. هــەرکام لە گوتەزاکانی دەســەڵات بەگوێرەی پلەیـــان دادەڕێژرێن. هەرکام لەم گوتەزایانەی دەســـەڵات باری یاســـایی پەیدا دەکەن و ئــەم بارە یاســاییانە دوو ئەرکیان لەسەرشانە: «سامسازی» و «شکۆسازی».

وشــەکان، دەســـتەواژەکان، زاراوەکان ئامرازەکانـــی سامســـازی و شکۆســـازین. پێوەندیـــی زمان و دەســـەڵات پێوەندیی هێز و دەربڕینـــە. هێز و دەربڕین دەبێ بەگوێرەی زنجیرەپلـــەکان و بەشـــێوەیەکی شـــاقووڵی زنجیرەپلەی بایەخەکان بەیاریدەی پلەبەندیی واتایی بڕەخسێنن تا یاسا لە دایک ببێ. ئەوەی دەمێنێتەوە شـــتێکە بەناوی هاوگوێرەسازی (معادل سازی).

هەموو سیستمێک بەگوێرەی هاوسەنگی کار دەکات. سیســـتمەکانیش خاوەنـــی نیشـــانەپەرژان (sémiosis)ن. ئەم نیشـــانانە بە کۆدی زمانی پاچڤـــە دەکرێن و هەرکام لەم کۆدانە هاوســـەنگیی ئۆرگانیک درووست دەکـــەن کـــە هەموویـــان بـــە زاراوەکانیان دەناســـرێنەوە. ناسین و ناسینەوەی کۆدەکان ئاگایـــی بـــە سیســـتم درووســـت دەکەن و ئاگایی دەتوانێ هەوێنی ئافراندنی بنەواشـــە و تەکووزداری بێت؛ ئەمەش لە ئاکامی ســـام و شکۆوە دەروەستبوون لەلای ئەندامانی سیستم چێ دەکات. دەزانین سیســـتم نابێ دژبەر و پێکناکۆک (پارادۆکســـیکاڵ) بێـــت، بەڵکوو دەبـــێ تەبایی لەنێوان ئەندامانیدا درووســـت بکات تا بە ئۆتۆریتی بگات. «هاوگوێرەسازی» درووســـتکردنی گوتـــەزای هاوگوێرەیە کە لە دۆخی گونجان و گونجاندندان نەک دژبەری و ناکۆکی. ئەم هاوگوێرەسازییە لە بواری زمانیدا پێی دەگوترێ «هاوواتاســـازی» کە بەشێک لە هاوگوێرەسازییە.

«هاوگوێرەســـازی» پۆلێنبەندیی گوتەزایی و واتاییە کە دەســـەڵات پەنـــەوازی ئەمەیە. وای بۆ دەچم گوتـــەزای پۆلێنبەندیی دانایی (ئێپیســـتمە) ی فۆکـــۆ، دەبێ بـــە قۆناخی هاوگوێرەسازیدا تێپەڕ ببێ.

## ئایا گرێدانەوەی دەســـەڵات بـــە زانین، دەکـــرێ گرێدانەوەی «دەســـەڵات» بە «هەقیقەت» بێت؟

نیچـــە، پێوەندییەکی قـــووڵ لەنێوان زمان و «هەقیقەتســـازی»دا دەبینێ کـــە ئەوەش لە ڕێگەی «میتافۆر»ەوە ڕایەڵ دەبێت.

ئەمـــە کە «هەقیقـــەت» دەدۆزرێتەوە یان بەرهـــەم دەهێنرێت، ئێجـــگار گرنگە؛ بەڵام لەوەش گرنگتـــر کاراییە، کـــە هەقیقەت لە شیرازەی»دەســـەڵات»دا هەیەتـــی. ئایا زمان پێنـــاوی «هەقیقـــەت» و «دەســـەڵات» نیە؟ «هەقیقەت» وەک کچێکی شۆخ و «دەسەڵات» وەک هەڵپـــەی گلگامێش! بـــەڵام ئەم وێنە ئەدەبی ـ فەلسەفییە بە بێ نێوەندگیریی زمان

ڕوون نابێتەوە.

بەرهەمهێنانـــی «زانیـــن» و «ناســـین» لە ڕەوتـــی مێـــژوودا لـــە یادەوەریـــی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانـــدا بووەتە مایـــەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیەکی ڕەمزی و ڕۆحی کە پشتاوپشت لـــە فەرهەنگدا ڕەنگـــی داوەتـــەوە و جۆری ڕەفتـــاری کەســـی و کۆمەڵایەتیـــی ئێمـــە بەرەنجامـــی ئـــەو کەڵەکەبوونەیـــە کە ڕەنگە گەلێ جـــار ســـەرچاوەی ڕەفتارەکەشـــمان نەزانین و ئاســـاییە لە ســـەروبەندی نواندنی کـــرداردا ئێمە لـــە ڕیشـــەی ڕەفتارەکەمان تێنەگەین. تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی زمانی و شێوەکانی کاردانەوەی زمانی کە پێوەندیی بە ڕەفتارناسیی زمانییەوە هەیە، وا دەخوازێ ڕەگە قووڵەکانی ئایین و ئوستوورە و ئەفسانە و شێوەژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە زمانییەکان بناســـین. کەسانێک کە دەیانهەوێت مرۆڤ لە چوارچێوەی چەشنێکی گیانەوەریدا بناسێنن، ڕەفتارە هاوبەشـــەکان و وارســـکە و ئاوەزی مرۆیی و هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵناســـانە و دەروونناســـانە وەک بنەمای پێناسە بەکار دەهێنن کە بەندە پێموایە پێناســـەی گشتگر و هەمەکیی مرۆڤ، تەنیا چەشنی گیانەوەریی مرۆڤ پێناسە دەکات و لەو ناکۆکییانە نادوێ کە هەر کام لە ئێمەمانان لە پێناســـەکردنی «مرۆڤبـــوون»دا هەمانە. بە بێ پێناســـەکردن و دانپیانـــان بـــە مـــرۆڤ وەک «گیانەوەری فەرهەنگـــی» پێناســـەی هەمەکیـــی مرۆڤ ناتوانێ ئەو ناکۆکییە قووڵانە بخاتە بەرچاو کە کۆمەڵگەی مرۆیی لە بەرانبەر یەکدیدا هەیانە.

«زمان» دەرخـــەری توخمگەلی جیاجیای فەرهەنگییـــە. توخمی جیاجیـــای فەرهەنگی کرۆکـــی پێناســـەی کۆمەڵگـــە مرۆییەکان لەمـــەڕ خۆیانە و ئێمە لەبەر چەندین توخمی جیـــاوازی فەرهەنگـــی، دەتوانیـــن چەندین چەشـــنی مرۆییی جیاواز دەستنیشان بکەین کـــە لـــە بـــاری زیندەناســـانەوە هەموویان مرۆڤـــن، بەڵام لـــە بـــاری «فەرهەنگی» یەوە هەنـــدە لێـــک دوورن کە وێنای چەشـــنی جیاوازی مرۆیـــی لە زەینمانـــدا دەوروژێنن. «زمـــان» وەک بارگـــەی «فەرهەنگ»، تێکرای پێوەندییـــە فەرهەنگییەکان لە سیســـتمێکی مەودادانان جـــێ دەکاتـــەوە و «مەودادانان» هەوێنی»هەڵاواردن»ە و بـــە بێ «هەڵاواردن» شوناس بیچم ناگرێت. بەرەنجامی»مەودادانان» بە «هەڵاواردن» دەگات.

گوتـــەی بەناوبانگـــی هابێرماس»زمـــان دەسەڵاتە» بە مانای ئەوەیە کە «زانین دەسەڵاتە» و بەرهەمهێنانـــەوەی زانیـــن دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی «هەقیقەت». «زمان» و»زانین» و «هەقیقەت»، وەک سێ گوتەزای جێی بایەخی «نیچـــە» و «فۆکۆ» هەموویـــان پێوەندییان بە ڕەخســـاندنی «وێژمان (دیسکۆرس)»ەوە هەیە و ئاشـــکرایە بانگەشـــەکردن بۆ «هەقیقەت» یـــان «خاوەندارێتیی «هەقیقـــەت» بە مانای وەدەستهێنانی «دەسەڵات»ە.

## کارایی و هەقیقەت

ئایـــا هـــەر لـــە بنەڕەتـــەوە ئێمە بـــە دوای «هەقیقەت» لەپێناو «هەقیقەت»دا دەگەڕێین؟ ئـــەم دەربڕینـــە وەک ئەوە وایە کـــە بڵێین: «دادپەروەری لەپێناو دادپەروەریدا». گرێدانی دادپەروەری بـــە هەقیقەتەوە، لە ســـۆنگەی «مـــاف» و «مافخوازی»یەوە مانـــادارە؛ بەدەر لەمـــە هیچ ســـوودێکی هـــزری و ماددیمان پێناگەیەنێـــت. مەبەســـتمان ئەوەیـــە کـــە پێداویستی و مەرجەکانی «ماف» و «مافخوازی» گرێدراوی «هەقیقەت» و «دادپەروەری»ن؛ هەر بۆیە لێرەدا ئێمە بـــۆ دابینکردنی مافەکانمان ئەمانـــە دەخوازین، لەبەرچـــی؟ لەبەر ئەوەی «کارایی»یان هەیە.

ڕەنگە کەسانێک ئەمە بە «سوودباوەڕی» و «پراگماتیزم» لێک بدەنەوە کە خودی چەمکی «هەقیقەت» وەک «شـــتێک کە دەبێ هەبێت» نەک «شـــتێک کە هەیە» چەواشـــە دەکات. بەرتەکدانـــەوەی ئـــەم بۆچوونـــە تارادەیەک

دژواره و دژوارییەکەش لەوەدایە کە ئێمە ناتوانین «کارایی» بکەین بە پێوەری هەقیقەت. هەڵبەت ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت، هەقیقەتێک هەیە کە گەوهەری تێکڕای هەقیقەتەکانە و ئێمە پێی ناگەین، ئیدی بەستنەوەی مانای «کارایی» بە «هەقیقەت» کێشەسازە. چونکە ئەو هەقیقەتەی کە دابڕاو لە «کارایی» بێت، بەدڵنیاییەوە لە «دەسەڵات»یش دابڕاوە؛ بەڵام بەدرێژاییی مێژووی مرۆییی ئێمە «هەقیقەت»یک شک نابەین کە لە «دەسەڵات»دا ڕەنگی نەدابێتەوە یان «دەسەڵات» نەیکردبێت بە دەستەچیلەی خۆی!

پێوەندیی نێوان «دەسەڵات» و «هەقیقەت» لەو میتافیزیکەدایە کە زمان لەمەڕ «هەقیقەت» دەیڕەخسێنێ. ئەگەر کەسێک «هەقیقەت»یک شک دەبات کە دەتوانین لە دەرەوەی زماندا، لێی بدوێین و لە چاومان بچەقێ، دەتوانێ لە بەرتەکدانەوەی ئەم بەڵگەهێنانەوەیەدا بیخاتە ڕوو! بەڵام ئەوەندەی کە لانیکەم لە بواری «وێژمانی دەسەڵات»دا بەندە ئاوەزم بەسەریدا دەشکێت،«هەقیقەت» و «کارایی» وەها پێکبەستراون کە هەردووکیان بۆ «هەقیقەتێکی جمک» وەرگۆڕدراون. ڕەنگە لە ڕاڤەی گوتەی «زمان دەسەڵاتە»، بتوانم بێژم کە دەسەڵات بریتییە لە هەقیقەت و کارایی کە زمان لە «مەیدانێکی وێژمانی»دا دروستی دەکات و ئنجا لە زەمینەی کەتوار(واقعیت)دا زەق و زەڵا دەبێتەوە.

**ئێستە با پرسیارێک بهێنینە ئاراوە: ئاخۆ کارایی چ نەخشێک لە بەرهەمهێنانی هەقیقەتدا دەنەخشێنێ؟**

ئێمە بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە بابەتی «جیهانبینی» بێنینە گۆڕێ. مرۆڤ، لە ڕامان لە سروشت و دەوروبەری خۆی و بەراوردی«زەین» و «کەتوار»، بڕوا بە هەندێ بیرۆکەی تاقینەکراوە دەهێنێ و بە پێشداوەرییەکانی خۆی زنجیرەیەک پرسیار و وڵام لە لای خۆی گەڵاڵە دەکات و بەم چەشنە زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتووی زەینکرد ـ نەک زانستی ـ لەبارەی جیهانەوە بەو چەشنەی کە تێی دەگات، لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی پێکەوە گرێ دەدات و بە پێشبینیکردنی وڵامەکان پرسیارگەلی تێهەڵکێشکراو دادەڕێژێ و بەپێچەوانەشەوە بە گوێرەی وڵامە تێهەڵکێشکراوەکان پرسیارگەلی هاوپەیوەست و هاوبەستێن دادەڕێژێ و بە درێژەدان بەم ڕێسراوە دوورودرێژە، جیهان و دەوربەر و بەرهەست(عین) و دەرهەست(ذهن) بە یارمەتیی دیالکتیک پێناسە دەکات. ئەم کارەش دەبێ وەها سەر بگرێت کە پێشوەختە کەلێنەکانی بەڵگەهێنانەوە بە پێشبینیکردنی ڕەخنەی نەیاران پڕ بکرێنەوە تا سیستمێکی تۆکمەی ئیپیستمۆلۆژیک بێتە کایەوە و ئەمەش بە دەزگایەکی چەمکیی تۆکمە پۆشتە و پەرداخ دەکرێت کە بە یاریدەی زمان لە دایک دەبێت؛ واتە تا ئەو کاتەی تێکڕای دەزگای چەمکیی جیهانبینییەک لە زماندا نیشانەڕێژ و ڕەمزپەڕژاو نەکرێت، مەحاڵە جیهانبینییەک بۆ ئێمە شی و شرۆڤە بکرێت. دەرکەوتنی تۆکمەییی جیهانبینییەک کە بۆ هەموو پرسیارێک وڵامێکی ئامادەی هەیە، «هێزی مەعریفی» وەدەست دەهێنێ کە لە ڕێگەی زمانەوە فرچکی گرتووە و فراژوو(متکامل) بووە و بە دەمکوتکردن و بێدەنگکردن و مەرگی پرسیاری ئەوانی دیکە دەسەڵاتی وەدەست هێناوە و هەربۆیە گوتەی«زمان دەسەڵات»ە.

> **پێوەندیی زمان و دەسەڵات پێوەندیی هێز و دەربڕینە. هێز و دەربڕین دەبێ بەگوێرەی زنجیرەپلەکان و بەشێوەیەکی شاقووڵی زنجیرەپلەی بایەخەکان بەیاریدەی پلەبەندیی واتایی بڕەخسێنن تا یاسا لە دایک ببێ. ئەوەی دەمێنێتەوە شتێکە بەناوی هاوگوێرەسازی**

بەم شێوەیەش ڕاڤە و مانا دەکرێتەوە. «مەرگی پرسـیار» بە واتای بڕواهێنان بە جیهانبینی و ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکـراو نیە؛ بەڵکو ئەمە بە مانای ئەوە دێت کـە وێژمانی جیهانبینی و ئایدیۆلۆژییەکـی دیاریکـراو لە بەرەنجامی فراژووبوون(تکامل)یـدا چەندیـن قۆناخـی بەگوێرەی پەیڕەویکردن لە دیالکتیکێک بڕیوە و ماوەیەکی دوورودرێژ خەریکی دارشتنەوەی خۆی بووە تا بە سیستمێکی چەمکی گەیشتووە کە ئەو سیسـتمە چەمکییە لە وێژمانەکەیدا هەندە سفتوسۆ دراوە تا توانیویەتی یۆتۆپیای خۆی بەسـەرماندا بسـەپێنێت. ئەو زمانەی کـە بتوانێ وەها سیسـتمێکی چەمکیـی تۆکمە نیشـانەدار و ڕەمزپەڕژاو بکات، چەشنی زمانی سەردەست، زمانە بندەستەکانی خۆی دەخاتە دۆخی پرۆسـەی وەرگێڕانێکـی پرووکێنەر و بەم شـێوەیە وێژمانـی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە زمانی بندەستدا دەچێنێ و ئەمە وا لـە زمانی بندەسـت دەکات وەک بێچـووی دەسـتەمۆ و شیرەخۆرەی زمانی سەردەست خـۆی بنوێنێ کە ئەم دیاردەیە لە زمانی گەلانـی دواکەوتوو و بندەستدا بەزەقی وەبەرچاو دەکەوێت!

بەکورتـی بەگوێـرەی ڕوانگەیـەک کە خرایە ڕوو» زمان دەسـەڵاتە»، چونکە «زانین دەسـەڵاتە» و هەقیقەتیش خوانێکی ڕازاوە ـ ئەگەر نەڵێین چەک ـ یە کە بەئاسانی دەتوانێ «ملکەچیی خۆبەخشـانەی ئـەوی دیکە» بە دوای خۆیـدا بهێنێت. «هێـزی هەقیقەت» بە وێناکـردن و خسـتنەڕووی کۆتاییەک و ئاکامێکی لێدەربازنەبوو بۆ جووڵەی تیلۆلۆژیی مێژوو، ئێمە بە شـەپۆلی خۆی دەسـپێرێت. لەم ڕووەوە «دەسەڵات» بە بێ وەگەڕخستنی «هێزی هەقیقەت» دەرۆسـتی ملکەچکردنی کۆمەڵگە نایەت!

«زمـان»، خاوەنی هێزی «داپۆشـین» و «ئاشـکراکردن»ە؛ واتادارکردن و هەڵبژاردنی مانا دڵخوازەکان و شاردنەوە و داپۆشینی ئەو مانایانـەی کە ئێمە نامانهەوێ لە پرۆسـەی دروسـتکردنی هەقیقەتدا نیشـان بدرێن، لە ڕێگەی زمانەوە ڕایـی دەکرێت. «هەقیقەت» ڕوخسـارێکە لـە تاریکیـدا کـە ڕووی لە ڕووناکییە؛ هەر بۆیە ئێمە بەئاسـانی بە دوای ڕووناکییەکـی نێو تاریکـی دەکەوین و لەوە خافڵ دەبین گەلێ مانای لەقاودەر لە تاریکیدا شـاردراونەتەوە. زمان، ئەرکی شـاردنەوەی ئەو مانا لەقاودەرانە لە ئەسـتۆ دەگرێت و بە بێ شـاردنەوە ـ نەک ئاشـکراکردن ـ هەقیقەت لە دایک نابێت!

> بەرهەمهێنانی «زانین» و «ناسین» لە ڕەوتی مێژوودا لە یادەوەریی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا بووەتە مایەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیەکی ڕەمزی و ڕۆحی کە پشتاوپشت لە فەرهەنگدا ڕەنگی داوەتەوە و جۆری ڕەفتاری کەسی و کۆمەڵایەتیی ئێمە بەرەنجامی ئەو کەڵەکەبوونەیە

هەقیقەتـی بـێ هێـز، نە سەرنجڕاکێشە و نە شوێنکەوتەی هەیـە! لـە بەرەنجامـدا هیچ هەقیقەتێک بـەدەر لە کارایی نیـە؛ زمـان بە پێناسـەکردن و شـەنوکەو و ڕاڤە و شـرۆڤە ـ بـە لەبەرچاوگرتنـی نیازی زاڵێتیخوازیـی ئێمەی مرۆڤ ـ هەقیقەـت لە تانوپـۆی خۆیدا دەچنـێ و چنینـی هەقیقەت بەگوێـرەی هەڵپـەی زاڵێتیخـوازی، دەبێتە هەوێنی پێناسەدارکردنی زنجیرەپلەیەک کە ئێمە دەمانەوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیماندا وەک هەرەمێکی دەسـەڵات لە وێژماندا ڕەنگ بداتەوە.

وێژمـان، دوایین قۆناخـی فرچکگرتنی هەقیقـەت و دەسـەڵات»ە و لـە تیۆری و پراکتیسـدا ڕەنگ دەداتەوە و دیارە دەبێ لە ڕەوتێکـی دیالکتیکیدا مەیدانی کاریگەری و کارتێکەریی خۆی دروسـت بکات. هەر بۆیە کاتێک لە پێوەندیی نێوان زمان و دەسـەڵات دەدوێیـن، بـاس لـە «وێژمان»دەکەین کە

جۆرێک له هەقیقەت بەرهەم دەهێنێ کە بەرەنجامی نیشاندانی هەندێ توخم و شاردنەوەی هەندێ توخمی مانایی دیکەیە کە لە ڕەوتێکی دیالکتیکیدا دێتە کایەوە. لێرەدا «شاردنەوە» و «داپۆشینی»مانا نەخوازراوەکان لەپێناو «هەقیقەتسازی»یە و ئامانج لە «هەقیقەتسازی» ـ بەپێچەوانەی دۆزینەوەی هەقیقەت ـ کاراییە و لە پێوەندی لەگەڵ «دەسەڵات»دا زمان بە دوو پرۆسەی هاوکات، واتە «ئاشکراکردن و شاردنەوە»، ئەم کارە لە «مەیدانی ویژمانی»دا جێبەجێ دەکات.

هەقیقەتی بەرهەمهاتووی دەوڵەت ـ نەتەوەی پان ئێرانیستی، هەقیقەتێکی ساختەی مێژوویی بەرهەم هێناوە کە بەهەرحاڵ کاراییی خۆی تا سەردەمی ئێمە پاراستووە. ژیاریێک کە لەسەر چیرۆک و ئوستوورەی قارەمانێتی بەرهەم هاتووە، ئێستە لە تووناوتوونی گێرانەوە هەمەچەشن و هەمەڕەنگەکاندا بیچمی بە جۆرێک لە هەقیقەت داوە کە لە ڕاستیدا ناهەقیقەتە. بەڵام بژاردەیەکی دیاریکراو کە پێویستیی بە وەها هەقیقەتێکی ساختە هەیە ـ بەدەر لەوەی کە لە پێوەندی لەتەک زاڵێتیخوازیدا هەقیقەتی ڕەسەن هەیە یان نا! ـ ئەم هەقیقەتە کە تەنیا تەمەنێکی کورتی یەک سەدەییی لە دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانیدا هەیە، کۆمەڵێک ئەفسانە و ئوستوورەی نێو شانامە کۆڵکێش دەکات کە بە بێ ئەو کۆڵکێشکردنە جێگرەوەیەکی دیکەی نیە.

بژاردەی ڕووناکبیریی کورد تەنیا لەو تایبەتمەندییە زەق و سواو و فرەپاتەیە دەدوێ کە بەزەقی لە سیمای دەوڵەتداریی سەرەڕۆ و ستەمکارانەی پان ئێرانیزمدا دەبینرێ کە خۆیشی بەشێکە لە ستەمکاریی خۆرهەڵاتی و فەڕی یەزدانی کە گوایە بە باڵای ستەمکاردا بڕاوە! بەڵام بینیی دەزگا یان سیستمێک لە چوارچێوەی هەمەک(کل)ێکدا، وامان لێدەکات سازوکار(میکانیزم) نەبینین. ناسینی سازوکاری دەزگا یان سیستمێک، بریتییە لە پەیبردن بە نیشانەناسی و نیشانەسازیی ئەو دەزگا و سیستمە؛ ئەگینا ڕەخنە لە هەمەک(کل) وڵامی ئامادەکراوی ئەو هەمەکەی بەدوادا دێت کە خۆی بۆ پرسیارە ڕەخنەییەکان ئامادە کردووە. بەرەنگاربوونەوەی سیستمێک کە خۆمان تێیدا پەروەردە و گۆش کراوین، بە یاساکانی ئەو سیستمە نەلواوە. بژاردەی ئاکادیمیک و ڕووناکبیری خۆرهەڵاتی کوردستان بمانەوێ یان نا، لە دامودەزگایەکی زانکۆییدا گۆش کراون کە وەکو هەموو زانستگەکانی دیکەی دنیا ئەوانیش لەتەک مێتۆد و تیۆرییە زانستییەکانی جیهانی ئەمڕۆ ئاشنا دەبن و جیهان بەو پێوەرانە دەخوێننەوە و ڕاڤە دەکەن کە گوایە زانستگەکانی دیکەی دنیاش هەر بەو چەشنە کار دەکەن! ئەگەر خۆمان بە پرسیارە هەمەکییەکانەوە خەریک بکەین، بە کۆمەڵە وڵامێکی هەمەکی وڵام دەدرێینەوە و تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو سیستمە هەمەکییەشدا ڕەخنە توندەکانمان لە پرسیار و وڵام و گفتوگۆیەکی درێژدادرانەی مامۆستا و قوتابیی پۆلەکانی زانکۆدا بەرەبەرە کاڵ دەبنەوە و ئازادیی درۆینەی هۆڵەکان و حەوشەی زانکۆ لە گفتوگۆ و گەنگەشەیەکی بێزانتیدا نوقممان دەکات. ئاریشەی سەرەکی لەو پەروەردەیەدایە کە پێشتر دەبێ «ئیمانی پێ بهێنی تا باوەڕ بکەی!» سیستمێک کە پێشتر لە چوارچێوەیدا دەبێ ڕێساکانی پەسند

> «زمان» دەرخەری توخمگەلی جیاجیای فەرهەنگییە. توخمی جیاجیای فەرهەنگی کرۆکی پێناسەی کۆمەڵگە مرۆییەکان لەمەڕ خۆیانە و ئێمە لەبەر چەندین توخمی جیاوازی فەرهەنگی، دەتوانین چەندین چەشنی مرۆییی جیاواز دەستنیشان بکەین

بکەی، ئنجا بە دوای کەلێنەکانیدا بگەڕێی تا ببنە مایەی ڕەخنەی شــێلگیر. بەم شــێوەیە نارازیی نێو سیســـتمی پەروەردەی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی لە چوارچێوەی کەشی ئازادیی درۆیینەدا کە کەشی ئاکادیمیکی پێدەگوترێ، یارمەتیــی سیســـتم دەدات تـــا کەلێنەکانی پڕبکاتەوە و بەم شـــێوەیە توانای ولآمدانەوەی زیاتــر هەڵدەکشـــێ، چونکــە «نـــارازی» لە «مەیدانـــی ویژمانیی» ئەودا هەڵدەســـووڕێ؛ وەک میکانیکێکـــی کارخانەیەکی گەورە کە بـــە بادەک(آچار)ێکی گـــەورە پێچ و مۆرەی ئامێرەکان توند و سفت دەکاتەوە!

زمانـــی فارســـی بەگوێرەی سروشـــتی دیوانســـالارانەی خـــۆی، وەک نوێنـــەری دەوڵەت ـ نەتەوەی پان ئێرانیســـتی، خووی بـــە «هەڵاواردن»ێک گرتووە کـــە بەرەنجامی نوێنەرایەتیکردنێکی نادیموکراتیکی «فارس»ە بەسەر «ئێران»دا. ئەگەر سەرنج لەو ڕووناکبیرە فارســـانە بدەین کە ئەوانیدی وەک «گەل» و «قەوم» دەناسێنن و خۆیان بە «ئێرانی»، بۆمان دەردەکەوێ هەڵهاتن لەم باری پێناســـەیە چ ســـوودێکی بۆ ئەوان هەیە تا ببن بە خاوەنی «هەمـــەک» و ئەوانی دیکە لـــە «هەندەک»دا بپەســـتێون. خۆدزینـــەوە لـــە دیاریکردنـــی شوناسی «فارسی» و خۆنووساندن بە شوناسی «ئێرانـــی»، دەبێتە مایەی دەستنیشـــانکردنی ئەوانـــی دیکـــە وەک پـــاژی پێکهێنـــەر و خۆســـەپاندن وەک پێکهاتەی ســـەرەکی. لە سایەی وەها ڕوانینێکدا، ئیدی زمانی فارسی، چەشـــنی زمانـــی گەلێکی دیاریکـــراو خۆی نانوێنـــێ، بەڵکو وەک هەمەک ـ پێکهاتەیەک خۆی نیشـــان دەدات و مافـــی نوێنەرایەتیی شوناسی ئێرانیی پێدەبەخشێت و خاوەنداریێتیی ئێرانی مێژووییشـــی پێ ڕەوا دەبینرێت. ئەم سەفسەتەیە بەئاشـــکرا «ناهەقیقەت» چەشنی «هەقیقـــەت» دەرخواردی ئاکادیمیســـیەن و ڕووناکبیری کـــورد دەدات و ناچاری دەکات زمانـــی فارســـی وەک ســـێنتزی ئێرانیبوون پەســـند بکات و لە پەراوێـــزدا داوای ماف بۆ زمانەکـــەی خۆی بخوازێ کە بەم شـــێوەیە، بەکـــردەوە، پێگەی خۆی لە «نەتـــەوە»وە بۆ «گەل» دادەلەنگێنێ و بەم چەشـــنە لە باری ویژمانییـــەوە تووشـــی «دالەنگاندن»(تقلیل) و داوی «مەیدانـــی ویژمانـــی»ی پـــان ئێرانیزم دەبێـــت کـــە نوێنەرەکەی زمانی فارســـییە. هـــەر بۆیە، هەموو ڕەخنەیەکـــی توندیش لە «مەیدانـــی ویژمانی»ی ئەو(بێگانە) بەئاســـانی کەلێنـــە ویژمانییەکانـــی ئەو پـــڕ دەکاتەوە. ئەم دۆخـــە، بە وردی لە شـــێوازی ئاخاوتن، نووســـین و تەنانەت جووڵەکانی ڕوخســـار و لەشیشـــدا دەردەکەوێت و لە زمانی کوردیی ئاکادیمیسیەن و ڕووناکبیرانی کورددا بەزەقی دەبینرێت. دەســـەڵاتی زمانی فارسی بەسەر زمانەکانی دیکەی نێوخۆی ئێران هەندە زۆرە کە تەنانەت وێنا فەرهەنگییەکانی نێو وشە و ڕستە فارسییەکانیشی بە شێوەی جۆربەجۆر بۆ زمانی کوردی و زمانی نەتەوە بندەستەکان گواستوەتەوە. تەنیا بە پەسندکردنی (زاڵبوون بۆ ئەو و هەناسەیەک بۆ من) ناتوانین لە کۆتی ویژمانی بێگانە خۆمان قوتار بکەین. «ویژمانی زاڵـــی بێگانە / دوژمن»، دیار و ئاشـــکرایە لە زمانـــی بێگانـــە/ دوژمندا خـــۆی دەنوێنێ و «مەیدانـــی ویژمانی» بەرهەمێکـــی زمانییە و کاریگەرییەکـــەی لە ڕامیـــاری و فەرهەنگدا دەبێتـــە مایـــەی دووکەرتبوونـــی فەرهەنگی و پاشـــان دەروونناســـانە. واتـــە دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنـــەوەی «ئەو» لە «مـــن»دا. چونکە «مـــن» بە زمانی «ئەو» گـــوێ دەکرێم؛ ژیانی هزریـــی «من» لە «ویژمان»ی «ئەو»دایە؛ «من» بەردەوام لە پەنجەرەی ئەوەوە سەیری جیهان دەکـــەم؛ کە واتـــە «من» کرێنیشـــنی «ماڵی زمـــان»ی «ئـــەو»م. ئەگەر بڕوامـــان بە گوتە بەناوبانگەکـــەی هایدگـــەر هەبێت کە «زمان ماڵی بوونە»، واتە «من» بە زمانی ئەو(بێگانە) بێـــر لە بوون دەکەمەوە و ئنجا جارێکی دیکە بۆ «ماڵی زمان»ی خـــۆم دەیگوازمەوە! ئەگەر

ڕاستگۆیانە و بوێرانە بدوێین، ئێستە لە وەها دۆخێکدایین.

لە کۆتایی هەموو شرۆڤە و ڕەخنەیەک لێمان دەپرسن ئەدی چارەسەر چیە؟! ئەم پرسیارە کە نیشانەی «دۆشدامان»ە و هەردووک لایەنی «ئاخێوەر/ نووسەر» و «بەربێژ» دەخاتە دۆخێکی دژوارەوە، وڵامەکەی هەندە بەئاسانی نادرێتەوە. تەنیا وڵامێک کە بشێ ئێمە بۆ ئەم پرسیارە بە گونجاوی بزانین ئەوەیە کە زمانی خۆمان بکەین بە خاوەنی ئەو هەژموونەی کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیی نەتەوەکاندا کەڵکی لێوەرگیراوە. زەینی وشیاری ڕەخنەگر ئەم پرسیارە ڕەخنەییە لەم پێشنیارە دەگرێت کە: ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەوەی بەسەرماندا هاتووە بەسەر ئەوانی دیکەشدا بیهێنین؟


ئەگەر ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا وڵام بدەینەوە، ڕەنگە وڵامەکە بەم چەشنە بێت: هەر چۆنێک بێت، زمان لە بەگوێرەی هێزێک کە بە درێژایی ڕۆژگاران وەدەستی هێناوە، کاریگەریدانەر و مەودادانەر و پڕە لە هەڵاواردن و ڕیکۆر گوتەنی» فاشیستە». چونکە خۆی ڕێڕەوی خۆی دەدۆزێتەوە؛ واتە: زمان کۆنەپەرست نیە، بەڵکو پێشکەوتنخوازە، بەڵام خۆی، ڕێڕەوی خۆی دەستنیشان دەکات. چونکە زمان بەرهەمی مێژوو و ژیارە و کەڵەکەبوونی یادەوەرییە. لەم سۆنگەوە «زانین» و « هەقیقەت» و «دەسەڵات» لە «وێژمان»دا بەقووڵی ڕەنگ دەدەنەوە و بەدڵنیاییەوە بە بێ دەستنیشانکردنی «مەیدانی وێژمانی»، «زانین» و «هەقیقەت» و «دەسەڵات» کە پێوەندییەکی دیالکتیکی لەنێوانیاندا هەیە و زمان لە پرۆسەی گفتوگۆدا ڕێکخەری ڕۆحی دیالکتیکییە، هیچ دەرکەوتێکیان نیە.

پێوەندیی ستەمکارانەی زمانی فارسی و دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی، هیچ پێوەندییەکی بە سروشتی زمانی فارسییەوە نیە، بەڵام سازوکارێکی نەتەوەسازیی ستەمکارانە و پەستاوتنی چەندین نەتەوە لە جوگرافیایەکدا و پەراوێزخستنی زمانیان لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە، وەها بەڵایەکی بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا هێناوە! بەڵام «مەودادانان» و «هەڵاواردن» وەک سروشتی لێکدانەبڕاوی زمان، هەمیشە ڕووی لە دابڕاندنی جوگرافیا و شوناسبەخشین بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکانە و هیچکات ناتوانین لە سروشتی بێ هەڵپەی زمان بدوێین. لە جەرگەی «هەڵاواردن» چەشنی بەرەنجامی «مەودادانان»دا، «دەسەڵات» پەیکەی داوە و ناسیونالیزمەکان بە درێژایی مێژوو لەپێناو «نەتەوەسازی»دا ڕێکخستنی زمانیان لە سەردێڕی بەرنامەکانیان داناوە. بەداخەوە ڕێگەکانی «نەتەوەسازی» هەندە زۆر نین و هەموویان پێڕەوی لە چەند یاسا و ڕێسایەکی سنووردار دەکەن. یەکێک لەو ڕێسا و یاسایانە بریتییە لە ڕەخساندنی»وێژمانێکی تەریب» لە بەرانبەر «وێژمانی سەردەست» کە دیارە خۆی لە ڕێکخستنی زمان و فەرهەنگ و فەرهەنگی سیاسیدا دەبینێتەوە و هۆکارەکانی وەدینەهاتنی وەها ئاواتێک پێوەندیی بە بنبەستی «نەتەوەسازی و سیاسەتی زمانی»ی ئێمەی کوردەوە هەیە کە تا ئێستاش لە وێژمانی نەتەوەی سەردەستدا دەژین کە ئاسۆی خەباتی پاش خەباتی ڕزگاریخوازیی لێڵ و تاریک کردووە. نەبوونی وێژمانێکی یەکگرتووی سیاسی ـ فەرهەنگی، هەمیشە بەرەو «وێژمانی سەردەست» پەلکێشمان دەکات و ئاشکرا و دیارە کۆیلەیەک کە خۆی لە ڕەوشتی کۆیلەتی ڕزگار نەکردبێت، «هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی ئاغاکەی»!

> **«زمان»، خاوەنی هێزی «داپۆشین» و «ئاشکراکردن»ە؛ واتادارکردن و هەڵبژاردنی مانا دڵخوازەکان و شاردنەوە و داپۆشینی ئەو مانایانەی کە ئێمە نامانهەوێ لە پرۆسەی دروستکردنی هەقیقەتدا نیشان بدرێن، لە ڕێگەی زمانەوە ڕایی دەکرێت**

# گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێراندا:
## لە داگیرکردنی کوردستانەوە بۆ بەدامەزراوەیی کردنی زمانی فارسی تێیدا

د. ڕەحیم سورخی
ئەندامی لێژنەی زانستیی سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی دیاسپۆرای کورد



**ئاماژە**

ململانێ و پێکدادانەکانی نەتەوەی کورد و دەسەڵاتدارانی ئێران مێژوویین و دەگەڕێنەوە بۆ پێش پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێران. ئەدەبیاتی کوردی چ بەنووسراو و چ بە گوتراو پێکدادانەکانی نواندووەتەوە و پێچەوانەی گێڕانەوە دروستکراوەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا، کورد خۆی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی- زمانی لە هەرێمێک بەناوی کوردستاندا بینوە، نەک پاشکۆیەکی سەرزەمینی- کولتووری ئێرانی.

*«کە خۆر هەڵدێت، من زمانی گەلەکەم دەبیستم. لە هەر چرکەیەکی تەنیاییدا، لە نزا و پاڕانەوەدا، لە بێ دەنگیدا، من زمانی گەلەکەم دەبیستم. تەنانەت لە خەونەکانمدا و گەڕانم بۆ هان دان و وڵامی پرسیارەکانی ژیانـدا، من هەر زمانی گەلەکەم دەبیستم. دەنگیان بەهێزترە ئەو کاتەی من بە جەستە و بەگیان لەگەڵ زێد و زەویدا پەیوەستم. من هەناسە دەدەم و زمان پڕم دەکات لە زانینی ئەوەی من کێم و خەڵکی کوێم و بەرەو کوێ دەچم. ئەو نمە نمە وزەی خۆشەویستی، ئارامی، و پێگەیشتوویيم پێ دەبەخشێت. ئەمەیە گرنگیی زمان! منداڵەکان پێویستە بزانن ئەوان وەک «نێهیاک» کێن و لەکوێوە هاتوون و ئەمە بەدڵنیاییەوە زۆر گرنگە. ئەم شانازی و زانینەی ئەوان وەک خەڵکی ڕەسەنی خۆجێیی کێن، دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەگەر ئێمە هەروا لەسەر پەروەردەی داگیرکەر بڕۆین. خۆڕاگری پێویستە بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوەکە ناسنامەکەمان دەپارێزرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت.»*

(بێلیندا دانیەڵس، چالاکێکی مافی زمانی و نەتەوە هیندۆ - ئەمریکییەکانی کانادا).

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر گوتاری فرەزمانی لە بەرانبەر گوتاری جەوهەرخوازانەی تاک زمانی لە ئێراندا و مەترسییەکانی لەسەر زمانی کوردی. لێرەدا هۆکار و لێکەوتەکانی ئایدۆلۆژیای داگیرکەرانە بۆ زمان لە بەستێنی سیاسی- کۆمەڵایەتیی کوردستان و ئێراندا ڕوون دکرێتەوە. ئامانجەکە ئاشکراکردنی بنەماکانی سیاسەتی زمانی لە گوتاری جەوهەرخوازانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێراندایە ودەیهەوێت پەردە لەسەر ئەو گوتارە لابدات کە لە ترسی «ئەوی ترەکانی» خۆی، یەک نەتەوە- یەک زمان، وەک گێڕانەوەیەک لە پێشکەوتنی نەتەوەیی، وەک دەرکەوتنێکی هەتاهەتایی، فۆلکلۆریک وتەنیا باوەڕی ڕاستەقینە لە جوگرافیایەکی بەپیرۆز دانراودا بنیاد دەنێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئەم گوتارە، سیاسەتی زمانیی ئێران لەکوردستان، بە پێی ئاراستەکانی ڕوانینی بۆ زمان، لە کام چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا دەگونجێت؟ هەروەها چۆن زمانی کوردی و توانستی زمانیی ئاخێوەری کورد کۆمەک دەکات بە ڕۆڵ بینینی لە پاراستنی شوناسی کورد بوونی ئاخێوەرانیدا؟ لە ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت لە ڕاوانگەی «ڕویز(١٩٨٤)»ەوە وەک بنەمایەک بۆ سیاسەتی زمانیی ڕەخنەگرانە، ئاراستەکانی ڕوانین بۆ زمان ڕوون بکرێتەوە و لە ڕوانگەی کلۆس (١٩٧٧)ـەوە کە بە مافی زمانیی «بڕەوخواز»(promotion-oriented) ناوی دەبات، لە چوارچێوەی زمانناسیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مافی ئاخێوەرانی زمانی سەرکوتکراو بڕوانێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مافی زمانیی «بڕەوخواز» یەکانگیرە لەگەڵ ڕەوتی ڕوو لە زیاد بوونی ڕوانگە پلۆرالیستی و لەخۆگرەکان بۆ فرەچەشنیی زمانی لە واقعی جیهانگیریدا. بە پێی دوو «بنەمای زمانی نیشتمانی» و بنەمای زمانی کەسێتی» پێوەندیدار بە دانیشتووانی ناو کوردستان و دابڕاو لەکوردستان دەکرێت مافی زمانی بچەسبێت و چارەسەرێکیش بێت بۆ کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دیکە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا.

## زاراوە سەرەکییەکان

داگیرکاریی ناوخۆیی(internal colonialism)، سیاسەتی زمانی (Language policy)، بڕەوخوازی(Promotion-oriented)، ئاراستەی چاران خواز(Tolerance orientation)، جەوهەرخوازی (Essentialism)، فرەزمانی (Multilingualism)، تاک زمانی (monolingualism)

## زمانی کوردی، خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد لە پێوەندییە نێوان کولتووری و زمانییەکاندا

ناوچەی شاخاویی و پڕ ڕووباری زاگرۆس و مێزۆپۆتامیا کۆمەڵەیەکی ئەتنۆزمانیی تایبەتی جۆرە کوردییەکانە (کوردیی کورمانجی، سۆرانی، کەلهوری/فەیلی، لەکی، لوری، هەورامی و زازکی) لە پانتایەکی جوگرافیدا کە بە کوردستان ناسراوە و سەرەڕای جیاوازییە ئایینیی و ئایینزاییەکان ئاخێوەرانی ئەم جۆرانە خۆیان سەر بە نەتەوەی کورد و زێدەکەیان بە کوردستان دەناسێنن؛ بێ ئەوەی پێویستییان بە دروست کردنی ناوی خوازراو بێت، خاک، نەتەوە و زمانەکە یەکتر تەواودەکەن و ئاماژە بۆ شوناسی کۆمەڵەیەک بەناوی کوردستان و زمانی کوردی دەکەن کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕە مێژوویی و سیاسییەکاندا پەرەی سەندووە و لە پێک کەوتنە زمانییەکان و کار لێک کردنە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاڵوگۆڕیشی بەسەردا هاتووە. بەڵام، «نەتەوە»ی کورد وەک واقعێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، جوگرافی، کولتووری و زمانی هەرماوەتەوە. شاعیری ناوداری کورد، حاجی قادری کۆیی(١٨١٦-١٨٧٩)هەموو ئەو جۆراوجۆرییانە لە وشەی «میللەت»(نەتەوە)دا یەک دەخات ودەڵێت:

> سەد شەهەنشاە و پادشا مردن
> سەیری کە، کوردی ئێمە هەر کوردن
> میللەتە باقی، مابەقی فانی
> هەر لە جافی هەتا بە گۆرانی
> (دیوان، ل. ٢١٦)[1]

**کورد و ئێرانی دوو واقعی جیاوازن. هەر بۆیە، زاڵ بوونی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئێرانییەکان بەسەر کوردستاندا، بە شێوەی لەشکرکێشی و بەکار هێنانی هێز بووە**

بەستێنی جوگرافی هەرچەند سیمایەکی تایبەتی ناوچەیی بە جۆرەکوردییەکان بەخشیوە و سیمای جیاکەرەوەی ڕێزمانی و دەربڕین تێیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام سیمای هاوشێوەی زمانییان لەباری وشەیی، دەنگناسی و ڕێزمانییەوە بە شێوەیەک پێکەوەی بەستوونەتەوە کە لەباری تایپۆلۆژیی زمانییەوە هەر لە جۆری کوردیدا پۆلین بکرێنەوە و یان بە زاری زمانی کوردی بناسرێنەوە. جگە لە زمان، میراتی کولتووری، هونەری و شێوازی ژیانیان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە نەتەوەکانی دەورو پشتی خۆیان، بەتایبەتی لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران جیایان دەکاتەوە. لە ژیانی نەریتیدا، کوێستان و گەرمیان کردنی ئاژەڵدارانی کورد، ژیانی کۆچەری و خوێندەواریی حوجرەیی، دەورێکی گرنگیان هەبووە لە تێکەڵاویی جۆرەکوردییەکان و تارادەیەک سنووری سەختی جوگرافییەکەیان بەزاندووە ولێک تێگەیشتنی زمانییان پێکهێناوە. لە ژیانی نوێ و سەردەمی جیهانی بوونیشدا، ئەم ڕەوتە بەهۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشەکانی پارچەکانی کوردستان، میدیا و ڕاگەیاندن و بزووتنەوەی پاراستن و بووژاندنەوەی زمانی کوردییەوە، زمان بەشێکە لە بەربەرەکانێی کورد و دەسەڵاتی داگیرکەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لەباری بەرهەمهێنانی ئەدەبی، هونەری و زمانییەوە، زمانی کوردی بە شێوەی زارەکی و نووسراو تاقی کراوەتەوە و نواندنەوەیەکی تایبەت بە خۆی بۆ جیهان و دەوروبەری، فەلسەفەی ژیان و مەرگ هەیە. قارەمانە ئوستوورەییەکانی ناو «بەیت»، «لاوک» و ‹›حەیران» و چیرۆکە ئەوینداری و

حەماسییە هۆنراوەکان، جگە لە ئەوانەی وەک «شیرن و فەرهاد» و «ڕۆستەم و زۆراب»، و «کاوە»، لە پێوەندییە نێوان کولتوورییەکاندا لە گێڕانەوە کوردییەکانەوە چوونەتە ئەدەبی کلاسیکی فارسییەوە و لە ئەدەبی فارسیدا ناسراون، هێندێکیان هەر لە گێڕانەوە زارەکی و نووسراوەکانی کوردیدا هەن و تایبەت بە کۆمەڵی کوردەوارین. ناو و ناوبانگ و پێگەیان سنووری ناوچەییی جۆرێکی کوردیی تایبەتیان بڕیوە و پێوەندییان بە کورد بە گشتییەوە هەیە، وەک، «دمدم»، «مەم و زین، «لاس و خەزاڵ»، «زەمبیل فرۆش»، «سەیدەوان» وهتد. تا بەر لە پێکهاتنی دەوڵەت –نەتەوە نوێیەکان و داگیر کردن و دابەش کردنی کوردستان، بەتایبەتی تەنانەت تا پاش ساڵی ١٩٢٠ زمانەکانی نێو ئیمپراتۆرییەکانی ئێران و عوسمانی لە پێک کەوتنێکی ئاسایی و سروشتیدا بوون و نەتەوەکان لە ژینگەیەکی فرەزمانیدا زمانی دایکیان دەپاراست، پێیان دەنووسی و دەخوێندەوە.

کورد و ئێرانی دوو واقعی جیاوازن. هەر بۆیە، زاڵ بوونی دەسەڵات و فەرمانڕەواییی ئێرانییەکان بەسەر کوردستاندا، بە شێوەی لەشکرکێشی و بەکار هێنانی هێز بووە. بە پێچەوانەی گێڕانەوە و مێژووسازییەکانی نەتەوەی باڵادەست لە ئێران، پێکدادانەکانی کورد و دەسەڵاتی داگیرکەر پێش پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێران بەردەوام هەبوون و تراژیدیترینیان حەماسەی «دمدم» بە میرایەتیی «خانی لەپ زێڕین» (ئەمیر خانی برادۆست)ـە لە ساڵانی (١٦٠٩-١٦١٠) کە لە بەرهەمە زارەکییەکانی کورددا (بەیت) بەهەر دوو زاری کورمانجی و سۆرانی وەک بەربەرەکانێی کورد دژ بەداگیرکەری بێگانە گێڕدراوەتەوە[٢] و شاعیری ناودار فەقێ تەیران (میر محەممەد، ١٥٩٠-١٦٦٠) هۆنیویەتەوە، و لەگەڵ «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) دا بە شاکارە حەماسییەکانی ئەدەبی کورد دادەنرێن. داگیرکاریی ئێرانی و جێگیر بوونی لە کوردستان بەم شەرە بەناوبانگە و لە سەردەمی شاعەبباسی یەکەم (١٥٨٧-١٦٢٨)دا دەست پێ دەکات، «کوردەکانی سەر سنووری ئێران -عوسمانییان ڕاگواست بۆخۆراسان و وەک قەڵغانی دەوڵەت بەرانبەر تورکمانەکان بەکاریان هێنان(Fossum 1919, p. 5).[٣] بەشێوەیەک کە بەرەبەرە ئێرانییەکان بە یەکجاری ڕۆژ هەڵاتی کوردستانیان داگیرکرد و ئێستاش لێی نەچوونەتەدەرێ. بە کورتی، دوو ناوی»کورد» و «عەجەم» بەردەوام دەربڕی جیاوازیی ئەتنیکیی نەتەوەی کورد و نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران بوون. کوردەکان بەم ناوە «ئەوی تری» ئێرانییان لەخۆیان جیاکردووەتەوە. جگە لە ئەم جۆر و نموونە زارەکی و تۆمارکراوانە بە نووسراو، کە بەشێکی سەرەکیی کولتووری نەتەوەییی کورد پێک دێنن، ئەدەبی کلاسیک و نووسراوی کوردییش بەزمانی خۆی و بە جۆرە کوردییە جیاوازەکان پێداگری لەسەر ئەم شوناسە دەکاتەوە و لەگەڵ داهێنانە نوێیە فۆرمی و ناوەرۆکییەکان بەم زمانە، لە دەقەکانی مەلا پەرێشان (١٣٥٦ - ١٤٣١ز. ) مەلای جزیری (١٥٧٠-١٦٤٠)، خانای قوبادی (١٧٠٠-١٧٥٩)، مەولەویی تاوەگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢)، نالی (١٨٧٧-١٧٧٩/١٨٠٠)، حاجی قادر کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧)، وەفایی (١٨٤٤-١٩٠٢)، حەریق (١٨٥٦-١٩٠٩)، غولامڕەزاخانی ئەرکەوازی (١٨٣٩-١٧٧٠) و میسباحودیوانی ئەدەب (١٨٦٠-١٩١٦)، داهێنانی ئەدەبیی گەورەی پێ کراوە و جۆری ئەدەبیی باوی سەردەمی خۆی پێ نووسراوەتەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتی نوێی ئەدەبی، بە کەسانی وەک گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢)، جگەرخوێن (١٩٠٣- ١٩٨٤)، سوارە ئیلخانیزادە (١٩٣٧-١٩٧٥)، شامیی

کرماشانی (١٩١٧- ١٩٨٤)، شێرکۆبێکەس (١٩٤٠- ٢٠١٣) و دەیان شاعیر و ئەدیبی دیکە، ئەدەبی کوردی سنووری زمانی کوردییش تێدەپەڕێنێت و بە زمانەکانی دیکە، یەک لەوان بە زمانی فارسیش وەردەگێڕدرێت. بە کورتی، بە شۆڕشی سمکۆ (١٩١٩-١٩٣٠)، ڕۆژنامەنووسیی کوردیش وەک زمان حاڵی شۆڕشی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات دەست پێ دەکات و بە دامەزرانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان، بەردی بنیادی دەسەڵاتی کوردی دادەنرێتەوە و ئەدەبیات، ڕۆژنامەنووسی، پەروەردە و خوێندن بەزمانی کوردی، دەگەشێتەوە و زمانی کوردی دەکرێتە زمانی بەڕێوەبردنی ئیداری و سیاسیی کوردستان. لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی ١٩٧٩جارێکی دیکە بزووتنەوەی سیاسی-کولتووری پێ دەگرێتەوە و قوتابخانەکانی شۆڕش، کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان ماوەیەک لەشارەکان و پاشان لە گوندەکان، بزووتنەوەی بووژانەوەی زمان و پەروەردەی کوردی دەست پێ دەکەنەوە. ئێستا ئەم بزووتنەوەیە لە ناو شارەکانی کوردستان بەڕێوەیە، زمانی کورردی لە ژێر سەرکوت و زەبروزەنگیشدا، هەر زمانی خوێندنگە خۆبەخشەکانی مامۆستایانی زەحمەتکێش، مزگەوتەکانی کوردستان، میدیا، بەرهەڵستی و شۆڕش، ژینگە و شاخەوانی، خۆپێشاندانەکان و تا ڕادەیەکیش زمانی ڕاگەیاندنی پرسەکانیشە. لە ئەنجامدا، کورد(نەتەوە)، زمانی کوردی و خاک (کوردستان)، هەموو وەرزێک و هەموو دەمێک لەگەڵ یەکەم گزینگی بەیانیدا، لەگەڵ هەناسەکانی بەرخۆدان و بەرگریدا، دەپژێتە گیانی خۆڕاگریی کوردەوە بۆ مانەوە. ئاستەنگی سەرەکیی بەردەم ڕایی بوونی ئازادانەی ڕەوتی بەرهەمهێنان و پێشخستنی نەتەوەی کورد و زمانەکەی، وەک واقعێکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی، سەپاندنی جیهانبینیی دیکتاتۆرانەی نەتەوەی باڵادەستە کە تەنیا بۆ دڵنیا بوون لە کولتور، زمان، شوناس و دەسەڵاتی خۆی، دەیهەوێت ئەوەی لە جیهانی تاکزمانەی خۆیدا پێی گەیشتووە، وەک ڕاستی لێکبداتەوە و بەسەر نەتەوەکانی دیکەشیدا بسەپێنێت.

## ئایدۆلۆژیای زمانی لە بەستێنی داگیرکاریی ناوخۆییدا: بەدامەزراوەیی کردنی زمانی فارسی

بیرۆکەیەکی بنەڕەتی و بەردەوامی دەوڵەت-نەتەوە ئەوە بووە کە زمانی دەوڵەت دەبێت پێش بخرێت و توانایی جێبەجێ کردنی ئەرکە مۆدێرنەکانی هەبێت. «ئەوانەی باڵادەستی سیاسین، پێگە و بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان لە بوارە سیاسی کۆمەڵایەتییەکاندا دیاری دەکەن. دیارە لە ڕێگای دامەزراندنی پلەبەندیی پرێستیژی زمانییەوە، زمانەکەی خۆیان لەگەڵ بەرزترین پێگەکانی زمانیدا دەگونجێنن» (Liddicoat, 2013).[۴] لە بەستێنی داگیرکاریی ناوخۆییدا پێشکەوتنخوازی، شارستانییەت و ستاندارد کردن لە ئەو چەمکە بنەڕەتییانەن کە دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن لەسەریان دادەمەزرێت. پلەبەندیی ئایدۆلۆژیای پێشکەوتن سەبارەت بە زمان لەسەر پلەبەندیی زمانەکان و شیانیان بۆ ئەرکە مۆدێرنەکان ڕۆدەنرێت. کاتێک کە دەسەڵات بە واتا نیشانەناسییەکەی وەک «گوتار» دەردەکەوێت، و بەشێوەی ناهاوشان بەکار دێت، دەبێتە هێزێکی ڕەمزی بۆ پەراوێزخستن، دەرهاویشتن، بێبەش کردن و ژێردەست کردنی کۆمەڵ یان نەتەوەیەک لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و لە ڕێگای تریبوونەکانی نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە، هەوڵ دەدرێت ئەم پرۆسەی داگیرکارییە لە بیرکردنەوە و قسە کردندا ئاسایی و باو بنوێنێت و ببێتە تێگەیشتنێکی باو لە پانتای گشتیدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پۆلێنکاریی

زمان وەک زمانی باڵادەست و زمانی بندەست ئایدۆلۆژییانەیە و «واتای کۆمەڵایەتییان هەیە و لکێنراون بە مۆراڵ و بەرژەوەندیی سیاسییەوە (Irvine 1989: 255). مەبەست لە «ئایدۆلۆژیای زمانی»، ئەو نواندنەوە ئاشکرا یان شاراوانەن کە پەیوەندیی تێکچڕژاوی زمان و مرۆڤ لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا لێکدەدەنەوە (Woolard, 1998, p. 20).

ئاستەنگەکانی زمانی کوردی لە ئێران لەسەر پلەبەندییەکی ناهاوشانی زمانەکان، دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرچاوەکان دەمەزراوە وزۆر بە چڕی پەیوەندییان بە سیاسەتی داگیرکاریانەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە هەیە و کۆمەڵێک هۆکاری لێک گرێدراو بە ئایدۆلۆژیای زمانیی داگیرکارییانە تێوەی گلاون. وەک،

۱ **داگیرکردنی خاک و زاڵ بوون بەسەر دەسەڵاتی ئەندامانی کۆمەڵەی زمانی کوردیدا**، خستنە بەر تەوژم و توندوتیژیی گوتارییانە، لێکدان و تێکەڵ کردنی زمانی کوردی و فارسی بۆ تاواندنەوەی زمانی کوردی،

۲ **سیاسەتی زمانی** (پێگە دان و برەو دان بە زمانی زاڵ کراوی نەتەوەی فەرمانڕەوا و لێ سەندنەوەی هێز و پێگەی زمانی کوردی، بەرگرتن لە پەرە پێ دانی بە دەوڵەمەند کردنی پەیکەرەکەی و پێش گرتن لە خوێندن پێی لە قوتابخانە بنەڕەتییە دەوڵەتییەکان) و

۳ **تیرۆانینی زمانی** (دروست کردنی تیرۆانینی نەرێنی؛ شکاندنەوە و بێ بایەخ کردنی لە بواری گشتی و کۆمەڵایەتیدا). خاڵی پێک گەیشتنی ئەم هۆکارانە، ستاندارد کردن و بە پێوەر دانانی یەک زمان لە بری زمانەکانی دیکەیە، کە ئەمەش لە ڕاستیدا هەر لایەنێکی زمانناسانەی نییە، و هۆی سیاسی و ئابووریی دیکەشی هەیە.

۴ **لە باری ئابوورییەوە، فێربوونی زمانی نەتەوەی باڵادەست کە وەک زمانی زاڵ، زۆرترین دەرفەتەکانی دابین بوونی پیشە و ئابووریی بۆ ڕەخساوە، دەبێتە پێشمەرجێکی سەرکەوتنی ئابووریی تاکی ئاخێوەری زمانە ژێردەست کراوەکانی دیکە.** هەموو کاروبارێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە بەڵگەنامەی لەدایک بوونەوە تا بەرگەی کۆچ کردنی، هەر بەو زمانی سەپێنراوە جێبەجێ دەکرێت.

> بیرۆکەیەکی بنەڕەتی و بەردەوامی دەوڵەت-نەتەوە ئەوە بووە کە زمانی دەوڵەت دەبێت پێش بخرێت و توانایی جێبەجێ کردنی ئەرکە مۆدێرنەکانی هەبێت

بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ پێکهاتنی بنەماکانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی قاجار تا شۆڕشی مەشروتە (۱۹۰۶ - ۱۹۱۱) لە ڕێگای سیاسەتێکی زمانییەوە زمان بەدامەزراوەیی دەکرێت (institutionalized). دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ چەسپاندنی دەوڵەتی ناوەندی و ملکەچ کردنی نەتەوەکان و وەفادارییان بە دەسەڵاتی ناوەندی زمانی فارسییان کردە ئامرازی ئەم بەستنەوەیە بە ناوەندەوە. زمان بوو بە ڕەمزێکی دەسەڵاتی بەناو نیشتمانی و نەتەوەسازیی ئێرانی. بە پێی مادەی ۴ی قانوونی هەڵبژاردنەکانی ۹ی سێپتەمبەری ۱۹۰۶ ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن «یەکەم دەبێت فارسی بزان، دووەم دەبێت خوێندەواریی فارسییان هەبێت و سێیەم ڕەعیەتی ناوخۆ بن».[۵] لە ئەو کاتەوە تا ئێستا، زمانی بە دامەزراوەیی کراوی، فارسی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی داگیرکەر و نەتەوە داگیرکراوەکانی لەباری پەروەردە و ڕووبەری گشتیی کۆمەڵایەتی، نامە گۆڕینەوە ئیداری و دامەزراوەییەکان ڕێکدەخات. هەروەها،

بەدوای ئەم سیاسەتەدا، باری سروشتیی پێک کەوتنی زمانەکان لە بەستێنێکی فرەزمانیدا دەگۆڕێت بۆ بەستێنی باڵادەستییەکی تاکزمانی؛ زمانی دەسەڵاتدار و زاڵ کراو (زمانی زۆرینە لە ڕووی هێز و دەسەڵاتەوە) بەسەر زمانی بێ دەسەڵاتی ژێردەست کراو (زمانی کەمینە لەڕووی بێ دەسەڵاتییەوە) سەرهەڵدەدەن.

بە پێی یاسای مەشروتە لە ١٩٠٦ و چەسپاندنی یاسای قەدەغەکردنی زمانە ڕەسەنەکانی نەتەوەکانی دیکە، یەک لەوان زمانی کوردی، سیاسەتی سەرکوتی زمانی نەتەوەکانی دیکە دەست پێ دەکات. «ستراتژیی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا هاوپێچی حاشاکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد و سەرکوتی نواندنەوە گوتارییەکانی بووە. ئەم ستراتژییانە لە کرداری بنەمایی دەوڵەتدا بەرجەستە بووە و لەیاسا بنەڕەتییەکەیشیدا ڕەمزێندراوە- ئەم دووە بە پێی شیکارییەکانی دریدا(١٩٩٢) بە داوی یەکدا توندوتیژیی کردەیی و گوتاریی دەوڵەت پێکدێنن (Vali, 2019, p. 1). دەوڵەت زمانی فارسی (کە تەنیا نزیکەی ٥٠٪ ی دانیشتوانی ئەو جوگرافییە سیاسییە بووە) کردووەتە زمانی ڕەسمی و زمانی نیشتمانی و وەک میراتێکی کولتووری و پەروەردەیی هەموو نەتەوە جیاوازەکان نرخاندوویەتی و پەرەسەندنەکەی و زیاد کردنی ئاستی بەکارهێنانەکەی وەک ئامرازێکی شوناسی نیشتمانی برەو پێ داوە. هەر بۆیە لەگەڵ زەوت کرانی مافی سەروەریی سیاسی، کولتووری و ئابووریدا، پێشێل کردنی مافی زمانییش بەشێکی گرنگی مافەکانی نەتەوە زۆرلێکراوەکان پێکدێنێت کە نوێنەر و جیاکەرەوەی ئەوانن لە نەتەوەی باڵادەست. خێزانەزمانی کوردی وەک سێیەمین زمانی گەورەی نێو جوگرافیای سیاسیی ئێران، کە بە لورستانەوە نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس[٦] قسەی پێ دەکات، هەروا لەو وڵاتەدا تەنیا زمانی ئاخاوتنی خێزان و پێوەندیی گشتیی کۆمەڵایەتییە و نەچووەتە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی ورەسمییەوە.

## سیاسەتی تەندروستیی زمانیی دەوڵەت: زمانی ژێردەست کراو لەبەر دەم تاقیگەی لێهاتوویی زمانیدا

> گوتاری دەوڵەت -نەتەوەی مۆدێرنی ئێرانی لە ئەم سەردەمەشدا کە جیهان بەرەو فرەزمانیی دەچێت، هەروا سەرسەختانە، بەتایبەتی لە پانتای گشتیشدا، پێداگری لە یەکدەست کردنی زمانی دەکات

سیاسەت و پلانی زمانی، بە «ئەو هەوڵە بە ئەنقەستانە دەگوترێت کە کاریگەریی لە سەر پێکهاتەی زمان (پەیکەرەی زمان، بەکارهێنان) و ئەرکی زمان ( شێوەی بەکارهێنان، پێگەکەی) یەوە هەیە. پلانی زمان، گۆڕینی مەبەستداری زمانە. واتە، گۆڕینی سیستەمی کۆدە زمانییەکان یان هەردووکیانە بە هۆی ئەو ڕێکخراوانەوە کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون یان بۆ مسۆگەر کردنی ئەم مەبەستە ڕاسپێردراون» (Rubin and Jernudd, 1971, p. xvi).[٧] یەکێک لە پێشمەرجەکانی جێخستنی ئەم پلانە ئەوەیە کە زمانێک دەبێت بەسەر زمانەکانی دیکەدا بژار بکرێت. واتە، هەم خۆی لەنێوان زمانەکانی دیکەدا هەڵدەبژێردرێت و هەم بەواتای پاککردنەوەی لە وشە و زمانی دیکە بەناوی «پەتی کردن»ـەوە. ئەم بژارکردنەی زمان هەرچەند پشتی بە هێزی بەکارهێنەکانی بەستووە، پێویستیی بە پاساویشە بۆ ئەوەی هۆی بژارکرانەکەی پاکانەی بۆ بکرێت. یەکێک لە بیانووەکانی ئەم پاکانە کردنە، بە نوقستان و ئیفلیج زانینی زمانەکانی

دیکەیە، هەربۆیە دەبێ ئاخێوەرەکانیان وەک نەخۆش ببرێنە تاقیگەی لێهاتوویی زمانی زاڵەوە تا کەمایەسییەکەیان بۆ قسە کردن بە ئەو زمانە نەمێنت و ببنە هاوڵاتییەکی تەواو و خوازراوی نەتەوەی باڵادەست. بۆئەم بابەتەی ئێستا شی دەکرێتەوە و ئەو شێوەیە لە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا، لەوانەیە ئەم پێناسەیە گونجاوتر بێت کە «سیاسەتی پلاندانانی زمانی بەواتای جیاوازی دانانە لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان (پۆلەکان) دا. واتە، سیاسەتی زمانی میکانیزمێکە بۆ دەستنیشان کردنی پێگەی زمان لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بە جۆرێک کە زمان دیاریی دەکات کێ دەستی بە دەسەڵاتی سیاسی و سەرچاوە ئابوورییەکان ڕادەگات. سیاسەتی زمانی میکانیزمێکە کە گرووپی باڵادەست لە بەکار هێنانی زماندا هێژێمۆنی [خۆی] پێ دەچەسپێنێت» (Tollefson, 1991, p. 16).[٨]

سەرەڕای واقعی فرەزمانی بوون، جیاوزیی زمانی کوردی و زمانە ژێردەست کراوەکانی دیکە لەگەڵ فارسیدا، گوتاری دەوڵەت -نەتەوەی مۆدێرنی ئێرانی لە ئەم سەردەمەشدا کە جیهان بەرەو فرەزمانیی دەچێت، هەروا سەرسەختانە، بەتایبەتی لە پانتای گشتیشدا، پێداگری لە یەکدەست کردنی زمانی دەکات. حاشا کردنی دەوڵەت و بژاردەی نەتەوەی باڵادەست لە بوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێران و پلانی «تاقی کردنەوەی لێهاتوویی زمانی»(طرح بسندگی زبانی) کە لەلایەن یاریدەدەری فێرکردنی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێرانەوە بۆ منداڵانی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێران کە لەوانەیە ڕاوێژی فارسییان وەک فارسان نەبێت، نموونەی سیاسەتێکی سەرکوتکەرانەی زمانین.[٩] ئەنجامی ئەم سەرکوت کردنە زمانییە، لەناوچوونی زمانی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێرانە.

دەوڵەتی ئێران لە پێناو ئایدۆلۆژیای زمانی زاڵدا بە ناوی «پارێزگاری لە فارسی بکەین»(فارسی را پاس بداریم) و سیاسەتی «تەندروستیی زمانی» (verbal hygiene)[١٠] بەڵام لەڕاستیدا لە پێناو فەلسەفەیەکی دەمارگرژانەی جەوهەرخوازانەی سیاسی- ئایینیدا زمانی نەتەوە زۆرلێکراوەکان وەک «نەخۆشیی»یەک سەیر دەکات و منداڵانی ئاخێوەری ئەو زمانانەش بە نەخۆش دادەنێ و بۆ چارەسەرکردنیان دەیانباتە تاقیگەی توانستی لێهاتوویی زمانی فارسی. ئەمەش لە ڕێگای وەزارەتی پەورورەردەوە بە ناوی «دادپەروەریی پەروەردەیی» ناودەبات.

«توێژینەوە ڕەخنەییەکان دەریانخستووە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان، دەتوانن بە پیادەکردنی سیاسەتی زمانیی هێژمۆنیک، کارئاسانی بکەن بۆ پەراوێز خستنی زمانی کەمینەکان و بەکارهێنەکانیان (Tollefson 2013)». هەروەها، زۆر جار بژاردەی نەتەوەی باڵادەست، زمانە ژێردەست کراوەکان بە ناکارا لەبواری ئەرکی یان ڕەسمی و لەبەر ئەمەش زەین و کۆمەڵی ڕەسەنی خۆجێیی[نەتەوەی ژێردەست کراوی ئاخێوەری ئەو زمانە] بە نوقستان دەزانێت، کە ئەمە وەک باوە بۆ پاساودانی مانەوە لە ژێر سێبەری زمانی باڵادەست بووە» (Woolard 1998; Fabian 1986; see also Raison-Jourde 1977).[١١] بۆ نموونە، «شەفیعیی کەدکەنی لە پاساودانی ئەم بیرۆکەیەدا دەڵێت: «زمانی فارسی شانامەی هەیە، مەسنەویی هەیە، سەعدیی هەیە، حافزی هەیە، نیزامیی هەیە، دەتوانێت مل لەبەر ملی زمانی شکسپیر بنێت. بەڵام زمانی ئۆردوو هیچی نییە کە لەگەڵ شکسپیر ململانێ بکات».[١٢] ئەم تێڕوانینە، زمانی نەتەوەکانی دیکە بە بێ کەڵک و لاواز دەبینێت و بە بازادان بەسەر میراتی ئەدەبی وکولتووریی نەتەوەکانی دیکەدا، دەیهەوێ

پاکانــە بکات بۆ خۆســەپێنیی نەتەوەکەی و زمانەکەی بەســەر نەتەوە و زمانە ژێردەست کراوەکانی دیکەدا.

دیارە ئەمە بە پێی سیاســەتێکی زمانیی درێژخایەنــی دەوڵــەت و پاســاوهێنانەوەی بــژاردەی نەتەوەی فەرمانــڕەوا لە دامەزراوە پەروەردەیی، ئەکادیمــی و کولتوورییەکاندا کاری بۆ دەکرێت و ڕەوایەتیی پێ دەدرێت.

بە نوقســتان زانینی زمانی کەمینەکان، بابەتی بەکۆمەڵایەتی (socialization) بوونی منداڵ لــە زماندا یــان لە ڕێــگای زمانەوە لــە دوو بــواری پێکەوەبەندیــی کولتووری و کۆمەڵایەتــی لەبــەر چــاو ناگرێت. واتە «پرۆســەیەک کە خەڵک بــە بەکارهێنانی زمانی کۆمەڵەکەیان و بە ئەندام بوون لــەو کۆمەڵەیــەدا تێکــەڵاوی کۆمەڵەکەیــان دەبــن. لە ئەم ســۆنگەیەوە کە بەکۆمەڵایەتی بوونــی منــداڵان لــە کــردە کولتوورییەکانی کۆمەڵەکەیاندا بــە هــۆی زمانەوەیــە، زمان ئامرازێکــی ســەرەکییە کــە ئەندامانــی گرووپێکــی کۆمەڵایەتی بۆ گەیاندنی بەها، بــاوەڕ و جیهانبینییەکانیــان بە منداڵەکانیــان بەکاری دێنــن. لەهەمان کاتــدا، زمــان خــۆی زۆربــەی پێکهێنــە کۆمەڵایەتی و کولتوورییــەکان دەرمزێنێت [واتاداریــان دەکات]، وەک پێوەندییــە پلەبەندییەکانی نێوان ئەندامانی گرووپەکان، پرۆســەکە[بەکۆمەڵایەتی بــوون] کۆمــەک دەکات بە پێکهێنانی هەستی «خود»ی منداڵ لەکاتــی دەرکەوتنی ئەو هەســتەدا. ئەوە لە ڕێگای ئەم پرۆســەوەیە کە منداڵ فێردەبێت - هاوشــان لەگەڵ ڕێســاکانی گرووپەکە بە شێوەی شــیاو فێر بێت و هەڵسوکەوتیشیان پێ بکات» (Guardado, 2018 p. 34).[١٣]

> «توێژینەوە ڕەخنەییەکان دەریانخستووە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان، دەتوانن بە پیادەکردنی سیاسەتی زمانیی هێژمۆنیک، کارئاسانی بکەن بۆ پەراوێز خستنی زمانی کەمینەکان و بەکارهێنەکانیان

## لێکدانــەوەی جەوهەرخوازانە بژاردەی نەتەوەی زاڵ لەبارەی زمان و نەتەووە

### ئا) ڕوانینی جەوهەرخوازانە بۆ زمان و کولتور

گوتاری جەوهەرخوازانە لە ئێران هەر تایبەت بە ئاییــن و خوێندنــەوە تاکرەهەندییەکان ەە ئاییــن نییە، کە بنئاژۆخــوازی (Funda-mentalism)ی ئیســلامیی لێ کەوتووەتەوە. بەڵکــو ئەم ڕوانگەیە بــۆ زمان و کولتووریش زۆرینەی پێکهاتەکانی دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن و بــژاردەی نەتەوەی باڵادەســت و تەنانەت بەشــێکی بەرچاوی زمانناســانیش پێکەوە ـــۆ دەکاتەوە. جەوهەرخــوازی (essential-ism) پێــی وایە کە «ســیما و تایبەتمەندیی جیاوازی شــت و بابەتــەکان جەوهەری/زاتین بۆیان؛ ئەو باوەڕە فەلسەفییەیە کە هەر بوونێک یان قەوارەیەکی جۆرێکی تایبەت دەبێت خاوەنی تایبەتمەندیی سەربەخۆ و دابڕاو لە بەستێن و دەوروبەری خۆی بێــت».[١٤] بەواتایەکــی دیکە، تایبەتمەندییەکانی زەروورین بۆ شوناس و ئەرک نواندنەکەی.

لــە ڕوونکردنەوەیەکــی زیاتــر پێوەندیــدار بــە ئــەم بابەتــەوە دەکرێــت بڵێیــن، «جەوهەرخوازی بە واتای دانەپاڵی سیفەتێکی بنەمایــی، و بەتەواوی زەروورییە بۆ کەس، و پۆلێکی کۆمەڵایەتــی، گرووپێکی ئەتنیکی، کۆمەڵەیەکی ئایینی یان نەتەوەیەک. هەروەها جەوهەرخوازی ئاماژەیە بۆ هەر شی کردنەوە و لێکدانەوەیەک کە تارمایی دەخاتە سەر ئەو لایەنانەی پێوەندییان بە کولتور یان شوناسی دەستە و تاقمانەوە هەیە و لەبەرانبەردا بایەخ دەدات بــە بابەتەکە لە خۆیدا وەک بوونێکی ســەربەخۆ، دابڕاو، لە نێو خۆیــدا تۆکمە، و دەســتئاژۆ نەکــراوی هێزەکانــی دەرەوەی خۆی. بــە ئــەم شــێوەیە، جەوهەرخوازی

بەخورتی دەبێتە فۆرمێک لە جەستەسازی بۆ شتێکی نابەرجەستە (reification)، نواندنەوەیەک کە جیاوازییە دەروونییەکان کپ دەکات» (Gesser, 2015, p. 5).[١٥] ئەم تێڕوانینە دەکەوێتە بەرانبەر ئەو ڕوانگەیەی کە نەتەوە بە بەرهەمی «کردەی گێڕانەوە» و «هەستێکی بەستراوەیی چەندلایەنە» لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوویی-کۆمەڵایەتیدا و بە دروستکراو(constructive) دەبینێت. نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران لە ئەم ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە زمانی فارسیش. لە ئەم ڕوانگەیەدا ناوەڕۆکی زمانی فارسی و شوناسی ئێرانی و پێوەندییە نیشانەییەکانیان چەسپاو، زاتی، سروشتی و بێ کێشەن. زمانی فارسی دیاردەیەکی تاقانەی پێش مۆدێرنە و بە پێچەوانەی زۆر زمانی جیهان لە زاتی کولتووری ئێرانیدا سەری هەڵداوە و لە دەرەوەی بەستێنی سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانیدایە.

بۆ نموونە، بڕوانە ئەم پارچە دەقە کە لە توێی کۆمەڵە وتارێکدا بەناوی «زمان و شوناسی ئەتنیکی»، لەساڵی (٢٠١١) دا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بووەتەوە و لەبڵاوکراوەکانی ئاکسفۆرد پرێسە.

*«ئێران کە هاتە دونیای مۆدێرنەوە تووشی زۆر بەرهەڵستی بوو. بەڵام نەک ئەو دوو بەرهەڵستییە بنەڕەتییەی زۆربەی دەوڵەتەکانی دیکە لەگەڵی بەرەوڕوو بوون؛ هیچ مشتومڕێک نەبووە لەسەر ئەوەی چ زمانێک دەبێ ببێتە زمانی نەتەوەیی، یان چی شوناسی نەتەوەیی پێکبێنێت. [زمانی] فارسی لە دەوری خۆی وەک زمانی دەوڵەت، پەروەردە، ئەدەب و میدیا بێ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هیچ بەرهەڵستییەک، ڕاست وەک ئینگلیزی لە ئینگلستان و ئەمریکا بەردەوام بوو. ئێران لە سەدەی ١٩دا یەکێک لەو دەگمەن نەتەوانە بوو کە بە میراتێکی درێژخایەنی وشیاریی مێژوویی و ئاگایی کولتووریی شوناسەکەیەوە هاتە سەردەمی نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزمەوە. زۆر پێش داهێنانی جۆری مۆدێرنی ناسیۆنالیزمی ئەورووپای سەدەی هەژدەیەم، شوناسێکی ئەتنۆ- نەتەوەیی پێشمۆدێرن لە ئێران هەبوو، شوناسێک کە بە هۆی ئەزموونێکی هاوبەشی مێژوویی و هاوبەشیی کولتووری و ئەدەبیات پێکهاتبوو (Borjian, & Borjian, 2011, pp. 256- 257).[١۶]*

ئەمە گێڕانەوەیەکی دروستکراوی نەتەوەی دەسەڵاتدارە کە پێچەوانەی واقعی مێژوویی، سیاسی و پەروەردەییی ئێرانە لەبەر چەندین هۆ. لێرەدا هەوڵ دەدرێت بە گێڕانەوەی شایەتحاڵەکانی خوێندن لە ئێران، بەڵگە ئەدەبییەکان و سەرچاوە زانستییەکان، ڕاستییەکان لەبارەی زمان، شوناسی نەتەوەیی و پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا بخرێتە ڕوو.

سەرەتا پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە پابەندی بە قسە کردن بە زمانی هاوبەش، تایبەتە بە دەوڵەت – نەتەوەی مۆدێرن و دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێی ئەم دواییانەیە کە لە چەند سەدەیەک لەوە پێشەوە [لە ئەورووپا]گەشەی کردووە. بەر لەوە، کە لەوانەیە بەگشتی بە سەردەمی ئیمپراتۆری ناو ببرێت، یەکێتیی زمانی پێویستییەکی سەرەکی نەبوو. لەحاڵێکدا کە بەکارهێنانە زمانییەکان بە خورتی جۆراوجۆر بوون، هێندێک لە حکوومەتە ئیمپراتۆرییەکان بە ئاشکرا لەگەڵ سروشتی فرە زمانیی دانیشتوانی ئیمپراتۆرییەکەیاندا گونجا بوون، وەک ئێران و میسری کۆن (Grillo, 1998, p. 37).[١٧] پاشان، تا بەر لە دروست کردنی دەوڵەتی نوێی ئێرانی لە سەرەتاکانی سەدەی

بیستەمدا، زمانەکان لە پێک کەوتنێکی سروشتی و جوگرافیدا بوون. تەنیا توێژێکی دەستە بژێر خوێندەواریی هەبوو؛ زۆرینەی ڕەهای خەڵک هەر زمانی فارسییان نەدەزانی. بۆیە زمانی فارسی هیچکات نەیتوانیوە بەشێک بێت لە شوناسی نەتەوەییی هاوبەشی کورد و فارس. بە هۆی دراوسێتی وپێک کەوتنە زمانییەکانەوە بەشێکی کورد، تورکیی ئازەرییان زانیوە، زانینی ئەو زمانەش هیچکات نەبووەتە هۆی ئەوەی شوناسێکی هاوبەشی ئەتنیی تورکی -کوردی دروست بکات. جگەلەوەش، «ئیمپراتۆر پێویستیی بە جەماوەرێکی یەکپارچە لەباری زمانییەوە نەبوو، چونکە فرمانەکانی لە ڕێگای گرووپێکی بچوکی ڕاسپێردراوی ئیداریی دووزمانەوە بۆ گوێڕایەڵیی خەڵک ڕاستەوخۆ دەکرا بگەیەنرێت» (Ucarlar, 2009, P. 64).[١٨] هەروەها، لە نێو کورد و لەئەدەبیاتی کوردیدا ئێران زیاتر وەک ئەتنیک بە «عەجەم» هاتووە و شوناسێکی نەتەوییی هاوبەش لە نێوان کورد و عەجەمدا نەبووە.

وێڕای هەموو ئەوانەش، لەبەرانبەر ئەو بانگەشەیەی بژاردەی ئەکادیمیی نەتەوەی زاڵدا، جێی خۆیەتی بزانین شایەتحاڵێکی کورد لە قوتابخانەی ڕەسمیی دەوڵەتی، چۆنیان فارسی فێرکردووە، ڕۆژنامەنووسێکی کوردی سەردەمی پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژیانی ئینسانی کورد چۆن وەسف دەکات و شاعیری کورد دەوڵەت و نەتەوەی کوردی لا مەبەست بووە یان ئێرانی.

سەرەتا، گێڕانەوە لە باوکێکی کرماشانییەوە:

*«نزیکەی ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی [١٩٥٤]ی زاینی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم. ئەو کات بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئیدارەکان، بە پێی یاسا کەس بۆی نەبوو لە ئیدارە و خوێندنگەکاندا جگە لەزمانی ڕەسمی، واتە زمانی فارسی بە زمانی زگماکی قسە بکات. خوێندن لە قوتابخانەکانیش وەک ئەم سەردەمە بە زمانی فارسی بوو؛ بەم جیاوازییە کە ئەو کاتە تەلەڤزیۆن نەبوو و کولتووری زاڵ کاریگەرییەکی کەمتری هەبوو، هەر بۆیە من وەک منداڵێکی کورد زمان ئەوکاتەی چومە قوتابخانە فارسیم نەدەزانی. مامۆستایەکی فارس زمانمان هەبوو کە بە سەختگیرییەکی تایبەتەوە دەرسی پێ دەگوتین. ڕۆژێک منی بانگ کردە پێش تەختە ڕەشەکەی پۆلەکەمان و ئاماژەی بە وێنەی «کەڵەشێر»ێک کرد کە لەوێ هەڵیواسیبوو، پرسی: شێرزا، بڵێ بزانم ئەوە چییە. منی منداڵی کورد زمان بە پێی ئەو عادەتەی لەسەری ڕاهاتووم و هەڵقوڵاو لە نەست (ناخودئاگا)ی خۆمەوە وڵامم دایەوە: «کەڵەشێر»؛ گوراندی: کەڵەشێر نا! (خۆرووس)، بڵێ (خۆرووس). منیش بە شڵەژانێکی زۆرەوە لە کاتێکدا سەرنجم تێکچووبوو، دیسان وڵامم دایەوە، «کەڵەشێر». بە دارێکی کە بەدەستییەوە بوو بە توندی دای بەسەرمدا کە ئێشەکەی سەراپای باڵامی داگرت و دونیا لەبەر چاوم دەخولاوە. هەر لەو کاتەدا، دیسان پرسییەوە: ئێستا بڵێ ئەمە چییە؟ من کە زیاتر پەشۆکاو و شڵەژابووم، لەبەر تێکچوونی سەرنجم دووبارە وڵامم داوە: «کەڵەشێر» و دیسانیش لێدانی مامۆستا بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی من، منداڵێکی ٧ ساڵان بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە بەرەو ماڵ چوومەوە. لە پاش ئەوە لای خۆم بڕیارم دا کە ئەگەر منداڵم ببێت لەگەڵی بە فارسی قسەدەکەم تا وەک من تووشی ڕووداوی وا نەبن «(هیوا پاشایی، فراتاب، ٢٥دی ١٣٩٧).[١٩]*

لە ئەو گێڕانەوەیەی سـەرەوەدا دامەزراوەی پـەروەردە و فێرکـردن و تاکی فێرکار وەک مامۆستا بە چڕی و بە تۆپزی زمانی زگماکی لەهەنـاوی قوتابیی کـورددا دەکوژێت. ئەم دەنگـە کپ کراوە لە ڕەوتـی جیهانیبوون و تەکنۆلۆژیـای گەیاندنـدا، وەک دەنگێکـی پەراوێزخراو، پاش دەیان ساڵ پلانی زمانکوژیی کۆلۆنیالیستانە دەرکەوتووەتەوە. چونکە وەک ئەمیر حەسەن پوور، زمانناسی ناسراوی کورد دەڵێت: «زۆربەی ئەو زمانناسـە[بیانی]انەی لە زمانیان کۆڵیوەتەوە، سەبارەت بەکوشتنی بەقەستی «بابەت»ی لێکۆڵینەوەکەیان [واتە، زمانی کوردی] بە دەسـت تورکیا، ئێران، و سـوریا بێدەنگ بوون. سیاسەتی زمانکوژی، لە دەسـتوور و قانوونەکانی ئـەو دەوڵەتانەدا ڕێـزی لێ گیـراوە، نەک هەر حاشـایان لە مافی زمانیی کـورد کردووە، بەڵکو بە ڕژدی ئازادیی ئەکادیمیی زمانناسەکانیان لە دەرەوە و نێوەوەی ئەو وڵاتەنەدا کە زمانەکە قسـەی پێ دەکرێت زەوت کردووە».[٢٠]

سـەبارەت بـەو شوناسـە نەتەوەییـە ئێرانییە لەوانەیە ئەم دێڕە شـێعرەی «شـێخ ڕەزا تاڵەبانـی»(١٨٣٥-١٩١٠) نموونەیەکی گونجاو بێـت، بەتایبەتی، بـە بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکانی «مەحکووم» و «سـوخرەکێش» لە دەسـتەواژەکانی «مەحکوومی عەجەم» و «سوخرەکێشی ئالی عوسمان»دا:

لـە بیرم دێ «سـولەیمانی» کـە دارولمولکـی «بابان» بوو
نە «مەحکوومی عەجەم» نە «سوخرەکێشی ئالی عوسمان» بوو
(دیوان، ل. ٩٥).

شـێخ ڕەزا لێـرەدا جگـە لـەوەی باس لە مێژووی سـەربەخۆییی بەشێکیی کوردستان دەکات، هـاوکات لەو دوو دەسـتەواژەیەدا هەستی کوردیش بەرانبەر هەردوو دەسەڵاتی داگیرکـەری نەیـاری مێژوویـی کوردیش دەردەبڕێت ودەیانناسێنێت. ئەمە دەریدەخات کە بە ڕاسـتی، بژاردەی نەتەوەی باڵادەستی ئێرانی هـەر بۆ یەکتـری دەگێڕنەوە و هەر گوێ لەخۆیان دەگرن.

لەوانەیـە ئەم گوتەیەی سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی «ڕۆژی کـورد»ی سـەردەمی سـمکۆ(١٨٨٧ -١٩٣٠) بە باشی دەربیخات کە ئێرانی ئەمڕۆ بە بێ بەرهەڵستیی نەتەوەی کـورد پێکنەهاتووە کە دەڵێـت: «هەرکەس بەڕاسـتی و ئینساف تەماشـای کوردان بکا دەبینـێ: کە جان و ویجـدان، رووح و ماڵ، عیززەت و نامووسـی وان هێرشـی سەختی ئێرانیان لەسەرە. زوڵمی بێ حیسابی زاهیری و باتنی (لە قەبیلی جەریمە و کوشتن، زەجر و حەبس، نەهێشتنی وەسایلی تەرەقی، بێبەش کردن لە نیشـانان مەدەنییـەت، بۆ دانەنان مەنافـع خەیرییە، ڕێ نەدان لە چاک کردن اموور ژیان خۆیان و شەریک نەکردن لە هیچ کار و شـوغڵێکدا و دەنێو خسـتن نیفاق. و. و. . . ) لەلایـەن ئێران بۆ سـەر کوردان لە ئومووری عاددی بەڵکو حاڵەتێک تەبیعی بوو. لەگەڵ ئەو هەموو زوڵمەی خۆیان کە تەبعی بەشەر قەبووڵی ناکا، کوردان هەمیشە تووشی مەسـائیبی خاریجیش بوون، لەبـەر ئەوانە عەوامل غیـرەت دەکوردان‌دا وە جۆش هات، پەنایان برد بۆ سـپەر قیام، خۆیان ئاویشـتە سـەنگەر ئیقـدام و نوانـدن مەوجودیـەت بەدەنـگ بڵند ئەو کەلیمـەی حەقە دەڵێن: لێمان گەڕێن دەسـت لە حقومان مەدەن!!! لەوە زیاتـر مەمانکەنە جێگەی تاڵان و بڕۆ!!! تەواو ئارەزووی کوردان عیبارەتە لەو جوملە: حیفز کردن خۆیـان پەیداکردن ئاتییەیەکی ڕوونـاک(م- د) تورجانـی (٢٨ی مانگـی ذیلقعدە ١٣٤٠، ژمارە ٣، ساڵی ئەوەڵ. ل. ٤)».

بۆیە، کورد هەر لە بنیادەوە سیسـتەمی دەوڵـەت نەتـەوەی ئێرانـی لەتەواوییەتی خۆیدا قەبـووڵ نەبووە و بەردەوام لەگەڵی لە بەرهەڵستیدا بووە. کەواتە، هیچ ڕێککەوتنێک

لەسەرئەوە کە زمان و شوناسی نەتەوەیی چی بێت لە ئارادا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرسێ شــاعیری گــەورەی کورد، خانــی (۱۶۵۰-۱۷۰۶ بە کرمانجی)، خانای قوبادی (۱۷۰۰ – ۱۸۷۸ بە گۆرانی) و نالی(۱۸۰۰- ۱۸۵۶ بە ســۆرانی) لە شــێعرەکانیاندا بەرانبەرکێی ئەتنۆ-زمانیــی خۆیانیان لەگــەڵ ئەدەبیات و زمانــی نەتەوەی فەرمانــڕەوا دەربڕیوە. کە دەگات بــە حاجــی قــادر(۱۸۱۶- ۱۸۹۷) ڕاســتەوخۆ باسی پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی دەکات و دەڵێت:

به شیر و خامه دەولەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە
(دیوان، ل. ۲۵۴)

سەرڕای هەموو ئەمانەش، ئەگەر ئەو قسەیەی سەرەوەی بەڕێزان «ئەشرەف» و «بورجیانەکان» بە ڕاست وەرگرین، بەپێی شێعرەکانی خانی، شێخ ڕەزا و حاجی قادر، ناسیۆنالیزمی کورد دەکەوێتە پێش فارســیش. بۆنموونە، «ئەمیر حەسەنپوور (۱۹۹۲) لە پێشەکیی کتێبەکەی بەناوی «ناســیۆنالیزم و زمان لە کوردستاندا ۱۹۱۸ -۱۹۸۵» پێی وایە کە «ناسیۆنالیزمی کورد بە ئەگــەری زۆر کۆنترین ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیســتی لە جیهانی ئیسلامدایە» (p. XXIV).[۲۱]

بە پێی لێکدانەوەی بژاردەی ئەکادیمیی نەتەوەی فەرمانڕەوا بۆ زمان، نەتەوە و دەوڵەت لە ئێران، «سروشتی بوونی پێکهاتەی ئەتنیک لــە ئێراندا بــەم واتایەیە کە ئەتنیســیتەی ئەتنیکەکانــی ئێرانــی کۆن- کــە ئەژدادی دانیشــتوانی ســەرەتایی بانی ئێران بوون- بەشێوەیەکی سروشــتی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و ئــەم هاوچەشــنییە ئەتنیکییە(ی ئێســتای بە نــاوی «ملت ایــران واحد») لە ئەنجامی دەســتوەردانی سیاســییەوە بەدی نەهاتووە(ئاساتووریان، ۱۳۹۶).[۲۲]

هەروەها، لــە ڕەوتێکی پەرەســەندووی مێژووییدا فارســیی کۆن، فارسیی ناونجی و فارسیی نوێ بەدیهاتووە و لەپاڵ نەژاد، ئایین و مێژوودا شوناســی بنەڕەتیی مرۆڤی ئێرانی، بە هەموو نەتەوە جیاوازەکانییەوە، پێکدێنێت. لە گوتاری جەوهەرخوازانەی ناســیۆنالیزمی ئێرانیدا فارســی «تاقانە»یە و ئەم پەرەسەندنە مێژووییــە بــۆ زمانی میدی و ئاڤێســتایی و زمانەکانــی دیکــە و ئــەو زمانانەی وەک کوردی ئێستا کە لە ئاڵوگۆڕی زمانیدا فۆرمی ئێســتایان وەرگرتووە، نابینرێت، بەڵام زمانی فارســی بە ئاسایی و سروشتی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا دەگشتێنێت.

## ب) بنیادنانی گێڕانەوەی باوکسالارانە لەسەر ڕوانینی جەوهەرخوازانە

لایەنێکــی تایبەتــی گــــــــێڕانــەوەی جەوهەرخوازانــەی نەتــەوەی فەرمانڕەوا لە زمــان، ئەتنیک و شوناســی نەتەوەی کورد، باوکسالارانە بوونێتی. بە حاشاکردن لە پشتی ئەتنیســتیی کورد وەک واقعێکی مێژوویی، دەیهەوێت بیگێڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئێرانی بوون، لەڕاستیدا فارس بوون. چونکە ئێران تا ۱۹۳۵ هەر بە «پارس» (Persia) ناسراوە.[۲۳] بۆیە پێی وایە کورد نەک هەر نەتەوە بەڵکوو ئەتنیکیــش نییە، و ئەمە لە تەنیشــت ناوی «ئێــران» وەک زاراوەیەکی نوێ بۆ دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرندا بەکار دێنێت کە نەتەوەی فارس و زمانی فارسی نوێنەرایەتیی دەکات، بەڵام نەک بەو ناوەوە. واتە، ڕووە تاریکترەکەی کە چەوساندنەوە و تواندنەوەیە دەشارێتەوە و بەناوی شارســتانیەت، پێشکەوتن، ئەدەبیاتی دەوڵەمەند، ژیری و پاکترین ئایینی جیهانەوە ســەروەریی سیاســیی خۆی دەســەپێنێت. پاساوەکەشــی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە وا بووە و ئەمەی لە پشتەوە بۆ ماوەتەوە، شتێکە لە جەوهەری ئێرانــی بوونەکەیدایە! ئەمەش سیمایەکی دیاری بژاردە کۆلۆنیالییەکانە کە

هەروەک «میگنۆلۆ»، نیشانە ناسی ئارژانتینی، دەڵێــت: «شــیکاریی بنیــاد، گەیانــدن، و پاراســتنی ڕەگەزپەرستی و باوکسالارییە کە هەلومەرجەکانی ڕۆنان و کۆنترۆڵی پێکهاتەی زانستی لەسەربنەمای وشەی خوا یان عەقڵ و ڕاستی دروست کرد»(p. xv ,1992).[۲۴]

لــە تێڕوانینی باوکســالارانەی نەتەوەی فەرمانڕاوا لە ئێراندا خۆی سەرچاوەی هەموو شــتێکە؛ لە قووڵاییی مێژووەوە هاتووە. تاکە ســەرچاوەی باوەڕ پێ کــراو و لێکدەرەوەی ڕەوای لێکدانەوە ئایینی و ئوســتوورەییەکانە و ســەرچاوەی ژێرییــە. ئەمەیــە ڕەوایەتیی پێ دەدات خــۆی بە نەتەوەی پشــت و باوک، وەک نموونەی شارستانییەت بزانێت و ئەوانی تری، بەتایبەتی نەتەوە ژێردەست کراوەکانــی بــە دواکەوتوو، بێ مێژوو و بنچینــە و بەربەر یان خێڵی کێوی دابنێت و هەربۆیە خۆی دەبێت سەرپەرشــتییان بکات. ئــەم شــێوە ڕوانینە لە ڕاســتیدا خــۆی کۆپییەکــی کۆلۆنیالیتیــی ئەوروپییە، بەڵام حاشــا لــە ئەمــەش دەکات و گێڕانەوەکەی بە گێڕانەوەیەکی پێش مۆدێــڕن ناودەبــات. بۆ نموونە، بە بۆچوونی سەید جەوادی تەباتەبایی «مێژووی جیهان بە ئێران دەست پێ دەکات... ئێرانشار یان ئێرانی کولتووری لە بوخاراوە تا شامات و میسر دەگرێتەوە. ئێران ڕاستییەکی مێژووییە. . . دەوڵەت و میللەتی ئێران کۆنە. ئێــران توانیوێتی بەرلەوەی چەمکی دەوڵەت پێک بێت، دروســتی بکات. ئەوەی مەشروتە و ڕەزاخــان دروســتیان کرد ئــەو دەوڵەتە کۆنەیان نوێ کردەوە و ڕێکخستنێکی نوێیان پــێ دا، ئەمان دەوڵەتیان دروســت نەکرد. . . حافــز دەربــڕی ئوســتوورەی نەتەوەییی ئێمەیە. غەیبی ئەو دەربڕی شــتێکە کە دیار نییــە، چونکە ئێمە نەتــەوەی غەیبین. واتە، «نەتەوە(ملت) بەواتای (nation) نەبووە. ئێمە هەمیشە نەتەوە بووین. حافز زمانی میللەتێک بووە کە پێویستی نەبووە «میللەت» پێکبێنێت (طباطبایی، ۱۳۹۶)».[۲۵]

> بۆیە کورد هەر لە بنیادەوە سیستەمی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی لەتەواوییەتی خۆیدا قەبووڵ نەبووە و بەردەوام لەگەڵی لە بەرهەڵستیدا بووە

جێگــەی پرســیارە کــە ئــەم ڕوانینە جەوهەرخوازانەیــە بۆ نەتــەوەی ئێرانی کە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە و بەرهەمەکانیان بەزمانی غەیری فارسی لە میراتی کولتووریی خۆی دەرهاویشــتووە، لەحاڵێکدا هاوشــان لەگەڵ ســەرکوت و زەبروزەنــگ بەرگرییان کــردووە و بــەردەوام بوون، هــەن و پێش دەکــەون، دەبێــت جگــە لە حاشــاکردن و بێدەنگــی چ لێکدانەوەیەکــی هەبێــت؟ ئەمانــەی ئــەم ئەدەبیاتەیــان بەرهــەم هێنــاوە وەک فەقێ تەیران(دمــدم)، خانی(مــەم و زیــن) و حاجی قادر(شــێعری نەتەوەیــی) و مەلامەحمــودی بایەزیــدی (یەکــەم ڕێزمانی کوردیــی کورمانیجــی بــە زمانــی کــوردی لــە ۱۸۵۷) دەبێت لــە کوێی ئــەم ئێرانە فەرهەنگییەدا بــن؟ چلۆنە ئەو ئێرانە فەرهەنگییە لە یادەوەریی ئەو نەتەوە و دەوڵەتانــەدا نەماوە، کە ناوبراو ســنوورەکەی تا شــامات ومیســر بردووە و نەک خۆیان بە بەشێک لێی نازانن، بەڵکو بە نەیاریشــی دەزانن. تاکە زمان- تاکە نەتەوە، سانترالیزمی ئیداری و کارگێڕی، هەڵاواردن و دروســت کردنی کۆیلە لە بری هاووڵاتی، بەرهەمــی دەوڵــەت -نەتــەوەی مۆدێرنی ئێرانییە و بەشــێکە لە مۆدێڕنیتە بەگشــتی. لــە ڕوانگــەی میگنۆلــۆوە، مۆدێڕنیتە خۆی ئێگۆیەکی گۆڕاوی کۆلۆنیالیتییە. کۆلۆنیالیتی پێکهێنەری مۆدێڕنیتەیە. هیچ مۆدێرنیتەیەک بــە بــێ کۆلۆنیالیتی نییــە. لە ڕاســتیدا،

کۆلۆنیالیتیش لە بنجدا لە ئەورووپاوە هاتووە، «گێڕانەوەیەکی ئالۆزە کە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بە نرخاندنی دەستکەوتەکانی و هاوکات شاردنەوەی ڕووە تاریکترەکەی ڕۆدەنێت» (Mignolo, 2011,pp. 2-3).[٢٦] هەرچەند بژاردە و دەوڵەتی نەتەوەی زاڵ دەیانهەوێت لە گێڕانەوەکانیاندا ڕووی ڕاستەقینەی کۆلۆنیاڵیتیی ئێرانی بشارنەوە، واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان شتێکی دیکە پیشان دەدات؛ نەتەوەی کورد بە گیان و جەستە ڕۆژانە هەست بە توندوتیژیی گوتاری و کرداریان دەکات.

### پ) جیاکردنەوەی زمانی کوردی لە ئاخێوەرەکانی: سەیرکردنی فرەزمانی وەک هەڕەشەیەک بۆ یەکپارچەیی نیشتمانی

لە گوتاری جەوهەرخوازانەی ئێرانیدا، دوانەی زمان و ئەتنیک لێک جیادەکرێنەوە، بە پێی نامەیەکی دەزگا پێوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە چاپی کتێبێکی تایبەت بە منداڵان کە لە ١٣٩٨/٥/٢٦ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە، کتێبێکی چیرۆکی منداڵان بە زمانی کوردی ئامادەکراوە و چاپخانەی باشوور لە پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای مۆڵەتی چاپی لە دەوڵەت کردووە، ڕاگیراوە و لە نامەیەکی ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی بۆ بڵاو کەرەوەکە هاتووە، «جلوبەرگی مێرووڵەکە نابێت کوردی بێت». ئەمە لەڕاستیدا، دەریدەخات کە کورد وەک شوناسی ئەتنیکی دەسڕێتەوە. ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە«زمانەکان دەسەڵات یان مافیان نییە، ئاخێوەرەکانیان هەیانە» (Britt- Griffler, 2005). ئاخێوەرانی زمانەکان هەوڵ دەدەن بۆ مسۆگەرکردنی مافی زمانی و مافەکانی تری کە پێوەندیی بە کۆمەڵەیان نەتەوەکەیانەوە هەیە، خەبات بکەن و خۆ بەدەسەڵات بکەن. ئەمە مافێکی تەواو ڕەوایە کە لە بوونی کۆمەڵایەتییانەی تاک و گرووپەکاندا ئاسایی و پێویستە. بۆیە جیاکردنەوەی زمان و ئەتنیکی ئاخێوەرانەکەی بەتەواوی ئایدۆلۆژییانە و سیاسییە، هەرچەند ئەوان لێکدانەوە سیاسییەکانیان و پلانە داگیرکارییەکانیان لە ژێرناوی کولتوور و ئێرانی کولتووریدا دەشارنەوە.

### ت) ڕەدکردنەوەی کۆمەڵەی زمانی، کەمینە و زۆرینەی زمانی

دەسەڵاتداران یان بژاردەی نەتەوەی زاڵ لە سەر لۆژیکی هێز بە شێوەیەک لە خۆبەزلزانیدا نوقم بوون، هێندێک جار شتی وا دەڵێن زیاتر لە جۆک دەچێت تا ئەوەی بۆچوونێکی زانستی یان جدیی ڕۆشنبیرانە بێت. یەکێک لەلایەنگرانی تیۆریی جەوهەرخوازانەی «ئێرانی پەرەسەندووی مێژوویی و سروشتییانە» «گارنیک ئاساتوریان»ـە کە زمانی کوردی کردووەتە نیشانەی پێکانی تیۆرییەکەی و میدیا فارسییەکانیش زۆر بەرجەستەی دەکەن، لە گفتگۆیەکی لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی فارسیی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا دەڵێت:

*«هەموو پێکهاتەکانی ئێران یەک ئەتنیک (قەوم) پێکدێنن و زمان نیشانەیەک نییە لە ئەتنیسیتە. هەر بۆیە زاراوەگەلێکی وەک «کەمینە»، «زۆرینە» بۆ ئێران مانای نییە. ئەو خەڵکەی لە ئێران پێیان دەڵێن تورک، لە ئێران جگە لە تورکەمەنەکان، تورک نین. ئەمە پانتورکیسمە، [ئەمانە دروست دەکات] پانتورکیسم دیاردەیەکی سیاسییە، بەڵام پان ئێرانیزم دیاردەیەکی کولتوورییە. ئێوە لە ناو خێزانی خۆتاندا کەمینەن، بەڵام ئەگەر هاتنە تاران دەبنە زۆرینە. زمانی ئێوە وەک [کوردی، بەلوچی و] لووری زمانی لانکەی ئێوەیە، زمانی دایکیتان زمانی فارسییە. گوتاری زمانی دایک بۆ ئێران هەر پێویست نییە».*[٢٧]

جەوهەرخوازیی ئێرانی لە ئەم بوارەدا گیرۆدەی لێکدانەوەیەکی پارادۆکسییانە و پێکدژ بووە، چونکە جگە لەوەی زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی لە کار لێک کردندایە و گوتاری زمانی ستاندارد یان پێوەر خۆی دروستکراوە و ناکرێت زاتی/سروشتی بێت، ئەم تایبەتمەندییە تەنیا بۆ زمانی فارسی بەڕەوا دەزانێت! واتە لە ڕوانگەی بژاردەی نەتەوەی فەرمانڕەواوە، ئەم زمانە بە پێچەوانەی زمانە ستاندارد کراوەکانی دیکە، لە بنیاتنانی دەوڵەتدا سیاسی نییە، بەڵکوو لەئەنجامی پرۆسەیەکی زاتی و سروشتییانەی پەرەسەندوودا وەرگیراوە، هەربۆیە «زمانی دایک»ی ئێرانییەکان زمانی فارسییە. لە ئاکامدا، پانئێرانیستی خۆیشی دیاردەیەکی سیاسی نییە، چونکە پێش مۆدێرنە و کولتوورییە. بەڵام پانتورکیزم یان کوردیزم سیاسییە، چونکە شتێکی نوێیە و بەهۆی کاریگەرییە سیاسییە نوێیەکان دروست بووە و گوتارسازیی بۆ کراوە. ئەتنیکی ئێرانی بریتییە لە فارس، کورد، بەلووچ، لوڕ، گیلەک و هیتد کە زمانەکەشیان هەرلقی نوێی زمانە ئێرانییەکانە و ئازەری و عەرەبی خوزستانیش بە ئەتنیک ئێرانین، بەڵام زمانیان گۆڕاوە. بەم شێوەیە ئێران پێکدێت لە دوو ئەتنیکی ئێرانی و تورکمانی!!

زاراوەکانی کەمینە و زۆرینە، لە زانستی زمانناسیی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژیای زمانیدا بە پێی شوێن و بەستێنی جۆراوجۆر و جیاواز بەکار هاتوون و توێژەرانی ئەم بوارانە لەسەریان کۆک نین. لە ئەورووپا، االراوەی کۆمەڵەی زمانیی ئەورووپی (-Euro pean community language)، ئاماژەیە بۆ زمانە نیشتمانییە ڕەسمییەکانی دەوڵەتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئەورووپی (Coulmas 1991) و زمانی کەمینە ڕەسەنە خۆجێیی یان پەنابەرەکان ناگرێتەوە، کەچی لە ئوستراليا، زمانە کۆمەڵەییەکان ئاماژەیە بۆ زمانی کەمینە ڕەسەنە خۆجێییەکان و زمانە پەنابەرەکان (Clyne 1991). جیاوازیی نێوان زمانێکی کەمینە و زۆرینە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە. زمانی زۆرینە بە شێوەی ئاسایی پێگەیەکی ڕەسمی و دانپێدانراوی هەیە، لە میدیادا بەکار دێت، و زمانی ئیداری و پەروەردەییی دەوڵەتە. لەبەر هۆی جیاواز زمانە کەمینەکان زۆرجار لەنێو نەتەوە و وڵاتەکاندا دەخرێنە پەراوێزەوە. گرووپە ئەتنۆزمانییەکان لەوانەیە کەمینەیەکی حەشیمەتی بن یان جەماوەرێکی زۆریان هەبێت، بەڵام بەهۆی پێگەی لاوازی کۆمەڵایەتی، کولتووری یان سیاسی کە پەیوەندییان بە هۆکاری کۆچبەری یان داگیرکارییەوە هەیە، وەک کەمینە سەیر بکرێن. کەواتە، کەمینە یان زۆرینە بوون بۆ هیچ زمانێک شتێکی میراتی نییە، بەڵکوو بە هۆی بەستێنە کۆمەڵایەتییە شوێنییەکەیەوە دیاری دەکرێت. بە گشتی، هۆکاری کۆمەڵایەتی-مێژوویی و سیاسی -ئابووری وەک داگیرکردن، لکاندنی نیشتمانی و پەنابەری، پێگەی زمانێک دیاری دەکەن (Ibid, 2015, p. 14).[٢٨] بۆ نموونە زمانەکانی کوردی، بەلوچی و تورکیی ئازەرەی کە هەرکامەیان حەشیمەتی ئاخێوەری چەند ملیۆنییان هەیە، لە ژمارەی ئەندامانی ئاخێوەریاندا کەمینە نین، بەڵام بەهۆی سیاسی- کۆمەڵایەتییەوە پەراوێزخراون، بە

> **لایەنێکی تایبەتی گێڕانەوەی جەوهەرخوازانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە زمان، ئەتنیک و شوناسی نەتەوەی کورد، باوکسالارانە بوونێتی**

کەمینە دادەنرێن. بەتایبەتی، زمانی کوردی، زمانی کۆمەڵەیەکی کەمینەی کۆلۆنی کراوە. ممانی کۆمەڵەیەکی ڕەسەنی خۆجێیی (Indig-enous)یە کە خاکەکـــەی داگیرکراوە، مافی ســەروەریی سیاســـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریـــی ئاخێوەرەکانـــی زەوت کــراوە و زمانەکەش زمانی پــەروەردەی حکومی و ئیداری نییە و بەرەســـمی نەناسێندراوە، بۆیە لە ڕووی بێ دەسەڵاتییەوە بە کەمینە کراوە. لە ئەم بارودۆخەدا، بۆ ئاخێوەرێکی کۆمەڵەی زمانـــی کوردی ئاســـاییە خۆی بـــە ئێرانی نەزانێت، بەرهەڵســـتیی گوتاری داگیرکاری بکات و پێداگری لەســـەر پاراستنی شوناسی خۆی بکاتەوە. چونکە ژیان لە ژێردەستییەکی نەخـــوازراودا و بـــە کەمینە کــران بە هۆی هێزەوە، هیچ ڕەوایەتییەک بۆ خۆســـەپاندنی دەوڵەتی نەتەوەی داگیرکەر ناهێڵێتەوە.

بەشـــێکی ســـەرەکیی ئەدەبیاتـــی زمانناســـیی کۆمەڵایەتی، پێوەندیی بە پاوان کردنـــی دەســـەڵاتەوەهەیە کە نایەکســـانی، هـــەڵاواردن و دەرهاویشـــتنی کۆمەڵایەتـــی لـــێ دەکەوێتەوە. نەتەوەی ژێردەســـت کراو و زمانی ژێردەســـت کراویش کەمینە بوونی ناوێت و ڕەتی دەکەنـــەوە کەمینە بن، بەڵام بە واتایەکی تەواو پێچەوانەی تێگەیشـــتنی بژاردە و دەوڵەتـــی نەتەوەی زاڵ. ئەوان بۆیە کەمینـــە و زۆرینە ڕەت دەکەنـــەوە، چونکە پێوەندیی بە هێز و دەسەڵاتەوە هەیە. ئەگەر دان بـــە بوونی نەتەوەی کەم دەســـەڵات لە جوگرافیای سیاســـیی خۆیاندا بنێن، دەبێت لەدەســـەڵاتەکەدا بەرەســـمیی بناســـن و هاوبەشـــی بکەن؛ مافەکانی ڕەچاو بکەن کە یەک لەو مافانە مافی زمانییە. ئەوان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە خۆســـەپێنی و داگیرکاری و سڕینەوەی شوناســـی نەتەوە زۆرلێکراوەکان، بە ناوی ئەتنیک/نەژادی ئێرانییەوە حاشـــا لە کۆی مافەکانـــی نەتەوەکان دەکەن. هەروەها ئێســـتا لە جیهانی فرەزمانیـــدا گرنگییەکی تایبەتـــی بە زمانـــی بێ دەســـەڵات دەدەن و وەک زمانی بەرمەترســـی لێـــی دەڕوانن. هێندێک لـــە بـــژاردەی نەتـــەوە و دەوڵەتی فەرمانـــڕەوا، چونکە نایانهـــەوێ وڵامی ڕای گشتیی جیهانی و دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و مافی زمانی بدەنەوە و هەر بە یەکجاری لە ژێری دەردەچن، کورد نەک وەک نەتەوە بەڵکـــوو بە ئەتنیکیش نابینن و بەرەو حاشاکردنێکی ڕەها دەچن.

ئێرانییـــەکان لە مێژە گێڕانەوەی تایبەتی لـــە ئەم جۆرە بۆ ئێران و نەتەوە جیاوازەکانی نێو ئـــەو جوگرافیایـــە و بەتایبەتی نەتەوەی کورد هەڵدەبەســـتن. دیانهەوێت ئایدۆلۆژیای دەوڵـــەت – نەتەوەی ئێرانی بەرهەم بێننەوە و ڕووی جیاوازیدارانـــەی بشـــارنەوە. ئەوان دەربڕینی هەستی شوناســـخوازانە بەشتێکی دەستکرد و هاوردە دەزانن، بەڵام لێکدانەوە و گێڕانەوەکانی خۆیان بە سروشتی و واقعییانە وەســـف دەکەن. ئەمە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کـــە ڕێبـــەر و ئەکادیمیی، شـــەهید دکتور قاســـملوو لە ١٩٦٢ لە کتێبی «کوردستان و کورد»دا بە «بەراوەژوو پێشاندانی بە ئەنقەستی پەرەسەندنی مێژوویی کورد» ناوی دەبات و دەڵێت:

*«بە دڵنیایی، هێندێک لە «مێژوو نووسان» بە ئەنقەســـت ڕاســـتییە مێژووییەکان بەراوەژوو پێشان دەدەن، . . . خزمایەتیی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارســـی و ئەوە کە هەر دوو زمانەکە دەچنەوە سەر لقی زمانـــە ئێرانییەکان دەکەنە بەڵگەی ئـــەوەی کە کورد ئێرانییە، واتە فارســـە. ئەوان دان بە کـــورد وەک نەتەوەیەکی ســـەربەخۆ دانانێـــن و پەرەســـەندنی مێژوویی کورد بەراوەژوو پێشان دەدەن» (کوردســـتان و کورد، چاپی ئینگلیزی، ١٩٦٥، ل. ٣٣).[٢٩]*

### ج) دوانەتـــی (دواڵیتـــی) لـــە گـــــوتاری جەوهەرخوازانەی دەوڵەتدا

ئێرانییەکان ئەوکاتەی زمانی کوردی و زمانە ژێردەستەکانی دیکە بە کێشە دەبینن، ئاماژە بە یەکدەستیی نەتەوەییی ئێران و پێکهاتەی پەرەســەندووی سروشتییانەی ئێران دەکەن. کەچی، لــە باری مافناســییەوە لــە ژیانی راســتەقینەدا ڕەچــاوی مافــی وەک یەکی بەناو کەمینە نەتەوەیییەکان لەچاو نەتەوەی فەرمانـــڕەوادا ناکەن. جگە لەوەش، لەســەر واقعی جیاوازییە زمانی، ئەتنی و ئایینییەکان لە بــارە ڕاســتەقینە کۆمەڵایەتییەکەیدا، بۆ ســزادانی ئەندامانــی نەتــەوە زۆرلێکــراوەکان بــە شــێوەی بێبــەش کردنــی کۆمەڵایەتی، سیاســی، ئابووری و یاسایی لە بــەر هەبوونی «لەهجــە»، واتە لێهاتوو نەبوون لە قســە کردن بە فارســییەکی پــاراو بەدوای پشت و سەرچاوەی ئەتنیکییاندا دەگەڕێــن. بــە ئەم شــێوەیە، دەوڵەت و بــژاردەی نەتەوەی فەرمانــڕەوا ئەو دەســەڵات و هێزەی هەیانە بۆ پەراوێزخستن و دەرهاویشــتنی نەتــەوەی ژێردەســت کراو بەکاری دێنن.

بــۆ نموونە، بە پێی ڕۆژنامەی شــەرق ٢٧ی سەماوەزی ١٣٩٦لە بڵاوکردنەوەی فۆرمێکی داوای کار لــە کۆمپانیــای «هەفــت تەپە»دا هاتووە کەسی داواکار دەبێ دیاری بکات کە ئەتنیسیتەی باوکی چییە. چونکە بەپێی وتەی ســەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەریی کۆمپانیاکە، «ئەنجومەنــی دابین کردن و ئیــدارەی کار، ئەوانی ناچارکردووە کە لە دامەزراندنی هێزی کاری ناخۆجێیی خۆبپارێزن.»[٣٠]

ئــەوەی لەم بابەتەدا شــایانی تێبینییە، ئەوەیــە کە یەکەم، ئــەو هەڵڵایەی لە میدیا فارسییەکاندا لەسەر ئەم بابەتە کەوتەوە، لەبەر ئەوە بووە کــە ئەندامانی نەتەوەی فەرمانڕەوا ڕێگەیان پێ نــەدراوە لــەوێ وەربگیرێن!!؟ ئەگەر وانیە، بۆچی لەکوردســتان بەشــێکی ســەرەکیی پۆستە بنەڕەتی و باڵاکانی ئیدارە و کۆمپانیاکان خۆوڵاتــی نین و لە نەتەوەی باڵادەســت یــان لە کــورد باڵادەســتترن، ئەوهەرایەی لەســەر دروســت نابێت و ئەو ڕێنماییــەی ئیــدارەی کار نایانگرێتــەوە؟! بۆ نموونــە، ٪٤٣ کارمەندانی پیشەســازیی پیترۆشیمیی مهاباد خەڵکی شارەکە نین.[٣١] لە حاڵێکدا لاوانی شــارەکە پەنا بۆ کۆڵبەری دەبەن یان بێــکارن. هەروەها، لە کۆی ٤٠٠ کرێــکاری وێســتگەی وزەی هەڵمــی ئێرانشــار(کە نــاوی پێشــتری پەهــرە بــووە) لە سیســتان و بەلووچستان، تەنیا ٤٤ کرێکاریــان بەلووچــن،[٣٢] لــە حاڵێکدا زۆرینــەی ڕەهای شــارەکە بەلووچــن. کەواتــە بــۆ میدیا فــارس و بــژاردەی نەتــەوەی باڵادەســت چاو لەم هەڵاواردنانــە دەپۆشــن؟ بۆیە، ئــەو گومانە بەهێــز دەبێت کە لێــرەش گەڕانــەوە بۆ پشــتی ئەتنیســیتەی داواکارانــی کار لە کۆمپانیای «هەفت تەپە»ش زیاتر بۆ مەبەســتی پەراوێزخســتنی نەتەوە زۆرلێکــراوەکان و خۆوڵاتییەکانــی عەرەبی ئــەو ناوچەیە بێت یان بۆ مەبســتێکی تری بانگەشەیی.

> دەسەڵاتداران یان بژاردەی نەتەوەی زاڵ لە سەر لۆژیکی هێز بە شێوەیەک لە خۆبەزلزانیدا نوقم بوون، هێندێک جار شتی وا دەڵێن زیاتر لە جۆک دەچێت تا ئەوەی بۆچوونێکی زانستی یان جدیی ڕۆشنبیرانە بێت

دەوڵەت و نەتــەوەی فەرمانڕەوا، لەکاتی هاندان بۆ ملکەچ بوونی زیاتر و بەکۆیلەکردنی نەتەوە زۆرلێکراوەکان وەک، بانگەشەکردن بۆ شانۆی هەڵبژاردنەکانیش ئەتنیسیتە و زمانی نەتــەوەکان بەکار دێنێــت و دەورووژێنێت، بــەڵام بــۆ مەبەســتی بەرهەمهێنانــەوەی دەســەڵاتی خۆی. ئەم دوفاقییەی سیاسەتی داگیرکارییانــەی دەوڵەتی ئێران و پاشــخانە

داگیرکەرییەکەی ســەرکەوتوو نەبووە لەوەی هەســتییاریی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی نەتەوە زۆرلێکراوەکان و زمانی کوردی وەک زمانــی جوگرافیایەکــی داگیرکــراو بنرخێنێت و تەنیا لە ئاستی حاشا لێ کردنیدا ماوەتەوە. چونکە، بزووتنەوەی شوناسخوازانەی کوردیــش بەرخۆدانی زمانــی و کولتووریی کردووەتە بەشێک لە خەباتی نەتەوەخوازانەی خۆی و لەبوژاندنــەوەی زمانەکەیدا چالاکانە بەردەوامە.

## ئاراســتەکانی ڕوانینی سیاسەتی زمانی لــە ئێراندا: بە کێشــە بینینــی زمانی ژێردەست کراو و برەودان بە زمانی زاڵ

بــە بۆچوونــی ڕویــز (١٩٨٤) هەڵوێســت وتێڕوانینە سەرەکییەکان بۆ زمان و شێوەکانی ئەرک پێ ســپاردنی لە کۆمەڵدا، کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو بڕیار و هەوڵانەی بۆ دیاری کردنی سروشتی پلانی زمانی لە بەستێنێکی دیــاری کــراودا دەدرێــت و جێبەجــێ دەکرێت. هەڵوێســت و ئایدۆلۆژیاکان دیاری دەکەن کە بە ئاراســتەی «ماف»، «کێشــە» یــان «وەک ســەرچاوە» لە زمــان بڕوانین (p. 15).[٣٣] لەسەر بنەمای ئەم ئاراستانەیە کە ململانێ گوتارییەکان بۆ زمان سەرهەڵدەدەن، کە لێرەدا لــە دوو گوتاری فرەزمانی خوازانە (multilingual) وەک جۆرێــک لە پلۆرالیزم و گوتاری تاکزمانی خوازانە (monolingual) وەک جۆرێــک لە جەوهەرخــوازی دەکەونە بەرانبەر یەکتر.

### • ئاراستەی ڕوانین لە زمان وەک کێشە

بــە بۆچوونی «ڕویز» ڕوانیــن بۆ «زمان وەک کێشــە»یەکی کۆمەڵایەتــی بە شــێوەیەکی کردەکی دەکرێت بناسرێت و چارەسەرەکەشی پەروەردە و فێرکردنــی دووزمانە (bilingual education)یــە. بە گشــتی، ئــەو پێی وایە کە دوو چارەســەر بۆ مەســەلەی فرەزمانی هەیە: یان ئاراســتەکە لــە ڕووی عینادەوە و بۆ مەبەســتی خراپە، ئەوە چارەســەرەکان ڕیشەکێش کردن، نوقوستان کردن، قەرەنتینە کــردن یان واکســینە کــردن دەبێت، یان چارەســەرەکە «چاککردنەوە» و «برەوپێدان»ە (Ruiz, 1984, p. 21). لــە پێوەنــدی لەگەڵ چارەسەری یەکەمدا، دەڵێت، «چونکە کێشە زمانییــەکان هەر کێشــەی تایبەت بە زمان خۆی نین، بەڵکوو کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەســەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم مەیلە تایبەتە [زمان وەک کێشــە بینین] لەوانەیە نوێنــەری ڕوانگەیەکی تری [نەرێنی] لەبارەی جۆراوجۆریی کولتووری و کۆمەڵایەتیشــەوە بێت (ibid). لە بەشەکانی تری ئــەم وتــارەدا لەســەرەوە زیاتر ڕوون کرایــەوە کە کێشــەکانی زمــان ناتوانن لە کێشە سیاســی- کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئاخێوەرانــی کۆمەڵە زمانییە جیاوازەکان جیا بن و لەدەرەوەی ئەو بەستێنانە بکرێت ڕوون بکرێنەوە.

### • ئاراستەی ڕوانین لە زمان وەک ماف

ڕوانین بۆ «زمان وەک ماف» لەو هەوڵانەدا کە لە پێناو دانی مافی مرۆڤی زمانیدا لە جیهان دەدرێن ڕەنگدەداتەوە و لەوانەیە بە فێرکردنی یەکلایەنــەی پەرەپێدانی دوو زمانە وەســف بکرێت کە تێیدا [تەنیا] خوێندکارانی زمانی کەمینــە لەگەڵ پاراســتنی زمانی دایکیاندا، زمانی زاڵیش فێردەبن (Johnson, 2013, p. 36)[٣٤] و ئیتر خوێنــدکاری زمانی نەتەوەی فەرمانڕەوا پێویســت نــاکات زمانی کەمینە بزانن و بخوێنن. لە ئێراندا، ئاخێوەرانی زمانی کوردی، بەتایبەتی، نــەک هەر مافی زمانی، بەڵکوو مافی گیانیی خۆشــیان پارێزراو نییە. کوژرانی ڕۆژانەی کۆڵبەرانی بێ چەکی کورد بە تەقەی ڕاســتەوخۆی هێــزی چەکداری ئێرانی، زۆرترین ڕێژەی زیندانیانی سیاســی کورد لــە زیندانەکانی کۆماری ئیســلامی و

ئیعدامەکان نموونەیەک لەوانەن.

**• ئاراستەی ڕوانین لە زمان وەک سەرچاوە**

لە ڕوانین بۆ «زمان وەک سەرچاوە»دا، جۆراوجۆریی زمانی و پەروەردەی فرەزمانی وەک سەرچاوە بۆ ئاخێوەری ڕەسەن و نارەسەنی زمان هەردووکیان لەبەرچاو دەگیرێت. واتە فێرکردنی جووت زمانەی ووولایەنە {کە هێندێک جار بە دوو زمانە (im-mersion) یان دوانەی زمانی ناودەبرێت} کە تێیدا هەم ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی دایک و هەم نارەسەن [لە هێندێک بابەت] بە هەردوو زمانەکە دەخوێنن(Ibid).

«هەوڵەکانی پلانی زمانی بەو گریمانەیە دەست پێ دەکەن کە زمان سەرچاوەیەکە دەبێ بەڕێوەببرێت، پێش بخرێت، و بپارێزرێت. پێویستە کۆمەڵە زمانییە کەمینەکانیش وەک سەرچاوەگەلێکی «گرنگ»ی پسپۆڕی لەبەرچاو بگیرێت» (Ruis, 1984, p. 26). جگە لەو لایەنە فێرکردنە فرەزمانییە کە بۆ ناوخۆی هەر وڵاتێک قازانجە و توانستی چەند زمانە بوونی وڵاتەکە لەباری ناوخۆیی وەک سەرچاوە دەباتە سەرێ، ڕویز پێی وایە کە سەرچاوە زمانییە سروشتی و دروستکراوەکانی وڵاتەکە، دەتوانێت بۆ ئەمریکا لەباری چالاکییە سەروو نیشتمانییەکانیش (دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی، بازرگانی، ئاسایشی نیشتمانی و بەرگری) سودمەند بێت(Ibid).

بەپێی ئەم ئاراستانەی ڕویز، دەکرێت بڵێین ئێران لە قۆناغی جۆراوجۆردا و بەپێی بەستێن و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ئاراستەی جیاوزی سیاسەتی زمانیی وەرگرتووە. بەڵام لەسەر یەک «لەهەر دوو قۆناغی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیمەکانی ئێران فرەزمانی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە دەزانن(شێخولئیسلامی، ٢٠١٢)»[٣٥]

بۆ نموونە، لەهەموو ئێران و بەتایبەتی، لە کوردستان لە چەند دەیەی یەکەمی مۆدێرن کردنی ئێران و چەسپاندنی دەوڵەت- نەتەی ئێرانیدا (ڕەزاشا ١٩٢٥- ١٩٤١) زمانەکانی غەیری فارسییان بە «کێشە» وەرگرتووە و قەدەغەکردووە. لە پاش ئەم دوو دەیەیە و لە سەردەمی موحەممەد ڕەزاشای کوردا(١٩٤٢- ١٩٧٩) «ئاراستەی سنووردار»(Restrictive)ی «کلۆس»ی وەرگرتووە کە زیاتر بواردان بووە بە ڕۆژنامەیەک و چەند وێستگەیەکی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی لە تاران، کرماشان، مهاباد و سنە.

> **دەوڵەت و نەتەوەی فەرمانڕەوا، لەکاتی هاندان بۆ ملکەچ بوونی زیاتر و بەکۆیلەکردنی نەتەوە زۆرلێکراوەکان وەک، بانگەشەکردن بۆ شانۆی هەڵبژاردنەکانیش ئەتنیسیتە و زمانی نەتەوەکان بەکار دێنێت**

لە پاش شۆرشی نەتەوەکانی ئێران بە دژی دیکتاتۆریی ڕەزاشا، ئەم ڕوانینە ئاراستەیەکی بەرفراوانتر لە پێشوو وەردەگرێت. دەکرێت بڵێین لە ئاراستەی سنووردارەوە گۆڕا بۆ ڕوانینێکی گونجاو بە قازانجی خۆی کە «کلۆس و وایلی» بە ڕروانینی هەل پەرستانە» (ex-pediency orientation) ناوی دەبەن. هەرچەند ئەمان ئەم ڕوانینەیان بۆ ڕێگەدان بە خوێندنی کاتییانەی دووزمانی بەکار هێناوە، بەڵام لەگەڵ سیاسەتی ئێران بۆ زمانی کەمینەکان و زمانی کوردی لە بڕگەی ١٥ی یاسای بنچینەییی ئێراندا دێتەوە. لە یاسای بنچینەییی ئێراندا لە بڕگەی ١٥ی یاساکەدا بە شێوەیەکی تەمومژاوی ئاماژە بە «ئازادی»ی خوێندنی ئەدەبیاتی کەمینەکان لەپاڵ زمانی فارسیدا و بەکارهێنانیان لە میدیا و چاپەمەنییەکاندا دەکات (بە بێ ئاماژە بە زمانەکانیان بەگشتی و ناوی زمانەکان بەتایبەتی)، بەڵام بە ڕاشکاوی و ڕوونی بە

بەکار هێنانی وشەی «دەبێ» منداڵانی نەتەوە ژێردەستەکان بە خوێندنی زمانی فارسی لە خوێندنگە دەوڵەتییەکاندا پابەند دەکات.

ئاراستەی چارانخوازانەی مافی کەمینە (tolerance-oriented minority rights) لە روانگەی «کلۆس»ەوە کۆی ئەو نۆرمە حقووقی، یاسای عورفی، و نرخاندنانەیە کە حکومەت و دامەزراوە حکومییەکانی سەر بەدەوڵەت (بەتایبەتی لە خوێندنگە حکومییەکاندا) بۆ کەمینەکانی ئامادە دەکەن، و ئەگەر پێویست بوو، پارێزگاری لە مافەکانیان بۆ برەوپێدانی زمانەکەیان لە ڕووبەری تایبەتی، واتە لە خێزان و دامەزراوە تایبەتەکان دەکەن (Kloss 1998: 20). کەواتە، حکومەت لەوانەیە مافی خوێندن و پێگەیاندنی بە زمانی باڵادەست لە خوێندنگەی حکومی دابین بکات و مافە کۆمەڵایەتییەکانی تری کەمینەکان بپارێزێت، بەڵام مافی خوێندن بەزمانی دایکیان ناپارێزێت. دیارە ئەمە لە بەرانبەر مافی «برەوخوازانە»دا (promotion-oriented)یە کە «ڕێکیدەخات چۆن دامەزراوە حکومییەکان زمان و کولتووری کەمینەکان بەکار بێنن... [و] بەڵێنی بەرەسمی ناسین و بەکارهێنانی زمانەکەیان لەلایەن ئۆرگانە دەوڵەتییەکانەوە پێ دەدات» (Kloss 1998: 21). بەگشتی، لەم ڕوانینەدادەوڵەت سەرچاوەکانی بەکارهێنانی ڕەسمییانەی زمانی کەمینەکان دابین دەکات.

بە پوختی، دەکرێت بڵێین بە پێی ئاراستەی مافی زمانیی چارانخوازانە لە پلانی زمانیدا، لەگەڵ بەکارهاتنی زمان لە خێزان، لە مزگەوتەکان، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، لە ڕۆژنامە و کۆرسەکانی فێرکردنی زمان، لە کەرتی تایبەت و کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستان بە شێوە کۆنترۆڵکراوەکەی چاراوە، کە چەند دامەزراوەیەکی ئەهلیی و وەک «نۆژین» و «زاگرۆس» و «سۆما»ن. بەڵام ئەم دامەزراوانە نەک هەر بە هیچ جۆر لە لایەن دەوڵەتەوە لەبەر مەترسییەکانی داخستن و سوتاندنیان پشتگیری نەکراون، زۆرجار ئەندامەکانیان کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزی سەرکوتکەری ئیتلاعاتی سپای پاسداران و گیراویشن. هەروەها فێرکردنی زمانی کوردی لە کەرتی تایبەت و یان چاپ و بڵاوکردنەوە لە پارێزگا و شارەکانی کوردستان وەک یەک نییە. کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتەکانی بەکارهێنانی زمانی لێ بەرتەسک بووەتەوە و سنووردارکراوە. بەگشتی ئەم سیاسەتی چارانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زمانی کوردی لەچوارچێوەی دابەش کردنی ئیداریی و کارگێڕیی وڵاتەکەدا(تقسیمات کشوری) بە پارێزگای سنە (کە دەوڵەتی ناوەندی تەنیا ئەو پارێزگایەی بە کوردستان ناسیوە) و تارادەیەکیش موکریان دەبەسترێتەوە کە وەک جەعفەر شێخو لئیسلامی (٢٠١٢) ئاماژەی پێ دەکات، «ئاراستەی چارانێکی کۆنترۆڵکراو»ی گرتووتەوە بەر.

> **بزووتنەوەی شوناسخوازانەی کوردیش بەرخۆدانی زمانی و کولتووریی کردووەتە بەشێک لە خەباتی نەتەوەخوازانەی خۆی و لەبوژاندنەوەی زمانەکەیدا چالاکانە بەردەوامە**

لە کرماشان و ئیلام زمان هەروا بە کێشە دەبینرێت و هەوڵی ڕیشەکێش کردن، نوقستان کردن، ئاوێتە کردنی بەفارسی و لەڕاستیدا واکسینەکردنی دەدرێت. لە ناوچەی ئەردەڵان بە ناوەندیی سنە و لە موکریان و لە ورمێ لەگەڵی «دەچارێت»، بێ ئەوەی لە کاتی بەرهەڵستی کردنی پانتورکیزم یان پانئێرانیزمدا پشتی بگرێت. بە کورتی، زمانی کوردی لە ئاستی ئێراندا بەگشتی و بەتایبەتی لە کەرتی پەروەردە و فێرکردنی ڕەسمی لە

قۆناغی بنەڕەتیدا، وەک کێشـــە سەیر کراوە. هەروەها ســـەبارەت بە زمان وەک سەرچاوە، دەکرێت بڵێین لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زمانی کوردی لەبـــواری میدیادا، وەک ســـەرچاوە لە ڕێـــگای «تـــۆڕی میدیایی ســـەحەر» و هەفتەنامـــەی «جام کورد» بـــەکاری هێناوە، بـــەڵام ئـــەم لایەنەشـــی پتر لە ئاراســـتەی «چـــاران» (tolerance)ی کلـــۆس ١٩٩٨ و ئاراستەی «هەلپەرســـتانە»ی کلۆس و وایلی نزیکە تا لە ئاراستەی سەرچاوەی ڕویز. هۆی ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە زمانییە ئەوەیە کە:

- کـــورد (نەتەوە)، زمانـــی کوردی(زمان)، و کوردستان(خاک)، لەباری جوگرافی، زمانی و نەتەوەییەوە بەردەوامیی و پەیوەستەییەکەی پاراستووە، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی سیاسی- کولتووریی کوردیش بەردەوام بووە، نەیتوانیوە پێشی پێ بگرێت.
- وەک پاڵپشـــتێکی تیـــۆری بـــۆ گێڕانەوە باوکسالارانەکەی و گوتارە جەوهەرخوازانەکەی لـــە ململانـــێ ناوچەیـــی (ئیقلمیی/هەرێمی) ییەکانـــدا بەنـــاوی «جوگرافیـــای ئێرانـــی فەرهەنگی»ییەوە لە دیپلۆماســـیی هەرێمیدا بەکاری دێنێت.
- چاران لەگەڵ زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ کراو، ئاستی ململانێی کورد بەرانبەر بـــە خۆی کـــەم دەکاتەوە و لـــە ناوخۆدا لە ڕێی بژاردەی ریفۆرمیســـتیی کوردی سەربە دەســـەڵاتی ناوەندییـــەوە، وەک گەمەیەکی سیاسی بە ناوی «دەرفەت» و زەرفییەتەکانی یاســـای بنچینەیـــی، تەفســـیری دەکات. ئەمـــەش کەلێنی نێوان هێـــزە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانی کـــورد زیاتـــر دەکات و ســـوپاپەکانی دڵنیایی بۆ پاراستنی ڕێژیم لە بەرهەڵستییە نەتەوەییەکان چەور دەکات.
- لەهەمـــان کاتـــدا، بە واکســـینەکردنی بە زمانی فارســـی وەک زمانی زاڵ، کوردییەکە پاســـیڤ دەکات و بەرەبـــەرە دەیگۆڕێـــت بۆ شێوەزارێکی فارســـی کە دوایە نموونەیەکی بەناوی «فارســـیی کرماشانی!!» و «مهابادی!!» یـــان «ســـنەیی!!»پێکبێت وەک هەموو جۆرە جیاوازە فارســـییەکانی لە جۆری ئیسفەهانی یان کرمانی و شـــیرازی و لـــە ئەنجامدا ئەم پەرەســـەندنە بە سروشتی، ئاسایی و خوازراو بنوێنێت.

## ئەنجام

ململانێ و پێکدادانەکانـــی نەتەوەی کورد و دەسەڵاتدارانی ئێران مێژوویین و دەگەڕێنەوە بۆ پێش پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران. ئەدەبیاتی کوردی چ بەنووسراو و چ بە گوتراو پێکدادانەکانـــی نواندووەتـــەوە و پێچەوانەی گێڕانەوە دروستکراوەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا، کورد خۆی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی- زمانی لە هەرێمێک بەناوی کوردستاندا بینوە، نەک پاشکۆیەکی سەرزەمینی- کولتووری ئێرانی. پێوەندییەکانـــی زمانی کوردی لە پاڵ زمانی فارسی، تورکی وعەرەبیدا ئاسایی و سروشتی بووە و خێزانەزمانی کـــوردی لە ژینگەیەکی فرەزمانیـــدا پێکهاتـــەی دەنگی، وشـــەیی و ڕێزمانیی خۆی پاراســـتووە و خاوەن جۆری جیـــاوازی تایبـــەت بەخۆیەتـــی. ئاخێوەری کـــورد ســـەرەرای کار لێـــک کردنـــە نێوان کولتوورییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی، بـــە هـــۆی بارودۆخـــی ئایینی، سیاســـی، و دەســـەڵاتەوە لە ژینگەیەکی فرەزماندا ژیاوە، بـــەڵام مۆرکـــی کولتـــوور و دونیابینییەکی کوردانە بە زمـــان و ئەدەبیاتەکەیەوە دیارە و پێی دەناسرێتەوە.

ســـەرکوتی زمان و داگیرکاریی سیاسی -ئابووریـــی لەلایـــەن دەوڵەت-نەتـــەوەی ئێرانـــی، توندوتیژییەکانـــی بەهێزکردووە و ڕێگـــەی نەداوە فرەزمانی بـــە تایبەتمەندییە پێشـــینییەکانی خۆی بەردەوام بێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕەچاوکردنـــی مافی زمانی بە شـــێوە بڕەوخوازانەکەی کە لەباری یاسایی و

بەڕێوەبەریدا پێویستییە بە بەرەسمی ناسین و پشتگیری کردنی دەوڵەتە، دەتوانێت ئاستی ئەو توندوتیژییە خوێناوییانە کەم بکاتەوە و دەرفەت بۆ چارەسەری ئینسانی بۆ پێکەوەژیانێکی سەردەمیانە بە پێی پاراستنی سەروەریی سیاسی، ئابووری، دەروونیی دوولایەنەی نەتەوەکان بڕەخسێنێت. بۆ باری ئێستای کوردستان و ئێران دوو بنەما هەیە کە بەشێوەیەک لە وڵاتێکی وەک کانادا لە پێوەندی لەگەڵ فرەزمانی لەو وڵاتەدا تاقی کراوەتەوە. یەکەمیان «بنەمای زمانی نیشتمانی» (the territorial language principle)یە. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێویستە لەسەر بنەمای پەیوەستەییی زمانی هەرێمی، پەیوەستەییی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی بپارێزێت تا دڵنیا بێت لە مانەوەکەی لە سەر خاکی خۆی. نەتەوەی کورد و زمانی کوردی دەبێ بە کوردستانی بوونی بمێنێتەوە تا بتوانێت هێزی خۆی بەدەست بێنێتەوە وهەوڵی دەرچوون لە کەمینە بوون بدات. ئەمە بۆ ئەو شار و گوند و ناوچانەیە کە کورد لەبەردەوامی و پێوەستەییەکی ئەتنی و زمانیدا دەژیت و بەکوردستان ناسراوە. «کوبک» لەکانادا، «کاتالان» لە ئیسپانیا نموونەیەکی ئەو خۆ پاراستنەن. دووەم، بنەمای گەرەنتی کردنی مافی زمانی «بنەمای زمانی کەسێتی» (the personality language principle)یە. بە پێی ئەم بنەمایە مافی زمانی تاکەکان بێ گەرانەوە بۆ پێگە جوگرافییەکەیان دەپارێزرێت.[٣٦] ئەم بنەمایە بۆ ئەو شوێنانە گونجاوە کە هێندێک گوند و ناوچەی کورد زمان لەگەڵ کۆمەڵە و گرووپی زمانیی دیکەی غەیری کورددا تێکەڵن ولە پێک کەوتنێکی ئەتنی-زمانیدان، کورد لە تاران، لە هێندێک شاری باکووری ئێران، لە هێندێک گوند و شاری بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێندێک گوند و شارۆچکەی تێکەڵاوی لە پارێزگای هەمەدان دەتوانێت لەسەر ئەم بنەمایە بڕوات و مافی کەمینە زمانییەکانی دیکەی دانیشتووی کوردستانیش هەروا بپارێزێت. بۆ نموونە، کانادا مافی زمانیی کەسێتیی فەرانسەیی زمانەکانی لە دەرەوەی ویلایەتی کۆبەک پاراستووە(١٩٨٢). لە پێوەندی لەگەڵ داگیرکاریی شێوە ئێرانیدا، لەوانەیە دەرچوون لە ژێر نیری داگیرکاریی سیاسی، جوگرافی و ئابووری بۆ کورد ئاسان نەبێت، بەڵام دەرکردنی داگیرکەر لە باری دەروونی و لە زەین و بیری نەتەوەی داگیرکراوی کورددا لەوەش ئەستەم ترە. تەنیا ئەوکاتە کۆلۆنیالیزم لە مێشکە کۆلۆنیکراوەکاندا ڕاو دەنرێن کە نەتەوەی کۆلۆنیکراو داگیرکەری وەک کۆلۆنیالیست ناسیبێت، و بڕیاری بەگژداچوونەوەی هەموولایەنەی لە دژی دابێت و باوەڕی بەمافی ڕەها و تەواوی خۆی هەبێت.

## سەرچاوەکان


١. حاجی قادر کۆیی(١٩٨٦)(دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میرخان و کەریم شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعود محەممەد، بەغدا: ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان.

2. http://dictionary.sensagent.com/faqi%20tayran/en-en/.

3 .Fassom, P. M. (1919). A practical Kurdish Grammar. INTER- SYNODICAL EV. LUTHRAN ORIANT-MISSION SOCIETY.

4. Liddicoat, A. (2013). Language-in-Education Policies: The Discursive Construction of Intercultural Relations. Bristol, UK: Multilingual Matters.

5. Esmaeil Haddadian- Moghaddam & Reine-Meylaerts (2015) What about Translation? Beyond “Persianization” as the Language Policy in Iran, Iranian Studies, 48:6, 851-870, DOI: 10.1080/00210862.2014.913437.

٦. هەمان سەرچاوە، وەریگرتووە لە: Adopted From “World Fact Book. “2013. Middle East: Iran.” Accessed January 2013. https://www.cia.gov/library/ publications/the-world-factbook/geos/ir.html“

7. Rubin, J., Jernudd, B. H., Das Gupta, J., Fish-

man, J. A., & Ferguson, C. A. (Eds.). (1977). Language planning processes. The Hague: Mouton.

8. Tollefson, J. W. (1991). Planning language, planning inequality: Language policy in the community. London: Longman.

9. WANA NEWZ. IR. (May 29, 2019 / ۸خـــرداد ۱۳۸۹), کد خبر: ۲۶۷۷۴.

۱۰. «تەندروســـتیی زمانـــی» زاراوەیەک بوو کە دێبـــۆرا کامێرۆن، زمانناسی بریتانی لە ۱۹۹۵ دایهێنا. ئاماژەیە بۆ ئەوڕاهێنانانەی کە بۆ برەودان بە پەتیکردنی زمانی ستاندارد و پاککردنەوەی زمان دەدرا.
(Cameron, D., 1958, & ProQuest (Firm). (1995). Verbal hygiene. London;New York;: Routledge.
ئالیســـۆن جول (۲۰۰۸) پێیوایە»تەندروســـتیی زمانی ڕێگایەکە بۆ واتابەخشـــین بە زمان و هەوڵێکی ڕەمزییە بۆ ســـەپاندنی نەزمێک بەسەر جیهانی کۆمەڵایەتیدا».
Jule, A. (2017). A beginner's guide to language and gender. Bristol: Multilingual matters.

11. Schieffelin, B. B., Woolard, K. A., &Kroskrity, P. V. (1998). Language ideologies: Practice and theory. Retrieved from https://ebookcentral-proquest-com.proxy.library.carleton.ca.

12. parsianjoman.org/?p=6237.

13. Guardado, M. (2018). Discourse, ideology and practice: Micro and macro perspectives in language development and maintenance. Retrieved from https:// ebookcentral -proquest -com .proxy. library.carleton.ca.

14. M, Seel, Norbert. (01/01/2012). Essentialism. Encyclopedia of the Sciences of Learning.

15. Gesser, S. (2015). Madrid›s forgotten avant-garde: Between essentialism and modernity. Retrieved from https://ebookcentral.proquest.com.

16. Borjian, M. &Borjian, H. (2011). Plight of Persian in the modernization Era, (pp. 254 – 67). In Fishman, J. A., & García, O. (2011). Handbook of language and ethnic identity (2nd ed.). New York: Oxford University Press.
(لە ئەحمەدی ئەشرەف (۲۰۰۶) وەریانگرتووە:
http://www.iranicaonline.org/articles/iranian-identity-i-perspectives)

17.Grillo, R. (1998). Pluralism and the Politics of Difference: State, Culture, and Ethnicity in Comparative Perspective. Oxford: Oxford University Press.

18.Ucarlar, N. (2009). Between Majority Power and Minority Resistance: Kurdish Linguistic Rights in Turkey. Lund University.

19. http://www.faratab.com/news/9112

20. Hassanpour, A. (2010). The Politics of A-political Linguistics: Linguists and Linguicide. In Rights to language: Equity, power, and education: Celebrating the 60th birthday of ToveSkutnabb-Kangas/edited by Robert Phillipson.(pp. 33-40). London: Lawrence Erlbaum Associates.

21. Hassanpour, A. (1992). Nationalism and language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.

22. www. sharghdaily .ir / 1395 / 11 / 05 / Main / PDF/13951105-2785-6-2.pdf

23. https:// www. cia.gov/ library/publications/the-world-factbook/geos/ir.html.

24. Mignolo, W. (1992). On the Colonization of Amerindian Languages and Memories: Renaissance Theories of Writing and the Discontinuity of the Classical Tradition. Comparative Studies in Society and History, 34(2), 301-330. doi:10.1017/S0010417500017709.

۲۵. طباطبایی، جواد. (۱۳۹۶). تاریخ جهان با ایران آغاز میشـــود. در فرهنگ امروز، پنجشنبه ۱۳ مهر ۱۳۹۶ - ۱۱:۱۸

26. Mignolo, W. (2011). The darker side of western modernity: Global futures, decolonial options. Durham: Duke University Press.

27. https:// www.bedonim.com/ 2018 / 12 / 11 / kankash-۱۲-۱۱-۱۸-کنکاش-با-حشمت-رئیسی-و-پروفسور-گارنی/

28. Montrul, S. (2015). The Acquisition of Heritage Languages. Cambridge: Cambridge University Press.

29. Ghassemlou, A. R. (1965). Kurdistan and the kurds. Prague: Pub. House of the Czechoslovak Academy of Sciences.

30. https://www.radiofarda.com/a/iran_shargh_daily_report_etchnic_question/28924543.html

31. http://haje.ir/newsdetails.aspx?itemid=9916

32. https://www.hra-news.org/2014/hranews/

33. Ruiz, R. (1984). Orientations in language planning. NABE Journal, 8(2), pp. 15–34.

34.Johnson, D. C. (2013). Language policy. New York: Palgrave Macmillan.

35. Sheyholislami, J. (2012). Kurdish in Iran: A case of restricted and controlled tolerance, 2012(217), pp. 19-47. Retrieved 31 Aug. 2019, from doi:10.1515/ijsl-2012-0048.

36 .May, S. (2018). Language Rights and Language Repression. In the Oxford Handbook of Language Policy and Planning (pp. 237–255). Oxford Handbooks Online.

# تیئۆریی ئاریایی و هیندوئەورووپی،

## ناسنامەیەکی داگیرکاریی دژ بە کورد

**هادی عەزیزی**



**ئاماژە**

کێشەگەلێک کە لە ڕێی زمانەوانییەوە نەیدەتوانی ڕیشەی کورد بسەلمێنێ، هەمووی بوون بە هۆکار کە دەیڤید نیل مەکێنزی لە ساڵی ١٩٦٠ بەو ئاکامە بگا کە بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی کورد، پێویستە لە دەرەوەی گۆڤانی زمانەوانی بۆی بگەڕێن، شتێک لە دواتر لە سەر هەمان کێشە لە لایەن کاڤالی سفۆرزا لە زانستی چەند ڕشتەییدا تێکەڵ کرا، کە لە بەشێکیدا لە هەژدە خاڵی جیاوازدا لێکۆڵینەوەیان لە سەر خەڵکی کوردستان و دەور و پشتی کوردستان کردووە. سەرەتای لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە کورد لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێکچوونیان هەیە.

لەم نووسینەدا، سەرەتا بە ئاراستەیەکی هەڵە دەست پێ دەکەین کە زۆرینەی ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوو نووسان وەکوو مێتۆدێکی لێکۆڵینەوە و ئامرازێکی مێژوویی، کردوویانە بە ڕێچکە و لە سەر هەمان بنەماش دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و بەتایبەتی فارس، خۆیان لە سەر ئەو ڕێبازە بەهێز کردووە.

ئەم مێتـۆدە وەک سـەرەتایەک هیندە ڕێگە خۆشـکەر بوو هەتا فارسەکان تەنانەت لە ناوەندە ئاکادمییەکانیشـیاندا بە چەند قات زیاتر چەواشەکاریشی پێوە دەکەن.

نموونـەی بەهێزی سـەلماندنی ئەو درۆ و چەواشـەکاریيانەی ئـەوان وای کـرد کە ناوەندەکانی لێکۆڵینـەوە لە لەندەن کتێبێک لە سەر هەخامەنشی و کەسایەتیی کوورشی فارسـی بنووسن و پێیان بسەلمێنن کە ئەوە ئێوە نین کە بەم شێوەیە باسی خۆتان دەکەن. (Irving Finkel; The Cyrus Cylinder: The Great Persian Edict from Babylon)

## مێتـۆد و شـێوازە هەڵەکـەی نـاو ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسان:

*«بە شێوەیەکی نەریتی کوردەکان وەک ئێرانی و بنەچەکی ئێرانی دەناسـرێن، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی بە هیندوئەورووپی هەژمار دەکرێن، چونکە دەڵێن بە ئێرانی قسە دەکەن»*

ئەم شێوازە بە گشتی لە لایان زمانەوانان و لێکۆڵەرانـی مێژووی زمانـەوە پەرەی پێ دراوە و ئـەو فاکتانـەی کـە وەک بنەڕەتی تێزەکە پشتی پێ سپێردراوە، تەنیا وێکچوونی زمانییە.

هەڵەی گـەورەی هەموو مێژوونووسـان و لێکۆڵـەران ئـەوە بـوو کە هیـچ کاتێک نەیانویسـتووە یـان نەیانتوانیـوە، زمانـی کـوردی لەگـەڵ زمانە «ناسـامییەکان» ـی نـاو ڕۆژهەڵاتی ناوین یـان میزۆپۆتامیا لێک بدەنەوە، هەر چی لە لێکۆڵینەوەکانی ئەوانەوە دەرەکەویت،خوێندنەوەیان لەسەر کورد تەنیا و تەنیا لە ڕووی مێژووی دەوڵەتی میدییەوەیە کە ئـەوەش، هەمـوو گریمانـەکان بێ هێز دەکات.

سەرهەڵدانی دەستەواژەی هیندوئەورووپی و دواتر گۆڕانی بە هیندوئێرانی و هیندوئەڵمانی، هەروەهـا تێکـەڵ بوونی تێزێکـی هەڵە بە ناوی «ئاریایـی» لە گەڵ ئەم دەسـتەواژانە، مەجالێکـی بۆ فارس ڕەخسـاند کە لە دوای ئەوەی لە سـەردەمی موزەفەرەددین شـای قاجاردا یاسایەکی کرچ و کاڵی بنەڕەتییان بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی یەکدەسـت نووسیبۆوە، بەم تێزانـە لە سـەردەمی ڕەزای پەهلەویدا نەخشـەیەکی نـوێ بە باڵادەسـتیی فارس بە سـەر نەتەوەکاندا بکێشـنەوە و «ممالک محروسـە» کە جـاران تا ڕادەیـەک خۆیان باڵادەسـتی خۆیان بوون، بە یەکجاری لە ناو وڵاتێکی تازە بە ناوی ئێراندا بخنکێندرێن، کە کوردستانی ئێمەش لەم پیلانە بێبەش نەبوو.

بۆ ئـەوەی ئێمە بەرپەرچـی هەموو ئەو تێزانـە بدەینەوە، پێویسـتە بە شـێوەیەکی بنەڕەتی هەموو تێزەکان شـیتاڵ بکەین و بە سـەر مێژوویاندا بچینەوە. شیکردنەوەی پێ بە پێی ئەم قۆناغانە دەتوانێ ڕۆشنگەرییەکی بەهێز بە ئێمە ببەخشـێ، کـە دواتر بتوانین زیاتـر لـە حەقیقەتی «کورد و کوردسـتان» تێبگەین.

وەک سـەرەتا باسـمان کرد بـە هۆی هەبوونی هەندێک بەڵگە و وێکچوونی زمانی، کورد بەستراوەتەوە بە لقی زمانە ئێرانییەکانەوە و ئـەوەش کارێکی وای کـرد کورد بکەوێتە بازنەی زمانەکانی هیندوئەورووپییەوە کە زمانی کوردی لە هەموویان کۆنتر بوو.

مێـژووی تیئـۆری هیندوئەورووپی زۆر کۆن نییە و کاتی خۆی دادوەرێکی سەربازیی بریتانیا بە ناوی سێر ویلیام جۆنز(sir william jones 1746-1794) کـە وەک حاکمێک لە هیندوستانی ژێردەستی بریتانیا بڕیاری دەدا، سـاڵی ١٧٨٦ بە سـەرنجدان بە پەیوەندیی

نێوان زمانی سانسکریت و یۆنانی و لاتین، بیرۆکەی هیندوئەورووپی بە مێشکدا هات، بەڵام ئەو کاتە هیچ ناوێکی لێ نەنا.

جۆنز لە ئێرانی ئەو کات کە هێشتا ناوی ئێران نەبوو، زۆری هاتوچۆ دەکرد و شارەزاییەکی باشیشی لە فارسیدا هەبووە، تەنانەت ئەو بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی ماوەیەکیش لە شاری حەڵەبی ئەو کات ماوەتەوە کە بەشێکی زۆری دانیشتوانیشی کورد بوون، بەڵام ئەم زاتە هیچ کات خۆی لە کوردستان و چیاکانی زاگرۆس نەداوە و تەواو لە زمانی کوردی بێ ئاگا بووە.

هەر بۆیە بیرکردنەوە لەم تێزە لە ڕووی بنەڕەت و بناغەی زمانناسییەوە نەبووە، چونکە ئەو تەنیا بەو زمانانە قسەی کردووە.

پێشتر لە لایەن هەندێک خەڵکی دیکەوە سەرنجی پەیوەندیی نێوان زمانە ئەورووپییەکان درابوو، بەڵام ئەوە یەکەمین جار بوو کە کەسێک بەو جۆرە ئەو هەموو زمانانە بەیەکەوە ببەستێتەوە کە لە یەک دوور بوون و جۆنز زمانی سانسکریتیشی بە تیئۆرییەکەوە بەستبۆوە.

دواتر ساڵی ١٨١٣ی زایینی، لێکۆڵەرێکی دیکەی بریتانی بە ناوی تۆماس یەنگ(thomas young 1773-1829) بۆ یەکەم جار دەستەواژەی هیندوئەورووپی(Indo-eropean) بۆ ئەو کۆمەڵە زمانانە دانا.

هەر لەو سەروبەندەدا و دواتریش ئاڵمانییەکان بەم تێزەوە تێوەگلان و زۆرینەی جار لە بڕی دەستەواژەی هیندوئەورووپی دەستەواژەی هیندوئەڵمانی(Indo-germanic) ـیان بە کار هێناوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئاڵمانەکان دەستەواژەی هیندوئەورووپییان قەبوڵ نەدەکرد.

> **زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو کاتی ئەورووپا لە سەر ئاراستەیەکی فکری دەکرا کە لە تەوراتەوە وەرگیرابوو و لێکدانەوەی هەڵە بۆ تەورات ئەوە بوو کە پێیان وابوو ئەم زمانانە تەنها لە یەک بنەچەی زمان، بەڵکوو لە یەک ڕەگەزیشەوە هاتوون**

زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو کاتی ئەورووپا لە سەر ئاراستەیەکی فکری دەکرا کە لە تەوراتەوە وەرگیرابوو و لێکدانەوەی هەڵە بۆ تەورات ئەوە بوو کە پێیان وابوو ئەم زمانانە تەنها لە یەک بنەچەی زمان، بەڵکوو لە یەک ڕەگەزیشەوە هاتوون، ئامانجی ئەورووپییەکان لەم گەرانانەدا ئەوە بوومێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بدۆزنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان بۆ دیتنەوەی ڕەچەڵەکی خۆیان لە ناو مشتومرێکی زۆر کەوتبوون.

لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا زۆر بە چڕی بە شوێن ڕەگەزی خۆیاندا دەگەڕان و حەولیشیان ئەوە بوو لە ڕۆژهەڵات شوێنێک بدۆزنەوە کە جێگەی سەرهەڵدانی ئایینە کۆنەکان بوو. ئەورووپییەکانی ئەو کات بە شێوەی زانستی ئەو کارەیان نەدەکرد، چونکە هەژمۆنی ئایینی مەسیحی لە ناو نووسینەکاندا باو بوو و لە هەمووشی گرینگتر هێشتا زانستی ئارکیۆلۆژی دەستی پێ نەکردبوو، هەر بۆیە هەرچی ئەوان دەیانزانی ناوی ئەو نەتەوانە بوو کە لە کتێبە ئایینییەکاندا باسی کرابوو، کە میدی یان ماد و فارس و جوولەکە و هیندی لە خۆ دەگرت، ئەو کات هێشتا ناوگەلێکی وەک سۆمەری و هوری ناسراو نەبوون، هەر بۆیە ئەوان لە ناو ئەو نەتەوانەدا دەگەڕان کە ناویان دەزانین.

لە ئاکامی ئەو هەموو گەڕانەدا، گوتیان کە ئەم گەلە ئاری(aryan)بووە و مانای ناوەکەشی یانی ڕەسەن(noble).

[ئەمە هەڵەیەکی هەرە گەورەتر بوو کە ئەوان تێی کەوتن و لە بەشی سەلماندنی ڕیشە و ڕەگەزی کورد لە بەشی دووهەمی وتارەکەدا بە وردی و فورمولیزەکراو بەرپەرچی

دەدەینەوە]

بە پێی باوەڕی ئەوان گوایە ئەم گەلە لە باکووری هیندوستان ژیاون و دواتر بوونەتە سێ بەش کە بریتین لە مید یان ماد و فارس و سانسکریت. یەکەمین جار ئەو بڕیارە لە یەن کریستییەن لاسێن(christian las- sen 1800-1876) ـەوە درا. ئەو داوای کرد وشەی ئاری یان ئاریایی لە بری دەستەواژەی هیندوئەورووپی بە کار بهێنرێت وەک ناوێکی گشتی بۆ خێزانی زمانە هیندوئەوروپییەکان و ئەو گەلانەی قسەیان پێ کردووە، لە سەر ئەوەی ناوی ئاری، دەتوانێ هەستێکی هاوبەشی ڕەچەڵەکی و جوگرافیایی بە هەموو ئەم خەڵکانەی ناو بازنەی هیندوئەورووپی ببەخشێ کە ئەمەیان وەک بڵێی لە سەر بنەمای مێژوویی سەری هەڵداوە کە تەواو نازانستی بوو.

ئاڵمانەکان پێشتر لە ساڵی ١٧٧٠ بە وشەی arier ئاشنا ببوون کە ئەوان ئەم وشەیەیان لە زمانەوانێکی پسپۆری هیندی و فارسی بە ناوی Abraham haycinthe anquetil-duperron وەرگرتبوو کە ئەویش وشەکەی لە ئاڤێستا و Rigivida(سەرچاوەی هیندی کۆن) وەرگرتبوو. [Larrimore end Eigen, 2006, p 175]

بەڵام هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە بنەمایەکی چەوتی هەبوو، چونکە ئەوان بە هەڵە تێگەیشتن لە تەورات بەو ئاکامە گەیشتبوون.

لە تەوراتدا باسی ئەوە دەکا هەموو ڕرۆڤایەتی لە باخی ئەدێن (جنات عدن gar- den of eden) ـەوە هاتووە.

[لە هەر دوو ئایینی کریستیان و جوودا باسی ئەوە دەکرێت کە ئادەم و حەوا لە ئەدێنەوە هاتوون و زاناکانیش زۆریان حەول دا ئەو شوێنە بدۆزنەوە، بەڵام وەک دەگوترێت بیرۆکەکە سۆمەرییە و ئادەم بە شێوەی Ad- amu نووسراوە و ئەو ناوچەیەش لای سۆمەر پێی دەڵێن Edin]. (Tsumura, 1989, p 123)

ئەورووپییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا باخی ئەدێن یان بە شوێنێک دەزانی کە دەکەوێتە لای کشمیر و تبت ـەوە و هەتاکوو سەدەی بیستەم لە سەر ئەو باوەڕە بوون، بەڵام دوای دەرکەوتنی تێکستە سۆمەرییەکان، دەڵێن بنەچەی تەورات لە سۆمەر و مێزۆپۆتامیاوە وەرگیراوە و باخی ئەدێنیش هەر لەو ناوچەیەیە. بۆ بنەڕەتی زمان و ڕەچەڵەک و دیتنەوەی ئەو شوێنە بە پێی خواست و بەرژەوەندیی وڵاتان جێی گۆڕاوە.

لێکۆڵەرێکی ئاڵمانی بە ناوی جولیۆس کلاپرۆس( Julius Klaproth 1783-1835) کە مووچەخۆری رووسیای قەیسەری بوو، لە سەر ئەوەی ڕەوایی بە ئەم پرۆژەیە بدات، ئاماژەیەکی بۆ زمانەکانی ناوچەکە کردووە و باسی ئەوە دەکا کە دوای تۆفانەکەی نوح مرۆڤ هەمووی پەنایان بۆ چیاکان بردووەو بنەچەکی مرۆڤ لە هیمالیا و قەوقازەوە دەست پێدەکا. بۆ پاداشتی ئەو کارەی کرا بە ئەندامی ئاکادیمیای ڕووسی و دواتریش نازناوی ئاکادێمیسییەنی پاشایەتیان پێدا. (Eigen and larrimore, 2006, p 173)

لە ڕاستیدا تیئۆریی ئاریایی و ئەورووپی لە هەموو سەردەمێکدا بە مەبەستی سیاسی بە کار هاتووە. فیگوێریا figueira 2002 لە دوو توێی کتێبێکدا باس لە بەکارهێنانی ناسنامە جیاوازەکان بۆ مەبەستی جیاواز دەکات و بەشێکی زۆریشی بۆ ئەفسانەی ئارییەکان تەرخان کردووە.

فیگیوێریا دەگێڕێتەوە کە چۆن بریتانیاییەکان سودیان لەو تیئۆرییە وەرگرتووە و چۆن بە یارمەتیی ئەو ئەفسانەیە خۆیان لە گەڵ هیندییەکان کردووەتە هاوڕەگەز و مانایەکی مێژوویی و ڕەوایان بە داگیرکردن و حوکمڕانی لە هیندوستان داوە و خۆیان بە

تەواوکەری ئاریاییەکان داناوە، [وەک ئەوەی وا ئێستا ڕێک فارس دەرحەق بە کورد دەیکا].

هەروەها چینی خوێندەوار و دەسەڵاتداری هیند لەم تیئۆرییە کەڵکیان وەرگرتووە کە خۆیان بە هاوشان و هاورەگەزی بریتانیاییەکان بزانن، بۆخۆشیان هەندێک شتیان بە ئەم تیئۆرییە زیاد کردبوو کە دەیگوت: هیندی لە ڕەگەزی پاکی ئارین و ئایینی هیندووسی لە بنەڕەتدا ئایینی ئاریاییەکان بووە و ئیسلام و ئایینەکانی دیکە تێکیان داوە. ئەم بیرۆکەیە ئێستاش هیندووەکان وەک چەکێکی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئەو تیئۆرییە هەتا ئەمڕۆش لە ناو ئێراندا سوودی لێ وەردەگرن و بە مەبەستی مانادان بەم نەخشە سیاسییەی ئێران، فارسەکان خۆیان بە ئاریایی دەزانن و بە کوردیش دەڵێن تۆش ئاریایی و ڕەسەنیت و هەموومان لە یەک ڕەچەڵەکین و نەتەوەکانی عەرەب و تورک دەبنە هۆی تێکدانی وڵاتی ئاریاییەکان. بەم شێوەیە دەیانهەوێ کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و کورد حوکمڕانیی ئێران بە بەشێک لە ڕاستیی مێژوویی بزانێت و لە ناو ئەم نازناوە ئەفسانەییە قەبوڵی دەسەڵاتیان بکات و لە هەمان کاتیشدا ئێرانییەکان دەیانهەوێ مانایەکی مێژوویی بە پان ئێرانیزم بدەن. زۆربەی جار بە کورد دەڵێن: تۆ لە خێڵە ئاریاییە ڕەسەکانی و وەکوو ئەوە وایە میداڵیای خەڵات بە کورد ببەخشن. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە پەیوەندیی نێوان بە ناو زمانە هیندوئەورووپییەکان هەیە، بەڵام دەستنیشان کردنی یەک ڕەگەز وەک بنەچەی ئەو زمانانە شتێکی مەحاڵە، لە بەر ئەوەی زمان و ڕەگەز دوو شتی جیاوازن.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە پەیوەندیی نێوان بە ناو زمانە هیندوئەورووپییەکان هەیە، بەڵام دەستنیشان کردنی یەک ڕەگەز وەک بنەچەی ئەو زمانانە شتێکی مەحاڵە، لە بەر ئەوەی زمان و ڕەگەز دوو شتی جیاوازن

مەرج نییە هەموو ئەوانەی بە زمانی هیندوئەورووپی قسە دەکەن لە یەک ڕەگەز بن و جگە لەوەش هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە پاڵپشتی ئەو بۆچوونە بکات.

ئەم هەڵانە تا ڕادەیەکە کە ڕودیگێر ئیشمیتی ئاڵمانی(schmitt rûdiget) باس لە تێزی زیرەکانەی ژیلبێرت لازاد(gilbert lazard) دەکات لە کتێبی compendium lingurum iranicarum کە بە ناوی زمانی ئێرانی و ئاریاییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو کتێبەی کە بە سیاسەت و بناغە لە ئاڵمان لە ساڵی ١٩٠٣ چاپ کراوە. [Grundriss der iranischen philologie, wilh geiger-ernst kuhn]

لەم کتێبەدا بە بیانووی وێکچوونی زمان، بە ئاشکرا پەرە بە هزری ئێرانچییەتی دەدرێ، بێ ئەوەی باسێک لەوە بکەن کە تێزی هیندوئێرانی چۆن دامەزراوە. لە هەمووی ئەوانە خراپتر ژویس بلو (Joyce blau) وەک کوردیزانێک کە زیاتر شارەزایی لە کورمانجیی ژووروودا هەیە، بە چەند نووسینێکی زمانی دەیهەوێ ڕەچەڵەک و نەتەوەی کوردیش لە بەر یەک بپچڕێنێ و هەورامی و زازا وەک نەتەوەی جیاواز نیشان دەدا و لە زمانەوانەوە دەبێت بە ئارکیۆلۆژیست. [ژویس بلو ئێستا لە ئەنستیتۆی بەناو نەتەوەیی کورد لە پاریسە و شاگردی کامەران بەدرخان بووە].

لە گەڵ گۆڕانی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاڵمانەکاندا ئەم تیئۆرییەش گۆڕانی بە سەردا هات و ئەیگن و لاریمۆر(Eigen and larrimore, 2006) لە کتێبێکدا بە ناو نیشانی: داهێنانی ڕەگەز لە لایەن ئاڵمانەکانەوە، باس لەوە دەکەن کە ئاریایی وەک ئەفسانەیەک لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا پەرەی پێ دراوە

و دواتریـــش تەنانـــەت بووەتە هۆی ئەوی کە رەگەزیشی لە سەر دابمەزرێت. «the german in vention of race»

لەم کتێبـــەدا دەڵێ: ئەفســـانەی ئاریایی دووره لە زانســـت و پێداگریشـــن لە ســـەر ئەوەی ئاریایی تەنیا وەهمێکە. ئاریا یان هاریا ناوچەیـــەک بووە لە باکووری ئەفغانســـتان و باکووری رۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا و باشووری تورکەمەنســـتان کە هیـــچ پەیوەندییەکی بە زانستی زماننناسی و رەگەزناسییەوە نییە، هەتا رەچەڵەکیشی لە سەر بدۆزنەوە.

هەر بۆیە ئێمەی کورد بەم جوگرافیایەی ئێســـتامان کە نێوان چوار دەوڵەتی داگیرکەر و هەروەهـــا بە پیلانـــی زلهێزانی دنیا دابەش کـــراوە، دەبێ زۆر بە وردی لە ســـەر زمان و رەچەڵەکی کورد هەڵوێست بگرین.

## رەچەڵەکی کورد و لێکۆڵینەوە لە ســـەر ئەم رێبازە

وەک لە بەشـــی یەکەمدا باسمان کرد کە بە گریمانـــەی وێکچوونی زمانی دەیانویســـت و دەیانهەویێ رەچەڵەک بۆ کورد بدۆزنەوە و بە زۆر بە ئێرانییەوە بلەکێنن. بەڵام پێشکەوتنی زانســـت و بە پێی نوێتریـــن لێکۆڵینەوەکانی DNA لە مرۆڤناســـیدا، نیشـــانی داوە کە بە چوونـــەژوورەوە بۆ ناو ڕیشـــەی ســـەرەتایی، ئـــەژدادی کـــورد باپیری ئـــەو مرۆڤانەن کە لە دەشـــتە کشـــت و کاڵییەکانـــی باکووری نیئۆلۆتیک واتە کوردســـتانی ئەمـــرۆ ژیاون و ئـــەم جوگرافیایـــەش بە گشـــتی باکووری رۆژاوای ئێرانـــی ئێســـتا و رۆژهەڵاتی نزیک ئۆراسیا(نێوانی ئەورووپا و ئاسیا) دەگرێتەوە.

ئەژدادی کورد لە ڕێگەی ئەو کۆچەرانەی کە لـــە ئاســـیای ناوەڕاســـتەوە هاتـــوون بە شێوەیەکی میلیتاریزەکراو بە ئێرانی کراون.

ئـــەم داتا نوێیانە نیشـــانی داوە کە کورد لەم کۆچەرانـــە نییە کە بە نـــاوی ئێرانی لە ئاسیای ناوەڕاســـتەوە هاتوون و هەروەها لەو کۆچەرانەش نییە کە لە ئەورووپاوە هاتوون.

ئەم نێرینە نوێیە دەیســـەلمێنی کە کورد لە باری زمان و ئیتنیک و نەژاد باگراوەندێکی جیـــاوازی هەیە کە ئـــەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باپیرانی کورد.

ئـــەم بەرچاوروونییەش کە دەڵێ کورد لە ژێنێک و تۆرەمەیەکی جیاوازن لە زانســـتێک بە ناوی زانستی چەند رشتەیی وەدەست دێ ەە بریتییە لە: palaeo/archeo-genetic evidence گۆڤان(شواهد) ی دێرینەناسی Mainly DNA research on skeleton لێکۆڵینـــەوە لە ســـەر ئێسک و پرووســـک یان ئیسکلێت Evolutionary anthropology-DNA genealogy of people living today مرۆڤناســـیی گەشەیی/گەشەکردوو لەو مرۆڤانەی وا ئێستا ەەژین Historial terminology-mainly cunei زاراوەکانـــی مێژوو- ڕێڕەوی ڕاســـت یان ەەتـــی Onomasticon, linguistics(in paticular re constraction of old-irania using the example of ergative)

زانستیی بنچینەییی زمانەوانیی مێژوویی بۆ ناوی تایبەت(چاک کردنەوەی ئەو ناوانەی وا لە ئێرانـــی کۆندا هاتووە وەک زمانێکی بێ کەماسـی) Sience of history کـــە دەبێتە زانســـتی مێژوو. هەموو ئەم زانستانە پێکەوە ئەم زانستە نوێیەیان پێک هێناوە.

ئـــەم زانســـتە کاتێـــک بـــۆ یەکەمجـــار سەربەخۆیی کوردی وەک ڕەچەڵەکی جیاواز و خەڵکی ڕەسەن سەلماند لە لایەن دوو کەس لە ئان ئاربوور و بۆستۆنی ئامریکا هاتە ئاراوە کە ئەم کەسانەن: گیرنۆت ل.ویندفۆهێر(gernot l.windfuhr) کـــە ئێرانۆلۆژیســـتە و هەروەها ئاناتول ئا.کلیۆسۆڤ(anatole a.klyosov) کە ژێنۆلۆژیستە.

## شرۆڤەی سەلماندنی ڕەچەڵەکی کورد:

کـــورد لە مێـــژوودا هەر لە ســـۆمەرەوە هەتا ئاشـــووری و ئەکەدی و یۆنانی هەر کامەیان

ناوێکیان بۆ نووسیوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرک نەکردنی ناوی ڕاستەقینەی کورد و هەروەها ئەوەی کە هەر کامەیان بە زمانی ئاخاوتنی خۆی ناوی کوردی هێناوە

بەڵام یەکەمین لێکۆڵینەوەکان لە سەر کورد لە لایەن دوو مسیۆنێری ئیتالییەوە دەستی پێ کرد کە لە لایەن کلیسای کاتۆلیکەوە بۆ بە مەسیحی کردنی کورد ڕاسپێردرابوون.

ئەم دوو ئیتالییە بە ناوەکانی مائۆریزیۆ گارزۆنی(maurizio garzoni 1734-1804) و ژۆزێپ کامپانیل(giuseppe campanile 1762-1835) هەندێک کتێب و نووسینیان لە سەر کورد و زمانەکەی هەیە. ساڵی ۱۹۹۰ ی زایینی لە لایەن کەسێکی دیکەی ئیتالییەوە بە ناوی لوییگی لوکا کاڤاڵی-سفۆرزا(-luigi luca cavali-sforza 1922 2018) لە لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر ناوی: مێژووی جوگرافیای ژێنەکانی مرۆڤ (the history and geography of human genes) گۆمی هەموو لێکۆڵینەوەکانی دنیای شڵەقاند و بیرۆکەیەکی نوێی سەبارەت بە کورد هێنا ئاراوە کە دەیسەلمێنێ کورد نە لە ئاسیا و نە لە ئەورووپاوە نەهاتووە، بەڵکوو خەڵکی ڕەسەنی کوردستانن.

## شی کردنەوەی تێگەیشتنە هەڵەکان لە کورد کە جاران کرابوون

**١** هەڵەیەک بە ناوی کورد و باکووری ڕۆژاوای ئێران

ئەم تێئۆرییە بە هەڵە میدی یان مادەکانی بە هۆی وێکچوونی زمانی بە هیندوئێرانی بەستووەتەوە و دەیهەوێ بڵێ کورد وەک نەوەی مادەکان ئیرانین، چونکە بە ئێرانی قسە دەکەن.ئەم شتە تا ئێستاش وەک دامەزراوەیی باس دەکرێت بەڵام وشەی زۆر لە مادەکاندا نەدۆزراوەتەوە کە ئەوە بسەلمێنێ.

ئەو تێئۆرییە کە کورد مادەکانن لە سەدەی نۆزدەهەم لە لایەن مێژوونووسێکی ڕۆمای کۆن بە ناوی بارتوڵد جۆرج نیبور(barthold georg niebur 1776-1831) کە بە ئاڵمانی نووسیبووی سەری هەڵدا، کە نووسەر دەڵێ وورد نیوە ئارامی ونیوە ماد و فارسن. [-vor träge über alte geschiche, Berlin, 1843] half aramaeie and half median-} persian people}{kurden ein halb aramäisches und halb medisch-persian che {volk

دواتر ئەم تێئۆرییە کە کورد لە مادەکانن لە لایەن مێژووناسی ڕووسی ڤلادیمیر بیدۆرڤیچ مینۆرسکی بە جیهانی کرا. (-vlad mir fedorvich minorsky 1877-1966)

**٢** باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئەمرۆ:

ئەم تێئۆرییە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسێکی سوئیسییەوە بە ناوی ئاڵبێرت سوسین(albert socin 1844-1899) هاتووەتە ئاراوە کە لە وووسێنیکدا بە ناوی (-grundriss der iranis chen philologie) باس لەوە دەکا کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە هاتوون و دواتر بەرەوە ڕۆژاوا ڕۆیشتوون.

**٣** باشووری ڕۆژاوای ئێران:

ئەم تێئۆرییە لە ئەوانەی دیکە سەقەتتر بە هۆی وێکچوونی زمانی نێوان کورد و بەلوچ و فارس دەڵێ: کورد و بەلوچ و فارس ڕیشەیەکی ئێتنیکیان هەیە وکورد خەڵکی باشووری ڕۆژاوای ئێرانن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی ۲۰۰۹ لە لایەن کەسێکی ئەرمەنیی لەدایکبووی ئێران کە ئێستا لە ئەرمەنستان دەژی، بە ناوی گارنیک ئاساتریان (Garnik asatrian) پێداگریی لە سەر کراوەتەوە کە ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەرمەنی هەر لە سەردەمی داگیرکارییەکانی تیگران پاشا لە سەردەمی ئەشکانییەوە خۆی بە خاوەنی ورمێ و

باکووری کوردستان دەزانێ و بە هەموو ڕوانگەیەک حەول دەدەن لایەنی باکووری کوردستان بۆ ئەرمەنی بگەڕێننەوە.

دواتر ئەو تێزەش لە لایەن ئێرانۆلۆژیستێک بە ناوی گێرنۆت ویندفۆهێر(Genot wind-fuhr) بەرپەرچ دراوە و دەڵێ: هیچ بەڵگەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێ و هەرچی هەیە سەلماندوویەتی کورد لە سەرووی فارسەکاندا ژیاون.

ئەم تیئۆریانە کە بە تایبەتی لە سەر کورد ئاماژەمان پێ کردن، هەموویان لە تێزەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرچاوە دەگرن کە دەیانهەوێ لە ڕێگەی وێکچوونی زمانییەوە ڕەگەز و ڕیشە و جوگرافیای کورد دیاری بکەن.

تەواوی ئەو تێزانەی هەتا ئێستا لە سەر کورد نووسراون لە لایەن ئەنجومەنی ئانترۆپۆلۆژیی ئامریکاوە بە توندی بەرپەرچ دراونەتەوە و دەڵێن:

«ئەوەی هەتا ئێستا لە سەر کورد نووسراون هیچی ڕاست نین، چونکە هەمووی حەول دەدەن ڕەگ و ڕیشەیەکی هاوبەش بۆ کورد بدۆزنەوە» (American an-tropological association) (e.g ameri-can journal of physical anthropology, (vol.101[1996]569-570

لە ڕابردوودا زۆر نموونەی وا هەبوون کە بۆ سەلماندنی ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیەک لە زانستی زمانناسی کەڵک وەرگرن. تەواوی ئەوانە لە کاتێکدان کە هەندێک زاناش دەڵێن کورد هەر چیایی بوون. بەڵام، بەردی بناغەی سەلماندنی کورد لە لایەن دوو زاناوە داڕێژرا کە دەڵێن کورد نەوەکانی گۆتی و لۆلۆیین و خەڵکی ڕەسەنی زاگرۆسن.

ئەوانیش نیکۆلای یاکوڤێلڤیچ مار و ااڤیگدۆر سپایزەر بوون. (nikolai yako-velvich marr 1864-1934)(ebhraim avig-dor speiser 1902-1965)[speiser, meso-potamian orogins, 1930, 110-119]

ئەم کێشانەی کە لە ڕێی زمانەوانییەوە نەیدەتوانی ڕیشەی کورد بسەلمێنێ، هەمووی بوون بە هۆکار کە ئێرانۆلۆژیستی بریتانیایی دەیڤید نیل مەکێنزی لە ئاڵمان لە ساڵی ١٩٦٠ بەو ئاکامە بگا کە بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی کورد، پێویستە لە دەرەوەی گۆڤانی زمانەوانی ڕۆی بگەڕێن و نووسینێکی بە ناوی [the orgi-nis of kurdish transactions of the phib-logical society,1961:p8] بڵاو کردووە.

> **ئەم داتا نوێیانە نیشانی داوە کە کورد لەم کۆچەرانە نییە کە بە ناوی ئێرانی ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوون و هەروەها لەو کۆچەرانەش نییە کە لە ئەورووپاوە هاتوون**

شتێک لە دواتر لە سەر هەمان کێشە لە لایەن کاڤالی سفۆرزا لە زانستی چەند ڕشتەییدا تێکەڵ کرا، ڕووناکییەکی زیاتری بەخشی، کە وەک پێشتر باسمان کرد لە ژێر ناوی مێژووی جوگرافیای ژێنەکانی مرۆڤ، کە لە بەشێکیدا لە هەژدە خاڵی جیاوازدا لێکۆڵینەوەیان لە سەر خەڵکی کوردستان و دەور و پشتی کوردستان کردووە. سەرەتای لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە کورد لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێکچوونیان هەیە.

ئەم وێکچوونە سەرەڕای تێکەڵیی ژینگە و فەرهەنگ و زمان، توانی ئەوە بسەلمێنێ کورد لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئوراسیا وێکچوونی زیاترە.

چەند ساڵ دواتر gernot windfuhr لە وتارێکدا لە ann abor باس لەوە دەکا کە کورد DNAـەکی جیاوازتری هەیە، سەرەڕای ئەوەیکە وێکچوونی لە گەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە هەیە.

هەر بۆیە ویندفۆهێر سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی ئاکامێکی سەرنجڕاکێشی پێشکەش کرد کە بە سێ دەستە دابەش دەبوون.

١ کورد و کاسپییەن
٢ ئێرانی و فارس وەک ناوڕاستی ئێران
٣ هەزارەی تاجیک(دەری و پەشتوو)

لە لێکۆڵینەوەکەی سفۆرزا و هاوکارەکانی کورد وەک بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست لە کاسپییەنەکان نزیکترە هەتا لە فارسەکان و ناوڕاستی ئێرانی ئەمڕۆ.

هەتا پێش ١٩٩٤ کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە کە بێت چەند زانست تێکەڵ بکا نەبوو.ئەم زانستە نوێیە ئەم سنوورەی بەزاند کە پێشتر باسێکی کلاسیکی لە سەر کورد دەکرد؟! کە تەنیا لە ڕێی زمانەوە بوو کە لە مەیدانێکی گەورە و ئێتنیکیدا خۆی بینیبۆوە، هەر ئەوانەش بوون بە هۆکار هەتا ئەوە نیشان بدرێت کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و میزۆپۆتامیا نزیکە هەتا ئێران.

دوای ئەم لێکۆڵینەوە گرینگانە لە ئاستی ناونەتەوەییدا کۆمەڵێک بەدواداچوونی دیکە کرا کە لێرەدا باسیان دەکەین و وەک نزیکترین و نوێترین لێکۆڵینەوەکانی گۆی زەوی لە سەر ڕەچەڵەکی کورد جێی بایەخن.

ئەم لێکۆڵینەوانە لە ڕێی بەدەستهێنانی ژێن و DNA ئێسکلێتە کۆنەکانی کوردستان و مرۆڤی کوردی ئێستا بەراوەرد کراون و تەنانەت ئەوەش دەرکەوتووە کە هەتا دوێنێ دەیانگوت هەورام و زازا لە ڕەگەزی کورد دوورن، بە پێچەوانە هەموو کورد لە کوردستان لە هەموو شێوەزارەکان و لکەزارەکان، سەرەرای هەورزا و نشێوی جوگرافیا، یەک ڕەچەڵەکیان هەیە.

ئەم تاقیکردنەوانە لە ڕێی بە دەست

> ئەم نێرینە نوێیە دەیسەلمێنێ کە کورد لە باری زمان و ئێتنیک و نەژاد باگراوەندێکی جیاوازی هەیە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باپیرانی کورد

هێنانی Mtdna, y-Dna, y-chromosome کراوە کە پێشەکی ئەم وشانە بۆ ناساندن شیتاڵ دەکەین.

### Mtdna

ئەم بەش و پێکهاتەیە دەگرێتەوە کە لە ناسینی ژێندا لە دایکەوە بە مناڵ دەگا و دەکرێت لە ڕووی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە ڕەگەز و ڕیشەی دایکی مناڵ بدۆزرێتەوە کە بۆ ناسینی ڕەگەز لە لایەن دایکەوە کەڵکی لێ وەردەگرن.

### Y-Dna

لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە کە ئەویش بۆ ڕەچەڵەکناسیی ژێنی مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

### Y-chromosome

لێکۆڵینەوەیەکە لە ڕەچەڵەکناسیدا کە باس لە میراتی باوک بۆ کور دەکا لە ڕێی ژێنۆلۆژییەوە.

## یەکەم لێکۆڵینەوە نوێیەکان

لە ڕێی ئەم مێتۆدە نوێیە و بەراوەردکردنە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بەولاوە لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی چڕ دەستیان پێ کرد کە سەرەتا لە سەر کوردانی تورکەمەنستان و ناوچەی فیرووزە تاقی کراوە، هەتا وەک نزیکترین ڕاگواستووانی کورد لە سەردەمی سەفەویدا کە لەگەڵ کوردانی خۆراسان کۆچبەر ببوون، شتێکی نوێ وەدەرخا کە خۆشبەختانە لێکۆڵینەوەکە سەرکەوتوو بوو.

دواتر زنجیرەیەکی دیکە لە لێکۆڵینەوە لە نێوان کوردانی گورجستان و کوردەکانی ئەرمەنستان و کوردەکانی باکوور و کوردی باشوور بە ئێزدی و موسوڵمانەوە کرا، کە

خۆشـــبەختانە ویکچوونێکی زۆری هێنا ئاراوە و زیاتـــر کوردی لەم ئیســـک و پرووســـکانە نزیـــک کردەوە کە هەزاران ســـاڵ لەوە پێش لە کوردستان ژیاون و ئەنجامێکی ئاکادیمیی گەورەی بە دەستەوە دا هەتا کورد لەم زنجیرە ئەفسانەییەی ئێرانی بوون بپسێنێ.

ســـاڵی ٢٠٠٥ لە لایەن کەسێک بە ناوی ئیڤـــان ناســـیدز (ivan nasidze) لە ناوەندی ئانترۆپۆلۆژیی ئاڵمان لێکۆڵینەوەیەکی جددی لە سەر ژێنی کورد کرا کە جیاوازیی ئێم.تی دی ئێن ئەی و جیاوازی وای.کرۆمۆزۆمی کوردیان دەرخست و ســـاڵی ٢٠١٠ لێکۆڵینەوەیەکی چەند ڕشتەیی دێرینە ناسیشیان تێکەل کرد.

ناوەندی ئانترۆپۆلۆژیی ئامریکا و کەسانێکی وەک گێرنۆت ویندفۆهێر و ئاناتول کلیۆسۆڤ پشـــتیوانییەکی بەهێزیان لـــەم لێکۆڵینەوەیە کردووە و کەســـێکی وەک کلیۆسۆڤ دیسان بـــە ڕەخنە گرتن لە گرووپـــە کۆچەرییەکانی ناوەراســـتی ئاسیا، بە لێکۆڵینەوەیەکی وەردتر توانی ئەوە بســـەلمێنێ کە کورد «باپیری ئەو شوانە کۆچەرانەنن کە هەزاران ساڵ لەوە پێش لە میزۆپۆتامیا و ناوچە کشـــت و کاڵییەکانی باکووری میزۆپۆتامیا ژیاون».

ئەم ناوچەیەی کە کورد بۆ جاری یەکەم لە چاخی نیئۆلێتیکدا لە وێ ژیاوە، دەکەوێتە لای باکووری کوردستان و نزیکە لە پەرستگای گرێ ناڤۆکـــێ لە ناوچەی خەرابەرشـــک لە نزیک شـــاری رحای باکووری کوردستان کە کۆنترین پەرەستگای کۆچەرییە، کە دواتریش ئـــەم لیکۆڵینەوەیە ئـــەوە دەســـەلمێنێ کە هیندوئەورووپی زادەی کوردن، نەک کورد لە بازنەی ئەواندا.

## تێبینی

خوێنەری بەرێـــز هەر وەک دەبینن لەم وتارەدا بە هیچ شێوەیەک باس لە ئەو لێکۆڵەرە کوردانە نەکراوە کە لە مێژوودا لە ســـەر نەتەوەی کورد کاریان کردووە، ئامانجی مـــن لەم کارە یەکەم ئەوە باش دەزانم لێکۆڵەی کورد لە لای کورد بێ خاوەنە، دووهەم ڕوخساری ڕاستەقینەی هەموو ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسان نیشان بدرێ کە زۆر جار کورد دڵی بە بەشێکیان خۆش کردووە.

خاڵێکی دیکەی ئەم نووســـینە ئەوەیە کە ڕەنگە لە کۆتاییەکەدا کە بە شـــێوەی زانستی باس لـــە ڕەچەڵەکـــی کـــورد وەک باپیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات، خوێنەر تووشی ئەم هەستە بکات کە منی نووسەری کورد بۆ لای نەتەوەکەی خۆم ڕامکێشـــابێ، بەڵام بە هۆی نوێبوونی زانســـتەکە کە هێشتا داگیرکەرانی کوردســـتان دەســـتیان پێی ڕانەگەیشتووە، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە جیا لە ســـەرچاوەکان وەک پاشـــکۆی نووســـین، ئـــەم وشـــانەی خوارەوەش دەتوانـــن لە لێکۆڵینەوەی زیاتر و حەقیقەتی مژارەکە نزیکتان بکاتەوە.

Mtdna kurdish
Y-chromosome kurdish
Y-dna kurdish
Ivan naidze
Mark stoneking
Dominique quinque
Nina bendukidze

خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە لە نووسینێکی دیکەدا تەواوی ئەم لێکۆڵینەوە نوێیانە کە DNA کورد شتیاڵ دەکا و بەپێی دێرینەناسی بەراوەردی دەکا، بە بەڵگەوە دەخەینە بەرچاوی خۆێنەری کورد.

سەرفەرازی بۆ کورد و کوردستان

## سەرچاوەکان


The Origin of Kurds, Ferdinand Hennerbichler
American anthropoloLogical association, journal of physical anthropology, vol.101[1996]569-570
کورد کێیە؟ سۆران حەمەڕەش
Ephraim avigdor speiser, mesopotamian orgins
Ivan nasidze, MtDNA and Y□chromosome Variation in Kurdish Groups
Gernot l.windfuhr, ann arbor Anatole لێکۆڵینەوەکانـــی a.klyosov

# سیاسەت لە کوردستان لە نەبوونی «ماف بە سەر شارەوە»[1]

**ساسان ئەمجەدی**



**ئاماژە**

لە نەبوونی ناوەندە دێموکراتیکەکان و بنەمایەکی یاساییی مۆدێڕن و بە لە بەرچاوگرتنی شێواز و پرۆسەی سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە لە وڵاتانی ناوچەکە، کورد دەرفەتێکی یەکجار تەسکی لە بەردەستدا بووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە چوارچێوەی سیاسی-یاسایی فەرمیدا بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانی خۆی بکات. لە وەها دۆخێکدا خەباتی چەکداری لە لایەن زۆرێ لە پارتە سیاسیەکانەوە وەک ئاڵترناتیڤێ سەیر کراوە بۆ درێژە دان بە «بەرخۆدان» بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتیی جۆرێ لە ناسیونالیسمی فەرمیی وڵاتەکەیان دەکەن. بە پێچەوانەی ڕوانگەیەکی زاڵ کە زۆرتر لە لایەن وتاری سیاسیی ئەو دەوڵەتانەوە ئاراستە دەکرێ، خەباتی چەکداری نە وەک کەرەستەیەک بۆ داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی، بەڵکوو زۆرتر وەک ڕێگاچارەیەک سەیر کراوە بۆ پاراستنی هەبوون و مەوجوودیەتی پارتەکان و ڕاگرتنی بەستەرێ کە تێدا بکرێ درێژە بە کار و چالاکیی سیاسی بدرێت.

چالاکییە چەکدارییەکان زۆربەی کاتەکان لە دەرەوەی «شار» و لە بەستێنێکدا بەرێوە چووە کە زۆر پێوەندی بە بەستێنەکانی شارەوە نەبووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لە سەرکەردە جەوانەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان خوێندکاری زانکۆکانی شارە گەورەکان و لە چینێکی مامناوەندییەوە سەریان هەڵداوە. ئەوان هاوکات پێداگرییان لە سەر هەندێ چەمک و بایەخی سیاسی-کولتووری کردووە کە پێوەندیی راستەوخۆی بە بەستێنەکانی مۆدێرنی شارنشینەوە هەبووە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ ئاورێ لەم پرسە بدرێتەوە کە گەرچی خەباتی چەکداری لە «شاخ» و بە رواڵەت لە دەرەوەی «شار» سەقامگیر بووە، بەڵام هاوکات ریشەی ئەم پرسە دەگەرێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەستێن و پەیوەندییە شارییەکاندا رووی داوە. هەر لەم بارەوە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پرۆسەی پاش هاتنە سەرکاری محەمەدرەزای پەهلەوی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتیی ناوبراوە هاتە ئاراوە دەخرێتە بەر باس. لێرەدا بە پشت بەستن بە چەمکی «ماف بە سەر شارەوە» کە لە لایەن هێنری لۆفۆبڤر (١٩٩٠)[٢] لە کتێبێکدا هەر بەم ناوە ئاراستە کراوە، قسە لە سەر پێوەندیی «مافی هاووڵاتی[٣] بە سەر شارەوە» لە گەڵ خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش کۆماری کوردستان و هەروەها ئەو بەستێنەی کە دۆخی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە خەباتەی خولقاندووە، دەکرێ.

لەم بابەتەدا هەروا باسی رۆڵ و گرنگیی «پانتای گشتی» لە سیاسەتی کوردی وەک یەکێ لە پێویستییەکانی ماف بە سەر شارەوە دەکرێ. پانتایەک کە لە نەبوونی دەرفەتی فەرمیی یاسایی بۆ کاری سیاسی رۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێت و بە کردەوە رۆڵی ئالترناتیڤێکی گێراوە بۆ بەشدار کردنی خەڵک لە پرۆسەی سیاسەت کردندا. پانتایەک کە پاش داگیر کردنی لە لایەن دەسەڵاتەوە سیاسەتی کوردیی تووشی بەربەست و قەیرانێکی جددی کردووە و ناچاری کردووە لە نەبوونیدا پەنا بۆ خەباتی چەکداری ببات.

## «ماف بە سەر شار»: دەوڵەت لە بەرامبەر پانتای گشتی

هێنری لۆفۆبڤر، کۆمەڵناسی بە ناوبانگی فەرانسی، لە کتێبێکدا بە ناوی «ماف بە سەر شارەوە» قسە لە سەر مافی گشتیی هاووڵاتیان دەکات لە سەر چۆنیەتی بەشدار بوونی ئەوان لە پرۆسەی بەرێوەبردنی شار و سیاسەت و بابەتی رۆژانەدا. خۆبەرێوەبەرییەک کە بە پێچەوانەی مافی تاکەکەسی بەو جۆرەی کە لە یاسای بنەرەتیی وڵاتان و کۆنڤانسیونەکانی مافی مرۆڤدا رەنگ ئەداتەوە، پشت بە مافی گشتی دەبەستێ و لە پانتای گشتی و شوێنی ژیان لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە.

لۆفۆبڤر «ماف بە سەر شار» وەک داواکارییەکی سیاسی بۆ بونیادنانی بەستێنێکی کۆمەڵایەتی بە کار دەبات کە تێیدا دەرفەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراوجۆرەکان بێتە ئاراوە. ئەم چەمکە لە لایەن لۆفۆبڤرەوە بە خوێندنەوەیەکی تایبەت لە «**شوێن-مەیدان**» وەک راستییەکی جڤاکی دەناسێندرێت. راستییەکی جڤاکی کە لە پێوەندی لە گەڵ «شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵات» واتای خۆی پەیدا دەکات. هەر بۆیەش لە لایەن لۆفۆبڤرەوە چەمکی «شوێن» لە دیاردەی دەسەڵات، ئایدۆلۆژی و سیاسەت جیا ناکرێتەوە و «شوێن» وەک چەمکێ دەبیندرێت کە تێیدا فەرمان و هیرارشیی کۆمەڵایەتی لە لایەن دەوڵەتانەوە بە سەر خەڵکدا دادەسەپێندرێت. بەڵام لەوەلاوە بەشدار بوون لە پرۆسەی سیاسەت

و خۆبەرێوبەری هەمان مافە کە لە بەرامبەر خۆداسەپاندنی دەوڵەت و دەسەڵات واتا پەیدا دەکات و لە سەر ئەم بنەمایە شار دەبێت بە سووژەی ئەکتی کۆمەڵایەتی. لۆفۆبقر پێی وایە تەنیا کاتێ «ماف بە سەر شار» دەتوانێ بێتە دی کە دەوڵەت بە تەواوی بخرێتە پەراوێزەوە و پرۆسەی بڕیاردان و بەشدار بوون لە سیاسەت و پانتای گشتی بکرێت بە ئەکتێکی سەرەکیی کۆمەڵایەتی. لەم ڕوانگەیەوە شار دەبێتە شوێنێک بۆململانێی نێوان دەسەڵات و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان؛ دەبێتە ئامراز و هاوکات ئامانجی بزووتنەوە. ئەم باسە لێرەدا و لە پێوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد واتایەکی یەکجار گرنگتر پەیدا دەکات کە لە بەشێکی تری بابەتەکەدا دیسان ئاماژەی پێ دەکرێت.

گەرچی لۆفۆبقر لە کتێبەکەیدا شارەکانی ڕۆژهەڵات (die orientalische Stadt) کە بە وتەی ئەو شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی بە سەریاندا زاڵە لە لێکۆڵینەوەکەی دەخاتە دەرەوە، بەڵام هاوکات ئاماژە بە هەندێ خاڵ دەکات کە دەکرێ لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد و دۆخی پاش «ڕیفۆرمی ئەرزی» لە ئێراندا واتادار بێت. ئەو پێی وایە لەم جۆرە وڵاتانەدا، لە ناوچوونی پێکهاتەی کشتوکاڵ و «پێشاسەرمایەداری» هاوکات لە گەڵ لە ناوبردن و جۆرێ لە تاڵان کردنی سامانی جووتیاران و وەرزێران ڕوو ئەدات کە ئەمەش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی گوندنشینان و پەراوێزکەوتنیان لە قەراخ شارەکان و پەرە سەندنی جۆرێ لە «شارنشینی» کە بە هۆی ڕێژەی زۆری بێکاری، دەسکورتی و هەژاری، پێویستی کونترۆڵ و سەرکوت و ڕوانینی ئەمنی لە لایەن دەوڵەتانەوە تا ڕادەیەکی زۆر دەکات بە بەشێکی یەکلاکەرەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسیی ئەو خەڵکە.

ئەم بابەتە لە کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ جۆری لە سیاسەت و دەسەڵاتداریەتیی دەوڵەت، خاوەن هەندێک تایبەتمەندیی زۆر گرنگن کە دەبێ زۆرتر قسەی لە سەر بکرێ: ئەوەی کە ئەم تایبەتمەندییانە چین و پێوەندیی بەستێنێک کە تێیدا ڕیفورمی ئەرزی ڕووی داوە لە گەڵ گوشاری سیاسی و ئەمنی بۆ سەر کوردستان و پێوەندی ئەم باسە لە گەڵ شار و ئوربانیزم چییە؟

## پرسی کورد لە ژێر کاریگەریی «شۆڕشی پەسیڤ» و پێویستییەکانیدا

لە دەیەی ۳۰ و ۴۰ی زایینیدا نەوەیەکی نوێ لە ڕووناکبیرانی کورد دەبن بە هەڵگری بیرۆکەی ناسیونالیستی کە زۆربەیان لە چینی مامناوەندین و لە خوێندنگە و زانکۆکاندا پێگەیشتوون. دواتر حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە زۆرترن ئالیکاری لە دەڤەری سۆرانی زمان و لە باژارەکانی مهاباد و سنە وەردەگرن و بە گشتی ئینسیاتیڤی شۆڕش دەگوازرێتەوە بۆ شار. ئەمەش پرۆسەیەکە کە دەکرێ سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ دروست بوونی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. عەباسی وەلی (Vali 1997) سەرەتای ناسیونالیسمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ-ک و پێی وایە زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەم ڕەوتە کە لە چینی وردە بورژوای شاری پێک هاتوون، خاون پیشەگەلێک بووگن کە لە پرۆسەی پەرەسەندنی فونکسیۆنی سیاسی، ئابووری، ئیداریی دەوڵەتی مۆدێرندا، شکلیان گرتووە. جیا لەوەی کە چ هۆکارگەلێ دەبێتە هۆی ڤەگۆڕینا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەکرێ بەشێکی گرنگ لە لۆژیک و سیاسەتی کۆماری کوردستان بگەڕێنینەوە بۆ هەمان لایەنی مۆدێرنی کۆمەڵەی ژ-ک کە دواتر لە فۆرمی کۆماردا ڕەنگ ئەداتەوە. کۆمار کە لە

لایەن بەشێکی بەرچاو لە چینی مامناوەندی و هەروا چینی بندەستی شاری پشتیوانیی لێ دەکرا، خاون تایبەتمەندییەکی سەرەکی بوو لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتیی بەشدار بوونی خەڵک لە «ئەمری سیاسی»دا، کە ئەویش دەکرێ بە «پانتای گشتی» ناوی لێ ببردرێت. جیا لەوەش، کۆمار لە تەمەنی کورتی خۆیدا زۆرتر وەک بەڕێوبەرییەکی شاری دەرکەوتبوو و هاوکاتیش توانیبووی پانتای سیاسیی خۆی بۆ گوندەکان بەرفراوان بکات و باقەریەن نەتەوەیی لە نێو چینی جووتیار و خەڵکی لادێ تا ڕادەیەک پەرە پێ بدات. «باج(مالیات)» سەرچاوەی سەرەکیی داراییی کۆمار بوو و ئەمەش لە لایەن دانیشتوانی ئەو شارانەوە بە حکوومەت دەدرا کە لە ژێر کونترۆڵی کۆماردا بوون. ئەم هاوکارییەش دەرخەری جۆرێ پاڵپشتیی ئەکتیڤی چینی مامناوەندی و خوارەوە شاری بوو لە کۆماری مهاباد. پاڵپشتییەکی چالاکانە کە بە پشت بەستن بە لایەنی سیاسی و ئایدۆلۆژیک، لە ڕێکخستنی کۆمەڵەی خەڵکان تا بەشداری لە بەڕێوبەریی ئیداریی لە خۆ دەگرت (Vali 1997).

گرنگیی ئەم بابەتە لەوێدا دەردەکەوێ کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کۆمەڵگایەک سەر هەڵئەدەن کە لە لایەک هێشتا تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ژێر کاریگەریی «بەستێن و پەیوەندییەکانی پێشا سەرمایەداری»دایە و لە لایەکی ترە دەوڵەت هەموو هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ، بۆ ئەوەی لە پەراوێزی «بەستێن و پەیوەندییەکانی سەرمایەداری»ی جیهانیدا جێ بگرێت و بۆ ئەمەش لە هەوڵی ئەوەدایە کە «پێویستییەکانی ئەم تێکەڵ بوونە» دەستەبەر بکات. بە واتایەکی تر ئێمە لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی دۆخێک دەبینەوە کە دوو لایەنی دژبەری لە خۆ گرتووە. یەکەم «سیاسەت لە کوردستان» کە بە گەرەنتی کردنی بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسەت و پانتای گشتیدا، نوێنەرایەتیی جۆرێ لە گۆڕانکاری دەکات کە خەڵک تێیدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێرن. دووهەم ئاڵوگۆڕێک کە خەریکە هێدی هێدی لە ئێران لە سەرەوە بۆ خوارەوە (بە پێچەوانەی کوردستان) و بە ئێنیسیاتیڤی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی ڕوو ئەدات بۆ ئەوەی بتوانێ لە سیستمی کاپیتالیستیی جیهانیدا جێگیر بێت. ئەم پارادۆکسە پێویستی بەوە هەیە زۆرتر بناسێندرێت تا دوایی لە هۆکارەکانی ناکۆکیی قووڵی نێوان لۆژیکی ئەم دوو جۆرە سیاسەتە و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕووهێنانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بۆ خەباتی چەکداری باشتر تێ بگەین.

ئانتونیۆ گرامشی (١٩٧١) بە ناساندنی چەمکی «شۆڕشی پەسیڤ» پێی وایە شۆڕشی «پرشکۆی» ئینگلیس لە ساڵی ١٦٨٨ کە شۆڕشی پیشەسازیی بە دوای خۆی هێنا، دەستپێکی پرۆسەیەکە کە تێیدا کاپیتالیسم پەل بۆ هەموو شوێنێ دەهاوێژێ. پرۆسەیەک کە بە خێرایی لەو وڵاتانەی کە وەک «پەراوێز» دەناسێندرێن جێگیر دەبێ و بۆ سەقامگیر بوونی هەندێ پێویستیی بنەڕەتی لە گەڵ خۆی بەرهەم دەهێنێ کە دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندگەرا و داسەپاندنی «ئاڵوگۆڕی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە سەرەو بۆ خوارەوە» لە پێشمەرجە سەرکییەکانیەتی. مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە «سەرەو» ڕێک دەخرێ و دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەندیی بە هێز، ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەن کە بۆ کونترۆڵی سەرچاوەی دارایی و مرۆڤی و بە کار هێنانیان لە پرۆسەی «پێشکەوتنی گرێدراو»دا پێویستە. سێنتراڵیزە کردن و عەقڵانی کردنی (بە واتای عەقڵانییەتی ئامرازی) نۆرمە سیاسییەکان، دامەزراندنی مەکینەیەکی لەشکەریی بەهێز، پێش‌خستن و داسەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەروەها پەروەردە و ڕاهێنانی یەکدەست لە قوتابخانەکان ئەو خاڵانەیە کە بەدی هاتنیان

بۆ بەرفرەکرنا سیستەمی کاپیتالیستی لە «وڵاتانی پەراوێز» (Peripherieländer)، وەک پێویستی و پێشمەرجی سەرەکی دەناسێندران. لەم پرۆسەیەدا کە گرامشی بە «شۆڕشی پەسیڤ» ناوی لێ دەبات، هەوڵ دەدرێ ئەم گۆڕانکارییانە لە گەڵ «گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی» لە لایەن دەوڵەتەوە و لە ڕێگای ناوەندە فەرمییەکانەوە بەڕێوە بچێت. مێهدی پەرویزی ئامینە (١٩٩٩) کە بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەم بابەتە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا کردووە، پێی وایە شۆڕشی پەسیڤ لە ئێران لە سێ فازدا بەڕێوە چووە کە یەکەمیان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢١ تا ١٩٢٦ و لە کاتی ڤەگۆڕینا دەسەڵاتی قاجار بۆ پەهلەوی هاتووەتە ئاراوە، دووهەمیان لە ساڵی ١٩٥٣ و پاش لە سەر کار لابردنی محەمەدی موسەدق و توندوتۆڵ کردنی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و لەشکەریی محەمەدرەزای پەهلەوی چێ بووە و قۆناخی تەواوکەری ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٦٢ و بە دەست پێکردنی «شۆڕشی چەرمگ» گەیشتووەتە لووتکە. لەم نێوانەدا پرۆگرامی«ڕێفۆرمی ئەرزی» دوو ئامانجی سەرەکیی هەبووە. یەکەم لە ناو بردنی سیستەمی ئاغاواتی و دەرەبەگایەتی و گواستنەوەی دەسەڵاتی ئەوان بۆ دەوڵەت و دووهەم بەرفراوان کردنی باندۆرا کاپیتالیستی و گەشە کردنی لە ناوچەی کشتوکاڵدا. لە ئاکامی «ڕێفورمی ئەرزی» ڕێژەیەکی زۆر لە گوندنشینان ڕوویان لە شارەکان کرد و ئەمەش ئەنجامی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا؛ لەوانە «حاشیەنشینی» لە ئاستێکی بەربڵاو، دەستپێکردنی شارنشینیی خێرا و هەروەها پەرەسەندنی چینی کرێکار و چینی مامناوەندی شاری.

«ڕێفورمی ئەرزی» لە کوردستاندا بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە گوندنشینانی کوردستان لە پرۆسەی دابەش کردنی «زەوی و زار» ڕووبەڕووی ئاستەنگی برۆکراتیک بن و تووشی ئەزموونێکی دژوار لە گەڵ دەوڵەت بن. ئەوان لەوە تێگەیشتن کە دەوڵەت پارێزەری ئەوان نییە و گەندەڵی، ناکارامەیی سیستەمی یاسایی و هەروا بێ دەسەڵاتیی دەوڵەت بەرامبەر بە ئاغا و دەرەبەگەکان لانی کەم لە پێوەندی لە گەڵ چینی بندەستی سورددا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە (Kan-jori1992). ئەم پرۆسەیە هەروا بووە هۆی کوچی بەلێشاوی بەشێکی زۆر لە کوردە جووتیار و گوندنشینەکان بۆ شارەکان و پەرەسەندنی شارنشینی و هاوکات هەژاری و بێکاری و پەراوێز نشینی. هەر بۆیە ئەم ئاڵوگۆڕە نوێیە لە ئاکامی «ڕێفورمی ئەرزی» نە تەنیا نەبووە هۆی لە ناوچوونی کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵک، بەڵکوو کێشەکانی قووڵتر کرد و بەستێنی بەشێکی بەرچاو لەو قەیرانانەی گواستەوە بۆ ناو شارەکان.

لە وەها دۆخێکدا و بە پێی ئەو شێوازە لە سیاسەت کە لە کۆماری کوردستاندا بە ڕێوەچووبوو، واتە بەشداریی خەڵک لە ئەمری سیاسی و «دێسێنترالیزە کردنی» دەسەڵاتی ناوەندی، ئەو دەژبەرییە لە نێوان پرسی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی تا دەهات قووڵتر دەبوو. لە کاتێکدا کە دەوڵەت لە داسەپاندنی بیرۆکەی «کولتووری فەرمی» و هەروا فۆرماسیۆنی ڤڤاکی هژمونیک (hegmoniale soziale For-mation) تووشی بەربەستی جدی بووبوو. چون لە لایەک پێشمەرجە ماددییەکان بۆ پەیڕەو کردنی وەها هەژمۆنییەک هێشتا جێبەجێ نەبووبوون و لە لایەکی تر داسەپاندنی ئەم هەژمۆنییە پێویستی بە پەژراندنێ هەبوو کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیی کوردستاندا هاتبێتە ئاراوە و؛ بابەتێک کە بە هۆی شێوازی توندئاژۆی سەرهەڵدانی ناسیونالیسمی ئێرانی و دەوڵەتی مۆدێڕن و هەوڵی سیستماتیک بۆ سڕینەوەی خەڵک لە پانتای سیاسیدا، ناتەباییەکی قووڵی لە گەڵ سیاسەت لە کوردستان و ناسنامەی کوردی

درووست کردبوو.

دەکرێ ئەم بابەتە بەم جۆرە کورت بکرێتەوە کە هاوکات بوون و پێوەندیی دیالکتیکیی نێوان پێویستییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و ناوەندگەراییی سیاسی لە ئێران (بەو جۆرەی کە لە سەرەوە قسەی لە سەر کرا) لە گەڵ دەرکەوتنی خەڵک لە کوردستان وەک «سووژەی سیاسیی ئەکتیڤ» (بەو جۆرەی کە عەباس وەلی پێناسەی دەکات) دۆخێکی هێنا ئاراوە کە دەرهاویشتن و سڕینەوەی ئەو سووژەی سیاسییە لە پانتای گشتی و لە «شوێنی» بەشدار بوون لە «ئەمری سیاسی» ببێت بە پێش مەرجی هەرە سەرکەی بۆ بەرهەست بوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە کوردستاندا.

ئەم بابەتە لەوێدا لە پێوەندی لە گەڵ «ماف بە سەر شارەوە» واتا و گرنگی پەیدا دەکات کە لۆفۆبڤرئاماژەی پێ دەکات: گرنگ ترین شت بۆ دەوڵەت ئەوەیە کە شوێن و کات بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی؛ لە کاتێکدا کە گرنگ ترین میناکی شوێن لە پێوەندی لە گەڵ داسەپاندنی دەسەڵاتدا «شارە».

دەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە «شوێن»دا دەربکەوێ. بە واتایەکی تر «شار» ئامانجی بزووتنەوە و دوایین خاڵی بە ئاکام گەیشتن یان هەرەس هێنانی هەر شۆڕشێکە. هەر بۆیە «شار» واتە ئامانجی بزووتنەوە، دەبێت بە بەستێنی سەرەکیی ئەو ناکۆکییەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا (پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی شۆڕشی پەسیڤ لە لایەک و ناتەباییی ئەم باسە لە گەڵ دەرکەوتنی خەڵک وەک سووژەی سیاسیی چالاک لە کوردستان ). ناکۆکییەک کە لە گەڵ بەکارهێنانی لەرادەبەدەری توندتیژیی دەوڵەتی، وا دەکات کە کورد تەنیا لە کاتی لاواز بوون یان لە ناوچوونی بەرهەستیی دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستاندا، جارێکی تر وەک سووژەی سیاسی لە پانتای گشتیدا دەربکەوێت و مافی گشتیی خەڵک بە سەر شار بە واتا سیاسییەکەی، واتە بەشدار بوونی خەڵک لە «ئەمری سیاسیدا» دەستەبەر بکات. لە نەبوونی وەها دەرفتێکدا دەوڵەت کە هەبوون و بەردەوام بوونی حاکمیەتی خۆی گرێ داوە بە دەرهاویشتن و سڕینەوەی ئەم سووژە چالاکە لە کوردستان، ڕێگا بە هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی دووبارە و دەرکەوتنێکی سیاسیی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان نادات. هەر بۆیە خەباتی چەکداری وەک درێژەی سیاسەت کردن لە نەبوونی ماف بە سەر شارەوە دەبێت بە تەنیا ئامراز بۆ ڕاگرتنی هەبوونی خۆ لە پێناو پاراستنی بیرۆکەیەک کە پێی وایە لە یەکەم دەرفەت و لە ئەگەری لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندیدا، توانای گەڕانەوەی سووژەی سیاسی بۆ پانتای گشتیی کوردستان و بەشداری کردنی خەڵک لە «ئەمری سیاسیدا»ی هەیە. بەشدار بوونێ کە لە شاردا و بە دەرخستنی ئەو ناوەندانەی لە شار کە بەرهەست بوونی دەسەڵاتیان دەستەبەر کردووە، دەتوانێ واتا پەیدا کات.

## سەرچاوەکان

- Lefebvre, Henri (1990): Das Recht auf Stadt. Hamburg: Edition Nautilus.
- Parvizi Amineh, Mehdi (1999): Die globale kapitalistische Expansion und Iran. Eine Studie der iranischen politischen Ökonomie (1500-1980), Hamburg: Lit Verlag.
- Vali,Abbas(1997): Politische Herrschaft und Ideologie der kurdischen Nationalbewegung im Iran 1942 – 1979. In: Carsten Borck / Eva Savelsberg / - Siamend Hajo (Hg.): Ethnizität, Nationalismus, Religion und Politik in Kurdistan.

## پەراوێزەکان


1. Das Recht auf die Stadt
2. Henri Lefebvre

٣. هاووڵاتی نە بە واتای یاساییەکەی، بەڵکوو لێرەدا مەبەست لە هاووڵاتی، هەموودانیشتووانی«وڵات»، شار یان ناوچەیەکە.

# «شیکاری»

# گوتاری زاڵ و گوتاری هاوبەش

**ڕزگار موکری**



**ئاماژە**

گوتاری زاڵی کورد ئەگەرچی ئەویترێکی دەرەکیی سەرەکی هەبووە بۆ سازکردنی گوتارێکی سەربەخۆ، بەڵام هەم بۆخۆی هێندێک وردە گوتاری وەک ئەویتری ناوخۆیی لە سەر بنەمای «دژایەتی» پێناسە کردووە و هەم وەک گوتاری ناوخۆیی وردەگوتارەکان، لە سەر بنەمای «دژایەتی» پێناسە کراوە، کە کێشەی سەرەکیی کورد و گوتارە سیاسییەکەی لێرەوە دەست پێدەکات و بۆتە هۆی شکڵ نەگرتنی گوتاری هاوبەش و کەڵان گوتاری سیاسیی کورد.

له زانستی سیاسیدا لێکدانەوەی گوتار(تحلیل گفتمان)، هەم وەک تیئۆرێ و هەم وەک شێوەی توێژینەوە (روش تحقیق)، بنەمایەکی بەهێزە بۆ لێکدانەوەی پرس و بابەتە سیاسییەکان؛ بۆیە ئەم شێوازەی لێکدانەوەیە لەم وتارەدا بنەمایە بۆ باسی شکڵ گرتنی گوتاری زاڵی سیاسیی کورد و چۆنییەتیی شکڵ گرتنی گوتاری هاوبەش و خەسارەکانی شکڵ نەگرتنی ئەو گوتارە هاوبەشە. کە لە نێو تیئۆرییە جیاوزەکانی لێکدانەوەی گوتاردا، شێوەی لاکلاو مۆف دەبێتە بنەمای ئەم وتارە.

## لێکدانەوەی گوتار

گوتار بە مانای کۆمەڵێک واتا، ئاکار، کردەوە و چەمکە کە لە دەوری واتایەکی سەرەکیی دیکە کۆ دەبنەوە و مەفسەلبەندی دەکرێن. لەم ڕوانگەیەوە هەموو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگایەک واتایەکی گوتاری بە خۆیەوە دەگرێ و گوتار لە هەمو کردەوە، قسە، شێوە ڕوانین و شێوەی بیانی ئەم کۆمەڵگایە پێک دێ.(9، 2002، La-clau & Mouffe)

لە هەر کۆمەڵگایەکدا و لە مەیدانی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا، جیاوازیی بیر و ڕوانین دەبیندرێ و هێندێک واتا و کردەوەی جیاواز بە دەوری واتایەکی سەرەکیدا کۆ دەبنەوە و هەر کام لەوانە دەتوانن تەعبیر لە گوتارێک بکەن، کەواتە لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەکرێ بە پێی پێداویستییە کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و جۆراجۆریی ڕوانینەکان، یەک، دوو یا چەند گوتاری سیاسیی بوونیان هەبێ(تاجیک: ١٣٨٣،٤٦). بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە کە تەواوی ئەو گوتارانە دەتوانن لایەنگری زۆریان هەبێت یا بە واتایەکی دیکە هێژمۆن بن، لە کاتێکدا کە چەند گوتار بوونیان هەیە تەنیا یەک گوتارە کە دەتوانێ ببێتە گوتاری زاڵ(گفتمان مسلط). یانی گوتارێک کە زۆرترین و باشترین وڵام و گەڵاڵەی بۆ پرسە جۆراجۆرەکان پێیە و زۆرترین جەزابییەتی بۆ کۆمەڵگا هەیە، دەتوانێ لە ڕێگەی کۆ کردنەوەی لایەنگر و مەشرووعیەت ساز کردنی کۆمەڵایەتییەوە هێز بەدەست بێنێ و هەر بەم هۆیەوە هێژمۆن بێت و ببێتە گوتاری زاڵ. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو گوتارانەی دیکە ئیدی بوونیان نییە، کاتێک گوتارێک زاڵ دەبێ، گوتارەکانی دیکە پێیان دەگوترێ وردەگوتار(خردە گفتمان).

«ڕکەبەرایەتی» و «دژایەتی» دوو بنەمای شێوەی پێوەندیی گوتارەکانن لە گۆڕەپانی سیاسیدا. کە لە سەر ئەو بنەمایانە «ئەویتر» بۆ گوتارەکان ساز دەبێ و گوتاری زاڵ یا بە پێی «ڕکەبەرایەتی» یا «دژایەتی» ئەویترەکانی خۆی دیاری دەکات. لە ڕاستیدا ئەم ئەویترانە لە سەر بنەمای ڕکەبەرایەتی و دژایەتی لە بەرامبەر گوتارەکانی دیکە خۆیان ڕێک دەخەن و بە پێی هێزیان هێژمون دەبن (حسینیزادە: ١٣٨٣، ٢٥-٢٤).

کەواتە لە بەرانبەر هەر گوتارێکدا، چەند «غەیر» یا «ئەویتر» بوونی هەیە کە لە نێوان ئەم ئەویترانەدا جیاوازیی بنەمایی هەیە؛ بە جۆرێک کە دوو جۆر «ئەویتر» مانا پەیدا دەکات، «ئەویتری ناوخۆیی» و «ئەویتری دەرەکی»، بۆ وێنە؛ گوتاری لیبرالیستی بە نوێنەرایەتیی ئامریکا ئەویتری دەرەکیی گوتاری بنەماخوازانە، بەڵام ڕیفۆرمخوازی، «ئەویتری ناوخۆیی» گوتاری بنەماخوازیی کۆماری ئیسلامیە. (سلطانی:١٣٨٣،١١١)

لە ساحەی سیاسیی وڵاتاندا «ئەویتری ناوخۆیی» بە پێی بنەمای «ڕکەبەرایەتی» شکڵ دەگرێ و گوتارەکان حەول دەدەن لە مەیدانی «ڕکەبەرایەتیدا» براوەی ساحەکە بن و ببنە گوتاری زاڵ، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی ساز بوونی ئەویتری دەرەکی «دژایەتییە»، بە پێی ئەو بنەمایە؛ گوتارە جۆراوجۆرەکان دەبنە دژبەری یەکتر و وەک ئەویتری دەرەکی هەڵسوکەوت لە گەڵ یەکتردا دەکەن(حقیقت

و حسینی: ۱۳۹۰،۱۳۲).
لــە ڕاســتیدا وردە گوتــارەکان ڕەقیبی یەکتــر و ڕەقیبی گوتاری زاڵیشــن و وەک ئەویترێکــی ناوخۆیی دەڕواننــە یەکتر، بەڵام هەمــو ئــەم وردە گوتارانە هــاوڕێ لەگەڵ گوتاری زاڵ دەکرێ یەک ئەویتری دەرەکیان هەبێت کە ئــەوە دەبێتە هۆی کۆ کردنەوەی هەموو گوتارەکان لە جوغرافیایەکی سیاسیی تایبەتدا دژ بە گوتاری دەرەکی.

کەواتــە لە ســەر ئــەم بنەمــا تیئۆرییە دەتوانین سەبارەت بە پێوەندیی لایەن، حیزب و جەریانە سیاسییەکان وەک گوتاری جیاواز لێکدانەوەمان هەبێ و لە ســەر ئەم بابەتە ڕاوەستین کە گوتاری هاوبەش لە نێوان ئەم گوتارانەدا چیــە و چۆن شــکڵ دەگرێ و خەسارەکانی شکڵ نەگرتنی ئەم گوتارە هاوبەشە لە کوردستاندا چین.

## گوتــاری زاڵــی کــورد و پێوەندییەکانی ئەم گوتارە

لە مێژووی سیاسیی کورددا بە تایبــەت دوای ئەو قۆناغەی کە بزووتنەوەی کورد لە سەر دەستی حیزبایەتــی، مەیدانداریێتیــی گۆڕەپانی سیاســی و خەباتی کردووە، بە پێی جیاوازییە هزری و چینایەتییەکان چەند بیر و بۆچوونی جیاواز لە مەڕ بابەتەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردی و پرسە سیاسییەکانی لە ئارادا بوون کە هەر کام پێکهێنەری گوتارێکی تایبــەت یا حیــزب و ڕێکخراوەیەکی جیاواز بوون. تەنانــەت لەو قۆناغەدا کە تەنیا حیزبی دێموکرات یەکەم حیزبی کوردی بووە، لە ناو ئەم حیزبەدا و لە قۆناغی جیاوازدا «وەرسوڕانی گوتار»(چرخــش گفتمانــی) دیتــراوە. ئەم وەرسووڕانانە کەمیان بە هۆی گۆڕانی بارودۆخ بوون و هۆکاری زۆربەیان گۆڕانی ڕێبەرایەتی و شێوە ڕوانینی ئەو ڕێبەرانە بووە.

دوای سازبوونی حیزبی دیکە لە کوردستان، ئەگەرچی گوتاری حیزبــی دێموکڕات وەک گوتاری زاڵ مایەوە، بەڵام ئەو حیزب و جەریانە نوێیانەی وەک کۆمەڵــە، خەبات و مەکتەبی قورعان و دواتر پژاک و ... وەک وردە گوتار و گوتاری ڕەقیب و ئەویتری گوتاری نەتەوەییی حیزبــی دێموکرات لە مەیدانی ڕکەبەرایەتیدا بوون، کە هەڵبەت هێندێک جار وەک کردەوە کە شەڕی ناوخۆییشــی لێ کەوتۆتەوە و زۆر جاریش وەک بیرۆکە، لە بری «ڕکەبەرایەتی»، «دژایەتی» بۆتــە بنەمای ئەویتری ئەم گوتارە نێوخۆییبیانــە. گوتــاری زاڵــی کوردی لــە قۆناغێکدا بە هۆی نەبوونی ڕەقیب و لە دواییشــدا بە هۆی پەسەند بوونی لە لایەن کۆمەڵــگاوە گوتــاری حیزبــی دێموکرات بووە و ماوەتەوە و ئەم گوتارە زاڵــە چەمکەکانی وەک؛ خودموختــاری، دێموکراســی، زمــان وەک کەرەســەیەکی شــوناس خوازانــە، خەباتــی چەکــداری، ناسیۆنالیســمی کوردی یا «کوردایەتی»ی، وەک دالی ناوەنــدی(دال مرکزی) و دالی خز(دال شــناور) بە پێی قۆنــاغ و بە شــێوەی جیــاواز وەک گوتاری سیاســی کوردی ڕۆژهەڵات مەفسەلبەندی کردووە. ئــەم گوتــارە توانیویەتــی لە ڕێی زاڵ بوونــەوە ببێتــە بەردەنگی ســەرەکیی دژبەرەکانی گەلی کــورد بە تایبەت کۆماری ئیســلامی، بۆیە لە هێندێک دەورەی جیاوزدا وەک لایەنی ســەرەکیی کــورد بۆتە تەرەف حیسابی کۆماری ئیسلامی بۆ دانوستان.

ئەگــەر لــە پۆلێنبەندییەکی ســاکاردا جەریانەکانی؛ چەپی ڕادیکاڵ بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵە، ئیســلامی بە نوێنەرایەتی مەکتەبی قورعــان و نەتەوەیــی بــە نوێنەرایەتیــی

> لە هەر کۆمەڵگایەکدا و لە مەیدانی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا، جیاوازیی بیر و ڕوانین دەبیندرێ و هێندێک واتا و کردەوەی جیاواز بە دەوری واتایەکی سەرەکیدا کۆ دەبنەوە و هەر کام لەوانە دەتوانن تەعبیر لە گوتارێک بکەن

حیزبی دیموکرات وەک سێ جەریانی سێحەب گوتار باس بکەین، دەتوانین بڵێین گوتاری ئیسلامی بە هۆی ئیسلامی بوونی حکوومەتی خومەینییەوە نەیتوانی ئەویترێکی دەرەکی لە سەر بنەمای دژایەتی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ساز بکات، کۆمەڵەش کە وەک جەریانێکی مارکسیستی دوو بەرەی ئیمپریالیسمی جیهانی و چەوساوەکانی دونیای لە بەرامبەر یەکدا دەدیت و کۆی دەسەڵاتی نوێش دەیتوانی لە بەرەی چەوساوەکان دژ بە ئیمپریالیسمی ڕۆژئاوا بێت نەیتوانی ئەویترێکی دەرەکی بەهێز لە کۆماری نوێی ئیسلامی لە سەر بنەمای دژایەتی ساز بکات، بەڵام حیزبی دیموکرات بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی «کوردایەتی» و واتاگەلێکی وەک ئازادی و خودموختاری لە چوارچێوەی ناسیۆنالیسمێکی ڕادیکاڵدا توانی ئەویترێکی بەهێزی دەرەکی لە کۆماری ئیسلامی کە دژی هەموو ئەو چەمکانە بوو لە سەر بنەمای دژایەتی ساز بکات و گوتارێکی بەهێزی جەماوەرپەسەند شکڵ بدات و ببێتە گوتاری زاڵی سیاسیی کورد لەو سەردەمەدا و دوو جەریانەکەی دیکە وەک وردە گوتار مانەوە و دواتر بە هۆی نەبوونی ئەویترێکی بە هیزی دەرەکی لە سەر بنەمای دژایەتی، نەیانتوانی ببنە هاوڕێی گوتاری زاڵ بۆ پێک هاتنی گوتاری هاوبەش بە تەوەرێتی ئەویتری دەرەکی.

گوتاری زاڵی کورد ئەگەرچی ئەویترێکی دەرەکیی سەرەکی هەبووە بۆ سازکردنی گوتارێکی سەربەخۆ، بەڵام هەم بۆخۆی هێندێک وردە گوتاری وەک ئەویتری ناوخۆیی لە سەر بنەمای «دژایەتی» پێناسە کردووە و هەم وەک گوتاری ناوخۆیی وردەگوتارەکان، لە سەر بنەمای «دژایەتی» پێناسە کراوە، کە کێشەی سەرەکیی کورد و گوتارە سیاسییەکەی لێرەوە دەست پێدەکات و بۆتە هۆی شکڵ نەگرتنی گوتاری هاوبەش و کەڵان گوتاری سیاسیی کورد.

## گوتاری هاوبەش

هەروەک باس کرا تەنیا یەک گوتار بە پێی جەزابییەت و ئەو ولامانەی کە بۆ پرسەکانی کۆمەڵگای هەیە دەبێتە گوتاری زاڵ و ئەوانی دیکە وەک وردە گوتار دێنە ئەژمار.

دیارە ئەو گوتارانە لە ساحەی سیاسیی کوردستاندا ئەویتری نێوخۆیی یەکترین و کۆی ئەم گوتارانە ئەویترێکی دەرەکییان دەبێ هەبێت کە گوتاری دژبەرانی کوردستانە. هەڵبەت ئەم ئەویترە دەرەکیە بۆ هەموو گوتارە کوردیەکان بە زاڵ و وردە گوتارەوە بوونی هەیە بەڵام لە پەنای ئەوەدا ئەویترێکی بەهێزی ناوخۆییش بوونی هەیە کە لە سەر بنەمای دژایەتی ساز بووە.

> **لە ساحەی سیاسیی وڵاتاندا «ئەویتری ناوخۆیی» بە پێی بنەمای «ڕکەبەرایەتی» شکڵ دەگرێ و گوتارەکان حەول دەدەن لە مەیدانی «ڕکەبەرایەتیدا» براوەی ساحەکە بن و ببنە گوتاری زاڵ**

گوتاری هاوبەشی کورد بە مانای ساز بوونی ڕیزبەندییەکی بە هێز لە نێوان گوتارە ڕەقیبەکانی کورد لە بەرامبەر ئەو ئەویترە دەرەکییە یا گوتاری دژبەرانی کورددایە.

هۆکاری سەرەکیی پێک نەهاتنی گوتاری هاوبەشی کوردی لە نێوان گوتاری زاڵ و وردە گوتارەکاندا، هەر وەک باس کرا ساز بوونی ئەویترێکی بەهێزی نێوخۆیی لە سەر بنەمای دژایەتی لە پەنا ئەویتری دەرەکیدایە، بەو مانایەی کە پێوەندیی حیزبەکانی کوردستان وەک نوێنەرایەتیی گوتارە جیاوازەکان کە دەبێت لە سەر بنەمای ڕکەبەرایەتی بێت لە

ســەر بنەمای دژایەتییە و ئەویتری ناوخۆیی ئەگەر لە ئەویتری دەرەکــی بە هێزتر نەبێ، هێندەی ئــەو بەهێزە و ئــەو ئیزنەی نەداوە هەمــوو لایەنەکان تەنیا یەک ئەویتری بەهێز لە ســەر بنەمای دژایەتییان هەبێ کە دەبێ ئەویتری دەرەکی واتە کۆماری ئیســلامی و دژبەرانی کورد بێــت. کەواتە دژایەتی وەک بنەمــای جــۆری پێوەندیی گوتــارە دژبەرە دەرەکییەکان لە جیاتــی ڕکەبەرایەتی وەک جۆری پێوەندی

### گوتار یــا حیزبە ڕەقیبــە نێوخۆییەکان بۆتە بنەمای شێوە ڕوانینی حیزبەکان بە یەکتر

بۆیــە بەردی بناغەی ســاز بوونــی گوتاری هاوبەش هاتنەوە سەرجێی ئەم شێوە ڕوانینەی حیزب و گوتارەکانی ڕۆژهەلات بە نیســبەت یەکتر و سەیر کردنی حیزبەکانی دیکە وەک ڕەقیبە نــە دژبەر. کەواتە گوتــاری هاوبەش بە دەوری یــەک ئەویتری بەهێزی دەرەکیدا دەبێ ساز بێت و هەموو لایەناکان پێویستە لە سەر بنەمای دژایەتی یەک ئەویتریان هەبێت.

لەو ســۆنگەیەوە کە لە ســەرجەم قۆناغە سیاســییەکانی کــورددا لایەنــە دژبەرەکان بە تۆمــەت و هــۆی ناوچەگەرایــی و تەرە بوون لە ناوەند و ڕاســت بە هۆی سیاســەتی ناوەندخوازانــەی تــورک، عــەرەب و فارس دراونەتە بەر پەلامار و زەبر و زەنگ، دژایەتیی ناوەندخــوازی دەتوانــێ مەرجەعێکی بە هێز بێت بۆ سازبوونی گوتاری هاوبەش .

کەواتــە ناوەنــد خوازی هــاورێ لەگەڵ ئەو بیرۆکە شۆڤێنیســتییەی کە کورد وەک پێکهاتەیەکــی مەحکــووم بە ئێرانــەوە لکاو سەیر دەکات، ئەم گوتارە دژبەرەی کوردە کە پێویستە کەڵان گوتار یا گوتارە هاوبەشەکەی لە سەر ئەم چەمکە شکڵ بگرێت و ئەویتری دەرەکی بەهێز و هاوبەشی کورد، وەک غەیری دژبەر لە ســەر ئەم بنەمایە ساز ببێت. ناوەند خوازی چ لە بازنەی دەسەلاتی سەقامگیر واتە کۆماری ئیسلامی و چ لەبازنەی ئۆپۆزۆسیۆندا وەک ئەویتری دەرەکیی کورد دەتوانێ ببێتە میحوەری سەرەکیی شــکڵ گرتنی گوتاری هاوبەشــی کــورد. کەواتە لە یەک ڕســتەدا دەکــرێ بڵێین گوتاری هاوبەشــی کورد دژ بە ئەویتری دەرەکیی ناوەندخواز کە لە ســەر بنەمای دژایەتی ساز بووە شکڵ دەگرێ. ئەم گوتارە هاوبەشە بە ناوەندێتیی گوتاری زاڵ و وەسڵ بوونی وردە گوتارەکان بەم گوتارە زاڵە وێڕای قەبووڵ کردنــی جیاوازییە هزرییەکان پێویستە شکڵ بگرێ و هەر جۆرە سیاسەتێک دژ بە ئەویترە ناوەندخوازە دەرەکییەکە دەبێ لە چوارچێوەی گوتاری هاوبەشدا بکرێ.

پێویستە بگوترێ کە گوتاری هاوبەش لە سەر دوو تەوەری؛ دەرەکی بوون (کە لە سەر بنەمای دژایەتی ســاز بــووە) و ناوەندخوازی پێک دێت، کــە هەردووکیان بۆ ســازبوونی گوتاری هاوبەش پێویستن.

ســاز نەبوونی گوتاری هاوبەش و پێمل نەبوون بە هێژمونی گوتاری زاڵ لە ساحەی سیاســیی کوردســتاندا ئەم کێشــانەن کە بوونەتە زۆر خەســاری گــەورە لە مێژووی کــورددا. وەک بــاس کرا هێژمــون بوونی گوتارێک بە هۆی پەسەند بوونی ئەم گوتارە بۆ حەلی پرسەکانی کۆمەڵگایە کەواتە پێمل نەبــوون بەم هێژمۆنییە پشــت کــردن لە ڕوانگەی زۆرینەی جەماوەرە. وردە گوتارەکان دەبــێ لــە ڕێــگای «ڕکەبەرایەتییــەوە» بۆ چارەسەری پرسەکانی کۆمەڵگای بەردەنگ، بیر لە هێژمۆن بوون بکەنەوە نەک لە ڕێگەی «دژایەتیەوە».

### دوو ئەزموونی مێژوویی

زۆر وێنە و ئەزموونی مێژوویی لە خەسارەکانی ســاز بوونی ئەم ئەویترە بەهێزە ناوخۆییە لە ســەر بنەمای «دژایەتــی» و پێمل نەبوون بە هێژمۆنــی گوتاری زاڵ لە مێــژووی کورددا

له بەردەستدایە، کە لێرەدا بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم باسانە، ئاماژە بە دوو نموونەی خەسارەکانی ساز نەبوونی گوتاری هاوبەشی کوردی لە دوو بەشی کوردستاندا دەکرێ.

**۱** پرسی ڕێفراندۆم لە باشوری کوردستان لە چوارچێوەی گەورە گوتاری( گفتمان کلان) بزووتنەوەی کوردیدا و لە سەردەستی پارتی و بەشێکی یەکیەتی کە پێکهێنەری گوتاری زاڵی کوردی لەم قۆناغەدا بوو دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە و دەنگی زۆرینەی جەماوەری کوردستان دەهێنێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە پێش ڕێفراندۆم چەند لایەنی وەک گۆڕان، کۆمەڵ و نەوەی نوێ کە هەر کام سەر بە گوتار یا وردە گوتارێک بوون دژایەتیی ئەم پرسە دەکەن و لە سەردەمی بانگەشەی ئەم پرسەدا ئەویترێکی بە هێزی ناوخۆیی لە نێو گوتاری سیاسییاندا پێک دێت کە ئەو ئەویترە گوتاری نەتەوەیی بە نوێنەرایەتیی پارتی و باڵێکی نێو یەکیەتی بوو، لە نێوان ئەم حیزبانەدا کە دەبوو گوتارێکی هاوبەش بە ئەویترێکی دەرەکیەوە ساز بێ تا بتوانێ پرسی ڕێفراندۆم بکاتە پرسێکی نەتەوەیی و لە بەرامبەر بەغدا و هێزە دژبەرەکاندا بە یەک گەلاڵەی هاوبەش لە سەر بنەمای گوتارێکی هاوبەشەوە ڕووبەڕوو ببنەوە، ڕووی نەدا. دیارە ساز بوونی گوتاری هاوبەش بە مانای سڕانەوەی وردە گوتارەکان و زاڵتر بوونی گوتاری زاڵ نییە؛ بەڵکو بە مانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گوتاری دەرەکیە لە سەر یەک واتای هاوبەش. بۆ وێنە لە پرسی ڕێفراندۆمدا دەبوو گوتاری هاوبەش لە بەرانبەر گوتاری دەرەکیدا کە گوتاری بەغدا و دژبەرەکانی ڕێفراندۆم بوو، پێک بێت، واتە دەبوو هەموویان ئەویترێکی دەرەکییان بوایە، نەک ڕێفراندۆم ببێتە هۆی ساز بوونی ئەویترێکی بە هێزی نێوخۆیی و وردە گوتارەکانی کوردوستان بەرانبەر بە پرسی ڕێفراندۆم ڕابوەستن، بە چەشنێک کە ئەم کێشەیە پاش ڕێفراندۆم ببێتە هۆی بەدەستەوەدانی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان و ناکام مانەوەی کورد لەم قۆناغەدا.

> **بەردی بناغەی ساز بوونی گوتاری هاوبەش هاتنەوە سەرجێی ئەم شێوە ڕوانینەی حیزب و گوتارەکانی ڕۆژهەلات بە نیسبەت یەکتر و سەیر کردنی حیزبەکانی دیکە وەک ڕەقیبە نە دژبەر**

**۲** شۆڕشی ساڵی ۵۷ی گەلانی ئێران و مەسەلەی کورد؛ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران هەر وەک باس کرا چەند ڕێکخراوی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەبوون کە دەتوانین ئەم ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی سێ گوتاری جیاوازدا پۆلین بەندی بکەین:

- گوتاری نەتەوەیی کە حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی دەکرد
- گوتاری مەزهەبی کە مەکتەبی قورعان نوێنەرایەتیی دەکرد
- گوتاری چەپی مارکسیستی کە کۆمەڵە یا حیزبی کۆمۆنیست نوێبەرایەتیی دەکرد.

ئەوەی کە ئەم گوتارانە چ تایبەتمەندییەکیان هەیە پێوەندییەکی بە باسەکەی ئێمەوە نییە، باسی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە لەو سەردەمدا لە نێوان ئەم گوتارانەدا گوتارێکی هاوبەش پێک نەهات.

دوای شۆڕش و سەقامگیر بوونی هێزی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان و داوای خودموختاری لە لایەن جەریانە سیاسییە نەتەوەییەکانەوە و ڕوودانی شەڕ لە نێوان ناوەند و کوردوستاندا، پاش ماوەیەک شەڕ، پرسی دانوستان و دیالۆگ هاتە ئاراوە. سەرەڕای حەولێکی زۆر بۆ سازان لە چوارچێوەی خودموختاریدا، بە هۆی نەبوونی گوتارێکی هاوبەش لە نێوان گوتارەکانی ئەو سەردەم، کە دەکرێ بڵێین گوتارە زاڵەکەی

گوتاری نەتەوەیی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات بوو، ئاکامێک بەدی نەهات. لە لایەکەوە ئەم لایەنە واتە گوتاری زاڵ باسی لە سازان لە سەر شەش مادە دەکرد، لە لایەکی دیکەوە لایەنی چەپ بە سازشکاری تۆمەتباری دەکردن و باسی لە کێشەیەکی گەورەتر بە نێوی کێشەی حکومەتی کرێکاری لە چوارچێوەی مارکسیسم لینینیسمدا دەکرد و لە لایەکی دیکەشەوە جەریانی مەزهەبی بە نوێنەرایەتیی مەکتەبی قورعان باسی لە هاودەنگ بوون لە گەڵ ناوەند وەک دەسەڵاتێکی مەزهەبی دەکرد کە هیچ پێوەندییەکی بەو بابەتەوە نەبوو کە گوتاری زاڵ نوێنەرایەتیی دەکرد. ئاکامی ئەم کۆک نەبوونە لە سەر چەمکێک و پێک نەهاتنی ئەم گوتارە هاوبەشە، بوو بە هۆی ناکامیی کورد لەو بەشە و بە ئاکام نەگەیشتنی هیچ کام لە ویستەکانی وەک خودموختاریی ئیسلامیی ئەحمەدی موفتیزادە، نیزامی سیاسیی سوسیالیستی بە خوێندنەوەی کۆمەڵە و خودموختارییەکەی حیزبی دێموکرات و شەش مادەکەی دوکتور قاسملو کە ئەگەری جێبەجێ بوونی زیاتر بوو. ئەوەی لەو قۆناغەشدا ڕووی دا ئەوە بوو کە ئەویترێکی بەهێزی ناوخۆیی لە گوتاری سیاسیی لایەنەکاندا ساز بوو کە گوتاری زاڵی کوردیی کردبووە ئامانج. هەڵبەت ئەوەی کە هەر کام لەم شکستانە هۆی دیکەشی بووە حاشا هەڵنەگرە بەڵام ئەم باسەی ئێمە تەنیا هۆکاری نەبوونی گوتاری هاوبەشی کردۆتە بابەتی بەرباس. بۆ مەکتەبی قورعان کۆماری ئیسلامی نەیتوانی ببێتە ئەویتری دەرەکی کە لە سەر دژایەتی دەیتوانی ساز بێت و لە لایەکی دیکەوە حیزبی دێموکرات بوو بە ئەویتری ناوخۆییی کۆمەڵە کە لە سەر بنەمای دژایەتی ساز ببوو هەروەها وەک باس کرا کۆمەڵەش بە هۆی پێمل بوون بە کەلان گوتاری چەپ نەیتوانی ئەویترێکی دەرەکی بە هێز لە کۆماری ئیسلامی ساز بکات.

ئەو کێشەیەی کە نەیتوانی ڕیزبەندی شێوەی سازبوونی ئەویترەکانی ئەم سێ جەریانە وەک سێ گوتار بکاتە هەوێنی گوتاری هاوبەش، ئەو کێشە سەرەکییەیە کە ئێستاش بۆتە لەمپەر لە بەرانبەر ساز بوونی گوتارێکی هاوبەش لە سەر بنەمای ئەویتری دەرەکیی ناوەندخواز کە دژایەتی سازی دەکات و کاڵ کردنەوەی ئەویتری ناوخۆیی و هێنانە چوارچێوەی ڕکەبەرایەتییەکی گوتارخوازانە.

لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین ئەویتری ناوخۆیی گوتاری سیاسیی وردە گوتارەکانی کورد و تەنانەت گوتاری زاڵیش هێندە بە هێزە کە ئەویتری دەرەکی دەکەوێتە پەراوێزەوە و ئەم گوتارە هاوبەشە کە دەبێ لە دەوری ئەویتری دەرەکی ساز بێت هەرگیز ساز نابێت.

ئەویتری بەهێزی ناوخۆیی و ساز نەبوونی ئەویترێکی هاوبەش و کۆک نەبوون لە سەر یەک خاڵ بۆ پێک هاتنی گوتاری هاوبەش لە نێوان گوتارە جیاوازەکانی کوردیدا، دەبێتە هۆی شکانی سەنگەرەکانی کەرکوک، کرانەوەی دەروازەکانی عەفرین و هەرەس هێنانی سنە و مەهاباد و زۆر خەساری دیکە کە دەکرێ چاوەڕوانیان بین.

## سەرچاوەکان


١. حقیقت، صادق و علیرضا حسینی. (١٣٩٠). رهیافت و روش در علوم سیاسی. تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت).

٢. حسینی‌زاده، محمد علی. (١٣٨٣). نظریۀ گفتمان و تحلیل سیاسی، فصلنامه علوم سیاسی، شماره ٢٨

٣. تاجیک، محمد رضا. (١٣٨٣). گفتمان، پاد گفتمان و سیاست. تهران: مؤسسه توسعه علوم انسانی.


4. Laclau, E and Mouffe, C, “Recasting Marxism” in James martin (2002): Antonio Gramsci, critical Assesment of leading Political philosophers (2002) Voutledge



# پێوەندییەکانی نێوان شوناسی دینی و ناسیۆنالیزم

**«بە ئاوردانەوە لە ئایدیای ئایینی کورد و بیچمگرتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە سەردەمی سەفەویدا»**

**گوڵاڵە کەمانگەر**



**ئاماژە**

هەڵبژاردنی ڕێچکەی سیکولاریستی لە سیاسەتدا ئەگەرچی لە فەزای گشتی و پەسەندکراوی دنیای مۆدێرندا بەهایەک دێتە ئەژمار، بەڵام خوێندنەوەیەکی خۆماڵیانە بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێ کە بەها شتێکی ڕەها نیە و ئەوەی لە وڵاتێکی سەقامگرتوو و بێ کێشەی ئورووپاییدا بەهایە مەرج نییە لە دۆخی بێ وڵاتیشدا بەها بێت.

## دەستپێک

لە سێ قوتابخانەی جیاوازی ئایین ناسی یەکیان ڕێداکشنیسمە reductionism کە سەرەتای ئایین ناسیش هەر بەم ڕوانگە و قوتابخانەیە و وەکوو لقێک لە مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی دەستی پێ کرد و بەشێک بوو لە پۆزیتیڤیسمێک کە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا زاڵ بوو بە سەر لێکۆڵینەوەکانی زانستی مرۆییدا. لەم ڕوانگەیەدا کە دورکهایم بەناوبانگترین بیرمەندیەتی ئایین وەکوو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار و لایەنە تاکەکەسی و ڕۆحی و میتافیزیکییەکانی زۆر لە بەرچاو ناگیردرێ و دادەبەزێتە ئاستی بابەتێکی زانستیی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی و دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی لێک دەدرێتەوە و باس دەکرێ.

لەم گۆشە نیگایەوە دین و ئایین بریتین لە «کۆی جەماعەتێکی تایبەت لە باوەڕمەندان کە لە دەوری بابەتێکی پیرۆزدا کۆ دەبنەوە، سرووت و مەناسک و ڕەوا و نارەوا و ئەرک و مافی تایبەتیان هەیە و هەست و سۆزی هاوگرووپ بوونیشیان تێدایە» (Durkheim, 1995:41). بە ڕای دورکهایم ئەم پێکهاتەیە لە خۆیدا سەرەتاییترین جۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە و هەروەها یەکەم دەرکەوتەی دەسەڵاتداری و دروست بوونی تۆکمەییی کۆمەڵایەتی و دیاری کردنی سنوور لە نێوان «خۆ»یەکی کۆیی لە بەرانبەر «ئەویتر»ە و شوناسی کۆیی بە باوەڕمەندان دەبەخشێ. هەر ئەو تایبەتمەندییە شوناس بەخشەشە کە لە جادوو جیای دەکاتەوە. واتە جادوو خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی ئایینە بەڵام خاوەنی سروشتێکی شوناسبەخش و کۆمەڵایەتی نیە، هەر بۆیەش شوناسبەخشی لەم ڕوانگەیەدا دەبێ بە سەرەکیترین تایبەتمەندیی ئایین و دین.

ئەوەی لەم وتارەدا وەکوو چوارچێوەی تیۆریک لە بەرچاو گیراوە هەر ئەم چوارچێوە ڕێداکشێنیستییە و کەڵک وەرگرتن لە پێناسەکەی دورکهایمە. زۆر سروشتییە کە کاتێک چوارچێوەیەکی تایبەتی تیۆریک، بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرین، ناچارین لە هەمان چوارچێوەدا بمێنینەوە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو تیئۆری و ڕوانگەیە تاکە تیۆریی ڕەوا و دروست لە سەر ئەو بابەتەیە، ئەم مانایەش لە ئایین کە لێرەدا خراوەتە بەردەست تاکە مانا لە ئایین نیە و ناتوانێ بێت و لە خۆیدا نەفیی ڕوانگەکانی تر وەکوو ڕوانگەی دیاردەناسانە (فینۆمینۆلۆژیستی) ناکات. بەڵام بۆ شرۆڤە کردنی هەر جۆر پێوەندییەک لە نێوان بابەتی دین و دەسەڵات و کۆمەڵگا هەمیشە ناچارین بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرەتاییترین ڕێچکەیە کە ڕێچکەی مرۆڤناسانەیە. بۆیە لەم وتارەدا بە پاڵ دانەوە بە تیۆریی دورکهایم، سەرەتا پێوەندیی نێوان ئایین و نەتەوە و پاشان ڕۆڵی ئایین لە ساز بوونی نەتەوە باس کراوە و لە کۆتاییشدا ڕۆڵی ئایین لە چێ بوونی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و هەروەها ئاڵۆزییەکانی بنەمای ناسیۆنالیزمی کوردستانی باس کراوە. پێویستە ئاماژەش بە بەکارهێنانی جیاوازی دوو وشەی ئایین و دین بکرێ، لەم وتارەدا ئایین بۆ ئاماژە بە فۆرمی ئەندیشەیی و گشتی بە کار هاتووە وەکوو ئایینی مەدەنی یان ئایینی کوردی، و دین بۆ ئاماژە بە فۆرمێکی دیار و تایبەت و پەسەند کراو وەک ئیسلام و مەسیحیەت.

## ئایینی مەدەنی و ناسیۆنالیزم

لە سەردەمی مۆدێرندا و دوای پاشەکشە کردن بە دین لە لایەن زانستەوە و بە تایبەت پاش گەشەی مارکسیزم کە کۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر بنەمای بەرهەم هێنان و جیاوازیی چینایەتی شرۆڤە دەکرد، زۆربەی ڕۆشنبیران دینیان وەکوو بابەتێکی زیندوو لە دنیای ئەمڕۆدا نەدەبینی و ڕای کۆیی مرۆڤی مۆدێرن ئەوە بوو کە مرۆڤ قۆناغی ئایین و بەستراوەیی بە بابەتی پیرۆزی تێپەڕاندووە و هەموو کۆمەڵگاکان درەنگ یان زوو بەو پرۆسەیەدا گوزەر دەکەن. بەڵام هەر وەک باس

کرا دورکهایم  تیۆریی خۆی لە سەر ئایین وەکوو بنەمای بیچم گرتنی کۆمەڵگا دامەزراند و جگە لە شرۆڤەی چۆنیەتیی بیچم گرتنی کۆمەڵگای سەرەتایی باسی دینی مەدەنیشی وەکوو فۆرمی مۆدێڕنی ئایین هێنایە گۆڕێ کە دواتر بەشێکی زۆر لــە ئاماژەکانی ئەو لەو بابەتــەدا لە لایەن ڕۆلان بارتەوە و لە ژێر ناوی ئوستورەی مۆدێڕن پەرەی پێ درا.

ئەگەرچی لە ســەرەتاکاندا باســی ئایینی مەدەنی civil religion بە کەسانی وەک ڕۆسۆ و سەنت سیمۆن دەستی پێ کرد بەڵام دورکهایم بەرچاوترین چوارچێــوەی تیۆریکی بۆ ئایدیای ئایینی مەدەنی خستە بەردەست و پێوەندییەکانی ئایینــی مەدەنی و بابەتی ناســیۆنالیزمی ڕوون کــردەوە. بە بڕوای دورکهایــم ئەگەرچی دینی مەسیحی لە ڕێگای سیکولار بوونەوە کەوتبووە پەراوێزەوە، بەڵام کۆمەڵگای مۆدێڕن پێویســتی بە ئایینێکی ســیکۆلار و مەدەنــی پەیدا کرد. ئەم ئایینە چی تر پێویســتی بە ئایدیای سەروو سرووشتی و خودایی نەبوو چون مرۆڤی مۆدێڕن چی تر پەســنی خودایانی کۆنی نەدەکرد، بڕوا بــە دینی نەریتی بە تایبــەت بە هۆی دژبەری لە گەڵ زانســت لە ناو چوو بوو بەڵام چەمکی «پیرۆز» لە شــوێنی خۆی مابوو چون بە بێ ئەم بنەما ئەخلاقییە بوونی کۆمەڵگا خۆی نامومکینە. ەەو پیرۆزییە نوێیەش چەمکی نەتەوەیە .(San-tiago,2009: 395-396) واتە دینی نەریتی پاش سەردەمی مۆدێڕن دیسان خۆی بینا کردۆتەوە و ئەمــەش بە ڕای دورکهایم پێوەندیی بەوەوە نیە کە ئەو دینە نەریتییــە چی بووە بەڵکوو وەکوو تایبەتمەندییەکــی یونیڤێرســاڵ دەیبینێ کە بەرهەمی پێویستیەکانی مرۆڤە، مرۆڤ پێویستی بەوەیە کە هەست بکات بەستراوی کۆمەڵگایەکی بە هێــزە [کۆمەڵگای دینی یــان نەتەوەیی] و هەر وەهــا خۆی بە ئەندامــی گرووپێک بزانێ کە لەوانی دیکە جیــای بکاتەوە. (Durkheim, 1995:214) پاش دورکهایــم کارڵتۆن هایەس بە چڕی زیاتر پەرژایە ســەر ئەم مژارە. بە پێی هایەس « ناســیۆنالیزم هەستێکی قووڵ و پتەو ســاز دەکات کە لە جەوهەری خۆیدا ئایینییە واتــە وەکوو ئایینەکانی دیکە ئیمان بە هێزێکی دەرەکــی ســاز دەکات [ڕۆحــی نەتەوەیی] و هەروەها هەستی کڕنۆش و ترس بەرهەم دێنێ، ناسیۆنالیزم هەروەها خاوەنی بۆنە و سێرێمۆنیای تایبەت بە خۆیەتــی و خەڵک لە دەوری یەک سیمبول (ئاڵا) کۆ دەکاتەوە.» (Razi,1990: 75).

ئــەم تایبەتمەندییــە ئەگەر لــە وڵاتانی ئوروپاییــدا وەکــوو تایبەتمەندییەکــی کەمتر زەق دەبینــدرێ و گوزار لە دینــی نەریتی بە پێکهاتەیەکــی جیــاواز (بەڵام لــە جەوهەری خۆی دا ئایینی) بە ناوی نەتەوە زۆر سروشــتی ڕوویداوە؛ لە ئافریقا و ئاســیادا ئەو جێگۆڕکێیە زۆر زەق بووە. لەو وڵاتانەدا گەشەی ناسیۆنالیزم دوو هۆکاری ســەرەکیی هەبوو یەکەمیان ئاشنا بوونی ئیلیتی کۆمەڵگای ئافریقایی و ئاسیایی لە گەڵ چەمکی نەتەوە وەکوو بابەتێکی نوێی ڕۆژ لەگەڵ هەموو بابەتــە نوێیەکانی دیکە (لە جل و خۆراک و هەڵســووکەوت تــا ئایدیا و بیر) لە لایەن ئیلیتی ئەو کۆمەڵگایانەوە وەرگیرا. دووهەم خودی دۆخی کلۆنیالیستی کە بە هۆی ئایینی مەسیحی و میسیۆنەرە مەسیحییەکانەوە بە سەر ئەو وڵاتانەدا زاڵ ببو وهەســتی یەک بوونی لە نێوان تاکی بە مەسیحی بووی وڵاتانی کلۆنی لە گەڵ داگیرکەران ساز دەکرد.  هەر بۆیە ئیلیتی ئەو وڵاتانە هەستیان بە پێویستیی تۆکمەییەکی کۆمەڵایەتیی هاوتای مۆدیلە ئایینییەکە کردبوو. ناســیۆنالیزم لەو وڵاتانەدا دەقاودەق لە جێگەی دین دانرا و هەموو دۆگماکانی دینیش گوازرایەوە بۆ ناو ئایدیای ناسیونالیستی کە بە وتەی سمیت خــۆی «ئایینی مۆدێڕنیســـمە» (Smith, 1998: 97). لە وڵاتانی ئیســلامیش دا دیسان دین لە فۆرم گرتنی ناسیۆنالیزمدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو و ئایدیاکانــی جەماڵەددیــن ئەفغانی هەوێنی ناسیۆنالیزمی تێکەڵ بە ئیسلامی وڵاتانی وەکوو میسر و تونس بوو. تەنانەت لە تورکیەدا کە دوای ســەردەمی کەماڵ مســتەفا هەوڵ درا ڕواڵەتی

ئایینی لــه مۆدێرنیزمی تورکی بســـردرێتەوە، خودی جووڵەی ناسیونالیســـتی لە ١٨٦٠ دا لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیزمی تاتاری کە تێکەڵی ناســـیۆنالیزمی تورکی و مۆدێرنیزمی ئیسلامی بوو کەوتە ســـەرپێ و هیچ کێشەیەک لە نێوان تورکیسم و ئیسلامیســـم دا نەبوو(Cetinsaya, 1999:352-355). لە هەموو وڵاتانی ئوروپاییشدا بە هەمان شێوە هیچکات دژبەرییەک لە نێوان ئایدیای ناسیونالیستی و باوەڕی دینیی زۆرینەی کۆمەڵــگادا نەبووە و ئەوانــە هاوتەریب بوونە و هەمیشـــە دین ڕۆڵی گرنگی لــە بیچم گرتنی ناسیۆنالیزمی هەموو وڵاتاندا گێڕاوە.

## ڕۆڵی دین لە پێکهاتنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم

ناســـیۆنالیزم هەر وەک ئاماژەی پێ کرا زۆر جار وەکوو جێگرەوەیەکی دیـــن لە دنیای مۆدێرندا باسی لێ دەکرێ، بەڵام جیا لەو جێگۆڕکێیە کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەک دەبیندرێ، خودی دین وەکوو یەکێک لــە پایەکان و بنەماکانی ناســـیۆنالیزم هەمیشە بە درێژاییی مێژوو، ڕۆڵی گرنگی بینیوە بۆ جیاکردنەوەی ســـنووری نەتەوەکان و ڕوون کردنـــەوەی جیاوازیی نێوان نێو- گرووپ و دەر- گـــرووپ یان «ئێمە» و « ئـــەوان». بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە بە جۆرێک لە دۆخێکی ژێردەستیدا بوونە یان کەوتوونەتـــە ژێر کاریگەریی کلتوری و زمانیی ئەویتری زاڵ. بۆ نموونە پرۆتێســـتانیزم ناسیۆنالیزمی ئینگلیسیی لێ کەوتەوە، پەیتیزم (چلێک لــە لۆتێریزم) بنەمای ناســـیۆنالیزمی ئاڵمانی بـــوو، ئایدیای عیبرانی ناســـیۆنالیزمی ئیرلەندی باکوور و ئیسرائیلی ساز کرد وهەروەها کاتۆلیسیسزم لە پۆلەند، ئۆرتۆدۆکس لە ناوچەی باڵکان و دینی شینتۆ لە ژاپۆن هەموویان هەمان ڕۆڵیان بۆ ساز کردنی ناسیۆنالیزم گێڕاوە (Bru-baker, 2012: 7).

لە هەموو ئەم نموونەگەلەدا دین ڕۆڵی شوناس بەخش و سنووردانەری بووە و گرووپێکی زمانی و دینی و کلتوریی تایبەتی لە ژێر هێژمۆنی زمانی و دینیی گرووپی دیکە دەرهێناوە و هەستی یەک بوونـــی لە نێوان خۆیاندا و هاوکات جیاواز بوون لە گەڵ ئەویتری بۆیان ساز کردووە. ئەم شوناسە جیاوازە دینییە دواتر تێکەڵ بە وڵات پەرەستی بووە و هێندێ سیمبۆلی نەتەوەیی وەکوو ئاڵا و مێژووی ئەفســـاتیری لە زیاد کراوە، لەو ڕێگایەوە ئـــەو یەک بوونـــی دینییە کە یـــەک بوونێکی ئابســـتراکت و میتافیزیکی بووە لایەنی مادیی وەرگرتوە و هەم ئایدیا و هەم قاڵبی پێویست بۆ سەرپێ کەوتنی وڵاتێکی جیاواز و سەربەخۆ و بە هێزی ئامادە کردووە. واتە ئایدیای ناسیونالیستی هەمیشـــە پاڵی بە ئایدیایەکی دینییەوە داوە و لە دەسپێکی ساز بوونی وڵاتێکدا، ناسیۆنالیزم بۆ خۆی و تەنیا بە سیمبولە نەتەوەییەکان لاوازترە لەوە کە بتوانـــێ وەفادارییەکی پتەو و بەهێز لە نێوان تاکەکانی ناوچەیەکی تایبەتدا ساز بکات.

لە ڕاستیدا دین وەکوو پێکهاتەیەکی سەروو خێڵەکی هەمیشە توانیویە وەها وەفادارییەکی بەرزە ئاست لە نێوان تاکەکانی ناوچەیەکی زمانی و کلتوریی تایبەتدا دروست بکات. وەفادارییەک کە دەتوانێ وەفاداری بە خێڵ و عەشـــیرە (کە فۆرمە ســـەرەتاییە شوناس بەخشەکانی مرۆڤن) بخاتە پەراوێز و لە ســـەرەوەی ئەوانەوە «ئێمە» یەکی گشـــتیتر ســـاز بکات. لە نەبوونی ئایینی هاوبەشـــدا ئـــەو وەفادارییە نزمە ئاســـتگەلە بە عەشیرە و خێڵ و گرووپ لە نێوان خێڵە هاوشێوە و هاوزمانەکانـــدا هەمیشـــە دەتوانن کێشـــە و ناکۆکی بنێنەوە و پێش بە ساز بوونی یەکەیەکی سیاســـی و کلتوریـــی تایبـــەت بگـــرن(Razi, 1990:75). نموونەی وەها ناتەباییەکی مێژوویی لە ناو کورددا بە ڕوونی ســـەلمێنەری ڕاســـتیی ئـــەم ئیدعایەیە کە دینی هاوبەش کاریگەرترین ڕێگای ساز کردنی هەستی یەک بوونی سەروو خێڵەکیە. فـــرە ئایینـــی و پلۆرالیزمی دینی و ئایینیی کوردســـتان کە وەک بابەتێکی زاتی و نەگۆڕ خۆی دەنوێنێ و هێندێ جار کورد خۆی وەکوو شـــانازییەک ناوی دەبات و هەر بە هۆی ئەو بە ڕواڵەت پێک ســـازانە مێژووییە (کە لە ڕاستیدا پێک سازان نەبوە چون مێژووی کوشت

و بـــڕی زۆری تێدایە) کورد پێی وایە دەکرێ و دەتوانێ بە وەها ئالۆزییەک لە ناسنامەی ئایینیدا بگات بە هەســـتێکی هاوبەشی نەتەوەیی. بەڵام وەک دەبینین ئەو هەســـتە هاوبەشە ئەگەرچی لــە ســـەردەمی مۆدێرنـــدا و بە هـــۆی دۆخی هەڵپەسێردراوی کورد لە بیاڤی سیاسەتی دنیادا و هەست بە بۆشـــایی دەوڵەتی کوردستانی تا ڕادەیەک ســـاز بووە بەڵام هیچ کات ئەوەندە بە هێز نەبووە کە بتوانێ هەموو تاکەکانی وڵاتێک بـــە ناوی کوردســـتان موبیلیزە بـــکات و هێزە سیاسییەکان کە یاریزانی سەرکیی ئەو بیاڤەن لە یەک چوارچێوەی نەگۆڕ و ئیعتراف پێ کراو لە لایەن هەموانەوە، کۆ بکاتەوە.

هەر بۆیە دەتوانین ئیدعا بکەین کە ئالۆزیی ناســـنامەی ئایینیی کـــورد ڕیشـــە و هۆکاری بنەمایی ئالۆزیی دۆخی ئەمڕۆیە و فۆرم نەگرتنی ئایدیۆلۆژیـــای دینـــی تایبەت لە نـــاو کورددا ناڕوونیی شـــوناس و پەرتەوازەیی سیاسیی لێ کەوتووەتەوە.

لە ڕاســـتیدا کورد لە بـــاری ئایینییەوە بێ ئایدیـــا و تەواو لـــە ژێر هێژمۆنـــی نەتەوەکانی دەوروبەریدا نەبووە، ئایدیای ئایینی تایبەتی هەبوو و ســـەرەتاییترین جووڵە شـــوناس خوازانەکانی ناو ئیسلامیش (وەکوو ســـەرەتای بزووتنەوەی عەبباسی و هەروەها خورەمدینەکان) یان لە ناو کوردەوە یان بە هاوکاریی کوردەوە دەستی پێ کـــرد، بەڵام ئەم ئایدیایـــە کاتێ لە قاڵبی دینی تایبەت و لە ســـەر دەستی ســـوڵتان سەهاکی بەرزەنجـــی هاتە بوون، لە ناو خودی کورددا ئەو سەرکەوتنە پێویســـتەی وەدەست نەهێنا. دواتر فارس بە یاریی تورک، توانی لە ســـەر ئەساسی تاکە دەرکەوتەی ئایدیۆلۆژیکی ئەم ئایدیایە واتە شیعە، ناسیۆنالیزمی فارسی/ ئێرانی بینا بکات.

## ئایدیـــای ئایینی کـــورد و ناســـیۆنالیزمی فارسی/ئێرانی

ئەگەرچی ناسیۆنالیزم چەمکێکی مۆدێرنە بەڵام وەک باس کرا بنەمای ئەم چەمکە خۆی سەرەتا لە ســـەر شوناســـی دینی تایبەت دامەزراوە و هەر بەو پێیە هەرکات دینێک، مەزهەبێک یان فرقەیەکی تایبەتی دینی سەری هەڵداوە، ئێمە لەگەڵ فۆرمێک لە شـــوناس خوازیی نەتەوەیی لە شێوازی نیمچە ناسیونالیستیش بەرەوڕووین.

شـــوناس خوازیی فارس لە پاش ئیســـلام کە بە هێنانەوەی زمانی فارســـی بۆ ناو هەرێمی زاڵیەتیـــی کلتـــوری عەرەبی ـ ئیســـلامی و لە ســـەدەی هەشـــت و نۆی زایینی دەستی پێ کردبوو پاش حەوت ســـەدە و بە ســـەرهەڵدانی ســـەفەوییەکان، گەیشتە ئاکامی نیهایی خۆی. واتە ئەگەرچی زمانی فارســـی لە مردن ڕزگاری ببوو بەڵام شوناســـی فارســـی/ئێرانی هێمان لە ژێر کاریگەریی کلتوری عەرەبی ـ ئیســـلامیدا بوو و ســـەرهەڵدانی ســـەفەوییە بـــە کۆدەنگی لێکۆڵەرانی مێژوو سەرەتای سەربەخۆیی فارس لە جوغرافیای ئیسلامی بوو.

## ڕۆڵـــی ئەندیشـــەی ئایینـــی کـــورد لـــە سەرهەڵدانی سەفەوییەدا

ئایدیـــای ئایینیـــی ســـەفەوی کە ڕیشـــەی لە کوردســـتاندا بوو، تا کاتی گۆڕانی بە ئایدیالۆژیی شیعە چەند قۆناغی جیاوازی بڕی. دیارە لەبارەی بنەچـــەی بنەماڵـــەی ســـەفەوی، ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیـــە و خودی ئەو بنەماڵەیـــە لە ئالۆز بوونی ئـــەو ناســـنامەیەدا ڕۆڵیان هەبـــووە. واتە پاشـــاکانی ســـەفەوی بۆ ئەوەی بنەچەی خۆیان ببەنەوە ســـەر ئیمام موسای کازم و لەو ڕێگایەوە شـــەرعییەتی خوێنیی پێویست وەدەست بێنن، شـــەجەرەنامە و بنەچـــەی خۆیان دەســـتکاری کردووە، بەڵام بە گوێرەی ســـەرچاوەکانی دیکە، فەیرۆزشای زەڕین کڵاو، جەددی گەورەی شێخ سەفی، لە سەدەی دەی زایینی لە کوردستانەوە کۆچی کردۆتە ئەردەبیل. ڕاجر ســـەیقوری جێی باوەڕترین گریمانە بەوە دەزانێ کە فەیرۆزشـــا لە ساڵی ١٠٢٥ لە گەڵ میر مەمەلانی ڕەوادی[١] و لە کاتی فەتحی ئەردەبیل و موغان بە دەســـتی ئەو میرە کوردە، هاتبێتە ئەردەبیل و لەوێ زەوی

و ملکی زۆری پێ بەخشرابێ و نیشتەجێ بووبێ (سیوری، عزیزی، ١٣٨٥:٢) بە ڕوونی دیار نییە لەو سەردەمەدا فەیرۆزشا یان مەمەلانی ڕەوادی سەر بە چ ئایینێک بووبێتن بەڵام شێخ سەفی کە دووسەد ساڵ دوای ئەو کۆچە لە دایک بوو شافعی و سەر بە ڕێبازی زاهدییە بوو کە دوای مەسنەد نشینیی ئەو ناوی گۆڕا بە ڕێبازی سەفەوی.

تا سەردەمی شێخ جونەیدیش هەر شافعیگەری مەزهەبی سەرەکیی ڕێبازی سەفەوی بوو، شێخ جونەید بە هۆی کێشەی جێنشینی لە گەڵ شێخ جەعفەر ناچار بوو بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ئەردەبیل بە جێ بێڵێ و لەو کۆچەدا سەرەتا چووەتە هەولێر(ئەربل) و پاشان ڕۆژئاوای کوردستان (شام) و لەوێڕا چووەتە ئامەد (دیار بەکر) (خواندمیر،٥٩٠:١٣٧٠) (الشیبی، ١٣٥٩:٣٨٠) ئەو سەفەرە سەرەتای گۆڕانێکی جیددی لە بیر و باوەڕی شێخ جونەید و پەیدا بوونی ئەو باوەڕانەیە کە دواتر ناویان ناوە باوەڕی غالیانە.[٢] شێخ جونەید لە ماوەی مانەوەی خۆی لە کوردستاندا، توانی جەماعەتێکی زۆر لە شەبەک و عەلەوی و شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بەو پێیە کە ڕێبازی سەفەوی ناوێکی گەورە و ناسراو بوو ئاوڕدانەوەی شێخ جونەید لە باوەڕی ئەو گرووپانە بۆ ئەوانیش جێی دڵخۆشی بوو و وەکوو پیری خۆیان قبووڵیان دەکرد (نجفی برزگر، ١٣٩٥:٩) قائیل بوونی نەمری بۆ شێخ جونەید و زاتی خودایی بۆ شا ئیسماعیل و خۆ بواردنی موریدانی ئەو ڕێبازە لە تاشین و کورت کردنی سمێڵ (هەمان: ١٥) هەموو دەرخەری کاریگەریی ئەندیشەی ئایینی کوردی (ڕەوتە باتنیەکان و شەبەک و عەلەوی و کاکەیی) لە سەر سەفەوییەکانن، بەڵام دواتر، لە سەردەمی شا تاماسپ و کاتێ کە ساز کردنی فیقهی شیعە دەستی پێ کرد، هەموو ئەو باوەڕانە سڕدرانەوە و شیعەی دوازدە ئیمامی هاوتەریبی سوننە و بە هەمان ئوسولی باوەڕی ئیسلامی فەرمی و لە سەر دەستی فەقیهانی لوبنانی لە دایک بوو.

لە ڕاستیدا ئایدیای ئایینی کوردی کە بە درێژایی مێژووی ئیسلام ڕەوتە باتنی و سۆفیانەکانی وەکوو هێزی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی ئیسلامی تەغزیە دەکرد، قەت نەیتوانیبوو وەکوو ڕەقیبێکی جیددیی ئیسلامی فەرمی (سوننە) خۆی بنوێنێ و تاکە جارێکیش کە لە لایەن سوڵتان سەهاکی بەرزنجییەوە لە سەدەی سێزدەی زایینیدا وەکوو دینێکی سەربەخۆ لە ئیسلام دەرکەوت، سەرکەوتنێکی وەهای بە دەست نەهێنا و لە لایەن خودی خەڵکی هەورامانەوە قبووڵ نەکرا. ئوسولی بنەمایی ئیسلام وەها زاڵ بوو و هەروەها دەزگای سزادانی شەرعی وەها بە هێز بوو کە ئەو ئایدیایە نەیدەتوانی لە فۆرمی دینی جیاوازدا هەناسە بدات هەر بۆیە تاکە ڕێگای بیچم گرتن و فۆرم گرتنی بە شێوازێ کە توانای بەرگریی ئایدیۆلۆژیکی هەبێ ئەوە بوو کە وەکوو لقێک لە خودی ئیسلام دەرکەوێ.

واتە لادانی سەفەوییە لە باوەڕە سۆفییانەکانی شێخ سەفی و باوەڕە کوردانەکانی شێخ جونەید و ساز کردنی شیعە وەکوو فۆرمێک لە ئیسلام و ڕەقیب و هاوتەریبی سوننە و بە واتای دیکە ئایدیۆلۆژیک کردنی ئەو بیرە ئایینییە، توانای مۆبیلیزە کردنی شوێنکەوتووان و دیاری کردنی سنووری ڕوونی نێوان ئەوان و ئەویتری پێ دەدان. سنووری نێوان دەسەڵاتی سەفەوی و خەلافەتی ئیسلامی بە ڕوونی دیاری کرا و ئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵات و باوەڕی سەفەویدا بوو وەک دوژمن پێناسە کرا و سۆفییەکانیش کە تا ئەو سەردەمە بە عام شافعی و بە هەموویانەوە مەیلەو بنەماڵەی عەلی بن ئەبوتالب بوون، لە سەردەمی سەفەویدا دیسان کەوتنە بەر ڕاوەدوونان و ئازاری دەسەڵاتی سەفەوی و، هەموو ئەمانە لە پێناو ئەو سنوور دیاری کردنەی نێوان «خۆ» و «ئەویتر» بوو. واتە شوناسێکی سەربەخۆی دینی فۆرمی گرت کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی دوای ئیسلامدا خەلافەتی ئیسلامیی وەکوو دوژمن و ئەویتر پێناسە دەکرد و ئەوە بنەمای سەرەکیی

ناسیۆنالیزمی ئێرانی پێکهێنا.

ئەگەرچی هەم ڕەچەڵەک و هەم مێژوی ئایینیی بنەماڵەی سەفەوی سەر بە کوردستان و ئەندیشەی ئایینیی کوردستان بوو و لە ناو تورکانیشدا فۆرم و قاڵبی گرت، بەڵام پاش ساز بوونی فیقهی شیعە بە دەستی فەقیهانی هاوردەی لوبنان و گواستنەوەی پێتەخت لە ئەردەبیل بۆ ئەسفەهان و ڕۆڵی بەربڵاوی دیوانسالارانی فارس، سەفەوییە و مەزهەبی شیعە کەوتنە خزمەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە هەر لەو سەردەمەوە لە گەڵ هێژمۆنی سیاسی و کلتوریی قەومی فارس هاولف بوو.

## دۆخی ئایینیی ئەمرۆی کوردستان و ئاڵۆزیی شوناسی نەتەوەیی

دۆخی ئێرانی پێش سەفەوی تا ڕادەیەکی زۆر وەکوو دۆخی ئەمرۆی کوردستان بوو، فرە ئایینی و ڕێبازی فکری و عەقیدەییی جۆراوجۆر کە بە هەموویانەوە یەک دالی ناوەندییان هەبوو ئەویش مەسئەلەی شوناس خوازی بوو و خۆ جیا کردنەوە لە ڕەوتی زاڵ و ئیسلامی فەرمی، پاش سەفەوی ئەو یەکگرتوویی و وەفادارییە بەرزە ئاستە کە بۆ دروست کردنی وڵات و جیا کردنەوەی سنوور پێویستە، لە ناو فارسی ناوچە جیاوازەکان و هەروەها تورک (بە هۆی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتدا) ساز بوو، سیستمی مورید و موریدی سۆفیانە کە لە خۆیدا لۆکاڵ و بەستراوی حزور و دیداری پیری هەر ناوچەیەک بوو و فرە مەرجەعیی بەدوادا بوو، جێی خۆی دا بە مەرجەعییەتی فیقهی شیعە و شەخسی سوڵتان یا شا. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە تەنیا کوردستان لە سەر مۆدیلی پێش سەفەوی مایەوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت نە تەواو هێژمۆنی ئیسلامی فەرمیی قبووڵ کردووە و نە تەواو ملی داوە بە هێژمۆنی ئیسلامی شیعە و بووە بە یەکێ لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە جۆراوجۆرییەکی یەکجار بەربڵاوی ئایینی و دینیی تێدایە. ناوچە بە ناو سوننەکانی تا چەن دەیەی ڕابردوو تەواو لە کۆنترۆڵی ڕێبازە سۆفییانەکاندا بوون کە لە باری مێژووییەوە هەمیشە لە گەڵ فەقیهانی ئیسلامی فەرمی(سوننە) کێشەیان بووە (ئەگەرچی زۆرجاریش بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی سەفەوی لە لایەن عوسمانییەکانەوە پشتگیرییان لێ کراوە). بەڵام بنەمای باوەڕ و سرووتیان لە ڕەوتە باتنییەکان نزیکتر بووە. عەلەوی و یارسان و شەبەکیش کە هەر لە سەر ڕێچکەی خۆیانن و نەچوونەتە ژێر ڕکێفی شیعە، شاری دینەوەری لێ بەدەر بێت کە لە سەدەی نۆ و دەی زایینیەوە هەر ئیمامی بوونە، مێژووی شیعەبوونی بەشێکی بەرچاو لە شارە باشوورییەکانی کوردستانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاجار و ئەو ناوچانە بە عام تا ماوەیەکی زۆر هەر سەر بە یارسان و عەلەوی بوونە و دواتر بوون بە شیعە. بۆیە دەبینین کوردستان وێڕای هەبوونی ئایدیای ئایینیی خۆی کە شوێن پێی، هەم لە ڕێبازە سۆفییانەکان و هەم یارسان و عەلەوی و شەبەک و شیعەدا دەبینرێ، هێشتا نەیتوانیوە ببێت بە خاوەنی دین یان مەزهەبێکی هەمەگیر و تایبەت بە خۆی کە بتوانێ سنووری خۆ و ئەویتری بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەوەش بووە بە هۆی ناڕوونیی شوناس بۆ تاکی کورد و وای کردوە هەمیشە هەستی بەستراوەیی belonging لە ناو زۆرینەی کورددا چڕ و لە یەک شوێن نەبێت، کوردی ئێزیدی بە پێی دەقی ئایینیی خۆی دەزانێ کوردە بەڵام مێژووی هێرشی هاونەتەوەی موسڵمانی وای لێ دەکات کوردە موسڵمانەکە بە «ئەویتر» ی خۆی بزانێ، کوردی سوننە بە هۆی زمانی ئاخافتن خۆی پێ کوردە بەڵام مێژووی شەڕی شیعە و سوننە وای لێ دەکات کوردە شیعەکە بە ئەویتری خۆی بزانێ، شیعەکەش بە هەمان شێوە، یارسان و عەلەوییەکەش هەر وەها.

واتە ئیعتراف بە کورد بوون ئەگەرچی لە ناو زۆرینەدا بوونی هەیە بەڵام نەبوونی دینی هاوبەش و دابەش بوون بە سەر دینی فەرمیی داگیرکەرانی کوردستاندا هەمیشە لە خۆی دا

هەڵگری پتانسیەل و زەمینەی دابڕان و شەڕ و ئاژاوەیە و پێش بە ساز بوونی هەست و وەفاداریی بەرزەئاست بە نیسبت «ئێمە»یەکی گشتگیر دەگرێ.

## ئاکام

سەرەڕای ئاوڕ نەدانەوەی بزووتنەوە سیاسییە مۆدێرنەکانی کورد لە بابەتی ئایین و مەزهەب و پێداگرییان لە سەر بەهاکانی سوسیالیزم یان نەتەوەخوازییەکی سیکولار کە هەوڵ دەدات کەمترین بەریەک کەوتنی لە گەڵ بابەتی دیندا ببێت، واقع و پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێمان دەڵێ کە سەرچاوەی مەشروعییەت و پایەیەکی سەرەکیی سەقامگیری و یەکگرتوویی ئێستاشی لەگەڵ بێت دین و باوەڕی دینییە. ناسیۆنالیزمی هەموو وڵاتانی دنیا بە هەڵبژاردن و زەق کردنەوەی ڕێچکەیەکی دینیی تایبەتەوە دەستی پێ کردوە و ئەو دوو بابەتە واتە دین و ناسیۆنالیزم پێوەندیی جەوهەرییان هەیە و بۆ دارشتنی سنووری نێوان خۆ و ئەویتر و ساز بوونی وڵات ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕن.

بۆیە هەڵبژاردنی ڕێچکەی سیکولاریستی لە سیاسەتدا ئەگەرچی لە فەزای گشتی و پەسەندکراوی دنیای مۆدێرندا بەهایەک دێتە ئەژمار، بەڵام خوێندنەوەیەکی خۆماڵیانە بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێ کە بەها شتێکی ڕەها نیە و ئەوەی لە وڵاتێکی سەقامگرتوو و بێ کێشەی ئوروپاییدا بەهایە مەرج نییە لە دۆخی بێ وڵاتیشدا بەها بێت. دارشتنی ستراتیژیی دینی بەشێکە لە سیاسەتی فەرهەنگی و کلتوری کە هەر وڵاتێک بۆ سەربەخۆ بوون یان ڕاگرتنی سەربەخۆیی خۆی ناچارە لێی و پشتگوێ خستنی ئەو بەشە بە پاساوی سیکولاریزم یان ئازادیی بیر و ڕا، دەبێتە هۆی لەرزۆک بوونی هەمیشەیی سەروەری و سەربەخۆیی. ڕاستە کە لەم سەردەمەدا گەیشتن بە یەکگرتوویی ئایینی و دینی زۆر ئەستەمە، بەڵام خوێندنەوە و قووڵ بوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتە ئایینی و دینییەکانی کوردستان دەتوانێ ئەو هێڵە هاوبەشەی لە نێوان ئایینە کوردستانییەکاندا هەیە بخاتە بەرچاو و پاشان بە هەڵبژاردنی سیاسەتێکی دروست لە لایەن دەسەڵاتداران و ڕەوتە سیاسییەکان بیری کۆیی کۆمەڵگا بەرەوە خاڵە هاوبەشەکان پاڵ پێوە بنرێ.

## سەرچاوەکان


Durkheim, Emile, and Joseph Ward Swain. The Elementary Forms of the Religious Life Trans from the French. Karen E. Fields, Free Press, New York ,1995.

Santiago, Jose. «From “civil religion” to nationalism as the religion of modern times: rethinking a complex

Brubaker, Rogers. «Religion and nationalism: four approaches.» Nations and nationalism 18.1 (2012): 2-20.

Razi, G. Hossein. «Legitimacy, religion, and nationalism in the Middle East.» American Political Science Review 84.1 (1990): 69-91.

Cetinsaya, Gokhan. «Rethinking nationalism and Islam: some preliminary notes on the roots of “Turkish□Islamic Synthesis” in modern Turkish political thought.» The Muslim World 89.3□4 (1999): 350-376.

Smith, Anthony, and Anthony D. Smith. Nationalism and modernism. Routledge, New York, 1998.

خواند میر، غیاث الدین بن همام الدین. تاریخ حبیب السیر، نشر خیام، تهران: ۱۳۸۰.

الشیبی، کمال مصطفی . تصوف و تشیع تا اغاز سده دوازدهم. ترجمه علیرضا قرەگوزلو، امیرکبیر، تهران: ۱۳۵۹.

نجفی برزگر، کریم و مهری ادریسی و مطلب مطلبی. بنیادها و تحول اندیشەی غالیانه صفویان، از شیخ جنید یا شاه اسماعیل: نقش ایینهای اهل حق علویان و شبک. پژوهشنامەی تاریخهای محلی ایران، سال چهارم، شماره دوم، ۱۳۹۵ (۵-۱۸)

مرتضوی، سید خدایار. گفتمان تشیع و برسازی هویت ملی در ایران عصر صفوی، فصلنامەی پژوهشهای سیاسی جهان اسلام،سال پنجم، شماره سوم، پاییز ۱۳۹۴ (۱۵۷- ۱۸۳)

سیوری، راجر. ایران عصر صفوی، ترجمەکامبیز عزیزی، نشر مرکز، تهران: ۱۳۸۹


## پەراوێزەکان

۱. ڕەوادیەکان حکومەتێکی کورد بوون کە لە سەدەکانی هەشت و نۆی زایەنی ناوچەکانی ئازەربایجان وتەورێز و موکریان و ئەرمەنستانیان بە دەستەوە بووە

۲. غالی بە دەستەیەک لە شیعە دەگوترێ کە باوەڕیان بەوەیە کە عەلی و هێندێکی دیکە لە ئیمامانی شیعە خاوەنی زاتی خودایین

# مدیریت استعماری سرزمین در ڕۆژهەڵات

**د. منصور سهرابی**
**دکترای تخصصی اگرواکولوژی**



مدیریت غیر علمی و استعماری حکومت ایران در ڕۆژهەڵات نه تنها باعث هدرروی و غارت آب در این منطقه گردیده است بلکه با فراهم کردن امکان فرسایش سبب هدرروی خاک نیز شده است. ادامه این روند می تواند آینده ڕۆژهەڵات را به خطر بیندازد. علی رغم این سبک مدیریت، منابع آبی و خاکی ڕۆژهەڵات هنوز از سایر مناطق در ایران بهتر است.

رۆژهه‌ڵات بـا مســاحت ۱۱۱۹۶۵ کیلومترمربع با فرمان جهاد آیت‌الله خمینــی، رهبر وقت ایران در مرداد ۱۳۵۸، مورد تجاوز و اشــغال قرار گرفت محیط زیســت و منابع طبیعی کردســتان نیز از اثرات این فرمان بی‌بهره نماند و به‌صورت مستقیم و غیر مســتقیم یکی از قربانیان این فرمان شد. با اشغال کردســتان، حکومت جمهوری اسلامی این ســرزمین را به شــیوه‌ای ناکارآمد، تخریبی و غیر علمی اداره کرده اســت. مدیریــت تخریبی نقطه مقابــل مدیریت پایدار ســرزمین اســت. بنابراین میتوان مدیریت پایدار ســرزمین را به عنوان یک رهیافت دانش محور دانست که به تلفیق مدیریت زمیــن، آب، تنوع زیســتی و محیط کمک میکند تا تقاضــای در حــال افزایش منابع تأمین شــود و همزمان خدمات اکوسیســتم و وســایل معاش نیــز حفظ گردد. مهمترین هــدف مدیریت پایدار ســرزمین جلوگیــری از تخریب منابع ســرزمین است. هماهنگ کردن اهداف مکمل تأمین امکانات محیطزیســتی، اقتصادی و اجتماعی برای ســود نسلهای حال و آینده همزمان با حفاظت از کیفیت منابع سرزمین(آب، هوا وخاک) و ارتقا آنها از دیگر اهداف این نــوع مدیریت اســت. بنابراین میتوان مدیریت پایدار ســرزمین را به عنوان یک رهیافت دانش محور دانســت که به تلفیق مدیریت زمین، آب، تنوع زیستی و محیط کمک میکند تا تقاضای در حــال افزایش منابــع تأمین شــود و همزمان خدمات اکوسیستم و وسایل معاش نیزحفظ گردد .

## جنگل‌های کوردستان

در ســال‌های اول انقــلاب، آتش توپخانه ســپاه و ارتش به بهانه اســتتار پیشمرگه‌ها در جنگل‌های کردستان، جنگل‌های این مناطق را نشانه گرفتند. این جنگ‌افروزی از بی دفاع‌ترین موجودات منطقه قربانیان بیشماری گرفت.

مــردم منطقــه نیز که بــه دلیل عــدم امنیت از دریافت سوخت‌های فسیلی محروم بودند به ناچار برای تأمین ســوخت مایحتاج خود از جنگل‌های کردســتان قربانیان بیشتری گرفتند. بدین ترتیب درختان بی‌دفاع از هر دو سو مورد حمله قرار گرفت و تراکم آنان چنان کم شــد که هرگز این خسران جبران نگردید.

**مساحت جنگل‌های رۆژهه‌ڵات بدین شرح است:**

| استان | هکتار جنگل |
| --- | --- |
| ارومیه | ۱۰۱۰۰۰ |
| ایلام | ۶۴۱۶۴۷ |
| کردستان | ۳۷۴۰۰۰ |
| کرمانشاه | ۵۲۷۰۰۰ |
| جمع | ۱۶۴۳۶۴۷ |

رشــته‌کوه‌های زاگرس، وســیعترین و اصلی‌ترین رویشــگاه گونه‌های مختلف بلوط بوده و به همین دلیل این منطقه از اهمیت بسیارٍ ویژهای برخوردار اســت. درختان بلوط معمولاً در ارتفاع ۶۵۰ تا دو هزار و ۴۰۰ متر از ســطح دریا بر پهنه زاگرس رخ نموده‌اند. به گفته فرمانده یگان حفاظت ســازمان جنگل‌هــا، مراتــع و آبخیــزداری (۱۳۹۸)، به‌طور میانگین سالانه حدود ۱۰ هزار هکتار از عرصه‌های منابع طبیعی طعمه حریق می‌شوند که بیشترین آتش‌ســوزی‌ها در عرصه‌هــای منابــع طبیعی در زاگرس رخ داده است.

آتش سوزی یکی از عوامل مهم ایجاد اختلال در اکوسیستمهای جنگلی اســت و به عنوان یک آشــفتگی بر ســاختار و تجدید حیــات گونه‌های گیاهی تأثیرات بسیار منفی دارد.


عامل انســانی مهمترین علت آتش سوزی ها در زاگروس می باشــد. مدیــرکل منابع طبیعی و آبخیزداری استان کرمانشاه(۱۳۹۸) اعلام کرد: ۹۸ درصد از آتش ســوزی‌های منابع طبیعی و مراتع و جنگل‌های استان ناشــی از عوامل انسانی است تنهــا ۲ درصد آن به عوامل طبیعی مانند صاعقه و تابش خورشید بر می‌گردد. مدیرکل منابع طبیعی

و آبخیزداری استان ایلام(۱۳۹۸) نیز گفت: ۴۵۰ هزار هکتــار از مناطــق جنگلی اســتان ایلام در بخش حریق دارای موقعیتی «فوق بحرانی» است. رئوف نصری، رئیس اداره منابع طبیعی شهرستان سنندج (۱۳۹۸) اظهار کرد: عامل ۷۰ تا ۸۰ درصد این آتش سوزی‌ها انسانی بوده است. فرمانده یگان حفاظت از منابع طبیعی و آبخیزداری آذربایجانغربی (استان ارومیه) نیز با اشاره به افزایش ۶۰درصدی آتش‌ســوزی جنگل‌ها و مراتع این استان از ابتدای ســال ۱۳۹۸ تاکنون گفت: یکهــزار و ۵۰۰ هکتار از جنگل‌ها و مراتع اســتان دچار آتش‌سوزی شده است که عمده دلیل آن عامل انسانیست.

هر چندکه در ســال جاری ۱۳۹۸ نیز با توجه به وضعیت مناسب بارش‌ها و افزایش پوشش علفی کف جنــگل، احتمال وقوع حریــق در عرصه‌های طبیعی شــدت یافته اما ســوال اساسی اینجاست که عامل انســانی چه کسی ســت؟ آیا شهروندان عادی و یا کسانی که در این مناطق زندگی میکنند علت آتش ســوزی جنگل ها و مراتع هســتند و یا نیروهای که ســرزمین را اشــغال کرده‌اند و عمدا در پی نابودی این سرزمین هستند! آیا شهروندان عادی مجهز به سلاح سنگین هستند و جنگل ها و مراتع کوردستان را نشانه رفته اند یا نیروهای سپاه پاسدارن؟ سپاه پاسدارن بدون توجه به کلیه قوانین و کنوانســیوان هــای بین المللی بــه بهانه حضور نیروهای پیشــمرگ از یک ســو و از ســوی دیگر بدلیل آنکه کوردســتان را سرزمین خود نمیدانند در پی غارت و نابودی آن هستند. در بند ۳ ماده ۳۵کنوانسیون الحاقی ژنو آمده است که استفاده از ابزار جنگی که منجر به خسارت شدید به محیط زیست و یا نابودی آن شود ، ممنوع است. آیا نظام جمهوری اســلامی قوانین و کنوانسیون های بین المللی و حتــی قوانین داخلــی مرتبط به محیط زیست را در رۆژهەلات رعایت میکند؟


چرا اگر جنــگل های البرز دچــار حریق می شــوند بلافاصله نیروهای امدادی بــا امکانات لازم بــرای اطفای حریق وارد عمل خواهند شــد حتی از هلیکوپتر برای مقابله با آتش کمک می گیرند؟ ولی بــرای زاگروس هیچگونه امکانی وجود ندارد ! و حتا از تــلاش نیروهای مردمی برای اطفا حریق جلوگیــری خواهد شــد! آیــا این نــوع از تعامل و برخورد با سرزمین غیر از تعامل استعماری ست؟

**نمودار ۱- میزان میانگین بارش بر حسب میلی متر در استان های رۆژهەلات در مقایسه با استان اصفهان و فارس**



## مدیریت منابع آب


همچنانکــه در نمــودار و شــکل شــماره ۱، مشــاهده می گردد میــزان بارندگی ســالانه در رۆژهەڵات بیشــتر از دو اســتان اصفهان و فارس اســت. اما ســطح زیر کشت محصولات آبی در اســتان فارس و اصفهان بیشتر است. به عبارتی دیگر توســعه کشــاورزی و سرمایه گــزاری در ایــن بخــش هم حاکــی از نگرش استعماری به سرزمین کردستان است. اگر چه حکومت ایران در مناطــق خارج از رۆژهەڵات هم در بخش کشاورزی کارنامه‌ای موفق ندارد امــا آمارها بیانگــر نوعی تبعیــض در رویکرد مدیریتی به این ســرزمین اســت. برای مثال در استان ســنندج منابع آب تجدید پذیر۴/۸ میلیــارد متر مکعب از کل بارش ســالیانه که ۱۰/۹۳ میلیــارد متــر مکعب اســت و از این میــزان مقــدار ۴/۳ میلیارد متــر مکعب آن بصورت منابع آب سطحی و ۵۰۰ میلیون متر مکعب آن بصورت زیر زمینی می باشد. میزان آب مصرفی اســتان ۱۲۱۳ میلیون متر مکعب است که ۶۰ درصد آن از منابع آب زیرزمینی و ۴۰ درصد از منابع سطحی تامین می شود. از این میزان ۱۰۸۲ میلیون متر مکعب در بخش کشــاورزی ، ۱۲۱ میلیــون متــر مکعب برای شــرب و ۱۰ میلیون متــر مکعب برای صنعت مصرف میگردد. همچنانکه مشاهده می گردد در استان ســنندج مدیریت آب بصورت کاملا غیــر علمی اســت بطوریکه بیشــترین میزان مصرف از آب های زیر زمینی ست!حداکثر ۴۰ درصد از کل منابع آب تجدید پذیر که ۴/۸ میلیارد متر مکعب اســت میتوان استفاده کرد و نظــر به اینکه ۴/۳ میلیــارد متر مکعب آن بصورت منابع آب سطحی ست میتوان همه ی مصرف را که ۱/۲۳ میلیارد متر مکعب است از آب های ســطحی تامین کــرد، در حالیکه ۶۰ درصــد از آب مصرفی از منابع آبی زیر زمینی ست !! که برابر ۷۲۷ میلیون متر مکعب است و این در حالیست که از بارش استان تنها ۵۰۰ میلیون متــر مکعب تامین کننــده منابع آب زیرزمینی ست ! هر ساله بیش از ۲۲۷ میلیون متــر مکعب آب اضافــی از منابعی که در طی ســالیان جمع شده مصرف میگردد و این روند در آینــده نزدیک منجر به تخلیه آب های زیز زمینی در این اســتان شــده و با عواقب شدید آن از جمله خشکیدگی و فرونشست سرزمین مواجه خواهیم شــد. اما آنچه جای سوال دارد اینست که آبهای سطحی استان سنندج به کجا میرود؟




**شکل شماره ۱**
**میانگین دراز مدت میزان بارش**

بــر اســاس مطالعات انجام شــده به طور میانگیــن هشــت میلیــارد مترمکعب حجم ریزش های جوی سالانه در استان ایلام است کــه از این مقــدار بارش حــدود ۱/۹ میلیارد مترمکعــب برابر با ۲۴ درصــد وارد رودخانه ها شــده، ۱/۲ میلیــارد مترمکعب معادل ۱۵ درصد در زمین و ســفره های زیرزمینی نفوذ کرده و ۴/۹ میلیارد مترمکعب برابر ۶۱ درصد نیز تبخیر شــده و به جو زمین باز می گردد. سوال اینجاست که با این حجم آب در استان چرا ســطح کشت محصول زراعی آبی در این اســتان تنهــا ۷۳۰۳۰ هکتار اســت؟ آب این استان به کجا می رود؟!


**نمودار۲- تعداد سدهای در حال بهره‌برداری استان های رۆژهه‌لات در مقایسه با استان اصفهان و فارس**




همچنانکه در نمودار ۲ مشاهده می گردد تعداد سـد های در حـال در حال بهربرداری اسـتان اصفهان و فارس با آن میزان بارندگی که اشـاره شد نسـبت به ایلام، سـنندج و کرمانشاه جای سوال دارد!

چرا در اسـتان سـنندج که میزان آب های سطحی آن سالیانه ۴/۳ میلیارد متر مکعب است تنها ۶ سـد و در استان ایلام که حجم آب های

**نمودار۳- توزیع سطح محصولات زراعی آبی کشور ایران در سال زراعی ۹۶-۹۵**



سطحی حدود ۱/۹ میلیارد مترمکعب است تنها ۲ ســد وجود دارد در حالیکه در اصفهان ۱۸ و فارس هم ۸ ؟


با توجه باینکه تامین منبع آب برای توسعه کشاورزی بسیار مهم است و اشاره شد که استان سنندج نسبت به استان اصفهان و فارس دارای منابع آبی بیشتری است (شکل و نمودار ۱) چرا ســطح زیر کشت محصولات آبی در استان های رۆژهەڵات از اصفهان و فارس کمتر اســت؟ آب لازم برای این محصولات در دو اســتان اصفهان و فارس از کجا تامین میشــود؟ چرا کشــاورزان استان ســنندج بایستی برای تامین آب آبیاری، از منابع زیر زمینی استفاده کنند اما کشاورزان اصفهانی از آب دیگر استانها؟ آیا این تاراج منابع کوردستان نیست؟ چرا آنزمان که محور توسعه ایران، کشاورزی اعلام شد ، این مهم شامل حال رۆژهەڵات نگردید؟

## دریاچه ارومیه شــاهدی بــر  مدیریت غیر علمی منابع آب در رۆژهەڵات


در حال حاضر ســطح قابل ملاحظــه ای از این دریاچه ۵۰۰۰ کیلومترمربعی آب شور خشکیده و بیش از ۲۰ میلیارد مترمکعب آب آن نســبت به دورههای پرآبی دریاچه از بین رفته اســت و دریاچه نسبت به تراز اکولوژیک خود بیش از ۱۲ میلیارد مترمکعب با کمبود آب مواجه میباشد.

بــر طبق مطالعات و آمار منتشــره مختلف، ســطح زیرکشــت آبی کنونی در ســطح حوضه آبریــز دریاچه ارومیه نزدیــک ۵۰۰ هزار هکتار برآورد گردیده اســت. این رقم، نشانگر افزایش حدود ۲۰۰ هــزار هکتاری اراضــی آبی حوضه نسبت به اوایل دهه ۱۳۵۰ شمسی میباشد.


علاوه بر افزایش ســطح زیر کشت در بخش کشاورزی حوضه، تغییر الگوی کشت کم مصرف آبی به الگوی کشــت پرمصرف  نیز در توســعه نامتوازن  این بخــش موثر بوده ( مانند افزایش ســطح زیر کشــت چغنــدر قند). این توســعه نامتوازن کشــاورزی بــدون در نظر گرفتن توان اکولوژیک و ظرفیت محیط  منجر به برداشــت بیشتر  آب از منابع سطحی و زیر زمینی گردید( شــکل ۳و ۴) کــه دلیل اصلــی وضعیت کنونی دریاچه می باشد.




**شکل ۲- پراکندگی سطح زیر کشت در حوزه آبی دریاچه ارومیه در دو بازه زمانی ۱۹۷۶ (سمت راست)، ۲۰۱۳ (سمت چپ)**





**شکل ۳- نقاط برداشت از منابع آب سطحی حوضه آبریز دریاچه ارومیه**





**شکل ۴ - پراکندگی چاههای حوضه آبریز دریاچه ارومیه**

با خشـــکتر شدن بیشـــتر دریاچه ارومیه کانون های ریزگرد نمکی فعال میشوند و طبق پردازش تصاویر ماهوارەای شـــعاع حرکتـــی ریزگردها تا ٥٠٠ کیلو متر خواهد بود ( شکل ٥ و ۶ ).




**شکل ٥- برخی از کانونهای احتمالی ریزگرد شناسایی شده در محدوده دریاچه ارومیه با استفاده از پردازش تصاویر ماهوارهای مرکز تحقیقات سنجش از دور دانشگاه صنعتی شریف، ١٣٩٣**




**شکل ۶- مناطق واقع در شعاع حرکتی مختلف طوفانهای گرد و غبار احتمالی دریاچه ارومیه**

از دیگر آثار خشـــک شدن دریاچه ارومیه ایجاد و گســـترش انواع بیمـــاری هاســـت، از آنجا که کشـــاورزان در حوضه آبریز دریاچه برای تولید محصول بیشـــتر از انواع علفکش، حشره کش و کود شیمیایی استفاده کرده و پساب کشاورزی بـــه دریاچـــه وارد می شـــود ، نهشـــت این مواد بصورت رســـوب ، ذرات ریزگرد تولید شـــده از بســـتر دریاچه را به شدت آلوده می کند که این ذرات ســـلامت جانداران از جمله انســـان را در منطقه به خطر میاندازد.

در نهایت یکی از مهم ترین خطرات ناشـــی از پســـروی آب دریاچه، بیابان زایی می باشـــد. مـــوارد فوق نمونه واضحی از مدیریت ناکارآمد و استعماری منابع آب در رۆژهەلات بودند.

## فرسایش خاک


رئیس ســـازمان جهاد کشـــاورزی استان اردبیل عنوان کرد که میزان فرســـایش خاک در ایران ســـه برابر متوســـط جهانی اســـت به طوری که ســـالانه بیش از ٢ میلیـــارد و ٥٠٠ میلیون تن خاک با فرســـایش از دســـترس خارج می‌شود. خـــاک از منابـــع تجدید پذیر به شـــمار می رود اما براساس منابع مختلف تشکیل هر سانتیمتر خاک در شـــرایط مختلـــف آب و هوایی از ١٠٠ تا ١٠٠٠ ســـال طـــول می کشـــد، دراین میان فرســـایش عامل اصلی تخریب آن است که این تاثیر در کشـــورهای مختلف بـــا در نظر گرفتن شرایط آن متفاوت است. بر اساس آمار فرسایش آبی خاک در ایران سالانه به طور متوسط حدود ۶ تـــن در هکتـــار اســـت. رئیس انجمـــن علوم خاک (اســـتان ارومیه) آذربایجان غربی(١٣٩٨) اظهارکـــرد که فرســـایش خاک در این اســـتان بیشـــتر از تولید خاک است. آمارها حاکی از آن است که در رۆژهەلات میزان فرسایش خاک از متوســـط آن در کشور ایران بیشتر است این در حالیســـت که ایران خود در این زمینه مقام اول دنیا را داراست !

به نقل از مدیرکل منابع طبیعی و آبخیزداری


استان کرمانشاه (۱۳۹۸) میزان فرسایش خاک به طورمتوسط در استان کرمانشاه و در یک سال ۱۲ تن بر هکتار است. عبدالسلام پیری معاون آبخیزداری منابع طبیعی و آبخیزداری ایلام (۱۳۹۷) نیز با بیان اینکه میزان فرسایش خاک در استان ایلام بین ۱۷ تا ۲۷ تن در هکتار است، گفت: روند فرسایش خاک در این استان نسبت به سال های گذشته سرعت بیشتری به خود گرفته است.

مدیریت غیر علمی و استعماری حکومت ایران در ڕۆژهەڵات نه تنها باعث هدرروی و غارت آب در این منطقه گردیده است بلکه با فراهم کردن امکان فرسایش سبب هدرروی خاک نیز شده است. ادامه این روند می تواند آینده ڕۆژهەڵات را به خطر بیندازد. علی رغم این سبک مدیریت، منابع آبی و خاکی ڕۆژهەڵات هنوز از سایر مناطق در ایران بهتر است. همچنانکه در شکل شماره ۷ مشاهده می گردد قابلیت زمین های ڕۆژهەڵات در بیشتر مناطق برای کشاورزی بهتر از سایر مناطق است.


شکل ۸ نقشه سطح تنش آبی در شرایط کشت آبی و دیم در هر دو حالت شخم خورده و بدون شخم را نشان می دهد ، طبق این نقشه مناطق ڕۆژهەڵات نسبت به بیشتر مناطق ایران در وضعیت بهتری قرار دارند و سطح تنش آبی در آنجا نسبت به سایر مکان های دیگر ایران کمتر است. توزیع جمعیت روستایی ایران طبق سطح تنش آبهای زیرزمینی چنان است که بیشتر این جمعیت خارج از ڕۆژهەڵات و متعلق به مناطق دیگر ایران هستند (شکل ۹). با ادامه روند فعلی در آ ینده قابلیت زندگی در این مناطق از بین می رود و ساکنین بایستی به دیگر مناطق کوچ کنند، با توجه به قابلیت زاگروس و ڕۆژهەڵات منطقه هدف میتواند این مناطق باشد که تهدیدی بس عظیم برای تغییر دموگرافی ڕۆژهەڵات در آینده است.




**شکل ۷- مناسب بودن زمین ایران برای کشاورزی براساس متغیرهای خاک و متغیرهای توپوگرافی.**




**شکل ۸- نقشه سطح تنش آبی در شرایط کشت آبی و دیم در هر دو حالت شخم خورده و بدون شخم**




**شکل ۹- توزیع جمعیت روستایی ایران براساس سطح تنش آبهای زیرزمینی**

## فهرست منابع:


- احمدی کریم ، حمیدرضا عبادزاده، هلدا عبدشاه، آرزو کاظمیان و مریم رفیعی ( ۱۳۹۷ ).آمارنامه کشاورزی جلد اول - محصولات زراعی سال زراعی ۹۶- ۱۳۹۵. انتشارات وزارت جهادکشاورزی، معاونت برنامه ریزی و اقتصادی، مرکز فناوری اطلاعات و ارتباطات.۱۲۴ص

- راعی دهقی هاجر و جواد نجفی( ۱۳۹۵). حفاظت از محیط زیست در قبال خسارات ناشی از درگیری مسلحانه. فصلنامه علوم محیطی، دوره چهاردهم، شماره ۲، ۱۳۹- ۱۵۴

- رجبی هشجین مهدی (۱۳۹۴ ). ضرورت احیای دریاچه ارومیه علل خشکی و تهدیدات. دبیرخانه مرکزی ستاد احیای دریاچه ارومیه. ۵۰ ص

- ذکایی محمد (۱۳۹۴ ). گزارش ملی وضعیت محیط زیست ایران ۱۳۸۲-۱۳۹۲ .انتشارات سازمان محیط زیست ایران. ۱۳۸ ص

- قربانی مهدی ، حسینعلی متولی ، ساره راسخی و لیلا عوض پور ( ۱۳۹۵). انسجام سازمانی و شناسایی دست اندرکاران کلیدی در مدیریت پایدار سرزمین. پژوهشهای دانش زمین، سال هفتم، شماره ۸۲ .۱۱۹-۱۳۸

-Mohsen B. Mesgaran & Pooya Azadi (2018). A National Adaptation Plan for Water Scarcity in Iran. Stanford Iran 2040 Project. 37 p


-Mohsen B. Mesgaran, Kaveh Madani, Hossein Hashemi& Pooya Azadi(2017). Iran's Land Suitability for Agriculture. Article in Scientific Reports. DOI: 10.1038/s41598-017-08066-y

-Nasser Karami(2018). The Drying of Lake Urmia as a Case of the "Aralism" Concept in Totalitarian Systems. International Journal of Geography and Regional Planning Vol. 4(1), pp. 043-063.

- https://www.radiozamaneh.com/270257
- http://daminfo.wrm.ir/fa/home
- http://www.irimo.ir/far/index.php
- https://www.radiozamaneh.com/270257
- http://daminfo.wrm.ir/fa/home
- http://www.irimo.ir/far/index.php
- https://www.isna.ir/news/
- https://www.isna.ir/news/
- https://www.tabnak.ir/fa/news/
- https://www.mehrnews.com/news/

# سڵکردن لە دەسەڵاتخوازی

**کوردیار سەقزی**



**ئاماژە**

ڕەوتی نەتەوەخوازیی ئاگامەند تایبەت بە یەک حیزب یان ڕەوت یان ناوچەیەکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو لە قووڵاییی کۆمەڵگای کوردستاندان. هەوڵیان پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەلەبەرە کۆمەڵایەتییانەیە کە شێوە ژیانی خێڵەکی و ئەندازیاریی داگیرکەر سازی کردوون. نەتەوەخوازیی ئاگامەندانە، بە شێوەی ڕێژەیی لە حیزب وڕەوت و تاکدا دەردەکەوێ.

## پێشەکی

پرسی کورد سروشتی چەند ڕەهەندیی هەیە و دەبێ هەرکام بە وردی و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا لێک بدرێتەوە. بە هۆی بەریەک کەوتنی خەسارە ناوخۆییەکان و بەرژەوەندیی زلهێزان و دەورگێرانی یەکە سیاییە ناوچەیییەکان دۆخێک بەرهەم هاتووە کە کورد لە نێوان خۆی و گەیشتن بە دەسەڵاتدا مەودایەکی دوور و درێژ وێنا بکات. پابەستە بوونی ئاگامەندانە بە سیستەمی داگیرکەرەوە لە هەر بوارێکدا، بە ئامراز بوون بۆ بەرژەوەندیخوازیی نەتەوە سەردەستەکان و... هۆکارە ناوخۆییەکانی نەگەیشتنی کورد بە دەسەڵاتی سیاسین. هۆکاری نووسینی ئەم وتارە ئەم پرسیارەیە کە، بۆ چی دەستەبژێر و خوێندەواری کورد سەرەڕای ئاگادار بوون لەو پێوەرانەی کە بۆ «مرۆڤ بوون» دەسنیشان دەکرێ و زانست و فەلسەفە سەلماندوویەتی و لە هەلومەرجی ئەم سەردەمەدا بەڵگەنەویستن، خۆی لە پرسی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی نادات و خۆی لە بازنەی ئەویتردا دەهێڵێتەوە؟ هەر بەو پێیە نەیانتوانیوە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی- سیاسیی گشتگیر پێک بهێنن کە ئەنجامی بووەتە ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەی مۆدێرن بیچم نەگرێ و هەر بەشێکی ببێتە ژێردەستی وڵاتێکی داگیرکەر. لێرەدا، سەرەڕای هۆکارە جیهانی و ناوچەیییەکان، باری بەرپرسیارەتی دێتەوە سەر شانی دەستەبژێران. لە درێژەدا زۆرتر ڕوونی دەکەینەوە.

نەتەوەی کورد لە سەردەمی پێش مۆدێرندا کە کۆمەڵێک خێڵ لە جوگرافیای کوردستان و خاوەن زمانی هاوبەش بوون، وەکوو هەموو کۆمەڵە خێڵەکانی تر کەسی بەهرەمەند و پاڵەوان و خوێندەوار و لێهاتووی لێ هەڵکەوتبوو. خاڵی جیاوازی دەستەبژێرانی ئەو سەردەمەی کوردستان لەگەڵ هاوتاکانیاندا لە نەتەوەکانی تر ئەوەیە کە بەگشتی دەسەڵاتیان بۆ کورد لە بەر چاو نەدەگرت. چەند میناک ئەم وتەیە ڕوون دەکاتەوە.

هەڵبەت جێی ئاماژەیە کە ناڵێین ناتۆرەی نەشیاویان لێ بدرێت، بەڵکوو قسە لە بزر بوونی ویستی دەسەڵاتخوازی بۆ کوردە، چ بۆ خێڵێک یان هۆزێک بێت چ بۆ کورد بەگشتی.

ئارپاگ لە دژی ئاژیدهاک پشتی کورشی هەخامەنشیی گرت. ئارپاگ دەیزانی فارسەکان وەک نەتەوەیەکی بن دەستی مادەکانن. بۆ دەسەڵاتی لە ناو خودی مادەکاندا نەهێشتەوە؟ پاش هەرەسی دەسەڵاتی ماد بە درێژایی مێژوو، لە هەر هەلێکدا، بەشێکی کوردستان ڕاپەڕیوە بەڵام گشتگیر نەبووەتەوە. لە دەستەبژێری خاوەن بڕیار( ئارپاگ) و دەستەبژێری پلەخوارتر لەو، بزرایییەک هەیە، ئەویش وێنا نەکردنی مەودای دەسەڵاتداریی کوردیی گشتگیرە. ئەگەر بە هۆی هێرشەکانی ئاشوورەوە یەکگرتوویی هۆزەکانی ماد پێک هات، بە هۆی بزر بوونی ویستی ڕاگرتنی دەسەڵات لە لایەن بڕیاردەرەوە هەڵوەشایەوە. کوشتن و برین و کۆچی زۆرەملێی کوردان لەو دەمەوە تا ئێستە بەردەوامە و کورد هەر بە ویستی دەستەبەر کردنی دەسەڵات نەگەیشتووە.

مەلا ئیدریس بدلیسی بە ڕاوێژدان بە خەلیفەی عوسمانی کوردستانی بە ئاسانی خستە ژێر ڕکێفی تورکانی عوسمانییەوە. هەر ئەو ڕێگەی بۆ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی خێڵە کوردەکان خۆش کرد. عوسمانی و سەفەوی هەردەم بۆ سەرکوت کردنی خێڵێک چەند خێڵی تریان بە کار دەهێنا. ئەم کەلێن خێڵەکییە تا ئەم سەردەمەش بە ناسۆری ماوەتەوە.

مەحموودخانی دزڵی و مەحموودخانی کانی سانان کە لە شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفیددا دەوری بەرچاویان هەبوو، بۆ دژایەتیی یەکترین دەکەوتنە پێش سوپای

ئێران و دەیان هێنایە ناوچەکە.

بە بۆنەی جیهاد لەگەڵ کافراندا کورد هەردەم بووە بە بەشێ لە سوپای تورک و عەجەم، تەنانەت لە قەڵاچۆکردنی کوردانی ئێزدیدا زۆرتر خێڵە کوردەکان بەشدار بوون.

لە سەردەمی مۆدێرندا دیسان بزر بوونی ویستی دەسەڵاتخوازی لە دەستەبژێر و خوێندەوارەکاندا بە زەقی دەردەکەوێتەوە. بەڵام ئەمجار تەم و مژی ئیدیۆلۆژی و ڕێچکە سیاسییە هاوردەکان بۆ کوردستان پاساوی سڵ کردن لە دەسەڵاتخوازییان دەدا بە دەست دەستەبژێرانی کوردەوە.

لەم چەند میناکە بەم دەرهاویشتەیە دەگەین کە کورد پاش هەرەسی ئیمپراتووریی ماد، سەرەڕای هەندێ ڕاپەڕین، بەگشتی بە ژێردەست بوون ڕاهات. ئاریشەی زەینی کوردی ئەوەیە کەلە دووانەی بزر بوونی ویستی دەسەڵاتخوازی- ملکەچ بوون بۆ ئەویتر دەرباز نەبووە. هەر بۆیە بەستراوەیی ( دژایەتی کردنی ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردی بۆ خزمەت بە داگیرکەر لە هەر بوارێکدا، گوتاری، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کەلتوور و هونەر و چەکداری) کە لە سەردەمی مۆدێرندا بە نائاگایی سەری هەڵدا، ئاگامەندانە/بەرژەوەندیخوازانە درێژەی پێ دەدرێ. لە درێژەدا بەریەک کەوتنی بۆشاییی دەسەڵاتخوازی و ڕەوت و ڕێچکە سیاسییە جۆراوجۆرەکان و بەرژەوەندیخوازی لێک دەدەینەوە.

هاوردەکانی خواروخێچی مارکسیزم و لیبێرالیزم بۆ کوردستان ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردیی بە لاڕێدا برد، هەڵبەت لە بیرمان نەچێ کوردەکان نەیانتوانی ویستی دەسەڵاتخوازی لە ناو دەستەبژێران و جەماوەر بەگشتیدا جێگیر بکەن. حیزبی توودە لە ئێرانی سەردەمی پەهلەوی و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراق و سووریا هێزی پێنەگەیشتووی کوردیان لە خۆ گرت. داگیرکەران کە پەرەیان بە خوێندنەوەی لیبرالیستی دەدا، دیسان بەشێ لە هێزی کوردیان دەخستە شەوارەوە. ئیسلامی سیاسییش پاش سەرهەڵدانی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا- کە بەشێ بوو لە ڕەوتی نەتەوەخوازیی ئەوان لە دژی داگیرکەرە ئەورووپاییەکان- گەیشتە کوردستان. لە بەریەک کەوتنی ئەم ڕێبازە ئیدیۆلۆژیکییانە و دژکردەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە هەمبەر زۆرکاریی وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی داگیرکەری کوردستان، هەندێ بزووتنەوە سەریان هەڵدا کە خۆیان بە ڕزگاریخواز ناودێر دەکرد. ئەم بزووتنەوانە کە زۆرتر هەوێنی چەپیان هەبوو، هەڵگری دورشمی ڕزگاریی گەلی کورد بوون. بزر بوونی ویستی دەسەڵاتخوازی، هاوردەکردنی خواروخێچی ئیدیۆلۆژییەکان و خێڵەکی بوون سێ کوچکەی بەربەستی مسۆگەر کردنی دورشمەکانیان بوو. لە ڕاستیدا خێڵەکی بوون و نانەتەوەیی بوون لە کوردستاندا بە یەک میکانیزم کار دەکەن. هیچ کامیان ڕاستیی کۆمەڵگای کوردستان و هەلومەرجە جیهانی و ناوچەییەکان- بەو واتایەی کە سەرەکیترین هۆکاری ڕزگاری و بەختەوەر بوونی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەدەوڵەت بوونە- لە بەر چاو ناگرن. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە لە کاتێکدا ڕاستیی کۆمەڵگای کوردستان و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگە بە نەتەوەخوازیی کوردستانی نادەن، چارە چییە؟ ویستی دەەڵاتخوازییە کە بەدەوڵەت بوون دەکاتە پرسی کوردستان و

> **ڕەوتی نەتەوەخوازیی ئاگامەند تایبەت بە یەک حیزب یان ڕەوت یان ناوچەیەکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو لە قووڵاییی کۆمەڵگای کوردستاندان. هەوڵیان پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەلەبەرە کۆمەڵایەتییانەیە کە شێوە ژیانی خێڵەکی و ئەندازیاریی داگیرکەر سازی کردوون**

پێش بە پەرتــەوازە بوونی هێزەکان دەگرێت و ڕێکیان دەخــات و ئەندازیاریــی کۆمەڵگا دەکات. دەوڵەت- قەومییەتەکانی سەردەستی کوردســـتان ئاڵای کوردســـتان بــە هێمای نەمانی خۆیــان دێننە ئەژمار، بۆ ئەوەی باش دەزانن کە ڕێکخستنی بەهێزی نەتەوەیی لە کوردســـتاندا زوو پەرەدەستێنێ و کۆمەڵگای کوردســـتان دەگرێتــەوە، هەر بۆیــە بە زەق کردنــەوەی کەلێنــە کۆمەڵایەتییــەکان و پــەرەدان بە گوتار و ڕەوتە دژەنەتەوەییەکان هــەوڵ دەدەن ناســیۆنالیزمی کوردســـتانی پەرە نەســتێنێت. چ هۆکارێــک بەرپەرچی بەرنامەی ئەوان دەداتــەوە؟ بەرنامەیەک کە بۆ مســۆگەر کردنی دەســەڵات داڕێژرابێت. هەندێ لایەن بانگەشەی شــێوازگەلێکی تر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەکەن کە قەوارەی سیاســیی هەنووکە وەکوو خۆی بمێنێتەوە، بــەڵام حکوومەتەکان دیمۆکراتیــزە بکرێت. ئەمە خوێندنەوەیەکی ناتەواو لە ناســنامەی داگیرکــەرە، داگیرکەرێک کە ئەقڵییەتی دان نانی بە ناسنامە و مافی کورددا نییە و ئەگەر ئەو کارە بکات سەرچاوەی دەسەڵات و ئابووری لە دەست دەدات، هەرگیز دیمۆکراتیزە نابێتەوە. ئەم خوێندنەوەیەش پاســاوێکە بۆ سڵ کردن لە ویستی دەسەڵاتخوازی. نەتەوەی جوولەکە لــەو پــەڕی پەتەوازەییدا بوون بــە دەوڵەت کە چەنــدە بە هۆی پشــتگیریی ئەورووپا و ئەمریــکاوە بوو، دە هێندە بە هۆی ویســتی دەسەڵاتخوازی و بە دەوڵەت بوونی خۆیانەوە بوو. جوولەکە لە تەوراتدا بەڵێنی ئیســرایلی هەنووکــەی پێ درا بوو. هــەر جۆرێک بێت وڵاتی بــۆ وێنا کرابوو. بەڵام لە کوردســـتاندا ئــەوەی لای ئایینــی و نائایینیی کورد، لای خوێندەوار و نەخوێنــدەواری کورد نارِوون و لاوازە، ویســـتی دەســەڵاتی سیاسییە. ئەگەر ئەندازیاریــی کۆمەڵایەتیی کوردســـتان ـ کە ئاگامەندانە و شــارەزایانە داڕێژراوە- لە لایەن سەردەســـتەوە بەم هاوکێشەیە زیاد بکرێت، ســەر بەداگیرکەر بوون و شەرعییەت دان بە سەردەست بوونی ئەو دەبێتە ڕەهەندێکی تری کێشەکە.

ڕەوتــە ئیســـلامی و نائیســـلامییە یۆنیڤێرســـاڵەکان و پاشــکۆکانی ڕەوتەکانی سەردەســـت بــۆ کوردســـتان ئامرازەکانــی ئەندازیاریــی کۆمەڵگای کوردســـتانن و زۆر جار بــە یەک ســـتراتێژییەوە دێنە گۆڕەپانی سیاســی- کۆمەڵایەتییــەوە. ئەمانە لە یەک خاڵــدا یەک دەگرنــەوە، ئەویــش دژایەتیی ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردستانییە.

هەڵوێســت لە هەمبەر دەســەڵاتخوازیدا دوو بــەرە پێــک دێنن. دەســەڵاتخوازەکان و ســڵکەرەکان. لــە پێشــدا ســڵکەرەکان پۆلینبەندی دەکەین و پاشــان لە دوو توێی لێکدانەوەی دەسەڵاتخوازیدا چۆنیەتیی دەرباز بوون لە تەنگانەکانی، لایەنەکانی ئەویش شی دەکەینەوە.

## سڵکەرەکان

**١** ئەو حیــزب و تاقم و تاکانەن کە لە باری دەروونییــەوە داهێزراون و ژێردەســـتە بوون و ملکــەچ بوونیان بۆ داگیرکــەر وەرگرتووە. چەپی یۆنیڤێرساڵ وچەپی ناوچەیی، بە هەر ناوێکەوە، کە شــەرعییەت بە یەکە سیاسییە سەردەســـتەکانی کوردســـتان دەدەن. یــان ئــەو لایەنگەلــەی خۆیان بە ئۆپۆزیســیۆنی کورد دادەنێن بەڵام قســە لە ســازان لەگەڵ داگیرکەرێکــدا دەکەن کە بــاوەڕی بە بوونی ئەمان نییــە. ئەو لایەنەی کە لــە ناوەڕۆکی ئامانــج خاڵــی بووبێت، ویســـتی کۆیلەیی و ژێردەســـتە بوون بانگی دەکاتەوە و لە ئاکامدا دەگەڕێنەوە ژێر ڕکێفی داگیرکەر.

**٢** ئــەو حیزب و لایەن و تاقم و تاکانەی کە لەگەڵ داگیرکەری بەشەکانی تری کوردستاندا پەیمانی ئابووری- سیاسی- ئەمنی دەبەستن. ئەمانە لە سەر حیســـابی بەشێکی داگیرکراو لەگــەڵ داگیرکەرەکەیدا پەیمان دەبەســـتن.

ئەم لایەنە جۆرێ لە پابەستەبوون دەنوێنن کە سـێ کوچکەی سڵ کردن لە دەسەڵاتخوازی دەگەشـێننەوە. ئەگەر ئەم شێوە سیاسەت و سەودایە درێژە پێ بدەن، بێ سێودوو دەچنە خانەی بەسـتراوەییەوە. هیچ ناسـنامەیەک لەم تاقمەدا سـەربەخۆ نییـە، ئەگەر ڕەوتی نەتەوەیی تەشـەنە بکات، دەبنە نەتەوەیی، بۆ دژە نەتەوەیی و سـەر بە داگیرکەر بوونیش هەر وەتر.

**۳** هەندێ ڕەوت یان لقی لایەنە سیاسییەکانی نـاو داگیرکـەر هەن کـە لە کوردسـتاندا بانگەشـەی شـەرعییەت دان بـە داگیرکەر دەدەن، بـۆ وێنە «حزب وحـدت ملی ایران» کە باڵێکی سوپای پاسـداران دایمەرزاندووە. پابەسـتە بوون لە ناسنامە و زەینی ئەندامانی ئـەم جـۆرە ڕەوتگەلـەدا سـڵ کـردن لە دەسـەڵاتخوازیی کوردانی کردووەتە دژایەتی و لەو پەڕی دۆڕاندنی ناسنامەدان. کەسانێک کە دەچنـە ناو پرۆسـەی هەڵبژاردنەکانەوە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، دەبنە ئۆبژەی داگیرکەر. تاقمی پۆپۆلیست، ئیداری، ئاکادێمیسـییەن و ... کە هەموویان لە لایەن حکوومەتەوە، پێش هەڵبژاردن دەسنیشـان دەکرێن و ڕادەسـپێردرێن، دەبنە بەشـێک لـە ئەندازیاریـی داگیرکـەر و لـەو ڕێگەوە بەرژەوەندیی خۆیان مسۆگەر دەکەن.

**۴** بـە نـاو ڕیفۆرمیسـتەکان، کـە خۆیان بـە هاوتای ڕیفۆرمیسـتە فارسـەکان دێننە ئەژمار، لە ڕاسـتیدا بووکەڵەی دەستی ئەوانن و لـە خۆیان هیچ دەسـەڵاتێکی سیاسـەت دارشـتنیان نییە. وەکوو سـێ تاقمی پێشوو لـە بنەمادا دەسـەڵاتداری بۆ کـورد بە ڕەوا نازانن. مەترسیی ئەم تاقمە لەوەدایە گەیشتن بە دەسـەڵات لە داوێنی ئەویتردا دەبیننەوە، بەڵام پاساوی شێوەزانسـتیی بۆ دەهێننەوە. ئەمە بەو واتایە دێت کـە خۆیان لە گوتاری سەردەسـتدا دەبیننـەوە کە لە هەڵوێسـتدا دەبێتە دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەخوازیی کـوردی. ناسـیۆنالیزمی کەلتـووری لـەو زاراوانەیـە کە بـە نـاو خوێندەوارانداا بڵاوی دەکەنەوە. مەبەسـت لەوەش کەڵکاژۆ کردن لە سۆزی کوردایەتیی کۆمەڵگایە (جەماوەری کوردستان بەگشـتی بەڵام لە ئاستدا جیاواز هۆگری ناسنامەی کوردییە) بۆ کۆکردنەوەی هێـز بـۆ بەشـداری لـە هەڵبژاردنەکاندا و دەسـتەبەر کردنی قورساییەک بۆ ئیمتیازی زۆرتر وەرگرتـن لە ناوەند. خۆ بە خوار زانین وایـان لـێ دەکات بـە خۆ هەڵبەسـتن بە ناوەندەوە بۆشایی کەسـایەتییان پڕ بکەنەوە. بە ئاوڕدانەوە لە پێشـینەیان دەردەکەوێ کە نەتەنیا لە کۆمەڵگادا قووڵاییی کۆمەڵایەتییان نییە، تەنانەت لای داگیرکەریش قسـەیان تا نووکی لووتیان بـڕ ناکات. نە پلەوپایەیەکیان پێ دەدرێت، نە لە پـلان دانان و بڕیار داندا بەشداریان دەکەن. پێش هەڵبژاردن بە چڕی بانگەشەی بۆ دەکەن، پاش هەڵبژاردن کە بێ بـەش دەکرێن، بڕێ وردە گلەیی و سـووکە تۆرانێـک لـە میدیاکاندا بـڵاو دەکەنەوە و دیسـان ڕانتێکی ئابـووری و بێ دەنگی هەتا ئەندازیارییەکی تر کە داگیرکەر بانگهێشتیان بکاتـەوە. کە ڕەخنەیان لـێ دەگیردرێت، بە کلاسیک بوون، نەخوێندەواری و نەتەوەخوازیی خێڵەکی بەرپەرچ دەدەنەوە. خۆشـیان باش دەزانن کە لە دۆخی هاوسەنگدا هەڵێنجانیان جگـە لە کایە بە چەمکـەکان چی دی نییە. ئەمە هەر ئەو مافەیە کە داگیرکەر بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردستانی پێی داون.

**۵** ئەو ڕەوتە ئایینیگەلەی کە بۆ پەرەسەندنی خۆیـان لەگـەڵ حکوومەتـە دژبەرەکانـی خۆیان (واتە بە پێـی بنەماکانی خۆیان نابێ پەیوەندییشـان ببێـت) پەیمان دەبەسـتن. بـۆ وێنە لە تاران نووسـینگە دەکەنەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن. شەرعییەت دان بەم کردەوەیە لە ڕێگەی کونگرە بەستن ( همایش دگرپذیری و رواداری) و بڵاقۆک و

میدیاوە بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەقڵییەتی ئەم ڕەوتە دژوازییەکی حاشـاهەڵنەگری تێدایە. لەلایەکەوە دورشـمی یەکگرتنی موسڵمانانی جیهـان بـەرز دەکەنەوە، لـە لایەکی ترەوە چالاکییەکانیـان لە خزمـەت بەرژەوەندیی وڵاتێکی ناوچەدایە، بۆ میناک تورکیا. پابەستە بوونی ئەوان لە باری ئابووری و ئیدیۆلۆژیکییەوە بە دەسـەڵاتدارانی ناوچە و پابەستە بوونیان بـە داگیرکەرێک وەکوو ئیـران، بە هۆی ڕێ پێ دان بـۆ بانگەوازی ڕەوتەکەیان، دەیانکاتە بەربەستێکی مەترسیدار بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد بە دەسەڵاتی سیاسی.

ئەم لایەنانە لە سـەر بزر بوونی ویستی دەسەڵاتخوازی بۆ کوردستان، ئیدعا دەکەن لەگەڵ داگیرکەر یان هێـزە ناوچەییەکاندا سیاسـەت دەکەن. بەڵام ئـەوە لە بەر چاو ناگـرن کـە ناتوانـن لەگەڵ سیسـتەمی دەسەڵاتداریدا کایەیەکی سیاسیی هاوسەنگ بەڕێـوە ببەن. بە هۆی بزرایـی بنەماییەوە بوێریـی ڕووبـەڕوو بوونەوەیـان لەگـەڵ داگیرکەر یان حکوومەتەکانی ناوچەدا نییە. دەبـن بە ئامرازی ئەوان و بە چەشـتەبوون بە بەرژەوەندیی بەرتەسک، ڕووبەڕووی هێڵی نەتەوەیـی دەبنەوە. بۆ هـەر پەنج ڕەوتەکە بەڵگـەی ڕەسـەن و سـەلمێندراو لە بەر دەستن.

## دەسەڵاتخوازەکان

**١** دەمارگرژیی خێڵەکـی پێش بە لۆژیک و لێکدانەوە دەگرێت. پاش کارەسات و بەردەوام بوونـی ژیانی خێڵەکی، هەسـتی پاڵەوانی و وەهمی ڕووبـەڕوو بوونەوە لەگەڵ داگیرکەردا دەیانگرێـت. ئـەم تاقمە زۆر بـە کرچوکاڵی خوازیـاری دەسـەڵاتدارین. بـەڵام خاوەنی لۆژیـک و هزری سیاسـی نییـن. لە خولی سەرهەڵدان و نسکۆ دەرباز نابن. لە ڕابردووش پەند وەرناگرن. ڕاهاتن بەم دۆخە گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی خستووەتە ناو تەمومژی کارەساتی پاڵەوانەتییەوە. ئەم تاقمە لە کایەی هێزەکان تێناگـەن، نەتەوەخوازی خێڵەکین و بـە نە کردن لە هێـز و ڕەوتە جیاوازەکان بەرپەرچیـان دەدەنـەوە. ئاکامی ئەم شـێوە هەڵس‌وکەوتە بیانوو دان بە دەست داگیرکەر بە دیـوی دەرەوە و پێنج ڕەوتە سـڵکەرەکە بـە دیوی ناوەوەیـە. بیانوویەک کـە ناتوانن بەرپەرچی بدەنەوە و بە نکۆڵی لە بوونی کێشە لە خۆیاندا پاساوی دەدەنەوە.

**٢** دەسـەڵاتخوازێک کە لە پەیوەندیی ئامانج و سـتراتێژی و ئەندازیاریـی کۆمەڵگا و کایە سیاسـییەکان و حەواندنـەوەی هێـزەکان تێـدەگات. خاوەن بەرنامەیە و لە هەمبەر ئەو بەرنامـەدا خۆی بە بەرپرس دەزانێ. هەڵگری ڕەوشـتی نەتەوەییـە و هەوڵ دەدا گشـت هێزەکان ڕێک بخات. ئەم ڕەوتە لە نێوان دوو بەرداشـی ڕەوتە ناوخۆییەکان و داگیرکەراندا ئەرکێکی قورسـی لە سـەر شـانە.هەر بەم پێیەش لە پرس و کێشە و دۆخ تێدەگات، بۆ داگیرکەر مەترسیدارترین هێزە. داگیرکەر ڕێ بـە نەتەوەخوازیی خێڵەکی دەدات، بەو هۆیە کە بۆخۆی بەربەستی یەکگرتنی کوردستانە، بـەڵام تەنیـا یـەک بەرنامەی بـۆ ڕەوتی نەتەوەخوازیی ئاگامەنـد هەیە، لەناوبردن بە هەر تێچویەک.

ڕەوتـی نەتەوەخوازیـی ئاگامەند تایبەت بە یەک حیزب یـان ڕەوت یان ناوچەیەکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو لە قووڵایی کۆمەڵگای کوردسـتاندان. هەوڵیـان پڕکردنـەوەی ئەو کەلێـن و کەلەبـەرە کۆمەڵایەتییانەیـە کە شێوە ژیانی خێڵەکی و ئەندازیاریی داگیرکەر سـازی کردوون. نەتەوەخوازیی ئاگامەندانە، بە شـێوەی ڕێژەیی لە حیزب ورەوت و تاکدا دەردەکـەوێ. لەم ڕەوتەدا هێـزی چەکدار، هێزی خێڵەکی نییە. پرەنسیپە نەتەوەییەکان دەبن بە ناسنامەی هەر چەشنە چالاکییەک. لێرەدا هێز و دەمارگرژیی خێڵەکی لە خزمەت نەتەوەدا دەحاوێنرێتەوە.

# ئابووری، گوتاری لەیادکراوی گەمە سیاسییەکانی کورد

**ڕزگار بەهاری**



**ئاماژە**

لایەنە سیاسییەکان پێویستیان بە پلاتفۆڕمێکی ئابوورییە بۆ ناوچە کوردییەکان کە بەستێنێکی تۆکمە بۆ داهاتووی دەسەڵاتی کوردی پێکبێنێت. ئابووری، کەرتێکی گرنگی مێکانیزمی چارەنووس‌سازە بۆ دەسەڵاتی داهاتووی کورد و هەر وەرچەرخانێکی سیاسیی ناوچەکە، هەڵگری کۆمەڵگەی پێگەیشتووە لە ڕووە جیاوازەکانەوە.

زۆربەی گەلانی جیهان خاوەنی دەوڵەتن و هێندێکیش بەهۆکاری جیاواز لەژێر چەتری دەوڵەتانی دیکەدا ماونەتەوە و نەبوونە خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ. گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانە کە تا ئیستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەت و گەلانی دیکەی وەک تورک، فارس و عەرەب لە نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتیی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گەلانی باڵادەست و خاوەن دەسەڵات هەوڵیان داوە گەلی کورد پەراوێز و دابەش و لاواز بکەن کە نەتوانێت ئەستوونەکانی سەربەخۆبوون بچەقێنێت و دەسەڵاتێکی کوردی پێک بهێنێت.

هزری دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی مێژوویەکی دووری هەیە و گەلی کورد دەیان شۆڕشی گەورە و بچووکی لەپێناو نەهێشتنی زوڵمی داگیرکەران و دەستەبەرکردنی کیانێکی سەربەخۆدا هەڵگیرساندووە. سەرەڕای سەرجەم ئاستەنگی و تەنگەژەکان و هاوکات لەگەڵ کەموکورتیەکان، هزری سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری لەناو جیلە نوێیەکاندا خۆ نوێ دەکاتەوە. دژایەتی کردنی داگیرکەران و زلهێزانی جیهانی لە سازبوونی دەوڵەتێکی نوێ لە جیهاندا باس و خواس و تایبەتمەندیی خۆی هەڵدەگرێت و ڕەنگە لە ڕەهەندی ڕوانگەی ئەوانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، هاوتەریبیی جیهانی بشێوێت و پاشتر گەلانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ئەوانیش (هاوشێوەی کاتالۆنەکان لە سپانیا) داوای سەربەخۆیی بکەن.

سەرەڕای دژایەتی و نارەزایەتیی زلهێزەکان، هەر گەلێک پێداگر بووبێت و تێچووی بۆ دابێت توانیویەتی لانیکەم بڕێک لە خواستەکانی دەست بخات، لێ تا ئێستا کۆمەڵگەی کورد وێستگەکانی خەبات و ئەو دەستکەوتانەی ڕەزامەندیی لەپاش خۆی هێنابێت تێپەڕ نەکردووە. جگە لە بەربەستی دەرەکی، بڕێک لە تاوانەکانی نەگەشتنە ئامانجی خەباتەکان وەک خۆی دەکەوێتە سەر شانی حزب و سیاسەتوانانێک کە بەدرێژاییی مێژوو، نوێنەرایەتیی کوردیان کردووە؛ لە پاوانخوازی و دابەشبوون بگرە تا نزیکبوونەوە لە داگیرکەران و نەبوونی ستراتیژی و پلانی زانستیی، کارتێکەر بوون لە ژێرچەپۆکە و قەتیسمانەوە لە بندەستی داگیرکەران.

دارشتنی پلانی بەدەسەڵاتبوون یان دابینکردنی خۆبەڕێوەبەری و خۆسەری لە ئەستۆی لایەنە سیاسییەکان و بە یەکڕیزی و هاوکاریی پسپۆڕانی شارەزا لە بوارە جیاوازەکاندا دەگاتە ئامانج. بە تەنها هۆکارێک یان چەند هۆکاری لاواز، هەلومەرجی بە سیستەمبوونی گەلێک نارەخسێنێت بەڵکوو چەند بزوێنەری دەوڵەمەند و هۆکاری جێگر دەتوانێت داگیرکەران و زلهێزان پێمل بە دانپیانان بە دەسەڵاتی کورددا بکات. جگە لە هێز و توانای سەربازی وەک کارتێکی گوشار، باڵی سیاسیی ناوخۆ، پێوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسی هەروەها ئابووریی کاریگەر، چەند هێڵی گوشاری دیکەن کە دەتوانێت دەستی گەلی کورد ئاوەڵا بکات لە گەیشتن بە ئامانجەکانی. دەکرێت پرۆژەی دیفاکتۆی ناوخۆیی و دەرەوەی ئابووری لە کۆنگرەی حزبەکان بگونجێت و کومیتەی بۆ تەرخان بکرێت، پاشان بەیارمەتیی کومیتەکانی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی و میدیا و پەرتووکەوە نمای ئابووریی داهاتووی کوردستان تێبشێنن و کۆمەڵگەیەکی زانا لەسەر زانستی ئابووری پەروەردە بکرێت.

گومان لەوەدا نییە کورد لەبواری سەربازیدا پراگماتیسم (Pragmatism) و وەک مەترسییەک بۆسەر زاڵمان لێی ڕواندراوە بەڵام لەبوارەکانی دیکەی وەک دیپلۆماسی، سیاسی و ئابووریی کاریگەردا نەیتوانیوە وەک پێویست هەڵکشان بەخۆیەوە ببینێت. پاش شەڕی جیهانیی دووەهەم و دواتریش هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١دا کە ١٥ ولات

سەربەخۆییان ڕاگەیاند، جیهان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە سنوورەکانی وڵاتاندا بە خۆیەوە نەبینیوە. بە تێپەڕبوونی کات، شەڕی سارد و پاشان شەڕی ئابووری هەردوو جەمسەری گۆی زەویی گرتووەتەوە و بەهۆی گرنگییەوە لە ئێستادا شەڕی ئابووری یەکێکە لە گرنگترین ململانێکانی نێوان زلهێزەکان. هەڵبەت لەیاد نەکەین بەهۆی هەڵکەوتەی ژیئۆپۆلەتیک-ی ئەو ناوچانەی کورد تێیدا نیشتەجێیە، مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ئاو دەکرێت و ئاسۆیەک بەدی ناکرێت کە کورد بتوانێت لە ماوەی ساڵانێکی نزیک پێگەیەکی هەبێت لە دیاریکردنی دەرەنجامی ئەم ململانێیە.

هەردوو وڵاتەکانی ئەرمەنستان و بۆسنی کە لە ساڵی ١٩٩٢ بەملاوە سەربەخۆ بوون بەهۆی گەندەڵی و نەبوونی ئابووریی بەتوانا نەیانتوانیوە لەڕووی سیاسیەوە سەربەخۆ بن؛ ئەرمەنستان لەژێر هەژموونی ڕووسیادایە و لەپاش سەربەخۆیی، شیمانە دەکرێ چوار بەیەکی شارۆمەندانی ئەو وڵاتە لەتاو هەژاری ئاوارەی وڵاتانی ڕۆژاوا بووبێتن. وڵاتی بۆسنیا پاش شەڕێکی قورسی چوارساڵە لەگەڵ سێربەکان تا ساڵی ١٩٩٥، بەهۆی هەژاری گەڕاوەتەوە ژێر هەژموونی سێربەکان. هەرچەند لەئاکامی خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەیان هەزاران کەس گیانی خۆیان بەخشی و جوگرافیاکەیان ئازاد کردووە بەڵام دانیشتوانی ئەو دوو وڵاتە ئێستاکە بۆ تێرکردنی سکی بنەماڵەکانیان وڵاتەکەیان جێ دەهێڵن. وەها وڵاتێک بۆ خۆ پارستن لە هەڕەشەی دەرەکی دەبێتە باڵ و پاشکۆی زلهێزێک تاکوو لە ئەگەری هەڕەشەی دەرەکی بیانپارێزێت و لە بەرکەوتنە نێودەڵەتیەکاندا وەک کارتێک بەکار دەهێندرێن.

## ململانێی ئابووری، جێگرەوەی شەڕی سەربازی

ئابووری کارتێکی کاریگەرە بەدەست وڵاتانەوە و شەڕی ئابووری، خۆی لە گەمارۆی ئابووری و بەرزکردنەوەی نرخی گومرکی کاڵا و ڕاگرتنی هاوردە لە وڵاتی بەرانبەر دەبینێتەوە و بەمشێوەیە وڵاتەکان لە هاتنەئارای ناکۆکیدا سزای یەکتر ئەدەن. هەر وڵاتێک خاوەن ئابووریی بەهێز بێت، هاوپەیمان و دەسەڵاتی لە ئاستی جیهاندا زیاتر و کاریگەرتر دەبێت بەڵام لەم نێوەدا گەلی کورد کە دەسەڵات و سیستەم نییە، یان نەیتوانیوە ناوچەیەکی خۆسەری سەقامگیر لە بوارە جیاوازەکان پێک بهێنێت چۆن دەتوانێت پاڵپشت و هاوپەیمان بگرێت و لانیکەم قسەیەکی لەئاستی ناوچەکەدا بۆ وتن هەبێت؟! ئابووری هێندە گرنگە کە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کورد تێیاندا دەژی، بە وردی چاودێریی بەرهەم و سامانی تاک بە تاکی کۆمەڵگە دەکەن و دەیخەنە ژێر چاودێریەوە نەکا سامانی کورد بگاتە ئاستێک کە مەترسیی بێت بۆسەر بەرژەوەندییەکانیان.

هەڵبەت مەبەست لە وروژاندنی وەها باسێک کاڵکردنەوەی ئەستوونەکانی دیکەی وەک سەربازی و سیاسی نییە چونکە نەک کورد تەنانەت لە جیهاندا پرسی بەتایبەت سەربازی وەک ئەگەرێک (هەرچەند پرتێچوو) پێگەی خۆی هەیە کە ئەویش خۆی لە بازنەی توانای ئابووریدا دەبینێتەوە بەڵام تاکوو بژاردەیەکی وەک کارتی گەمارۆی ئابووری جێگرەوە بێت، هێزی سەربازی ناخرێتە گەڕ. بە چاوخشاندنێک بە ئینفۆگرافیکی هێزە ئابوورییەکانی جیهان دەبینین هێز و توانای ئابووری، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە هێزی سەربازی و سەپاندنی سیاسەتەوە هەیە لەسەر گۆی زەوی؛ ئابووریی وڵاتی ئەمریکا کە گەورەترین زلهێزی سەربازیی جیهانە پتر لە سێ‌هێندەی دووهەم وڵاتی پاش خۆیەتی کە وڵاتی چینە.

ئابووری دەسەڵات دەهێنێت و وڵاتی تورکیا کە خاوەن هێزی ئابوورییە، لە گەمە

سیاسییەکانیدا لەپێوەندی بە کورد، خواستی خۆی دەسەپێنێت چونکە وڵاتانی ڕۆژاوا لە نێوان تورکیا و کورددا لایەنێک هەڵدەبژێرن کە بەرژەوەندیی ئابووریيان لەگەڵیدا هەبێت. ئەووێنایە هاوکێشەکانی ئیستای ئەمریکا و ئێرانیش دەگرێتەوە بەو شێوەیە کە ئەمریکا توانیویەتی بە شەڕی ئابووری، ئێران تووشی شڵەژان و قەیرانێکی مەزنی دەرەکی و ناوخۆیی بکاتەوە. هەروەها ئەمریکا ترسی لە ئابووریی بەهێزی وڵاتی چین لێ نیشتووە و لە ململانێیی ئابووری لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، هەوڵ ئەدات ئاستەنگی بۆ پرۆژە ستراتیژییە ئابوورییەکانی چین ساز بکات؛ یەکێک لە گرینگترین ڕێگەکان کە چین دەیهەوێت کاڵاکانی پێدا هەناردەی ئەوروپا بکات بەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێت و بە دەستتێوەردانی ئەمریکا لەنێو ئێران، ئەو ڕێگەیەی لێ دەبەسترێت.

لەڕاستیدا توانای ئابووریی تاک و کۆمەڵگەی کورد لای دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین هێندە گرنگ و هەستیارە کە ئیزن نادەن لەو سنوورەی بۆیان دیاری کردووە زیاتر گەشە بسەنێت و بگرە بە هەر ڕێیەک بتوانن، دەست بەسەر سامانی خەڵکدا دەگرن یان چاوپۆشی دەکەن لە فەوتانی ملیاران دۆلاری کاسبکاران. ساڵی ٢٠١٢ کە بڕێکی زۆر لە سامانی خەڵک لەڕێی کڕین و فرۆشتنی دەرهەم بە شێوەیەکی گوماناوی فەوتا، دەسەڵاتی ئێران هیچ هەوڵێکی بۆ گەڕانەوەی نەدا. هەروەها لە مانگی ژوەنی ئەمساڵدا کاتێک ملیاردەها تمەنی خەڵک لەڕێی ماڵپەڕی وای‌کاپیتاڵەوە فەوتا، دەسەڵات هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ گەڕاندنەوەی سامانی ماڵ‌خوراوان نەداوە و خەڵکێکی زۆر مایەپووچ بوون و بەم‌شێوەیە داهاتی چەندین ساڵەی بڕێکی زۆر لە کاسبکارانی سەر سنوورەکان کە گەشەیان کردبوو بە دوو قۆناغ لەناو چوو.

### هێشتنەوەی ڕۆژهەڵات لەژێر هێڵی هەژاری

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیزن نادرێت ناوچە کوردییەکان لەڕووی بازرگانییەوە گەشە بسەنێت و ئەگەر هەوڵێک درابێت بۆ بەفەرمی ناساندی سنوورێک و کردنەوەی ناوچەی ئازادی بازرگانی، بەمەبەستی کەم‌کردنەوەی گوشارە ئابووری و گەمارۆکان بووە لەسەر ئێران، ئەگەرنا دەسەڵات ئیزن نادات ئابووریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی دیاری‌کراو زیاتر گەشە بسەنێت ئەمە لە کاتێکدایە کە ئازەرییەکانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاکانی دراوسێ، خاوەنی زۆرترین کارگەکانی بەرهەم‌هێنانی شیرەمەنی، ئەلکترۆنی و پێداویستییەکانن.

تا سێ دەیە لەوەپێش بڕێکی زۆر لە کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ دابین‌کردنی بژێوی ژیان ڕوویان لە پارێزگاکانی دیکە دەکرد بۆ سێوچنین و خشت‌بڕین بەڵام پاش بووژانەوەی کاسبیی سەر سنوورەکان لە ساڵەکانی ٧٠ی هەتاوی، گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە ئاکامی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی سەر سنوورەکان، ئابووریيان لەچاو ڕابردوو گەشەی سەند. لە ژانویەی ٢٠١٧ـەوە کە دەسەڵاتی ئێران و عێراق بە هاوئاهەنگیی یەکتر سنوورەکانیان داخست، سەرچاوەی بژێوی هەزاران کەس کە تەنیا سەرچاوەی بژێویان گواستنەوەی کەلوپەل بوو ڕاوەستا. جگە لە کوشتنی ڕاستەوخۆی کاسبکارانی سەر سنوور، دەسەڵات، هاوشێوەی ئازەرییەکان هاوکاریی دەسمایەدارانی کورد ناکات کە بەنیازن لە ناوچە کوردییەکان کارگەی بەرهەم‌هێنان بکەنەوە و تەنانەت کارگەی بەرهەم‌هێنەران ئاگر دەدات. یان کێشەی یاسایی بۆ دەسمایەدارانێک ساز کردووە کە دەوری ئەرێنیان بینیوە لە گەشەپێدانی ئابووریی کۆمەڵگە. لە دووساڵی ڕابردوودا پاش هاتنەئارای قەیرانی ئابووری، سەرلەنوێ بنەماڵە هەژارەکان ڕوویان لە پارێزگاکانی دیکە کردووەتەوە و لە باخەکاندا کرێکاری

دەکـــەن بۆ نەتەوەکانی دیکـــە. ئەم دیاردەیە چەندیـــن ئاکامی دەبێت وەکوو پەرتەوازەیی کورد و تواندنەوەیان لەناو نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

لەو ناوچانەی کورد و ئازەری تێدا دەژین دەســـەڵاتی ئێـــران ئازەرییەکانـــی لەبواری ئابوورییەوە سەر خســـتووە و کورد نەتەوەی هەژاری ناوچە هاوبەشەکان بووە بە شێوەیەک کــە کارگــە و ناوەندەکانــی بەرهەمهێنان لەدەست ئازەریدایە و کۆڵبەری و کرێکاری بۆ کورد ماوەتەوە. ئازەرییەکانیش زۆر بە وریایی لە پرۆسەی ئابووریدا خۆیان هێناوەتە سەرەوە و کلتـــووری بەرێخســـتنی ئابووریيان لەچاو کورد دەوڵەمەندتـــرە. یەکێک لە هۆکارەکانی فێربوونـــی زمانی ئازەری لەلایان کوردانی ئەو ناوچانەوە، باڵادەستیی ئابووریی ئازەرییەکانە و ئابووریی بەهێز نەتەوەیەک باڵادەست دەکات و یـــەک لە مەترســـییەکانە بـــۆ تواندنەوەی کلتووریـــی گەلی کورد لەناو ئازەرییەکاندا کە حەز و ویستی دەسەڵاتیشە. ئەم وێکچوونە لە باشووری کوردستان بە پێچەوانەیە و بەهۆی بەهێزتربوونـــی لایەنی ســـەربازی و ئابووریی کـــورد لە گەلانی دیکـــە، تورکمان و عەرەب بەتایبـــەت لە کەرکووک بەکـــوردی ئاخافتن دەکەن و هەژموونی کورد لەوێ باڵادەستە.

ئازەرییەکانـــی دانیشـــتووی ڕۆژهەڵات و ئێران جگە لە ئابووری، پشـــکێکی بەرچاویان لـــە دەســـەڵاتی سیاســـی هەیـــە و جگە لە شـــاری ورمێ و پارێزگاکانی زۆرینە ئازەری، لە پێتەختیـــش خاوەن دەســـەڵاتی ئیداری وسیاســـین. لە شـــارێکی دەوڵەمەندی وەک تەورێز، ئیدارە، ناوەندەکانی ئەمنی، سەربازی و داد بەگشـــتی لەلایەن کەسانی خۆجێییەوە بەڕێوە دەچێت. بەم پێیە ئازەرییەکان پێکرای فارســـەکان پشـــکیان هەیە لە بەڕێوەبردنی ئێـــران و لەگەڵ ئابووریی بەهێز، دەســـەڵاتی ســـێبەر و «دیفاکتۆ»ن لەنێو ئێراندا . ئەمەش یەکێکە لە هەڕەشـــەکانی داهاتووی سیاسی بۆسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و ورمێ بەتایبەتی کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت.

تەنانەت دەسەڵاتی ئێران لە ڕاگەیاندنەکان بانگەشـــەی جیاواز بۆ پێراگەیشتنی ئابووری لە ناوچە کوردییـــەکان دەکات؛ بەپێی داتای ژوورەکانـــی بازرگانیـــی ئێران کـــە لە چەند بـــەش و کاتی جیاوازدا و ســـاڵانە دەکەوێتە بـــەر دیدی بازرگانان، لە ١٠ســـاڵی ڕابردوودا ڕێژەی پشـــکی بازرگانیی ناوچە کوردییەکان لە ئاســـتی ئێرانـــدا ٥٪ی تێنەپەڕاندووە. ئەو ژمارانـــە بەپێی هەندێک فاکتـــەری حکومی ڕادەگەیەندرێـــت کـــە ناوچـــە کوردییەکان هاوشـــێوەی پارێزگاکانی دیکە لێی ڕواندراوە بەڵام لە ئەگەری لێکۆڵینەوەی مەیدانی، ئەم ڕێژەیە دەگۆڕێت بۆ کەمتر لە ٢٪ لە پشـــکی بازرگانـــی لەئاســـتی ئێرانـــدا. بەپێی هەمان ڕاگەیاندنـــە فەرمییانە، ڕێژەی گواســـتنەوەی کاڵای قاچـــاخ لە ناوچە کوردییەکان زیاتر لە ٣٠٪ لە ئاستی ئێراندایە و هەوڵێک هەیە ئەم ڕێژەیە زیاتر لە ئاست و قەبارەی خۆی نیشان بدرێت. بە ســـەرنجدانێک لە ڕێژەی هاوردەی کاڵا لە کەناراوەکانی خوارووی ئێران باشـــتر دەرکی ئەم بابەتە دەکرێت:

لە کەناراوەکانی خوارووی ئێران بەڕێژەی چەندین وڵاتی دەوڵەمەنـــد ڕێگەی زەریایی هەیە و بەدەر لەوەی بیری لێ دەکرێتەوە کاڵا هاوردە دەکرێت. تا پێش ڕاگرتنی [سویفت]، لەماوەی ڕۆژێکدا تەنها لە بەندەرعەباس بڕی ٢٥ کەشـــتیی بارهەڵگری وڵاتانی دراوســـێ (جگە لە وڵاتانـــی ڕۆژاوا) لەنگەری دەگرت و لە هەر کەشـــتیەک بـــڕی ٢٨کانتینەر بەتاڵ دەکران. بـــە لێکدانەوەیەکی هاکەزایی ڕوون دەبێتەوە پشـــکی هـــاوردەی کاڵا بە نافەرمی جگـــە لەوە بووە: ڕۆژانە پتـــر لە ٢٠٪ی کاڵا لەلایان مافیاکانی دەسەڵات بەشێوەی نافەرمی هاوردە کراوە و بەو هۆیەوە ڕێژەکەی ئاشـــکرا ناکرێـــت. ئەمـــەش یەکێکە لـــە هۆکارەکانی هەڵاوسان و ناسەقامگیریی بەرهەمهێنان کە

بەو هۆیەوە ڕانت و مافیاکاری چێ بووە و بۆشاییی باجی کاڵا بۆ بەرپرسان خوڵقاوە. بە گشتیی ڕێژەی بازرگانیی نایاسایی پتر لە ٧٠٪ی هاوردەی کاڵای نافەرمیی لە کەناراوەکانی باشووری ئێرانەوەیە، ئەمە جگە لە کەناراوەکانی زەریای کاسپیەنە کە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتانی باکووری ئێران و ڕووسیا. هاوکات پشکێکی کەم لە هاوردەی کاڵا بەشێوەی نایاسایی بە ڕێی کۆڵ لە شاخ و داخی ناوچە کوردییەکان(کە هاتوچۆ پێیدا دژوارە) بەر کورد دەکەوێت کە ڕێژەیەکی یەکجار نادیارە لەئاست هەموو ئێران بەڵام ڕاگەیاندنە حکومییەکان هەوڵی زەقکردنەوەی هاوردەی کاڵای قاچاخ ئەدەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

نها لە ڕۆژهەڵات کە سیستەم ئێزن بە گەشەی ئابووری نادات و چەوساندنەوەی ئابووریی کورد گیراوەتە بەر، گەشە سەندن لەم هێڵەدا قورسترە. جگە لە گوشاری سیاسی، ئەمنی، کولتووری و چەکداری لەدژی کورد کە داپڵۆسینی ئابوورییش پەیڕەو دەکرێت، کورد چەندە هەستی بەم قڕکردنە ئابوورییە کردووە و ئامادەییی تیدایە بەرەنگاری بێتەوە و خۆی لەم بەشەدا هەڵکشێنێتە سەرەوە جێی تێڕامانە. هەنگاونانی دەوڵەتان لە شەڕی کلاسیکی پڕتێچووی هاوچەرخدا بۆ شەڕی ئابووری پێمان دەڵێت ئێتر کاتی هاتووە کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتی سیاسیی کورد بناخەی گەشەی ئابووریی هەمیشەیی بە ستراتیژی بکات و چیدی ئەو بەشە پەراوێز نەخات. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە گرنگیی توانای ئابوریی زەق بکرێتەوە و لەناو کۆمەڵگەدا کار بۆ ڕاهێنان و بەزانستیبوونی بکرێت بەڵکوو تاکی کورد فام بە سیاسیبوونی ئابووری بکات.

دەبێت ئابووری لە ستراتیژییەکانی گەلی کورددا جێگە بگرێت و بخرێتە ڕۆژەڤەوە کە لە بەرکەوتنەکاندا بۆ پارسەنگی کەڵکی لێ وەربگیرێت؛ چونکە ئاراستەی شەڕە جیهانییەکان لە سەربازی و شەڕی ساردەوە هەنگاوی ناوەتە قۆناغی شەڕی تەکنەلۆژی و ئابووریەوە. ئامانجی دەسەڵاتی سیاسی بە تایبەت و گەل بەگشتی هەرچی بێت لە درێژخایەندا لانیکەم پێکهێنانی ستاتۆیەکی سەربەخۆیە کە، خوازیاری مێکانیزمێکی چالاکە لە بوارە جیاوازەکاندا و ئابووری یەک لە بەشە گرنگەکانیەتی کە ئەگەر بناخەیەکی بەهێزی نەبێت، ئەو ستاتۆیە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. ڕەنگە پاش ڕاگەیاندنی هەرجۆرە سەربەخۆیییەک، لەلایەن وڵاتانی هاوسنوورەوە گەمارۆ بدرێت و لە وەها ئەگەرێکدا کە بەرهەمی ناوخۆیی و ئابووریی بەتوانای نەبێت، لەڕووی سیاسیشەوە ناتوانێت سەربەخۆ بێت و شکست دەهێنێت.

ئابووریی «کۆمەڵگە» و «لایەنە سیاسییەکان» دوو گوتاری جیاوازن بەڵام پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە و هۆ و بەرهۆی یەکترن؛ ئێستاکە جگە لەوەی بەشێک لە داهاتی حزبەکان لەڕێی هاوکاریی کۆمەڵگەوە دابین دەکرێت، [گەشەی ئابووری]، هەژموونی کلتووری و سیاسیی کورد لەنێو گەلانی دیکەی ناوەوە و دەرەوەی پارێزگا کوردییەکان بەهێز دەکات و بەمشێوەیە ئەرکەکانی سەرشانی لایەنی سیاسیش سووکتر دەبێت. شیاوە نوخبەی کورد و نووسەران، ڕۆشنبیران وسیاسەتوانان، لایەنی سیاسی و کۆمەڵگە بایەخی زیاتر بە گرنگی و تایبەتمەندییەکانی ئابووری بدەن و فام بە گرنگیی هێزی ئابووری بکەن و ئەم بابەتە لە گوتار و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت. ڕەهەندی فام پێنەکراوی گوتاری ئابووری، دیوی سیاسییەکەیەتی کە تا ئێستا لای کورد جێگە و پێگەی خۆی نەدیوەتەوە. بە پێچەوانەی کورد، گەلانی دراوسێی وەک ئازەرییەکان لەناو ئێران و تورکەکانی ئانادۆڵی زۆر بەباشی کاریان لەم بەشەدا کردووە

و کەڵکیان لێ وەر گرتووە. لە سووچی نەتەوەییەوە لە پرسی ئابووری دەروانن و سیستمی ئابوورییان هێندە بەهێز کردووە کە ئازەرییەکان لەئاستی ئێران و تورکیەش لەئاستی ناوچەکەدا قسەیان بۆ وتن هەیە.

## کەڵک وەرنەگرتنی باشوور لە سامانی سروشتی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی

لە ٢٨ساڵی دەسەڵاتداریی باشووری کوردستان، داهاتی سامانە سروشتییەکان بەگشتی بۆ بەهێزکردنی حیزب بەکار هاتووە و لەسەر پلان و ستراتیژییەک بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لەبوارەکانی ئابووری، سیاسی و سەربازیدا کار نەکراوە. ئاسۆیەکی روونیش بەدی ناکرێت لە بەکارهێنانی ئابووری لەخزمەت پرسی نیشتمانی و دیپلۆماسیدا کە پێگەکانی سیاسی و ئابووریی داهاتووی هەرێم قایم و بەهێز بکات. دەسەڵاتدارانی باشوور دەبوا بەشێوەیەک پلانی ئابوورییان دابرشتایە، کە تورکیای موحتاج بە نەوت و گاز پێمل بە خواستەکانیان بکەن بەڵام پێچەوانەکەی هاتووەتە دی. سەرەرای دەوڵەمەند بوونی باشووری کوردستان بە سامانی سروشتیی نەوت، بەڵام شەری داعش بووە هۆی هاتنە ئارای قەیرانی دارایی تا رادەیەک کە دەسەڵات (سەرەرای هاوکاریی وڵاتان) لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران داما؛ کە جگە لە نارونی داهات و تێچووەکان لە هەرێم، هۆکاری دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی پلانێکی تۆکمە بۆ قایمکردنی ژێرخانی ئابووری لە ماوەی ساڵانی رابردوودا.

نها بەهۆی هەلومەرجی رەخساو لەو بەشەی کوردستان، پێویستە جگە لە پشتبەستن بە کەرتی نەوت، کارگەکانی بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بکرێتەوە. هەروەها وەرگرتنی مۆڵەتی بنیاتنانی کارگە لە باشووری کوردستان کە دەسەڵاتی کوردی لەوێ حاکمە، بۆ پیشەوەران و بەرهەمهێنەران ئاسان بکرێتەوە و ئاستەنگییەکان بە تەواوەتی هەڵبگیرێت و وێرای کەسانی حکومی و کەسانی نزیکیان، کۆمەڵگە هاوپشک بکرێت لە دەرفەتەکانی بازرگانی. لە وەها حاڵەتێکدا هەزاران گەنج روویان لە تاراوگە نەدەکرد و هەلی کار تەنانەت بۆ گەنجانی پارچەکانی دیکەش دەرەخسا بە جۆرێک کۆڵبەری بەمشێوەیە پەرەی نەدەسەند.

لەگەڵ رەخسانی هەلومەرجی گونجاو لە بەکارهێنانی ئابووری بۆ قایمکردنی پێگەکانی دەسەڵات لە باشووری کوردستان، لێ هەرێم نەیتوانی لە کەرتی نەوت و گاز وەک کارتێک کەڵک وەر بگرێت. تا پێش ریفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەر کە ناوچەکانی کەرکووک تا شنگال رادەستی حەشدیشەعبی و سوپای عێراق کرانەوە، بەگشتی وڵاتانی رۆژاوا هاوشێوەی دەوڵەتێک هەڵسوکەوت و پاڵپشتییان لە باشووری کوردستان دەکرد بەڵام پاش لەدەستدانی برێک لە چاڵە نەوتەکان، باشوور ئەو پێگە سیاسیەی رابردووی نەما. تەنها پاش چوار کاتژمێر لە چۆڵکردنی چاڵە نەوتەکانی کەرکووک، کۆمپانیا بریتانییەکان تێیدا جێگیر بوون و دەستیان بە هەڵگواستنی نەوت کرد کە نیشانەیەک بوو لە:

**١** ئاگاداریی پێشوەخت لە دەستاودەستکردنی ٥١٪ی خاکی باشووری کوردستان و

**٢** گرنگیی پرسی ئابووری و نەوت بەلای زلهێزەکانەوە. شیمانە دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا وەها دەرفەتێک بۆ حکومەتی باشووری کوردستان نەرەخسێتەوە کە لەو قەبارەیەدا دەستی بە سەرچاوە ئابوورییەکان رابگات بۆ کەڵک وەرگرتنی لەبەشی دیپلۆماسی.

سەرەرای نەبوونی سەرچاوە سروشتییەکان وەک داهاتێک، پێگەی ئابووریی رەوتی ٤٠ساڵەی دوایینی خەباتی باکووری کوردستان کەمترین گرفتی لەو بوارەدا هەبووە. خەبات

لەو بەشەی کوردستان خۆی لە «شەڕی سیاسی لە پەرلەمان»، «مەدەنی سەر شەقام» و «چەکداری لە شاخەکان» دەبینێتەوە. هاوکات کە ئابووری بایەخپێدراوە، ئەگەر ئاراستەی تێچووەکان وەکوو پێویست نەکرایە، خەبات توانای بەردەوامیی نەدەما. هەروەها ڕۆژاوای کوردستان کە هەمان ئایدۆلۆژیا پەیڕەو دەکات لەگەڵ هاوکارییە لۆجیستییەکانی ئەمریکا، پشتی بە ئابووریی خۆجێیی بەستووە تا ڕادەیەک کە لەشوێن بازاڕێک دەگەڕێت بۆ تواندنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی.

## پێویستیی بەزانستیکردنی ئابووری

ئابووریی‌سیاسی (Pulitical economy) شێوازێکی خوێندنەوە و پێداچوونەوەی زانستییە لەبواری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ڕێگەچارەیەکی سەرەکییە، کە لەسەر پەیوەندیی نێوان کەرتە سیاسی و ئابوورییەکان لە پێکهێنانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە. ئادام‌سمیت(Adam Smith) فەیلەسووف و زانای ئابووریی سکۆتلەندی لە پێناسەی ئابووریی سیاسیدا دەڵێت: «لقێکە لە زانستی دەوڵەتمەدارێک یان یاسادانەرێک بە دوو ئامانجی «دابین‌کردنی داهاتی زۆر و بەردەوام» و «مووچەی باش بۆ کۆمەڵگە»»». بۆ گەلێکی وەک کورد کە جوگرافیای دەستنیشانکراوی سیاسیی نەبێت یان مەترسیی دەستێوەردانی داگیرکەرانی لەسەر بێت، ناچارە بە هەڵێنجاندنی ڕێگە چارەیەک لە زانستە ئابوورییەکان وەک نەخشە ڕێگەیەک بە پێی خوێندنەوەی ڕاستبینانەی ئەمڕۆیی لە تیۆری فەیلەسووف و ئابووری‌ناسەکان. بەراورد و لەبەریەکدا نانی زانستی ئابووریی‌سیاسی و کەشی ئێستای سیاسیی کورد، خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت کە «ئابووریی دیفاکتۆی جێگرەوە» دەتوانێت یەک لە ڕێگەچارەکان بێت.

هاندانی گەنجان بۆ خوێندن لە بەشە زانستییەکانی پێوەند بە زانستی ئابوریی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پسپۆڕانی ئابووریی جیهانی زێدە گرنگە و لە کۆمەڵگەیەکی شارەزا لە زانستی ئابووریدا گەشەی بەرچاو ڕوو ئەدات. هاوکات، بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی دەوڵەمەند، پێوەندییەکی نزیک لەسەر بنەمای زانست و ئاگایی و هەروەها، ناسینی دەرەفەتەکانی کارکردن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕووی تەکنەلۆژی و زانستی بناخەیی (Knowledge-based economy) بۆ خوڵقاندنی ئابوورییەکی زانستیی گرینگە. چونکە، هەرچەن ڕێژەی پێوەندی و دانووسانی زانستی لەگەڵ وڵاتانی بەهێز زیاتر بێت گوڕ دەدرێت بە پێشکەوتنی ئابووری.

نزیکترین و کەم‌تێچووترین ڕێگەی هاوردەو و هەناردە کردن لەنێوان تاران و ئەورووپا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێت. جا کەلوپەل بێت یان نەوت و گاز. ئێستاکەش سنووره فەرمییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات - باشوور و باکووری کوردستان دەرفەتێکە بۆ خەڵکی مەدەنی و لایەنە سیاسییەکان کەڵکی لێ وەربگرن و داهاتەکەی بخەنە خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی؛ کردنەوەی کارگەکانی بەرهەم‌هێنانی گەورە و بچووک، بەفیڕۆ نەدان و خەرج‌کردنەوەی داهاتەکان لە ناوچە کوردییەکان و ڕێگە خۆش‌کردن بۆ هاتنی دەسمایەدارانی دەرەکی (بە لەبەرچاو گرتنی هاوسەنگیی دیموگرافی)، ستراتیژیەتی گەشەی ئابوورییە. دەسەڵات لە ئێران پرۆژەیەک بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئابووری پەیڕەو دەکات کە تێیدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتە ڕێگەی ترانزیتی نێوان ئێران و وڵاتان بەبێ ئەوەی دانیشتوانی لێی سوودمەند بن.

## یەکهەڵوێستیی ئابووری ودەرفەتەکانی بەردەم

وەک چۆن گەلی ڕۆژهەڵات لە مانگرتن

و پرسە سیاسییەکاندا یەکهەڵوێستی دەنوێنێت، لەمەڕ ئابووریش یەکهەڵوێستی بەو چەشنە ئەڕێنییە. بەکار هێنانی بەرهەمی خۆراکیی ناوخۆیی و گەڕانەوەی خێر و بێری بۆناوخۆ، دەبێتە گەشەسەندنی ناوچەیی. ئەگەر ئاستی هەستیاریی سیاسی تاکەکان هێندە بەرز بکرێتەوە کە لەبری ئەوەی ڕکابەری بێڕەحمی بازرگانیی یەکتر بن، پشتی یەکدی بگرن و بەرژەوەندیی کۆمەڵ ڕەچاو بگرن، کاریگەریی دەکاتە سەر سەقامگیریی بازاڕەکان و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە یەکڕیزی دەخوڵقێنێت. ئەگەرهەستی نەتەوەییی کۆمەڵگە بجووڵێندرێت وهزری ئابووریی‌سیاسی جێ‌بکەوێت، گوتارێک لەدایک دەبێت بەناوی هەستی «ئابووریی نەتەوەیی» کە ئابووریی دوورگەیی ناهێڵێت. لە ئابووووریی دوورگەیی، کەس، کەسانێک یان گرووپێکی هاوفکر دەست دەگرن بەسەر بەشێک لە بازرگانی یان کۆمەڵێک کاڵای بازاڕدا و لەڕووی نەتەوەییشدا زەبر لە کۆمەڵگە ئەدات کە مخابن گرووپ‌گەلێکی وەها لەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بووە.

لەئیستادا زەینییەتی تاکی کورد لەسەر ئابووریی ورد ( microeconomics) و لایەنی سیاسی لەسەر ئابووریی درشت (macroeconomics)، ڕانەهێندراوە کە لە ئابووری وەک کەرتێکی گرنگی پازێڵی سیاسەت‌وانی بڕوانێت. بەخۆزانیی تاک (consciousness خودآگاهی)، مەرجی گەیشتن بە کۆمەڵگەی ئەمرۆییە کە، ڕاهێنان و پراتیک‌کردنی بەخۆزانی لەو بوارەدا لە مەرجەکانیەتی. بەهۆی کەمکاریی خۆیی و هەروەها بەکۆلۆنی‌کردنی کوردستان، کورد خاوەنی برەندێک نییە. کوردستان یەکێکە لە ناوەندە هەرە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی گلیم و فەرش بەڵام کۆمپانیا غەوارەکان، فەرشی کوردستان بەناوی فەرشی ئێرانییەوە هەناردەی ئەورووپا دەکەن لەکاتێکدا ئەرکی بەرهەمهێنانی لەسەر شانی کچان و ژنانی کوردی فەرشچنە کە دەشێ بکرایەتە برەندێکی کوردی. شیری ناوچە کوردییەکان دەبرێتە ناوچە ئازەرییەکان و دەکرێتە پەنیر و بە برەندی ئازەرییەوە دەفرۆشرێتەوە، تریّ و بەرهەمی باخەکان دەبرێت و دەکرێتە ئاومیوە و بە برەندی نەتەوەکانی دیکەوە دەفرۆشرێتەوە و هەناردە دەکرێت و هەنگوینی کوردستان دەبرێت و بەناوی بەرهەمی گەردەنەی حەیران دەفرۆشرێتەوە بە گەشتیاران.

هەروەها پارچەی جلی کوردی، جامانە، دەسماڵ، پشتوێن و زۆربەی پارچەکانی هێمای نەتەوەیی لە دەرەوەی کوردستان ساز و هاوردە دەکرێن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەدا بەکار دەهێندرێت کە دەکرا ئەوانەی ڕەمز و بەشێکن لە کلتووری کوردایەتی بە دەستی خۆیی ساز بکرایە و تەنانەت هەناردەش بکرایە. گەر بە هەندێک گۆڕانکاری لە کلاشدا ئەمرۆیی بکرایە، دەکرا هەناردە بکرێت و جگە لە کورد نەتەوەکانی دیکەش بەکاری بێنن. هەروەها کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی خۆجێیی بە درێژایی مێژوو بەستراوەییی ئابووری بە گەلانی دیکەوە ناهێڵێت و دەستپێکی ئابووریی سەربەخۆ و بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆی ئابووری و برسییەتییە، کەچی برێکی زۆر لە گوندنشینان ڕوو لە شارەکان دەکەن و ناچاری بەرهەمەکانی شیرەمەنی و کشتوکاڵی گەلانی دراوسێین.

لایەنە سیاسییەکان پێویستیان بە پلاتفۆڕمێکی ئابوورییە بۆ ناوچە کوردییەکان کە بەستێنێکی تۆکمە بۆ داهاتووی دەسەڵاتی کوردی پێک‌بێنێت. ئابووری، کەرتێکی گرنگی مێکانیزمی چارەنووس‌سازە بۆ دەسەڵاتی داهاتووی کورد و هەر وەرچەرخانێکی سیاسیی ناوچەکە، هەڵگری کۆمەڵگەی پێگەیشتووە لە ڕووە جیاوازەکانەوە. ڕەنگە بەهۆی کەشی خەباتەوە، برێک لەم ئەرکانە

لە ئێستادا بکەوێتە سەر شانی حزبەکان بەڵام ئەم حاڵەتە لە داهاتوودا گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێــت و پــاش دامەزراندنی دەســەڵاتی سیاسی، دەبێت حزب دەستێوەردانی ئابووری نــەکات و تەنهــا وەک ئامرازێــک چەرخی بزوێنەری پێشخســتنی نیشــتمان بێت. خۆ بواردن لــە قایل بوون بــە هەبوونی پێگەی تایبــەت و پلــە و پایــە، یــان قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کەرتی ئابووری لە لایان بنەماڵەی شــەهید و خەباتگێڕانــی ڕابردوو و بنەماڵەکانیــان لە ئێســتا و داهاتوو بەر بە گەندەڵی دەگرێت. وەها ئەزموونێک لە ئێران تاقی کراوەتەوە و جگە لە گەندەڵی ئاکامێکی نابێت.

ســێ فاکتــەری ســەرەکی دەتوانێت لە گەشەی ئابووریی ســتاتۆیەکدا ڕۆڵی گرنگی هەبێت. یەکــەم: هەڵکەوتــەی جوگرافیایی و ژێئۆپۆلێتیک کــە وەک گرنگترین هۆکار، دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر گەشە سەندن و دەست پێڕاگەیشتن بە ئاوی ئازاد و زەریاکان لە ئایتێمەکانیەتی. هەروەها شارســتانییەت و هەبوونــی جــادە و دەروازەی ســنووری نێودەوڵەتــی بۆ دەستڕاگەشــتن بە وڵاتانی بەهێز لەڕووی ئابووریــەوە ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشــەی ئابووریدا هەیە و بەپێچەوانەوە، نەبوونــی ئەو ئایتێمانە دەتوانێت کارەســاتی ئابووری و هەژاریی لەدوابێت.

دووهــەم: فاکتەرێکی دیکەی گەشــەی خێــرای ئابووریــی وڵاتێک هەبوونــی کانزا سروشــتییەکانە کە خۆبەخۆ لە دڵی زەریا و زەویدا هەیە و وەک دیارییەک بەخشــراوەتە مرۆڤ. هەبوونی نەوت، گاز، مس، ئالیاژەکانی ئاســن وەک زێــڕ و کانــزاکان و کانی بەرد وهەروەها بــن زەریاکان گرنگــە و خۆبەخۆ دەوڵەمەندییەکی زۆر دەبەخشێتە وڵات. کانزا سروشتییەکان ســەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی داهاتێکــی زۆرە و دەکــرێ داهاتەکــەی لە بەشــەکانی دیکە خــەرج بکرێتــەوە، وەک کارتێــک بەرانبــەر وڵاتان کەڵکــی لێ وەر دەگیرێت.

ســێهەم فاکتــەر: هەبوونــی زانکۆکانی پیشەســازی و تەکنیکیی ســتاندارد لەگەڵ زانســتە جیهانییەکان دەبێتــە پەروەردەی کەســانی پســپۆڕ کە بەشــێوەی ئاکادیمی خوێندنەوە بۆ پیشــە و ئابووری دەکەن تاکوو لــە ئاکامی پیشەســازیدا بناخــەی ئابووری و بازرگانییەکــی بەهێــز دانرێــت. ئاگایــی بــە زانســتی ڕۆژ دەبێتە هــۆی بەهێزبوونی گەشەی ئابووریی وڵات و فاکتەرێکی گرنگە؛ دەستڕاگەیشــتن بە سەرڕشــتە و یاساکانی بازرگانیــی نێودەوڵەتی و فەرمیی ســەردەم، ڕێ دەگرێت لە لەدەستچوونی دەسمایە کار پێ نەکراوەکان و ئاراســتەکردنی دەسمایەی تاکەکان بەرە و چێبوونی ئابوورییەکی مەزن و بزێو.

یاســای بازرگانــی لە جیهان بــەردەوام نــوێ دەبێتەوە و دادەڕێژرێتەوە. کارناســانی وڵاتان بە پشتبەســتن بە داتاکان، زانســتی نــوێ بــە فەرمــی دەکەنــەوە وکۆمەڵگە بە ڕێگــەی چێکرنــی ڕێخراوەی هــەرەوەزی (Cooperative) یــان بازرگانیــی ئازاد (free trade) هاوپشــک و بەشدار دەکەن. پێویستە ڕاوێژی پســپۆڕان و زانایانی بــواری ئابووری بکرێــت کە بەســەر زانســتی ڕۆژدا زاڵن و بەهاوکارییــان، کەڵــک لــە زانســتی ڕۆژ و ئەزموونی کۆمپانیا و ســەرکەوتووانی ئابووری لە جیهان وەربگیرێت و پاش هەڵســەنگاندن و بەراورد کردنی بــە هەلومەرجی ناوچەکە، گەڵاڵەیەکــی خۆجێیــی دابڕێژرێت. ئەمەش فاکتەرێکــی دیکەی گرنگە بــۆ ئابوورییەکی زانســتی چونکە هەرچەندە ڕاوێژ بە زانایانی ئابووری بکرێت و ئاگایی و دەست پێگەیشتن بە دواترین یاساکانی بازرگانیی فەرمی هەبێت کە بەردەوام دادەڕێژرێن و خۆ نوێ دەکەنەوە، کۆمەڵگە لەبــواری ئابووریدا زاناتر بار دێت و گەشە دەسەنێت.

# بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان و تیرۆریسم

**جەمیل کولاهی**



**ئاماژە**

تیرۆریسم بریتییە لە توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵکی سیڤیل و بێ چەک بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی سیاسی. تا ئێستا شرۆڤەیەکی ڕوون لە سەر تیرۆریسم کە پەسندی هەموو وڵاتانی دنیا بێت نیە. تیرۆریسم بە شێوەی جۆراوجۆر پۆلێنبەندی دەکرێ و ڕیشەی لە نێو کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە. بزووتنەوە ڕزگاریدەرە نەتەوەیییەکان لە گەڵ تیرۆر یەک ناگرنەوە و بە پێچەوانەی تیرۆریسم مەشرووعییەتی نێوخۆیی و نێونەتەوەییان هەیە.

## پێشەکی

تیرۆریسم بە واتا بەرفراوانەکەی بریتییە لە توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵکی سیڤیل و بێ چەک بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی سیاسی. (Fortna 2015) ئەم شێوە هەڵسوکەوتە کە بە توندوتیژی دەناسرێ، لە کاتی ئاشتی یان لە کاتی شەڕدا دژی خەڵکی ئاسایی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ (Wisnewski 2008). هەر دوو چەمکی تیرۆر و تیرۆریسم لە شۆڕشی فەڕانسە و لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەی زایینییەوە هاتوونەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسییەوە (Stevenson 2010). بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٧٠ بەم لاوە لە نێو کتێب و هەواڵ و ڕاپۆرتەکان لە سەر شەڕ و پێکدادانەکان لە ئیرلەندی باکوور، چریکەکانی باسک و فەلەستین زیاتر لە جاران کەوتە سەر زاران. لە ساڵەکانی ١٩٨٠وە خۆتەقاندنەوە زیاتر لە چەمکی تیرۆریست و تیرۆریسم لە هەواڵ و زانیارییەکاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

تیرۆریسم واتا و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و چەمکێکی هەستیارە. ئەم کردەوەیە لە زۆربەی کاتەکاندا وەک شتێکی دژە ئەخلاق ناوی لێوە دەبردرێ. دەوڵەتەکان و گرووپ و تاقمە نادەوڵەتییەکان بە مەبەستی زڕاندنی ناوی دژبەرانیان لەم چەمکانە کەڵک وەردەگرن (Ruthven and Nanji 2017). گرووپگەلێکی جۆراوجۆری سیاسی لە تیرۆر بۆ گەیشتن بە مەرامی سیاسی کەڵکیان وەرگرتووە. پارتە سیاسییەکانی بەرەی ڕاست وچەپ، تاقمگەلی ئێتنیکی، تاقمگەلی مەزهەبی، شۆڕشگێڕەکان و دەوڵەتەکان لەوانەن کە لە تیرۆریسم کەڵکیان وەرگرتووە (Terrorisme n.d). تیرۆریسم لە زۆربەی وڵاتاندا لە یاسادا وەک تاوان ناسێنندراوە (Illusion of War 2014). کاتێک تیرۆر لە لایەن دەوڵەتەوە دەکرێ، لە لایەن دەوڵەتی بکەرەوە وەک تیرۆر لە قەڵەم نادرێ و کردەوە تیرۆریستییەکە بەرەو ئاقارێکی ناڕوون دەبات کە جێ پێی بکەرەکە ون بێت (Teichman 1989). لەم پێوەندییەدا ساغبوونەوەیەک لە سەر ئەوە کە تیرۆریسم جینایەتی جەنگییە یان نا، نیە (Eviatar 2013).

## ئیتیمۆلۆژیی تیرۆر

وشەی تیرۆر Terror لە وشەی لاتینی Tersere وەرگیراوە. دواتر گۆڕدراوە بە Terrere کە ئەم شێوەی دووهەمە لە زمانە ئۆرووپییەکان لە سەدەی یازدەدا دەبیندرێ. سەرەتا لە زمانی فەرانسەیی بینراوە لە ساڵەکانی ١١٦٠ی زایینی. لە ساڵی ١٣٥٦ی زایینییەوە وشەی Terreur دەبیندرێ. Terreur فۆرمی سەرەتایی Terrour لە زمانی ئینگلیزی ناوڕاستە کە لە سەردەمی مۆدێرندا بوو بە تیرۆر (Terror Fine 2010).

## پێشینەی مێژوویی

چەمکی تیرۆریست یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن فەیلەسوفی فەرانسی گراچووس بەبێف بۆ ڕژێمی ژاکۆبینی ماکسی میلیەن ڕوبێسپیەرە کەڵکی لێ وەرگیراوە (Kellner 2004). لە دیسامبەری ١٩٧٥دا ئێدمۆند بوورکە لە وشەی تیرۆریست بۆ وەسفی دەوڵەتی نوێی فەرانسە کە پێیان دەگوت دایرێکتواری فەرانسە French Directory کەڵکی وەرگرت (Burke 1975). چەمکگەلی تیرۆریست و تیرۆریسم لە ساڵەکانی ١٩٧٠ بەملاوە لە ئاکامی ناکۆکییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، پێکدادانەکانی ئیرلەندی باکوور و هەروەها چریکەکانی باسک سەرلەنوێ بایەخیان پێ درایەوە. دوای تەقینەوەکانی بەیرووت لە ساڵی ١٩٨٣ و ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ و تەقینەوەکانی بالی لە ساڵی ٢٠٠٢ دیسان زنجیرە کتێب و وتارگەلێکی جۆراوجۆر لە سەر تیرۆریسم درایە دەرەوە.

## شرۆڤەی مۆدێرنی تیرۆریسم

بە پێی هێندێک سەرچاوە تا ئێستا زیاتر لە سەد شرۆڤەی جۆربەجۆر لە سەر تیرۆریسم دانراوە. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە لایەنە جۆراوجۆرەکان بە پێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان ڕا و بۆچوونیان

لە سەر تیرۆریسم دەردەبڕن.

دۆکتور قاسملوو لە سەرەتای وتارێک لە ژێر ناوی تیرۆریسمدا، بە هێنانە ئارای چەند پرسیارێک هەموو شرۆڤەکانی دنیای ڕۆژئاوا لە سەر تیرۆریسم دەباتە ژێر پرسیار! ئەو دەپرسێ: تیرۆریست کێیە؟ دەوڵەتێک کە بە ناوی پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی، خەڵکەکەی پەرێشان دەکا تیرۆریستە؟ ئاخۆ ئەم دیاردەیە تەنیا گرفتی وڵاتانی جیهانی سێهەمە کە دیکتاتۆرەکان بەسەریاندا حاکمن؟ ئایا ئەمە تەنیا تایبەت بە وڵاتانی جیهانی سێهەمە؟ ئایا وشەی « تیرۆریست» بۆ دژبەرێکی سیاسیی دەبێ کە کردەوەیەکی تیرۆریستیی دژی دەوڵەتێک دەکا کە ئازادییە مەدەنییە دەستەبەرکراوەکانی قانوونی بنەڕەتی پێشێل دەکا؟ ئەی لەمەڕ بزووتنەوەی ئازادیی نەتەوەیی کە بە ناوی ئازادیی و سەربەخۆیی، تیرۆریسم هەڵ دەبژێرێ چۆن دەگوترێ؟ ئەو وڵاتەی کە وڵاتێکی دیکە داگیر دەکاو بە زەبری تیرۆر، قانوونەکانی خۆی بەسەر خەڵکەکەدا دەسەپێنێ؟ خەڵکێک لەگەڵ ترس و تۆقاندندا بەرەوروو دەبێ لەبەر ئەوە کە دژی ڕاسیزم و گوشاری گرووپە قانوونیو ناقانوونییەکان خەبات دەکەن. ئەو گرووپانە کەسانێکن کە بە دوای مەبەستی خۆیانەوەن کە خوازیاری گۆڕینی سیاسەت، ئازادیی جینایەتکاران و ئەستاندنی پووڵی زۆرەملین؟ بەڕاستی کێ تیرۆریستە؟ ئایا ڕەشەکانی ئەفریقای باشوور کە دژی جیایی ڕەگەزیی ( ئاپارتاید) لە وڵاتەکەی خۆیاندا، خەبات دەکەن تیرۆریستن یان، ڕێژیمی سپییەکان لە پریتۆریا کە جیاوازیی ڕەگەزیی دەسەپێنێ؟ ئایا خەڵکی کورد کە چەکی هەڵگرتووە و شەڕێکی عادڵانە بۆ پاراستنی پێناسەی نەتەوەیی دەکا، تیرۆریستە یان ئەوە خومەینییە کە لە ٧ ساڵی ڕابردوودا شاروگوندەکانی کوردی لە ئێراندا وێران کردووە و بە کۆمەڵ خەڵکی قەلاچۆ کردووە؟ ئایا حکوومەتی ئانکارا تیرۆریستە کە بەو گوشارە وەحشییانەیەی کە لە تورکیەدا بەسەر کورددا سەپاندووە قانع نیە و ئێستا خەریکی بۆمبارانی حەشیمەتی بێ دیفاعی کورد لە عێراقە؟ ئایا دەوڵەتی قانوونیی نیکاراگوئە کە یارمەتی بە هاوژینیی هێمنانە لەو وڵاتەو هاوبوونیی [هەبوونی] هێمنانەی ئەمریکا دەکا، تیرۆریستە یان کۆنتراکان کە یارمەتیی بەلێشاو پشتیوانیی ڕێگانیان لە پشتە تیرۆریستن؟ (Ghassemlou 1986)

(تیرۆر) شێوەیەکی ترسهێنەر بۆ دووپات کردنەوەی کردەوەی توندوتیژ بە هۆکارگەلی دوور لە عەقڵ، جینایەتکارانە و هەروەها سیاسی کە لە لایەن تاقمگەلێک لە تاکەکان، گرووپ یان دەوڵەتانەوە بەڕێوە دەچێ. بە پێچەوانەی قەتڵ ئامانجە ڕاستەوخۆکانی ئەم کردەوە توندوتیژە، ئامانجی کۆتایی نین. قوربانییەکانی تیرۆر بە شێوەی ڕەمەکی یان دەستنیشانکراو لە نێو کۆمەڵێک ئامانجدا هەڵدەبژێردرێن و وەک کەرەستەیەک بۆ گەیاندنی پەیامێک کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ. هەڕەشە و پێوەندییە توندوتیژەکانی نێوان تیرۆریست و گرووپە تیرۆریستییەکان، قوربانییەکان و ئامانجەکان بۆ داڕشتنی ئامانجی کۆتایی کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ، هەروەها بۆ هێنانە ئارای داوایەک یان بۆ خۆدەرخستن بە پێی ئەوەی کە بەرنامەی پشتەوەی تیرۆرەکە بۆ چاوترسێن کردن، خۆ سەپاندن یان پرۆپاگاندا یێ، کردەوە تیرۆریستییەکە دێتە ئاراوە (Jong-man 1988). بەڵام هاوکات ڕوانینگەڵێکی دیکە لە سەر تیرۆریسم هەیە کە داوێنی دەوڵەتەکان لە تیرۆریسم پاک دەکاتەوە. لەم بارەیەوە دەتوانین بە ڕوانگەی ئاندرس ڕومارهەیم لە ئەنستیتۆی زانستەکانی پاراستن بکەین کە دەڵێ: «تیرۆریسم ئاکتەرێکی نادەوڵەتییە کە بە شێوەی سیستماتیک لە توندوتیژی، وێرانی و هەڕەشە دژی خەڵکی ئاسایی بۆ پێکهێنانی ترس و دڵەڕاوکێ کەڵک وەردەگرێ، ئەم کارە بۆ کێشەیەکی سیاسی و کاریگەری دانان لە سەر هەڵسوکەوتی ئەوانی تر کە قوربانیی کردەوە یێرۆریستییەکە نین دەکرێ.» (Hva er inter-nasjonal terrorisme? 2005)

زۆرێک لە نووسەران جیاوازییەک لە نێوان شێوەی تێرۆرە سیاسییەکان دانانێن و ساغبوونەوەیەکیش لە سەر ئەم بابەتە نیە. لە کاتێکدا تێرۆری شۆڕشگێرانەی تاکەکان و تێرۆری سیاسی، نەریتی گۆڕانێکی سیاسیی گەورە بە دوای خۆیاندا دێنن. لە زۆر بواردا جیاوازن. تاکتیک، شێوەکان، ڕۆڵەکان، شێوەی ڕوانین بۆ کۆمەڵگە و گرینگیی کردەوەی تاک لەو بوارە جیاوازانەن. زیاترین جیاوازییەکان لەو کردەوە کتوپڕەی کردەوەی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە تێرۆری سیاسیی نەریتیدا، ئامانج کەسایەتییەکی سیاسی لە لوتکەی دەسەڵاتدایە وەک پاشا یان دیکتاتورێکی دیکە، کە کوشتنی ئەو کەسانە گۆڕانی سیاسیان لێ دەکەوێتەوە و هەڵبژاردنی کەسی ئامانجی تێرۆرەکە، ئامانجی سەرەکیی تێرۆرەکەیە. زەربە لێدان لە ڕژێمەکە بە هەڵبژاردنی سووژەی تێرۆرەکە دەردەکەوێ. بەڵام لە تێرۆری شۆڕشگێرانەی تاکەکاندا هەڵبژاردنی سووژەی هێرشە تێرۆریستییەکە، ئامانجێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی کە تێرۆرەکەی بۆ دەکرێ. ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی و یان پەرەپێدان بە بزووتنەوەیەکی سیاسی لەو ئامانجە سەرەکییانەن (Iviansky 1977).

پێویست بە ئاماژەیە کە زۆرێک لە وەرگێرانی فارس زمان بۆ پاساو هێنانەوە بۆ تێرۆرەکانی ڕژێمی ئێران بە ئەنقەست «قەتڵی سیاسی» لە بری تێرۆری سیاسیی نەریتی دادەنێن. بۆ نموونە لەم دوایانەدا لە ڕاگەینە فارسییەکاندا ناڵێن تێرۆری دۆکتور قاسملو، دەڵێن قەتڵی دۆکتور قاسملو. بەم شێوەیە دەیانەوێ تێرۆر بکەن بە قەتڵ. لێرەدا مەبەستێک شاردراوەتەوە، تێرۆر و تێرۆریسم شێوەی ژیانی سیاسییە و سیستماتیکە، بەڵام قەتڵ لە ناکاو ڕوو دەدات و بەرنامەدارێژراو نییە. بۆیە دەیانەوێ ڕژێمی تاران کە تێرۆر لەودا سیستماتیک و شێوەی ژیانی سیاسییە لە تێرۆریسم دابڕن و بڵێن ئەوی کە ڕووی داوە تەنیا قەتڵێکە و هیچ دیکە.

## جۆرەکانی تێرۆریسم

بە گشتیی توندوتیژی و تێرۆریسم بە شەش جۆر پۆلێنبەندی دەکرێ (Disorders and Terror-ism 1976).

- **گرژی و ئاڵۆزیی کۆمەڵگە:** شێوەیەک لە توندوتیژیی بەکۆمەڵە کە دژی ئاشتی، ئاسایش ڕەوتی سروشتیی کۆمەڵگەیە
- **تێرۆریسمی سیاسی:** کردەوەگەلێکی جینایەتکارانە کە بۆ پێکهێنانی ترس لە کۆمەڵگە یان بەشێک لە کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە مەرامێکی سیاسی دارێژراون.
- **تێرۆریسمی ناسیاسی:** تێرۆریسمێک کە بۆ ئامانجی سیاسی نیە، بە شێوەیەکی ئاگایانە بۆ پێکهێنانی ڕادەیەکی زۆر ترس بۆ سەپاندنی زۆرەملێی ئامانجگەلێکی تایبەت دارێژراوە، ئاکامی ئەم شێوە تێرۆریسمە نەک سیاسی بەڵکو دەستەبەر کردنی قازانجی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵە.
- **هاوشێوەی تێرۆریسم:** کردەوەگەلێک کە لە خانەی توندوتیژیدان و لە فۆرم و شێوەدا وەک تێرۆریسمی ڕاستەقینەن، بەڵام جەوهەر و ناوەرۆکی تێرۆریسمی ڕاستەقینەیان نییە. ئامانجی سەرەکیی هاوشێوەی تێرۆریسم، تێرۆری قوربانییەکە نیە وەک ئەوەی کە لە تێرۆریسمی ڕاستەقینەدا ڕوودەدات؛ بەڵام هاوشێوەی تێرۆریستەکان لە شێوە و تەکنیکی تێرۆریستە ڕاستەقینەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی هاوشێوەی تێرۆری ڕاستەقینە کەڵک وەردەگرن. وەک ئەوەی کە تاوانبارێک بۆ دەرباز بوونی خۆی کەسێک بە بارمتە دەگرێ، شێوەکەی وەک تێرۆریستێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئامانجەکەی بەتەواوی جیاوازە.
- **تێرۆریسمی سیاسیی سنووردار:** تێرۆریسمی سیاسیی ڕاستەقینە بە کردەوەی شۆڕشگێرانە دەناسرێتەوە. تێرۆریسمی سیاسیی سنووردار بە کردەوەی تێرۆریستی کە پاڵنەری ئیدئۆلۆژیک و سیاسیی هەیە دەوترێ، بەڵام بە گشتی بەشێک لە بەرنامەی دارێژراو بۆ زاڵ بوون بە سەر دەوڵەتدا نیە.

● **تیرۆریســـمی فەرمی یـــان دەوڵەتی:** ئاماژە بە وڵاتگەلێکە کە دەوڵەتەکەیان لە ســـەر ترس و زۆرداری بنیـــات نراوە، کە لە گەڵ تیرۆریســـم یەک دەگرێتەوە. ئەمە ڕەنگە واتای تیرۆریسمی پێکهاتەییشی هەبێ کە دەوڵەتەکان بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ئامانجگەلێکی سیاسی زۆرینەی کات وەک بەشێک لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیان بەڕێوەی دەبەن.

هێندێک سەرچاوی دیکە تیرۆریسمیان بە شێوەگەلێکی دیکە پۆلێنبەندی کردووە. بۆ نموونە تیرۆریسمی ناوخۆیی و تیرۆریسمی نێودەوڵەتی (Purpura 2007). شێوەی دیکەی پۆلێنبەندیی تیرۆریسم بەم شێوەیەیە (Hudson 2002):

● **تیرۆریسمی سیاسی**

○ **تیرۆریسمی نادەوڵەتی:** کە لە سێ بەشدا پۆلێنبەندی دەکرێ:

▫ **تیرۆریسمی شۆڕشی کۆمەڵایەتی:** کە خوڵقاندنی کەشێکی پڕ لە مەترسی دژی دژە شۆڕشەکانە

▫ **تیرۆریســـمی ســـەربەخۆییخوازانی ناسیۆنالیست:** پاڵنەری سەرەکی لێرەدا ناســـیونالیزمە و ناسیونالیستەکان دژی داگیرکەران بەڕێوەی دەبەن.

▫ **تیرۆریسمی ئیسلامیی توندئاژۆ:** پاڵنەر لێرەدا دینە. ئەم شێوە تیرۆریسمە دەبێتە دووبـــەش؛ کە بریتین لە تیرۆریســـمی ئیســـلامیی بناژۆخواز و تیرۆریســـمی ئیسلامیی نوێ.

▫ **تیرۆریســـمی بەرەی چەپ:** لەم شێوە تیرۆریســـمەدا بـــاوەڕ وایە کـــە ڕژێمی کاپیتالیســـتی دەبـــێ بڕوخێنـــدرێ و ڕژێمێکی سوسیالیستی شوێنی بگرێتەوە.

▫ **تیرۆریســـمی بـــەرەی ڕاســـت:** تیرۆریســـمێکە کە لە لایەن لایەنگرانی ئیدئۆلۆژیی بەرەی ڕاســـت و توندئاژۆوە بەڕێوە دەچـــێ کە لـــەو ئیدئۆلۆژییانە دەتوانیـــن ئاماژە بە نیئۆنازیســـم، نیئۆ فاشیزم، ناسیونالیزمی سپی پێستەکان و ناسیونالیزمی دینی بکەین.

○ **تیرۆریســـمی پشت بەســـتوو بە دەوڵەت:** لێرەدا دەوڵەت ناڕاستەوخۆ تیرۆریسم وەک سیاسەتی خۆی ڕەچاو دەکات. لەم شێوەیە تیرۆریســـمەدا دەوڵەت بە ناردنی یارمەتیی ماڵـــی، چەک و کەرەســـتەی پێشـــکەوتوو بـــۆ گرووپـــە تیرۆریســـتییەکان و هەروەها پشـــتیوانیی سیاســـی و تەبلیغاتـــی لێیان، سیاسەتی تێکەڵ بە تیرۆریسم بەڕێوە دەبات.

○ **تیرۆریســـمی دەوڵەتی:** لێـــرەدا دەوڵەت ڕاســـتەوخۆ لـــە دژی دژبەرانـــی و تەنانەت دەوڵەتانی دیکە، لە کردەوەی تیرۆریســـتی کەڵک وەردەگرێ.

● **تیرۆریســـمی جینایەتکارانـــە:** ئـــەم شـــێوە تیرۆریســـمە لە نێو تاقمـــە جینایەتکارەکانە کە بۆ دەســـتەبەرکردنی قازانجی ماڵی بۆ تاک یان گرووپ بەڕیوە دەچی، وەک گرووپە مافیاییەکان.

● **تیرۆریسمی پاتۆلۆژیکی:** ئەم شێوە تیرۆریسمە زیاتر لە لایـــەن تاکەکانەوە بەڕێـــوە دەچێ کە پاڵنەری سەرەکیشی حەزێکی لە ڕادەبەدەری ئەم کەسانەیە بۆ ترساندن و کوشتنی خەڵک، وەک ئـــەوەی کە لە قوتابخانەکانـــدا تەقە لە قوتابیان دەکرێ یان بەشداربوانی میوانییەک دەدەنە بەر دەســـڕێژ. ئەم شێوە تیرۆریسمە هیچ پاڵنەرێکی سیاسی و ئایینی و ئابووریی لە پشت نیە.

## ڕیشەکانی تیرۆریسم

ڕیشەی تیرۆریســـم لە نێو کێشـــەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. بە پێی ڕاپۆرتی کۆفی عەنان ســـەرۆکی پێشـــووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کورتی دەتوانین ئاماژە بە پێنج خاڵ بکەین (FN-sambandet n.d.):

● **هـــەژاری:** بە پێی تیئۆریی ئابـــووری، کاتێک ڕادەی خوێندەواری، داهاتی خەڵک و گەشـــەی ئابووری بە گشـــتی ڕوو لە کەمی دەکات، ڕادەی توندوتیژیی سیاسی هەڵکشانی زیادتر بە خۆیەوە دەبینێ. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە نرخ و تێچوو بۆ کردەوەی تیرۆریستی کەم دەبێتەوە.

• **سەرکوت:** زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە سەرکوت، حکومەتی سەرەڕۆ و پێشێل کردنی مافی مرۆڤەکان لە لایەن دەوڵەتەوە هەل بۆ سەرهەڵدانی تێرۆریسم دەرەخسێنێ.
• **داگیرکردنی وڵاتی دیکە:** داگیرکردنی وڵاتێک لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی تێرۆرە.
• **هەڵاواردن:** هەڵاواردنی ئێتنیکی، ئایینی و کولتوری لە نێو وڵاتدا یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی تێرۆریسمە
• **کولتووری یەکتر قبووڵ نەکردن:** کاتێک دێتە ئاراوە کە گرووپێک هیچ ئایین و کولتورێکی لە دەرەوەی چوارچێوەکانی خۆی قبووڵ نەبێ و ڕێزیان بۆ دانەنێت.

دۆکتور قاسملو لە سەر ڕیشەکانی تێرۆر دەڵێ: ئەگەر تێرۆریسم بە مانای هێرش بردن بۆ سەر ژیانی ئازادانەی خەڵکی بێ تاوان بێ، لەو حاڵەتەدا هەر کەسێ کارێکی ئەوتۆ بکا دەبێ وەکوو تێرۆریست سەرنجی بدرێتێ، چ ئەو کەسە تاک بێ یان ڕێکخراوە، یان دەوڵەت. ئەم پێناسەیە دەبێ بە بنەما دابنرێ. ئەوەش لەگەڵ ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کە تەنیا لە کارتێکەرییەکانی تێرۆریسم دەکۆڵنەوە، یەک ناگرێتەوە ڕۆژئاواش هەوڵ نادا لە هۆیەکانی تێرۆر بکۆڵێتەوە. پێویستە ئەو هۆیانە بۆ کەسێک کە خوازیاری بنەبڕکردنی تێرۆریسمە، ڕوون بن. گوتراوە کە تێرۆریسم چەکی بێبەشانە .دەبێ ئەوەش زیادبکرێ کە تێرۆریسم ڕێگەی ئەو کەسانەیە کە ڕەنگە بیانەوێ تەنانەت لەبەرامبەر بێ عەداڵەتی، گوشار ، دیکتاتۆری و ڕاسیزمدا دژکردەوەیان هەبێ. ئەم هۆیانە کە بنەبڕ بکرێن، تێرۆریستەکان ئیزۆلە (تەریک) دەبن و بە خێرایی مەترسییەکەیان کۆتایی پێ دێ. ئەگەر ویستە قانوونییەکانی خەڵک دابین بکرێن وبێ عەداڵەتی نەمێنێ، هەموو کردەوەکانی تێرۆریستان بە شێوەیەکی بەرین، مەحکووم دەکرێن. چونکە تێرۆریستەکان کردەوە تێرۆریستییەکانی خۆیان بە ئیدیعای ویستە سیاسییە قانوونییەکان دەڕازێننەوە. (Ghassemlou 1986)

دۆکتور قاسملو لە سەر ڕیشەکێش کردنی تێرۆریسم دەڵێ: نابێ ئەو ڕاستییە لە بەرچاو نەگرین تا ڕیشەی تێرۆریسم لە بەین نەچێ، تێرۆریسم خاشەبڕ نابێ، تێرۆریسم هۆکارە نەک هۆ، تێگەیشتن لە هۆیەکانی پەرەسەندنی تێرۆریسم، مەبەست تێرۆریسمی سیاسییە، وەک بێ عەداڵەتی، قەیرانی کۆمەڵگە و ستەمی نەتەوایەتی، هێز و توانا و کاتێکی زۆری دەوێ. ئەگەر ڕۆژهەڵات بە سەرچاوەی تێرۆریسم دەژمێردرێ، لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە ناوەندی ناکۆکی و پێکدادانی ئێستراتێژیکی، ئابووری، ئایینی و نەتەوایەتییە. تا ئەم ناکۆکییانە لە بەین نەچن، تێرۆریسم ڕیشەکێش ناکرێ، تا ئەو کات خەبات دژی تێرۆریسم لە ئاستی نێونەتەوەییدا نە تەنیا لە گەڵ دەستە و تاقمەکان، بەڵکو زیاتر لە گەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هانیان دەدەن دەبێ بکرێ .(Abdulrahman 2005)

## بزووتنەوەی ڕزگاریدەری نەتەوەیی و تێرۆریسم

تا ئێرە چییەتیی تێرۆریسم، هۆکارەکانی، ڕیشەکانی و جۆرەکانی تێرۆریسم باس کران. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێی پرسیارە ئایا بزووتنەوەگەلێک وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەو جۆرەی کە داگیرکەران دەڵێن، بزووتنەوەیەکی تێرۆریستییە؟ ئەگەر تێرۆریستی نییە بۆ لە توندوتیژی و شەڕی چەکداری کەڵک وەردەگرێ؟

دوکتور قاسملو پێی وایە کە «ئەو ڕژێمە (ڕژیمی ئێران) لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و نووسینی چەند وتار لە دەرەوەی وڵات ناروخێ، ئەم ڕژێمە لە ڕێگای زاڵ بوونەوە لە بەین دەچێ، ئێستا ئەم زاڵبوونە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە نێو شارەکاندا دەبێ یا تێکەڵێک لە شەڕی چەکدارانەی شاری لە گەڵ شەڕی پارتیزانی لە دیهاتەکاندا و مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی

له نێو شـــارەکاندا» بەڵام لە بەرامبەریشدا دەڵێ: «ئێمە تێرۆریســـم بە کردەوەیـــەک دەزانین کە ژیان و ئازادییەکانـــی خەڵکی بێ دیفاع دەخاتە مەترســـییەوە، ماوەی حەوت ساڵە ئێمە لە گەڵ رژێمێکی جینایەتکاری وەک رژێمی خۆمەینی لە شەرداین، بەڵام هەموو کاتێک دووریمان کردووە لە خستنە مەترسیی ژیان و ئازادیی خەڵکی بێ دیفـــاع. نەک ئەوەی کە پەنامـــان نەبردۆتە بەر بارمتە گیری، بەڵکو کومەکمان کردووە بە ئازاد بوونی چەند بارمتە لـــە وڵاتە ئورووپاییەکاندا بە تایبەت فەرانســـە. بە رای ئێمە بۆمب دانانەوە و بارمتەگیری لـــە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە هۆی پروپاگەندە بۆ ئـــەم یا ئەو گرووپ کە ئەو کارانە دەکـــەن، بەڵام لە درێژخایەنـــدا زیان دەدەن لە پێشـــینە و پرەنســـیپی جووڵانەوە و لە رێبازی راســـتەقینە لایەدەن و لە نێوخۆوە لێکی بڵاو دەکەنەوە. هەر بەم هۆیەوە حیزبی دیمۆکرات لە بنەڕەتدا دژی بۆمب دانانەوە و بارمتەگیرییە کە ژیان و ئازادیی کەسانێ کە هیچ لێپرسراوییەکیان نیە بخاتە مەترسییەوە.» (Abdulrahman 2005)

لێرەدا بۆ باشتر چوونە ناو باسەکەوە پێویستە ئاماژەیـــەک بـــە بۆچوونی کارل پووپر لە ســـەر کۆمەڵگـــەی باز و کۆمەڵگـــەی داخراو بکەین. لە کۆمەڵگەی داخراودا دەســـەڵات تەنیا لە رێگەی توندوتیژییـــەوە وەلا دەنـــرێ و هیـــچ رێگایەکی ئاشتیخوازانە نیە کە بتوانێ دەسەڵاتداری دیکتاتور و فاشیســـت لـــە ســـەر کار لا بـــدات، بۆیە لەو کۆمەڵگەگەلە بینـــەری گرووپگەلێکی چەکداری دژی دەوڵەت و دەســـەڵات دەبین. (Soli 2011) بۆچوونەکەی دۆکتور قاسملو و کارل پووپر لێرەدا یەک دەگرنەوە و هەردووکیان باس لە چۆنیەتیی خەبات لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی داخراوی ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی فاشیزمی مەزهەبیدایە دەکەن و لە تێرۆریسم جیای دەکەنەوە.

شـــتێکی گرینگ لێـــرەدا ئەوەیـــە کە زیاتر ناوەرۆکـــی بزووتنەوەی کـــورد ڕوون بکرێتەوە. چونکە هەرچـــی زیاتر ناوەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە ڕوون بکرێتـــەوە، مرۆڤتەوەر بوونی بۆ هەموو دنیا زیاتر دەردەکەوێ. کوردستان وەک وڵاتی کوردان کە داگیرکراوە، داگیرکەرەکە بۆ مسۆگەر کردنی مانەوەی خۆی لە کوردستان، نەتەوەی کوردیش کە خاونـــی خاکەکەیە کردۆتـــە کۆیلە. بۆ دەڵێم کۆیلە؟ چونکە تەنانەت مافی قسە کردن و نووسین و خوێندنی بە زمانی زگماکی لێ قەدەخە کراوە. جیا لەوە داگیرکەر هەموو هێزی مرۆییی کورد، هەموو سامانی سروشتی و کولتووریی کوردیشی بەتاڵان بردووە و خستوویەتە خزمەتی پێشکەوتنی نەتـــەوەی خـــۆی! داگیرکەر لە کوردســـتان بە دڕندانەترین شێوە کەوتۆتە گیانی نەتەوەی کورد و بە تێرۆر، کیمیاباران، فتوای جیهاد، سووتاندنی شـــار و گوند، ئـــاوارە کردن و ڕاگواســـتنی زۆرە ملـــێ، ئەنفال، بەدیل گرتن و لە ســـێدارەدان و ئەشکەنجە کردن خەریکی لە نێو بردنی کوردە، بۆیە بەتەواوی سروشتییە کە خەباتی چەکداری لە کوردســـتاندا هەیە و ئەگەریش نەبوایا ئێستا شتێک بە ناوی کورد نەمابوو!

بۆ پشـــتیوانی لە بزووتنەوە رزگاریخوازی و نەتەوەییەکان، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زنجیرە یاســـایەکی پەســـند کردووە کە بە پێی ئەو یاســـاگەلە ئەو بزووتنەوانە دەتوانن درێژە بە خەباتی چەکداری خۆیان بـــدەن. لەم بارەیەوە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماددەی ٧٣دا جەخت لە سەر مافی دیاری کردنی چارەنووس و مافی خودموختاری و مەشروعییەتی بزووتنەوە ســـەربەخۆییخوازییەکان دژی دەوڵەتانـــی کلۆنیالیستی دەکاتەوە. هەروەها یاسا و رێساگەلی جۆربەجۆر لە سەر پشتیوانی لە خەباتی چەکداریی بزووتنـــەوە نەتەوەییـــەکان و هێزگەلێک کە بۆ دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس خەباتی چەکداری دەکەن دەبینرێن. لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە کۆنڤانســـیۆنی ژنێف ســـاڵی ١٩٤٩ لە سەر شەر و ناکۆکییە نانێونەتەوەییەکان (ئەو نەتەوانـــە کە بۆ رزگاریی نەتەوەیی خەباتی چەکداری دەکەن) بکەین. هەروەها تێکۆشان و خەباتی وڵاتانی جیهانی ســـێهەم کە بە هەموو هێزیانەوە لە پشـــتی بزووتنـــەوەی بەرخۆدانی

نەتەوەیی بوون و توانییـــان بڕیارنامەی ژمارەی ١٨ی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژێر ناوی «دۆخی بەرهەڵستکاران لە شەڕە چەکدارییە نانێونەتەوەییـــەکان» بڕیارنامەی ســـاڵی ١٩٦٩ و ژمارە ٢٦٧٦ی پەســـندکراوی ســـاڵی ١٩٧٠ کۆڕی گشـــتی، بە ناوەرۆکی بڕیارنامەی ژمارەی پێشوو (١٨)، لە پشتیوانی لە خەباتکارانی ڕێگای ئازادی بە پەســـندی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بگەیەنن.

ئەم بڕیارنامە و یاساگەلە، لە کۆنفرانسەکانی ژنێڤ لە ساڵەکانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٧ یاسایەک بە ناوی یاســـای بەشەردۆستانەی نێونەتەوەییی لێ کەوتەوە، کە شەڕە ئازادیخوازییەکانی نەتەوەکان وەک تێکهەڵچوونگەلـــی نێونەتەوەیی بەفەرمی ناســـران. هەروەها بڕیارنامـــەی ٢٩١٨ی کۆڕی گشـــتیی ڕێکخراوی نەتـــەوە یەکگرتووەکان لە ســـاڵی ١٩٧٢ و بڕیارنامەی ٣١٢ ساڵی ١٩٧٣ بە ڕوونی ڕایگەیاند کە سەرهەڵدانی چەکداریی بزووتنەوەگەلـــی ڕزگاریی نەتەوەیی، دژی ڕژێمە ڕەگەزپەرەست و کلۆنیالیســـتەکان مەشرووعە. هەروەهـــا بڕیارنامـــەی ٣١٣٤ی ســـاڵی ١٩٧٦ بـــە ڕوونی ئیزنـــی کەڵک وەرگرتـــن لە هێز بە دژی کلۆنیالیـــزم و داگیرکەریی بـــە بزووتنەوە ڕزگاریدەرەکان داوە. (حەمد ٢٠١٤)

کەوابوو بە پێی دۆخی کوردســـتان و یاسا نێونەتەوەییـــەکان، بزووتنـــەوەی چەکداریـــی کوردســـتان دژی داگیرکەران، مەشرووعییەتی نێوخۆیـــی و نێونەتەوەییی هەیە و تا لە ســـەر ئـــەم ڕێچکەیـــەی ئێســـتای بێـــت و خەڵکی سێڤیل و ماف و ئازادییەکانیان نەکاتە ئامانجی هێرش، وەک بزووتنەوەیەکی ڕەوا و مرۆڤتەوەر دەمێنێتەوە.

## سەرچاوەکان


««Illusion of War.» Er terrorisme en straffelov eller en krigshandling? . Mackenzie Institute , 2014.

Abdulrahman, Ghassemlou. tavgey heqiqet 2. 2005.

Burke, Edmund. Select Works of Edmund Burke, vol. 3 . 1975.

Disorders and Terrorism. National Advisory Committee on Criminal Justice Standards and Goals, 1976.

Eviatar, Daphne. «Er terrorisme en krigsforbrytelse som kan kjøres av Militærkommisjonen? Hvem vet?» Huffington Post, 2013.

Fine, Jonathan. Political and Philological Origins of the Term Terrorism from the Ancient Near East to Our Times. Middle Eastern Studies, 2010.

FN-sambandet. minstemme. Årsaker til terrorisme. https://www.minstemme.no/oppgaver/arsaker_til_terrorisme (funnet 08 29, 2019).

Fortna, Virginia Page. «Do Terrorists Win? Rebels› Use of Terrorism and Civil War Outcomes.» 2015: 519–556.

Ghassemlou, Abdulrahman. «terrorism.» 1986.

Hudson, Rex A. «Who Becomes a Terrorist and Why The 1999 Government Report on Profiling Terrorists.» Redigert av Federal Research Division. The Lyons Press, 2002.

Hva er internasjonal terrorisme? . Wayback Machine. NUPI, 2005.

Iviansky, Ze›ev. «Individuell terror: konsept og typologi, Journal of Contemporary History vol. 12 . 1977.

Jongman, A.P. Schmid og A.J. Political Terrorism: A New Guide to Actors, Authors, Concepts, Data Bases, Theories and Literature. Royal Netherlands Academy of Arts and Sciences, 1988.

Kellner, Douglas. «9/11, spectacles of terror, and media manipulation: A critique of Jihadist and Bush media politics.» Critical Discourse Studies, 2004: 41-64.

Purpura, Philip P. Terrorism and homeland security. 2007.

Ruthven, Malise, og Azim Nanji. «Historisk Atlas of Islam .» Harvard University Press, 2017.

Soli, Eivind Balsvik & Susanna. Politisk teori. 2011.

Stevenson, red. av Angus. «Oxford Dictionary of English. .» New York: Oxford University Press., 2010.

Teichman, Jenny. How to Define Terrorism. 1989.

«Terrorisme.» Encyclopædia Britannica. (funnet 1 7, 2015).


Wisnewski, J. Jeremy, red. « Tortur, terrorisme og bruk av vold.» 175. , 2008.

حەمـــد, عەبـــدوڵا. بزووتنەوەگـــەی ڕزگاری نەتەوەیـــی و پێکدادانـــە تێرۆریســـتییەکان لە یاسای نێونەتەوەییدا. 2014. file:///C:/Users/ASUS/Desktop/%D8%A7%D8%A7%D8%A7%D8%A7%D8%A7%D8%A7%D8%A7%D8%AA%D8%B1%D9%88%D8%B1%DB%8C%D8%B3%D9%85.pdf (funnet ئاگوست ٢٨, ٢٠١٩).

# دەسەڵات و کۆمەڵگا

## لە نێوان بیرکردنەوە و فەرامۆشیدا

مامەند عەلیار



**ئاماژە**

ئایا سیستەمێکی نەتوانای فیکری و سیاسی بە ئایدۆلۆژیایەکی توندئاژۆ و چەقبەستووەوە دەتوانێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا خاوەنی فکر و «بیر کردنەوە» بێ؟ پرسیارێکی بنەڕەتی کە بەردەوام دوو تاقم لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئێمە بیری لێ دەکەنەوە و دەیورووژێنن و هەڵبەت لەسەر وڵامەکەی تووشی کێشەی بنەڕەتی دەبن؛ ئەگەرچی لە ڕاستیدا ساکار دەنوێنێ، بەڵام وڵامەکان و وردبوونەوە لە ئاکامی ئەو وڵامانە قووڵایی و هەستیاریی پرسیارەکەمان بۆ دەردەخا.

ئایا سیســـتەمێکی نەتوانای فیکری و سیاسی بە ئایدۆلۆژیایەکی توندئاژۆ و چەقبەستووەوە دەتوانێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا خاوەنی فکر و «بیر کردنەوە» بێ؟

پرســـیارێکی بنەڕەتی کە بـــەردەوام دووە تاقم لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئێمە بیری لێ دەکەنەوە و دەیوروژێنن و هەڵبەت لەســـەر وڵامەکەی تووشی کێشـــەی بنەڕەتی دەبن؛ ئەگەرچی لە ڕاســـتیدا ساکار دەنوێنێ، بەڵام وڵامەکان و وردبوونەوە لە ئاکامی ئەو وڵامانە قووڵایـــی و هەســـتیاریی پرســـیارەکەمان بۆ دەردەخا.

ڕەنگە زۆر وڵام بۆ ئەو پرسیارە نووسرابێ یان بە شێوەی خولیا و کەڵکەڵەی تاکەکەسی و نەنووســـراو، ختووکـــەی زەینی ئینســـانی ئەمرۆیـــی بدا. لێـــرەدا دوو ســـەری هێڵێک دەخەمە بەرچـــاو و خوێندنەوە نێونجییەکان جاریّ وەلادەنێم.

جەمســـەرێک کە بە خۆش بینییەوە پێی وایە سیســـتەمێکی ئاوا کە تا ســـەر ئێسقان کۆنەپارێز و خـــاوەن ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ و چەقبەستووە، لە ڕاســـتیدا نە بیرێکی هەیە و نە بیرێک بەرهەم دێنێ، بەڵکوو لە ڕابردوو و ســـەرچاوەکانی پێشـــووی کە ئێستا لێڵ و بۆگەنیـــش بوون پـــاراو دەبـــێ و پلانێکی بۆ بیرکرنەوە لە دۆخی ئینســـانی ئێستا نییە. بە واتایەکی ڕوونتر ئەو جەمســـەرە پێی وایە لە بنەماوە سیســـتەمێکی لەو شـــێوەیە، توانای بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی سامانێکی فیکریی نییـــە و بـــۆ دڵنیاییش دەڵێن «ئەو چەشـــنە بیرە کە ڕیشـــەی لە جۆرێک لە بەربەرییەت و وەحشـــیگەری» بە واتـــا یوونانییەکەیدایە، ناتوانێ بیر بکاتەوە و تەنیا بە پێی زاتی خۆی وێران کـــەرە و بەربەرەکانی و دژوەستانیشـــی کارێکی سانایە.

جەمســـەرێکیش پێیان وایە ئەوە سامانی ڕابردووی ئەو سیســـتەمەیە کـــە خەزێنەی لەبـــڕان نەهاتـــووی بیری وێرانکـــەری بۆ بە جێهێشـــتوون و ئەوانیش نەک ئێستا بەڵکوو بیری بایەگانیکراوی پێشوویان بۆ بەڕیوەبردن و دژایەتی و هێژمۆنی ئێستایان دەکار دەکەن و لـــە ئاکامـــدا دیســـان ئەو شـــێوەیە چون ناکارامەیە ناتوانێ بیرێک بەرهەم بێنێ.

بۆ گەرانیکی وردتر بە شـــوێن سەرەداوی وڵامیکی ترسێنەر و هەڵبەت دڵنیاکەرەوە، بۆ پلانی ئێســـتا و داهاتووی ئـــەو مرۆڤانەی کە لە چوارچێـــوەی سیســـتەمێکی وادا دەژین، کێشـــەیەکی لە گوێن کێشـــەی بەرباس لە ئەورووپا و لە زمان «ئالێن بەدیو» فیلســـووفی بـــە توانـــای فەرانســـەوە دەکەمـــە بناخە بۆ شـــیکارییەک کە بتوانێ هێندێک ڕووناکایی بەو کەشـــە تاریک و تەماوییە ببەخشـــێ کە لە پرســـیارەکەدا زەقم کـــردەوە. لە کتێبی «ئەو سەدەیەدا»، «ئالێن بەدیو» باسی سەدەی بیســـتەم دەکا و گۆشـــەنیگای جۆراوجۆر بۆ پێناسەی بابەتێک بە ناوی سەدە دەخاتە ڕوو. ئەوەی سەدەیەک چەندە و لە کەیەوە تا کەی دەخایەنێ و ئایا هەمیشـــە پێناسە و کاتێکی دیاری کراو، واتە سەد ساڵی ڕەبەق بۆ ناسینی سەدەیەک پیویستە؟ لە ئاکامدا ئەوەی پێمان دەڵێ ئەوەیە کە ئەو، ســـەرهەڵدان و ماوەی خۆ دەرخســـتن و ئاوا بوونی شێوە بیرێک بە نیشاندەر و پێناسەی سەدە دەزانێ و ئەوەش دەبێتـــە هۆی ئەوەی بە پێناســـەی جیاواز و کاتـــی جیـــاواز و ئاکامی جیـــاواز بگەین. بۆ وێنـــە بە پێـــی ئەوەی لە کام گۆشـــەوە و بە پێـــی ســـەرهەڵدان و مـــەودای کاتیی ژیانی کام بیرکردنەوە، لە جیهـــان بڕوانین، کات و پێناسەی ســـەدەیەک جیاواز دەبێ. سەدەی ئەســـتالین یان ســـەدەی لیبراڵ، ســـەدەی نازیسم یان سەدەی مارکسیسم و ...

دواتـــر بابەتێکـــی دیکە دەخاتـــە ڕوو و دەڵێ: ئێمەی فیلســـووف کارمـــان بەوە نییە لەو سەدەیەدا چی ڕووی داوە، بەڵکوو قسە و کەڵکەڵەی ئێمە ئەوەیە لەو سەدەیەدا «بیر لە چی کراوەتەوە».

ئەوەی کە بیر لە چی کراوەتەوە دیارە خاڵی کێشەیەکە کە «ئالێن بەدیو» دەستی لە سەر دادەنێ. چون بە ڕای ئەو تاقمیکی زۆر پێیان وایە لە ڕاستیدا هەندێک لە سیستەمەکان نەتەنیا بیریان نەکردووەتەوە بەڵکوو دەکار کردنی وشەی بیرکردنەوە بۆ ئەو سیستەمانە یاساخ و بقەیە و دەبێ حاشا لەوە بکرێ کە ئەو سیستەمە تۆتالیتێرانە بیریان کردبێتەوە. بۆ وێنە کاتێک پرسیار دەکرێ «نازییەکان بیریان لە چی دەکردەوە؟» لە ڕاستیدا ئەو تاقمە هەر لە بنەما ڕا پرسیارەکە بە نارەوا دەزانن. بەدیو پێی وایە پێش گرتن بەو پرسیارە و ئاستەنگ سازکردن بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە نازییەکان بیریان لە چی دەکردەوە، بێ گومان کێشەیەکمان ئاوقا دەکا ئەویش ئەوەیە کە؛ «تا نەزانین نازییەکان بیریان لە چی دەکردەوە، ناشزانین چییان کردووە.» ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێش بە پێکهێنان و بیچم بەخشی و سورەتبەندی سیاسەتێکی ڕاستین بگیرێ کە ببێتە هۆی بەرگرتن لە کردەوەکانی ئەوان. ئەوەی پێمان وابێ نازیسیم یان هەر سیستەمیکی سەرکوتکەر و بەربەریی دیکە بیر ناکاتەوە خۆی هەڵگری «بزاڤێکی شاراوەی پاکانە بۆ کردنە».

ئەو کێشەیە ئەگەر لە سۆنگەی ئەو بیرە وردەی بەدیو لێک بدەینەوە و بۆ خوێندنەوەی سیستەمی داسەپاو بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەڵکی لێ وەربگرین، دەبێ بپرسین ئایا لە سیستەمێکی داخراوی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بە دیاریی هێناوە، هەر لە بنەماوە سیستەم بۆ بەڕێوەبردن و چۆن لە خشتەبردنی کولتوری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر دەکاتەوە یان نا مودێلێکی نەگۆڕ هەیە و هەر ئەو مودێلە ڕەچاو دەکرێ؟

بە پێی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە چوار دەیەی ڕابردوو هاتووەتە پێشێ، بەرز و نزمیی زۆر لە چەشنی پلان و پیلانە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیستەم لە کوردستان وەبەرچاو دێ. چون مەجالی ئەو نووسراوەیە کورتە ناکرێ کۆی ئەو کێشانەی کە لە دەیەکانی شەست و حەفتای هەتاوی بە چەشنێک بە سەر کوردستاندا سەپان و هەروەها مودێلێکی جیاواز و شێوە ڕوانینێکی دی کە لە حەفتاوە تا هەشتا ڕەچاو کراوە و پاشان وەرچەرخان لە سەردەمی دوو دەوڵەتی ئەحمەدی نێژاد بخەینە بەرباس. باسی ئەو کورتە نووسینە «بیرکردنەوە و پلان و پیلان»ی نوێی سیستەمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا و هەڵبەت پێشتریش لەگەڵ ڕمێنی کەشی مەجازی و ڕاگەیەنە مەجازییەکان پێشینەیەک لەو بیرەی ئێستا بە پانەوە جێبەجێ دەکرێ وەبەرچاو دەکەوت.

> **بە پێی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە چوار دەیەی ڕابردوو هاتووەتە پێشێ، بەرز و نزمیی زۆر لە چەشنی پلان و پیلانە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیستەم لە کوردستان وەبەرچاو دێ**

واتە لێرەدا نامانهەوێ چی گوزەراوە بخەینە بەرباس، بەڵکوو بە مودێلی بەدیو بیر لە چی کراوەتە و لە ئێستادا بیر لە چی دەکرێتەوە هێندێک تاوتوێ دەکەین، ئەویش تەنیا لە ئاستی ڕاگەیەنە مەجازی و کەسایەتییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەنا وەک ڕۆژ ئاشکرایە ئەگەر توێژەرانی بوارە جوداکان هەرکام سووچێک لە ژیانی کورد لەو بەشەی کوردستان بگرنە بەر، ئەوە دەتوانن بیرکردنەوەی سیستەم لەو بوارەدا بدۆزنەوە و بیخەنە بەر تیشکی

ڕوون‌کردنەوە و تیغی ڕەخنەوە.

□

کاتێـــک «والتێـــر بێنامیـــن» ڕاســـپێردرا توێژینەوەیەک لەســـەر مێژووی کۆمەڵایەتیی فەرانســـە بنووســـێ، یەکێک لە گرینگترین کارەکانی کە نیشاندەری ئاراستەی ڕەخنەیی و میتـــۆدی کاری دواتری ئـــەو بوو، ئاوێتەی توێژینەوەکەی بوو. ئەویش ئەوەی کە ڕێبازێکی نوێی بۆ نووسین و خستنە دەستی زانیاری و ئـــەو کۆد و داتایانە گرتە بەر کە لە شـــێوەی پێشینیانی خۆی جیاواز بوو. ئەو کون بە کون و کەلێن بە کەلێنی پاساژەکانی فەرانسە گەڕا تا بزانـــێ لە ناخی کۆمەڵگا و لە نێو خەڵکاندا چی دەگوزەرێ و کولتووری «بوت ســـازی لە کالا» چۆن ڕۆچووەتـــە هەناوی بازاڕەوە، هەر بۆیە ئەو کارە دوایی بە پرۆژەی پاســـاژەکان یان کتێبی پاســـاژەکان ناوی دەرکرد. وتاری «کرین هـــاورێ لەگەڵ والتێـــر بینامین» بە وردی باســـی بەشێک لە پرۆژەی پاساژەکانی ئەو فیلســـووفە دەکا و لە لایەکی دیکەوە ئەو نەریتە ڕەخنەییەش دەناسێنێ کە لە بە بوت بوونی کالا دەدوێ. ڕوانینێک کە تێیدا شـــت بە واتای کالایەک لە بازاڕدا پێشکەش دەکرێ وەک بوونەوەرێکی خەیاڵی و وەهمیی لێدێ و لە بەرانبەریدا کەسەکان تا ئاستی شت بوون دادەبەزن. بوودریاریش هەر لەو بارەوە دەڵێ کرین چەشنێک لە فریوی تێدایە. نواندنەوەی چێژبەخشـــانە، ڕازاندنەوەی جادوویی، کایەی دڵبزێو و دنەدەری شـــکڵ و ڕەنگەکان دەبێتە هۆی فریوی پیاســـەکەر. پیاسەکەر لە ڕێگای ئەو فریووە دەبێتە دەکار کەر و بە کارهێنەر. (بودریـــار بە پێی وتاری گۆڕین) کۆی کارێک کە بنیامێن لە پرۆژەی پاساژەکاندا دەیکا لەو پێوەندییەدا و لە باسی ئەو وێنانەیە کە دۆخی پاســـاژ و کالاکان و فەزای تـــازە پێکهاتوو لە بازاڕی فەرانسە دەیخولقێنێ.

گرینگایەتییـــەک کە هەم بنیامین و هەم باقـــی بیرمەندانـــی قوتابخانـــەی فرانکفۆرت بـــەو بابەتەیـــان دا و دواتریـــش زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و زۆر جار شۆڕشگێرانەیان لە دۆخی کۆمەڵگای چەق بەســـتوو هەبـــووە جەختیان لەســـەر کردووەتـــەوە، ڕێگای خۆش کـــردووە بۆ وەی چەشـــنێک لە خوێندنەوەی نوێ بێتە ئارا و ببێتە سەرباســـی زۆر یەک لە خوێندنەوەکان کە لەودا ڕۆڵـــی بزوێنەرانـــی کۆمەڵایەتی و میعمارانـــی کولتـــووری تێیدا بەرچـــاو و بە گشـــتی ڕۆڵی کولتـــوور و کاری کولتووری و گرینگی بزواندنـــی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گۆڕان گرینگ و حاشا هەڵنەگرە.

ئەگەر دونیای ئێستا بەرهەمێکی دیکەی لێ زیاد کرابێ کە ئێمەی کوردیش لەو کالایە بێبـــەش نەبووین و نە تەنیا بێبەش نەبووین بەڵکوو گیرۆدەی زۆر لایەنیشـــی بووین، ئەو کالایـــە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئەو شـــتە مـــاددی و فکرییانەیـــە وەک کالای مادی و فکری کە دەســـەڵات لە فەزای مەجازیدا بە شـــێوەیەکی ڕازاوە و فریودەر نیشانمانی دەدا. ئەوە نییە وەک شەقامگەر و پاساژ گەڕەکانی ســـەردەمی والتێر بێنیامین، ئێســـتا زاراوەی وێبگـــەڕی و ســـایتگەڕی و کاناڵ گەڕی و هەموو گەڕانە مەجازییـــەکان بوونەتە پانتای گەڕانی نەسلێک کە بۆتە ڕێبواری ئەو کووچە و کۆڵان و ڕێگا هەراو و ڕازاوانە. ڕێگا و کووچە و کۆڵانێک کە کالای فیکری دەسەڵاتی تێدا دانـــدراوە و لە هەمان کاتدا فرۆشـــیارانی ئەو کالایانەش خۆیان کـــردراو و بکەری پرۆژەی بازاڕێکن کە دەســـەڵات بە دژی ئەوان یان بۆ فریوی ئەوانی داناوە. بە واتایەکی دی، دەتوانم بڵێم هەم کالاکان داســـەپێندراو و فریودەرن و هەم فرۆشـــیارانی کالاکان یا بەشـــێک لە دەسەڵاتی شاراوەی سیســـتەمی داگیرکارن و یـــان لە خزمەت دەســـەڵاتدا، بەشـــێک لە پرۆژەی فریو و بە لاڕێدابردنی پیاســـەکەرانن کـــە دواتر ئاکامی نالەبـــاری لێدەکەوێتەوە و

هەر ئەو پیاسەکەرانە لە شوناس و کۆمەڵگا و کولتووری خۆیان دادەبڕێ.

□

لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە پێـــی ئەوەی لە چل ســـاڵی ڕابردوودا سیســـتەمی سیاسی و کولتووریی زاڵ سیســـتەمێکی داسەپاوی خاوەن دەســـەڵات و هەڵبـــەت نەک خاوەن هێژمـــۆن بووە، تـــاک و کۆمەڵگای کورد دوو ئاراســـتەی جودایان لەو بارەدا گرتووەتە بەر. یەکەمیـــان سیســـتەمی زاڵ و ســـەپاوی بە زۆربـــەی تایبەتمەندییەکانییـــەوە وەرگرتووە و لـــە زەینیدا هەڵیتاوانـــدووە و وەک بکەری ئەو سیستەمە جووڵاوەتەوە، گوتارێک کە ئەو ئاراستەیە بەرهەمی هێناوە مرۆڤی پەسیڤ و لە باش‌ترین دۆخیدا مرۆڤی نامۆ لە شوناسی ڕەســـەن و بە دوور لە کاراکتەرێکی کوردی و نیشـــتمانی بووە. ئەوانەی دواجار ئەگەریش بەرهەم و چالاکییەکیشـــیان بووبێ هاوشانی گوتاری دەســـەڵات لە نـــزم کردنەوە و بەرەو کـــزی بردنـــی هێزە شـــوناس خـــوازەکان و بەدیهێنەرانـــی گۆڕانکاری، دەســـتی بالایان بووە و زۆر جار زەبری ئەو لایەنە گورچووبڕتر و کاریگەرتر بووە لە زەبرێک کە دەســـەڵات ڕاســـتەوخۆ ویســـتوویەتی لـــەو پێکهاتـــە کۆمەڵایەتی و نیزامە کولتوورییە ڕەســـەنەی بـــدا. ئەویش بـــە چەند هۆ دەتوانین باســـی بکەیـــن. واتە ئەگەر لایەنی ناوخۆی کورد کە تەبا و هاوشانی ویستی سەردەست و گوتاری زاڵی سیاســـی – کۆمەڵایەتی، کە نیگایەکی کۆلۆنیالیســـتییە هەنـــگاو هەڵدەگرێ، زووتر بە مەبەســـت دەگا و هەندێ جـــار لەوانەیە دەستکەوتیشـــی بۆ ئەو ئاراستەیە ببێ کە بە ئاگایانە و دژە کوردانە گرتوویەتە بەر.

ئـــەو تاقمە بەشـــێک لە حەساســـییەتە کولتـــووری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد باش‌تر لە دەسەڵات دەناسن و قامک لە سەر هەندێ بابەت دادەنێـــن کە لە ڕواڵەتـــدا دیمەنێکی خۆماڵییـــان هەیـــە یان لانی کـــەم ڕواڵەتێک پێشان مرۆڤی کورد دەدەن کە ئەو ڕواڵەتە لە نیگای یەکەمدا نامۆ و دژ نانوێنێ.

دووەم ئـــەوەی کە ئـــەو لایەنە باش‌تر لە دەســـەڵات دەتوانێ پلان بۆ لە خشتە بردنی ئەو سامانە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە دابڕێژێ کە دژە سیســـتەمە و لە هەڵوەشـــاندنەوەی پلانەکانیشیدا کاراتر و خۆماڵی‌تر دەردەکەوێ.

سێیەم بابەتی گرینگ لەو بوارەدا ئەوەیە کـــە ئەگەر هەمـــوو ئەو پلانانە دەســـەڵات و دامودەزگا ئیدیۆلۆژیکەکانی بە تەنێ بەڕێوەی بەرن و لە ڕواڵەتدا چ نیشـــانەیەکی وا بە جێ نەهێڵن کە نامۆیی و پرینگانەوەی ئینســـانی کوردی لێ بکەوێتـــەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە خاڵی وەرگرتن یان گەیاندنە مەبەستی پرۆژە فیکرییەکەیدا، دیســـانەوە دەســـەڵات لەگەڵ کێشـــەی قووڵ ڕووبـــەڕوو دەبێتـــەوە. چون لێرەدا چالاکان و بیرمەندان و شیکارانی بوارە جوداکانی کۆمەڵگای کوردی دڕدۆنگی دەکەن لە کالا و پلانێکـــی کولتووری و کۆمەڵایەتی کە لەسەر دەستی دەسەڵاتی سەپاو خەریکە بە «بەســـتەبەندییەکی نوێ»وە دەرخواردیان دەدرێ و لە ئاکامدا ئەو کالایە بە سەردەستی دەسەڵاتەوە دەمێنێتەوە.

نموونەی هـــەرە بەرچاوی ئەو بەســـتە کولتووری – هونەری- سیاســـییە بوو کە لە چەند مانگی ڕابردوودا لە ژێر ناوی «کۆنگرەی مەشـــاهیری کورد» بە هەموو زەرافەتەکانییەوە دەیانویســـت پێشـــکەش نـــەوەی نوێـــی خوێنـــدەواری کوردی بکـــەن و ئەوەی لێی بەرهەم هات شەپۆلێکی ڕەخنەگرانە نەک بە تاکە بەشـــداربووەکانی ناو ئەو هەڵبژێردراوانە، بەڵکوو بە کۆی مەبەســـت و پـــلان و پیلانە کولتوورییەکـــەی دەســـەڵات و لـــە ئاکامدا تەنانەت بە وشـــیاریی کۆمەڵگای چاوکراوەی کـــوردی ڕۆژهـــەڵات وەک کالایەکی بۆژۆ و نارەســـەن بە سەر دەستاندا مایەوە و جگە لە هەندێ کەســـی تایبـــەت، تەنانەت هێندێک

دڵســۆزی کوردیش کە کەوتبوونە بازنەی ئەو کایەیەوە و دواتر ئــاگاداری پلان و پیلانەکە بوون، یــان خۆیان لێ کێشــاوە و یان دژی ڕاوەستان.

بــەڵام ئەگەر کــۆی ئەو کردەیــە ناوی بەڕێوەبەرانی دەستنیشــان نەکرابا و دەزگای وەک «دایرەی گشــتی ئیتلاعات» و «ســوپا» و «دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیســلامی» وەک بەڕێوەبەر بە ناوچاوانەوە نەبا و تەنیا بەسەندە کرابــا بە هەندێ بنکە کە یەســتا ئیعتباریان لە مەحەکی کۆمەڵــگا نەدرابوو، ڕەنگە بۆیان چووبا ســەر و زۆر ســاناتر پرۆژەکەی ڕێژیم ســەری گرتبا. پرۆژەی خستنە پەراوێزی تاقمێک لە ڕۆشــنبیر و نووسەر و هونەرمەندانی کورد، بــە خســتنە بەرچــاوی چەند ســیمای خۆشەویســتی کورد و شــاردنەوەی دەیان کەســی حکوومەتــی لە نــاو ئیعتبار و ناوبانگــی ئــەو هونەرمەنــد و کەســایەتییانە و خستنە ڕووی کۆی ئەوانــە وەک پەکەیجێکی خاوەن ئیعتبار.

لە دۆخی ئێستادا ئەو ڕەوتە وەک چــوار دەیــەی ڕابــردوو دەوامی هەیە. بــەڵام لە چەند ســاڵی ڕابردوودا و بە تایبەت لە ساڵی پارەوە، شــەپۆلێکی نوێی پــلان و پیلانی کولتووری - کۆمەڵایەتــی دژ بە کولتــوور و کۆمەڵگای کوردی و لە ڕواڵەتدا بۆ خستنە ڕووی سیمای تازە و ئەکتیڤی کولتووری لە کوردســتان لە ئارادایە.

ئەو شــەپۆلە نوێیە هاوکات دەسەڵات لە چەند لاوە کاری بۆ دەکا. سازکردنی هێندێک بنکەی هــەواڵ و شــیکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە ئاراستەی خستنە ڕووی ساکارترین بابەتەکان و بلاو کردنەوەی هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە بنەمادا کار کردن بۆ چەشنێک کولتوورســازی بە مۆرکی دەســەڵاتەوە. ئەو کالایە لە بازاڕی مەجازیی دەسەڵاتدا زۆر جار بە ڕەنگ و ڕووی ڕازاوە یان لە پەنا هێندێک بابەتی فریودەری دیکەدا دادەندرێ و بە سەر بەشێک لە کوردی بەکارهێنەری ئەو فەزایە و چالاک لەو فەزایەدا دادەسەپێ.

تەرخــان کردنــی بوودجە بــۆ هێندێک چالاکی فەرهەنگی کە لە ڕاســتای سیاستی گشتیی سیستەمدا لەبەرژەوەندیی «سیاسەت» و «سیاسەتی زمانیی» سیستەم، شت دەنووسن و بە گشتی ئەدەب و زمان و کولتووری کوردی بە سەرچاوە پان ئێرانەکانەوە دەبەستنەوە و لە ئاکامدا بە چەشــنێک خەریکی مێــژوو ســازییەکی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتــی نــوێ دەبن و مێژووی دەســەڵات لە کولتوور و زمانی کوردی دەنووسنەوە. بۆ ئەو بابەتەش ئاماژە بە بەڵگەیەک دەکــەم کە لــە ســەر «مێژوو ســازیی ڕەزاخان»ی بە تازەیی دەرکەوتووە و نیشــان دەدا کە چــۆن ئەو ڕەوتە بــە هێوری و تەنانەت ئاکادێمیــک کاری بۆ کــراوە و پلانی بۆ دارێــژراوە. پــرۆژەی پێشــنیاری کــۆی دەســتەی وەزیرانــی ڕەزا خان بۆ بەخشــینی پارە بە کەسانی وەک «ڕەشید یاسەمی» و «ولادیمێر مینۆرسکی» و ... بۆوەی مێژووی کــورد لە بەرژەوەندیی دەســەڵات بنووســن. مێژوویەک کە کورد ببەســتێتەوە بە کولتووری سەردەســت و تەنانەت ئاوێتەی ئەوی کا و شوناسێکی ســەربەخۆی بۆ قایل نەبێ. لەو سەنەدەدا تەنانەت ڕادەی پارەیەک کە بۆ هەرکام لە ســێ مێژوونووسەکە دیاری کــراوە نووســراوە و ڕەزا خان دەســتووری لەســەر داوە و دواتر هەر ئــەو مێژووانە بلاو کراونەتەوە. جا بە پێــی میتۆدی کارەکەیان ڕەنگە کەســێکی وەک مینۆرسکی هێندێک

> لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی ئەوەی لە چل ساڵی ڕابردوودا سیستەمی سیاسی و کولتووریی زاڵ سیستەمێکی داسەپاوی خاوەن دەسەڵات و هەڵبەت نەک خاوەن هێژمۆن بووە، تاک و کۆمەڵگای کورد دوو ئاراستەی جودایان لەو بارەدا گرتووەتە بەر

جیاوازتر و پابەندی میتۆدتر نووسیبێتی. (ئەو سەنەدە بە زوویی بلاو دەکرێتەوە)

سێیەم بابەت لەو بوارەدا سیاسەتی سیستەمە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕێگایەکی جودای کولتووری و کۆمەڵایەتی دەگرنە بەر. واتە یان بە پێی تێگەیشتنی زانستی و دروستی خۆیان لە ڕەوتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و یان بە پێی پێداویستیی هاوزەمانی نەتەوە و وڵات و شوێن-کاتی خۆیان، خەریکن بۆ بەرەو پێش بردنی نەخشە ڕێگایەک و خەملاندنی و بە کردەیی دەرهێنانی، هەنگاو هەڵدەگرن و بەرە بەرە لە هەزارەی تاریکییدا ئەوان سەردەمی ڕۆشنگەریی خۆیان دەخەنە بەر دەم تاک بە تاکی ئینسانی وڵاتەکەیان. ئەو تاقمە کە بە خۆشییەوە خۆبەخشانە و بە دوور و بەدەر لە ویستی دەسەڵات و لە پێناو ئیرادەیەکی «فۆکۆ» گوتەنی «ڕووەو زانیاری» نەک «ڕووەو دەسەڵات» خشتی نوێ وەسەر ئەو شوورەیە دەخەن کە پێش ئەوان و لە سەردەمی «ئەحمەدی خانی» و پێش ئەویشەوە خەونی بۆ دیتراوە و وەردە وردە بینا کراوە. لە ئێستاشدا کە ڕەوتەکانی ڕەسانەیی و تەوژمی زانیاری هەڵە/ڕاست لەوپەڕی خۆیدایە، جێگە و پێگەی ئەو تاقمە بۆ کورد و زمان و کولتوور و کۆمەڵگای کوردی بایەخی مان و نەمانی هەیە.

بۆ ئەو برگەیە دەبێ کەوانێکی دی بکەینەوە. دەسەڵات و کۆمەڵگا و لە ئێستادا هێزە کوردییەکان، هەر کام چ ئاراستەیەک لە بەرانبەر ئەو تاقمەدا دەگرنە بەر. لە درێژەی نووسیندا و وەک ئاکامی باس دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەش و ئەگەریش وەک ئاکامگیری نا، بەشێوەی تایبەت ئاوڕێکی لێ دەدەمەوە.

**بەڵام بە گشتی تا ئێستاش کۆمەڵگای کوردی و خاوەن بیرانی ئەو کۆمەڵگایە بە دەرەوە و ناوەوە، نەیانتوانیوە پلانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بە بەرنامە و بیرلێ کراوە و جیددی دابنێن و گوتاری بەرانبەری پێ دەمکوت بکەن**

دەسەڵات بە مەبەستی ناکارا کردنی ئەو چالاکە کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی لە ناوخۆ بە کار کردنی ڕەسەن و مەبەستی ڕۆشنگەری و بردنە سەری ئاستی زانیاریی تاکی کورد حەول دەدەن، بەر لە هەموو شت دەستی داوەتە «نەهاد سازی» و تەنانەت «کەسایەتی سازی» و ئەوانە وەک نەهاد و کەسایەتی ئیدئالی خۆی بە کۆمەڵگای کوردەواری دەناسێنێ و دەیانکاتە سەرچاوە بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا کە ئاگاداری پلان و پیلانی سیستەم نین. دانانی زۆر بنکە و ماڵپەڕ و گرووپی تێلگرامی و لاپەڕەی فەیسبووکی و ناوەندی تەنانەت کوردۆلۆژی و ... لە ژێر ناوی جودا جوداوە، لەو کارانەیە لە مێژە کاری بۆ دەکرێ و هەزینەی لێ دەکرێ. ناوەندەی وەک «کورد پرێس» و کاناڵی وەک «موکریانی مەهاباد» و «زریانی موکریان» و «دیپلۆماسی ئێرانی» بەشی تایبەت بە کوردستانەکەی و ... نموونەیەک لەو ناوەند و فەزایانەن بە مەبەست و بیرلێ کراوە سیستەم یان خۆی دایمەزراندوون و یان بە تەرخان کردنی سامانی فیکری و ماددی، کەسی کوردی بەتاڵ لە شوناس و تەنانەت دژە شوناسی بۆ ڕاسپاردوون و پلان و پیلانی سیستەم لە هەموو بوارێکەوە دەبەنە پێش و زۆرجار فریودەرانە بوونی هێندێک لە کار و چالاکییەکانیان و بەشێک لە دوژمنکارانە بوونی بیرەکەیان دادەپۆشێ و زۆرجاریش بە پانەوە نووکی ڕمبیان لە دڵی شوناس و شوناس سازانی کورد دەچەقێنن. ئەگەر بمهەوێ نموونەیەک بۆ ڕوونتر بوونەوەی مەبەست بخەمە ڕوو، دەکرێ ئاماژە بە چەشنی دەکارکردنی وشە و

دەستە وشـــەکان، لە ئامادە کردنی هەواڵێکدا بکەم. زۆربەی جاران ئاراســـتەی هەواڵەکانی بەشـــی کوردستانی هەموو ئەو ناوەند و کاناڵە سەر بە سیستەمانە، ئاراستەیەکی ئەمنییەتی و سەتاسەد حکوومەتییە و بەنموونە لە هەموو ئەو سەرچاوە باس کراوانەدا زۆر بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتـــی و کولتووریی کورد بە لارێدا براون. بۆ وێنە لە گێرانەوەی تێکهەڵچوونەکانی پێشـــمەرگەی هێزە کوردییەکان بە گشـــتی لە گەڵ لایەنە چەکـــدارە حکوومییەکان، لە دەکارکردنی دەســـتەواژەی «تیرۆریست «هیچ پرینگانەوە و ترسێکیان نەبووە. دەکار کردنی ئەو دەســـتەواژەیە بە نموونە بـــۆ پارێزەرانی بەشـــێک لە بەدیهێنەرانی ســـەرووەرییەکانی رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، لە پەنـــای هەواڵی فستیوالی شایی و کێبەرکێی ئەسپ سواری و هەنـــدێ وردە بابەتی زەردی رۆژنامەیی، لە درێژمـــاوەدا، جێگیر بوونی ئـــەو ئەدەبیاتە لە نێو نەســـلێک دا بەدی دێنێ کە پێشـــینەی ئـــەو وەســـفانە نازانن کە بـــۆ وەها هێزێک دەکار کـــراوە یان لانی کەم ئەو چەشـــنە لە سووکایەتی کردن بە شـــوناس سازانی کورد لە لایان گرینگیی لە دەســـت دەدا. هەڵبەت ئەگـــەر کورد لـــە دەرەوە و نـــاوەوە پلانی بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەو چەشنە ئاراستەیە بێ، نە تەنیا ئەو کایەیە لەبەرژەوەندیی دەسەڵات تـــەواو نابـــێ، بەڵکوو بە پێچەوانـــەوە ئاکامی نالەباریشی بۆی دەبێ و ئەو بابەتەش باسێکی جیـــاواز هەڵدەگرێ. ئەوە تەنیـــا بە نموونە و بۆ دەرکەوتنی گۆشـــەیەک لـــەو کارە هێور و دژە کوردە خرایە ڕوو، دەنا بە هەزاران نموونە لـــە بوارەکانی دی هەن کە لـــە چوارچێوەی بەســـتەی هەواڵیی و شـــیکاری و یادداشتی سیســـتەم خوازدا دەرخوارد خوێنەری لاو و بەردەنگی ڕاگەیەنە مەجازییەکانی دەدەن.

کۆمەڵـــگا یـــان لانیکەم ئەو بەشـــە لە کۆمەڵگای کورد کە ئەو چەشنە ئاراستەیەی دەســـەڵات، یان دەست و پێوەندی سایبێری و مەجازیی دەسەڵات لە کوردستان دەبینێ، بە هۆی ئەوەی کەشـــی سیاســـی و تەنانەت فـــەزای بڵاو کردنەوە هێند کپ و داخراوە، تا ئێستا لە ناوخۆ نەیانتوانیوە گوتارێکی بەرانبەر بەرهەم بێنن و ئەو ئاراستە تێکدەر و لاڕێ و چەواشەیە و بەڕێوەبەرانی لە قاو بدەن.

لە دەرەوەش بە داخـــەوە هەندێ بابەتی گشتی‌تر وەک کێشە کەڵەکەکانی سیاسەتی کوردی و سەرقاڵیی بەشێکی زۆر لە چالاکان بـــە بابەتـــی هونـــەری و ئەدەبـــی ڕووتەوە، نەیهێشتووە گوتارێکی تۆکمە بۆ بەربەرەکانی لەبەرانبەر ئەو ڕەوتە مەترســـیدارە ساز بێ و تەنانەت وەکی لەســـەرەتادا ئاماژەم پێ کرد، جـــاری وایە ئەو زایەڵەیە دەگاتە گوێ کە ئەو سیستەمە لە ڕاستیدا «بیرناکاتەوە» و پێویست نییە نیگەرانی ئاکامی نووســـین و پلانەکانی بین، چون لـــە بیرێکی قووڵەوە هەڵنەقولاون. ئەگەریـــش جار جـــار هەڵوێســـتی جوان و ڕەسەن و شیکاریی بە پێزیش بوون، لە فەزای مەجـــازی تێنەپەڕیوە و تەنانەت دەتوانم بڵێم لە لاپەڕەی ئەو نووســـەرەوە بـــۆ لاپەڕەیەکی تر ڕانەگوێزراوە و هـــەر ئەوەش بووەتە هۆی ئـــەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێ و کۆی ئەوانـــە گوتارێکیان لێ بەرهـــەم نەیە کە بە گوتـــاری جێگرەوە و دەســـتکەرەوە ناودێری بکەیـــن. هەرچەند جاری وابووە کێشـــەیەک کە هەســـتیاریی گشتیی لێ ساز بووە هەموو فەزاکـــەی تەنیوەتەوە و کاریگەریی خۆشـــی داناوە. نموونەی وەک «کۆنگرەی مەشـــاهیری کورد» لە سنە و «کۆنگرەی مودارا و ڕەواداری» لە مەهاباد دوو نموونەی باشن.

بەڵام بە گشـــتی تا ئێســـتاش کۆمەڵگای کـــوردی و خاوەن بیرانی ئـــەو کۆمەڵگایە بە دەرەوە و نـــاوەوە، نەیاتوانیـــوە پلانێـــک بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بـــە بەرنامە و بیرلێ کراوە و جیددی دابنێن و گوتـــاری بەرانبەری پێ دەمکوت بکەن.

ئەو دۆخە بۆتە هۆی ئەوەی سیســـتەم و

دەست و پێوەندە سایبێری و ڕەسانەییەکانی «بیر لە شـــتێکی دیکـــەش بکەنەوە». ئەویش هێـــرش کردنە ســـەر هەر چەشـــنە بیرێکی شوناســـخواز و ڕۆشـــنگەرە لـــە کۆمەڵـــگای کوردیدا. بۆ ئەو مەبەستە بە دوو شێوە دەست و پێوەندەکانی سیستەم کار دەکەن.

شـــێوەی یەکەم گرتنەبەری ئاراستەیەکی بـــە ڕواڵـــەت خوێندەوارانـــە و توێژەرانـــە و شـــیکارانەیە. ئەو شـــێوەیە مەبەستی کەڵە و زەبەللاحـــی هەیە، ئەویش کردنە نیشـــانەی کۆی شوناسی مێژوویی و کولتووریی کوردە. بۆیـــە کۆمەڵێ خوێندنـــەوەی هەڵە و چەوتی مێژوویی لـــە مێـــژوو، زمان و ئەدەبیاتی کـــورد دەخەنە ڕوو. ئەوانـــە بە خـــۆ خزاندنە فەزای ڕۆژنامەیـــی و ســـەردانی بنکە توێژینەوەییەکانی دەســـەڵات، سیمای شـــیکار و مێژووناس و زمانزان بە خۆیانـــەوە دەگرن و هـــەم جیلێکی پێ چەواشـــە دەکەن و هەم مێژوو و سەنەدی ناروون و هەڵە بۆ داهاتوو بەرهەم دێنن. ئـــەو کارەی لە ڕابردوودا کەسانی وەک «ڕەشید یاسەمی» کردیان و ئێســـتاش کەســـانی وەک «ئیحســـان هووشمەند» و دەســـت و پێوەندەکانی بە هاوسۆزی لەگەڵ نووســـەرانی دژە کـــوردی وەک «گارنیـــک ئاساتووریان» خەریکی بەڕێوەبردنین.

> دەسەڵات بە مەبەستی ناکارا کردنی ئەو چالاکە کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی لە ناوخۆ بە کار کردنی ڕەسەن و مەبەستی ڕۆشنگەری و بردنە سەری ئاستی زانیاریی تاکی کورد حەول دەدەن، بەر لە هەموو شت دەستی داوەتە «نەهاد سازی» و ...

شێوەی دووەم کردنە نیشانەی ئەو تاکانەی وەک کەسایەتیی خاوەن شوناس و متمانە پێ کراو لە بوارە جۆداکانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی لە لایەن دامودەزگای ڕەسانەییەوە، ئەویش نەک ئەو دام و دەزگایانەی ڕاستەوخۆ مۆری سیســـتەمیان بە ســـەرەوەیە، بەڵکوو ئەوانـــەی مووچەخۆر و دەســـتپەروەردەی موهەندیســـانی کولتـــووری و کۆمەڵایەتیی کۆماری ئیســـلامین. ئەوانە لە پەنا ئەوەی لە ئاســـتی وردتردا نەک لە ئاستی کەلان، وردە بابەتی پێوەندیدار بە ڕۆژنامەنووسیی ناوچەیی و پەرەستاندن و باسی کۆڵان و شەقام و ... کە خەڵک ئاوریـــان وێ دەدەن، دەکەنە خۆراکی ڕۆژانەی دەزگا ڕەسانەیی و کاناڵەکانی خۆیان، لە لایەکـــی دیکەوە لـــەو کەســـایەتییانەی زیاترین کاریگەرییان لەســـەر کۆمەڵگا هەیە هەڵدەپێچن و بە چەندین ئاســـت دەیانخەنە ژێر گوشارەوە.

یان بە ســـووک کردنی ئاستی کار و نووسین و یادداشـــتی بێ کەڵک حەول دەدەن بۆ کورت مـــاوەش بێ یان بیانشـــکێنن یان بـــەر بە بیر و نووســـینیان بگرن و بـــە خەیاڵی خۆیـــان لە نێـــو جەمـــاوەردا لە کاریگەرییـــان کەم کەنەوە، یان بە شـــێوازی «کەیهانیی» گوزارشتیان لە سەر بڵاو دەکەنەوە. گوزارشتێک کـــە زیاتـــر لـــەوەی دەرخـــەری ڕاســـتیی کار و چالاکیـــی ئـــەو چالاک و کەســـایەتییە کاریگەرانە بێ، زیاتـــر ئاوێتـــەی توهمەت و پەروەندەســـازییەکی شـــاراوەیە و بە گشـــتی خســـتنە بەردەستی کۆدی مەترســـیدارە لە ســـەر ئەو کەســـایەتییانە بۆوەی دام و دەزگا ئەمنییەتییەکان بەر بە چالاکی و کاریان بگرن و تەنانەت دەســـت بە سەر کرێن و بخرێنە بەندیخانەوە. (بە پێی بەڵگەکانی ناوخۆ لە نووسینی دواتردا ئاماژە بەو چەشنە حەولە دەکەم کە بە پێی دەقی ئەو کاناڵ و ماڵپەڕانە خۆیان بۆ شیکاری زیاتر بە دەستەوە دەدەن)

## ئەنجام

نامەهوێ باسەکەم بە شێوەی باو بە وەرگرتنی ئاکام لە کۆی گوتەگان کۆتایی پێ بێنم. چون ئەوە باسی ئەوشتانە بوو کە سیستەم لە دوو ئاستی کەلان و ورددا تەنیا لە بوارێکدا «بیریان لێ‌دەکاتەوە» و پلانیان بۆ دادەڕێژێ.




ئەو نووسینە بە چەند پرسیاری جاریّ بێ ولاّم کۆتایی پێ دێنم. ئەو پرسیارانەی هەڵدەگریّ هەموو لایەک «بیری لێ بکەنەوە» و بەرنامەیان بۆ ولاّم دانەوەی جیددی پێیان هەبێ. لە ناوخۆش هەموو چالاکانی دڵسۆز، پێویستە نە تەنیا بیری لێبکەنەوە بەڵکوو دەخوازێ بە پلانێکی تۆکمەوە پشتی هەر جووڵانەوە و ڕەوتێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بگرن کە تەنانەت بەرژەوەندیی تاکەکەسی و دەستەییی ئەوانیشی تێدا نەبێ. ئەوەی دواجار هەمووان دەبێ کۆ بکاتەوە خزانە ژێر چەتری بەرژەوەندیی گشتی و هەست بە ژانێکی هاوبەشە کە ئەگەر ئەوڕۆش بەرۆکی ئێوەی نەگرتووە، سبەی بەرەو ئێوەش دادەگەرێ و ماری دەسەلاّت و دەست و پێوەندی دژە شوناس و دژە کوردی، ڕۆژێکیش بەرەو ئێوە گەزارە دەردەکێشێ. هەر بۆیە ئەو پرسیارانە بە ڕەوا دەزانم و ولاّم دانەوەیان بە ئەرکێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرانە دادەنێم.

● هێزە کوردییەکان لە بەرانبەر ئەو دۆخە و ئەو «بیرکردنەوە سیستماتیکەی» دەسەڵات چۆن بیر دەکەنەوە و پلانیان چییە؟

● چالاکانی بوارە جوداکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەرەوە و ناوەوە چ ئاراستەیەک دەگرنە بەر بۆ بەرگری لە خۆیان و هاوشان و هاوڕێیەکانیان و بەگشتی چۆن «بیر لەو دۆخە دەکەنەوە» کە بەرەو پەسیڤ بوون پاڵیان پێوە دەنێ؟

● گوتاری هاوبەشی هێزەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو فەزایە ئەگەر هەر شەرمێونانە بنوێنێ و سیمایەکی ڕەخنەیی و لە قاودەری نەبێ، داهاتووی بیرکردنەوە و بوونی شوناس ویستان و شوناس سازانی ناوخۆ بەرەو چ ئاقارێک دەڕوا؟بێ هیوایی یان تێکەڵ بوون بە دۆخی سەپاو؟

# دیپلۆماسیی نەتەوە بندەستەکان

ئارەش ساڵح



**ئاماژە**

لە دنیای ئەمڕۆدا کە تێکەڵاو بوون یەکێک لە میکانیزمەکانی گەرەنتیکەری پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیی نەتەوەییە، نەتەوە بندەستەکان بە شێوەی سیستماتیک ئەو مافەیان لێ زەوت دەکرێت کە بتوانن بەشداریی ئەو کردەوەیە بن کە ناوی دەنرێت دیپلۆماسیی نەتەوەیی. هەوڵی هەندێک نەتەوەی بندەست بەتایبەت لەدامەزراندنی ڕێکخراوێک بە ناوی ڕێکخراوی خەڵکە نوێنەرایەتی نەکراوەکان یان بەو شێوەیە کە لە کوردستاندا ناسراوە ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، ئەگەرچی گرینگە بەڵام ناتوانێت ڕاستیەکان تووشی گۆڕانێکی سادەش بکات. لەم پێوەندیەدا و لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت کە دوو چەمک لەیەک جیا بکرێنەوە؛ ئەویش چەمکی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانە لە گەڵ چەمکی نەتەوە بندەستەکان. جیا کردنەوەی ئەو دووچەمکە لەو ڕوانگەیەوە گرینگە کە ئاستی نوێنەرایەتی کردنی سیاسی کە یەکێک لە گرینگترین باسەکانی دیموکراسی و دیپلۆماسیە، لەو دوو نەتەوەیەدا زۆر جیاوازە. بەڵام پێش لە هەرشتێک پێوستە بزانرێت دنیای ئەمڕۆ بە نیسبەت دیپلۆماسی و ڕۆڵی ئەو ئەکتەرانەی کە دەوڵەت نین چۆنە.

## ڕۆڵی یاریکەرە نا دەوڵەتەکان

لە دنیای ئەمڕۆدا و هەم لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەم لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەمکێک هاتۆتە ئاراوە بە ناوی دیپلۆماسیی یاریکەرە نادەوڵەتەکان Diplomacy of Non-State Actors. سەرهەڵدانی ئەو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕۆڵی ئەو ئەکتەرانە لە پەنای دەوڵەتەکاندا (کە هێشتا ڕۆڵگێڕی سەرەکین) زیادی کردووە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خەریکن ئەندامەتیی ئەو یاریکەرانە لە ناو خۆیاندا پەسەند دەکەن و ئەو یاریکەرانە خەریکن کاریگەری و شوێنگەی خۆیان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا پێشان دەدەن.

یەکێک لەو هۆکارهێنانەوانەی کە لە بەرژەوەندیی زیاد بوونی ئەو ڕۆڵە دێتە ئاراوە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکێکی تر بە ناوی ناتەواویی ڕەوایی لە دەوڵەتداریی نێودەوڵەتیدا Legitimacy Deficit in Global Governance . لە ڕاستیدا هەندێک هزرمەند پێیان وایە کە زیادبوونی ڕۆڵی ئەو ئەکتەرانە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتداریی نێودەوڵەتی ڕەواتر ببێت.

دیارە ئەم چەمکانە هەمووی لە ئاراستەیەکی هزرییەوە سەرچاوە دەگرن کە جیهانی نێودەوڵەتی وەکوو کۆمەڵگایەک دەبینن کە خاوەنی دامەزراوەی خۆیەتی. بۆ وێنە یەکێک لە گرینگترین ڕێکخراوەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە هەڵگری ڕۆڵی دەوڵەتداریی جیهانیە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانە. لەو ڕوانینەدا هەندێک کەس پێیان وایە کە لەو سیستەمەدا بە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی بڕیاردان تەنیا لە دەست هەندێک یاریکەری تایبەتدا کۆ بووەتەوە کە ئەوانیش دەوڵەتەکانن، ئەو سیستەمە بە تەواوەتی دیموکراتیک نییە بۆیە تووشی ناتەواوی ڕەواییە.

ئەم چوارچێوەیە کراوەترین چوارچێوەی فیکریی نەزمی لیبراڵیی ئەمڕۆیە کە دەتوانین لە ناوئاخنیدا جێگایەک بۆ نەتەوە بندەستەکان بدۆزینەوە کە بتوانن یاریدەری هەبوونی ئەوان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بن. بەڵام ئەم ڕوانگەیە بە دوو هۆکار تووشی دژبەرییەکی ناوخۆییە کە ڕۆڵی نەتەوە بندەستەکان لەبەرچاو ناگرێت و پەراوێزیان دەخات. سەرەتا و پێش لە هەرشتێک پێشمەرجێکە کە ئەم ئاراستە فیکرییە هەیەتی و ئەویش ئەوەیە کە دنیای ئەمڕۆ بە کۆمەڵگایەک لە یاریکەری بەرامبەر و هاوئاست دەزانێت و ئەو یاریکەرانەش دەوڵەتەکانن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێشتا مەودایەکی زۆری لەگەڵ چەمکی کۆمەڵگا هەیە و ئەودامەزراوانەش کە لەویدا بەدی دەکرێن بە هیچ شێوە ناتوانن نزیک بەو دامەزراوانە بن کە کۆمەڵگایەکی ئاسایی هەیەتی. دووهەم ئەوەی کە جیاوازییەکی قووڵ هەیە لە نێوان نەتەوەی بێ دەوڵەت لەگەڵ نەتەوەی بندەست. لە نەتەوەی بێ دەوڵەتدا ئەگەرچی نوێنەرایەتیی سیاسی بە شێوازێکی تەواو نایێتە دی، بەڵام تا ڕادەیەک (پێوەندیی بە شێوازی حکومەت هەیە) ئەو نەتەوەیە دەتوانێت لە هەندێ میکانیزم ودامەزراوەی سیاسی بۆ نوێنەرایەتی کردنی سیاسیی خۆی کەڵک وەربگرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەتەوەی بندەست نەتەنیا بەهێچ شێوە خاوەنی نوێنەرایەتیی سیاسی نییە بەڵکوو بە شێوەی سیستەماتیک و بنەڕەتی پێشی پێ دەگیردرێت کە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا نوێنەرایەتی بکرێت. ئەو نەزمە لیبەراڵەش کە دەوڵەتداریی نێودەوڵەتی ئایدیاکانی لەسەر ئەودامەزراون بە تەواوەتی یاریدەری ئەو سەرکوتە سیستەماتیکەیە.

بۆ وێنە لەم پێوەندییەدا یەکێک لەو مێکانیزمانەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ڕێگەدان بە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان هەیەتی لە ڕاستیدا دانوستانی ساڵانەی خەڵکە خۆجێییەکانە کە نوێنەرانی گەلانی بێ دەوڵەت لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیاوازەکانیانەوە لەوێ بەشدار دەبن و کاریگەرییان دەبێت. ئەگەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەند ساڵە لە ڕێگەی مێکانیزمی تایبەتەوە بەشداریی ئەودانیشتنانە دەکات بەڵام یاسا و ڕێساکانی ئەو دانیشتنانە بە شێوەیەک دانراون کە بە شێوەی

سیستەماتیک نەتەوە بندەستەکان لە نوێنەرایەتی بێ بەش دەکات.

## دیپلۆماسیی جیهانیی کورد

لە درێژەی خەباتی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی، ئەو نەتەوەیە هەوڵی داوە کە سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ سەر بابەتی مافەکانی خۆی ڕابکێشێت. هەربۆیە دیپلۆماسیی کورد لەم پێوەندییەدا خاوەنی دوو تایبەتمەندی بووە. یەکەمیان ئەو دیپلۆماسییە خاوەنی مێژوویەکی نوێیە و هەروەها دیپلۆماسییەکی پاسیڤە. هەرکام لەو تایبەتمەندییانە خاوەنی ڕۆڵی خۆیانن و ناسینیان دەتوانێت سنوورەکانی توانایی دیپلۆماسی کورد زیاتر ڕوون بکاتەوە و هەروەها یارمەتیدەر بێت لە ڕوون بوونەوەی ڕێگای داهاتوو.

ئەگەرچی پێوەندیی نێوان کورد و نەتەوەکانی تر پێوەندییەکی درێژخایەنە بەڵام لەم وتارەدا دوو چەمکی پێوەندی و دیپلۆماسی لە یەک جیا دەکرێنەوە. لەم وتارەدا دیپلۆماسی زیاتر وەکوو دامەزراوە لەبەرچاو دەگیردرێت و لە چەمکی خاوی پێوەندی جیا دەکرێتەوە. بەڵام سەرەرای ئەوە باسی مێژووی پێوەندی وەکوو باسێکی بنەمایی چاوی لێ دەکرێت.

یەکەمین پێوەندی لە چوارچێوەی دیپلۆماسیی مودێرنی کورد بە شێوەیەکی سروشتی دەگەڕێتەوە بۆدامەزراندنی دەوڵەتی مودێرنی کورد لە کۆماری کوردستان. پێوەندییەکانی نێوان کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و ئەو گرێبەستانەی کە لە نێوان ئەو دوو کۆمارەدا بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوانیان و ڕەوشی کەمینە تورکەکان لە کوردستان و کەمینەی کورد لە ئازەربایجان هاتۆتە ئاراوە، یەکێکە لە سەرەتاییترین و یەکەمین دەرکەوتەکانی دیپلۆماسیی کورد.

یەکەمین هەوڵ بۆدامەزراندنی دیپلۆماسیی کوردی کە وەک دامەزراوەیەکی ناحیزبی و نەتەوەیی بتوانێت نوێنەرایەتیی سیاسەتی کورد بکات، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دوکتور قاسملوو لە سەرەتاکانی هەشتاکاندا. خواستی دوکتور قاسملوو لەم پێوەندیەدا (کە لەگەڵ چەندین کەس سەبارەت بەو بابەتە قسەی کردووە) ئەوە بووە کە دامەزراوەیەکی پرۆفیشێناڵ دابمەزرێت کە بتوانێت کورد وەکوو نەتەوە لە دەرەوەدا نوێنەرایەتی بکات. ئەمە یەکەمین تێگەیشتنی مودێرن لە چەمکی دیپلۆماسییە کە لەو سەردەمەدا و لە ناو گەلی کورددا چرۆ دەکات. هەروەها هەر لە دەیەی هەشتاوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدانانی نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بە دامەزراندنی دەفتەری پاریس، هەوڵ دەدات یەکەم دامەزراوەی دیپلۆماسیی پرۆفیشێناڵی کوردی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات پێک بێنێت. پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین ساڵ دوای ئەوە بە دانانی نوێنەرایەتیی ئەو حکومەتە لە دەرەوەدا هێدی هێدی دامەزراوەیەکی کوردیی دیپلۆماسی، تایبەت بە کوردی باشووریش دێتە ئاراوە.

بەڵام بە هۆی پێکهاتەی یاسای نێودەوڵەتی و هەروەها بە هۆی ڕاستییەکانی جیهانی نێودەوڵەتی، دیپلۆماسیی کوردی دیپلۆماسییەکی پاسیڤە. ئەم ڕستەیە بەو واتایە کە دیپلۆماسیی کوردی ناتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ لە پێکهێنانی یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتیدا بێنێتە ئاراوە. ئەم بابەتەش زیاتر لەوەی کە پێوەندیی بە توانایی گەلی کوردەوە هەبێت، پێوەندیی بەو پێکهاتەیەوە هەیە کە نەزمی جیهانیی دنیای مودێرن هەیەتی. لێرەدا پێویستە دوو چەمکی دیپلۆماسی و لابی کردن لە ڕوانگەی زانستییەوە لە یەک جیا بکرێنەوە. ئەگەرچی یەکێک لە ئامرازەکانی دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو دەتوانێت لابی کردن بێت و لەوانەیە دیپلۆماسیی کوردیش بتوانێت لە ڕێگەی لابی کردنەوە هەندێک گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە ڕێگەی لابی لە لایەن دیپلۆماسیی کوردەوە بێنە

ئاراوە ناراستەوخۆ دەبن چوونکە کۆمەڵگا و نەزمی نێودەوڵەتی ستاستوسێکی فەرمی بۆ دیپلۆماسیی کوردی لە ناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا ناناسێت.

## پێگەی دیپلۆماسی لە خەباتی نەتەوە بندەستەکاندا

لە زۆربەی ئەو واتایانەی کە بۆ دیپلۆماسی دێنە ئاراوە، هەبوونی ستاستووسێکی یاسایی بە پێی یاسای نێودەوڵەتی یان یاسای ناوخۆییی وڵاتێک گرینگترین فاکتەرە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی نوێنەرانی وڵاتان یان ڕێکخرواوەکان بە ناوی دیپلۆماسی بناسرێت و بکەوێتە ئەو خانەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو واتایانە لە سەر ئەوە بنیات نراون کە دۆخی هەبوو بە دۆخێکی ڕەوا دەزانێت. بە گشتی کردەوەی دیپلۆماسی کردەوەی هێشتنەوەی دۆخی هەبووە و دیپلومات کەسێکە کە هەموو بەرژەوەندییەکی لە هەبوونی سەقامگیری لە دۆخی هەبوودایە.

بەڵام ئاخۆ ئەم ڕاستییانە چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەو ڕاستییە یەک بگرنەوە کە حیزبی دیموکرات، خەباتی کورد و بە گشتی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی توند گرێدراوی ئەوەیە کە دۆخی هەبوو گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا بێت؟ ئایا ئەم ڕاستییانە و ئەم تەزادانە بەو واتایە نایەنەوە کە کورد و خەباتی کورد پێویستە دەستبەرداری دیپلۆماسی بن؟ بە باوەڕی من بە هیچ شێوە. لەبەر ئەوەی ئەگەرچی ئەوانەی کە دۆخی هەبوو لە بەرژەوەندییاندایە هەوڵ دەدەن خۆیان ڕاستییەکان دەستنیشان بکەن یان ئەو ڕاستییانە وەکوو ڕاستیی موتڵەق بەرجەستە بکەنەوە کە لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، بەڵام ڕاستییەکی تر کە دانی پێدا نەنراوە بوونی هەیە و ئەویش ڕاستیی بەرگریی نەتەوە بندەستەکانە. هەرچەندە کە دۆخی هەبوو و ڕاستییەکانی بەهێز بن و خۆ سەلمێنەر، بەڵام ڕاستیەکی تر هەیە بە ناوی بەرگری و مێژوو دەری خستووە کە بەرگری هەرکات دەتوانێ ڕاستیی کۆن تووشی گۆڕان بکات و ڕاستیی نوێ  بێنێتە ئاراوە.


بۆیە لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەیەکی بندەستدا دیپلۆماسی دەبێت بەو شێوازە پێناسە بکرێتەوە: دیپلۆماسی هەوڵ، کردەوە یان هونەرێکە لە لایەن نوێنەرانی نەتەوە بندەستەکان یان ڕێکخراوە و حیزبەکانی سەر بە ئەوان کە بە مەبەستی بەرز کردنەوەی دەنگی خەباتەکەیان، دۆزینەوە و زەق کردنەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی خەباتەکەیان لەگەڵ ئەو وڵاتە کە لەوێدا نوێنەرن و دۆزینەوە و فراوان کردنی هاوڕایی و پشتگیری بۆ خەباتەکەیان لەو وڵاتەدا ئەنجام دەدرێن و دێنە ئاراوە.

لەو پێناسەیەدا کە بۆ دیپلۆماسیی نەتەوە بندەستەکان دێتە ئاراوە چەمکێک ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت ئەویش خەباتە. واتە دیپلۆماسی بۆ نەتەوەی بندەست تەنیا کاتێک واتا پەیدا دەکات کە خەباتێک لە ئارادا بێت. ئەم ڕاستییەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی بندەست بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانێت وەک یەکەیەکی سیاسیی بەرژەوەندیی هاوبەشی خۆی لە گەڵ یەکە سیاسییەکانی تر واتە نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بدۆزێتەوە و هەروەها ناتوانێت بە تەنیا ڕێکخراوەیەک بێت بۆ ئەوەی وەک ڕێکخراوەیەک ڕۆڵ بگێڕێت. تەنانەت ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەی بندەست بە شێوەی ئاسایی ناتوانن بە ناوی نەتەوە یان یەکەیەکی سیاسییەوە خاوەنی دیپلۆماسی بن. لە ڕاستیدا هەبوونی خەباتێکی سیاسیی ئەویش تەنیا خەباتێک کە لە شێوازی بەرگریی سەربازییە دەتوانێت نەتەوەیەکی ژێردەست وەکوو یەکەیەکی سیاسی دەربخات و چەمکی دیپلۆماسی بۆی واتادار بکات.

بۆیە لە ڕاستیدا دیپلۆماسی بۆ نەتەوە بندەستەکان (ئەم چەمکە جیا بکەنەوە لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان) تەنیا دەتوانێت مێکانیزمێک بێت کە لە ئەگەری هەبوونی بەرگریی چەکداریدا بوونی هەبێت و بە بێ بەرگرییەکی چەکداری، چەمکی دیپلۆماسی بە هیچ شێوە ناتوانێ واتایەکی بۆ نەتەوەی بندەست هەبێت. لەم واتایەدا دیپلۆماسی ئەکت، کردەوە یان چالاکییەکی تەواوکەرە بۆ بەرگریی نەتەوە ژێردەستەکە.

# چوارچێوەی حیزبە کوردییەکان

**بانان بێستوون**



**ئاماژە**

پێوەندیی نێوان حیزبی سیاسی و گەشە و پەرەسەندنی سیاسی پێوەندییەکی تاکلایەنە و تاکرەهەند نەبووە، بەڵکوو هەموو کات پێوەندییەکی دوولایەنە و دیالێکتیکیی نەبڕاوە بووە. لەلایەک گۆڕانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دروست بوونی قەوارەی حیزبی سیاسییان کردووە بە پێویستییەکی خێرا و لەلایەکی دیکەوە، دروست بوونی حیزبی سیاسی بووە بەهۆی خێراتر بوون و قووڵتر بوونی گۆڕانی هەمەلایەنە لە دێموکراسییەکاندا.

## پێشەکی

سەرهەڵدانی حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا و لە ترۆپکی گرژی و پێکدادانی نێوان گرووپ و هێزەکۆمەڵایەتییەکانی هەناوی کۆمەڵگادا، یەکێک لە بەرچاوترین هۆکارەکانی پێشخستنی پێڤاژۆی مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی و لە کۆتاییشدا پەرەسەندنی سیاسیی ئەو کۆمەڵگایانە بووە.

حیزبی سیاسی کەرەستەیەک بوو کە لەلایەکەوە، توانستی مامەڵەکردن و بدەوبستێنی بە گرووپ و دابەش بوونە کۆمەڵایەتییەکان بەخشی و لەلایەکی دیکەوە، توخمی وتوویژ و لێک تێگەیشتنی چاند و بەهۆیەوە پێکدادان و گرژییە توندوتیژەکان گۆڕدران بۆ لێک تێگەیشتن و پێکەوەهەڵکردن. واتا ڕەوتێک کە لە درێژەیدا حیزبی سیاسی بوو بە نوێنەر و وتەبێژی، دابەش بوونە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دیموکراسییەکاندا، بۆ ئەوەی بەدوای ویست و داخوازەکانی ئەواندا بچێت. یان بە وتەی ماکس وێبێر حیزبی سیاسی ڕێکخراوەیەکە کە «منداڵی دیموکراسیی ڕۆژئاوایە.»

ڕوونە کە حیزبی سیاسی لە ڕۆژئاوادا، لە دۆخێکدا دروست بوو و گەشەی کرد، کە لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵێک گۆڕانی بنەڕەتی دروست بوو بوون. هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە، بوو بوون بە بەستێنێکی لەبار بۆ ئەوەی حیزبی سیاسی بتوانێت دەوری پێویستی خۆی بگێڕێت. بەواتایەکی تر، حیزیی سیاسی لە باشترین جۆری خۆیدا، بوو بە کاراترین کەرەستەی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە شەڕی توندوتیژەوە بۆ کێبڕکێی تەندروست و بەدامەزراوەبوو (Institutionalised) و لە چوارچێوەی قانوونی دیاری کراوی گەمەدا.

پێوەندیی نێوان حیزبی سیاسی و گەشە و پەرەسەندنی سیاسی پێوەندییەکی تاکلایەنە و تاکڕەهەند نەبووە، بەڵکوو هەمووکات پێوەندییەکی دوولایەنە و دیالێکتیکیی نەبڕاوە بووە. لەلایەک گۆڕانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دروست بوونی قەوارەی حیزبی سیاسییان کردووە بە پێویستییەکی خێرا و لەلایەکی دیکەوە، دروست بوونی حیزبی سیاسی بووە بەهۆی خێراتر بوون و قووڵتر بوونی گۆڕانی هەمەلایەنە لە دیموکراسییەکاندا.

بەکورتی، دەتوانین بڵێین، حیزبی سیاسی لە بەستێنی کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا. ئەزموون و بەهاکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی لەپشت بوو. وە لە قۆناغی تێپەڕیندا بوو بەرەو کۆمەڵگایەک کە دواتر بە گەشەی ئابووری، چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوە، چەمکی حاکمییەتی سیاسی، ئایدیای سێکۆلاریزم، پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆن و هتد.. ناسرایەوە. کۆمەڵگای چینایەتیی ڕۆژئاوا، لە وەها دۆخێکدا حیزبی سیاسی وەک کەرەستەی شەڕی چینایەتی خستە خزمەت ئامانجەکانیەوە و قۆناغ بە قۆناغ و لە سەردەمی جیاوازدا کردی بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی سیاسیی خۆی.

## کۆمەڵناسیی حیزبی کوردی

حیزبی کوردی و حیزبی سیاسی لە کوردستان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتی کورد و واقعی داگیرکراو بوونی خاکەکەی ناتوانرێت شرۆڤە و پێناسەی دروستی بۆ بکرێت. لەڕاستیدا، ئەم واقعە پرس و بابەتی حیزبی سیاسیی لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر کردووە. لێرەوە، پێویستیی خوێندنەوەیەکی نوێ و کوردانە بۆ کۆی پرسی سیاسەت و لە پەراوێزیدا بۆ حیزبی سیاسیش دێتە ئاراوە. هەر بەم پێیەش، لەم وتارەدا مەبەست لە حیزبی کوردی ئەو حیزبگەلەن، کە بەردەنگ و جەماوەریان بەشێک لە خەڵکی کوردە و زۆرینەی ڕەهای کوردیش لە پێگەی نوێنەرایەتیدا دەیانبینن. وە هەروەها بە دیاری کراوی حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بابەتی ئەم وتارەیە.

بەپێی ئەوەی زۆربەی نزیک بە ڕەهای تیۆرییە کلاسیکەکان، بە خوێندنەوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و لە پەراوێزی چەمکی پارلەمانتاریزم و هەڵبژاردنەوە، پەرژاونەتە سەر مژاری حیزبی سیاسی و پێناسە و شرۆڤەی ئەو دیاردە سیاسییەیان کردووە، بۆیە ڕەنگە تەنیا بتوانرێت بە شێوازێکی بەراوردکارانە کەڵک لەو تیۆرییانە وەربگیردرێت. چونکە پێش هەموو شت کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و یەکەمین پێشمەرجەکانی خاوەندارێتیی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، واتا حاکمییەتی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیدای لێ سەندراوەتەوە. لەپاشان، کوردستان (ی ڕۆژهەڵات) پاشکۆی حاکمییەتێکی سیاسیی ئەوتۆیە کە پارلەمان و هەڵبژاردن، تەنیا وەک سەرچاوەی دەستەبەرکردنی ڕەوایی دەبینێت و ئەوانی لە ناوەرۆک بەتاڵ کردووەتەوە.

> **لە دۆخی داگیرکراودا، حیزبی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر، لەباری بەرژەوەندییەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ حیزب لە ڕۆژئاوادا، ساکارتر دەبێتەوە و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیگەلێکی کەمتر ئاڵۆز دەکات**

حیزبی کوردی بەو جۆرەی کە مووریس دوڤێرژێ پێناسەی حیزبی سیاسی دەکات، بەرهەمی بەربڵاو بوونی مافی دەنگدان و گشتگیر بوونی هەڵبژاردن نەبوو. حیزبی کوردی لە ناوەندەکانی قانووندانان، یان لە تێکەڵ بوونی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن و گرووپەکانی ناو پارلەمان دروست نەبوو. تەنانەت بەپێی پێناسەکەی ئانتۆنی گیدێنزیش، ناتوانین بڵێین، حیزبی کوردی هیچ کات دەرفەتی ئەوەی بووە کە بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕەوای دەسەڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەوڵ بدات. گیدێنز تا ئەو جێگایە دەچێتە پێش کە دەڵێت نابێت ناوی حیزب بدرێت بە ئەو ڕێکخراوانە کە لەلایەن دەسەڵات و حکوومەتی (Government) سیاسییەوە بەرەسمی نەناسراون. وە پێویستە ئەوان وەک تاقم و بزووتنەوە ناودێر بکرێن. ئەم پێناسە و لێکدانەوەیە، ئەگەرچی لە بیاڤی زانستی مرۆیی لە ڕۆژئاوادا، دەکرێت بە مشتومڕ و پێداچوونەوە ڕاست بکرێتەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەم خوێندنەوەیە خۆبەخۆ دەمانباتە سەر هێندێک مشتومڕی سکۆلاستیکیی بێ کەڵک و دوور لە مژاری وتارەکە.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە دەتوانین بڵێین، خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی سیاسیش لەلای ئێمە، لەجۆری خەسارەکانی حیزب لە ڕۆژئاوادا نییە. واتا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا، وە بۆ هەر دیاردە یان هەر واقعێکی کۆمەڵایەتی، لە دووتوێ و بەهۆی پێکهاتەی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەوە سەرهەڵدەدەن و تایبەتن. بۆیە لەم سۆنگەیەشەوە، دیسان پێویستە بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ تیۆرییە ڕۆژئاوایەکاندا بکرێت.

ئەگەرچی مووریس دووڤێرژێ ئاماژە بە جۆرێکی تر لە حیزبی سیاسیش دەکات کە بنەمای دەرەکییان هەیە و بۆ خولی هەڵبژاردن دانەمەزراون. بەڵام، زۆر بە کەمی لەسەریان دەدوێت و تەنیا هێندێک ئاماژە بە پێکهاتەیان دەدات و بە داخراوتر و ناوەندگەراتر لە جۆرەکانی تری حیزبی سیاسی پێناسەیان دەکات.

کارل مارکس، لە یەکەمین بیرمەندەکانە کە دووربینێکی گشتیتر و گشتگیرتر لە دیاردەی حیزبی سیاسی وێنا دەکات. ئەو وەها دەستنیشان دەکات، کە گرووپە سیاسییەکان ڕواڵەتێکی دیکەی پێکدادان و ناکۆکییەکانی هەناوی کۆمەڵگان. ئەمە

یەکەمیـــن هەنگاوەکانە، بۆ باشـــتر ناســـینی پرســـی سیاسەت بە گشتی و دابەش بوون و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی.

لەپـــاش مارکـــس، کۆمەڵێـــک تیۆریـــی جۆراوجۆر دێنە ئاراوە کە پێ لەســـەر بابەتی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرن. شرۆڤەی پرسی سیاسەت لەپەراوێزی چەمکی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانـــەوە، دەلاقەیەکـــی نوێیە بۆ خوێندنەوەی دروســـتتر و بناژۆییتری مژاری حیزبی سیاسیش.

گرینگتریـــن تایبەتمەندیـــی کەلێنـــە کۆمەڵایەتییەکانی هەر ســـەردەمێک، ئەوەیە کە مـــەرج نییـــە بەرهەمی پێویســـتییەکی پێکهاتەی فۆرماســـیۆن یان وڵاتێکی تایبەت بن. بەپێچەوانەوە، ئـــەوان دەتوانن بەرهەمی هەڵکەوت (مێژوویی و هتـــد..) یان واقعێکی کۆنتر بن. واتا ئەو ڕاستییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا زۆر باو و زۆریش مانادارە.

لە مێژووی هاوچەرخـــدا، زۆربەی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانـــی ناوچـــەی ڕۆژهەڵاتـــی ناویـــن، بەهـــۆی حاکمییەتی ســـەرەڕۆیانە و حکوومەتگەلـــی ســـەرەڕۆ و ناوەندگـــەرا و هەروەها بەهۆی دەســـت تێوەردانی دەرەکی لە کاروباری خەڵکی ناوچەکە و پشـــتیوانیی زلهێـــزەکان لـــە حکوومەتـــە گەنـــدەڵ و داپڵۆســـێنەرەکان، نەک بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، بگرە، قووڵتریـــش بوونەتەوە. هەر دوو هۆکاری حاکمییەتی ســـەرەڕۆ و دەستی دەرەکی، پێکەوە ڕەوتی چارەسەری ئاساییی پرســـە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانیان، لەم ناوچەیەدا، تووشی ڕاوەستان و قرتان کردووە و ڕۆژ بـــە ڕۆژ گرفتی زۆرتر لەســـەر کەلێنە کۆمەڵایەتییە بەجێمـــاوەکان کەڵەکە بوون و ژیان لە ناوچەکە و لە کوردســـتانیان کردووە بە پرسێکی تەواو ئاڵۆز.

دەوڵەتگەلـــی بەنـــاو نەتەوەیـــی (بـــە لاساییکردنەوە لە دەوڵەت ــ نەتەوە لە ڕۆژئاوا)، کە لە هەناوی حوکمڕانییەکانی عوســـمانی و سەفەوییەوە سەریان هەڵدا و کوردستان بەزۆر بە ئەوانـــەوە لکێندرا، میراتگـــری کۆمەڵێک کەلێنی کۆمەڵایەتیـــی زۆر قووڵ و مێژوویی بـــوون. ئەمان لـــە ڕەوتێکی ئاســـایی و لەبەر پێویستییەکی پێکهاتەیی و مێژوویی دروست نە بوون. بەڵکوو بەرهەمی پێگە و هەڵکەوتێک بـــوون کە تەنیا لەو ســـەردەمەدا (بە لێدوانی ماکیاڤێلیستی) زۆرترین بەختیان هەبوو.

وڵاتی ئێران کە بەشـــێک لە کوردســـتانی داگیـــر کـــردووە، یەکێـــک لـــە زەقترین و بەرچاوتریـــن وێنەکانـــی ئەو جـــۆرە قەوارە سیاســـییانەیە کـــە میراتگـــری کۆمەڵێـــک کەلێنـــی کۆمەڵایەتیی مێژووییە. یەکێک لە قووڵترین کەلێنەکانیشی کەلێنی نەتەوەییە. ئێـــران وێنەی ئەو جـــۆرە داگیرکەرانەیە کە حاشـــا لە بوونی کەلێنـــە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و هەوڵی ســـڕینەوەیان دەدات. بەڵام لـــە بەرانبـــەردا، لەلای کورد، بـــە تاقیکاریی مێژوویی ســـەلمێندراوە کە وازی لە پرســـی خۆی نەهێناوە و بەردەوام مانای بەخشیوە بە کەلێنی نێوان خۆی و داگیرکەر.

بۆیـــە لـــە دووتوێـــی مـــژاری کەلێنـــە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانین باشتر شرۆڤەی چوارچێوەی حیزبی کوردی و بەهۆیشـــیەوە خەسارناسیی حیزبی کوردی بکەین.

## چوارچێوەی حیزبی کوردی

لـــە دۆخـــی داگیرکـــراودا، حیزبـــی کوردی تا ڕادەیەکـــی زۆر، لەبـــاری بەرژەوەندییەوە بـــە هەڵســـەنگاندن لەگـــەڵ حیـــزب لـــە ڕۆژئاوادا، ســـاکارتر دەبێتەوە و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیگەلێکی کەمتـــر ئاڵۆز دەکات. واتا بەرژەوەندیـــی ســـەرەکیی حیزبـــی کوردی، وەک بەرژەوەندیی ڕەســـمی و ڕێکخراوەیی، دەســـتەبەرکردنی مافـــی نەتەوایەتییـــە و لەگەڵ بەرژەوەندییـــە ئابوورییەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانـــدا وەک حیزبـــی ڕۆژئاوایی تێک نەئالاوە. بە پێچەوانەوە لەباری بەرنامە و

سیاسەتەوە ئاڵۆزتر و فرە ڕەهەندتر دەبێتەوە. واتا حیزبی کـــوردی، دەبێت کەموکووڕیی نە بوونی دەســـەڵات و سەروەری و حاکمییەتی نەتەوەییـــش پـــڕ بکاتەوە. حیزبـــی کوردی، دەبێت ئاڵتێرناتیڤی پێڤـــاژۆی بەکۆمەڵایەتی بوونی تاکی کوردیش ئاراستەی کۆمەڵگاکەی خـــۆی بکات. ئەمە بـــەو مانایەیە، کە حیزبی کوردی زیاتر لە گرووپێکی تایبەت، بۆ ئەرک و داخوازێکی دیاریکراوی کاتی یان درێژخایەن، پێویستە ڕێبازیش بێت.

بـــۆ ئەوەی لـــە پەراوێزی مـــژاری کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و لەســـەرووی هەموویانەوە کەلێنـــی نەتەوایەتییـــەوە، بڕۆینە ناو باســـی حیزبی سیاســـییەوە، دەبێت پێشـــتر ڕێژەی مانـــادار بوونـــی بگۆڕەکانمـــان (Variable) لێکبدەینـــەوە. واتـــا بزانین بۆچـــی کەلێنی کۆمەڵایەتی هەیە و ئاماژە ڕوونەکانی کامانەن؟ و بە چ مێکانیزمێک کار دەکەن ؟

بەپێـــی کۆمەڵێـــک هـــۆکار و بەڵگـــەی ڕوون، دەتوانیـــن بیســـەلمێنین کە کەلێنی نەتەوەیـــی، لـــە چوارچێوەی وڵاتـــی ئێراندا گرینگترین و قووڵترین کەلێنی کۆمەڵایەتییە و لە ڕاســـتیدا، بووە بە پرســـێکی سیاســـیی زینـــدوو. کەلێنـــی نەتەوەیی لە کوردســـتان (ی ڕۆژهەڵات)دا، بەدرێژەی ســـەدەی پێشوو چالاکتریـــن و بەردەوامتریـــن کەلێـــن بووە. ســـەرهەڵدانی بزووتنـــەوە نەتەوەییـــەکان، سەرهەڵدانی حیزبی سیاســـیی لە بەستێنی پرســـی نەتەوەییـــدا، بزووتنـــەوە چەکدارانە جیاوازەکان، پشتیوانیی بەردەوامی کورد لە جووڵانەوە شوناســـخوازانەکان و هتد.. هەموو ئاماژەی ڕوونی سیاســـین بۆ قورسایی و قووڵ بوونـــی کەلێنـــی نەتەوەیی لـــە چوارچێوەی جوگرافیایەکـــی ســـەپێندراوی وەک ئێراندا. حاشاهەڵنەگرتر لە هەمووی ئەمانە، ئەوەیە، کە پرسی نەتەوەیی هەموو بیاڤەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواریی تەنیوەتەوە و لە قاڵبی هێماکانـــدا، دنیابینییەکی تایبەتی ئافراندووە، کـــە خۆی بە کوردانە دەناســـێنێت و ئاوەزی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەمەی جوانیناسانە بە توخم و بیچمەکانی ئەو دنیابینییە دەکات.

لە لایەکی تریشەوە، بە شرۆڤەی ناوەرۆکی وێژمانە سیاســـییەکان، لە ژینگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا، دەتوانین قورسایی پرســـی کورد هەڵبسەنگێنین. بۆیە، بە گشتی دەکرێت لـــە چوارچێـــوەی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا، باســـی ڕەهەندەکانی بوونی کەلێنی نەتەوەیـــی لـــە نـــاو جوگرافیـــای ئێراندا و تایبەتمەندییەکانـــی، بە تێروتەســـەلی باس بکرێن، کە ئامانجی ئەم نووسراوەیە نییە.

یەکەم ئاکامی مەنتقیی هە بوونی کەلێنی نەتەوەیـــی لە ئێراندا و زیندوو بوونی پرســـی کورد و هەروەها، بەبێ چارەسەر مانەوەی ئەو پرسە، ئەوەیە کە خاکی کوردستان داگیر کراوە و ئێران وڵاتێکی داگیرکەرە. یەکەمین حیزبی کوردیـــی هاوچەرخیـــش، لە بەســـتێنی ئەم واقعەدا دروســـت بوو. واقعێک کە مێژوویەک لە بەرەنگاری، خەباتی سیاســـی، بزووتنەوەی سیاسی و حیزبی سیاســـیی بەرهەم هێناوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە دامەزراندنی کۆماری کوردســـتان لە زۆرتر لە حەوت دەیە پێـــش ئێســـتادا، پێش هەموو شـــت ئەوەی سەلماند کە پرسی کورد پرسێکی جددییە و خاوەنی قورساییی خۆیەتی. گرینگ نییە کە لە چ هەلومەرجێکدا و بەهۆی کام هەڵکەوتەوە کۆماری کوردستان دامەزرا. گرینگ قووڵایی و قورســـاییی پرســـێکە کە لـــە هەلومەرجی گونجاودا هێزی ڕێکخســـتن و جووڵەی هەیە و بەردەوام و قۆناغ بە قۆناغیش پێی لەســـەر دادەگرێت.

کەلێنی نەتەوەیی و جۆری پێوەندیی کورد و ئێـــران، بەرهەمی بابەتێکـــی هزریی ڕووت و پاســـاو و لێکدانەوەیەکی ڕۆشـــنبیری نییە. ئەم پێوەندییە، بەرهەمی کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویـــی و هاوپێوەندیـــی کۆمەڵایەتییـــە کە لە قووڵاییـــی بەرژەوەندیگەلـــی ڕوون و

بابەتیانەی مرۆڤی کوردەوە سەریان هەڵداوە. بەرژەوەندیگەلێک، کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر سنووری نێوان ئێمە و ئەوان تۆختر دەکاتەوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە کە حیزی کوردی، لە بەستێنی ئەم کەڵێنەدا دروست ببن، لەلایەکی تریشەوە، وەک شرۆڤەی سیاسی دەکرێت پێشبینی بکرێت، نەناسینی ئەم ڕاستییە لەلایەن حیزبی کوردییەوە، بوونی ئەو حیزبە تووشی ئاریشەی جددی دەکات.

وێڕای وێناکردنی قورسایی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان (ی ڕۆژهەڵات)دا، بەڵام نابێ هێز و کاریگەریی کەڵێنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری و لە سەروویانەوە کەڵێنی چینایەتی، لەبیر بکرێن. لێرەوە کۆمەڵێک کەڵێنی مێژوویی، پێکهاتەیی و هتد.. یەکتر دەبڕن و لەژێر کاریگەریی دۆخی داگیرکراو بوونی کوردستاندا، ماتریسێکی هێندەی تر گرژ و ئاڵۆز لە ئاسۆی پرسی کوری وێنا دەکەن.

لە دۆخی پڕ گرێکوێرەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، حیزبی کوردی دەبێت بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو کەڵێنە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەدا بکات.

لەتەنیشت کەڵێنی نەتەوەییدا، کەڵێنی چینایەتی، لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا، یەکێک لە گرینگترین و هەرە چالاکترین کەڵێنەکانە. وەها کەڵێنێک، لەلایەکەوە بەهۆی ڕۆژانە بوون و بەرهەست بوونی و لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی تایبەتەوە، بەستێنێکی لەبار بووە بۆ سەرهەڵدان و دروست بوونی حیزبی سیاسی. بەڵام، بەپێی مێژووی حیزبی سیاسی

> **کەڵێنی نەتەوەیی و جۆری پێوەندیی کورد و ئێران، بەرهەمی بابەتێکی هزریی ڕووت و پاساو و لێکدانەوەیەکی ڕۆشنبیری نییە**

لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا، دەبیندرێت، کە لە زۆربەی کاتدا پاشخانە هزری و ڕۆشنبیرییەکە، کە بژاردەی سیاسی تێیدا دەوری سەرەکیی گێڕاوە، بەسەر لێکدانەوە و ناسینی ڕاست و دروستی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا زاڵ بووە. بۆیە حیزبە چینایەتییەکان، زۆربەی کات نەک نەیانتوانیوە پرسەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن، بگرە، هێندەی تر ئاڵۆزیان کردووە.

بابەتێکی گرینگ لەم پێوەندییەدا، چەشنی مامەڵەکردنی حیزبی کوردی لەگەڵ کەڵێنی چینایەتی لە کوردستاندایە. یەکێک لەو ئاستەم کەسایەتییە سیاسی و سیاسەتڤانانەی کە بەڕووی لەسەر ئەم بابەتە دوواوە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بووە. ناوبراو لە «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمدا» دەڵێت کە، حیزبەکەی ئەو (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، بایەخ بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی و پرسی چینایەتی لە کوردستان دەدات و بە تێروتەسەلی باس لە چییەتی و چەشنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دوو پرسەدا دەکات. ڕوانگەیەکی وەها، لە خوێندنەوەیەکی قووڵی کۆمەڵگا و پرسەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەو چارەسەری بەکردەوە و بنەڕەتیی ئەو پرسانە هەنگاو دەنێت.

بەهۆی ڕابردووی حیزب و ڕەوتە چینایەتییەکانەوە پێویست دەکات چییەتی کەڵێنی چینایەتی لە کوردستان (ی بندەستی ئێران) و پێوەندیی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی ڕوون بکرێتەوە.

پرسی نەتەوەیی، لە کوردستان (ی ڕۆژهەڵات) دا پرسی هەمەکی و گشتگیرە و پرسی چینایەتی بەدوایدا دێت. وەک ئەوەی

پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، دۆخی داگیرکراو بوونی کوردستان، ئەم ڕاستییەی سەپاندووە. بۆیە، ئەمە پاساوێکی هزری و سەلێقەیی نییە. لێرەدا، بەکورتی ئاماژە بە هێندێک لە هۆکارەکانی ئەم بانگەشەیە دەکرێت.

- پرسی نەتەوەیی، بەپێی ئەزموونی مێژوویی، بەهێزترین دینامیزمی بزووتنەوەکانی کۆمەڵی کوردەواری بووە. واتا کۆمەڵگای کوردەواری لەبەر هۆکاری کورد بوون زۆرتر و خێراتر دەبزوێن.
- زۆربەی ویژمانە سیاسییەکان، لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، بە چەشنێک خوێندنەوەی پرسی کورد و پێناسەی دنیای کوردانە و زەق کردنەوەی ڕەهەندێکی تایبەتی ژیانی کورد بوون.
- کەلێنی چینایەتی لە کوردستان، کەلێنێکی پێکهاتەییە، کە بەشێکی زۆری دەستکردی داگیرکەر و سیستەمە سیاسییەکەیەتی. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، یەکەم هەنگاو پێویستە سیستەم بگۆڕدرێت. کەچی سیستەم لە حاکمییەت و باڵادەستیی لایەنێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە نەک مل بۆ گۆڕانکاری نادات، بەڵکوو زۆر لێبڕاوانە هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی شوناسی جیاوازی کوردانە دەدات. بۆیە، دیسان هەنگاوی یەکەم دەگەڕێتەوە سەر چارەسەری پرسی نەتەوەیی. بە واتایەکی تر، حیزبێکی کوردی کە بانگەشەی چارەسەری پرسی چینایەتی لە ئێراندا بکات، بەرەوڕووی چەندین پێکدژ بوون و پارادۆکسی جددی دەبێتەوە. ئەوەی، لەپاش ئەوە کە وەک کوردێک، وە بەهۆی کورد بوونەوە لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، بە کام هێز پرسی چینایەتی چارەسەر دەکات؟ بە کام ڕەواییەوە وەک کورد نوێنەرایەتیی فارس و نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران دەکات، بۆئەوەی کەلێنی چینایەتییان بۆ چارەسەر بکات ؟ ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی خەڵکی بە درێژەی سەدەی پێشوو سەلماندوویەتی کە لەپێناو بەردەوام بوونی دەستڕۆیشتنی خۆیدا تەنانەت چاو لە مافە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیشی دەپۆشێت. و هتد...
- بەهۆی لێهاتوویی تاکەکەسی و جووڵەی کۆمەڵایەتییەوە، تا ڕادەیەک، جێگۆڕکێی ناوخۆیی لە پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا ڕوو دەدات و بەم هۆیەوە، ئەگەرچی سروشتی کەلێنی چینایەتی بەگشتی ناگۆڕدرێت، بەڵام، لە زبری و ڕەق بوونی کەم دەکاتەوە. بۆیە بەستێنی کەلێنی چینایەتی بگۆڕتر و کاتیترە. بەڵام ئاستەنگەکانی بەردەم شوناسە بەکۆمەڵەکان (بەتایبەت شوناسی نەتەوەیی) و گرووپ و هێزە نەتەوەییەکان لە لایەن حاکمییەتەوە، نەگۆڕتر و توندوتۆڵترن. واتا شوناسی نەتەوەیی بەپێی سرووشتی خۆی، بابەتێکی بەکۆمەڵە و لە ئاستی تاکەکەسیدا مانا هەڵناگرێت. بۆیە مێکانیزمی هێور بوونەوەی ئاستەمتر و ڕەقوتەقترە. دەنا مەگەر بەهۆی سڕانەوەوە بێت، کە ئەوە مژاری ئەم وتارە نییە.

بەکورتی، کۆمەڵێک کەلێنی جۆراوجۆر و فرەچەشن لە جوگرافیای ئێراندا بوونی هەیە. لە ناویاندا، کەلێنی نەتەوەیی و چینایەتی قووڵترینی ئەوانن. لەسۆنگەی چەشنی مامەڵەکردنی حیزبی کوردی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و پرسی چینایەتییەوە، جیاوازییەکی هەستیار و ورد دەردەکەوێت، کە وێڕای ئەوەی کە پێناسە و پێکهاتەی حیزبێک دەگۆڕێت، لەسەر چارەنووسی کورد بە گشتیش کاریگەرە. واتا چەشنی خوێندنەوەی ئەم دوو پرسە لەلایەن حیزبێکی کوردییەوە، ئەو دەخاتە ڕیزبەندی بزووتنەوەیەکی سیاسی یان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە.

پرسی کورد، لە خۆیدا پرسێکی سیاسییە و بۆ چارەسەر پێویستی بە بزووتنەوەیەکی سیاسییە. هەر جۆرە داشکاندنێکی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و داخوازە سیاسییەکانی بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مافە کۆمەڵایەتییەکان هەڵەیەکی گەورەی




سیاسی و کۆمەڵناسانەیشە. واتا پرسی کورد لە جۆری بزووتنەوەیەکی سیاسیدا، هەمەکییە و دەتوانێت چارەسەری کۆی پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆبگرێت. بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە و هیچ یەکێک لە داخوازە کۆمەڵایەتییەکان، بە تەنیا ناتوانن پرسی نەتەوەییی کورد چارەسەر بکەن.

لە کۆتاییدا، دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە وێژمانی نەتەوەیی خاڵی هاوبەش و هەروەها خاڵی بەهێزی حیزبی کوردییە. وێژمانی نەتەوەیی پێشمەرجی ژیانی سیاسیی حیزبی کوردییە. لادان لە توخم و بیچمە سەرەکییەکانی وێژمانی نەتەوەیی، بەپێی ئەزموونی سیاسی لە کوردستان، هێڵی سوور بووە و هەیە. بەڵام، ئەوەی کە حیزبی کوردی دەگەیەنێتە لووتکە، چەشنی لێک گرێ دانی ئەو وێژمانە نەتەوەییە وپرسی کوردە لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەم سۆنگەیەوە، بابەتی یەکگرتوویی سیاسی لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا (وەک نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان) دەبێتە سەرەتاترین پێشمەرجەکانی هەر جۆرە سیاسەتێکی ڕاست و واقعبینانە. یەکگرتوویییەک، کە وێڕای ڕێزگرتن لە جیاوازییە هەبوو و ئاساییەکانی کۆمەڵی کوردەواری، خاڵی هاوبەشی کورد بوون زەق دەکاتەوە. بۆیە، هەرجۆرە پەرتەوازە بوونێکی ئیدێئۆلۆژیک و یان دابەش بوونێکی ناواقعی و کۆربەندییانە (مەحفەلی)، دەچێتە ڕیزی خەسارەکانی حیزبی کوردییەوە. حیزبی کوردی دوو جۆر خەساری باوی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەزموون کرووە. خەساری بەرنامە و سیاسەت، بە لادان لە وێژمانی نەتەوەیی و هەروەها خەساری پێکهاتەیی، بە دابەش بوون و دابڕانی سەلیقەیی.

هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی حیزبی کوردی، دەبێت بەهۆی بەهێز بوونی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و سەرکەوتن و دەسکەوت بۆ حیزبی کوردیش.

# کورد و چینی سێهەمی مافەکانی مرۆڤ

جوامێر زاگرۆس



**ئاماژە**

پرسیاری سەرەکی کە ئەم وتارە ئەیەوێت وڵامی بداتەوە ئەوەیە کە «ماف» چ واتایەکی هەیە و ئایا کورد وەکو کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە مرۆڤە کوردەکان، خاوەنی مافگەلێکی جیاواز لە تاکە کوردە پێکهنەرەکانی خۆیەتی یا نا؟ ئەگەر وڵامی ئێمە ئەرێ بێت ئەوا کاتێک ئێمە باس لە مافی کورد دەکەین دەبێ کورد وەکوو بوونەوەرێکی زیندووی خاوەن مافی جیاواز لە ئەندامەکانی چاو لێ بکەین و بەم ڕوانگەیەوە مافەکانی و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان باس بکەین.

## پێشەکی

زۆرتر لە سەد ساڵە کورد لە جۆگرافیای کوردستان بە هۆی دابەش بوون و ژێردەستەیی لە چوارچێوەی بزووتنەوە یەک لە دوای یەکەکان و تەنانەت لە ڕێگای چالاکییە تاکەکەسییەکان داوای مافەکانی خۆی لە دەوڵەتان و نەتەوە سەردەستەکانی دەکات بەڵام هیچ کات نەیتوانیوە بە شێوازێکی ورد و زانستی پێناسەیەک لە چەمکی «ماف» و ئەو مافانەی کە بۆ خۆی بە ڕەوایان دەزانێت و داوایان دەکات بخاتە بەر دەست. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی نووسەران و سیاسەتمەداران و چالاکانی سیاسیی کورد کاتێک ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبنەوە کە ئێوە چیتان لە دەوڵەت دەوێت، تەنیا بە هێنانەوەی چەند نموونەی گشتی لە مافەکان وڵام دەدەنەوە و لە بەرامبەر پرسیاری دواتر کە ئەڵێت خۆ شارۆمەندانی دیکەی وڵاتیش لەم مافانە بێ بەشن و ئەی ئێدی بۆچی ئێوەش لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی مەدەنیدا داوای مافەکانی خۆتان ناکەن، هیچ وڵامێکیان پێ نامێنێت و دەکەونە پەتپەت.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستییانەی مێژووی چەمکی ماف و گۆڕانکارییەکانی بە زمانی کوردی. ئەم وتارە بەم قەبارە بچووکەیەوە بێگومان ناتوانێت ئەم کەلێنە پڕ کاتەوە و ئەم کارە دەبێ لە دووتوێی کتێبێکی قایم و لە لایەن چەند کەسێکی شارەزاوە بکرێت بەڵام وەکوو هەنگاوێکی سەرەتایی، لەم وتارەدا تیشک دەخەینە سەر برێک ڕەهەندی پەیوەست بەچەمکی «ماف»و مافەکانی کورد وەکوو کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە ئەندامەکانی و هەروەها لە کۆمەڵە و کۆمەڵگەکانی دیکە.

پرسیاری سەرەکی کە ئەم وتارە ئەیەوێت وڵامی بداتەوە ئەوەیە کە «ماف» چ واتایەکی هەیە و ئایا کورد وەکو کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە مرۆڤە کوردەکان، خاوەنی مافگەلێکی جیاواز لە تاکە کوردە پێکهێنەرەکانی خۆیەتی یا نا؟ ئەگەر وڵامی ئێمە ئەرێ بێت ئەوا کاتێک ئێمە باس لە مافی کورد دەکەین دەبێ کورد وەکوو بوونەوەرێکی زیندووی خاوەن مافی جیاواز لە ئەندامەکانی چاو لێ بکەین و بەم ڕوانگەیەوە مافەکانی و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان باس بکەین.

بۆ چوونە ناوی ئەم باسەش دەبێ سەرەتا، پێناسەیەک لە چەمکی «ماف» و گۆڕانکارییەکانی بدەینە دەست کە ئاوەها بابەتێک لە کرۆکدا بابەتێکی فەلسەفییە و لە چوارچێوەی فەلسەفەی مافدا تیشکی دەخرێتە سەر بەڵام لەم وتارەدا دوای خستنە ڕووی ڕەهەندە فەلسەفییەکەی، دەچینە سەر ڕەهەندەکانی پەیوەست بە مافی نێونەتەوەیی و ماف مرۆڤیش.

## پێناسەی ماف

لە زمانی کوردیدا چەمکی «ماف» دو واتای هەیە:

**١** لە بەرامبەر وشەی «law» لە ئینگلیزیدا بە واتای لقێکی زانستی کە لە زانکۆکاندا دەخوێندرێت و باس لە سیستەمە مافییە جیاجیاکانی جیهان دەکات کە لە زمانی فارسیشدا «حقوق»یان بۆ داناوە. هەر کاتێک مەبەستی ئێمە لە بەکارهێنانی وشەی «ماف» لەم واتایەدا بێت، ئەوا شێوازی کۆی نییە و بۆ نموونە ناتوانین بڵێین «زانستی مافەکان».

**٢** لە هەمبەر وشەی ئینگلیسیی «right» دایەکە، واتای جۆرە تازیاری و ئیمتیازێک دەگەیێنێت و لەم واتایەدا لە زمانی کوردی دەتوانین بە شێوازی کۆ بە کاری ببەین و بۆ نموونە بڵێین مافەکانی مرۆڤ. لە فارسیدا بۆ ئەم واتایە «حق» بۆ شێوازی تاک و«حقوق»یان بۆ شێوازی کۆ داناوە.

لەم وتارەدا کە باسی مافی کورد وەکو کۆمەڵگە و بوونەوەرێکی سەربەخۆ و جیاواز

له ئەندامەکانی دەکەین، ئەوا مەبەستمان واتای دووهەمیەتی و دەتوانین بڵێین مافەکانی کورد. هەر بەم بۆنەیەوە کارمان بە واتای یەکەمی مافەوە نییە و لە سەر واتای دووهەمی قسە دەکەین.

هەر بەو چەشنەی کە لە زانستە مرۆییەکاندا، لە پێناسەکردنی زۆربەی چەمکە گرنگەکان جیاوازیی بیرورا هەیە، سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی «ماف»یش هەر ئەم جیاوازییە هەیە و ناتوانین پێناسەیەکی وردبینانە و گشتپەسەند لەم چەمکە بە دەستەوە بدەین: هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە بەکارهێنانی چەمک و وشەی ماف گشت جارێک یەک مەبەستمان نییە و مەبەستی ئێمە لەم وشەیە دەتوانێت یەکێک لەم چوار شتە بێت:

**١ ماف وەکوو داخوازی[١]**

بۆ نمونە کاتێک دەڵێین من ١٠٠ هەزارم بە لای تۆوەیە ئەوا من مافی ئەوەم هەیە کە داوای ئەو ١٠٠ هەزارە لە تۆ بکەم و تۆش ئەرکی ئەوەت لە سەر شانە کە ١٠٠ هەزارەکەم پێ بدەیەوە. (داخوازی لە هەمبەر ئەرکی[٢] کەسی بەرامبەردا)

**٢ ماف وەکوو تازیار و ئازادی[٣]**

وەکوو مافی ئازادیی ڕادەربڕین یان مافی ئازادیی بیرورا. لەم چەشنەدا ماف و ئەرک پێکەوە نەبەستراونەتەوە و کاتێک دەڵێین کەسی «ئەلف» مافی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی خۆی هەیە واتای ئەوە نییە کە کەسی «ب» ئەرکی دابین کردنی بارودۆخی گونجاو بۆ ئەو دەربڕینەی لە ئەستۆدایە.

**٣ ماف وەکوو دەسەڵات[٤]**

بۆ نمونە خاوەنی ئۆتۆمبێلێک دەسەڵات و مافی ئەوەی هەیە ئۆتۆمبێلەکەی بە هەر کەسێک کە پێی خۆشە بفرۆشێت یان ببەخشێت.

**٤ ماف وەکوو پارێزبەندی[٥]**

ئەگەر کەسی ئەلف لە هەمبەر شتێکدا پارێزبەندیی هەبێت واتای ئەوەیە کە لایەنەکانی بەرامبەر ناتوانن پێوەندیی «ئەلف» بەو شتە بگۆڕن. بۆ نمونە دەوڵەتەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا ناتوانن شارۆمەندانیان لە مافی بەشداری لە هەڵبژاردن بێبەش کەن و شارۆمەندان لە بەکارهێنانی ئەم مافەدا پارێزبەندییان هەیە.

هەر بەو چەشنەی کە لە زانستە مرۆییەکاندا، لە پێناسەکردنی زۆربەی چەمکە گرنگەکان جیاوازیی بیرورا هەیە، سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی «ماف»یش هەر ئەم جیاوازییە هەیە

هەر بە پێی ئەم چەشنە مافانە لە برێک فەرهەنگی مافیدا لە هەمبەر وشەی «right» نووسیویانە: «دەسەڵات یان ئیمتیاز؛ ڕێگاپێدراوی لە کردنی شتێک (ئەنجامدانی کارێک)؛ شیاوەتیی یاسایی یان دادپەروەرانە یان ئاکاریی (ئەنجامدانی) شتێک، ئازادییەکی تاکەکەسی» کە هەموو چەشنە مافەکانی سەرەوە لە خۆ دەگرێت.

## قۆناخەکانی مافی مرۆڤ (مرۆڤ وەکوو تاک و مرۆڤ وەکوو کۆمەڵگا و کۆمەڵەیەکی مرۆیی)

پێش چوونە نێو ئەم باسە پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە لە دەستەواژەی «مافی مرۆڤ» (human rights)، سەرەتا مەبەستی ئێمە لە مرۆڤ، تاکەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەستراوەییان بە کۆمەڵگەیەکی تایبەتی مرۆییەوە بوو بەڵام ئەمڕۆکە ئیدی تاکەکان بە شێوازی سەرەوە، تەنیا بەرباسانی مافی مرۆڤ نین و کۆمەڵگە و کۆمەڵە مرۆییەکانیش وەکوو بوونەوەرێکی خاوەن مافی جیاواز لە تاکە پێکهێنەرەکانیان و کۆمەڵگەکانی دیکە چاویان لێ دەکرێت.

هەر بۆیــە نابێت تێڕوانینــی ئێمە بۆ مافی مرۆڤ تێڕوانینێکی نەریتیانە بێت و وابزانین کــە تەنیا مرۆڤەکان بەرباســن. ئێمەش لەم وتــارەدا، کورد وەکــو کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە تاکەکانی ئەندامــی دەخەینە بەر باس و کارمان بە مافی تاکی کوردەوە نییە.

لــە باســی قۆناخەکانی مافــی مرۆڤدا، نامانەوێت باســی مێژووی گەشەکردنی ئەم چەمکە بکەین بەڵکوو بۆ چوونە نێو باسەکە، بــە کورتی ئاماژە بــە قۆنــاخ و چینەکانی مافەکانی مرۆڤ و جیاوازییەکانیان دەکەین بەڵام دەبــێ ئەوە بزانین کــە مافی مرۆڤ، خــۆی بــە بــەراورد لەگــەڵ لقەکانی دیکەی زانستی مافدا، دیاردەیەکی نوێیــە و تەمەنی کەمە هەر چەند سەرەڕای ئەم تەمەنە کەمەشەوە تا ڕادەیەک گەشەی باشــی کردووە و لەم ڕەوتــی گەشەکردنەشــدا بــە بــڕوای زۆربــەی بیرمەندانی بوارەکە، سێ قۆناخی سەرەکیی تێپەڕاندووە:

**قۆناخی یەکــەم:** قۆناخی مافە ژیاری و سیاسییەکان

**قۆناخــی دووهــەم:** قۆناخــی مافــە ئابووری-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان

**قۆناخی ســێیهەم:** قۆناخی مافە هاوپێوەندی (کۆمەڵی)یەکان.

کێشانی ســنوورێک لە نێوان ئەم قۆناخانە و تەنانــەت دیاری کردنی جیاوازییەکانیان زۆر ئەستەمە و هەر بۆیەش برێک لە بیرمەندانی بوارەکە، ئەم دابەشــکارییەیان پێ درووست نییە.

«کارل واساک» کە لەگەڵ «کبا ئێمپای» بیرۆکەی چینی سێهەمی مافەکانی مرۆڤیان هێناوەتە گۆڕێ، بە شــوێن پاســاوهێنانەوە و بەڵگاندنــی هــۆکاری ئەم دابەشــکارییە و جۆنیەتیــی دانان و جیاکردنەوەی ســێ چینەکەی مافی مــرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە بنەمــاکان یان دروشــمە بەناوبانگەکانی شۆڕشــی فەرانســا (١٧٨٩) واتا «ئازادی»، «یەکســانی»، «برایەتی» دەڵێت چینی یەکەم واتــا مافە سیاســی و ژیارییەکان، لە ســەر بنەمای «ئازادی» دانراون: چینی دووهەم واتا مافە ئابووری-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە سەر بنەمای «یەکسانی» و چینی سێهەم واتا مافەکانی هاوپێوەندی لە ســەر بنەمای «برایەتی». ئەو چینــی یەکەمی مافەکان بە مافە نەرێنییەکان ناو دەبات واتا دەوڵەت هیچ ئەرکێکی ئەرێنیی بۆ هاتنەدیی ئــەم مافانــە نییــە. چینــی دووهــەم یان مافــە ئابووری-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان مافگەلێکــی ئەرێنیــن و دەوڵەت و بەرپرســەکانی دەبێ بــۆ وەدیهێنانیــان هەنــگاوی پێویســت هەڵبگرن. هەرچەند جیاوازیــی ئاماژە پــێ کراو لە ڕووی تیۆرییــەوە دەتوانێــت ســەرنجڕاکێش بێــت بــەڵام لــە کــردەوەدا دەتوانێــت پشــتیوانییەکی کەمتر لە مافە سیاسی و ژیارییەکانی بە شوێندا بێت. واساک بڕوای وایە کە چینی سێهەمی مافەکانی مرۆڤ لە ســەر بنەمای برایەتی و هاوپێوەنــدی دانراوە و ئــەم مافە بەکۆمەڵ و گرووپییانــە لە هەمبەر چینــی یەکەم و دووهــەم -کە لە ڕووی کرۆکەوە مافگەلێکی تاکەکەســی دێنــە ئەژمار- جــێ دەگرن. لــە ڕوانگەی ئەودا، ئــەم مافانە وڵامێکن بە دیاردەی هاوپێوەندیی دوولایەنەی جیهانی.

ئێمە لەم وتارەدا وێڕای پەســەندکردنی ئەم دابەشکارییە، کارێکمان بە چینی یەکەم و دووهەمــی ئەم مافانە نییە و باســەکەمان لە ســەر چینی ســێهەمە و هــەر بۆیە بێ

> پرسیاری سەرەکی کە ئەم وتارە ئەیەوێت وڵامی بداتەوە ئەوەیە کە «ماف» چ واتایەکی هەیە و ئایا کورد وەکو کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە مرۆڤە کوردەکان، خاوەنی مافگەلێکی جیاواز لە تاکە کوردە پێکهێنەرەکانی خۆیەتی یا نا؟

هێچ قسەوباسێک دەربارەی ئەو دوو چینە دەچینە سەر چینی سێهەم.

## چینی سێهەمی ماف

ئەمڕۆکە، گەشەکردنی مافی مرۆڤ دوو ڕەهەندی هەیە:

١ فرەترکردنی پشتیوانی لە مافە لەبەردەستەکان لە هەموو ئاستەکاندا بە تایبەت ئاستی ناوخۆیی وڵات، ناوچەیی و جیهانی لە ڕێگای یاسادانان، شرۆڤەی ناوەڕۆکی پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوە چاودێرەکان، بەهێزکردنی سیستەمی کارگێڕی، پەسندکردنی پرۆتۆکۆلە پاشکۆکان و چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دەبێت.

٢ گەشە و زیاترکردنی ژمارەی ئەم مافانەیە. لە ڕاستیدا، لە سیستەمی مافی مرۆڤدا - کە هێشتا لە قۆناخە سەرەتاییەکانی گەشەی خۆیدایە- هەوڵ دراوە تا بەپێی پێویستییە ڕوو لە گۆڕان و زیادبوونەکانی مرۆڤ، مافگەلێکی تازە بخرێنە سەر پێرستە کۆنەکە کە ئەمە دەبێتە هۆی بزۆزی و گەشەی مافی مرۆڤ بەڵام ناکرێت هەر چەشنە داخوازییەکیش بخرێتە ناو ئەم بازنەیەوە.

«کارل واساک» بڕوای وایە کە پێویستە بە سەر مەترسییەک کە لە بیرۆکەی مافی مرۆڤی نەریتیدا هەیە، واتا کەموکووڕی لە مافەکانی چینی یەکەم و دووهەمدا، زاڵ بین و هەر لەم ڕووەوە پێویستمان بە مافگەلێکی تازە هەیە. نابێ چاومان لە سەر ئەم ڕاستییە ببەستین تاک ناتوانێت بێ بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گەشە بکات و ژیانی بەبایەخی هەموو مرۆڤەکان، هەر چۆن پێویستی بە یەکسانی و ئازادی هەیە ئاوەهاش پێویستی بە برایەتی هەیە. هەروەها، هاوپێوەندیی دوو لایەنەی جیهانی بۆ وڵامدانەوە، پێویستی بەم مافە تازانە هەیە.

تایبەتمەندیی سەرەکیی مافەکانی چینی سێهەم ئەوەیە کە ئەوان تەنیا بە هەوڵی هەموو بکەرە (عوامل) کۆمەڵایەتییەکان واتا تاکەکان، دەوڵەتەکان، ئەنجومەنە گشتی و تایبەتەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدی دێن.

تایبەتمەندیی سەرەکیی مافەکانی چینی سێهەم ئەوەیە کە ئەوان تەنیا بە هەوڵی هەموو بکەرە (عوامل) کۆمەڵایەتییەکان واتا تاکەکان، دەوڵەتەکان، ئەنجومەنە گشتی و تایبەتەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدی دێن

کێشەی سەرەکی و گرنگ لە بابەتی چینی سێهەمی مافەکانی مرۆڤ، ژمارە و جۆری ئەم مافانەیە واتا لە نێو بیرمەندانی ئەم بوارەدا، لە سەر ژمارە و چەشنی ئەم مافانە جیاوازیی بیروڕا هەیە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پرسە کە مافەکانی چینی سێهەم واتا مافەکانی هاوپێوەندی، مافگەلێکی بەکۆمەڵن یان سروشتێکی تاکەکەسییان هەیە؟

چوونە ناو ئەم باسە فەلسەفییە گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نییە و ئێمە پشتگیریی ئەو بۆچوونەی دەکەین کە بازنەی ئەم مافانە بەرفراوانتر دەکات و بە پێی ئەم بۆچوونە سەرنج دەخەینە سەر مافەکانی کورد.

## مافەکانی کورد وەکوو یەکەیەکی جیاواز لە تاکەکانی کورد

ئێستا کە بۆ ئێمە ڕوون بوویەوە ماف چییە و مافەکانی مرۆڤ چ گۆڕانکارییەکیان بە خۆوە بینیوە و خەڵک و لەوانە کورد وەکوو کۆمەڵگەیەک، جیاواز لە ئەندامەکانی، خاوەنی بڕێک مافە، پێویستە بزانین ئەم مافانە چین و کورد دەتوانێت چۆن بۆ بەدەست هێنانیان تێبکۆشێت.

بۆ چوونە ناو ئەم باسەش ئەبێ بزانین کە کورد لەو وڵاتانەی کە تێیاندا دەژیت واتا ئێران، ئێراق، سوریا و تورکیا وەکو کۆمەڵگەیەکی کەمینە چاوی لێ دەکرێت و ئێمەش ئەبێ لە چوارچێوەی مافی کەمینەکان بەدواداچوون بۆ چین و بەرەی سێهەمی مافەکانی کورد بکەین و هەر بۆیە پێویستە بزانین کورد چ جۆرە کەمینەیەکە.

لێرە و لەم وتارەدا نامانەوێت باس لە کەمینە و پێناسەی کەمینە و پێوەرەکانی ناسینەوەی خەڵکێک وەکوو کەمینە بکەین بەڵکوو دەمانەوێت بزانین کە ئایا کورد کەمینەیە و ئەگەریش کەمینەیە کام جۆری کەمینەیە و چ مافگەلێکی هەیە.

ڕەنگە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئاسایی و خوێندەواران، وای بۆ بڕۆن کە کورد کەمینەیەکی نەتەوەییە لە حاڵێکدا کە لە زانستی ماف، بابەتەکە بەم ئاسانییە نییە و ئێمە ئەبێ ئەم بابەتە باشتر شەنوکەو بکەین.

سەرەتا ئەبێ بزانین کە بڕێک لە بیرمەندان بڕوایان وایە ئێمە نابێت خەڵکی خۆجێیی (indigenous) وەکوو کەمینەکان (minority) چاو لێ بکەین و ئەم دووانە لە یەکدی جیان و مافەکانیشیان جیاوازن. بۆ نموونە خەڵکی خۆجێی خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسن لە حاڵێکدا کە ڕەنگە ئەم مافە بە کەمینەکان نەدرێت.

ئەم ڕوانگەیە، ئەمڕۆکە ئەوەندە بڕەوی نییە و زۆربەی نووسەران و بیرمەندان، مافەکانی خەڵکی خۆجێیی لە چوارچێوەی مافی کەمینەکان دەخەنە بەر باس و بڕوایان وایە ئەم دووانە لە کرۆکدا هەر یەکێکن و جیاوازیی زوانی، ئایینی و ئایینزایی یان ڕەچەڵەکی ئەبێتە هۆی دروست بونی ئەم گرووپانە؛ ئەڵبەت جێگای ئاماژەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان کارگرووپێکی سەربەخۆی بۆ باسی مافی خەڵکی خۆجێیی دامەزراندووە و هەروەها ٢ ساڵ دوای پەسندکردنی جاڕنامەی مافی کەمینە نەتەوەیی، ڕەچەڵەکی، ئایینزایی و زوانییەکان لە ساڵی ١٩٩٢، پێشنووسی جاڕنامەی مافەکانی خەڵکە خۆجێییەکان و لە ساڵی ٢٠٠٧ خودی ئەو جاڕنامەیەی پەسەند کرد.

> **کێشەی سەرەکی و گرنگ لە بابەتی چینی سێهەمی مافەکانی مرۆڤ، ژمارە و جۆری ئەم مافانەیە واتا لە نێو بیرمەندانی ئەم بوارەدا، لە سەر ژمارە و چەشنی ئەم مافانە جیاوازیی بیرورا هەیە**

بە پێی ئەو پێناسانەی کە ئێمە ناچینە ناویانەوە، کورد ئەتوانێت وەکوو خەڵکی خۆجێییش چاوی لێ بکرێت و هەموو ئەو مافانەی هەیە کە لە جاڕنامەی مافەکانی خەڵکە خۆجێییەکاندا هاتووە، بەڵام وێڕای بەهێزبوونی ئەم بۆچوون و بیرۆکەیە ئێمە لەم وتارەدا شوێنی ئەو بۆچوونە دەکەوین کە ئەم دووانە وەکوو یەک چاو لێ دەکات و کوردیش وەکوو کەمینە دەناسێت و نە وەکوو خەڵکی خۆجێیی.

ئێستا کە ئێمە کورد وەکوو کەمینە چاو لێ دەکەین پرسیار ئەوەیە کە کورد کامە جۆری کەمینەیە؟

وڵامی ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک ئەستەمە بە هۆی ئەوەی کە هێشتاش لە زانستی مافدا و لە بەڵگە مافییە نێونەتەوەییەکاندا سنورێکی ورد لە نێوان جۆرەکانی کەمینە نەکێشراوە و پێناسەیەکی هاوبەش لێیان نەدراوەتە دەست.

بە پێی بۆچوونێک، کورد بە هۆی ئەوەی کە لە خاکی باب و باپیرانی خۆیدا دەژی، ناتوانێت وەکوو کەمینەی نەتەوەیی چاوی لێ بکرێت چونکوو کەمینە نەتەوەییەکان بەو کەسانە دەگوترێت کە سەرەڕای

ئەوەی ڕاژێری ئــەو وڵاتەیان هەیەکە تێیدا نشتەجێن، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی هاوبەشــیان لەگەڵ وڵاتێکــی دیکەدا هەیە. لێکترازان و پێکەوەنووسانی وڵاتەکان و کۆچ کردن، بەشــێک لە هۆکارەکانــی پێکهاتنی ئەم چەشــنە لە کەمینەکانە. بە واتایەکی تر ئەگەرچی ئەوان ئەمڕۆ ڕاژێری ئەو وڵاتەیان هەیەکە تێیدا نیشتەجێن بەڵام لەوانەیە باب یان باپیرانیــان ڕاژێری وڵاتێکــی دیکەیان هەبووبێ و هۆکارگەلــی جۆربەجۆر بووبێتە هۆی گۆڕانی ڕاژێریــان. هەبوونی کەمینەی لیتڤانیایــی لە ڕووســیا، کەمینەی ڕۆمەن و تورکی دانیشتووی یوگوسلاڤیا، کەمینەی بە ڕەگەز نەمســایی تایرلــی باشــووری ئیتالیــا و کەمینەی ئێرانیی دانیشــتوانی ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و کەنەدا و هەروەهــا کەمینەی پاکستانی و هیندیی دانیشتووی ئینگلەنــد، نموونەگەلێــک لــەو کەمینــە نەتەوەییانەن. (خاڵێکــی گرنــگ کــە دەبێ ئامــاژەی پێ بکرێــت ئەوەیە کە ئەو کەســانە لەبەر ئەوەی بۆخۆیان یان باب یان باپیریان، ڕاژێری ئەو وڵاتەیان بەدەســت هێنــاوە وا تێیــدا نیشــتەجێن، کەواتــە بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆچەر یان پەنابەر لەبارەی ئەوانەدا دروســت نیە). کەوا بوو بە پێی ئەم پێناسەیە، کورد ناتوانێت کەمینەی نەتەوەیی بێت و ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە کورد نەتەوە نییە بەڵکو کورد بە پێی پێوەرە سیاســییەکان نەتەوەیە بەڵام بە پێی پێوەرە مافییەکان کەمینــەی نەتەوەیی نییە؛ چون ئەو خاکەی تێیدا نشتەجێیە خاکی خۆیەتی و بە هۆی کۆچ یان دابڕان نەبووەتە کەمینە.

بەڵام بــە پێی بۆچوونێکی دیکە کەمینە نەتەوەییەکان تەنیا لە وڵاتانێکدا دروســت دەبن کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەر بنەڕەتی تایبەتمەندییەکانــی نەتەوەیەکــی تایبەتدا دادەمەزرێن واتا دەوڵەت بۆ خەڵکێک دروست بووە کە شوناســی بەکۆمــەڵ بوونی خۆی ناســیوە و ئەم دەوڵەتە فۆرم و بیچمی خۆی تەنیا لە تەک تایبەتمەندییەکانی خەڵکی ئەو نەتەوەیە گونجاندووە و هەر بەم هۆیەوە ئەم خۆگونجاندنە لە ســەر ئاستی هەموو خاکی وڵات و لەگەڵ هەمــوو کۆمەڵە خەڵکەکاندا پێک نەهاتووە و ئاکامەکەشــی بووەتە هۆی چێ بوونی کەمینە نەتەوەییەکان و لەوانەش کوردەکان لە ئێران و تورکیا و سوریا و ئێراق.

> هێشتاش لە زانستی مافدا و لە بەڵگە مافییە نێونەتەوەییەکاندا سنورێکی ورد لە نێوان جۆرەکانی کەمینە نەکێشراوە و پێناسەیەکی هاوبەش لێیان نەدراوەتە دەست

## کەمینــە نەتەوەییــەکان زۆرتــر لــەم بارودۆخانەدا دەژین

**١** لــە وڵاتێــک بێجگە وڵاتی خۆیان دەژیــن و هۆگرییان بۆ نەتەوەیەکی دیکە هەیە وەکوو ئەڵمانییەکانــی نیشــتەجێی دانیمارک.

**٢** مێژوو، زوان، داب و نەریتی ڕەسەن و بەردەوام و جیاوازیان لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی وڵات هەیە و تاقمی زاڵ بە شــوێن سڕینەوەی ئەم جیاوازییانەیە.

**٣** بــە ســوک و بێ ڕێز لێیــان دەڕوانن بە جۆرێک کە بە هۆی ئەم هەڵاواردنەوە گرژی و پێکدادان دروست دەبێت.

**٤** بە هــۆی ئــەم پێکــدادان و گرژییەوە خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆییان دەوێت.

کە وابــوو کورد لەم ڕوانگەیــەوە کەمینەی نەتەوەییــە و خاوەنی مافــی دیاری کردنی چارەنووســە و هەر بۆیە ئەتوانێت لە ســەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدار.

لە لایەکی دیکــەوە، کورد کەمینەیەکی ڕەچەڵەکی (قەومی یا نژادی)یە و توانیویەتی خــۆی وەکــوو کۆمەڵگەیەکــی جیــاواز لە

کۆمەڵگە ڕەچەڵەکییەکانی دیکە و ڕەچەڵەکە سەردەستەکانی بناسێنێت. ئەبێت ئەمەشمان لە بیر بێت کە کەمینەی ڕەچەڵەکی، خەڵکە خۆجێییەکانیش لە خۆ دەگرێت و هەر بۆیە کە بمانەوێت مافەکانی ئەم چەشنە کەمینەیە بناسین ئەتوانین لە جاڕنامەی مافەکانی خەڵکە خۆجێییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەسەندکراوی ٢٠٠٧، کەڵک وەربگرین کە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و ٤٦ مادە.

هەروەها کورد بێگومان کەمینەی زوانییە. هۆی دروست بوونی کەمینە زوانییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە و پشتگیریی ئەم دەوڵەتانە لە زوانێک وەکوو زوانی فەرمی و پشتگوێ خستنی زوانەکانی دیکە کە ئەم کارەش لە ڕێگای دوو میکانیزمەوە جێبەجێ دەکرا: یەکەم بەزۆری کردنی خوێندن بە زوانی فەرمی و ئەوی تریان بەجیهانی بوونی خزمەتی زۆرەملیی سەربازی.

خوێندن بە زوانی دایکی (برگەی یەکەمی پێشنیارنامەی لاهای لە بارەی مافی خوێندنی کەمینە نەتەوەییەکان) فێرکاریی سەرەتایی لە لایەن مامۆستایانی دوو زوانە (برگەی ١٢ی پێشنیارنامەی پێشوو)، دەرفەتی دامەزراندنی ڕێکخراوەگەلی فێرکاریی زوانی کەمینەیی (برگەی ٤ی پێشنیارنامە)، هاندانی زۆرینەکان بۆ فێربوونی زوانی کەمینە(برگەی ١٩ی پێشنیارنامە)، مافی بەکارهێنانی زوانی کەمینە لە فەرمانگە گشتی و تایبەتییەکان(ناوخۆییەکان)، (برگەی ٣ی ڕەشنووسی کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە کەمینەکان و کۆمەڵە نەتەوەیی و ڕەچەڵەکییەکان)، مافی بەکارهێنانی زوانی دایکی لە هەمبەر بەرپرسانی کارگێری و دادوەری (برگەی ٢٠ی ڕەشنووسی ئاماژە پێ کراو و هەروەها برگەی ١٤ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ژیاری و سیاسییەکان) و مافی جاڕدانی زوانی کەمینەکان وەکوو زمانی فەرمی لەو شوێنانەی کە ئەژماری کەمینەکان زۆرترە (برگەی ٢٠ی ڕەشنووسی ئاماژەپێکراو)، نموونەی ئەو مافانەن کە بۆ ئەم چەشنە کەمینەیە ڕەچاو کراوە.

وێڕای ئەم مافە تایبەتییانە، کەمینەکان بە گشتی و بێ لە بەرچاوگرتنی چەشنەکەیان خاوەنی ئەم مافانەی خوارەوەن: مافی یەکسانی لەگەڵ زۆرینە، مافی بەهرەمەندی لە خوێندن بەپێی تایبەتمەندییە کەمینەییەکان، مافی پێوەندی لەگەڵ کەمینەکانی تر، مافی بەشداری لە بەڕێوەبردنی هەرێمی خۆیان، مافی دان بەخۆداگرتن و هەڵکردن، مافی بەهرەمەندی لە ژینگەی پاک و خاوێن، مافی یەکسان بوونی دڵخوازانە لەگەڵ زۆرینەی حەشیمەتی وڵات، مافی هەبوونی مێدیا و بەرنامە ڕادیۆییەکان، مێدیا بە زمانی خۆیان و بە پێی تایبەتمەندیگەلی کەمینەکان و هتد.

ئێستا کە بۆ ئێمە ڕوون بوویەوە کورد دەتوانێت هەم وەکوو کەمینەیەکی نەتەوەیی و هەم وەکوو کەمینەیەکی زوانی و هەمیش وەکووکەمینەیەکی ڕچەڵەکی یان خەڵکی خۆجێیی چاوی لێ بکرێت و وەکوو کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە تاکەکانی، خاوەنی مافەکانی خۆیەتی کە بە مافەکانی بەرەی سێهەم یان مافی هاوپەیوەندی ناوبانگیان هەیە، پرسیارێکی گرنگ کە دێتە ئاراوە ئەوەیە ئایا مافی جیابوونەوەی تاکلایەنانە و بەرپەرچدانەوەی ستەمکاری لە ڕێگای دەست بردن بۆ چەکی هەیە یا نا کە ئەمە لە دووتوێی وتارێکی دیکەدا وڵام دەدەینەوە.
درێژەی دەبێت.

## پەراوێزەکان

1. claim-right
2. duty
3. liberty-right
4. Power-right
5. immunity-right

# ڕاسان و ڕێ
## «مەنتاڵیتێتی حەوتەوانە»

**ئەفراسیاب گرامی**



**ئاماژە**

مەنتاڵیتێتیی حەوتەوانە، جیا لەوەی کە لە ڕووی زمانییەوە و بۆ زیاتر ئاسانکاریی دەربڕین هێنراوە، وتارێکی تایبەتە کە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی نوێی ڕاسان بە پێویستی دەزانم. ڕێتۆریکی سیاسیی حیزبی دێموکرات دەوڵەمەند و هەڵگری دەیان تیۆریی سیاسییە. ئەوەی لە مەنتاڵیتێتی حیزبی دێموکراتدا جێگای گرتووە، زەرفییەتی دێموکراسییە کە دەتوانێ بونیادنەری کولتووری دێموکراتیک بێ.

## کورتەی باس

بیر، هزر و تێرامانی مرۆڤ لە زماندا ڕوو ئەدات و زمان مەنتاڵیتێتی دەسەڵات و ئایدۆلۆژی پێک دەهێنێ. (R. Wodak 1989)کەواتە یەکێک لە نیشانەکانی دەرکەوتنی هەموو بزووتنەوەیەک، بە سیمبۆل‌کردنی زمان و دەربڕینی سیاسییە کە دەتوانێ چەمک و دەستەواژەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ بکاتە سیمبۆلی ڕامان و لێوردبوونەوە. لەم وتارەدا بە کەڵک وەرگرتن لە سیمبۆلی زمانی، خوێندنەوەیەک بۆ بزاڤی «ڕاسان» وەک خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات دەکەین و زەینی خوێنەر بۆ بە مانیفێست‌کردنی ڕاسان ئامادە دەکەین. پاشان ئاوڕێک لە ڕێتۆریکی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە نێوان دوو ڕوانگەی ڕابردووبینی (retrospective) و ئایندەبینی(prospective) ئەدەینەوە. ڕابردووبینانە بەو واتایە کە ڕووداوەکانی مێژوو بە شێوەیەکی دراماتیک کاریگەریی لەسەر دۆخی ئێستا و داهاتوو هەیە و بە شێوەیەک کە هەموو بزاوتێکی کۆمەڵایەتی ڕیشەی لە مێژوودا هەیە و بە شێوەیەکی هێڵی کرۆنۆلۆگی ڕووداوەکان لە ئێستادا دەخوێنێتەوە. ڕوانگەی ئایندەبینانە هێڵێکی جاڵجاڵۆکەیی هەیە و بەو واتایەیە کە مێژوو و ئێستا چ چاوەڕوانییەکی لە بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، چۆن لە واقعییەتی ئەمڕۆ و داهاتوو دەڕوانێ و پێی وایە داهاتوو چەقی بیرکردنەوە و تێرامانە.[١] بۆ ئەو مەبەستەش حەوت کۆڵەکەی سەرەکیی هەر بزووتنەوەیەکم دیاری کردووە کە بە مەنتاڵیتێتی حەوتەوانە ناودێرم کردووە. مەنتاڵیتێتی حەوتەوانە بریتییە لە: «ڕامان (ڕێتۆڕێکی سیاسی)، ڕابردوو(شوناس و مێژوو)، ڕابوون (خودئاگایی وەک ئاخێزگەی بیری نەتەوەیی)، ڕاپەڕاندن (ڕێکخستن و سازماندەهی)، ڕایەڵە (تۆڕی پێوەندیی و ڕاگەیاندن)، ڕابەر (مودیرییەت و بەڕێوەبەریی) و دواجار ڕاسان (بزووتنەوەی شاخ و شار)» کە بزووتنەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێناسە ئەکات. هاوکات لەگەڵ ئەم حەوت چەمکە ناسراوە بۆ بزووتنەوەی «ڕاسان»، ئاماژەیەکی کورت بە چەمکی «دێموکراسیی قووڵ»[٢] ئەدەینەوە کە د.قاسملوو لە دوایین ساتەکانی تەمەنیدا ئاماژەی پێ‌کردووە. «دێموکراسیی قووڵ»، دێموکراسییەکی هەمە لایەنەیە کە بە تیۆری «شاخی سەهۆڵین»یش ناودێر کراوە. وەک چۆن شاخێکی سەهۆڵین تەنیا لوتکەکەی لە ناو ئاودا دیارە و شاخێکی گەورەی سەهۆڵیش لە ژێر ئاوەکەدایە، سیستەمی «دێموکراسیی قووڵ»، سیستمێکی بەڕێوەبەریی هەیە کە ئێمە تروپکی بەڕێوەبەرییەکە دەبینین، بەڵام کۆنترۆڵ، گەشەکردن و پەروەردەی سیستەمەکە لە قووڵاییی خەڵک و ژینگەی کۆمەڵایەتییدایە. پرێنسیپەکانی دێموکراسیی قووڵ، لەسەر بنەمای «دڵنیاییی خەڵک بە دەسەڵات و دەسەڵات بە خەڵکە، هەروەها بەرپرسیارێتیی دەوڵەت لەبەرامبەر مافی خەڵک و خەڵک لەبەرامبەر ئەرکدا» دامەزراوە. لەم ڕوانگەیەوەیە کە مەنتاڵیتێتی حەوتەوانەی»ڕاسان»، پشتی بە سەرمایە سیاسی و ئینسانییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتەوە بەستووە و پێی وایە کە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە جەماوەری خەڵک بە کۆی پێکهاتەکانیەوە ڕایدەپەڕێنێ.

## ڕامان یان ڕێتۆریکی سیاسی

ڕامان، بیرکردنەوە لە چالاکییە بنەڕەتییەکانی مێشکی مرۆڤە کە لەوەتەی مرۆڤ بیر و فامی کردۆتەوە و گەیشتۆتە ئاستی ناسین و تێگەیشتن، بەردەوام بووە و گەشەی کردووە کە لە مێژوودا بە شۆڕشی کۆگنەتیف[٣] یان ناسین ناسراوە. لێرەدا مەبەست لە ڕامان، ڕامانی سیاسییە کە بیاقی سیاسەت ئەگرێتەوە و چالاکانی سیاسیی کورد دەخاتە بەردەم پرسیارێکی ڕێتۆریکەوە کە ڕامیاری

هەڵگری چ پێناسەیەکە لە پانتاییی سیاسەتی کوردیدا؟

ڕێتۆریک یان هونەری گوتاربێژی یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی زانست، سیاسەت و کۆمەڵایەتیبووونی مرۆڤە کە لە سەردەمی یونانی کەوناراوە گۆڕانکاریی گەورەی لە بیاڤی سیاسەت و کۆمەڵگادا پێکهێناوە. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت چ وەک بیاڤێکی گەورەی زانستی و چ وەک بیاڤی چالاکیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، یەکێک لە چەمکە ئاڵۆزەکانی ژیانی مرۆڤە کە بەشێکی گەورە لە زانستە مرۆڤایەتییەکانی گرتۆتەوە و شوێندانەریی لەسەر کۆی ئاڵوگۆڕەکانی ژیان هەیە. ئاڵیانسە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێ سیاسییەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە دەسەڵاتەوە هەیە. لێرەدایە کە چەمکی دەسەڵات هەم فیزیکییە و هەم مەنتاڵ (زەینی).

لە ئێنسکلۆپێدیای ئانلاینی نەرویژیدا سیاسەت بە واتای چالاکییەک هاتووە کە مودیرییەت و ڕێبەریی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا دەکات. مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە کۆی ئەو چالاکییانەی کە کۆمەڵگایەک بەرەو پێش دەبات یان ئاراستە دەکا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕامان و بیری سیاسییەوە هەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە ژنان یەکێ لەو توێژانە بن کە سیاسەت لای ئەوان نامۆ بێ، بەڵام خودی کەرەستە، ئادابی جوانکاری و ساڵۆن و کلینکەکانی جوانکاریش پشتی بە سیاسەتەوە هەیە کە دەوڵەتێک بۆ دابین کردنی ئەو کەرەستانە، سیاسەتگوزاریی خۆی هەیە. کەواتە لە نان خواردنی ئاسایی هەتا ڕامان و بیری سیاسی، پێوەندیی بە دنیای سیاسەت و گۆڕانکارییەکانییەوە هەیە. ئەم گۆڕانکارییانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بەردەوام لە گۆڕاندان و بێگومان کۆمەڵگەی جیهانیش بازنەیەکی گەورەی شوێندانەریی هەیە، بەتایبەت کە گلۆبالیزم ئاوێتەبوون و تێکچرژانێکی گەورەی هێناوەتە ئاراوە(Dag n.d).

ڕێتۆریکی سیاسی، نوێنەرایەتیی ئایدۆلۆژی دەکات. ئایدۆلۆژی بە مانا گشتییەکەی سیستەمی تێگەیشتنە کە مرۆڤ لە جیهانی دەوروبەری خۆی دەڕوانێ و ئەیهەوێ خەونەکانی لە دنیای ڕاستەقینەدا و لەو چوارچێوەیەدا بهێنێتە دی. لە ئەدەبیاتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانگەی مارکس بۆ چەمکی ئایدۆلۆژی، واتای ئایدۆلۆژی زیاتر وەک چەمکی ڕێکخەری سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێکدراوەتەوە کە زۆرجار نێگەتیڤ و ڕووخێنەر بووە یان بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕادیکاڵ و بەرتەسک کردنەوەی جیهانبینیی مرۆڤ لە قەڵەم دراوە. بەڵام بە تێگەیشتنێکی دیکە، ئایدۆلۆژی بریتییە لە سیستەمێک کە ئایدیا و ڕوانگە هاوبەشەکان پێکەوە ڕێک دەخات کە بتوانن مۆتیڤەیشن (ئەنگیزە)ی کۆمەڵایەتییان پێکەوە بەهێز بکەن و گەشەی پێ بدەن(Øyvind 5.ut-gave.2014).

لە ناو ئەم پێوەندییە ئاڵۆزانەی سیاسەتەوە کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە دەسەڵات و حاکمییەتەوە هەیە، خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لە ژێر ناوی «ڕاسان»، چالاکییەکی نوێی سیاسییە کە هەڵگری مانیفێستێکی سیاسییە و بۆ چارەسەرکردن و بە ئەنجام گەیاندنی پرسی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە ئاراوە. هەر جووڵە و بزاوتێکی سیاسی، خاوەنی شوناس و گوتاری سیاسیی خۆیەتی و دەکرێ کۆمەڵگایەک بجووڵێنێ، گەشە پێ بدات یان بەرەو دارمانی ببات.

ڕامان و ڕێتۆریکی سیاسیی حیزبی دێموکرات، بە وردبوونەوە لە ئەزموونەکانی دێموکراسی لە جیهاندا، لە سەر سێ بنەمای پرسی نەتەوەیی، دێموکراسی و سۆسیالیزمی

دیموکراتیک دامەزراوە کە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ بناخە و جەوهەری ڕێتۆریکی سیاسیی حیزب پێک دەهێنێت. لەم پێوەندییەدا سێ چەمکی دەوڵەت، نەتەوە و دیموکراسی هاوپێوەندییەکی قووڵیان پێکەوە هەیە و ناوەندی پەرەسەندنی سیاسییەکانن.(Aarebrot 2014) هەڵخزان بەرەو دیکتاتۆری ڕەگ و ڕیشەی دیموکراسی هەڵدەتەکێنێ و هەر سێ چەمکەکە ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەکەنەوە.

## شار و ئوربانیزەیشن[۴]

شار ناوچەیەکی جوگرافیاییی بەرینتر لە گوندە کە لە ڕووی تەونی کۆمەڵایەتییەوە ناوەندی پێکەوەژیان، بازاڕ، تەکنیک، کولتوور و زۆرجاریش ناوەندی ئیدارە، ڕاگواستن و پێوەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە. لە جیهانی مۆدێرندا شار ڕۆڵی گەورەتری لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە و ناوەندی گۆڕانکارییە گەورەکان بووە (Peter 20. februar 2018).

لە ناو هێماکانی هێرۆگلیفیی میسری کۆندا شار هێمایەکی بازنەییە و هێڵێکی وەک خاچ لەگەڵدا هاتووە. هێڵەکان هێمایە بۆ هاتوچۆی زۆری خەڵک، بیر و باوەڕی جیاواز کە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، هەروەها ڕێگا و بان کە پێداویستییەکانی ژیانی تێدا پەیدا دەبێ. بازنە نیشانەی سنووری شارە کە دەکرا دیواری قەڵا، یان ڕووبار یان خەندەقێ بوایەت بۆ پاراستن و جیاکردنەوەی شار لە دەورووبەری خۆی. ئیستاکەش لە زۆربەی ئاسەوارە مێژووییەکان نیشانەی قەڵا، حەسار، دیواری گەورە و خەندەقی قووڵ ماوەتەوە. (Peter 20. februar 2018).

سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم، سەدەی گۆڕانکارییە گەورەکان لە ئاستی گەشە و پەرەسەندنی شارەکان بوو. شۆڕشی پیشەسازی، توانی هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی وەک شەڕ و داگیرکاری کەرەستەی خاو، تەندروستی و بارودۆخی ژیانی خەڵک بگۆڕێ و ڕێژەی مردن کەم بکاتەوە کە بووە هۆی شۆڕشی حەشیمەتی و زۆربوونی لە ڕادەبەدەری شار و گوندەکان و تێکچڕژانی حەشیمەتی کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا بە ئوربانیزەیش ناوزەدکراوە. ئوربانیزەیش شارەکانی لە یەک ملوێن بۆ بیست تا سێ ملوێن تێپەڕاند کە ئەمڕۆ بە مێگا شار[۵]ەکان بەناوبانگن. شار ئێستا بۆ خۆی نەتەوەیەکە و جمووجووڵەکانی شار، پێناسە گەورەکانی کۆمەڵناسیی ڕووبەڕووی پرسیاری گەورەی داهاتووبینانە کردۆتەوە (Aarebrot 2014).

لە کوردستانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم حەشیمەتی شارنشینی کورد ڕووی لە زیادبوون کرد کە دەتوانین بڵێین بە سێ هۆکاری گشتیی وەک شەڕ و نائەمنی، دابین‌کردنی بژێوی ژیان و نەبوونی ئینفراستراکچێر لە گوندەکان، خەڵکی بە زۆری ڕوویان لە شارەکان کرد. مەبەست لە ئینفراستراکچێر[۶] یان ژێرخانی شار کە بریتیە لە دابین بوونی: تەندروستی، نشتەجێ بوون، ڕێگاوبان، ئاو و ئاوەڕۆ و ... هەتا دوایی. بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکان لە شاردا و کولتووری شارنشینی، هەوایەکی تازە و خوێنێکی تازەی هێنایە کۆمەڵگای کوردییەوە. ناوەندەکانی خوێندن، تەندروستی، فەرهەنگی و ئابووری لە شارەکاندا گەشەیان کرد. لە هەمان کاتدا ئەم گەشەکردنە لە هەموو ئاستەکاندا بوو بە ژێر تەوەژمی بیری فاشیستییەوە. گەشەی سیاسیی شار لە ژێر هێژمونی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا چ لە ڕێگای سیاسەتی نەرمەفزاریی پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕاگەیاندنەوە، چ لە ڕێگای سیاسەتی سەختەفزاری و کاول کردنی ژینگەی ئینسانی و سروشتی کوردستانەوە، پرۆژەی گەورەی ئاسمیلەکردن و توانەوەی

کوردیان ڕەچاو کــرد و گەورەترین هۆکاری بەتاڵان بردنی سەرمایەی سیاسی و ئینسانیی کورد بوون.

## شاخ

مــرۆڤ بوونەوەرێکــی کۆمەڵایەتییــە، لەبەر ئەوەیە کــە هەمــوو زیندەوەرێــک پێکەوە بــە بچــووک و گــەورەوە، دوور و نزیــک و تایبەتمەندییەکانی ژیانی لەسەر زەوی دەژی. بە گەشتێک بە ناو دنیای ئەنترنێتدا دەزانین کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ســەدان و هەزاران جیاوازی و فرەچەشــنی تێدایە. بەڵام فرۆید گوتەنی: «هیچ کات لەبیــر مەکەن کە ئێمە حەیوانێکیــن». لە ڕوانگەی بیۆلۆژییەوە، ئێمە ســلوول، ئەنــدام و ئۆرگانیزمێکی زیندووین وەک هەموو گیانلەبەرانی دیکەی سروشــت. هەڵکەوتــە و پێگەیشــتووی سروشــتی دیاریکراوین و سروشــت بەشــێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیــی ئێمە کە ناومــان ناوە: «دایک، ماڵەوە، نیشتمان». (Fuggeli 2010) سێسەد ساڵ پێش، مۆنتســکیۆ پێی وابوو کە مرۆڤ و کۆمەڵــگا دروســت کــراوی سروشــت و کەشــوهەوایە (Aarebrot 2014).کاتــێ لــە گەورە نووســەری کلۆمبیایی، گابریل گارسیا مارکیز دەپرســن «حەزت لــە چ ڕەنگێکە؟»، ناڵێ شین، سوور یان ڕەنگێکیتر. ئەڵێ: ڕەنگی زەریای کارائیب پاش کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ کە خۆر مەیلی درەوشانەوەی هەیە». گەرمیی ســەحرا و بیابان، شــاخ و دۆڵ و دەشــت، کەناری بەحر و دوڕگە، ژیانی سەر سەهۆڵ و کوێستانەکان هەر هەموو مرۆڤ و کولتووری مرۆڤی پێکەوە ڕێکخســتووە و بەشــێکن لە مەنتاڵیتێتــی ئێمەی مرۆڤ. مرۆڤ لە ڕێگای مێکانیســمەکانی مێشــکەوە، وێنــەکان لە داڵیتەکانی مێشکیدا تەتەڵە و ڕاڤەی دەکات، ســێمبۆل و وێنای نوێی پێ دەبەخشــێ بۆ ئەوەی هەستەکانی داڵدە بدات. لەبەر ئەوەیە هەست لای مرۆڤ لە هەستە بنەڕەتییەکانی وەک: تووڕەیی، خۆشحاڵی، ترس و وەحشەت، شــەوق، دڵتەنگی، شــەرم و بێزاری» زۆرجار دەکوڵــێ و زۆرجاریش دادەمرکێتەوە. کەواتە هەمــوو تابع (Function)کانی هەســت لای مێشــکە و مێشــکیش پەروەردەی سروشتی دەوروبەریەتی.هارمۆنیــای مەنتاڵیتێتی مرۆڤ و سروشت ئەو جوانیناسیەمان پێ دەبەخشێ و دابــڕان لــەو هارمۆنیایــەش، هەڵبــڕاوی لە شووناســە کە ڕیشــەی لە پێگەیشــتنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدایە(Finn 1999).

سروشــت بــۆ مــرۆڤ تەنیاژینگــەی کۆمەڵایەتــی نیــە، بەڵکــوو بەشــێکە لــە ژیۆپۆلیتیک. چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستاشــدا تیۆرییەکانی ژیۆپۆلیتیــک گرینگیی زۆریان بــە جوگرافیا و سروشــت داوە و بونیادەکانی سیاســەت و دەســەڵاتیان ڕاڤە کــردووە. لە ســەردەمی ڕۆمانتیکــی ئورووپادا سروشــت هەوێنی خەونە گەورەکانی بە نەتەوەبوون بوو و گەڕانەوە بۆ سروشــت بە لەدایکبوونێکیتر وێنا دەکرا. چ لــە ئەدەبیات و چ لە هونەردا، ڕۆمانتیک ڕووی لە سروشــت و گەڕانەوە بۆ سروشت بوو.[٧]


لە باری ژیۆپۆلیتیکیشــەوە، کوردســتان مەڵبەندێکی ســەخت، شاخاوی و سەرکەشە. خەڵکی کوردســتان لە ئــاوەدان کردنەوە و پێکهێنانــی ژیــاری شــاخ و دۆڵەکاندا ڕۆڵی گەورەیان هەبــوو و تەونــی کۆمەڵایەتییان چنیــوە. بەری بووم و زەوییــان هەڵگرتووە و تفاقی ساڵانەی خۆیان ڕێکخستووە و بە گشتی دەتوانین بڵێین سیســتمی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیــی تایبەتــی و جیــاواز وەهای کردووە کــە خاوەنی کولتوورێکی تایبەت بن لە نیشتمانی خۆیاندا. هەروەها دەیان گەڕیدە و نووسەری بەناوبانگی ئەورووپایی و ڕووسی، کولتــوور و ژیانی کۆمەڵایەتیــی کوردیان لە ڕووی سروشتی کوردســتانەوە خوێندۆتەوە. لەم ڕوویەوەیە زاگرۆس تەنیا زەنجیرە شــاخ نیە، بەڵکــوو بزواتێکی کولتــووری، ئابووری

و کۆمەڵایەتییە کە دانیشتوانی مەڵبەندی زاگرۆس و شاخەکانی کوردستان تێیدا پەرەیان ئەستاندووە.


خوێندنەوەی بزووتنەوەی نوێی «ڕاسان» ، چ لە باری کردارییەوە و چ لە باری ئەندێشەی سیاسییەوە، هەڵگری پاشخانێکی قووڵی مێژووییە کە ئەیهەوێ کۆمەڵگا لە «شار و شاخ» پێکەوە هاوکات بجووڵێنێ. لێرەدا شاخ بەو مانایە کە «کولتووری سیاسیی شاخ» بۆ کورد هێمای پشت و پەنا و ژیۆپۆلتیکی سەخت هاتووە و پێوەندیی کورد لەگەڵ شاخ پێوەندییەکی مێژووییە. بۆ نموونە «تەنیا چیاکان دۆستمانن» و «قەندیل تەنیا شاخ نیە، بەڵکوو شوناسە» دوو سیمبۆلی گەورەی زمانیی ناو بزووتنەوەی کوردی لە هەموو بەشەکاندا بووە. بەڵام «شار» دەستەواژەیەکی نوێیە لە ناو بزووتنەوەی سیاسیی کورددا. شار ناوەندی پێوەندییە سیاسییەکانە کە لە ڕوانگەی ماکرۆپۆلیتیکەوە، ناوەندی بڕیار و گۆڕانکارییە گەورەکانە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵات و دەوڵەتدارییەوە هەیە. لەم ڕووەوە کە شار بۆتە قووڵایی ئیستراتێژیی حیزبی دێموکرات و دەرخستنی تواناکانی چ لە بواری هەڵبڕینی دەنگی نارەزایەتی، خۆپیشاندانی جەماوەری و چ لە ڕووی پەل هاویشتن و ڕیشە داکوتان لەناو بزووتنەوە ورد و ئاسۆییەکانی شار کە ڕێکخراوە مەدەنییەکانن. لەبەرامبەردا شاخ پەراوێزە و جیا لە مەڵبەندی پارتیزانی و تێکدانی دۆخی گشتی، زیاتر ئینقلابی و شۆڕشگێڕییە. بۆیە ڕاسان ڕاستەوخۆ ئەیهەوێ کۆمەڵگا لە هەموو ئاستەکاندا بجووڵێنێ و ببێتە بەشێک لە جوڵەی ماکرۆپۆلیتیک.

## ڕابردوو، شوناس و مێژوو

کنووت هامسون، گەورە نووسەری نەرویژی دەڵێ: «ناکرێ مرۆڤ خەڵکی هەموو شوێنێ بێ، هەر مرۆڤێ دەبێ لە ماڵێکەوە هاتبێ». (Fuggeli 2010)مێژوو بە ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤدا دەگەڕێ و شووناسی تایبەت بە خۆی دروست دەکات. مێژوو تەنیا حەکایەتی ڕابردووەکان و خوێندنەوەیان نیە، بەڵکوو مرۆڤ بەشێکی لە ڕابردوودا دەژی. لە ڕوانگەی کۆگنەتیڤەوە، مێژوو شووناسە و هیچ




**وێنەی یەکەم بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە شوناس**



**وێنەی دووهەم بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە شوناس**

پێشکەوتنێک بە بێ ڕابردوو و پێشبوارەکانی، نەیتوانیوە گەشە بکات. شوناس هەم تاکەکەسی یان ئیدیڤێدواله و هەمیش گشتی یان کۆلەکتیڤە کە شوناس لە ناو جەغزی پێکەوەژیان و پێکەوەگەشەکردنی مرۆڤەکان لە ڕەوتی بزاوتێکی مێژوویی‌دا دروست دەبێ. شوناس واتە تێگەیشتنی تاک یان کۆمەڵ لە خۆی و جیاکردنەوە و تێگەیشتن لەوی دیکە. ئەگەر بڕۆینە بەردەم ئاوێنەیەک و سەیری کەسایەتیی خۆمان بکەین، کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتی دێتە بەردەممان وەک: پیاوم یان ژن، منداڵم یان گەنج یان پیر. جوانم یان ناشیرین ... هەتا دەگاتە ئەوەی کە کێم ؟ لە کوێ ئەژیم و ئەمەوێ کێ بم؟



**وێنەی سێهەم**

هاوكات، شوناسی سیاسی بریتیە لە ڕێكخستنی هەست، ئەرزش و بەها، حەز و ڕامانی هاوبەشی گرووپێک کە دەتوانێ لە چوارچێوەی نەتەوە، کۆمەڵ یان گرووپێکدا خۆی پێناسە بکات. بۆ نموونە، شوناسی نەتەوەیی هەڵگری تایبەتمەندی و پرسی نەتەوەییە، یان شوناسی بزووتنەوەی کرێکاری مشووری مافەکانی کرێکار دەخوا و هەروەها کۆمەڵێک شوناسی جیاواز کە پێوەندیی بە شوناسی ئێتنیکی، دینی و ڕەگەزی و هەتا دواییەوە هەیە. لەبەر ئەوەیە کە چەمکی شوناس لە چەقی خوێندەوەکانی زانستی کۆمەڵناسانەدایە و بەردەوام بەڕۆژ دەبێتەوە. (Anderson 1983).

پێر فووگلی، پرۆفیسۆر و دەروونناسی بەناوبانگی نەرویژی، لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا، «Nokpunktet (خاڵی نێونجی)»دا نەشونمای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە حەوت بەستێندا کە بە «7flokkene» ناودێری کردووە. سێهەمین فلۆکی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی ناودێر کردووە کە مرۆڤ لە ژینگەی کۆمەڵی خۆیدا و بە شوناسی تایبەت بە خۆیەوە گەشە دەکات. پێی وایە شووناس DNA کۆدی ئۆرگانیزمێکی گەورەی وەک کۆمەڵگەیە کە دەکرێ و دەبێ لە تاک بە تاکی سلوولەکانی کۆمەڵدا بگەڕێ و ڕیشەی لە ناو کولتوور و زمانی کۆمەڵدا هەیە، ئەگەر وا نەبێ تووشی شێرپەنجە ئەبێ. (Fuggeli 2010). لە سۆنگەی ئەم ڕوانگەیەوە، هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە توانیویانە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بهێننە دی، خاوەنی ڕیشەی کۆمەڵایەتیی قووڵ بوون کە بە پێی ڕەوتی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانی مێژوو گەشەی ئەستاندووە. هاوکاتیش هیچ بزووتنەوەیەکی بێ ڕیشە لە کۆمەڵگادا سەرکەوتوو نابێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەو کۆمەڵگایەوە پێوەند ناکرێ. ئەزموونی گەورەی مێژوو، بیری مارکسیزم بوو کە نەک نەیتوانی لە ڕووسیەدا گەشە بکات ، بەڵکوو بووە مایەی دواکەوتوویی و دیکتاتۆرییەکی بێ وێنە لە مێژوودا کە مارگرێت تاچەر لە وتارێکی بەناوبانگی خۆیدا وتی: «کۆمۆنیزم لە ڕووی ئەخلاقی، سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە مایەپووچ بووە».

فەلسەفەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کورد لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، خاوەنی شوناسی خۆیەتی و خوێنێکی زیندووە کە بەردەوام بە ئۆرگانیزمی گەورەتر وەک نەتەوەدا دەگەڕێ. بەو واتایە کە لە پێش مێژوو تا دەگات بە ئەمڕۆ کورد خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی، زمان، کولتوور، خاک، نیشتمان و ئابووریی هاوبەش بووە. هاوکات سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مۆدێرنی سیاسی ـ نەتەوەیی کورد لە دووسەدساڵی ڕابردوودا، جیا لەوەی کە وەرچەرخانێکی مێژوویی بووە لە پێناو دامەزرانی دەوڵەتی کوردیدا، ژیانەوە و نەشوونمای شووناسی مێژوویی کورد بوە. لەبەر ئەوەی جەوهەری نەتەوەییبوون تەنیا ناسین و خۆناسین نیە، بەڵکوو پێگەیشتن، پێکەوەژیان و ژیانەوەیە لەگەڵ هەموو ساتەوەختەکانی ژیان و بزاوتە مێژووییەکاندا. لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلای نەهرییەوە بگرە تا دامەزرانی کۆماری کوردستان، دواجار هەرێمی کوردستان و بزووتنەوەی نوێی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ئەم خوێنە زیندووە دەگەڕێ.

## ڕابوون

کنووت هامسوون لە باسی ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی خۆی بە ناوی «برسیەتی»دا دەڵێ: «ئەم ڕۆمانەم باس لە ڕۆحێکی بێ ئاگای مرۆڤ دەکاو ڕووناکیم خستۆتە سەر هەموو کون و قوژبنە نهێنییەکانی مێشکی مرۆڤ». لای هامسوون پێویستە چەکوشکاریی مێشکی کۆمەڵ بکرێ بۆ ئەوەی ڕۆحێکی تازە لەدایک بێ. ئەو برسیەتیی تەنیا بە

مانا فیزۆلۆژی و جەستەییەکەی نەهێناوە، بەڵکوو برسیەتیی بە واتای برسیەتیی ڕۆح، برسیەتی لە پێناو سەرکەوتن و برسیەتی لە پێناو گەیشتن بە لووتکەدا هێناوەتەوە (Rot-tem n.d.). لێرەدایە کە ڕابوون گرێ دراوی ئەو چەمکەیە کە دەبێ چەکوشکاریی مێشک و زەینی مرۆڤی کورد بکرێتەوە بۆ لە دایک بوونێکی‌تر و هەستانەوە.

وشەی ڕابوون لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا ـ بەتایبەتی خاڵ و هەنبانەبۆرینە ـ بە واتای بێداری، هەستان و چاوکردنەوە هاتووە کە مرۆڤ دەگاتە دۆخی هۆشیاری. مرۆڤ لە خەودا هۆشیار نییە و ناتوانێ ئاگای لە دەورووبەری خۆی هەبێت، کەواتە ڕابوون، هەستان لەو دۆخەیە. ڕابوون و بەئاگابوونی لاشەی مرۆڤ کاتێکە کە مرۆڤ بە هۆکارەکانی دەورووبەری و ئەو چالاکییە زەینییە کە ڕوو دەدات، بە ئاگادێتەوە و خاوەنی وشیاریی خۆیەتی کە بە دوو هۆکاری سەرەکی مرۆڤ دەگاتە هۆشیاری: هۆکاری فیزۆلۆژیکی کە مرۆڤ خاوەنی تەندروستی بێ و ئۆرگانەکانی وەهۆش هاتنەوەی بە باشی کار بکات و پێویستە پشووی دابێ و ئامادەی جموجۆڵەکانی بێت. هۆکاری مەنتاڵ یان زەینی کە پێوەندیی بە دۆخی دەروونیی مرۆڤەوە هەیە. لە دۆخی ستریس، دڵەڕاوکێ و قەلەقیدا نەبێت و ئامادەی ڕامان و بیرکردنەوە بێ. گرێدان و پێوەندانی ئەم دوو هۆکارە، مرۆڤ دەخاتە قۆناخی ناسین یان کۆگنێتیڤەوە (Hassel n.d). (Finn 1999.)

لە فەرهەنگی سیاسیدا، ڕابوون چەمکێکی بەرینترە کە هەڵگری پێناسەیەکی کۆمەڵناسانەیە. کۆمەڵگایەک چاو دەکاتەوە و دەگاتە ئاستی هۆشیاری. هۆشیاریی کۆمەڵگا بریتییە لە پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ڕابوون، فانکشێنێکە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. واتە کۆمەڵگایەک یان نەتەوەیەک دەگاتە ئاستی خودئاگایی و بیر لە چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی دەکاتەوە. بە پشتبەستن بە تیۆریەکانی کۆمەڵناسی، هیچ بزووتنەوەیەک بە بێ خودئاگایی، ناسین و هۆشیاریی پێویست، ناتوانێ ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی بپێوێ و بتوانێ وڵامدەری پرسە کۆمەڵایەتییەکان بێت. ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە ڕابوون و هۆشیاریی ئێمە، پێوەندیی بە ناسینی جیهانی دەورووبەر و خوێندنەوەی دوورمەودا، بە مشوور بوون و دەستوبردبوونەوە هەیە. کەواتە غافڵ بوون لە جیهانی دەورووبەر و گۆڕانکارییەکانی، بێهۆشی و بێ‌ئاگایی دێنێت. واتە گلۆباڵ بیر بکەینەوە و لە پەراوێزی هەموو شوناسە دژبەیەکەکاندا، شوناسی خۆمان بە پێی ناوچە و لۆکاڵ بەڕۆژ بکەینەوە.

## دێموکراسیی قووڵ یان شاخی سەهۆڵین


هەر کۆمەڵێکی زیندەوەر چ ئینسانی و چ حەیوانی، پێویستی بە ڕێکخستنی دەزگایەکی بەقا و تەنزیمی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە کە گەشە بکات و پەرە بستێنێ. ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە پێی بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. نە دەتوانین بە سیستەمی نیاندرتاڵی بژین و نە دەشتوانین لە پێشەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بژین. بالانس و ڕێکخستنی باشترین شێوەی ژیان کە حەسانەوە و دڵنیایی بداتە کۆمەڵ و مرۆڤ، بایەخی ڕۆژگاری خۆی هەیە.

تیۆریی شاخی سەهۆڵینی دێموکراسی، یەکێک لەو تیۆریە بە دەگمەن ناسراوەکانی دێموکراسییە کە پێویستە خوێندنەوەی تایبەتی و قووڵتری بۆ بکرێت. د.قاسملوو لە دوایین وتووێژیدا ئەم دەستەواژەیەی دەربڕیوە، بەڵام نازانین هەمان مەبەستی هەبووە، یان بە مانا کوردییەکەی دێموکراسیی بەتەواو مانای هێناوەتە گۆڕێ. بۆیە لێرەدا ناکرێ و ناشبێ بە پشتبەستن بەو وتەیە کۆی فیکر و

ئەندێشەی د.قاسملوو لە چوارچێوەی تیۆریی «دێموکراسیی قووڵ»دا شی بکەینەوە. ئەوەی بە لای منەوە گرینگ بوو، «سیمای دێموکرات»ی دوکتور قاسملوو، مانیفێستێکی سیاسی و دێموکراتیکە بۆ داهاتووی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چ وەک بزووتنەوەی نوێی ڕاسان کە هەڵگری میراتی قاسملوویە، چ وەک کورد کە ئەیهەوێ وڵاتەکەی بەرەو دێموکراسی، ئاشتەوایی و پێکەوەژیان بروات. لە ترۆپکی شاخەکەوە هەتا دەگاتە ڕیشەکەی، پێوەندیی بە سێ چەمکی گرینگی ڕابەر، ڕایەڵە و ڕاپەڕاندن لە سیستمی مودیریەتییەوە هەیە کە لە هەموو دەوڵەت، ڕێکخراو، گرووپەکاندا بۆ بەڕێوەبردن، گەشەسەندن و بەربڵاویی لە ئاست کاروتێکۆشاندا و ڕۆڵ گێڕان لە جیهاندا بەکار دەهێنرێ و مشتومڕی زۆری لەسەرە. زۆر تیۆری و خوێندنەوەی جیاواز بۆ بەڕێوەبەری کراوە و لە زانستی سیاسیدا گرینگیی تایبەتی پێ دراوە. ڕۆڵی ڕێبەرانی کاریزما، کاریگەرییان و بەمشووربوونیان بۆ داهاتووی نەتەوەکەیان دیار و بەرچاو بووە. ڕێبەرگەلێ چ دێموکرات بووبێ و چ نادێموکرات، پێوەندیی بە توانایی ڕابەرەوە هەبووە کە ڕۆڵی گەورەی لە گۆڕانکارییەکاندا هەبووە.

لە حیزبی دێموکراتدا، سانترالیزمی دێموکراتیک و ڕابەرایەتیی سێ ڕێبەری کاریزمای وەک، پێشەوا قازی محەممەد، د.قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی، ڕۆڵی گەورەیان هەم لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا و هەمیش لە گۆڕانکاریی لە سیستەم و پێکهاتەی حیزبی دێموکراتدا بینیوە. گرینگی و بایەخی ئەم سێ چەمکە ئەهێڵمەوە بۆ ئەو نووسەر و قەڵەمبەدەستانەی کە توانایی و شارەزاییان لە زانستی مودیریەتدا هەیە و ئەتوانن خوێندنەوەی نوێ و بابەتیانە بۆ بزووتنەوەی نوێی ڕاسان و مودیریەتی حیزبی دێموکرات بکەن.

زۆربەی سیستەمە مودیریەتەکانی دنیا لە تاقیکردنەوەدا ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی خۆیان بوونەتەوە و خاڵی لاواز و بەهێزیان هەیە. ڕابەری بە مشوور، زانا و کارزان ئەتوانێ کۆمەڵگا بەرەو سەرکەوتن ئاراستە بکات و پێچەوانەکەی بەرەو هەڵدێر. گرینگی دان بە سیستەمی مودیریەتی، گرینگی دان بە لاشەی ئۆرگانیزمێکی سیاسی و زیندووی وەک حیزبی دێموکراتە کە خەونی ڕزگاریی نەتەوەیەکی لە مێشکدایە. ئەگەر سلوول، ئۆرگان و ئەندامەکانی ئەم




سیستەمە بە باشی کار نەکەن، ئەوا پەکی دەکەوێ و ناتوانێ بجووڵێ. هەر جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وەک ڕاسانیش، پێویستی بە هاوئاهەنگی و ڕێکخستن و پەروەردەی ئەندامەکانی لاشەکەیەتی. بۆ زیاتر ڕوونکردەوەی مەبەستەکەم، پەنا دەبەمە بەر زانستی ماتماتیک. لە ماتماتیکدا هەر خاڵێک خاوەنی نموودار و فرۆمۆڵێکی تابع (فانکشێن)ی هەیە [$f(x)=x+y$].[٨] (سەیری وێنەکە بکە): x و y دوو هێڵی دیاری کراون کە هەتا Y بەرزتر بێ، هێڵەکە بەرزتر دەبێتەوە، و هەتا x زۆرتر بێ هێڵە خوار دەبێتەوە. ئەم نموونەیەش لە زانستی دەروونناسیدا پێوەندیی بە ئەنگیزە یان هاندان (مۆتیڤەیشن)ەوە هەیە. هەتا مۆتیڤەیشن

زۆرتر بێ، هەستی مرۆڤ زیاتر بۆ ڕێکخستنی کارێک یان دژکردەوەیەک، زیاتر دەبێت.
واتــە: مۆتیڤەیشــن + زانیــاری = تابــع (فانکشێن).
وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێن: ئەگەر مزگەوت بکەیتەوە، نوێژخوێن زۆر دەبێ، ئەگەر ستادیۆم و هۆڵی وەرزشی بکەیتەوە، وەرزشوان بە خۆی و تۆپەکەیــەوە دێتە مەیدانەکە. ئەو وتەیە لە رووی کردەوەییەوە هەڵەیە، و خەمســاردی لەگەڵ خۆی دەهێنێ. ڕاســتە دەبێ شوێنی مەبەست بۆ کارەکە تەواوکرابێ، بەڵام ئەوەی گرینگــە بــۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکــەکان، هاندان و مۆتیڤەیشــنە. ڕاپەڕاندنــی کار و ئەرک لە ئەندامەوە دەســتپێدەکات و لــە لووتکەی ڕابەرایەتیــدا کۆتایی پــێ دێ. کە دڵنیایی و ئێعتماد لە نێوان ئەندامان و بەڕێوەبەرەکانیان، گرینگترن بابەتی پێشکەوتنە. ڕەمزی هەموو بزووتنەوەیــەک، لە دڵنیایــی ئەندامەکان بە ڕێبەرەکانیان و ڕێبەرەکان بە ئەندامەکانیاندایە کە لەســەر پرینســیپەکانی ئــەرک و ماف دامەزرابێ. هاوکات لەگەڵ ڕێبەری کارزان و بەمشــوور، ڕایەڵە و تۆڕی پێوەندیی ئەندامان و ڕێکخســتن، کۆڵەکــەی هەرە ســەرەکیی هەمــوو بزووتنەوەیەکــی کۆمەڵایەتــی و سیاسییە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا دوو ئیدیۆمی «بەدەســتوبرد و دەستەوەســتان» بەرامبەری یەکدین. مودیریەتی بەدەستوبرد خاوەنی ورە و هاندانە، هەروەها لە شــوێن و کاتی خۆیدا خاوەنی بڕیار و هەڵوێســتە کە لەسەر بنەمای پرێنســیبەکانی دێموکراســی ڕایدەپەڕێنێ. بەڵام مودیریەتی دەستەوەســتان، دۆشداماو و ڕەدووی ڕووداوەکان کەوتنــە. بێنەزمی و بێ پرێنســیپی و دواجار دارزانی تەشکیلاتی لەگەڵ خۆی دەهێنێت.
لێــرەدا بۆ کورت کردنەوەی باســەکە و هەروەها تووش نەبوون بە هەڵەی تیۆریکەوە، کۆمەڵێــک پرســیاری ڕێتۆریــک دەهێنمە ئاراوە: ڕێبەرایەتی و مودیرییەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەڵگری چ پێناسەیەکە و ئەرکەکانی بەردەمیــان چیــن؟ ئایــا ئەندامێکی حیزبی ئەتوانێ لە ئاســت ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بێ؟ دواجــار ڕایەڵەی پێوەندیی لــە بزووتنەوەی ڕاســاندا، لەسەر چ بنەمایەکە و بەهاکانی ئەم پێوەندییە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە چین؟ لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە، بزووتنەوەی ڕاسان دەبێ خۆی لەگەڵ ئەم فۆرمە لە تێکۆشــان نزیک کاتەوە کــە پێوەندیی بە بەرژەوەندییە گشــتییەکانی خەڵکــی کوردســتان، ماف و ئەرکی ئەندامــان و ڕێکخســتنی کۆمەڵەوە هەیە.

## دێموکراسی لە نێوان بوون و نەبووندا

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیــاری کردنی «دێموکراســیی تەواو» لە وڵاتەکاندا، ناوی ١٩ وڵاتی وەک دێموکراسیی تەواو هێناوە کە بە زۆری وڵاتانی سکاندیناوی و ئەورووپــای ڕۆژئاوا بــوون کە وڵاتی نەرویژ لەســەرەوەی هەموویان بوو. دواتر بەشــێک لە وڵاتەکان وەک دێموکراســیی نیوەناتەواو، بەشێکی دیکە پرۆســەی دێموکراسیی هەیە بــەڵام دێموکراتیــک نیــە و دواتــر ڕێژیمە تۆتالیتێــر و دیکتاتۆرەکان کــە ئێران لە ناو ڕیزی وڵاتانی دواکەوتــوو و دیکتاتۆریدا بوو. نیشانەکانی دێموکراســیی تەواو لە وڵاتێکی وەک نەرویژدا ئاوەها دیاری کراوە:

- پرۆسەی هەڵبژاردن و فرە حزبی
- مافی شارۆمەندی
- ڕێژیمێکی خەڵکی و کارامە
- بەشداریی سیاسی
- کولتووری سیاسی


و ئەگــەر وڵاتــێ بگاتــە ئاســتی وڵاتێکی تــەواو دێموکراســی، پێویســتە تەواوکەری ئەم خاڵانــە بێــت (Anne 2012). لە نێوان پێناســە و کــردەوەدا جیاوازیــی زۆر هەیە. حیزبی پراگماتیســت، ئەو حزبەیە کە بتوانێ لەگەڵ وتــار و کرداری یەکتــر بخوێننەوە.

زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین «سیمای دێموکرات»، خوێندنەوەیەکی نموونەیی و بابەتیانەی دێموکراسییە کە دەتوانێ لە نێو تیۆریی شاخی سەهۆڵیندا شۆڕ بێتەوە و «دێموکراسیی قووڵ» وەدی بێنێ. «سیمای دێموکرات» تەنیا مانیفێستێکی دێموکراتیکە چ وەک سیستەمی مودیرییەتی حیزبی و چ وەک مودیریەتی سیاسیی کۆمەڵگا بەکار بهێنرێت.

## راسان لە نیوان بزووتنەوە و ستراتێژیی حیزبی دێموکراتدا

راسان هاوشێوە و هاوواتایە لەگەڵ «رێنێسانس»ی ئەورووپا کە بە واتای لە دایکبوونەوە هاتووە. بەو واتایە کە سالانێکی زۆرە جووڵەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە هۆی هەڵکەوتەیەکی ژێئۆپۆلیتکی باشووری کوردستانەوە، پەک خرا. ئەم دۆخە نەک هەر نەیتوانی بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستان بەهێز بکات، بەڵکوو باشوور کارتە سیاسییەکانی لە دەستدا. کەواتە راسان لەم فەزا ئاڵۆزە سیاسییەی باشوور، ئێران و عێراقدا سەری هەڵدا کە دەرفەتێکی گرینگی سیاسی لەدایک بوونەوەیەکی پێویست بوو.

قۆزتنەوەی دەرفەتەکان و کەڵک وەرگرتن لێیان نیشانەی زیندوویی حیزبی دێموکرات و بەدەستوبردبوونی رێبەرایەتییەکەی بوو. بەڵام ئایا ئەمە دەتوانێ بزووتنەوە بێ؟
بێ گومان لە فەزای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، فرەیی و پلۆرالیزم هەیە و پرسێکی حاشاهەڵنەگرە. بەو پێناسەیە کە پێشتر لە دێموکراسی و دەرفەتەکانی دێموکراسیی تەواو هێنامانەوە، ئەرکی حیزبێکی دێموکرات قورستر و گرانترە و دەبێ لە پێناو ئەرزش و بەهاکانی خۆیدا خەبات بکات، نەرمی بنوێنێ و لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا هەڵبکات. وەک چۆن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک، ئینستاگرام، تویتر و … شتە جوان و سەرنجراکێشەکانی خۆمان شێردەکەین (بە ئیشتراکی دادەنێین)، ئاوەهاش دێموکراسی تەنیا سیاسەت نیە، بەڵکوو ئەو ویست و داخوازییانەیە کە ئەمانەوێ لە کۆمەڵدا پێکەوە هاوبەشیان بکەین. دێموکراسی بەشدارییە لەو چالاکی و چالشانەی کە کۆمەڵ، حیزب یان گرووپ رووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها پێویستە پەروەردە بکرێ و نەشونما بکات نەک وەک خۆی و لە ناو چوارچێوەی تیۆری و تاردا بمێنێتەوە



(Anne 2012). لارش لارید ئیڤەرشن،[٩] نووسەر و لێکۆڵەری بواری پەروەردە و ئێنتگراسیۆن و فرەکولتووری، لە وتارێکیدا باس لە چەمکی «Uenighetsfelleskap: واتە لێکتێنەگەیشتنی پێکەوەبونیادنان» دەکات. چەمکی «پێکەوەبونیادنان felleskap»، یەکێک لە چەمکە گرینگەکانی کۆمەڵی نەرویژییە و پێوەندیی بە کولتووری پێکەوەکارکردن، پێکەوە بونیادنان، پێکەوە هەستکردن و پێکەوەژیانەوە هەیە. بەڵام لارش لێرەدا ئەو پێکەوەبونیادنانە دەخاتە بەر ڕەخنەوە و پێی وایە لە دێموکراسیدا گرووپێک هەمیشە بوونی هەیە کە خاوەنی ئایدیال تایپی خۆیانن و فەزایەکی گەورەی بەتاڵ هەیە بۆ ئەوەی بازنە کولتوورییەکانی دیکە لە یەکتری تێبگەن و خۆیان پێناسە بکەن. هەروەها لە ڕوانگەی ئەوەوە، دێموکراسی لە ڕوانگەی لۆکاڵی و ناوچەییەوە سەرکەوتووترە هەتا ڕوانگەی نەتەوەییەوە. بەو واتایە کە جیاوازییەکان نابێ داپۆشرێن، لەبەر ئەوەی پێکەوەبونیادنانێک لە ئارادا نامێنێ کاتێ کە ناوچەیەک، وردە کولتووری، توێژێ یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی کەخاوەنی ئایدیا و هزری تایبەتی خۆیانن،

**دێموکراسی**




جێگایان نەبێتەوە. دێموکراسی هی هەمووانە و بەشداریی هەموانیش ڕەونەق و فرەچەشنی لە کۆمەڵگادا ئەهێنێتە ئاراوە.

ئەوەی کە هەر دوو وێنەی شاخی سەهۆڵینی دێموکراسی قووڵ و خوارەوەدا هاتووە (Lars 2012).

لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ڕاسان وەک بزووتنەوەیەکی دێموکراسیخواز خۆی پێناسە دەکات، هەڵگری مانیفێستی «سیمای دێموکرات»ی د.قاسملووە کە فەرشی سووری بۆ هەموو ئایدیا جیاوازەکانی کۆمەڵ لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک ڕاخستووە. زەرفیەتی سیاسەت لە ڕاساندا دەبێ ئەوەندە بێ کە تواناییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگایان بێتەوە و نەبنە ژێر تەوژمی خۆبەزلزانی و سیاسەتی ڕەشۆکییەوە. خۆڵەمێشی کردنی سیاسەت لە پێناو پەرتەوازەیی و شپرزەیی ڕێکخراوەییدا، پرینسیپەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی سیاسەت دەشێوێنێ و چیدیکە ماناکانی «سیمای دێموکرات» وەک خۆیان نامێنن. لەبەر ئەوە پشوودرێژی لەگەڵ «دۆستەکانی دێموکراسی» و سووربوون لەسەر بەهاکانی دێموکراسی بەرامبەر بە «دوژمنانی دێموکراسی» ئەرکە. بەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی نوێی ڕاسان، خەباتی شار لە پانتای دێموکراسی و پێکەوەبونیادناندایە و واتادارە.

## ئاکامگیریی ئەم باسە

مەنتاڵیتێتی حەوتەوانە، جیا لەوەی کە لە ڕووی زمانییەوە و بۆ زیاتر ئاسانکاریی دەربڕین هێنراوە، وتارێکی تایبەتە کە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی نوێی ڕاسان بە پێویستی دەزانم. ڕێتۆریکی سیاسیی حیزبی دێموکرات دەوڵەمەند و هەڵگری دەیان تیۆریی سیاسییە. ئەوەی لە مەنتاڵیتێتی

حیزبی دێموکراتدا جێگای گرتووە، زەرفییەتی دێموکراسییە کە دەتوانێ بونیادنەری کولتووری دێموکراتیک بێ. مەنتاڵیتێتی حەوتەوانە کۆکردنەوەی شارێگەکانی گەیشتن بەو خەونە گەورەیە چ لە ئاستی رامانی سیاسی، پەروەردە و راپەراندنی حیزبدا و چ وەک پرنیسیپەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک. ئەو پرێنسیپانەیە کە زەینی خوێنەر و بە تایبەتی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات رادەهێنێ بۆ یەکەم، بە مانیفێستکردنی «راسان» و بەرینترکردنەوەی خەباتی شار و شاخ و دووهەم، پێمان بڵێ شار قووڵایی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتە و شاخ هەڵگری پاشخانی کولتوور و شووناسە کە سروشت و فەرهەنگی زاگرۆس پێکی هێناوە. لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لە پێناو دابین بوونی مافە نەتەوەییەکان، ئازادی، یەکسانی و دادپەروەردیدا خەبات دەکەین، کە «راسان» هەڵگری ئەو شوناسە سیاسییە.

## سەرچاوەکان


Referanser

Aarebrot, Frank. Land, makt og følelse.Oslo, 2014.

Anderson, B. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism.London: Verso., 1983.

Anne, lise. Velferdsstatens familier. oslo: Gyldendal, 2012.

Dag, Einar Thorsen. «politikk.» Store norske leksikon, u.d.

Definition of Deep Democracy. u.d. https://iapop.com/deep-democracy/.

Dict. Online English dictionary, https://www.merriam-webster.com/. u.d.

Finn, Skårderud. Uro, en reise i de moderne selvet. Oslo, 1999.

Fuggeli, per. Nokpunktet. Oslo, 2010.

Hassel, Bjørnar. Store norske leksikon. u.d. https://sml.snl.no/bevissthet.

Lars, Laird Iversen. En Uenighetsfelleskap.21. februar 2012. https://www.dagsavisen.no/debatt/et-uenighetsfellesskap-1.440404.

Online English dictionary, https://www.merriam-webster.com/. u.d.

Peter, Butenschøn. «By.» Store norske leksikon, 20. februar 2018.

Rottem, Øystein،. store norske leksikon. u.d. https://nbl.snl.no/Knut_Hamsun.

Wodak, Ruth. « Language, Power and Ideology: Studies in political discourse.» 1989. .

Wodak, Ruth, Language. Power and Ideology, Studies in political discourse.1989.

Øyvind, Østerud. Statsvitenskap, Innføring i poølitisk analyse. Oslo: Univerisitetforlaget, 5.utgave.2014.


## پەراوێزەکان

- Online English dictionary, https://www.merriam-webster.com/

https://iapop.com/deep-democracy/

«ئێمە باوەڕمان بە دێموکراسیی قووڵ هەیە»، ئاماژە بە دەربڕینێکە کە شەهید د.قاسملوو لە دوایین دانیشتنیدا لەگەڵ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی وتووێژدا بەکاری هێناوە و بەرگریی لە مافەکانی کورد دەکات. ئەم وتارەش هەوڵ ئەدا لە ڕوانگەی ڕێتۆریکی سیاسییەوە شی کردنەوەی بۆ بکات.

- cognitive: relating to, being, or involving conscious intellectual activity (such as thinking, reasoning, or remembering).

-Urbanization.

-Megacity.

-لە بیرەوەرەییەکانی د.خەلیقیدا بارودۆخی شارێکی وەک تاران لە ساڵەکانی چلی هەتاویدا زۆر خراپ بووە و تەنانەت زۆربەی پەراوێزی شاری سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی کۆنی بەکار هێناوە و جۆگە و رووبارەکان سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بووە. بەڵام حەشیمەتی کۆچکردوو، لە پەراوێزی شارەکاندا لەوپەڕی خراپیدا ژیاون. نموونەی گەڕەکی حەڵەبی ئاوا بووە کە ئێستاش نازناوەکەی لە شاری تاران ماوە. مەبەست لەم نموونە هێنانەوە ئەوە بوو کە تاران وەک گیگا شارێک، رابردووی شارنشینیی وەهای نەبووە کە ئێستاکە کولتووری شارنشینیی ددانشکێنە.

-وتەیەکی بەناوبانگی ژان ژاگ ڕۆسۆ بوو کە لە وتارێکی بە ناو پێوەندیی زانست و هونەر باسی کردووە و پێی وابوە کە مرۆڤ باشە، بەڵام شارستانیەت و پێشکەوتنەکانی خراپی کردووە. https://ndla.no/nb/subjects/subject:19/topic:1:186579/topic:1:195781/resource:1:126122


بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ویکیپیدیای کوردی و فارسی بکرێ بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە.

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%AF%D8%B1%D8%A7%D9%81%DB%8C_%D9%81%D8%A7%D9%86%DA%A9%D8%B4%D9%86

- Lars Laird Iversen.

# هێرشی ناسیۆنالیزمی فارسی بۆ سەر جوغرافیای زاگرۆس

سمیرۆم لوڕستانی



**ئاماژە**

بە چاو لێکردن لە مێژوویی دەسکاری کردنی دەسەڵات دارانی ناوەندی لە ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە زیاترین ئاڵوگۆڕی جوغرافیایی لە زاگرۆس ڕووی داوە و هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر چەند خاڵ کە یەکەمیان پەیوەندی زمانی، مێژویی دانیشتووانی زاگرۆسە کە کوردن و بە بۆنەی شاخاوی بوونی ئەو ناوچانە هەمیشە توانای بەرگری کردنیان لە خۆیان بووە.

زاگـــرۆس کـــە گەورەتریـــن زنجیـــرە چیـــای کوردســـتانە و لە دەڤەری وانێ ڕا دەســـت پێ دەکات و تا ناوچەی کرمان خۆی دەکێشـــێتەوە یەکێک لە کۆنترین شـــوێنەوارەکانی نیشتەجێ بوونـــی مرۆڤە کـــە مێژووی نیشـــتەجێ بوونی مرۆڤ لـــەو دەڤەرە بـــۆ ٤٠-١٠٠هەزار ســـاڵ دەگەڕێتەوە.[١] بە درێژایی مێژووش سەرەکیترین دانیشـــتوانی کوردان بوون. پارچەکانی دیکەی کوردســـتان لێرەدا باس ناکرێن بەڵام لە ئێران لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس هەندێک لـــە ناوچە کوردییەکان لە ژێر سیاســـەتگەلێک وەک قەڵاچۆ، کۆچ دان و قڕکردنی شـــاعەباس، نادرشا و ڕەزاشادا تێدا چوون[٢] و هەنووکە حیزبە کوردییەکان، تا لوڕســـتان ئەگەر بە کوردستان بزانـــن بـــە بۆچوونـــی خۆیـــان زۆر ڕادیکاڵانە جووڵاونەتەوە. بەڵام بەشـــێک لـــەو ڕووداوانە لە مێژووی کوردســـتان، لە جوغرافیایەکی بەرینتر لەو جوغرافیایەی ئێســـتە دا ڕووی داوەو بۆ وێنە بەشـــێک لە کـــوردەکان لە شـــیراز و کرمان هەر لە پێش هاتنی ئیســـلامەوە نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوون و ساســـانییەکان کە دەسەڵاتێکی کورد زمان بوون[٣] لە شـــیرازەوە هاتوون و دوای ئیســـلامیش هەر ئـــەو ناوچانە لە ســـەدەکانی یازدەهەمەوە تا چاردەیەم هەرلە ژێر دەســـەڵاتی شـــوانکارەکان دابووە کە دەســـەڵاتێکی کوردی بوون و ڕەچەڵەکی خۆیـــان هەڵدەگەڕاندەوە بۆ ساسانییەکان و لە سەدەی چاردەیەم تا پانزدەیەم ئەوە حەســـەنویەکانن کە بەســـەر زاگرۆســـی خواروو و زاگرۆســـی ناوەند لە بووشـــەهرەوە تا هەمەدان حوکمیان دەکردو ئەمانیش نەوەکانی شـــوانکارەکان بوون و بە پێی قسەی حمدالله مســـتۆفی لە کتێبی «نزهەالقلوب»[٤] ئەوسا ئەوە بەهار ناوەندی شارە کوردستانییەکان بووە ئەوەش بە پێـــی ئەوەی کە بەهار لە نێوان کرماشـــان-هەمەدان و ســـنە بووە لە ڕاستی نزیکە. تەنانەت دوو ســـەدە دوای ڕووخانی حەســـەنویەکانیش لە سەردەمی ســـەفەوییەکاندا کە شەرەفخانی بەدلیسی شەرەفنامەی دەنووسییەوە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ســـەفەویەکانی تا کەناری هۆرمز دانـــاوە ئەوە زۆر جێگەی ڕاوەســـتان و تێڕامانە.

بـــە تـــەوژم هێنانـــی کۆلۆنیالیزمی ڕووســـی و بریتانیایی بە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هـــاوکات بـــوو لەگەڵ دەســـەڵاتداری ئیل/ قەومی قاجەردا لـــە ئێران،[٥] تاقمێک ئیلیت کە زۆربەیان وەک ســـەفیر، بازەرگان یا هەندێکیان خوێندکارگەلێک بوون کە لـــە لایەن دەوڵەتی ناوەندییـــەوە بۆ وڵاتانی بیانـــی نێردرابوون و لە چەند وڵاتێک وەک فەرانســـە، ئاڵمان، بریتانیا و ڕووســـیە دا جێگیر بوون. ئەو کەسانە بە دیتنی دۆخی دەســـەڵاتی ناوخۆیی لە ئێران بە تایبەت دوای دوو شـــەڕ کە لەگەڵ ڕووسەکاندا کردیان و بە چاولێکردن لە دۆخی پێشکەوتوویی وڵاتانی ڕۆژئاڤایی و لە ژێر کاریگەری نووسراوانی بیانی وا لە چەند ســـەدە پێشـــترەوە وەکوو : گەڕیدە، بازەرگان، قەشە و مەئمور هتد بە ناو ئیمپراتورییە ڕۆژهەڵاتییـــەکاندا گەڕابـــوون و بیرەوەری یان لێکۆڵینەوەکانـــی خۆیان لەمـــەڕ ڕۆژهەڵاتییان لە چاپ دابـــوو و مێژوویی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیان بەهەشتی وێناکردبوو.[٦]

ئیلیتی قاجاری تاراوگـــە کە لە وڵاتانێکی ئوروپایی دەژیان و ئەو وڵاتانە کە تێیاندا پرۆسەی دەوڵەت- میللەت ســـازببوو، ئەو نووســـەرانە لە ژێـــر کاریگەری دۆخـــی وڵاتانـــی ئوروپا پێیان وابوو وڵاتی خۆیان ئەگەر بە دەســـت پاشایێکی بەهێز بێت دەتوانێ پێشـــکەوێت. نووسەرانێک کە کەڵکەڵەی ســـووژەی ئێرانیان بۆ ساز ببوو لە ســـەردەمی دەسەڵاتی قاجاری بۆ یەکەمین جار بە خوێندنـــەوەی ئەو پەرتووکانە لـــە ڕابردووی ئیمپراتورییـــە ڕۆژهەڵاتییەکان تەســـویرێکی دەسکردیان بۆ مێژووی خۆیان هەڵبژارد کە تێیدا پاشـــا بۆ ئەوەی وڵاتێکی بەهێز ســـاز بکات کە ئیسلام بپارێزێت دەبێت هەموو مەترسییەکانی ســـەر دەســـەڵات بســـڕێتەوە. ئەو نووســـەرانە هێڵەکانـــی وڵاتێکی یەکگرتوو و یەکدەســـتیان کێشـــایەوەو بۆ ناســـاندنی بیرۆکەی خۆیان، بە دانانی وەشـــانخانەکان لە وڵاتانـــی دەوروبەری

ئێران وەکوو وڵاتی عوسمانی، ڕۆژنامەی سووری ئیسرافیل، لە هێندستان حەبلەلمەتین، لە قاهرە ئەختەر و ســورەیا و دواتریش لە ڕۆژنامەگەلێک وەک تەربییەت و وەتەن لە تارانەوە دەســتیان بــە بڵاوکردنــەوەی بیرۆکەی ناسیۆنالیســتانە کــرد  لەهەمان کاتیش‌دا بــە دزەکردن لە نێو جیلی دەســەڵات‌دار و ئەو کەسانەی کە توانای خوێندنیان بوو  لە نێو دەســەڵاتداران بە دوای داسەپاندنی بیرۆکەی وڵاتێکی یەک نەتەوەیی دا بوون.

ئەوە لە حاڵێک دابوو کە واقعییەتی مەمالیکی مەحرووســەی ئێران، پاشــماوەی ئیمپراتووری گەلێک بــوو فرە زمــان و فرە کولتــور کە بە درێژایی مێژوو چ لەسەردەمی ساسانییەکان و چ لەسەردەمانێک کە ئیسلام هاتە نێو جوگرافیای ناوچەکە و دەســەڵاتی خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسی نموونەکانی بوون   و چ ئەو سەردەمەی کە تــورکان و مەغولان لە ڕۆژهەڵاتی ئاســیاوە هێرشیان هێنایە ناوچەکە و لە ناوچەکەدا لەگەڵ ئاغاکانیان بە سەر دانیشتووانی ناوچەدا ویستیان حوکم بکەن؛ ئەگەرچی نەیانتوانی حکوومەتێکی سەقامگیریان هەبێت. ئەوەش خۆی هۆکارگەلێکی جیاوازی بوو وەکوو وەزعیەتی جوغرافیایی و فرە زمانــی و فرە کولتوری لە ناوچەدا یا بە زمانێکی تر بوونی هێــزە ناوچەییەکان کە هەردەم هۆی دابەش بوونی دەســەڵات بەسەر دەرەبەگەکان‌دا بوون و ئەو دەسەڵاتانەی ناچار دەکرد پارسەنگی هێز لــە ناوچــەکان‌دا بپارێــزن. هەرچەند بەو دەرەبەگانە ناسناوی شا لە پەرتووکە مێژووییەکانی دەسەڵاتدارانی پێتەختنشین‌دا نەبەخشراوە بەڵام لەو ڕووەوە کە پاشای ئێران بە شاهەنشا دەناسرا ئــەوە جگە لــەوەی کە بەگەکانیش شــا بوونە ناگەیەنێت.

شاهنشــا لە کۆتایی‌دا دەسەڵاتی بێجگە لە ناوچەی خێڵی خۆی و پایتەختی حکوومەتەکەی خۆی پەلکی نەکێشــاوەو هەموو کات ناچار بووە لە هێــزی خودی ناوچەکان کەڵک وەربگرێت و ئەو هێزانەش کە لە ناوچەکان‌دا بوون لە هەمبەر بڕە باجی ســاڵانە و قەبووڵی ئــەوەی کە ئەگەر شاهەنشا یارمەتی هێزی شــەڕکەری پێویست بێت ئــەوە بە ناردنی هێز یارمەتی دەســەڵاتی ناوەندی بدەن.[۷] زۆرن ئەو میناکانەی کە کاتێک ویســتوویانە قاعیدەی حکوومەت کردن بگۆڕن لە باشــترین دۆخدا سەری خۆیان  و دەسەڵاتی تایفەکەیــان توناوتــوون بردووە. لەو نووســینە کورتەدا دەمانهــەوێ ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی هێرشی دەسەڵاتدارانی ناوەند بۆ سەر جۆغرافیای کوردستان دا بدەینەوە کە چۆن بە نێوی یاسا لە ســاڵی ۱۲۸۵بەم لاوە دەستیان کرد بە قەڵاچۆ و بە یارمەتی مۆدێرنیزاسیۆن توانیان ڕۆژهەڵات داگیر بکەن.

فارســە ڕووناکبیرەکانی سەردەمی قاجار لە دوای پەیماننامەکانی تورکەمەنچای و گوڵستان لە سیاســەتی تەوســەعەتەڵەبانەی ڕووسەکان دەترسان و هەر بەو مەبەستە خۆیان لە باوەشی ئینگلیزەکان دەهاویشت. ئینگلیزیش بۆ ئەوەی کە بتوانێ لە ناو سیاســەت داڕێژی دەســەڵاتی قاجاردا شــوێن پێی خۆیی خۆش بکا و بتوانێ پێش لە سیاسەتەکانی ڕووسیا بگرێت، پشتیوانی لە دەســتەیەک باوەڕمەند بە دینــی بابی کرد کە لەو ســەردەمەدا باوەرمەندی بابییەت لە نێو کۆمەڵگەی خوێندەواری ئیمپراتوری قاجاری دا ڕوو لە زیاد بوون دا بوو.[۸] ئەو دەســتەیە بە هان دانی بازارییەکان و گوشــارهێنان بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی، بە کوتانی کۆ بوونەوەی دەسەڵات لە ناو دەســتی یەک کەس دا کە پادشا بوو لە نێو ڕۆژنامەکان و لە کۆبوونەوەکانی خۆیان لە جەریانی بە فەلەک بەســتنی دوو بازاڕی لە شاری تاران بە ڕێکخســتنی مانگرتنێک، بوونە هۆی ئەوەی کە مزەفرەدین شــا ناچار بە دەرکردنی فەرمانی مەشــرووتییەت بکەن. مزەفرەدین شا چوار ڕۆژ دوای واژۆ کردنی قانوونی ئەساسی کۆچی دوایی کرد و کوڕەکــەی محەممەدعەلی میرزا بوو بە شــا. محەممەد عەلی بە دژایەتی کردن لەگەڵ مەشروتییەت و داخستنی مەجلیس بووە هۆی گەڕانەوەی هێژموونی ڕووسەکان. لەو ناوەدا خێڵە

کوردەکانی بەختیاری لە لورســـتان کە لەوانەیە ئینگلیزییەکانیش لە هان دانیان دەستیان تێدا بووبێ، بۆ کورت کردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بوونە یەکەمین هێز کە بەرەو تاران وەرێکەوتن. بە دامەزراندنەوەی پارلەمان لە سەرەتاکانی ساڵی ١٢٨٦ی کۆچـــی مانگی بـــۆ یەکەمین جار کە ویســـتیان جوغرافیای پاشایەتی قاجاری بە پێی یاسا دابەش بکەن، بۆ یەکەمین جار لە جێگەی مەمالیکی مەحرووسەی ئێران وشەی مەملەکەتی مەحرووسەی ئێران بە کار هات و ئەوە بەو واتایە دێـــت کە تا پێش ئـــەو مێژووە شـــایەکان بە ئارەزویی خۆیان لەگەڵ شـــایەک رێک کەوتوون هـــەر لە بەندی دوو و ســـێی ئەو قانونە هاتووە کە ئێران بە ســـەر چەند ئیالەتدا دابەش بووە و ئـــەو ئیالەتانەش لە ویلایەتگەلێک پێکهاتوون؛ هەندێک لەو ویلایەتانە تابعی ناوەند و هەندێکیان تابعی ئییالەتـــن ئەوەی جێگـــەی تێرامانە لەو یاسایەدا تەنێ باســـی چوار ئیالەت دەکات و نە سنوورەکانیان باس کراوە نە ئامارێکی تێدایە کە بزاندرێ بەخشەکانی کیشوەر لە چی پێکهاتووە. [٩] لێرەدا دوو بۆچوون دێتە ئاراوە: یەکەم ئەوەیە کە حدوود و ســـنووری جوغرافیایی پاشـــایەتی دەزاندرێ و پێویست نەبووە باسی بکرێ دووهەم ئەوە کە حدوودەکە نازاندرێ و باسیان نەکردووە. دەسەڵاتداری قاجاری دوای ئەو رووداوانە زۆری نەخایەند بەڵام قانوونەکە لە جێی خۆی مایەوە.

## ڕەزاشا

پاش لابردنی قاجارەکان، بە یارمەتی بریتانییەکان ڕەزا میر پێنج کە سەرگوردێکی ئەرتەشی قەزاق بوو هاتە سەر کار، بریتانیا و ئامریکا کە بە دوای پشـــتێندێکی تەناهی بوون لە بەرانبەر پێوەست کردن و دەستگەیشتنی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ سەر ناوچەکانی باشووری دەسەڵاتی خۆی، چرای سەوزیان بۆ ڕەزا شا هەڵکرد کە ئێران لە وڵاتێک کە سیستمی بەڕێوە بردنی بە شێوازی ناوچەیی و بە ڕێککەوتنی سەرکردەی هێزە خۆجێیەکان بوو، بەرەوە وڵاتێکی کۆجێ و یەکپارچە هەنگاو هەڵێنێت.

ڕەزاشا کە خۆی کەسێکی نیزامی و لە نێو بیرەوەری هاوســـەردەمەکانی بە کەسێکی توڕەو دمشڕ وێنا کراوە لەو وەزعییەتە دا لەگەڵ سەرکردە نیزامییەکانی وەک سێپەهبۆد ئەمیرئەحمەدی، ســـەرهەنگ شـــابەختی، ســـەرهەنگ خەزائی، ســـێپەهبۆد ئەمانوڵا جەهانبانی و سەرلەشکەر حاجعەلی ڕەزمئارا و هتد دا بە شـــێوازێکی بە سیستمکراو و لە ئاستێکی بەرفراوان‌دا دەستیان کرد بە کوشـــت و کوشتار لە ماکۆ، هەورامان تا لوڕستان و خورەمئاوا. ئەو سیاسەتە کە بناغەکانی لە سەردەمی قاجار ئاخوندزادە و ئاقاخان کرمانی دایانڕشتبوو لە ڕاستی‌دا لەسەردەمی ڕەزا شا بوو بە سیاسەتی ســـەرەکی دەوڵەتێکی نامەشروعی لەوێنـــەی مۆدێـــڕن کە بـــە دوای ســـازکردنی میللەتێکی مۆدێڕنەوە بوو کە دەبوو باوەڕ بە یەک زمان، یەک خاک، یەک مێژوو، یەک مەزهەب، یەک ئاڵا لە پاشماوەی ئیمپراتورییەک ساز بکات کە تیایدا چەند زمـــان، فرە کولتوری و گەلێک مەزهەبی جیـــاواز دەژیان. لەو ســـەردەمەی وا ڕەزاخان خەریکی کوشت و کوشتار و ساز کردنی وڵاتێکی یەکدەســـت و یەکڕەنگ بوو کەسانێک وەک حەسەن تەقی زادە، حوسەین کازمزادە، لە دەرەوە، لە ناوخۆی ئێرانیشەوە کەسانێک وەکوو سەعید نەفیسی، فرووغییەکان، سەید ئەحمەد کەســـرەوەی و عەبدولحوســـەین تەیمورتـــاش و حەســـەن پیرنیـــا وەک ڕووناکبیری فارســـی زمـــان بۆ بە خاک و خوێن کێشـــانی ناوچەی زاگرۆس و باقی ناوچەکان لە کارەکانی ڕەزاشـــا بە نووسینەکانیان پشتیوانیان کرد. ئەم تاقمە بە خوێندنەوەیەکی نوێ کە لە ئوروپا سەری هەڵدابوو و لەویا مەبەستێکی تری دەپێکا کە لێرە دەرفەتی شی کردنەوەی نییە هەســـتان بە پشتیوانی لە ڕەزا میر پێنج، گڤتیان لە خوێندنەوەیەکی نوێ لە ڕابـــردووی مێژووی ئێرانی کـــرد و هەر لەم خوێندنەوەیـــە بوو کە هەڵگەڕانەوە ســـەردەمی هەخامەنشی و لەویا کورۆشیان وەکوو پاشایەکی گەورە وێنـــا کرد چونکە ئـــەو یەکەمین کەس

بوو کە ئێرانێک یەکپارچەو گەورەی درووســـت کرد و هەرچی پاشـــا بوو دەبـــوو باڵای بە باڵای کـــورۆش دا بگرن. کرمانجی وتەنی پاشـــایەک گەورە بوو کە تەوســـەعە تەڵـــەب بێ و تەواوی وڵاتان لە ژێر ڕکێفی ئەو دابن. ئەوان بە هەمان شـــێوە بەسەر ئەو پاشـــایانە دا هەڵیان کوت کە مێژوویان سەرانسەر پێکهێنانی مەنارەسەر و کێوە چاو بوو. دەســـەڵات و ڕووناکبیرانی فارسینووس وەکـــوو دوو جەمســـەری ســـەرەکی بـــۆ پەرە پێدان بە ویژمانەکەی خۆیان، دەســـتیان کرد بە دامەزراندنی خوێندنگەکان لە سەرتاسەری ئێران و لە نێو خوێندنگەکان دا، تەنیا زمانی فارســـی ڕێگە پێدراو بوو و سیاســـەتی سیستمی نوێ، بایەخێکی زۆری بە گشتی بۆ میدیا و پەروەردە بـــە تایبەتی دادەنا ئەوە لـــە حاڵێکدا بوو کە لە ســـەر ئەرزی واقع بە داگیرکردنـــی ئەو ناوچانە کە لە ژێر دەســـەڵاتی خانە ناوچەییەکان دا بوو هیچ پرسێک بۆ ڕا و باسی ئەوان یا دانیشتووانی ناوچەکان نەکرا. ڕووناکبیرانی فارســـی نووس بە کـــردەوە دۆخێکی تازەیان لە ناوچەدا ئافراند کە لەو جوغرافیای مەمالیکە مەحرووسەکانی ئێران بە نیزامی پاشایەتی ئێران وەک یەکەیەکی ئەزەلی بە سنوورێکی دیاری کراو کە زاگرۆسیشی لە خۆ دەگرتەوە باس دەکرا. یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕەزاشـــا گۆڕینی ناوی ناوچـــەکان و دەڤەرەکان بـــوو. بە وردبوونەوە بە هـــۆی گۆڕینی ئەو ناوانە بۆمان دەردەکەوێ کە چ شێوە ڕوانینێک بە سەر دەسەڵات داران و دارێژەرانی سیاسەتی پەهلەوی دا زاڵ بووە. بۆ وێنە ڕەزاشا بە گۆڕینی ناوی هارون ئاوا کە ناوەندی دەسەڵاتداری خێڵی کەلهوڕەکان بوو بە شـــوێن ئەوە بوو کە بیری ســـەربەخۆیی چەند سەد ساڵەی کەلهوڕەکان لە زێدی خۆیان لە بیر بباتـــەوە و لە هەمان کاتیش دا وەبیریان بێنێتـــەوە کە ئـــەوان ئیتر لە ژێر دەســـەڵاتی حکومەتی ناوەنـــدی دان و بۆ ئەو کارەش ناوی هارون ئاوای بۆ شـــاباد گۆڕی. گۆڕینی ورمێ بۆ ڕەزاییە، سەڵماس بۆ شاهپور کە زێدی سمکۆخان بوو یان حســـێن ئاوای پشتکۆ بە ئیلام، دێکورد بە شـــاریکورد، مەنسوورئاوای پشتکۆ بە مێهران، ســـابڵاغ بە مهابـــاد هەموو لـــەو چوارچێوەیەی ســـەرەوە دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت. چەند ساڵ دواتر بە زیادبوونی فەرهەنگستان بە یەکێک لە ناوەندەکانـــی بڕیاردەر لەســـەر نێوەکان بە گۆڕینی نێوی تیکانتەپە بە تیکاب، چۆمی تەتەهو بە ســـیمینرود ، قریە عەرەب بە پولدەشـــت و قراعەینی بە سیە چشـــمە سیاسەتی ڕەزاشا لە ڕۆژهەڵات پەرەی سەند.[١٠]

سیاسەتی فەرهەنگســـتان لە ساڵی ١٣١٦ بە دارشـــتنەوەی ئیالەتەکان بـــە جۆرێکی تازە سیاسەتێکی نوێشی هێنایەوە نێو کایە کە تێیدا هێـــزە ناوچەییەکان بە دەســـتی یەک کۆنترۆڵ بکات بۆ وێنە ئوســـتانی یەکەم خۆی، مەهاباد و ورمێ کە ئیدی دەبوو بە ڕەزایە ناوی بێت لەگەڵ تەورێـــز و ئەردەبیل یەک ئیالەت یا ئوســـتان بوون.[١١] هەر لەو تەقســـیم بەندییەدا پارێزگای ڕۆژئاوایان لەو شـــارانە کوردســـتان، گەڕووس، کرماشان، باوندپور، پشتکۆ، لورستان، بروجێرد، هەمـــەدان، مەلایێر پێک هێنابوو کـــە زۆر زوو زانیان هەڵەیان کردووە و ئەو تەقسیم بەندییەیان دارشتەوە. بە چاولێکردن لە سیاسەتی دارشتراو بۆ تەقسیماتی جوغرافیایی بۆمان دەردەکەوێت کە پەهلەوییەکان لە ڕۆژهەڵات بەشوێن چ پیلان گەلێک بوون. لە هەنـــگاوی یەکەمدا بە دابەش کردنـــی کوردەکان لە ســـێ پارێزگای یەک کە لەگـــەڵ تورکەکان بن لە پارێـــزگای دووەمیش دەســـەڵات بـــە گۆڕینـــی دێمۆگرافـــی ناوچە نەوتییەکان و هەر لەو ساڵەدا بە پێداچوونەوە بە تەقســـیماتەکە بە دابڕینی کورد لە لوڕ هەنگاوی نا. لەمبەریشـــەوە بە ناونـــی پارێزگاکانی بە پێی ژمارە بە هیوا بوون تەواوی پێشـــینەی مێژوویی لە خەڵک بسڕنەوە. یان بە پارێزگاکردنی شوێن گەلێک کە هیچ پێشینەیەکی مێژوویی، ئابووری، فەرهەنگـــی نەبـــوو لەبەر ئەوەی کـــە بتوانن لە گرنگی شارگەلێک وەک ورمێ، تەورێز، کرماشان کەم کەنەوە.

دەســـەڵات لەســـەردەمی محەمەد ڕەزاشا بە

یەک کردنەوەی ئوستانی سێ و چوار لە ژێر ناوی ئازەربایجان و لە دوای کۆماری کوردستان و بە تایبەت دوای دامەزراندنی ساواک بە زیادکرنی پارێزگاکان و بوچک کردنەوەی جوغرافیای ناوچەکان بووە هۆی دابەش بوونی ناوچەکان و لە بیر بردنەوەی پەیوەندیگەلی مێژوویی، فەرهەنگی، زمانی و نەتەوەیی لە ژێر دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدان دا بتوانن ساناتر کۆنترۆلیان بکەن. بە چاو لێکردن لە مێژوویی دەسکاری کردنی دەسەڵات دارانی ناوەندی لە ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە زیاترین ئاڵوگۆڕی جوغرافیایی لە زاگرۆس رووی داوە و هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر چەند خاڵ کە یەکەمیان پەیوەندی زمانی، مێژویی دانیشتووانی زاگرۆسە کە کوردن و بە بۆنەی شاخاوی بوونی ئەو ناوچانە هەمیشە توانای بەرگری کردنیان لە خۆیان بووە. بۆ وێنە لە یەکەم دابەشکاری سەردەمی قاجاردا نێوی ئیالەتە کوردنشینەکان نەهاتووە کە هۆکارەکەی روونە! لەسەردەمی ڕەزاشا دا کە دەست دەکەن بە دابەش کردنی پیلانی حکومی، کە لە ئەنجامدا ناوچەی دەسەڵاتداری خێڵەکان لە نێوان دوو یا تەنانەت سێ پارێزگادا دابەش دەکرێت. بۆ وێنە هەر ئیالەتی پێنجم کە ناوەندەکەی کرماشان بوو بە سەر پێنج ئوستان دابەش بوو و بە نێو کردنی ئوستانێک بە کوردستان و دانەیەک بە لوڕستان و دواتریش ئوستانێک بە نێوی بەختیاری و چوارمەحاڵ و پارێزگای هەمەدان و ئیلام جارێکی تر شووناسی زاگرۆس نشینان لەیەک دابڕن و بڵێن کورد هەر لە کوردستان یا لوڕ هەر لە لوڕستان هەیەو بەو جۆرە بەختیاری لە لوڕ و لوڕیش لە کورد بە پێی جوغرافیا دابڕێندران و بە دامەزراندنی ئەو پارێزگایانە و دانانی پارێزگارێک کە تەنێ بە وەزارەتی کشوەر دەبوو وڵام بداتەوە و هەرجۆرە نارەزایەتی دەربڕینێک نارەزایەتی لەبەرانبەر سەڵتەنەت لەقەڵەم دەدرا. سیاسەتی پەهلەوییەکان تا ڕووخان لەبەرانبەر گۆڕینی ناوەکان و چکۆلەکردنەوەی ئوستانەکان بەردەوام بوو.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا لە لایەکەوە هەوڵدرا ناوەکان بگۆڕدرێن و لە لایەکی دیکەشەوە بە هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق بووە هۆی ئەوەی کە تێکەیشتنی باو لەسەر جوغرافیا بەرەو دەرەوەی وڵات بڕوات. لە هەمووشیان گرنگتر کۆماری تازە هەر میرات هەڵگری تەقسیم بەندییەکانی قاجاری و پەهلەوی بوو. بە پەراوێز کردنی زاگرۆس لە بەرانبەر ناوەندا درێژەی ئەو سیاسەتە بوو لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر شوێن کەوتووی ڕژیمی پەهلەوی بووە. لە ساڵی١٣٦٢ بە دانانی چەند پێوەرێک کە لەوانە ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەیە هەوڵیان دا کە تەقسیماتی ئوستانی و شارستانی بگۆڕدرێ بەڵام پێوەرەکانی لە لایەکەوە ستاندارد نین و لەولاشەوە دەکرێت بوەترێت کە زیاد و کەم کردنی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەیەک لە ژێر کاریگەری سیاسەتدارێژی دەسەڵات دارەکانە.

## سەرچاوەکان

1. Trinkaus, E and F. Biglari (2006) Middle Paleolithic Human Remains from Bisitun Cave, Iran, Paleorient: 32.2: 105-1

٢. هەرچەند مێژوونووسی وەکوو دەقی نووسراوە کە لە لایەن دەسەڵاتە کوردیەکان نووسرابێتەوە تا ئێستە وە دەست نەکەوتووە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی مێژووی کورد و کوردستان بە زمانی بەیت، شێعر، پەند، فۆلکلۆر و هتد ماوەنەتەوە. بێجگەلەوەش بەشێکیشی لە نێو نووسراوەی دەوڵەتانی سەردەست و گەڕێدەکان دا ماونەتەوە و دەکرێت کەلکیان لێ وەربگردێت بەو مەرجەی کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێندرێنەوە.

٣. محمد بن جریر طبری. تاریخ طبری، ابوالقاسم پاینده، تهران، اساطیر، چ پنجم، ١٣٧٥ش.

٤. مستۆفی حمدالله، نزههالقلوب تصحیح میرهاشم محدث، تهران ١٣٩٦

٥. بۆ سەرەتا جار واتا وشەی ئیل/قەومی دووکتۆر مەسعود ڕۆستەمی لە کتێبی « پربلماتیک مبارزە، خوانش فراایدئولوژی» بە کار هاتووە.

٦. بڕواننە : ئیدوارد سەعید، فرانتز فانۆن، گایاتری سپیواک و هتد

٧. یرواند آبراهامیان. ایران بین دو انقلاب، احمد گل محمدی و دیگران، چ١١، تهران، نشر نی، ١٣٧٧

٨. سید مقداد نبوی رضوی. مقدمه تاریخی. تاریخ مکتوم، تهران: پردیس دانش. ص ٤٠.


٩. نعمتالله محرمی و حسن مهربان. مجموعه قوانین و مصوبات تقسیمات کشوری، ج ١: ١٢٨٥ الی ١٣٦٣. تهران، گوهرشاد، ص ١١

١٠. هەرئەو ص ٢١-٢٧.

١١. هەر ئەو ص ٣٧.

# ئایدۆلۆژیی کوردایەتی

ڕامیار و ڕۆژبەیان



**ئاماژە**
ئایدۆلۆژیکی یەکانگیر ڕەنگە کاریکی خەیاڵی و ناکردەیی بێتە بەر چاو؛ بەڵام خوێندنەوەی مێژوو و ئەزموونی میللەتان نیشانمان دەدا کە ئەو کارە کردەیی و ڕێگە تێچووە. بۆ ئەو کارە هەوڵمان داوە بە تیشک خستنە سەر بیر و ڕاکانی کارڵ شمیت ڕەهەندێکی نوێ و کارتێکەر بە سەر ئایدۆلۆژیی کوردایەتیدا بکەینەوە.

بــە ئاوردانەوەیــەک لە ڕەوتــی بیچم گرتنی چەمکی (تکویــن مفهومی) ئایدۆلۆژی، ئەگەر بمانهەوێ پێناســەیێکی گونجاو لە ئایدۆلۆژی بدەینە دەست:

ئایدۆلــۆژی پێکهێنــەری پەیوەندیــی ژینەییــی ئێمە لەگەڵ کەتــواری مێژوویی یا خود جیهانە، لە ڕاســتیدا ئایدۆلۆژی نیزامێکە بــە لۆژیــک و ســەرنجی تایبەتــی خۆی لە ڕەنگدانەوەکان(وەکوو وێنەکان، ئوستوورەکان، ئایدیــاکان و چەمکــەکان. . . ) کە هەبوویی مێژوویی، ڕۆڵێکی تایبەتــی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکــراودا هەیە. ئایدۆلــۆژی ڕێگەیێکە کە کۆمــەڵ یا جەمــاوەر بۆ هەســت پێ کردنی جیهانی خۆیان هەڵی دەبژێرن، بە واتایەکی‌تر کۆمەڵێک لە گوتارەکان کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەزموونمان هەست پێ دەکەین.

ئایدۆلۆژی زۆرتر لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا پێناســەی بۆ کراوە و بە جۆرێکیش دەستی بەســەردا گیراوە. لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە ئایدۆلــۆژی وەکــوو ســەرخان، بوونێکــی ســەربەخۆی نییــە و گــرێ دراوی ژێرخانی ئابوورییە. ئەم ڕوانگەیە لە لایان ئالتووســێرەوە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. ئالتووسێر ئەگەرچی لە ئاخێوی مارکسیستییەوە خەریکە ڕەخنە لە مارکسیســمی مرۆڤ تەوەر دەگرێ بەڵام ئەو پێی وایە بندەســتەکانیش دەتوانن ئایدۆلۆژیی خۆیان بەرهەم بهێنن.

بــۆ نموونــە لێنیــن بــاس لــە حیزبی پێشــڕەو بۆ دابین کردنی ئایدۆلۆژی لە لایان نوخبەی شۆڕشــگێڕەوە بۆ بەرەنــگار بوونەوە ئایدۆلۆژیــی سەردەســت دەکات یان مائۆ کە بەکەڵک وەرگرتن لە بنەماکانی مارکسیســم بە پێــی بارودۆخی چین ئایدۆلۆژیی ئێنقلابی دادەڕێژێت. بەرچاوترین میناکی دووبارە پێناسە کردنی ئایدۆلۆژی لە سەر بنەمای مارکسیستی لە شۆڕشی گینەدا و لە سەر دەستی ئامیلکار کابــراڵ بەرچاو دەکەوێــت. کابراڵ بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی ســتەمی نەتەوەیی(ملی) ئایدۆلۆژیی ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ درباز بوون لە ژێر ڕکێفی ئیستعمار/داگیرکاری و ئێستسمار چەمکبەندی دەکات. لەو پەیوەندییەدا کابراڵ ئاماژە بە هێــزی داگیرکەری وڵاتی گینە واتە پورتووگال دەکات. پرســی سەرەکیی کابراڵ، چارەســەری ناکۆکی لە نێــوان بەرژەوەندیی ئەفریقییــەکان و پورتووگالییەکان بوو. کابراڵ چارەســەری وەها ناکۆکیگەلێکی بە واتای لە ناوچوونــی خێرا و یەکجارەکیــی داگیرکاریی پورتــووگال لە گینەدا، لە شــەرێکی مان و نەماندا دەزانی. ئەو بە ئاماژە بە ڕۆڵی ئێستعمار /داگیرکاری لە تێکدانی پرۆســەی گەشــە و ئاڵوگۆڕی مێژوویی لە کۆمەڵگاکانی بندەســت و داگیرکراودا باس لە « تەرکی مێژوو» دەکات و دەبێژێ:

بــە بــڕوای هەنــدێ لــە چــەپ و مارکسیستەکان، مێژوو واتە شەڕی چینایەتی. ی‌ڕوای ئێمــە ڕیک پێچەوانەی ئەم لێدوانەیە. بە ی‌ڕوای ئێمە کاتێک ئێمپریالیســم هاتە ناو گینە، ئێمەی ناچار کرد مێژووی خۆمان جێ بهێڵین و بێینە ناو مێژوویێکی تر.

لە مەڕ ڕەوشــتی هێزە شۆڕشــگێڕەکان، کابراڵ بڕوای وابوو کە جەماوەری گینە وەکوو گەلێکی بندەســت تەنیا دەرخەری کۆمەڵێک مرۆڤی بندەستە لە بەرانبەر هێزێکی چەوسێنەر و داگیرکەردا. ئەو پێی وابوو ئەوەی لە بارودۆخی داگیرکاری بە ســەر مێژوودا زاڵە، بەرەنگاریی چینایەتی نییە. بەڵکوو لە ســەر ئەو بڕوایە بوو یەکگرتوویی تەواوی توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ســەرکەوتن لە بەرەنگاریی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیــی دژی داگیرکاری پێویســتە، بەڵام سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیەی بە بێ فاکتۆری ئایدۆلۆژیک بە ناتەواو دەزانی.

لــەم بابەتــەدا هــەوڵ دراوە زەروورەتی لەبەرچاوگرتنــی فاکتــۆری ئایدۆلۆژیــک بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بخرێتە بەر بــاس و لێکدانەوە، لە ڕاســتیدا هەوڵمان داوە بــە هێنانەوەی فەکتــی مێژوویی و تیئۆریک

هەرچی زۆرتـــر گرنگی ئەو فاکتـــەرە بدەینە دەست خوێنەر.
لە ناو جمەی ئەو هەموو بیر و ئایدۆلۆژییە جیاوازەی کۆمەڵگای کوردستاندا، دۆزینەوەی ئایدۆلۆژییەکـــی تۆکمە و گشـــتگیر و دیاری کردنـــی مەیدانێکـــی ئایدۆلۆژیکـــی یەکانگیر ڕەنگە کارێکی خەیاڵـــی و ناکردەیی بێتە بەر چـــاو؛ بەڵام خوێندنەوەی مێـــژوو و ئەزموونی میللەتان نیشـــانمان دەدا کە ئەو کارە کردەیی و ڕێگە تێچـــووە. بۆ ئەو کارە هەوڵمان داوە بە تیشک خستنە سەر بیر و ڕاکانی کارڵ شمیت ڕەهەندێکی نوێ و کارتێکەر بە سەر ئایدۆلۆژیی کوردایەتیدا بکەینەوە.

## ئێشـــمیت و چەمکی دۆخی سیاسی

لە ڕوانگەی ئێشـــمیتەوە دۆخی سیاســـی بە تەنیا بە دۆزینەوە و شـــی کردنـــەوەی گوتـــەزا سیاسییەکان دەکرێ پێناسەی بۆ بکەی. دۆخی سیاسی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لـــە گەڵ ئەمبازەکانی فرە چەشـــن و تـــا ڕادەیەکیش سەربەخۆی ئەندێشە و کردەوەی مرۆڤ بە تایبەت ئەخلاق، جوانی ناسی و ئابووری دێت و پێوەری تایبـــەت بە خۆی هەیە و خۆی بە شـــێوازی ســـەربەخۆ دیاری دەکات. لە ئەمبازی ئەخلاق باس لە دووانەی شەڕ و خێر، لە جوانیناسیدا دووانەی جوان و ناشیرین و لە ئابووریدا قازانج و زەرەر وەکـــوو بنەمـــا وەردەگیرێ. بەڵام ئەو شتەی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا یەکلاییکەرەوەیە جیاکاریـــی نێـــوان دۆســـت و دوژمنـــە. لە ڕووبەڕووبوونـــەوەی نێوان دۆســـت و دوژمندا ئاماژە بە یەکگرتن یـــا دژایەتی، لە خۆگرتن یا دەرهاویشتن دەکات. ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەتوانـــێ هەم لە ڕوانگـــەی تیئۆری و هەم لە ڕوانگەی کردەیی بوونی هەبێت؛ بەری لەوەی کە بە شـــێوازێکی هاوکات پـــاڵ وە ئەخلاق، جوانی ناسی و ئابوورییەوە بدات. سروشتی ئەم هەڵاوارده سیاسییە لە تەک هەڵاواردەی ئاماژە پێکراوی ســـەرەوە جیاوازە، ئەو پێوەرە ئەشێ سەربەخۆ و خۆڕسک بێ.
گرنگیـــی جیـــاوازی و ســـەربەخۆیی ئەو بەرامبەرێتییـــە لەوەدایە کە ناتوانرێ لە لایەن هەمبەرێتییەکانی ترەوە دەســـتی بە ســـەردا بگیـــرێ. کەواتـــە هەمبەرایەتیی دۆســـت و دوژمن تەنانەت کەمتر لە هەمبەرایەتییەکانی تـــر ئەگـــەری تێکەڵاویی بۆ هەیـــە. جیاوازی دۆســـت و دوژمن، ئاماژە بە خەســـتترین و دژوارتریـــن یەکگرتوویـــی یان جیایی، یەکیەتی یان تەکینەوە دەکات. ئـــەو جیاوازییە دەتوانێ هـــەم لە بواری نـــەزەری و هەم لە بـــواری کردەیی بوونی هەبێ بە بـــێ ئـــەوەی حەتمـــەن بە شـــێوازێکی هـــاوکات پـــاڵ وە جیاوازیی مۆراڵی، جوانیناســـانە یان ئابوورییەوە بدات. پێویســـت ناکات دوژمنی سیاسی لە لایەنی ئەخلاقییەوە شـــەڕ یا لە لایەنی جوانیناســـییەوە ناحـــەز بێت، دوژمن پێویســـت نـــاکات وەک ڕەقیبی ئابووری بێتە ئاراوە، ئەو دوژمنە لـــە هەر دۆخێکدا ئەویترە و غەوارەیە؛ بۆ پێناسەی سروشتی ئەو دوژمنە پێویستە کە بە شـــێوازی وجوودی و بە جۆرێکی خەســـت جوداواز و نامۆ بێتە ئەژمار؛ بە شـــێوازێک کە لە دۆخی کۆتاییـــدا، ناکۆکی لەگەڵ ئەو ڕێی تێچێ. بڕیاردان لەم بوارەوە نە بە چەشـــنێک نۆرمی گشتگیری پێشـــوەخت دێتە دی و نە بە دادوەریی کەســـی ســـێهەمی بێ لایەن و بەهرەبەر. تەنیا بەشداربووانی کردەکی دەتوانن بە ڕێکی دۆخی هاوپێچکراو بناســـن، تێبگەن و بیخەنـــە بـــەر دادوەری و دۆخی نەهاییی ناکۆکی ڕەپێچەک خەن.

> بەپێی ئەزموونی مێژووی بزاڤی نەتەوەییی کورد، ئایدۆلۆژیی کوردایەتی توانیویەتی وەک دالێکی ناوەندی زۆرێک لە ئایدۆلۆژی و جیاوازیی تر وەک دالی بوچکتر لەخۆبگرێت

ئیشــــمیت لە شوێنێک باس لەوە دەکات، ئەگەر کەســـانێک هـــەن کە تاقــم بەندیی دۆســـت و دوژمن بە پاشماوەی باو و باپیران و ســـەردەمی بەربەرییەت لـــە قەڵەم دەدەن و پێیـــان وایە کـــە ئـــەو بەرامبەرییە ڕۆژێک بارگەی دەپێچێتەوە، یان ئەوەی لەو بڕوایەدا بـــن کە دژومنان ئیتر بوونیان نەبێ، لە بواری پەروەردەییەوە بەســـوودە، لێرەدا پێوەندیی بە بابەتـــی منەوە نییە. کەڵکەڵـــەی ئێمە لێرەدا کاروباری ئینتزاعـــی و ئارمانگەرایی فۆرمیک نییـــە؛ بەڵکـــوو واقعییەتی زاتـــی و ئیمکانی واقعی هەبوونی وەها جیاوازییەکە. ئیشمیت هـــەروەک هابز دژایەتی و شـــەڕ، دوژمنی و تێکهەڵچوون وەک دۆخی سروشـــتی پێناسە دەکات. ئیشمیت پێی وایە خواستی دەوڵەتان و سەردەســـتان پێکهێنانی جیهانێکی بێ قڕە و بەتاڵ لە شـــێلگیری و بۆش لە سیاســـەتە. ترســـی ئێمـــە وەک نەتەوەیەکی بندەســـت هەمـــوو کات دەبێ لـــە نیزامـــی بەتاڵکەر و سیاســـەت ڕامالّی ســـەردەمی مۆدێرن بێت، کە لە ئەنجامدا مـــرۆڤ بەری لە مانا دەکات. ئەوەی لێرەدا جێگەی ســـەرنج و گرینگی پێ دانـــە، کارابوون و ڕێـــژەی ئاگاییی فاکتەری ئایدۆلۆژیکی ئێمەیە. ئیشمیت پێی وایە پێوەر لەوەها دۆخێکدا ناســـینەوەی ڕاستی دۆست لە دوژمنە.

## کوردایەتی وەک ئایدئۆلۆژی

کوردایەتـــی ئایدۆلۆژییەکـــە کـــە دەکـــرێ ڕیشـــەکانی بۆ ســـەردەمی ئەحمەدی خانی بگەڕێنینـــەوە. خانـــی وەک بناغەدانـــەری ناســـیۆنالیزمی کلاســـیکی کوردی دەناسرێ، پاش ناوەندخوازیی ئیمپراتۆرییەتی عوســـمانی و تێکچوونی یەک لە دوای یەکی میرنشـــینە کوردییەکان، ناســـیۆنالیزمی کـــوردی هەر لە سەرەتاوە تووشـــی قەیران هات. لەم ماوەیەدا ســـەرهەڵدانی شۆڕشـــی شـــێخ عوبەیدیللای نەهـــری لـــە ســـاڵەکانی ۱۸۷۹ و ۱۸۸۰ و دامەزراندنی ســـنووری نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێرانی وەک یەکەم سەرۆکی کورد وشـــەی نەتەوەی بۆ گەلی کوردســـتان بەکار هێنا. ئەوەی جگە لە گرنگیی ســـتراتیژیک، لە بواری ئایدۆلۆژیکـــی زۆر گرینگ بوو: لەدایک بوونی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی کە «دالی» مەرکەزی، نەتەوەو کوردایەتی بوو.

بەپێی ئەزموونی مێژووی بزاڤی نەتەوەییی کورد، ئایدۆلۆژیی کوردایەتی توانیویەتی وەک دالێکـــی ناوەنـــدی زۆرێک لـــە ئایدۆلۆژی و جیاوازیی تر وەک دالی بوچکتر لە خۆبگرێت. هەرچەند لە هەندێک بڕگەی مێژوویدا لادانیش هەبـــووە، بەڵام ئەوەی هەنووکە گرینگە، کۆک بوونی گشـــتی فەزای سیاســـیی کوردستان لەسەر بە مەرکەزی دانانی دالی کوردایەتییە.


بەناوەند دانانی ئەو دالە دەتوانێ مەیدانێکی ئایدۆلۆژیکـــی کارا و ئامانجـــدار بۆ ئێمە پێک بهێنێ. بەڵام پێکهێنانی وەها مەیدانێک تەنیا بـــەس نییە و ســـەرەتایەکە بۆ گەیشـــتن بە ئامانجی درێژ خایەن.

ئەوەی ڕاســـتی بـــێ لە فـــەزای ویژمانی سیاسیی کوردســـتاندا بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بەتایبەتی، بازنەیەکی شـــاراوە و خاڵی بۆشایی ئەم ئایدۆلۆژیایە جگە لە «ئەمری سیاســـی» بە پێناسەی ئیشمیتەوە شتێکی تر نییە، ئەمری سیاسی وامان لێ دەکا جیاوازیی دۆســـت لە دوژمن تێبگەیـــن و ڕەهەندەکانی ڕوون بکەینەوە. سنوورە شێوێندراوەکان لێک جیا بکەینـــەوە و دەروازەی دژایەتی و شـــەڕ لەگەڵ دوژمن دیاری بکەین.

پێویســـتە ڕۆحی مردووی ئەو مەیدانە ئایدۆلۆژیکـــەی وا بـــە مێژوویەک خەبات و بەرخۆدان و بە خوێن پێکمان هێناوە چالاک بکەینەوە و هەردەم ڕووی لە گەشـــەکردن بکەیـــن و لـــە کۆتاییدا بـــەو ئاکامە بگەین تەنیا شـــەڕ لە لەگەڵ دوژمن و هەرەس پێ هێنانی، ڕێگای ڕاســـتەقینەی گەیشتن بە ڕزگارییە.

# دەسەڵات و ئۆتۆریتە

ڕۆژبین بۆکانی



**ئاماژە**

ڕاستە کورد بە درێژایی مێژوو، نەتەوەیەکی چالاک و خەباتکارێکی ماندویی نەناس و شێلگیر و مرۆڤ دۆست بووە. واچاکە لە بەرانبەر دوژمناندا لۆژیکێکی ئانتاگۆئیستیمان هەبێ تاکوو دوژمنان بە ڕوانگەیەکی دیکەوە لێمان بڕوانن. بە واتایەکی دیکە یانی فەرامۆشکار نەبین. هەر وەها تاکی کوردی نابێ بۆ ساتێکیش لە خەبات و چالاکی سڵ بکاتەوە.

ئاشکرایە ئەگەر بە دالانی مێژوودا فلاشبەکێکی قووڵ لــێ بدەین و بە دووربینی دەســەڵات و دەســەڵات خوازییەوە بڕوانییە کەیســەکە و میرایەتــی و حوکمڕانییەتی مرۆڤ ئانالیزە بکەین؛ دەبێ بڵێین هەر لە ســەرەتای بوونی مرۆڤەوە یەکێ لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی وجوودی ئینســان خــوازەی دەســەڵات و ئۆتۆریتە (authority) بووە و هەیە.

بــەو باکگراوەنــدە مێژووییــە بۆمــان دەردەکەوێ کە هەر نەتــەوە وکاڵچێرێک بۆ ئەوەی بوونی خۆی بســەلمێنێ و شوناسی نەتەوەیی خــۆی پێناســە و ڕۆژەڤ بکات، پێویستە ئۆتۆریتەی خۆی هەبێ. لە ئەساسدا لە بــاری دەروونی و پێسیکۆلۆژیستیشــەوە یەکێ لە پێویستییەکانی ئۆرگانیکی مرۆڤایەتی دامەزراندنی دەسەڵات و میرایەتی خۆسەرە.

بۆچــی خۆســەرا! چونکە خــاوەن ئیرادە و ئایدیا و ئەندێشــەی تایبەتــی خۆیەتی بۆ ئەوەی خــۆی بتوانێ هاوڕەگــەز و نەتەوەی خۆی بژیێنێ.

کــورد نەک بە قســە و داخوازیی کۆ و تاکی کــوردی، بەڵکو بە بەڵگە و شــاهیدی دانی مێژووی دێرین و کەونارا - هەڵبەتە ئەوە جیا لەو دەســت تێ وەردەان و شــپرزەیی و شێواندنی بەڵگەکانی مێژووە لە لایەن نەیاران و دوژمنانــی زاڵــی ناوچەدا - لــە یەکەمین نەتەوەگەلێک بووین کەهەســتمان بە بوونی دەسەڵات و دامەزراوەی حوکمی سەربەخۆی خۆمــان کــردووە و وەک کــورد توانراوە لە ٢٨سەدە لەوە پێش کیانی خۆی بنیاد بنێ و ئەمپراتۆریەتی ماد(مەد. میدیا .... ) بە پانتایی میزۆپۆتامیــا و بە بــاڵای زاگرۆس و تۆروس، قەوارەی دەسەڵاتی خۆی ڕابکێشێ.

هــەر تاکێــک لــەم جیهانەدا ســەر بە نەتەوەیەکــە و هــەر نەتەوەیەکیش خاوەن مێژووی خۆیەتی بە ویژمانێکی تایبەتی بوونی خۆیەوە. ئەم تاکە بە کورد و باقی نەتەوەگەلی دیکەوە لە ســەریەتی سێ ڕەهەندی گرینگی ڕەوتــی تێپەڕینی خولی ژیان ڕەچاو بکا و بە چاوێکی کراوەوە تاوتوێی بکات:

١ تۆ کێی؟

٢ مێژووی تۆ چییە؟

٣ داهاتووت چۆن پراکتیزە دەکەی؟

١ تۆ کێی. واتا سەر بە کامە نەتەوە و ڕەگەزی گۆی زەویت. پێناسە کردن و شرۆڤەی نەتەوە بوون، یەکێ لە سەرەکیترین چەمکەکانی خۆ ناســینیە. چونکە لە باری سایکۆلۆژیستییەوە ئەم گــرێ کوێرەیــە ئەگەر کــراوە و تاکی کۆمەڵگا بۆی ڕوون بوەوە چوارچێوەی بوون و چییەتیــی کەرامەتی ڕەگەزیــی بوونی بۆ دەرکەوت، بێ شک بەرچاوڕوونییەکی بەرینی دێتە زەینەوە و هەوڵ و تێکۆشان و ئومێد بە ژیان و حەز و ئاوەزی زۆر پەرە دەســتێنێ و بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەویش ســەرێکە لە نێو سەراندا.

٢ کاتێ بۆت مەعلووم بوو تۆ کێی و چیەتیی بوونت ســەر بە چ ئاقار و سەرچاوەیەکە، بێ شک مێژووەکەشــیت لا گرینگە و لە هەوڵی ئەوەدای ڕەهەندی زانستیی تۆکمە لێدەی بۆ چوونە ناو دالانەکانی مێژووی نەتەوایەتییەوە. چونکــە ئیدی بۆت گرینگە ویژمان و گوتاری خۆیی بوونت بۆ مێژووی خۆت هەبێ.

٣ کاتــێ وەک نەتەوە توانیت مێژووی خۆت بناسی و ڕەهەند و گوتاری سەربەخۆی خۆتت تێــدا خوڵقانــد، ئەوجار دەتوانــی و دەکرێ نەخشەڕێگایەکی پوخت و کارا بئافرێنی.

ئێستا پرســیار ئەوەیە ئەم سێ خاڵە پلە بەندییە بۆچی هاتە نێو ئەم وتارەوە؛ بە داخەوە و بە گشــتی ئێمەی کورد هەتا ئەمڕۆشــی لەگەڵدا بێ خوێندنەوەیەکی ســەربەخۆیانەو گوتارێکــی تایبەتیمان بۆ مێــژووی خۆمان نەبووە و ڕاقە و شــرۆڤەی زانســتییانە، وردە وردە و بە پێڕەوکە خەریکە خۆی نیشان دەدا و بە ڕەهەندەکانی مێژووماندا شۆڕ دەبێتەوە.

هەتاکــو ئێســتا ئێمەی کــورد مێژووی خۆمان لە دوو ڕوانگەوە خوێندووەتەوە:

١ یەکەم لە لایەن ئەو کەسانەی سەر بە نەتەوەی زاڵ و ئوتۆریتەی کولۆنیالیزمی زاڵ بە سەر نەتەوەی کورددان. دیارە زۆربەی ئەو مێژوو ناس و مێژوو نووسانە سێبەری سیاسەتی دەسەڵاتی نەتەوەیی و مێژوویی خۆیانیان بە سەرەوەیە و بە چاوێکی سووک و بێ بنەما، فاکتی بێ ڕیشە و دەستکرد و نافاکتمان دەرخوارد دەدەن. فارسەکان ڕیشەی مێژوویی و تەنانەت زمانیمان دەگەڕێننەوە سەر مێژووی کۆچەری بوونی پارس. کەسانێکی وەک سەعیدی نەفیسی یان قەڵەم فرۆشانێکی وەک ڕەشید یاسەمی کە مێژووی کورد دەلکێنن بە پارسەوە. عەرەبەکان ڕیشەیەکی جن و ئەهریمەنی و دێو و درنج و شەیتانی دەخەنە ڕوو؛ تورک کە خۆی بێ ڕیشە و بێ مەوتەنە کەچی کورد بە شاخی و پاشکۆی خۆی وەسف دەکات!!

٢ لایەنی دووهەم، ئۆرنتالیسم و ڕۆژهەڵات ناسان و گەڕۆکان و مێژوونووسانی ئەوروپایین. ئەوانە کەسانێک بوون و هەن کە یان وەک توریست و گەڕۆک بە ناوچەکانی کوردەواریدا تێپەڕیون، یان وەک پسپۆڕێک و مێژوو ناسێک لە مێژووی ناوچەیان کۆڵیوەتەوە. ئەو کەسانە کە مێژووی گەلانی بێ دەوڵەت دەنووسنەوە بە داخەوە زۆرجار باری قەڵەمەکەیان بە لای ئۆتۆریتەی زاڵ بە سەر نەتەوەی کورددا دەشکێنەوە؛ چونکە گوێیان بە گێڕانەوەی ئەوان زۆرتر ئاشنا دەبێ و لە بەڵگە و دێکۆمێنتەکانی ئەو دەسەڵاتە کلۆنیالیستانە کەڵک وەردەگرن، بە داخەوە دەسەڵاتی نەتەوەی باڵا دەست بە ئەنقەست دێکۆمێنتی قازانج خوازیی خۆی دەخاتە ڕوو و بەڵگە و دێکۆمێنتەکانی دیکە، یان لە ناویان دەبات یان شوێن بزریان دەکات.

هەر وەک دەبینین بە تایبەت بە درێژاییی تەمەنی دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و ئیسلامیی ئاخوندی دزی و تاڵانی ناوچە مێژووییەکانی کوردستان شتێکی ئاساییە و نە تەنیا پێشی پێ ناگیردرێ بەڵکو دنەش دەدرێ تاکوو ئاداری بە سەر پادارەوە نەمێنێ.

بۆ نموونە مێژوونووسێکی وەک گزنەفۆنی یۆنانی بۆ ئەوەی لە دارمانی ئەمپراتۆریەتی ماد تێبگا و وەک پسپۆڕێک ڕووداوەکان تاوتوێ بکا، لە بەرپرسانی هەخامەنشی دەپرسێ. یان بۆ ئەوەی شۆڕشە مەزنەکەی ( گێئۆماتا)ی مادی لێک بداتەوە و لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە دوای شکستی ئەمپراتۆریی ماد دژ بە هەخامەنشییەکان ئاگاداربێ، کە چۆنە لە هەرەتی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکاندا دەتوانێ حەوت مانگ دەسەڵاتی پارسەکان بگوازێتەوە بۆ ئۆتۆریتەی ماد؛ گزنەفۆن دێت و لە کەسایەتییە ناسراوەکان وسەربە دەرەوەکانی نەتەوەی ماد/کورد دەپرسێ کە پارسەکان پێیان ناساندووە. ئەو کەسانە کێن؟! بۆ نموونە کوڕان و تایفە و تۆرەمەی «هارپاگە»ی گەل فرۆش و خۆ فرۆشە. بەڵگە و بەرهەمی مێژوویی هێرودۆت و گزنەفۆن لە زمان نەوەی هارپاگە یان نەوەی (حەوت ئەشرافیی ئاریستۆکرات)ی پارسییەوە کە دژی گێئۆماتا بوون دارێژراوە. دیارە لە وڵامدا گێئۆماتا وەک کەسایەتییەکی خوێن خۆر و ئاژاوەگێڕ و ناجوامێر وەسف دەکەن؛ ئەو گێڕانەوە ناجوامێرانە و دوور لە ڕاستییانە و هەر وەها ئەو خەڵات و دیارییانەی کە لە لایەن خانەدانی سەڵتەنەتی هەخامەنشییەوە پێشکەشی گزنەفۆن و هێرۆدۆت کراوە، مێژوویەکی تەواو چەواشەکارانە و ئانتی ڕیئالیستانەی لێ

> هەر نەتەوە وکاڵچێرێک بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ و شوناسی نەتەوەییی خۆی پێناسە و ڕۆژەڤ بکات، پێویستە ئۆتۆریتەی خۆی هەبێ. لە ئەساسدا لە باری دەروونی و پێسیکۆلۆژیستیشەوە یەکێ لە پێویستییەکانی ئۆرگانیکی مرۆڤایەتی دامەزراندنی دەسەلات و میرایەتی خۆسەرە

دەئافرێت. هەر بۆیە دەڵێین باری مێژووناسیی ماد لە ڕوانگەی گزنەفۆن و هێرۆدۆتەوە تەواو ڕوانگەیەکی پارس تەوەرانەیە و تاریف تاریفی پارسە و زەم زەمی مادییە.

ئــەو دەردەش وەک باقیــی دەردەکانی دیکە دەکەوێتە قەوارەی دەردی بێ دەوڵەتی و بێ دەســـەڵاتی خۆیی بوونەوە. هەر بۆیە بە هەموو بارێکـــەوە ناعەداڵەتی و نادادپەروەریی لێ دەزێتەوە.

بە دوای ڕوخانی ماد، لە چاخی دێرینەوە هەتا ئەمڕۆکە پرسەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە سەر کورسیی دەسەڵات و کلۆنیالیزم بوونیاندا دوو هێڵی هاوتەریبیان دەستنیشان کردووە:

١ شـــێواندن و شـــوێن بزر کـــردن و وێران کردنـــی فاکتـــە مێژووییـــەکان. تێکدان و گۆڕینی دێمۆگرافیای ناوچە کوردنشینەکان، پەراوێـــز خســـتنی کلتورو زمـــان و ئایین و مۆسیقا و..... ماد.

بـــە شـــاهیدیی مێـــژوو، پارســـەکان لە کلتور، زمان، مێعماری، موســـیقا، ئایین ....ی مادی بوونە خاوەن هەموو فەکت و ئەرزشـــە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە: لە ســـەر ئایینی میترائیسمی/مادی. ئایینی زەردەشت بنیاد نرا. ئەهورامەزدا بە جێگای میترای مادی دانراوە. بـــە جۆرێکی کـــە هەرچی میترا پەســـندی کردبوو ئەوان بە بارێکی دیکەدا و بە ڕەنگێکی دیکە دایانڕشـــت. سونبول و توتمی ماد/کورد .شێر(هێز)، مار( زەویی کشتوکاڵی). لە پارس/ فارســـدا. گا، لە بەرانبەر شـــێر دادەنرێ. داڵ لە بەرانبەر مـــاردا دانراوە. مار هێما و توتمی ئەندێشەی زەوی و ڕئالیستییە و داڵ هێمای ئەندێشـــەی متافیزیکی و ئیدەئالیستییە. هەر بۆیە لە زۆربـــەی بەردەنوس و بەڵگەنامەکانی سیلســـیلەی پارسدا ڕاوە شێر و شێر کوشتن وەک بەهـــا و کلتورێکـــی نەتەوەیی ســـەیر دەکـــردرێ. هـــەر وەک قوربانـــی کـــردن و کوشتنی گا و ڕاوە بەراز هەتا ئێستاش نماد و توتمی کوردی/مادییە.

تەنانەت هونەر و مێعماریی مادی دەبێتە ئۆتۆریتەی هونەری پـــارس. هێرۆدۆت دەڵێ: پارســـەکان لە زۆر شـــتدا لە مادەکانەوە فێر دەبـــوون وەک: بـــە جێگای بـــەردە نووس و گڵێنە نووســـی، لە مادەکانـــەوە فێر بوون لە پێستی ناســـک و تەنک و پێنووسی تایبەتی کەڵـــک وەرگرن. لە بیناســـازی و بە تایبەت دروســـت کردنی کۆڵەکەی بەردین و بەرین، تەنانەت ئەو وەستا و مێعمارانە مادی بوون کە «تەختی جەمشید» و پێرسپۆلیسیان ساز کرد، بە تایبـــەت کۆڵەکە بەردینـــەکان. هێرۆدۆت دەڵێ پارســـەکان تەنانەت یاسای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیش لە مادەوە فێر بوون و ئەوانیان بە مامۆستای خۆیان دەزانی.

لە ئەدەبیاتیشـــدا، فەرەیدوون/ کوروشە. ئەژدیهـــا، ئاژدیاک/ئاســـتیاگە، واتـــا دوایین پادشـــای ماد. هەر وەها داریوش لە بەرانبەر گێئۆماتا دادەنێن کە پارســـەکان بە بەردیای درۆزن دەیناســـێنن. بـــە واتایەکـــی ڕوونتر فردەوسی بە چاوێکی سووک لە پیرۆزییەکان و بنەماکانـــی کورد/مـــاد دەڕوانێ. ڕۆســـتەم هێمای ئایینی مێهر/میترایە و ئەسفەندیاریش هێمای ئایینی زەردەشتییە. مەبەستم ئەوەیە تەواوی چرکە ســـاتەکانی مێژووی فارس مل ملانێیەکـــی چڕوپڕە لە گەڵ کلتوور و هێما و تووتم و ئۆتۆریتەی کەونارا بوونی ماد/کوردە.

بە گشـــتی دەتوانین بڵێین پارس هەموو ئاکار و هونەرێکی پەســـند و ئەکتیڤی لە ماد ستاند و خۆی پێ گرت و ڕیشەی مادییەکەی لە بەین بـــرد و بە درێژاییـــی مێژوو هەر لە گەورەیی مادیان کەم کردەوە و کەمایەسیی خۆیان پێ گەورە کرد. خۆیان کردە نەتەوە و ماد/کوردیان کردە تایفە و «قەوم»

لە ڕوانگـــەی کـــوردەوە دەتوانین بڵێین مێژوو نوسانێکی کە لە سەر کلتوور و مێژووی کوردیان کۆڵێوەتەوە دوو دەستەن:

یەکەم: ئەو کەسانەی لایەنگریی کورۆش و پارسیان کردوە وەک: گزنەفۆن و هێرۆدۆت.

دووهەم: لە بەرانبەردا هەتا لە سەردەمی هەخامەنشـــییەکان دوور دەکەوینەوە  مێژوو نووســـانی بێ لایەن و بە ئینسافمان دێتە بەر چـــاو، وەک ویل دۆرانت. داندایۆف. شـــاندۆر. هێرتێسفێلد و.... کە زۆرجار لە بێ ڕەحمی و خوێن خۆریی کورش چاو پۆشییان نەکردووە و گێئۆماتـــا و فەرەوەرتیـــس و مەزدەک و ... باشتر دەناسێنن.

**٢** هـــەر لـــە ســـەرەتای دامەزراندنـــی هەخامەنشـــییەوە هەتـــا ئەمـــڕۆ، شـــەڕێکی پڕۆپاگەندەیی داپڵۆســـێنەرانا وەگەڕ خراوە. هەرجـــارەو بە ناوێک: نەتەوە، ئایین و ئایینزا، ســـنوور، ژێئۆپۆلێتیک و زۆر چەمکی دیار و نادیاری دیکە. لەو لاوە بۆ شکاندنی کەسێتی و تێک شـــکانی نەتەوەخوازیی کوردی، ناو و ناتۆرەی سووک و بێ بنەمایان لە سەر داناوین. وەک: ئەژدیهـــا، توورانیان، دێو، ئەهریمەن و زوحاک، زەندیق(بێ دین)، ئاژاوەگێڕ، جیایی خواز، سەر بە بێگانە و ئەمپریالیسم و...

هەر لە شۆڕشی گێئۆماتا کە لە سەردەمی پاشـــایەتیی کەمبوجییەدایـــە. کەمبوجییـــە نەســـیحەتی بنەماڵەکەی دەکا و دەڵێ: هەتا بۆتان دەکرێ نابێ بێڵن ماد سەر بەرزەوە بکات و هەتا دنیا بە دنیایە دەبێ لە ســـەرکوتدابن. ( چونکە ســـەرکوتی کورد/ماد لە سەربەرزیی و مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی پارســـیزمدایە). دوای شکســـتی ئیمپراتۆریەتـــی ماد ئـــەو قەوارە بەرینەیان لە ناوچەیەکی جوگرافیی سەرووی زاگرۆســـەوە قەتیس کرد و ناویان نا « مادی بچووک». ئەو ســـەرکوت و بـــێ حورمەتییە ئەورۆش خەســـتتر و ڕەشەکوژانەتر درێژەی هەیە. تەواوی شـــەڕی فـــارس دژ بە کورد بۆ ئەوەیـــە تاک تاکی کورد، خـــۆی بدۆڕێنی و نوستالێژییەکی بێ بنەما و تەواو نائومێدانەی بخرێتە مێشکەوە. واتا: خۆ بە کەم زانین و خۆ دۆڕان( ئلیناسیۆن).

کارتێکەریـــی پڕۆپاگەندەیـــی و شـــەڕی ڕەوانی و نەرمی فارسیزم بۆ دارمانی کەسایەتی و ئیلیتی کوردییە. بـــە داخەوە زۆرجار تاکی کورد لە بەرانبەر فارســـدا خـــۆی دەدۆڕێنێ، دەست و پێی خۆی ون دەکات.

لـــە کەم میدیـــا و ڕاگەیێنەری فارســـدا دیتـــراوە، کاتـــێ کەســـایەتییەکی چالاک و ئەکتیڤی سیاســـی، مەدەنـــی و ئابوریی کورد بانگ دەکەن بە جێگای گوللە پرســـیارێکی ئاراســـتە نەکەن، « ئایا تـــۆ جیایی خوازی؟!» یانی ئایا تۆ دەتهەوێ لـــە ئێران جیا ببیەوە. لێرەدا دوو ترس و وەهم زاڵە.

**یەکەم** ترسی پرســـیارکەر بۆ ئەوەی هەر لە ســـەردەمی مادەوە ترسی ئۆتۆریتەی ماد/کـــوردی هەر لە دڵدایـــە و پەیتاپەیتا بە پێی ڕەوتی زەمان ترسەکە لە خۆی دوور دەخاتەوە و دوژمنەکـــەی واتا بەرانبەرەکەی کە کوردە، پێی دەترســـێنێ کە، ئاگادار بـــە و لە بیرت نەچێ تۆ ژێـــر دەســـتەی مێژوویی منی و سەرکوت کراوی دەستی خۆمی.

**دووهەم،** ترسی لایەنەکەی بەرانبەر یانی کەســـایەتیی کورد، ترسێکی دێرینی خراوەتە دەروونـــەوە کە وەک جەغزێکـــی ناجوامێرانە ختۆکەی دڵـــی دەدا و وەک دۆڵپا بە ســـەر شانی مێشک و ئەندێشەیەوە قورسایی دەکات. هەر بۆیە دەبینین کەم یەک لەو کەسایەتییە کوردانە توانیویانە وڵامێکی پڕ بە پێست و پڕ مانا بە گورچوی بەرانبەریاندا بدەن.

ئەوەی تاکوو ئێســـتا باس کرا سەلماندنی ئۆتۆریتـــەی ترســـە کە بە درێژایـــی مێژوو، کولۆنیالیزمی لۆکاڵی بە ســـەر کوردیدا  تاپۆ کردوە.

هەر ئەو ترســـەیە کـــە پێمـــان دەڵێن: کورد شـــەڕڤانێکی بـــێ وێنەیە کـــە هەموو پیرۆزی و ســـەرکەوتنەکانی چەندین ساڵەی بە دانیشـــتنێکی چەند سەعاتەی سەر مێزی وتووێژ دەدۆڕێنێ. واتا لاوازیی دیپلۆماسییەت و دیالۆگ. هەر بۆیە کەم ســـەرکردەی کوردە لە پشت مێزی بە ناو ئاشتی و دیپلۆماسی بە سلامەتی رزگاری بووبێ.

شــک لەوەدا نییە کــە دیپلۆمات بوون و گفــت و لفتــی دانوســتانکاری کــورد لە چــاو ڕابردوو، زۆر بەهێز و بە دیســیپلین و شارەزاترە و هەر دەبێ وابێ و چاکتریش بێ.

سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای شەڕی سێ مانگە دەسەڵاتی سانتراڵی تاران کە شکستێکی ســەختی خوارد و لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی داوا کرد شەڕ ڕاگیرێ و وتووێژ بکەن. هەمــوو لایەک دەزانین ئــەو فورجەیە بۆ خۆ ڕێکخســتنەوە بوو نەک بۆ ئاشــتی و ڕێز لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، لەو کاتەدا کورد بالانسی هێز بوو بەڵام شــەڕی ڕاگرت و بە بڕوای من دەبوو شەڕ و وتووێژ هاوتەریبی یەک و هەنگاو بە هەنگاو بڕواتە پێشــێ. بێ شــک ئەوکات دەسەڵاتی دۆگمی تاران نەیدەتوانی بە ئاسانی و بە گاڵتە دانوستان بکات.

بو نموونە ئەم ڕۆژانە تاڵبانی ئەفغانســتان بــەو فکــر و ئایدیایــە کۆنــە پەرســتی و فەندەمینتاڵییەیەوە خەریکی دانوســتاندن لە گەڵ گەورە هێزی دنیایە، بەڵام هێشتا شەڕی ڕانەگرتووە و زەبری خۆی هەر دەوەشــێنێ. یان ئۆپۆزیســۆنی فارک لە کلۆمبیا هەتا ئەو کاتەی جەوهەری واژۆی ئاشــتی کە ســێ ساڵ زیاتری خایاند ویشک نەبووەوە لە شەڕ و خەباتی خۆیدا بەردەوام بوو.

لە ســەد ســاڵی ڕابردووەوە هەر بزاڤ و ڕێکخستنێکی کوردی سەری هەڵداوە بێ شک جیاییخوازییــان وەپاڵ داوە. یان پێی کوتراوە ئەشرار، یان نۆکەری ئیستیعمار. هەموو ئەوانە و زۆر دروشمی دیکە ئۆپۆرتۆنیزمێکی ڕاسیزم خۆازانەیە. بە قەولی کوردی «بەشی خۆم بۆ خۆم بەشی تۆش دەخۆم».


لەمرۆکــەی جیهانی مۆدێرنــدا میدیا و سۆشیال میدیا کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لە ســەر تاکی کۆمەڵگا هەیە، سەردەمانێک بولشــویکەکان دەیانکــوت: ڕۆژنامەیەکی بە بڕشــت کە ئۆرگانی ناوندی ئۆپۆزیســۆن بێ، ڕەگی حەیاتی هەر حیزبێکە. ئێستاش لەدنیای پێوەندییە خێراکاندا و لە جەرگەی دەسەڵاتی توتالیتاریســتی سەدەی بیســت و یەکدا و ئەویش دەســەڵاتێک لە چەشــنی لۆمپێنی ئیســلامییەکەیدا، میدیا و سوشیال میدیای کوردی دەبــێ ئاوانگاردی خەباتــی میللی/ دێموکراتیکــی گەلی کورد بــێ. گەورەترین ئەرکی سەر شــانی میدیاکاری کورد ئەوەیە، کۆمەڵگای کورد لەو ڕاســتییە ئاگادار بکاتەوە کــە تۆ نەتەوەیەکی ســەربەخۆ و جیاوازی و دەبێ شانازی بە خۆت و سێلێبریتی خۆتەوە بکەی. دەبــێ لە باری فکری و ئەندێشــەی مودێرنەوە ئیلیتی کورد دێسانترالیزە بکرێ.

تاکــی کــورد و چینــی مامناوەندی و ئیلیتــی کوردی ئەو ڕاســتییە قەبووڵ بکات کە کوردیش هیچی لە نەتەوەکانی باڵادەست کەمتر نییــە و ئۆتۆریتە و دەســەڵات مافی سەرەکیی خۆیەتی. هەر بەو پێیە کوردستان تەوەری بە تیــوری و بە پراکتیــگ خوازانە ئەرکی هەمیشــەیی و دایمیــی هەر تاکێکی ئەمرۆی کورد بێ. چونکە دەبێ هەموو لایەک ئاگاداربێ کە خەبــات ڕەهەندی جوراوجۆری هەیــە، وەک چەکــداری، چالاکیی مەدەنی، چالاکیــی ئەدەبی/فەرهەنگــی، ژینگەیــی، کلتوری، هونەری و.... بــەڵام خەبات کات و ساتی دیاری کراوی نییە. چونکە لە هەر کات و ساتێکدا دەبێ چالاکی وخەبات لە بەر چاو بێ و پێشــڕەوی هەمو ئــەرک و کردارێکی ژیانی شەو و ڕۆژمان بێ.

ڕاســتە کــورد بــە درێژاییــی مێــژوو، نەتەوەیەکی چالاک و خەباتکارێکی ماندویی نەنــاس و شــێلگیر و مرۆڤ دۆســت بووە. واچاکــە لە بەرانبــەر دوژمنانــدا لۆژیکێکی ئانتاگۆنیســتیمان هەبــێ تاکــوو دوژمنــان بــە ڕوانگەیەکــی دیکەوە لێمــان بڕوانن. بە واتایەکــی دیکە یانــی فەرامۆشــکار نەبین. هــەر وەهــا تاکــی کــوردی نابــێ بــۆ ســاتێکیش لــە خەبــات و چالاکــی سڵ بکاتەوە.

# ئەندازیاریی سیاسی

ڕامان ژاوەڕۆ



**ئاماژە**

ئەحزابی کوردی پێویستە سەبارەت بە دیاردەی هەڵبژاردنی دیموکراتیک چ لە ئاستی دەروون حیزبایەتیدا بێ و چ لە ئاستی کوردستان، پرسی ڕێبەری و ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات تاوتوێ بکەن. دۆخی شپرزی ڕێبەرایەتی لە کوردستان ڕوانگە و بۆچوونی حیزبەکانی بچووک کردووەتەوە بۆ ئاستی تاکەکەس. خەڵک سەبارەت بە چەمکی سیاسەت بەدگومان بوون و ساردوسڕییەکی زۆر سەبارەت بە بابەتە سیاسی و نەتەوەییەکان کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە چارەنووسی جەماوەرەوە هەیە، پێکهێناوە.

هۆکاری وەرزی بوون و لە ئاکامدا لاوازبوونی خەباتی کورد، نەبوونی ئەندازیاریی سیاسیی بەڕۆژ و زۆرجار ئەتوانین بڵێین ئەندازیاریی سیاسیی پێچەوانەیە (معکوس). لە کوردستان هەموو تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی نەتەوە وەک حەشیمەت، خاک، مێژووی هاوبەش، زمان و کلتووری هاوبەش و ... هتد هێشتا لە تەشقی گەشەدایە و هەروەها لە باری ئابووری و هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە کوردستان خاوەن هەموو ئیمتیاز و هەڵکەوتێکی ژێئۆستراتژی و ژێئۆئێکۆنۆمی و ... هتدە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، نیشاندان و پێشنیارکردنی میکانیزمەکانی سیاسەتی درووستە کە لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێ ئەندازیاریی سیاسی لە کوردستاندا بکرێ. سیاسەتی کوردی بە گشتی لە چوارپارچەی کوردستان لەو یەک دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی قەیران بۆتەوە کە دەرئەنجامەکەی ناتەبایی، شەڕی ساردی ناوخۆیی، لەرزۆک بوون، کەم بوونەوەی دەسکەوتەکان و زۆرجار لەدەستدانی دەسکەوتەکانی ڕابردوو و ... هتد بووە. پرسی کورد هەم لە ئاستی چوارپارچەدا لێک هەڵپێکراوە و هەم سەبارەت بە دەوڵەتانی ناوەندیی زاڵ بەسەر کوردستاندا بابەتێکی جیا نەکراوەیە. دارشتنی فرمۆڵی سیاسی لەلایەن ئێلیتی کوردەوە لە چاخی ئێستەدا کە هەموو پەنجەرەکان بە ڕووی جیهاندا کراوەیە، بێگومان ئاڵوگۆڕی بەرین لە سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێ و دەستکەوتەکانیش زیاتر و مسۆگەرتر ئەبن. خەسارناسیی سیاسی و پێداچوونەوە بە هەڵوێستی سیاسیی ئەحزابی کوردیدا پێویستییەکی گرنگ و جێی سەرنجە. لەو وتارەدا هەوڵ ئەدرێ هەندێک بابەتی سەرەکی سەبارەت بە مژاری بابەتەکە بێتە بەرباس و جێی خۆیەتی کە دوا وتاریش نەبێ.

## سیاسەت

سیاسەت هەم زانستە و هەم هونەر. سیاسەت زانستێکی ئاڵۆز و بگۆڕە کە لەلایەن بیرمەندانی وەک مەک ئایۆر بە «حکوومەت»[۱]، هارۆڵد.ژ.لاسکی بە «خوێندنەوە و شرۆڤەی دەوڵەت»[۲] و هارۆڵد لاسول بە «چۆنیەتیی درووست بوونی دەوڵەت و بەشداربوون تێیدا»[۳] لێک دراوەتەوە. بەگشتی، سیاسەت مانای چۆنێتیی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرییەکانی وڵاتێکە لەلایەن دەزگایەکی گشتییەوە کە حکوومەتە. لە فەرهەنگە سیاسییەکانیشدا مانا گشتییەکەی بریتییە لە «بیرۆکە، ڕێگا و ڕەوشتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان».[۴] سیاسەت پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵات و کەوشەنی دەسەڵاتەوە هەیە. هەستیاریی سیاسەت و بەڕێوەبەریی لەوەدایە کە سیاسەتی تەندروست و دیموکراتیک کەشێکی هێمن و لەبار سەبارەت بە گەشەی هەموو ژێرخانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... هتدەکان پێک دێنێ. ئیدەئالیزم و ڕیئالیزم دوو ڕچەی جیاوازن لە سیاسەتدا کە لە سەدەی ڕابردوودا تەنانەت ئێستەش، ڕیئاڵ پۆلەتیک یا واقیع خوازیی سیاسی باوترین ڕچەیە لە سیاسەتدا.

لە کوردستان بەهۆی چارەسەرنەبوونی پرسی نەتەوەیی، بابەتەکان تێکەڵ و ئاڵۆز بووە. ئامانج خوازیی بزاوی سیاسی لەسەر بنەماگەلی نەتەوەگەری و چەمکە ئایدۆلۆژیکەکان چەقی بەستووە، بەڵام سەبارەت بە کەشی ڕیئاڵیزم کە پەلی بەسەر جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کێشاوە نەیتوانیوە سەردەمیانە و بەڕۆژ سیاسەت بکات. ڕاگرتنی باڵانس و هاوکێشی لە نێوان ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکاندا و هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەتی باوی ڕۆژدا گرنگترین پرسە کە کورد و بزاڤەکەی دەبێ ئاوڕی لێ بداتەوە و ڕەچاوی بکات.

## ڕێبەرایەتی

لە کوردستان ڕێبەری و ڕێبەرایەتی کردنی

بزووتنەوە کوردییەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریـــی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. لە دوای هـــەرەس هێنانـــی مێرنشـــینە کوردییەکان، خەباتی گەلـــی کورد چـــەن ناوەندێتی تێدا بـــەدی هات و بە ســـەر پارچەکانـــدا دابەش بوو. چەمکـــی کاریزماتیک لـــە ڕێبەرایەتیی شۆڕشـــەکانی ڕابردوودا بـــەدی ئەکرێ و لە ڕاستیدا هەموو ڕێبەرەکانی جیهانێش خاوەن ئەو تایبەتمەندییە بوون. ئەوەی لەم باســـەدا گرنگـــە، ئەوەیە کە مودێـــڕن بوونی چەمکی سیاسەت و ئاڵوگۆڕەکانی سیاسەت لە جیهاندا شـــوناس و پێکهاتەی ڕێبـــەر و ڕێبەرایەتیی تووشـــی گۆڕانکاری کـــردووە. بۆ گەلی کورد چەمکـــی کاریزمایـــی چەنـــدە بەرژەوەندیی هەبووە ئەوەندەش خەســـاری بـــە داوە بووە. دوای مەرگـــی کاریزما هـــەم خەباتەکە لاواز بووە و هەم قەیرانی ڕێبەری درووست بووە.

گرنگی و بایەخی ڕێبەرایەتی لە سیاسەتدا باسێکی حاشـــاهەڵنەگرە. «ڕێبەری جۆرێکی تایبەتە لە هێـــز و پێوەندیی چڕوپڕی لەگەڵ جـــۆری هێزدا هەیـــە». «جیاوازیی ڕێبەری و هێز لەوەدایە کە لە ڕێبەریدا شـــوێنکەوتووان دڵخوازانە بەشـــداریی پرۆســـەکەن بەڵام لە هێزدا بە شـــێوەی زۆرەملی خەڵک دەخرێتە ژێر ڕکێف».[۵] باســـی ڕێبـــەری و ڕێبەرایەتی کردن لە کوردســـتان پێویستە لەگەڵ دنیای نوێدا یەک بگرێتەوە. دیاردەی کاریزماتیک لە ڕێبەرایەتیدا لەســـەر بنەمای بیرۆکەی چەپ بێ یا نەتەوەیی، مشـــتومڕ و ڕای جیاوازی لە سەرە. دیاردەگەلی وەک بە بنەماڵەیی کردنی ڕێبەرایەتی، هەتاهەتایی بوونی (مادام العمر)، پێکەوەســـازان و دابەش کردنی ڕێبەرایەتیی بەکۆمـــەڵ، بەکاریزماکردنـــی ڕێبـــەر لـــە تایبەتمەندییەکانی دیاردەی ڕێبەرایەتییە لە کوردستان. پلۆراڵیزم و گەشەی پێوەندییەکان دیاردەی ڕێبەرایەتیی بچووک و تووشی قەیران کردۆتەوە . دیاردەی دیموکراتیکی هەڵبژاردن بە دوو هـــۆکاری «بگۆڕکردنی ڕێبەرایەتی» و «بەکۆمەڵکردنـــی ڕێبەرایەتی» بابەتی ڕێبەری لە کاریزما و ئەفسانەوە دابەزاندووە بۆ سەرۆک، لێپرسراو، سکرتێر و ... . لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی فرەڕەهەند بوونی چەمکی سیاسەت و کاروباری چڕوپڕی دەوڵەتییەوە، ڕێبەرایەتیی نەریتـــی وڵامدەر نییە. پیتـــر دارکر پێی وایە «کەوشـــەنی بەڕێوەبەری لـــە ڕێکخراو چۆتە دەرەوە و هیچکات ناتوانـــرێ بە هۆکارگەلی سیاســـی و یاســـایی چارچێوەی بەڕێوەبەری دیـــاری بکـــرێ»[۶] دیـــاردەی هەڵبـــژاردن بەڕێوەبەرایەتییەکانـــی کاتـــی کردووەتەوە و ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ دەنگـــی خەڵک ڕێبەرایەتییەکان هەڵئەبژێـــرێ. دەرئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن تامەزرۆیی خەڵک و ئێلیتی سیاسی بۆ بەشداری لە پرسە سیاسییەکان و وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتییەکان زیاد ئەکات و لـــە ئاکامـــدا جۆرێک کێبەرکێی دروســـت و شـــادیی سیاسی( نشاط سیاســـی) لە نێو پرۆسەی سیاســـیی وڵات و جەماوەردا پێک دێنێ.

ئەحزابـــی کوردی پێویســـتە ســـەبارەت بـــە دیـــاردەی هەڵبژاردنـــی دیموکراتیک چ لە ئاســـتی دەروون حیزبایەتیـــدا بێ و چ لە ئاستی کوردستان، پرسی ڕێبەری و ئاڵوگۆڕیی دەســـەڵات تاوتـــوێ بکەن. دۆخی شـــپرزی ڕێبەرایەتی لە کوردســـتان ڕوانگە و بۆچوونی حیزبەکانـــی بچووک کردووەتەوە بۆ ئاســـتی تاکەکـــەس. خەڵک ســـەبارەت بـــە چەمکی سیاســـەت بەدگومان بوون و ساردوسرییەکی زۆر سەبارەت بە بابەتە سیاسی و نەتەوەییەکان کـــە ڕاســـتەوخۆ پێوەندیی بە چارەنووســـی جەماوەرەوە هەیە، پێکهێناوە.

لـــە ڕێبەرایەتیـــی نەریتیـــدا، پێوەندییە دەروون حیزبییەکان ئەســـتوونییە (عمودی) بـــەڵام لە ڕەوتی نوێی سیاســـەتەدا پێوەندییە دەروون حیزبییەکان ئاســـۆیی (افقی) بۆتەوە. «یەکـــێ لە لایەنـــە گرنـــگ و حەیاتییەکانی ڕێکخـــراوە پێوەندییەکە کە لە بەســـتێنێکی



ئاسۆییدا دابەش ئەبێ».[٧]

## پێکهاتەشکێنی


«باسی پێکهاتە، باسێکی ئاساییە، باڵاخانەیەک بۆ خۆی پێکهاتەیە و لە ئەستوندەک، تیرەک، داڵان و سەرمیچ پێکهاتووە. ئەو پێکهاتەیە دیاریکەری جۆری چالاکییەکانی نێو ئەو باڵاخانەیە».[٨] بەگشتی ئەتوانین بڵێین کە پێکهاتەی ڕێکخراو و حیزب بەپێی سەردەم پێویستی بە دارشتنەوە و نۆژەن کردنەوەیە.» ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوەیی( organization change) بریتیە لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە دۆخی هەنوکەیی ڕێکخراودا بە مەبەستی کاریگەریی زیاتر و ڕێژەی بە دەست هێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو. لە ئیمرۆدا ئاڵوگۆڕ یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخراوە کە دەبێ مودیرییەت بکرێ».[٩] لە پێکهاتەشکێنیدا دوو بابەتی «دارشتنەوەی پێکهاتە» و «جۆری چالاکی» ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ئەبێتەوە. لە قۆناخی یەکەمدا ئەندازە و گەورەیی ڕێکخراو، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت».[١٠] کاتێک کە ئەندازەی حیزب لە فورمی نوێدا بەربڵاو ببێتەوە، ئەوا ڕێژەی خەڵکان و چالاکانی نێو ئەو پێکهاتەیە زیاد ئەبێ. «باشترین ڕێکخراو بوونی نیە»[١١] هەر بۆیە هەموو ڕەوت و حیزبێکی سیاسی لە ژیانی سیاسیی خۆیدا بە پێی هەلومەرج دەبێ ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی خۆیدا پێک بێنێ. لەبەرچاو گرتنی مۆدیلەکان لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا یارمەتیدەرە بۆ پێکهاتە شکێنی. «ئانالیز یەکێ لە فاکتەرە ستراتیژیکەکانە بۆ بەراوردی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی نێو ڕێکخراو. سەبارەت بە (هەل) یا (مەترسییە) کانی دەرەوەی ڕێکخراو، ئانالیز شرۆڤەیەکی سیستماتیکە بۆ ناسینی ئەو هۆکارگەلە و دارشتنی ستراتیژی کە باشترین بەراوردکاریی نێوانیان دەهێنێتە ئاراوە. لە ڕوانگەی ئەو مۆدیلەوە ستراتیژییەکی

لەبار فاکتگەلی(بەهێزی) و(دەرەتان)ەکان ئەگەیەنێ بە لووتکە و فاکتە (لاواز) و (مەترسیی)ەکان بە رادەیەکی زۆر دائەبەزێنێ»[١٢] لە کوردستان پێکهاتەی ڕێکخراوەکان و چۆنیەتیی ڕێبەرایەتی لێک هەڵپێکراون، هەر بۆیە شکاندنی ئەو پێکهاتەیە بووە بە تابۆ و هەر جۆرە چالاکییەک بۆ تێکدانی ئەو قەوارەیە بقەیە. دارشتنەوەی پێکهاتە و فۆرمی حیزب، ستراتیژیی نەتەوەیی کاڵ و کەمرەنگ ناکاتەوە. بەڵکو هەوڵ و چالاکییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج خێراتر و بەربلاوتر ئەکات. لە ڕاستیدا یەکێ لە هۆکار و فاکتەکانی دابڕان و جیابوونەوە سیاسییەکانی ئەحزاب لەم چاخەدا ئەتوانین بۆ تابۆبوونی پێکهاتەشکێنی بگەڕێنینەوە.

## پێکهێنانی بەرە

«یەکێ لە خاڵە لاوازەکانی سیستەمی فرەحیزبی، نەبوونی یەکدەنگی و تەباییە»[١٣] لە کوردستان ڕەوتە سیاسییەکان بە سەر سێ بیر و ڕەهەندی نەتەوەیی، مارکسی و ئیسلامیدا دابەش بوون. بێجگە لە باری فیکریی ئەحزاب، پرسی چارەسەرنەکراوی کورد هۆکارێکە بۆ ناتەباییی ماڵی کورد. دارشتنەوەی پلاتفۆرمی هاوبەش بۆ پێکهێنانی بەرە دەبێ لەگەڵ واقیعی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا یەک بگرێتەوە. ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی سەر بە پارچە جیاوازەکانی کوردستان بە پێکهێنانی بەرەی چالاک، چەتری هاوبەش بۆ کۆمەڵگا درووست ئەکەن:

**خشتەی پێکهێنانی بەرە لە سێ قۆڵەوە**




سەبارەت بە دەسەڵاتی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بەرەی کوردستانی دەتوانێ قورساییی کورد لە هەمبەر بەرامبەرەکانی نیشان بدات. سەبارەت بە داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها سەبارەت بە بیروڕای گشتیی جیهان، کۆنگرەی نەتەوەییی کورد مەزنترین دەرئەنجامی دەبێ. بەرنامە و پێڕەوی کونگرەی نەتەوەیی دەبێ لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشی هەموو ئەندامانی ئەو پێکهاتەیە بێ. ئەگەر بنەمای کۆنگرەی نەتەوەیی و فۆرمی پێکهاتە و بەرنامەکانی بە شێوەی دیموکراتیک و گشت پەسەند تیئۆریزە بکرێ ئەوا لە چالاکییەکانیدا هەم بەردەوامی دەبێ و هەم دەسکەوتەکانی مەزن و گەورە دەبن.

## سەرچاوەکان



١. آیور .مک.ر.م؛جامعه و حکومت،ترجمه ابراهیم علی کنی.(تهران نشر کتاب١٣۴۴ )ص٣٨
٢. هارولد.ژ.لاسکی.مقدمەای بر سیاست.ترجمه منوچهر صفا.ص٢۶٢
٣. رابرت،ا،دال،تجزیه و تحلیل جدید سیاست.ترجمه حسین ظفریان. ص
۴. آشوری. داریوش.دانشنامه سیاسی.ص٢١٢
۵. هال.ریچارد اچ.سازمان،ساختار،فرایند و ره آوردها،مترجمان دکتر علی پاسائیان،دکترسید محمد اعرابی.کتابخانه ملی ایران،ص٢٩٣
۶. داوری، دردانه، مدیریت استراتژیک ١٣٨٠ . نشرآتنا. ص۶
٧. اصول روابط بین الملل.علی قاسمی،دانشگا پیام نور
٨. هال.ریچارد اچ. سازمان ص
٩. هریسون.جفری اس.جان.کارن اچ. مبانی مدیریت استراتژیک. مترجمان.دکترسید محمد اعرابی.محمد رسول الماسی فردص١۵٢
١٠. هال.رچارداچ.سازمان،ساختار
١١. مبانی مدیریت استراتژیک.ص.١۵٢
١٢. مدیریت استراتژیک.ص.١٠٣
١٣. روشنی.یونس.خاستگا اخزاب سیاسی در جهان.تهران اندیشه ناب.١٣٩٢ص٨١


**خشتەی پێکهاتەی کۆنگرەی نەتەوەیی**



# موانع و راهکارهای توسعه کشاورزی ڕۆژهەڵات

شیلان هەوشاری
بازبینی مقاله: منصور سهرابی، دکترای تخصصی اگرواکولوژی



## مقدمه

از آغاز پیدایش انسان بر روی این کره خاکی، تأمین نیازهای اولیه از حیاتی‌ترین فاکتورها، برای تنازع بقا و بالا بردن کیفیت زندگی انسان محسوب شده است. اگر چه در طول تاریخ انسان در این راه نقاط عطف و تاریک فراوانی را تجربه کرده است، اما بصورت آگاهانه و ناآگاهانه همواره به تلاش خود در این راه ادامه داده است. تا اینکه با کشف ادوات و ابزارهای جدید و همچنین شکل گیری تمدن و فرهنگ‌های نوین، انسان از طریق کسب علوم و فنون کشاورزی و دامپروری تهیه نیازهای اولیه خود را در طول تاریخ به‌صورت هدفمند و برنامه‌ریزی شده نموده است و بدین طریق از ریسک قحطی و گرسنگی کاسته است. لذا کشاورزی و رونق آن در یک منطقه از دیر باز به مثابه رشد فرهنگ و تمدن در آن منطقه بوده است، طوریکه امروزه دانشمندان علوم باستان شناسی اگر بخواهند سیر ایجاد و تکامل تمدنی را در یک منطقه بررسی نمایند به کاوش ابزارآلات و چرایی و چگونگی کشاورزی در آن منطقه می‌پردازند. کشاورزی در قرن‌های متمادی تنها محور کارآفرینی و اشتغال انسان بوده است که با رشد شهرنشینی و شروع فرآیند صنعتی شدن در جهان و خصوصاً کشورهای توسعه یافته، باز هم کشاورزی در کنار صنعت و خدمات توانسته بعنوان یکی از بازوهای مهم اشتغال‌زایی مطرح باشد. هم اکنون بطور مستقیم و غیر مستقیم میلیون‌ها نفر از سراسر جهان به آن اشتغال دارند. امروزه یکی دیگر از روش‌های نوین و خطرناک استعمار و استثمار ملت‌ها توسط تولیدات کشاورزی، تولید گیاهان و دام‌های تراریخته (ترانسژنیک) که با انتقال ژن از منابع مختلف زیستی به گیاهان زراعی و دام‌های موجود، حاصل می‌شوند. محصولات ترانسژنیک علاوه بر اینکه می‌توانند مزایای متعددی از جمله افزایش مقاومت گیاهان و دام‌ها به استرس‌های زنده و غیر زنده و همچنین بهبود عملکرد کمی و کیفی را داشته باشند، خطرات بالقوه‌ی فراوانی را هم دارند از جمله اینکه کشورهای صادر کننده تولیدات گیاهی و دامی با استفاده از این تکنولوژی و از طریق دستکاری ژنتیکی هدفمند تولیدات کشاورزی و عرضه آن به کشورهای مقصد و بازارهای مصرف که خود قادر به تولید غذای جمعیت موجود نیستند، قادرند نوعی از استثمار و استعمار را به بار بیاورند که فاکتورهای بقای نسل، سلامت و امید به زندگی انسان را به خطر بیندازد که در چنین مواردی جبران خسارت آن بسیار سخت و گاهاً غیر قابل جبران است.

کردستان و مناطق کردنشین خاورمیانه به گفته اندیشمندان و صاحبنظران باستان شناسی و علوم اجتماعی از سکونتگاه‌های بسیار اولیه انسان و محل پرورش بسیاری از تمدن‌های بشری است که اکثر محققین بصورت متفق القول این مناطق را گهواره تاریخ تمدن بشریت می‌دانند. این ادعا به این دلیل است که در کاوش‌های صورت گرفته در این مناطق انبارهای غله و ابزارآلات کشاورزی پیدا شده است که بعضاً قدمت آنها به ۷۰ هزار سال پیش برمی‌گردد، که نمونه آنها در جهان بی‌نظیر یا کم نظیر است. بر اساس یافته‌های هارلان، کردها ۷۰۰۰ سال پیش از میلاد مسیح با کشاورزی و دامداری روستانشینی را آغاز نموده‌اند، طوریکه اروپائیان ۴۰۰۰ سال پس از کردها از مرحله تاریخی توحش به مرحله بربریت رسیدند. این شواهد نه تنها ثابت می‌کند که کردها از پیشروان حرفه کشاورزی و ایجاد تمدن بشری در جهان بوده‌اند، بلکه گواهی بر مطلوب بودن این مناطق برای کشت و زرع و دامداری نیزهست که از دیر باز مردمان این مناطق به آن مشغول بوده و هستند. هم اکنون نیز ۳۰ تا ۵۰ درصد مردمان مناطق کردنشین بصورت مسقیم و یا غیر مستقیم به

کشاورزی اشتغال دارند. از آنجایی که به دلایل سیاسی و امنیتی صنعت در کردستان توفیق چشم‌گیری نداشته و امیدی به‌توفیق آن هم نیست و از دیگر سو خدمات نیز در این مناطق ضعیف است، بنابراین کشاورزی همچنان و همانند گذشته نقطه امید و محور اساسی برای توسعه این مناطق محسوب می‌گردد. مردمان این مناطق در صورتی که بخواهند تغییری مثبت در وضعیت و معیشت خود ایجاد و در راستای آبادانی این مناطق نقش سازنده ایفا نمایند، بایستی در توسعه پایدار کشاورزی این مناطق به مفهوم واقعی آن سهیم گردند.

خاک‌های مناطق کردستان از رده خاک‌های مالی سول می‌باشد که از حاصلخیزترین خاک‌های دنیا محسوب می‌گردد، همچنین این مناطق از شرایط اقلیمی متنوع و مطلوبی برخوردار می‌باشند که شرایط کشت و تولید طیف وسیعی از گیاهان زراعی، باغی، دارویی و صنعتی را داراست.

کردستان با داشتن مراتع غنی و بسیار ارزشمند شرایط ویژه‌ای برای دامپروری نیز دارد که می‌تواند با برنامه‌ریزی مناسب، جایگاه ویژه‌ای را در منطقه و جهان به خود اختصاص دهد. علی رغم پتانسل‌های بالقوه فراوان، بخش کشاورزی کردستان بعنوان محور اصلی توسعه مغفول مانده و هم اکنون نیز مشکلات عدیده‌ای سر راه بالفعل نمودن آنها وجود دارد که مهمترین آنها عدم آگاهی ،تخصص و توجه حکومت به آن است. متأسفانه در این مناطق تلاشی منسجم، برنامه محور و هدفمند برای نشر و کسب آگاهی و تخصص واقعی در راستای آبادانی صورت نمی‌گیرد و به همین دلیل فقر و محرومیت با سرعت تصاعدی و باورنکردنی در حال افزایش است. لذا به جد تأکید می‌گردد، آنچه که برای توسعه کشاورزی این مناطق به عنوان محور اصلی توسعه پایدار، حیاتی است ترویج آگاهی و تخصص میان توده مردم در این زمینه می‌باشد. این امر می‌تواند بصورت آموزش‌های فنی و حرفه‌ای کوتاه مدت به وقوع بپیوندد. باید توجه داشت فقر در این مناطق بجایی رسیده که بسیاری از مردمان این مناطق توان پرداخت هزینه آموزش‌های فنی و حرفه‌ای را ندارند. لذا بخش خصوصی حتی با سرمایه گذاری‌های کوچک می‌تواند برای توسعه کشاورزی مناطق کردنشین و آبادانی این مناطق بسیار مثمرثمر باشد. اوضاع سیاسی و امنیتی، عدم آگاهی و تخصص توده مردم در زمینه کشاورزی و بیمار بودن سیستم اداری سازمان جهاد کشاورزی و منابع طبیعی، شرایط را برای سوء استفاده از منابع طبیعی، معادن و تسهیلات کم بهره کشاورزی خاص مناطق کردنشین مساعد و فراهم نموده است که تداوم این روند کردستان را در آینده نزدیک با خطرات جدی زیست محیطی مواجه می‌نماید.

## حفاظت آب و خاک

آب متداول‌ترین و حیاتی‌ترین ماده طبیعی است که مقدار آن رابطه مستقیم با نزولات آسمانی دارد. به طور متوسط مقدار سالانه نزولات آسمانی در سطح کره زمین در حدود ۶۶ سانتی‌متر برآورد شده است. خاک که در حد واسط اتمسفر و لیتوسفر قرار گرفته است، نقش مهمی را در ذخیره آب و یا ایِجاد جریان‌های سطحی ایفا می‌نماید. تقریباً ۷۰ درصد نزولات آسمانی از راه تبخیر و تعرق به صورت بخار آبِ به اتمسفر بر می‌گردد.مقدار آبی که عملاً در چرخه‌های هیدرولوژیکی جریان دارد درصد بسیار ناچیزی از آب موجود در سطح کره زمین را تشکیل می‌دهد.بطور کلی کمتر از ۳درصد آب سطح زمین شیرین است که قسمت عمده آن هم به صورت توده‌ها یا ورقه‌های یخی است. مقدار آبی که در هوا ، خاک، دریاچه‌ها و رودخانه‌ها وجود دارد نیز فقط ۳ درصد کل آب موجود در سطح زمین می‌باشد. بنابراین مقدار ۰/۰۰۵ درصد آب

موجود در خاک‌ها با توجه به اینکه ذخیره آب مورد نیاز گیاهان می‌باشد از اهمیت زیادی برخوردار است.ظهور تمدن و تشکیل شهرها در حواشی برخی رودخانه‌های خاور نزدیک آغاز گردیده است. قدیمی‌ترین و معروف‌ترین سد جهان در مصر با بیش از ۵۰۰۰ سال سابقه به منظور تأمین آب آشامیدنی، آب آبیاری و احتمالاَ کنترل سیلاب‌ها بنا شده است. در حال حاضر نیز با افزایش روز افزون جمعیت و در نتیجه افزایش شدید احتیاجات غذایی و پوشاکی مدیریت منابع آبی از اهمیت روز افزونی برخوردار است. افزایش سریع نیاز آب در بعضی از شهرها منجر به رقابت شدید مصرف آب برای کشاورزی و صنعت گردیده است. منظور از حفاظت آب، استفاده از مجموعه‌ای از روش‌ها و تکنیک‌هایی است که منجر به هدایت بیشتر آب به درون خاک و استفاده بهتر از آب ذخیره شده.

خاک محیطی طبیعی است جهت حفظ و رشد نباتات، این مهمترین تعریفی بوده است که از آغاز پیدایش کشاورزی برای خاک وجود داشته است، اگرچه با ایجاد شهرها اهمیت خاک بعنوان شالوده راه‌ها و ساختمان‌ها از دیدگاه مهندسی نیز شناخته شد. در حال حاضر خاک برای بسیاری از مصارف مهندسی از جمله دفن زباله‌ها و مواد زائد دیگر نیز مورد استفاده قرار می‌گیرد.

در اواخر قرن نوزدهم خاک شناسان تعریف جامع‌تری از خاک ارائه داده و خاک را به منزله یک توده طبیعی متشکل تعریف نموده‌اند. خاک نتیجه اثرات عوامل زیستی و محیطی؛ نظیر اقلیم (اثرات درجه حرارت و رطوبت)، ماکرو و میکروارگانیسم‌ها و توپوگرافی در طول زمان بر روی مواد معدنی ناپیوسته قشر سطحی پوسته زمین است. بدین سبب خاک از لحاظ بسیاری از خصوصیات فیزیکی، شیمیایی و بیولوژیکی با موادی که از آن ناشی گردیده است متفاوت می‌باشد.انسان با بهره برداری از اراضی کشاورزی، جنگل، مرتع و شهرسازی تغییرات بسیار وسیعی را در خاک‌ها ایجاد نموده است. از جمله این تغییرات می‌توان فرسایش خاک، فرونشست زمین، زهکشی خاک، شوری خاک، کاهش یا افزایش مواد آلی و غذایی به خاک، تراکم خاک و سیل‌گیری را نام برد. برخی از این گونه اقدامات را می‌توان در زمره کارهای مفید و اصلاحی و گروهی دیگر را در ردیف اعمال مضر و تخریبی قرار داد. در مناطق کردنشین اعمال مضر و تخریب بر روی منابع خاک و آب چندین برابر میانگین کشوری و جهانی می‌باشد که علت آن نیز به دو دلیل است ۱- تلاش دولت برای تضعیف بیش از پیش نقاط قوت این مناطق بعنوان تنها راه حل توسعه (منابع خاک و آب) ۲ – حضور مدیران دولتی فاسد.

بدلیل توپوگرافی خاص، کوه‌های مرتفع و بارندگی سالیانه نسبتا بالا (برای مثال در نواحی مثل بانه، پاوه و مریوان به بیش از ۹۰۰ میلیمتر در سال می‌رسد) مناطق کردنشین شرق کردستان از منابع غنی آب برخوردار است و در طول تاریخ همواره رودخانه‌های خروشان دمنده روح به زندگی ساکنان این مناطق بوده‌اند. این رودخانه در بیشتر اوقات زمین‌های دیگر بخش‌های کردستان را نیر درنوریده (خصوصاَ جنوب کردستان) و زمین‌های آن مناطق را نیز سیراب می‌کنند. ولی در دوران نظام اسلامی حاکم بر ایران سیاست نادرست و خصمانه‌ای در این رابطه در پیش گرفته شده است و به چندین صورت در پی ضربه زدن به این منبع مهم حیات در کردستان برآمده‌اند۱- ساخت سدها: ساخت سد اگر بر اساس ارزیابی اکولوژیک و بر مبنای طرح آمایش سرزمین باشد در مناطقی که منابع آبی کافی وجود ندارد می تواند نقش موثری در توسعه یک منطقه داشته باشد اما آنچه در کردستان روی داده بر مبنای اصول

یاد شــده نبوده و ساخت این ســدها به دلیل از بیــن بردن رودخانه-های تاریخی با مســیر طولانــی خــود لطمات جبــران ناپذیــری بر اکوسیســتم منطقه پدید آورده اســت که در یکــی دو دهه آینده آثار ســوئ آن ملموس‌تر خواهد بود(برای مثال ریزگردهایی که در حال حاضر ایلام، کرمانشــاه، کردستان و ارومیه را درگیر نموده اســت). ۲- انتقال آب این سدها به خارج از مناطق کردنشــین شرق کردستان و تخصیــص کمتر از ۵ درصــد آن به مردمان ایــن مناطق!. برای مثال آب ســد آزاد نگل را با خسارت ســنگین زیست محیطی به همدان منتقــل می‌کنند، آب ســد چراغ ویس ســقز، ســد بانه، ســد کاظمی بوکان و رودخانه زاب سردشــت را برای کشــاورزان تــرک و احیای دریاچه ارومیه منتقل کرده‌اند. آب سد داریان را با تونــل می‌خواهند به کربــلا منتقل کنند و سرنوشت ده‌ها ســد دیگر در این مناطق به همین صورت اســت. ۳- تبدیــل این مناطق به مناطق غیرقابل ســکونت، طوریکه مردمان بومــی بر اثر فشــار بیکاریو شــرایط زیســت محیطی نامســاعد (مثــل ایلام و کرمانشــاه) مجبور به کوچ به مناطق صنعتی شــوند و در آنجــا نیز در مدت زمــان اندک در فرهنگ آن مناطــق هضم گردنــد. ۵- ضربه زدن به منابع آبی فقط از طریق ســاخت ســدها نیست بلکه از عدم ارائه حمایت یکسان برای به روز کردن سیستم‌های آبیاری در این مناطق نیز صورت می‌گیــرد، برای نمونه در ســال ۹۴ بودجه‌ای بلاعوض اســتان همدان برای اجرای سیســتم آبیاری بــه روز برای ســطح ۱۵۰ هزار هکتار بــوده اســت در حالی که در همــان زمان این مقدار برای اســتان کردستان تنها برای ۲ هزار هکتار بوده است. همچنین مدیران فاسد، غیر بومــی و غیر متخصص در ایــن مناطق مجوز حفــر چاه‌های عمیق و نیمــه عمیق زیادی را بدون بررســی های کارشناســی و فقط با اخذ رشــوه داده‌اند! که در صــورت حفظ این روند، پیش بینی می‌گردد ظرف ۲۵ سال آینده این مناطق به بیابان‌های لم یزرع تبدیل شــوند و کانونی جدید برای ریزگردها ایجاد نمایند و یا انکه شاهد فرونشست زمین باشیم (برای مثال دشــت قروه و دهگلان در ظرف ۵ ســال اخیر ۱۷ سانتی‌متر نشست داشته است). همچنین بودجه تخصیصی برای انجام کارهای پیشگیرانه در زمینه آبخیزداری (احداث سدهای گابیونی، حفظ و احیای مراتع، بذرپاشی ، مقابله با آتش سوزی و ....) در مناطق کردنشین کمتر از ۳۰ درصد میانگین کشوری است.

## تعیین الگوی کشت

تعیین الگوی کشــت به معنی بررســی جامع شــرایط اقلیمــی و پتانســیل‌های بالقوه یک منطقــه و برنامه-ریزی صحیح برای کشــت اقتصــادی و پایــدار گیاهــان زراعــی و باغی متناســب بــا آن منطقه می‌باشــد که در این صــورت علاوه بر حفظ منابــع طبیعی (خاک و آب) آن منطقــه، رشــد اقتصــادی پایدار و مطمئن حاصل خواهد شــد و توســعه صنایع جانبی پیشــرفته مرتبط با آن محصولات در آن مناطق سبب اشتغال‌زایی می‌شود. اگرچه در کل ایران کمتر به این مهم پرداخته شــده اســت، ولی با کمال تأسف این امر در مناطق کردنشــین به هیچ وجه در دســتور کار قرار نگرفته و صدمات زیادی را به این مناطق وارد ساخته اســت.برای نمونه اســتان آذربایجان غربــی (ارومیــه) یکــی از مناطــق مســتعد کشاورزی (زراعت آبی و دیم) در ایران است. در ایــن منطقه زراعت آبی و دیم از گذشــته مرسوم بوده است. اما این استفاده ها در اکثر مناطق استان بر اساس خصوصیات اکوسیستم و توجه به توان طبیعی و اکولوژیکی آن نبوده که در نتیجه باعث فرسایش، تخریب و کاهش تولید این اراضی شده است. کشاورزان منطقه محصــولات خود را (خصوصــا گندم دیم) در شــیبهای نامناســب یعنی بالاتر از ۱۲ درصد

کشـــت مـــی کنند. آنچه مســـلم اســـت ادامه تخریـــب ها و عـــدم توجه به پتانســـیل های موجود موجب نابودی این اراضی شده است.

در ارتبـــاط با طراحی الگوی کشـــت بهینه مطالعـــات عمده‌ای توســـط محققـــان کرد در دانشـــگاه‌های کردســـتان و آزاد مهاباد صورت گرفته‌اســـت کـــه می‌توانســـت مبنـــای بـــرای توســـعه منطقه کردســـتان باشـــد. برای مثال ســـهرابی و همکارن (۱۳۹۰) گزارش کردندکه با بهینه‌ســـازی الگوی زیســـت‌محیطی دشت مهابـــاد، که یکی از مهم‌ترین دشـــتهای حوزه آبریز دریاچه ارومیه به‌شـــمار مـــی‌رود، باعث کاهش میزان آب مصرفی سالیانه درحدود ۲۴ الـــی ۳۱ میلیون متر مکعب در دشـــت مهاباد می‌شـــود که نهایتا به دریاچه ارومیه می‌ریزد. اما مســـئولان جمهوری اســـلامی هرگز به این پژوهش‌ها توجه نکردند.

## گیاهان دانه‌ای گرامینه (غلات)

با وجود دیم‌های حاصلخیز در شرق کردستان کشـــت و تولید گندم و جو رونق چشـــم‌گیری دارد بطوریکه در ســـال زراعی ۹۵-۹۶بالاترین سطح برداشت دیم با ۰۳/ ۱۲ در ایران متعلق به استان کردستان(اســـتان سنندج)می باشد. اما مشـــکل اساسی کشـــاورزان کردستانی در این رابطه عدم وجود ســـیلوهای کافی، خرید و پرداخـــت بـــه موقع پـــول گنـــدم و جوهای تحویلی اســـت که همین مســـئله سبب شده که دلال‌های فرصت طلب در چنین شـــرایطی گاهاَ تـــا نصف قیمت محصـــولات گندم و جو کشاورزان کردســـتانی را خریداری نمایند. در گذشـــته نه چندان دور در شـــرق کردســـتان مقدار بالایی برنجکشـــت و تولید گردیده است برای مثال برنج عنبربوی ایلام شـــهرت بالایی داشته اســـت که به صورت آپلند (غیرغرقاب) کشـــت و کار می‌گردد، هم اکنون نیز به مقدار انـــدک کشـــت و تولیـــد می‌شـــود. در اطراف زریوار مریوان و پائین دســـت شـــهر ســـنندج روســـتاهای حســـن آباد، چناره و ... به میزان قابل توجهی برنج کشـــت و تولید شـــده است. این رویه صحیح و بجا در حالی رو به نابودی و فراموشی سپرده است که سالانه ۶ میلیون تن برنـــج هندی (برنج مصنوعی) با درصد بالای از ماده سرطان‌زای آرسنیکوارد کشور ایران شده و علاوه بر صدماتی که به سلامت انسان‌ها وارد می‌نماید.

در رابطـــه با ذرت باید گفت که ذرت یک گیاه گرمادوســـت اســـت و در بیشـــتر مناطق گرمســـیری مانند کرمانشاه و ایلام قابل کشت است. اگر چه ذرت بیشتر از ۵۰۰ کاربرد متنوع دارد ولی در ایران بیشترین کاربرد آن در تهیه خوراک دام و طیور اســـت. کشت این محصول در روانسر، کرمانشاه و ایلام در سال‌های اخیر متداول بوده اســـت ولی به دو دلیلاشتیاقبرای کشتآنکاهشیافتهاســـت: یکی مافیایی واردات خـــوراک دام و طیور و دومی مشـــکل کم آبی (این محصول آب زیادی نیاز دارد).

## گیاهان دانه‌ای بقولات

بقولات از تیره لگومینوز می‌باشند. انواع لوبیا، سویا، نخود، عدس، ماشک گل خوشه‌ای، خلر و ... از گیاهـــان مهم این گروه می‌باشـــند. این گیاهان میزان پروتئین بالایی دارند، به همین دلیل در مناطقی که دسترسی به پروتئین‌های حیوانی کمتر است (مانند هند، آفریقا و غرب آسیا) جایگزین بسیار مناسب و ارزان‌تری برای تأمیـــن نیازهای پروتئینی جامعه می‌باشـــند. غنـــی از عناصر ریزمغـــذی مانند آهن، مس و روی بـــا قابلیت جذب بالا هســـتند. از آنجایی که غلات اســـید آمینه لوسین و بقولات اسید آمینه تریپتوفان ندارند، بهتر اســـت این دو در ترکیب با هم در تهیه غذا اســـتفاده شوند. این گیاهـــان به دلیل همزیســـتی بـــا باکتری‌های تثبیـــت کننـــده نیتـــروژن هـــوا حاصلخیزی خاک را افزایش می‌دهند و مطلوب اســـت در شـــرایط دیم در تناوب زراعی بـــا گندم و جو

قـرار گیرند. علارغم بازار خوب و قیمت بالای این محصولات که هم اکنون برای لوبیا، عدس و نخود کیلویی ۱۰/۰۰۰ تومان می‌باشـد اما سـطح زیر کشت و تولید آنها در ایران و شرق کردسـتان به دلایل زیر بسـیار کمتر از توان و نیاز جامعه می‌باشـد. ۱- عدم امکانات لازم کاشت و برداشـت: برای مثال کشـاورز قادر نیسـت ۳۰ هکتار نخود را کشـت و سپس با دست برداشت نماید. همچنین عملکرد پائین ارقـام متـداول در ایران و کردسـتان و عدم دسترسـی به ارقام پرعملکرد مزید علت شده است.برای مثال میانگین عملکرد جهانی نخود دیم۹۰۰ تـا ۱۰۰۰ کیلوگرم در هکتار اسـت، در حالـی که این میزان در ایـران ۳۰۰ کیلوگرم است.۲- مافیای دیرینه واردات حبوبـات در ایـران از دیگـر عوامـل رشـد نیافتگی کشـت این محصولات اسـت. این افراد بـا ارز دولتی اقدام بـه واردات حبوبـات می‌نماینـد و با سـود هنگفت به فروش می-رسـانند. با اینکه شـرایط آب وهوایی در ایران برای کشت این محصولات بسـیار مطلوب است ولی سالانه هزاران تن نخود از ترکیه، هند و پاکستان و هزاران تن عدس از چین به کشور وارد می‌گردد. با این وجود شـرق کردستان از لحاظ تولید حبوبات رتبـه چهارم را در ایران دارد. بـا توجه بـه دیم‌های زیـاد، نیروی کار فراوان و بازار بسـیار مطلوب حبوبات، کشـت ایـن محصولات خصوصاَ نخود و عدس راهکار بسیار مناسبی برای رشد تولید و بهبود اقتصاد مناطق شرق کردستان اسـت. صنایع جانبی ایـن محصولات مانند کنسـرو لوبیا، سـویای خشک، کنسرو نخود و ... طرفداران زیادی در جهان دارد. از راهکارهای توسـعه کشت وکار این محصولات در شرق کردستان تنظیم تاریخ کاشـت خصوصاَ کشت انتظاری در اواخر پائیز (سـارده کئ ل)، خاکورزی به موقعو درست با ادوات تخصصی، اسـتفاده از ارقام اصلاح شده سازگار با منطقه و تناوب صحیح زراعی است.

> کردستان با داشتن مراتع غنی و بسیار ارزشمند شرایط ویژه‌ای برای دامپروری نیز دارد که می‌تواند با برنامه‌ریزی مناسب، جایگاه ویژه‌ای را در منطقه و جهان به خود اختصاص دهد

## گیاهان علوفه‌ای

گیاهان علوفه‌ای طیف وسیعی از خانواده‌های گیاهی هسـتند که دلیل داشتن درصد بالای پروتئین، شاخ و برگ لطیف و نازک به صورت مستقیم و یا غیر مستقیم(سیلویی) به مصرف دام می‌رسـند. شـرق کردسـتان از دیرباز از قطب‌های دامپروری در خاورمیانه بوده اسـت، تأمین علوفه نیز نقش اساسـی را در موفقیت دامپروری ایفا می‌نماید. در نظام سـنتی دامپـروری، دامها برای نصفی بیشـتر از سال در فضای آزاد برای چرا به چراگاه (مراتع) برده می‌شوند و در ماه‌های سرد سال از علوفه خشک جمع آوری شـده از همین مراتع در فضای بسته تغذیه می‌شوند. اگر چه به دلیـل چراگاه‌های غنی و فراوان در شـرق کردسـتان امروزه هم دامپروری(دامهـای سـبک) به سـبک سـنتی می‌تواند یکی از مسیرهای اشـتغال‌زایی و مولد مهم باشـد امـا قادر بـه تأمین نیازهای جامعه از لحاظ تولید شـیر و گوشت نیسـت. به همین دلیل شـرق کردستان لازم اسـت بصورت صنعتی یا حداقل نیمه صنعتی به این مقوله ورود نماید. متأسـفانه واحدهای صنعتی که در شرق کردستان تاکنون در یکی دو دهه اخیر با زحمت فراوان راه‌اندازی شـده است همه و همه به شکست انجامیده است. با بررسی‌های کارشناسی مشخص شده است که عامل اصلی این عدم موفقیت عدم برنامه‌ریزی برای تأمین علوفه در منطقه با قیمت متعارف و مقرون به صرفه بوده اسـت. اگر چه در ایران بـالای ۸۰ درصـد علوفه واحدهـای تولیدی

صنعتی وارداتی است، باید گفت در کردستان نیز به هیچ وجه از رویکردهای جدید و به روز برای تولید علوفه استفاده نشده است و همین امر نیز عامل اصلی شکست پروژه‌های صنعتی بزرگ دامپروری (شیری و گوشتی) شرق کردستان است. با وجود دیم‌های حاصلخیز شرق کردستان و میانگین بارندگی بالا در بسیاری از این مناطق کشت گیاهان علوفه‌ای دیم در این مناطق مغفول مانده است. اسپرس (خاشه)، یونجه، خلر، ماشک گل خوشه‌ای، سورگوم و شماری از گیاهان مرتعی از جمله گیاهان علوفه‌ای ارزشمندی هستند که می‌توان آنها را در شرایط دیم کشت نمود و با توسعه آن انقلاب عظیمی در دامپروری صنعتی و نیمه صنعتی شرق کردستان ایجاد نمود. استفاده از گلخانه‌های هیدروپونیک بسته از جمله راهکارهای نوین، پیشرفته و مقرون به صرفه برای تولید گیاهان علوفه-ای است که علاوه بر تولید میزان خیلی بالایی علوفه در ظرف مدتی کوتاه ۳۰-۲۵ روز با قیمت بسیار پائین در مقایسه با دیگر روش‌ها به میزان بسیار زیادی نیز از مصرف آب جلوگیری می‌نماید و در مقایسه با تولید یونجه در شرایط آبی راندمان مصرف آب بالایی دارد. برای مثال در استان کردستان سالانه برای تولید ۶۵۰ هزار تن علوفه به میزان ۴ برابر حجم آب سد گاوشان آب مصرف می‌گردد در حالی که در سیستم کشت هیدروپونیک بسته، می‌توان همین مقدار علوفه را با ۶۵۰ هزار لیتر آب یعنی به ازای هر لیتر یک تن به عمل آورد. در صورتی که بتوان با استفاده از رویکردهای نوین علوفه‌ی ارزان را تولید کرد، صنعت دامپروری بعنوان یک صنعت بومی، اشتغال‌زا و مولد در شرق کردستان احیا شده و با تولید شیر و گوشت با کیفیت بالا و قیمت‌های منطقی می‌تواند در بازارهای داخلی، منطقه‌ای و بین‌المللی رقابت نماید.

## گیاهان دارویی

گیاهان دارویی، گیاهانی با متابولیت‌های اولیه و ثانویه بنام ماده مؤثره هستند که جنبه دارویی دارند. از قدیم الایام و در طب سنتی این گیاهان در شرق کردستان بطور گسترده‌ای برای مداوای طیف وسیعی از بیماری‌ها بصورت عصاره، دمنوش و دیگر اشکال مورد استفاده قرار گرفته‌اند. امروزه گیاهان دارویی یکی از کانال‌های مهم تجارت و بازرگانی در جهان می‌باشند که گردش مالی بسیار بالایی در سطح بین المللیدارند. شرق کردستان با بیش از ۲۰۰۰ گونه گیاه دارویی (تنها در استان کردستان ۱۲۰۰ گونه گیاه دارویی وجود دارد) یکی از مناطق غنی از این لحاظ است. همانطوریکه بیان گردید با توجه به قدمت این حرفه در کردستان، با قاطعیت می‌توان گفت کشت، تولید، بسته‌بندی و فرآوری گیاهان دارویی می‌تواند زمینه اشتغال بسیاری از جوانان و افراد تحصیلکرده شرق کردستان را فراهم نموده و توسعه اقتصادی این مناطق را سبب گردد.متاسفانه برداشت بی‌رویه گونه-های گیاهی دارویی سبب شده است که بسیاری از این گونه‌ها در معرض انقراض قرار گیرند. کارشناسان معتقدند در سال‌های اخیر ۱۰۰ گونه گیاهی کردستان با خاصیت دارویی دچار انقراض شده است. از آنجایی که در کردستان صنایع و کارخانجات تخصصی برای بسته‌بندی، عصاره گیری و فرآوری گیاهان دارویی وجود ندارد این سرمایه ملی با قیمت بسیار پائین به اصفهان، قم ، اراک و کاشان خام فروشی می‌گردد که نه تنها عایدی برای مردم کرد ندارد به دلیل برداشت بی‌رویه گیاهان مرتعی و در معرض انقراض قرار دادن این سرمایه ملی خسارت‌های سنگینی را به این مناطق تحمیل می‌نماید. برای شروع، رشد و توسعه کشت و تولید گیاهان دارویی در کردستان لازم است به نکات زیر توجه گردد.

گیاهان دارویی کردســتان به دلیل شرایط توپوگرافی و آب و هوایی ویژه از اسانس بسیار بالایی برخوردارند بطوریکه اسانس موجود در یک تن بیدمشــک کردستان با اسانس موجود در ۱۰ تن بیدمشک قم و اراک برابری می‌نماید اما با کمال تأسف همانطوری که گفته شد این پتانســیل بالقوه در راستای اشتغال و تولید در جهت رفاه و آســایش مردم کرد مورد استفاده قرار نگرفته است. مردم کاشان با ۱۵۰ میلیمتر بارندگی در ســال و در یــک منطقه کویری به کشــت، تولیــد و فــرآوری گل محمدی روی آورده‌اند طوریکــه ۱۰۰ هزار نفر با همین یک قلم گیاه دارویی اشــتغال دایم دارند و سالانه میلیاردهــا دلار گلاب بــه داخــل و خــارج از کشــور می‌فروشــند در حالیکه حداقل میزان بارندگی در مناطق مختلف کردنشــین ۴۵۰ و حداکثــر ۹۰۰ میلی‌متر اســت و حاصخیزی و باروری خاک‌ها در این مناطق به مراتب بیشتر از کاشــان اســت ولی با کمال تأسف خبری از همچنین پروژه‌هایی در این مناطق نیست.

مردم مناطق کردنشــین با کشت گیاهان دارویــی مثــل گل محمدی (باغی)، زرشــک و ســماق می‌توانند نه تنها با بیــکاری بلکه با خشکسالی نیز مقابله نمایند. گیاهان دارویی را می‌توان در گلخانه‌ها و همچنین در آزمایشگاه های کشــت بافت و درون بیوراکتورها پرورش داد. بیوراکتورهــا انقــلاب عظیمــی در تولید متابولیت‌های ثانویه در جهان ایجاد نموده‌اند. در این روش از یک سلول، با تغییرات هورمونی میلیون‌ها سلول تمایز نیافته (تخصص نیافته) در محیط درون شیشه‌ای (بیوراکتور) پرورش می‌دهنــد و متابولیت‌هــای ثانویــه را از ایــن توده‌های سلولی استخراج می‌کنند.

## بسته‌بندی، انبار و سردخانه

امــروزه موفقیت اقتصادی در تولید محصولات کشــاورزی و تولیدات دامی مستلزم تأسیسات پیشــرفته از جمله صنایع تبدیلی، بسته‌بندی، انبارداری و سردخانه می‌باشد. بطورکلی صنایع تبدیلــی و جانبی تولیدات کشــاورزی و دامی در ایران رشــد چندانی نیافته و بسیار مبتدیِ اســت و شرق کردســتان چنین صنایعی اصلاً وجــود ندارند و عدم وجود این صنایع ســبب شده تا تولیدات کشاورزی شرق کردستان ۱- تلفات زیادی داشته باشد، بخش قابل توجهی از تولیــدات کشــاورزی و دامــی (۴۰-۳۵) به دلیــل عدم وجود صنایع تبدیلی و جانبی تلف می‌گــردد. ۲-عرضــه اجبــاری مجموعه‌ای از محصولات باهم در زمان اوج عرضه محصولات کشــاورزی و دامی بصورت فله‌ای، افت شدید قیمت‌ها را ســبب شده و تولید این محصولات را غیراقتصــادی می‌نمایــد. ۳- عــدم امکان و توانایــی برای صادرات محصــولات تولیدی به خارج از مناطق کردنشین و خارج از ایران. ۴- نارضایتی مصرف کننــدگان داخلی از کیفیت محصولات عرضه شــده بومی در بازار ۵- عدم توانایــی رقابت محصولات داخلی با محصولات خارجی مشــابه و مهمتر از همــه ۶- مأیوس شــدن تولید کنندگان کرد بعنوان ستون‌های اصلی شــالوده اقتصادی این مناطق می‌باشد. بیشتر محصولات کشــاورزی و تولیدات دامی در شــرق کردستان از این مسئله رنج می‌برند. ســالانه در اســتان کردســتان ۴۵ هــزار تن تــوت فرنگی تولید می‌گــردد و در زمان پیک تولید کیلویــی ۲۰۰۰-۱۵۰۰ تومان به فروش می‌رســد، در حالی کــه هزینه‌هــای کارگری و تولیــد یک کیلوگرم تــوت فرنگی بالاتر این مقدار اســت، در عوض میوه خشک شده توت فرنگــی خارجــی کیلویــی ۱۰۰/۰۰۰ تومان عرضــه می‌گردد. در شــرایطی کــه در دنیا از توت فرنگی شــربت، رب، پــوره و ... می‌گیرند از این محصولات جانبی در کردســتان خبری نیست. سالانه فقط در استان کردستان بیشتر از ۵۰۰/۰۰۰ تن ســیب زمینی تولید میشود، امــا از آنجایی که انبار و ســردخانه‌هایی حتی در ســطح متوســط وجود نــدارد و همچنین

صنایــع تبدیلی برای تبدیل ایــن محصول به خلال ســیب زمینی، چیپس و ... وجود ندارد کشــاورزان کردســتانی مجبورندمحصولی که بیشتر اوقات بدون احتساب ارزش آب مصرفی (برای هر کیلوگرم آن ۳۶ لیتر مکعب می‌باشد) با هزینه کیلویی ۱۰۰۰-۸۰۰ تولید می‌شــود را بــا قیمت ۲۰۰ تا ۳۰۰ تومان بفروشــند. در فصل تولید گوجــه فرنگی و زمان پیک عرضه آن به بازار ، گوجه فرنگی کردســتان به قیمت کیلویی ۲۰۰ تومان بفروش می‌رسد، در حالی که هزینــه کارگری برداشــت گوجــه فرنگی کیلویی ۲۰۰ تومان می‌باشــد. اما تنها ۴۵ روزِ پس از اتمام برداشت، قیمت گوجه فرنگی گاهاً تا کیلویی ۷۰۰۰ افزایش می‌یابد. حال ســوال اینجاســت اگر ســردخانه‌های مجهزی در این مناطق احداث و موجود باشــد آیا باز هم نتایج رنج و زحمت کشــاورزان به باد می‌رفت؟ انگور کردســتان و خصوصاً انگور سیاه کردستان که میزان تولید آن ده‌ها هزار تن در ســال اســت به دلیل کیفیت بالای آن شــهره خاص و عام بوده و هســت، برای سالیان متمادی است که توســط دلالانی فرصت طلب به قیمت کیلویی ۷۰۰-۴۰۰ خریــداری می‌گــردد و در زمــان مقرر با قمیت-های گــزاف تا ۱۰/۰۰۰ تومان در بازارهای تهران و دیگر کلان شهرها عرضه می‌گردد. ملاحظه می‌گــردد در این مورد نیز نبــود ســردخانه و صنایع تبدیلی(کشــمش، دوشاب، رب و...) یکی از عوامل اصلی دسترنج کشاورزان است. عدم وجود کارخانجات تولید کننــده آبمیوه، کنســانتره ، کمپــوت و میوه خشــک در کنار نبــود انبار و ســردخانه‌های مجهز لطمه جبران ناپذیری به توســعه باغات مناطق کردنشین وارد ســاخته است طوریکه بدون توســعه این صنایع آینده روشــنی برای آن متصور نیســت. در رابطه با تولیدات دامی وضــع به مراتب بدتر از تولیدات باغی و زراعی است، با وجود تنوعات بسیار زیاد فرآورده‌های لبنی در مناطق کردنشین (خامه، کره، سیراج، ســولکه، روغن حیوانی، انواع ماست، انواع دوغ و ...) متأســفانه هیچ گونــه اقدامی در رابطه با صنایــع تبدیلی و بســته‌بندی لبنیات بســیار بــا کیفیت شــرق کردســتان صــورت نگرفته اســت. معدود کارخانجاتی کــه در این مناطق راه‌اندازی شــده‌اند بجای اســتفاده از شیر تازه از شیرخشــک بی‌کیفیــت خارجی اســتفاده می‌کنند.

## تکنولوژی و ماشین آلات

با شــروع کشــاورزی و دامپروری تا به امروز ســاخت ادوات از چــوب و فلــزات مختلــف نقش اساسی در پیشــرفت کشاورزی و تأمین نیازهای اولیه انســان ایفا نموده است و انسان نیز بــا درک این واقعیت و بهره گیری از علوم مختلــف همواره در ارتقا این ادوات کوشــیده اســت. امــا پیشــرفت‌های اخیر در ۵۰ ســال گذشته در زمینه تکنولوژی و ادوات کشاورزی به مراتب سریع‌تر و سرنوشت‌سازتر بوده‌اند. پر واضح اســت در دهه ۱۹۶۰ کشــاورزی جهان یارای تأمین غذای ۲/۵ میلیارد نفر را نداشــت و تاریخ بشر در آن دوران و قبل از آن چندین قحطی را بخود دیــده که اپیدمی بیماری‌های واگیــردار ناشــی از آن مرگ و میــر میلیونی انسان‌ها را سبب شده است.در حالی که امروزه از سطح زمین‌های مفید در مقایسه با گذشته بسیار کاسته شده است با این وجود کشاورزی جهان قادر است غذای نزدیک به ۸ میلیارد نفر را فراهم سازد.

• هواشناســی و پیش‌بینی وضــع هوا از جمله تکنولوژی‌هایی اســت که با بهره‌گیری از علوم فیزیــک و نجــوم تأثیــر بســزایی در افزایش تولیــدات کشــاورزی و دامی داشــته اســت. اســتقرار ایســتگاه‌های ثبت و مخابره وضعیت جــوی در ســایت‌های کشــاورزی بصــورت ماهــواره‌ای و ارائه گــزارش وضعیت از طریق رادیــو و تلویزیون‌هــای محلی هــر منطقه با زبان و ادبیات کشــاورزی همان منطقه ریسک فعالیت‌هــای کشــاورزی را بطــور معنی‌داری

کاهش داده اســت. طوریکه امروزه تاریخ انجام فعالیت‌هــای زراعــی و باغی شــامل کاشــت، داشت(کودهی و سمپاشــی) و برداشت کاملاً بر اساس گزارشــات هواشناسی و اطلاع کامل از وضعیت جوی تنظیم و صورت می‌پذیرد. در حــال حاضر یکی از فاکتورهای مورد بررســی برای احداث باغ‌هــای اقتصادی بصورت علمی بررسی و تحلیل وضعیت جوی منطقه در یک بازه ۴۰ ســاله می‌باشد. هواشناسی در ایران به روز نشــده و بســیاری از قرائت‌ها هنوز توسط اپراتور صورت می‌گیرد، در خیلی از سایت‌های کشــاورزی ایســتگاه هواشناســی اصلاً وجود ندارد و اخبار و گزارشــات هواشناسی بصورت بســیار کلــی، غیرتخصصی و نامطمئن اســت کــه هیچ وقت متناســب با مناطــق مختلف و با زبان بومی کشــاورزان تشریح نمی‌گردد. در شرق کردســتان هنوز از ابزار آلات ابتدایی در ایستگاه‌های کشاورزی استفاده می‌شود و عدم استفاده به روز و علمی از تکنولوژی‌های نوین هواشناســی خســارت‌های میلیاردی را سالانه سبب می‌شود.

• تکنولــوژی آبیاری از دیگــر تکنولوژی‌هایی اســت زندگی بشر را بشــدت تحت تأثیر قرار داده است، آبیاری مزارع در قدیم الایام بصورت غرقاب، جوی و پشــته و نواری با اســتفاده از آب-هــای روان، چشــمه‌ها و قنات‌ها صورت می‌گرفــت. در ایــن قبیل آبیاری‌هــا علاوه بر اتلاف شــدید آب و کیفیت پائین آبیاری، فقط زمین‌های پائین دست و مسطح قابلیت آبیاری داشــتند به همین دلیل درصد بسیار کمی از زمین‌های کشاورزی آبی بوده و بقیه به صورت دیم کشت می‌شدند. اما با ظهور تکنولوژی‌های نوین آبیاری سیستم‌های جدیدی برای آبیاری ظهور نمودنــد. در مرحلــه اول حفر چاه‌های عمیــق ( تا عمق‌های بــالای ۲۰۰ متر)و نیمه عمیق در دشــت‌های حاصلخیز منابع جدیدی به منابع قدیمی آب برای آبیاری اضافه گردید که با طراحی و ســاخت پمپ‌هــای قوی برای پمپاژ آب همزمان گردید. با پمپاژ آب مشــکل آبیاری زمین‌های بالادســت منابع آبی مرتفع گردیــد، همچنیــن روش‌های آبیــاری نیز به روش‌هــای جدید آبیــاری بارانــی و قطره‌ای تغییر نمودند. آبیــاری بارانی و قطره‌ای علاوه بر صرفه‌جویــی در میزان مصرف آب، راندمان بالایی نیز دارند و برای استفاده از این روش‌ها به تســطیح اراضی نیاز نیســت. یعنی می‌توان از آنها در اراضی با پســتی و بلندی فراوان نیز استفاده نمود. این نوع از آبیاری به نیروی کار زیادی نیاز نــدارد، می‌تواند بصورت اتوماتیک باشــد و قادر اســت زمین را بطــور یکنواخت آبیــاری نماید. نســل جدید آبیــاری بارانی به نام ســنترپیوت با اتاق فرمــان متمرکز دارای راندمان بســیار بالا و کاملا اتوماتیک می‌باشد. ایران در دو دهه اخیر برنامه‌هایی برای مکانیزه نمودن سیستم آبیاری در سراسر کشور به اجرا گذاشته است که تا حدودی نیز موفقیت آمیز بوده اســت. اما متأســفانه این برنامه‌ها عدالت محــور نبوده‌اند و بــرای مثــال بودجه-هایی کــه برای نوین کردن سیســتم‌های آبیاری در اســتان آذربایجان شــرقی، همــدان، زنجان و ... تخصیص داده شــده اســت ده‌ها برابر شرق کردســتان بوده است. البته نباید فراموش کرد مشــکلات مناطق کردنشین در این رابطه تنها به دولت محدود نمی‌شــود بلکه کوچک بودن قطعات و عدم یکپارچگی مزارع، عدم همکاری و هماهنگی کشاورزان، توان مالی بسیار پائین و آگاهی پائین کشــاورزان نیــز در این زمینه کارساز بوده است.

• پیدایــش تراکتــور و دیگــر ماشــین آلات کشــاورزی سبب شــد که نیروی کار ماشینی جایگزین نیروی کار انســانی گــردد. تا امروز نســل‌های مختلف و مترقی از این ماشــین‌ها و ادوات کشــاورزی به بازار عرضه شــده است. تراکتورهــای اتوماتیک و کنتــرل از راه دور با قدرت بســیار بالا، کمباین‌های پیشرفته برای بســیاری از محصولات(گندم، جو، ذرت، برنج،

گوجــه فرنگی، نخود، گلرنگ، آفتابگردان، کلزا و ...) ، دروگرهــا، عمیق‌کارها، بذرکارها و ... به تهیه و تأمین غذای جهان هم از لحاظ کمیت و هــم از لحاظ کیفیــت امنیت و ثبات خاصی بخشیده است. صنعت تراکتورسازی و ماشین آلات کشــاورزی ایران اگرچه به نسبت قدمتی طولانــی دارد اما در مقایســه بــا کارخانجات پیشرو در جهان مانند کلاس Aبسیار مبتدی بــوده و چه در داخــل و چه در خــارج یارای رقابــت با محصولات جهانی را نــدارد. لازم به ذکر است تنوع ماشین آلات و ادوات کشاورزی تولیدی ایران بسیار پائین می‌باشد و در حالت بهینــه نیز جوابگوی نیاز روز کشــاورزی ایران نیســت. در اوایــل دهه ۱۳۸۰ هجری شــعبه از تراکتورســازی ایران در شــرق کردستان در استان کردســتان دایر گردید اما اقبال چندی نیافت و در کمتر از یک دهه ورشکسته گردید و به حالــت تعطیل درآمد. اما جــای تقدیر و خوش بینی دارد در شــرق کردســتان، شــهر بوکان با پتانسیل بالقوه و خلاقیت مثال زدنی جوانان این شــهر بــدون هیچ گونــه حمایت دولتی گام‌های بلندی در راستای تولید ادوات متنوع کشاورزی برداشته‌اند و گاهاً خود خالق ادوات جدیــد برای اولین بار در جهان بوده‌اند. در رابطــه بــا صنعت خود جوش شــهر بوکان همیــن را بس که بعضــی از ادوات تولیدی در این شــهر به چین صادر می‌گردد. در سنندج نیز تلاش‌هایی مشــابه بوکان صــورت گرفته است ولی بیشــتر موفقیت‌ها در رابطه با تولید شــیرآلات آبیاری در کشــاورزی بوده اســت. کشــاورزی و محیط زیست شرق کردستان از عــدم اســتفاده صحیح و بجا از ماشــین آلات و ادوات کشــاورزی خســارت و آسیب فراوانی دیــده اســت. لذا بــرای کاهــش و ترمیم این آســیب‌ها و همچنین اســتفاده ســودبخش از این ماشــین‌آلات ضــرورت دارد نکات ذیل در اســرع وقت در دســتور کار قرار گیــرد. ۱- با توجه به کشــاورزی خرده پــا و اندازه کوچک قطعات زمین از یک ســو و هزینه بالای خرید ماشــین آلات و ادوات کشــاورزی بهمراه توان مالی پائین کشــاورزان کردستانی از دیگر سو، لذا، بجای اینکه هر کشاورز به تنهایی اقدام به خرید بعضی از ماشین آلات و ادوات کشاورزی بنماید بهتر است در هر منطقه‌ای یک مجتمع ماشین آلات کشــاورزی بصورت تعاونی ایجاد گردد. در چنین شــرایطی امــکان خرید تمام ماشین آلات و ادوات مدرن و به روز کشاورزی فراهم می‌گردد، راندمان اســتفاده مفید از این ماشین آلات افزایش می‌یابد، در هزینه و وقت صرفــه جویی گردیده و شــرایط بــرای تبادل اطلاعات میان کشاورزان و افزایش آگاهی آنها فراهــم می‌گردد که نهایتاً بــه افزایش تولید با کیفیت بالا و هزینه پائین منجر خواهد شــد. ۲- بایــد توجه داشــت که ظهــور تکنولوژی جدید و مــدرن الزاماً به معنی عدم اســتفاده از تکنولــوژی قبلی و قدیمی نیســت۳- باید ســعی کرد تا حدالامکان خاکورزی را کاهش داد و از روش‌هــای نوین مکانیزاســیون برای کشــت بدون خاکورزی بهره جست. این مهم مســتلزم استفاده از راهکارهای علمی به روز و ادوات پیشرفته کشت مستقیم می‌باشد. ۴- با استفاده از دوره‌های کوتاه مدت مهارت‌افزایی، آگاهــی و مهارت کشــاورزان خصوصاً کاربران ماشین آلات کشاورزی افزایش داده شود.

● آزمایشــگاه‌های تجزیــه خــاک، آب و برگ، توسعه چنین آزمایشگاه‌هایی درهای جدیدی برروی کشــاورزی و کشــاورزان گشوده است، طوریکه اســتفاده کاربردی و بــه موقع از این آزمایشگاه-ها ریســک را کاهش داده و تولید محصــولات کشــاورزی را از لحــاظ کمــی و کیفــی گارانتــی می-نماید. خــاک زراعی از لحاظ فیزیکی و شــیمیایی مــورد تجزیه قرار می‌گیــرد. امروزه بــا اســتفاده از تجهیزات و وسایل آزمایشــگاهی در آزمایشگاه‌های خاک و آب، تمــام پارامترهای خــاک و آب از جمله بافــت و ســاختمان خــاک، عناصــر ماکرو و

میکرو خاک، اسیدیته، شوری خاک و عناصر موجود در آب تعیین می‌گردد و با نیاز گیاه یا گیاهان مورد نظر تطبیق داده می‌شود در صورت انطباق مجاز به کشت گیاه مورد نظر در زمین مورد آزمایش خواهیم بود در غیر اینصورت فقط زمانی می‌توان گیاه را کاشت که با اصلاح پارامترهای خاک از تأمین شرایط رشد و نیازهای گیاه در زمین مورد آزمایش اطمینان حاصل گردد.در رابطه با خاک‌های شرق کردستان باید گفت اگرچه این خاک‌ها اساساً حاصلخیز هستند اما به دلایل زیر دچار مشکل گردیده‌اند و لازم است جهت جلوگیری از خسارت بیشتر تدابیری علمی و عملی اتخاذ گردد. ۱- عدم آگاهی رانندگان ماشین آلات کشاورزی، چرای بی‌رویه، عدم رعایت تناوب زراعی به ساختمان خاک آسیب زده و خاک‌های شرق کردستان را به اصطلاح خسته کرده است. برای رفع این مشکل لازم است مواد آلی خاک‌ها تقویت گردیده و با استفاده از ماشین آلات تخصصی روش‌های خاک‌ورزی اصلاح گردد. ۲- کشت بی‌رویه بدون آیش‌گذاری و یا استفاده از تناوب زراعی صحیح باعث تخلیه مواد غذایی ماکرو و میکرو در خاک‌ها شده و به مرور زمان آنها را به خاک‌های ضعیف تبدیل نموده است. برای مقابله با این مشکل تعیین الگوی کشت و رعایت تناوب زراعی الزامی است. ۳-خاکورزی بی‌رویه و شخم عمیق در جهت شیب فرسایش بادی و آبی را در مزارع شرق کردستان تسریع نموده و خسارت سنگینی در بعضی از مناطق وارد ساخته است که جهت جلوگیری از این خسارت‌ها اصلاح الگوی خاکورزی و اقدام به سوی کشت بدون خاکورزی ضروری است. ۴- اجاره زمین به ترک‌ها و اصفهانی‌ها در کرمانشاه، کردستان، ایلام و مکریان که با استفاده بی‌رویه از فضولات مرغی شیره زمین‌ها را با کشت گیاهان عظیم الجثه بدون رعایت تناوب زراعی و در نظر گرفتن استراحت برای زمین مکیده‌اند، خاک‌های این مناطق را به سمت شور شدن سوق داده است. در این رابطه توصیه می‌گردد، کشاورزان کردستانی چشم‌هایشان را بگشوده و هر چه سریع‌تر از این امر خودداری نمایند. در غیر اینصورت تداوم این روند در آینده نزدیک این زمین‌ها را به لم یزرع و بیابان تبدیل خواهد نمود.۵- استفاده بی‌رویه و غیرکارشناسی از کودهای شیمیایی که گاهاً از روی ناآگاهی به آب چاه‌ها اضافه می‌گردد، خطری جدی برای شور شدن خاک و تخریب ساختمان خاک محسوب می‌شود که بایستی با آگاهی بخشی سریعاً جلوگیری و متوقف گردد.

## گلخانه‌های خاکی و هیدروپونیک

ایران در مقایسه با کشورهایی مانند آمریکا، هلند، نروژ، اسپانیا و ... از نظر تکنولوژی گلخانه بسیار ضعیف و غیر قابل مقایسه می‌باشد، در این راستا مناطق کردنشین( شرق کردستان) نیز در مقایسه با دیگر نواحی ایران از جمله اصفهان، ورامین، تهران، جیرفت و کرمان بسیار ضعیف‌تر بوده و هیچگونه اقدامی در این زمینه صورت نگرفته است و اگر کاری هم انجام شده است در سطح مقدماتی می‌باشد. برای مثال کشت توت فرنگی در استان کردستان ۵۰ سال زودتر از جیرفت شروع گردیده است. با این حال ظرف یکی دو دهه اخیر سطح کشت گلخانه‌ای توت فرنگی در جیرفت به بیش از ۳۰۰۰ هکتار رسیده است ولی سطح کشت گلخانه‌ای توت قرنگی کردستان به یک هکتار هم نمی‌رسد. از عوامل عدم توسعه گلخانه در مناطق کردنشین می‌توان به سیاست عدم حمایت و سرمایه گزاری دولت در این مناطق، هزینه بالا احداث و راه اندازی گلخانه و عدم توانایی مالی کشاورزان کردستانی برای اجرای چنین پروژه‌هایی، پائین بودن تجربه و سطح علمی کشاورزان در رابطه با گلخانه، عدم معرفی گیاهان مقرون به صرفه و استراتژیک

از طرف ســازمان جهاد کشاورزی برای کشت در گلخانــه، عدم ثبــات قیمــت، خصوصاً در بازارهــای کوچــک، عــدم وجــود تکنولوژی گرمایی و سرمایی مقرون به صرفه اشاره کرد. با توجه بــه تهدیدات و محدودیت‌های موجود در رابطه با تولیــد غذا و امنیت غذایی مناطق کردنشین نیز مجبور هستند به توسعه گلخانه بویــژه گلخانه‌های هیدروپونیــک روی بیاورند که ایــن مهم می-تواند برای موفقیت بیشــتر در مناطقی مثل قصرشــیرین، ســرپل ذهاب، مهــران، دهلــران و ایلام اســتارت بخورد و به دیگر مناطق بسط داده شود.

## دامپروری و پرورش طیور و آبزیان:

دامپروری از اولیــن و قدیمی‌ترین حرفه برای گــذران زندگی و کســب معــاش کردها بوده است. مورخان بیان می‌دارند در حکومت مادها جامعه کــردی به دو بخش گــوران و کرمانج تقســیم می‌گردید. گورانی‌ها ســاکن روستاها بوده و به زراعت و باغداری مشــغول بودند، در مقابــل کرمانجی‌ها کوچرو بودند و به دامداری مشــغول بودند.ایــن حرفه از گذشــته‌های نه چنــدان دور در مناطق کردنشــین بســیار پر رونــق بوده اســت، طوریکه در یک روســتای ۱۰۰ خانــواری ۵ تا ۱۰ هزار رأس دام ســبک و ســنگین پرورش داده می‌شد، همین امر نیز پویایی خاصی را به صنایع لبنی، گوشت،پشم و ریســندگی و چرمســازی بخشــیده بــود. بدین ترتیب تأمین مایحتــاج مردمان مناطق کردنشــین نظیــر لبنیــات، گوشــت، تأمین ســوخت، تأمین کــود، لباس، فــرش، کیف و کفش، خیلی از وســایل و ادوات کشــاورزی و ... همــه و همه بصورت بومی و از فرآورده‌های دامی تهیه می‌گردید. این وضعیت در آن زمان ثبات ویژه‌ای را به مناطق کردنشــین بخشیده بود. زیرا اشتغال و تولیدات کافی به خانواده‌ها اجازه زادآوری بیشــتری می‌داد، همین عامل هم ســبب رشــد جمعیت کردها می‌گردید و از این طریق آنها می‌توانســتند علاوه برحفظ خاک و ســرزمین خــود با وجــود جنگ‌های ویرانگر و کشتار شــمار زیادی از افراد خود را نیز از خطر انقراض نجات دهند. از دیگر فواید این حرفه در مناطق شرق کردستان کمک به حفظ فرهنگ و اداب و رسوم این مردمان بوده است. با کمال تأسف این حرفه در کردستان از ۴ دهه پیش رو به افول گذاشته است طوریکه هــم اکنون در روســتاهای زیــادی در مناطق کردنشین شرق کردستان خالی از سکنه شده اســت و در خیلی از روستاهایی که زندگی در جریان اســت نیــز دامی نگهداری نمی‌شــود. برای مثال در یک روســتا بــا ۱۰۰ خانوار به ندرت ۵۰۰ رأس دام نگهداری می‌شــود.(البته نبایــد فراموش کرد که نســبت تعــادل دام با ظرفیــت مرتع باید مد نظر قــرار گیرد در غیر اینصــورت وجود دام اضافی مــی تواند یکی از مهمترین فاکتورهای فرســایش خاک باشــد) این امــر برای جامعه کــردی اتفاقات ناگواری را به دنبال داشــته اســت که به مواردی از آن اشــاره می‌گردد. ۱- مهاجرت درصد بالایی از مردمان روستاها و مستقر شدن آنها در حاشیه شهرها بدون زیربناها و امکانات رفاهی و رواج پدیــده‌ای نامبارک بــه نام حاشیه‌نشــینی. از آنجایــی که این مردمان مهارت‌های لازم برای اشتغال و زندگی شــهری را ندارند، در اثر فقر و بیکاری بــه انحرافات اجتماعی مانند مصرف و پخش مواد مخدر، فســاد و تن فروشی روی می‌آورند، طوریکه رشــد بی‌رویه این وضعیت بســیار مخرب و نگــران کننده می‌باشــد. ۲- تبدیل جامعــه کردی از یــک جامعه مولد به یک جامعه مصرف کننــده محض. این رویداد از لحــاظ فرهنگی، اجتماعی و سیاســی برای جامعه کردی مرگبار اســت. از لحاظ فرهنگی ســایر مناطق محصولات خودشان را با اسم و پیام فرهنگی خودشــان به ما عرضه می‌نمایند که این اعمال در بسیاری از موارد کاملاً برنامه-ریزی شده صورت می‌گیرند. از لحاظ اجتماعی،

همانطور که اشــاره شد از بین رفتن اشتغال و بیکاری گسســت خانواده، حاشیه‌نشینی، رشد انحرافات اجتماعی، کاهش زاد و ولد، مهاجرت و .... را ســبب می‌گــردد کــه همگی مخرب و نابودگر می‌باشند. از لحاظ سیاسی، نیز بایستی بدانیــم که یک جامعه مولــد، جامعه‌ای مقاوم اســت که بــرای محقق شــدن خواســته‌های مشــروع خود همواره تلاش کــرده و به تلاش خــود ادامه می‌دهــد. در حالیکه جامعه‌ای که مصرف کننده محض می‌باشــد بقــاء مقاومت را به لقائش بخشــیده و بــرای تأمین مایحتاج روزمره خود سر تعظیم فرود می‌آورد.

۳- کاهــش جمعیــت کردها، رهــا نمودن شغل‌های مولد و متناسب با پتانسیل‌های بومی منطقه بــه دلایل زیر کاهش شــدید جمعیت کردهــا را ســبب گردیده اســت. هــم اکنون بســیاری از جوانــان به دلیل فقــر و بیکاری از ازدواج ســرباز زده و بالارفتن سن ازدواج نیز به میزان زیادی افزایش فساد را سبب شده است. همچنین نرخ زاد و ولد در مناطق کردنشــین ایلام، کردستان، کرمانشــاه و آذربایجان غربی ۰/۵ اســت درحالیکه میانگیــن نرخ زاد ولد در ایران نزدیک به ۲ می‌باشــد. بنابراین وقتی که مهاجــرت جوانان تحصیل کــرده و بیکار کرد به دیگر اســتان‌های کشــور ایــران و خارج از کشــور ایران را به ایــن آمارها اضافه می‌نمائیم و مهاجرت تشــویقی نیروهای فارس برای اداره ادارات، ســازمان‌های دولتــی و پادگان‌ها برای رقیق نمــودن جمعیت کردها را مورد ملاحظه قرار می‌دهیم بایستی بیشتر و بیشتر از همیشه نگران جینوساید سفید این ملت بود.

شرق کردســتان در زمینه پرورش طیور و آبزیان نیز از پتانسیل بالایی برخوردار است. از گذشته دور تاکنون در این مناطق همواره علاقه برای پرورش طیور (مــرغ و خروس، بوقلمون، غاز، بلدرچین، کبک و ...) وجود داشــته است، وجــود نژادهای کــردی در این زمینــه که از نظر ژنتیکی از ســایر نژادهــای موجود در بازار کاملا متمایز و گاهاً بهتر هســتند دلیلی بر این ادعاســت. کردســتان به دلیل داشتن رودها و چشمه‌های زیاد مکان مناســبی برای پرورش آبزیانــی مانــد ماهــی و ... می‌باشــد. اگرچه قدم‌های کوچکی در رابطه با احداث مرغداری و پرورش ماهی در شرق کردستان صورت گرفته اســت اما محدود و محصور بــودن این صنایع در دســت مافیای شبه دولتی و همچنین عدم وجود زیرســاخت‌ها و چرخه‌های پویا خصوصاً در رابطــه بــا تأمیــن دانه و جوجــه یک روزه این صنایع را با شکســت مواجه ســاخته است. بطوریکه بیشتر مرغداری‌ها دچار ورشکستگی شده و خیلی از آنها نیز در سال بیش از دو دوره جوجه‌ریزی ندارند. این در حالی اســت مصرف کنندگان مجبورند همواره مرغ تازه را با قیمت بسیار بالا بخرند یا در صورت پائین بودن توان مالــی، مرغ یخی را بگیرند. در رابطه با پرورش بوقلمــون، بلدرچین، شــترمرغ، اردک، کبک، غاز و ... وضعیت بســیار نابســامان‌تر بوده و در حد صفر است.در وضعیتی که بیکاری در تمام نقاط شرق کردستان سایه گسترانده و بر تمام بخش‌هــای زندگی مردمان این مناطق تأثیری منفی و مخرب گذاشــته اســت، پرورش طیور فوق به صورت ســنتی، نیمه صنعتی و صنعتی می‌توانــد نقــش بســزایی در اشــتغالزایی این مناطق داشته باشــند. عوامل زیادی در ارتباط بــا ضعف و عقــب ماندگی صنعــت دامپروری، طیور و آبزیان شــرق کردستان دخیل هستند که در ذیل به تعدادی از آنها اشــاره می‌گردد. ۱- سیاســت ناامیــد کردن مردم در راســتای تسلیم شــدن و وابســته نمودن بیش از پیش آنها ۲- عدم مدرن نمودن سیستم پرورش دام و طیــور مطابق علــوم روز ۳- نبود زیربناهای لازم بــرای تولید و تهیه علوفــه و دانه بصورت مقرون به صرفه در سطح وسیع ۴- عدم وجود صنایع تبدیلی و بسته‌بندی ۵- نامناسب بودن وضعیت بهداشــت دام و طیــور به دلیل ضعف شــدید دامپزشــکی در این مناطــق ۶- ضعف

شدید تحقیقات به‌نژادی جهت اصلاح و معرفی نژادهای مطلوب و مناسب برای پرورش در مناطق شرق کردستان ۷- آگاهی پائین تولیدکنندگان در زمینه پرورش دام و طیور ۸- عدم دسترسی به تکنولوژی روز ۹- نبود تعاون و همکاری مردم برای انجام کارهای اقتصادی بصورت گروهی جهت کاهش هزینه‌های تولید و افزایش قدرت رقابت در بازار ۱۰- توان مالی پائین و محدودیت مالی کشاورزان برای ایجاد تغییر در این زمینه.

نباید فراموش نمود در زمینه دامداری گرایش‌های مختلف و زیادی وجود دارد که بیشتر آنها می‌توانند برای توسعه اقتصادی و اشتغالزایی در مناطق کردنشین مقرون به صرفه و کارآمد باشند که در این بخش به خیلی از اینها اشاره نشده است از جمله می‌توان به پرورش اسب و پرورش زنبور عسل اشاره نمود که هر دوی آنها یعنی اسب نژاد کردی و عسل کردستان شناخته شده و مشهور می‌باشند.

**باغبانی**

کردستان و بطور ویژه شرق کردستان به دلیل تنوع اقلیمی (گرمسیری، نیمه گرمسیری، معتدل، نیمه سردسیری و سردسیری) ، خاک‌های حاصلخیز، آب، زمین‌هایی با ارتفاع متفاوت از سطح دریا، تنوع ژنتیکی گیاهان و درختان، وجود سیستم‌های آفتاب – کوهستان ، نیروی انسانی و علاقه مردمان این مرز و بوم به باغبانی از پتانسیل بالقوه بسیار بالایی برای تولید انواع میوه، سبزیجات و گیاهان دارویی برخوردار است. طوریکه دکتر اسماعیل فلاح متخصص باغبانی در آمریکا بیان می‌دارند که با اقتصاد حاصل از باغبانی علمی و به روز فقط در استان کردستان می‌توان ۵ استان ایلام، کرمانشاه، همدان، کردستان و آذربایجان غربی بصورت خودکفا اداره نمود. مناطق دیم شرق کردستان نیز برای کشت محصولاتی همچون زرشک، سنجد، سماق، بادام، پسته، انگور و گل محمدی بسیار بسیار مناسب می‌باشند. این محصولات را می‌توان بدون نیاز به آب در شرایط دیم و در سطح وسیع کشت نمود. علی‌رغم پتانسیل بسیار بالا و بالقوه‌ی باغبانی در شرق کردستان، متأسفانه تاکنون به دلایل مطرح شده‌ی ذیل بعنوان یک محور اقتصادی کارآمد و بالفعل در نیامده است.

۱ فقدان استراتژی هدفمند و اقتصادی در احداث باغات

۲ عدم رعایت اصول فنی و مهندسی در احداث باغات( بررسی میانگین ۴۰ ساله وضعیت جوی، آزمایش خاک، معماری باغ و....).

۳ عدم تمرکز بر کاشت و پرورش گیاهان و درختان استراتژیک

۴ فقدان مراکز تحقیقات باغبانی مجهز به تکنولوژی روز برای اصلاح و بهنژادی درختان سازگار با شرایط آب و هوایی این مناطق.

۵ فقدان صنایع جانبی و کارخانجات تبدیلی(کمپوت‌سازی، آبمیوه‌گیری، پوره و کنسانتره، خشک کردن، بسته‌بندی و سردخانه‌های پیشرفته).

۶ عدم آگاهی کافی کشاورزان برای استفاده صحیح و به موقع نهادهای کشاورزی (کود، سم، هورمون و تقویت کننده‌ها).

۷ فقدان سیستم هواشناسی با گزارشات محلی و تخصصی (سالانه ۴۰ هزار هکتار از باغات استان کردستان دچار هوازدگی می‌گردد).

۸ نبود ماشین آلات و تکنولوژی به روز

۹ عدم جایگزینی سیستم‌های آبیاری سنتی و ناکارآمد با سیستم‌های نوین و پربازده

۱۰ عدم ارائه محصولات تولیدی تحت نام یک برند واحد کردستانی( برای مثال سالانه هزاران تن انگور سیاه، گردو و بادام بدون استفاده از هر گونه سم و کود تولید می‌گردد، از آنجایی که این محصولات کاملا ارگانیک هستند، لذا بایستی تحت پوشش یک برند ارگانیک و با قیمت بالا به بازارهای هدف ارائه گردند، ولی تاکنون چنین اتفاقی رخ نداده است).

# ”ڕوانگه“

# تێرۆریزم لە ڕوانگەی جیاوازەوە[1]

**نووسین: د. عەبدولڕەحمان قاسملوو**
**وەرگێران لە فەڕەنسییەوە: حەسەن ئەیووبزادە**

**ئاماژە**

تێرۆریزم، هێرش بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئازادیی خەڵکی بێ تاوانە کە لە شەڕی نێوان تێرۆریزم و دژبەرەکانیاندا بەشدار نین. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا تەقاندنەوە یان دانانی بۆمب لە شوێنە گشتییەکان، بارمتەگرتنی خەڵک و ڕفاندنی فڕۆکە، بە کردەوەیەکی دزێوی تێرۆر ناودەبردرێن. هەرچەندە ڕواڵەتەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە لەوانە زیاترن و دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەکانی ڕۆژئاوایی ناویان نابەن و خۆی لێ دەبوێرن.

## ڕێگا بدەن لەو باســـەدا چەند پرسارێک بکەین

تێرۆریســـت کێیە؟ دەوڵەتێک کـــە بە ناوی پاراســـتنی ئەمنییەتی نەتەوەیی، خەڵکەکەی پەرێشان دەکا تێرۆریستە؟ ئاخۆ ئەم دیاردەیە تەنیـــا گرفتی وڵاتانی جیهانی ســـێهەمە کە دێکتاتۆرەکان بەســـەریاندا حاکمن؟ ئایا ئەمە تەنیـــا تایبەت بە وڵاتانی جیهانی ســـێهەمە؟ ئایـــا وشـــەی «تێرۆریســـت» بـــۆ دژبەرێکی سیاســـی دەبێ کە کردەوەیەکی تێروریستیی دژی دەوڵـــەت دەکا کە ئازادییـــە مەدەنییە دەستەبەرکراوەکانی قانوونی بنەرەتی پێشێل دەکا؟

ئەی لەمەڕ بزووتنەوەی ئازادیی نەتەوەیی کە بە ناوی ئازادی و ســـەربەخۆیی، تێرۆریزم هەڵدەبژێری چی دەگوترێ؟

ئەی ئەو وڵاتەی کە وڵاتێکی دیکە داگیر دەکا و بـــە زەبری تێـــرۆر، قانوونەکانی خۆی بەسەر خەڵکەکەدا دەسەپێنی؟

ئەی خەڵکێک لەگـــەڵ ترس و تۆقاندندا بەرەوڕوو دەبن لەبەر ئەوەی کە دژی ڕاسیزم و گوشـــاری گرووپە قانونی و ناقانوونییەکان خەبات دەکەن؟

ئەو گرووپانە کەســـانێکن کـــە بە دوای مەبەســـتی خۆیانەوەن کە خوازیاری گۆڕینی سیاسەت، ئازادیی جینایەتکاران و ئەستاندنی پووڵی زۆرەملین.

## بەراستی کێ تێرۆریستە؟

ئایـــا ڕەشـــەکانی ئافریقای باشـــوور کە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزیی» ئاپاراتاید» لە وڵاتەکەی خۆیاندا خەبـــات دەکەن تێرۆریســـتن؟ یان ڕێژیمی ســـپییەکان کـــە جیاوازیی ڕەگەزی دادەسەپێنن؟

ئایا خەڵکی کـــورد کە چەکی هەڵگرتووە و شـــەڕێکی عادڵانە بۆ پاراســـتنی پێناسەی نەتەوەییـــی خـــۆی دەکا تێرۆریســـتە؟ یان خومەینی تێرۆریستە کە لە ٧ ساڵی ڕابردوودا شـــار و گوندەکانی کوردســـتانی لـــە ئێراندا وێران کردووە و بە کۆمـــەڵ خەڵکی قەڵاچۆ کردووە؟

ئایا حکوومەتـــی ئانکارا تێرۆریســـتە کە بە گوشـــاری وەحشـــییانەی کە لە تورکیەدا بەســـەر کوردیدا سەپاندووە قانع نییە و ئێستا خەریکی بۆمبارانی حەشـــیمەتی بێ دیفاعی کورد لە عیراقە؟

ئایـــا دەوڵەتـــی قانوونیـــی نیکاراگۆئە کە یارمەتی بە پێکەوە ژیان و ئاشـــتی لەو وڵاتە دەکا تێرۆریستە یان کۆنتراکان کە یارمەتیی بە لێشـــاو و پێشـــتیوانیی ڕەیگانیان لە پشتە تێرۆریستن؟

ئەگەر تێرۆریزم بە مانای هێرش بردن بۆ سەر ژیانی ئازادانەی خەڵکی بێ تاوان بێ، لەو حالەتەدا هەر کەسێ کارێکی ئەوتۆ بکا دەبێ وەکوو تیرۆریست ســـەرنجی بدرێتێ، چ ئەو کەسە تاک بێت یان ڕێکخراوە یان دەوڵەت.

ئەو پێناســـەیە دەبێ بە بنەمـــا دابندرێ ئەوەش لەگەڵ ڕوانگـــەی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کە تەنیـــا لـــە کارتێکەرییەکانـــی تێرۆریزم دەکۆڵنەوە، یەک ناگرێتەوە. ڕۆژئاوا هەوڵ نادا لە هۆیەکانی تێرۆر بکۆڵێتەوە؛ پێویســـتە ئەو هۆیانە بۆ کەسێک کە خوازیاری بنەبڕکردنی تێرۆریزمە، ڕوون بن.

## گوتراوە کە تێرۆریزم چەکی بێ بەشانە

دەبێ ئەوەش زیاد بکرێ کە تێرۆریزم ڕێگەی ئەو کەســـانەیە کە ڕەنگە بیانەوێ تەنانەت لە بەرانبەر بێ عەدالەتی، گوشـــار، دیکتاتۆری و ڕاسیزمدا دژکردەوەیان هەبێ. ئەم هۆکارانە کە بنەبڕ بکرێن، تێرۆریستەکان تەریک دەکەون و بە خێرایی مەترسییەکەیان کۆتایی پی دێ.

ئەگەر ویستە قانونییەکانی خەڵک دابین بکرێـــن و بـــێ عەدالەتـــی نەمێنـــێ، هەموو کردەوەکانی تێرورۆیستان بە شێوەیەکی بەرین مەحکـــووم دەکرێن. چونکە تێرۆریســـتەکان کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان بە ئیددیعای ویستە سیاسییە قانونییەکان دەڕازێننەوە.

ولاتانی ڕۆژئاوا پێیان خۆشــە بزووتنەوەی نەتەوەیـــی و خەباتی چەکداری لەگەڵ کاری تێرۆریستیدا تێکەڵ بکرێ، وێدەچێ تیرۆریزم لەگەڵ کردەوەی زۆر لــە دەوڵەتەکاندا ڕێک بکەوێ، ئەگەر نەبێ ڕیک بخرێ.

نموونــەی ئــەو ولاتانە زۆرن کــە لەبەر پێویســتیی خۆیان بە تیرۆریزم بۆ پەســند کردنی سیاســەتی تێرۆریســتی، بە شێوەی ئاسایی خۆیان بە دژی تێرۆریست ناو دەبەن کە ئافریقای باشــوور، شــیلی و ئێــران لەو ڕیزەدان.

کاتێ ڕەشــەکان داوا دەکــەن ئاپارتاید نەمێنــێ، ئــەوان ڕەشــەکان بــە تێرۆریســت دەزانــن، فەلەســتینییەکان داوای ولاتی خۆیان دەکەن. خەڵکی شــیلی دژی دیکتاتۆریە و ئێرانییەکان دیکتاتۆریــی ئاخونــدی ڕەت دەکەنەوە. حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێران، ناچارکراوە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا دژی ڕژێمــی خومەینی دەســت بۆ خەباتی چەکــداری بەرێ. ئەو خەباتە هەرگیز بەرەو تیرۆریزم نەکشــاوە. بــە پێچەوانــەوە یارمەتیــی کــردووە بــە ئازاد کردنــی ژمارەیەک بارمتەگیــراو کە حەوت کەسیان فرانسەوی بوون.

بزووتنــەوە نێونەتەوەییەکانــی جیهان بــەو شــێوە هەڵســوکەوت دەکــەن. ئەو شــێوە هەڵســووکەوتە ناکەوێتە نێو گێژاوی تێرۆریزمەوە.

بە پێی پرەنســیپ، ئێمــە تێرۆریزم ڕەت دەکەینەوە. چونکە پێمــان وایە ئەو بنەمایە، ئازادیــی کەرامەتی مرۆڤ دەســتەبەر دەکا. هەروەهــا لــە ڕاونگــەی سیاســییەوە، لــە درێژخایەندا تیرۆریزم، پرســتیژی بزووتنەوە لــە بەین دەبا و لــە نێوخــۆوە وێرانی دەکا.

هەڵسەنگاندن و پێناســە کردنی نەگونجاوی ولاتانی ڕۆژئاوا لە تێرروێزم، خەبات دژی ئەو دیاردەیە ئەستەم دەکا.

کردەوە تێرۆریســتییەکانی دژی ولاتانی ڕۆژئــاوا مەبەســتی جۆراجۆریان لە پشــتە. تیرۆریســتەکان بۆ ئامانجەکانیان پێویستیان بە پروپاگەندە هەیــە. دەیانەوێ بە ناتەواویی دوژمنەکانیــان ڕوحییــەی مەعنەویــی هێزەکانیــان پتەو بکەن. ئــەوان دەیانەوێت چالاکیە ئاســاییەکانی دەوڵەتی دژبەر لە کار بخــەن و هەوڵ دەدن دەوڵــەت پێوانەگەلی نائاســایی بەمەبەســتی دنەدانی نارەزایەتیی گشتی بخاتەگەر.

ڕاگەیاندنــە گشــتییەکانی ڕۆژئاوا دەکەونــە داوێکەوە کە تێرۆریســتان بۆیان دادەنێنەوە. لــەو حاڵەتــەدا چالاکییــە تێرۆریســتییەکان بە بەربلاوی بلاوەکرێنەوە و بــە ئاگاداریی خەڵــک ڕادەگەیەندرێــن. بــەلام خەباتــی بزووتنــەوەی دێموکراتیــک بــۆ ئــازادی و مافەکانی مرۆڤ لە بیر دەکرێ. جیهادی ئیســلامی کــە تەنیا نوێنەرایەتیی تاقمێکی دەسکرد دەکا، ناوبانگــی لە جیهان هەیە بەلام ویســت و داخوازیی ٢٠ میلوێن کورد لە بازنەی سیاســیدا بە دژواری دەناسرێ. ئایا ئــەو نەگونجاوییە و بــێ قەوارەییە، بزوتنەوە دێموکراتیکەکان هان نــادا بۆ ئەوەی پەنا بۆ کردەوەی تێرۆریســتی بەرن، تاکوو دەنگیان ببیسترێ.

> ❞ دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوا ناتەواون و تێروریستەکان لەو ناتەواوییە کەڵک وەردەگرن. بەلام هەر لەو کاتەدا دێموکراسی دوژمنی ژمارەیەکی تێرۆریزمە ❝

دێموکراســییەکانی ڕۆژئــاوا ناتــەواون و تێروریســتەکان لــەو ناتەواوییــە کەڵــک وەردەگرن. بەلام هەر لەو کاتەدا دێموکراسی دوژمنــی ژمارەیەکــی تێرۆریزمــە. لــەو شــوێنەی کە دێموکراســی هەیە، تێرۆریزم گەشــە ناکا. تێرۆریزم بە ئاشکرا لە دەرەوا ڕا

دێ. لــەو وڵاتانەی کە ئازادییەکان پێشــێل دەکرێــن، دیکتاتۆری هەیە، بــێ عەداڵەتی هەیە، هەڵاواردنی ئایینــی و ئیتنیکی هەیە، گرفتە سیاســییەکان پەرە دەگرن. بەرتەسک کردنــەوەی دیموکراســی زیاتریــن زیان بە دیموکراسیی رۆژئاواییەکان دەگەنێ.

ئازاد کردنی بە بارمتەگیراوێک ئیمتیازێکە کە لە هەڵبژاردنەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. تێرۆریستەکان لە ئیمتیازی ڕکەبەریی سیاسی کەڵک وەردەگرن ویستەکانیان پەرە پێدەدن. دەبــێ لە بیرمــان بێت کــە بەبارمتەگرتنی ئەمریکاییەکان لــە ١٩٨٠ی زایینی لە لایان خومەینییەوە، لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئامریکادا، کاریگەریی خســتە سەر سیاسەتی ئامریکاییەکان.

تێرویســتەکان ئامانجیــان ئەوەیــە کە دیموکراســییەکان لــەق بکەن، لــە ناوەوە بنکۆلیــان بکەن و گرفتەکان بــەرەو ڕۆژئاوا بنێرن بــۆ ئەوەی وڵاتەکانیــان وێران بکەن، بەرتەســک کردنەوەی دیموکراسی بە مانای یارمەتی دان و لاینگری کردن لە تێرۆرە. لەو هەلومەرجــەدا چۆن دەکرێ کۆتایی بە تێرۆر بێنین؟ مرۆڤ دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێ کــە تێرۆریزم بە شــەوێک کۆتایی پێ نایە و لەنێو ناچێ!

وەرێخســتنی پروپاگەندەیەکــی زۆر بۆ بەبارمتەگیــراوان کەڵکــی نییە چــون ئەوە ڕاســت ئەو شتەیە کە تێرۆریستان دەیانەوێ. ڕووخاندنی دەوڵەت ئەگەر نا دەوڵەت دەکەنە بارمتەی بارمتەکان. ئــاگادار کردنەوەی ڕای گشتی لە مەڕ بەبارمتەگیراوان، مانای نوسینی وتارێکی سەرەکی لە چاپەمەنییەکاندا نییە. « دان بەخۆدا گرتن» لەمــەڕ بارمتەکان ڕەنگە زیاتر یارمەتی بە ئازادکردنیان بکا.

وتووێژ نابــێ وەلابنرێ، بــەڵام قەبوولی وتووێژ بەمانای چۆکدانان بۆ ویستەکانیان نییە. نابێ لە بیر بکرێت کە ملکەچ بوون بۆ ویستە ناقانونییەکانی تێرۆریستان ڕێگە دەکاتەوە بۆ ئــەوەی داخوازییەکانیــان ڕێکوپێکتر و زیاتر بکــەن. زۆر گرینگە کە لەگەڵ تێرۆریســتی ڕاســتەقینە وتووێژ بکرێ نەک ئەو کەسانەی کە بۆ چاندنــی بۆمبــەکان و بارمتەگرتن و ڕفاندن کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

خاڵی وتووێژ لەگــەڵ حیزبوڵڵای لوبنان چییە؟ لە حاڵێکــدا هەموو دەزانن کە ئەمانە درووســتکراوی تارانــن. دەبێ ســەرەنجام نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە بۆ وتووێژ بدۆزرێتەوە.

خومەینی پارەی دەوێت بۆ ئەوەی لەگەڵ عێــراق درێژە بە شــەڕ بــدات. لەبەر ئەوەی ئابووریــی ئێران بەرەوقەیــران دەچێ، خاڵی ســەرەکیی لە وتوێژەکانی نێوان فەرانســە و کۆماری ئیسلامی، پێوەندیی بە میلیارد دۆلار قەرزەوە هەیە کە ڕەژیمی ڕابردوو بە شیرکەتی ئۆیرۆدیفی دابوو. نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وتووێژ لەسەر حەوت کەس لە بارمتە گیروان کــە لە دەســت حیزبوڵڵای لوبنانــدان ڕەت دەکەنەوە. هەموو دەزانن کە چارەنوسی ئەوان پەیوەندیی بە ویستی ئایەتوڵڵاکانەوە هەیە.

گرووپەکانی دیکە سەر بە دەوڵەتگەلێکی ناســراوی دیکەن. شــەڕ کــردن لەگەڵ ئەو وڵاتانــەی کە پشــتیوانی لە تێــرۆر دەکەن پێویســتە چاوپۆشــی لێ نەکرێ. ئەو وڵاتانە دەبێ خۆیان بگلێندرێنە نێو ترس و خۆفەوە. هەمــوو وڵاتان دەبێ دژی تێرۆریزم هاوکاری بکەن ئەوەش تایبەت بە ناتۆ و EEC نییە لە مــاوەی ٤٤٤ ڕۆژدا کە بارمتە ئامریکاییەکان لــە ئێران بــوون، چەند وڵاتێکــی ئوروپایی پێوەندیی باشــیان لەگەڵ ئێراندا هێشــتەوە. لەنەبوونی ئامریکاییەکاندا دەوڵەتانی ئوروپایی قازانجــی بازرگانیــی باشــیان لــە ڕێژیمی خومەینی دەســت کەوت. چەند مانگ چەند فەرانسەوی لە لە لوبنان دەست ئێرانییەکاندا بوون. فەرانســە گوشاری پروپاگەندەی لەمەڕ بارمتەکان تەجروبە کرد. هاوکارانی ئی ئی سی فەرانسە وەکوو ئینگلیستان و ئاڵمان ئێستاش پێوەندیی ئابووری زۆر بەهێزیان لەگەڵ ئێران

هەیە. ئەوان پشـــتیوانی لە ڕێژیمێک دەکەن کــە تیرۆریزمی وەکـــوو دۆکتۆرینی دەوڵەتی هەڵبژاردووە.

هاوپەیوەندی لە دژی تیرۆر دەبێ کارامەتر بێ و ببێتە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی. نە نەتیا وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەڵکو وڵاتانی سوسیالیستی بەتایبەتی جیهانی ســێهەمیش بگرێتەوە. ئەو تیئۆرییە کــە ئیدیعا دەکا جیهانی ســێهەم تیرۆریزم دروست دەکا دەبێ وەلابنرێ. خەبات دژی تیــرۆر کارێکی پێویســتە، بێ جیاوازی و لە هــەر جێیەکەوە کە ســەرچاوە بگرێت. ژیرانەیــە کە تیرۆریزمی عەرەبەکان کە ژیانی بێ تاوانەکان دەخەنە مەترسییەوە، بێ ڕاڕایی و بە وردی مەحکووم بکرێ. هێرش بۆ ســەر ســێناگۆگی جوولەکەکان لە ئێستامبۆل کە تێیدا ٢٤ کەس کوژراون مەحکووم دەکرێ و دەگوترێ ئەو کردەوەیە دژی ئازادیی ئایینیە؛ بــەڵام بۆچی هێرش بۆ ســەر کوردی عێراق مەحکووم ناکرێ؟ ئەم هێرشــە دەبێتە هۆی مەرگی سەدان کەسی مەدەنی.

هاوکووفەکانــی وڵاتانی ڕۆژئــاوا کردەوە تیرۆریســتییەکان مەحکـــووم دەکەن بەڵام زۆر گونجــاوە کــە ڕاڕاییەکانیان لە مەر ئەو هەنگاوانــە دژی ڕێژیمــی ڕەگەزپەرەســتی ئەفریقای باشوور وەبەرچاوبگیرێ.

کاتی ئــەوە هاتووە ئەو جیــاوازی دانانە، کە لەم جیهانەدا بە شــێک لە خەڵک وەکوو هاووڵاتیی دەرجە دوو و یان ســێ چاویان لێ بکرێ و [وادەرکەوێت] کە ژیانیان ئەو بایەخەی نییە کە هاووڵاتییەکانی وڵاتانی پێشــکەوتوو هەیانە، کۆتاییی پێ بێت. پشتیوانیی ئەخلاقی و سیاســی لە بزوتنەوەی ئــەو خەڵکانەی کە پەنا بردن بۆ تیرۆر ڕەت دەکەنەوە، ڕێگەیەکی دیکە بۆ خەبات دژی تیرۆریزمە.



**تێبینی**


١. ئەو وتارە بۆ کۆنفرانسی تیرۆر و ڕەوشتی مرۆڤانە نووسراوە کە لە ١٦ /١٩٨٦/٩/ لە پاریس بەڕێوەچووە.



# ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (٢)

## ئاوڕدانەوەیەکی تیۆری لە خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات

سمایل شەریفی



**ئاماژە**

ڕاسان بریتییە لە تێپەڕین لە دۆخێکی «ستەندبای»ی داسەپاو و زۆرەملی بۆ دۆخێک کە زیاترین پتانسییەلی شۆڕشگێرانە لە ماسوولکە و دەمار و ئێسقانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریبەخشدا بۆ وە جووڵە کەوتن و وە جووڵە خستن پاشەکەت کراوە. لەم پێناسەیەدا ڕاسان بریتییە لە گەیشتن بە شێوازێک لە هەڵسووڕان و ڕێکخستنی حیزبی کە زیاترین «سەرمایەی شۆڕشگێرانە» بۆ بزووتنەوەی کوردی دابین بکا.

## چییەتیی ڕاسان

تێگەیشـــتن لـــە خـــودی چەمکی ڕاســـان و بەدەستەوەدانی پێناسەیەک لەم چەمکە هەتا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئاراستە کردنی هێز و توانای فیکری و سیاســـی و چەکـــداری لەم پێناوەدا یاریدەمان دەدا. ڕەنگە تێگەیشتنێکی سەرەتایی و نەمەییو لە ڕاسان لەگۆڕێدا بێ کە لە بنەڕەتدا دامەزراو لەســـەر نۆســـتالژیایەکی کوردانە لە بیرەوەریی ئامادە بوونی پێشـــمەرگە لەناوخۆدا و بەڕیوەبردنی ئۆپەراسیۆنی قارەمانانە بە دژی هێزی دوژمن بێ. لەڕاســـتیدا ئەم بیرەوەرییە هەتـــا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بە هەســـت و سۆزی نەتەوایەتیی مرۆڤی کوردەوە هەیە. بەڵام دەبێ پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە بکەین کە ڕاســـان لە پلەی یەکەمدا پرۆژەیەکی دامەزراو لەسەر شـــیکارییەکی عەقڵانییە و ئەگەرچی ڕەنگە وڵامی هەندێک پێویستیی سۆزدارانەی کاراکتێری کوردی ئەم ســـەردەمەش بداتەوە بەڵام لایەنە عەقڵانییەکـــەی دەکەوێتە پێش لایەنی سۆزدارانەی.

لەم تێگەیشتنە سەرەتاییەدا ڕاسان بریتییە لە هاتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکهەڵچوونی چەکدارانەی ئەم هێزە نەتەوەییە لەگەڵ هێزی ســـەربازیی کۆماری ئیســـلامی و خولقاندنـــی حەماســـەی ئەوتۆ کە بکرێ بە شانازییەوە بگێڕدرێتەوە. لە دەربڕینێکی سادە و کورتدا بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، ڕاسان بریتییە لە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری بە دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا.

ئەوەی ڕاســـتی بـــێ ڕەنگە ڕاســـان ئەم وەســـفەش لەخۆی بگرێ و دەست پێکردنی ڕاســـان لـــە دیارترین دەرکەوتـــەی خۆیدا لە دەســـتپێکردنەوەی ئۆپەراســـیۆنی هێـــزی پێشـــمەرگەدا خۆی وە دیار بخا، بەڵام پێناسە کردنی ڕاســـان بەم شـــێوەیە، هەم دابەزاندنی پرۆژەیەکی گرینگ و بەربڵاو بۆ دەرکەوتەیەکی ڕووکەشی حەماســـی لە ئاستی پێناسە کردن دایە و هەم ئەســـتاندنەوەی ڕادەیەکی زۆر لە جەوهەر و دینامیزمی ڕاستەقینەی ئەم پرۆژەیە لە ئاستی دامەزراندن و بەڕێوە بردنی پراتیکیی پرۆژەکەدایە.

ڕاســـان لە جەوهەری خۆیـــدا بریتییە لە تێپەڕین لە فیگۆر و ئارایشـــێکی ڕێکخراوەیی و سیاسیی و دیسکۆرسیکی کەمتر چالاک بۆ فیگۆرێکی چالاک و هەڵســـوور و شوێندانەر. ئەگەرچی ڕاســـان بـــۆی هەیە «کـــردەوە» و «ئۆپەراسیۆن»ی بەرچاویشی بەدوادا بێ بەڵام ڕاســـان زیاتر لەوەی لە شـــێوە کردەوەیەکی تایبەتدا پێناسەی بۆ بکرێ لە دەست خستنی چەشـــنە «ئامادەیی»یەکـــی تایبـــەت و جۆرە توانا و پتانســـییەلێکی شۆڕشگێرانەی تایبەتدا دەناســـرێتەوە. ڕاســـان بریتییە لە وەدەســـت هێنانی پتانســـییەل و تواناییەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و دیسکۆرسیکی ئەوتۆ کە هەردەم بۆی هەبێ ببێ بە جووڵە و ئاکسیۆنێکی دیار، بـــەڵام ئەگەر بە هەر هۆیەک بە شـــێوەیەکی کاتی نەشـــبوو بە جووڵە، لە ڕاستیدا جەوهەر و ماهییـــەت و دینامیزمەکەی هەر لەجێگای خۆیەتی.

حـــەز دەکـــەم باســـەکە بـــە هێنانەوەی نموونەیەکی سادە ڕوون بکەمەوە. وای دابنێین وەرزشـــکارێک ســـاڵێکی ماوە هەیـــە هەتا بە دارشـــتن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک پرۆگرامی تایبەت بـــە ڕاهێنانی چڕوپڕ و ڕێکخســـتنی شێوازێکی لەبار بۆ ژیانی ڕۆژانە، ئامادەیییەکی جەســـتەییی تایبـــەت بۆ گەیشـــتن بە پلەی قارەمانێتی وەدەست بهێنێ. ئەم وەرزشکارە لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا هەموو ڕاهێنانەکانی بە شێوەیەکی شـــێلگیرانە بەڕێوە دەبا و شێوازی ژیانی ڕۆژانەی بە چەشنێک دەگۆڕێ کە لەگەڵ دۆخی وەدەســـت هێنانی پلـــەی قارەمانێتیدا گونجاو بێ و لە کۆتاییی ساڵە دیاریکراوەکەدا باری جەســـتەییی ئەو وەزشکارە لەچاو ساڵی پێشوو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەخۆیەوە دەبینێ کە لە ڕوانگەی پســـپۆڕانی بواری وەرزشـــەوە

ئەو کەسە بکرێ وەک کاندیدایەکی جیددی وەدەست هێنانی پلەی قارەمانێتی حیسابی لەسەر بکرێ. لەم دۆخەدا تەنانەت ئەگەر پێشبڕکێ وەرزشییەکەش بە هەر هۆیەک بەڕێوە نەچێ یان دوا بکەوێ، ئەو کەسە وەک وەرزشکارێکی جیددی و کارامە و پسپۆڕ چاوی لێ دەکرێ و هەر کاتێکیش بواری کاری پراتیک و خۆنیشاندان لە مەیدانی کردەوەیدا بۆ ڕەخسا، ئەو وەرزشکارە بە کردەوە تواناییەکانی خۆی نیشان دەدا. لەم نموونەیەدا ئەوەی گرینگە گۆڕینی شێوازێک لە ژیانی ڕۆژانەیە کە تایبەت بە کەسێکی ئاسایی و مامناوەندییە بۆ دۆخ و شێوازێک کە هەموو جۆرە ڕاهێنان و خواردن و خەو و هەستان و دانیشتنی وەرزشکارەکە لە خزمەتی وەدەست هێنانی چەشنە توانست و ئامادەیی و هێز و کارامەییەکە کە ئەو کەسە بکا بە یەکێک لە شانسەکانی قارەمانی.

ڕاسان لەڕاستیدا بریتییە لە گۆڕینی شێوازی ڕێکخستن و هەڵسووڕانی سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداری بە چەشنێک کە زیاترین پتانسییەلی شۆڕشگێڕانە و توانستی سیاسی لە جەستەی فیزیکیی حیزب و لە مێشکی بیرکەرەوە و دیسکۆرسخولقێنی تەشکیلاتدا پاشەکەوت بکا هەتا لە کات و ساتی پێویستدا ئەو پتانسیەلە ببێ بە جووڵە و دینامیزمی خەباتێکی بەربڵاوی جەماوەری. ئەگەر ئاوا چاو لە ڕاسان بکەین، گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوخۆ و دەستپێکردنەوەی بەرخۆدانێ چەکداریش دێتە ناو پێناسەی ڕاسان، بەڵام پڕۆژەی بەربڵاوی ڕاسان ئەوەندەی چەند ئۆپەراسیۆنێکی چەکدارانە و چەند جەولەیەکی هێزی پێشمەرگە لەناوخۆی کوردستاندا بەرتەسک نابێتەوە.

> **ڕاسان لە جەوهەری خۆیدا بریتییە لە تێپەڕین لە فیگۆر و ئارایشێکی ڕێکخراوەیی و سیاسیی و دیسکۆرسیکی کەمتر چالاک بۆ فیگۆرێکی چالاک و هەڵسوور و شوێندانەر**

لەم پێناسەیەدا ڕاسان بریتییە لە تێپەڕین لە دۆخێکی «ستەندبای»ی داسەپاو و زۆرەملی بۆ دۆخێک کە زیاترین پتانسییەلی شۆڕشگێڕانە لە ماسوولکە و دەمار و ئێسقانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریبەخشدا بۆ وە جووڵە کەوتن و وە جووڵە خستن پاشەکەوت کراوە. لەم پێناسەیەدا ڕاسان بریتییە لە گەیشتن بە شێوازێک لە هەڵسووڕان و ڕێکخستنی حیزبی کە زیاترین «سەرمایەی شۆڕشگێڕانە» بۆ بزووتنەوەی کوردی دابین بکا. لەڕاستیدا ئێمە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە بەم شێوەیە پێناسە دەکەین: سەرمایەی شۆڕشگێڕانە بریتییە لە بەکار هێنانی هەموو جۆرەکانی سەرمایە (سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی فەرهەنگی، سەرمایەی ئابووری و سەرمائەی سیمبۆلیک) لە پێناو خەباتی جەماوەریدا. «سەرمایەی شۆڕشگێڕانە» لە دوو قۆناغدا خۆی دەبێنێتەوە: ١. پتانسییەلی وەجووڵە کەوتنی خودی حیزب ٢. پتانسییەلی وە جووڵە خستنی کۆمەڵگا و شەقامی سیاسی لەلایەن حیزبەوە.

لەم پێناسەیەدا حیزب و کۆمەڵگا پێوەندییەکی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە. واتە حیزب لە لایەکەوە وزە دەبەخشێ بە کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە وزەی لێ وەردەگرێ و لەم ڕێگایەوە بە باشترین شێوە سەرمایە هەمەچەشنەکان دەبن بە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. ئەو دوو قۆناغە لەڕاستیدا تێک تەنراون و زەحمەتە بتوانین بڵێین کامەیان دەکەونە پێش کامەیانەوە. بۆ نموونە با وای دابنێین ڕیزبەندیی قۆناغەکان وا لەبەر چاو دەگرین کە حیزب سەرەتا وزەی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگا وەردەگرێ و لە هەنگاوی دواتردا وزەی خەباتکارانە دەدا بە هەمان کۆمەڵگا. بەڵام هەر لە قۆناغی یەکەمیشدا ئەم وزە

شۆڕشگێڕانەیە لە کۆمەڵگایەک وەردەگرێ کە خۆی دەیان ساڵە بە شێوەی نابەرهەست و پەنامەکی وزەی خەباتکارانەی پێ بەخشیوە و دیسکۆرسی بزووتنەوەی بەسەردا بڵاو کردووەتەوە. وزەی سیاسی لە کۆمەڵگایەک وەردەگیرێ کە پێشتر لەڕووی سیاسییەوە هەتا ڕادەیەکی باش پێتێندرابێ. واتە کۆمەڵگا وەک بانکێک وایە کە کاتێک دەکرێ پارەی لێ بەرداشت بکرێ کە پێشتر پارەی لێ پاشەکەوت کرابێ. کەوابوو کاتێک ئێمە دەڵێین حیزب وزە لە کۆمەڵگا وەردەگرێ، دیارە کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی نائامادە و خاو و ناسیاسی نییە و پێشتر وزەیەکی شۆڕشگێڕانەی تێدا پاشەکەوت کراوە. بەشێکی زۆر لە سیاسی بوونی کۆمەڵگا و وزەی پاشەکەوت کراویشی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە خەباتکارانەیە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە سەدەی ڕابردوودا پێی بەخشیوە. بەم شێوەیە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە ڕوو لە زیاد بوون دەکا و نافەوتێ. ڕەوتی زیاد کردنی سەرمایەی شۆڕشگێڕانە لەو حاڵەتانەدا دەوەستێ کە پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگا یان لەلایەن حیزبەوە یان لەلایەن کۆمەڵگاوە بپچڕێ. دوو حاڵەت دەکرێ گریمانە بکرێ. یەکەم ئەو حاڵەتەیە حیزبە پێشڕەوەکان کاری خۆیان بکەن بەڵام کۆمەڵگا بەهەر هۆیەک بێ بە دەنگ ئەم حیزبانەوە نەیێ. دووەم ئەو حاڵەتەیە کۆمەڵگا هەڵسوور بێ بەڵام حیزبەکان لە مەیداندا نەمابن. بەڵام ئەم دوو حاڵەتانەش لە ڕاستیدا تەعبیر لە دۆخێکی گریمانەیی دەکەن ئەگینا هەم کۆمەڵگای هەڵسوور حیزبی خۆی دادەهێنێ، هەم حیزبی پێشڕەو دواجار کۆمەڵگا دەجووڵێنێ.

ئەم پێناسەیە لە حیزب، هەم خاڵی هاوبەشی لەگەڵ پێناسەی چەپی ئۆرتۆدۆکس لە حیزب هەیە هەم جیاوازیشی لەگەڵ هەیە و لێی تێدەپەڕێنێ. خاڵە هاوبەشەکەی لەمەدایە کە پێشڕەو بوون و خەباتکار بوون و ڕادیکاڵ بوونی حیزب گرینگیی پێ دەدرێ. بە گوێرەی ئەم ڕوانگەیە حیزبی پێشڕەو و تەشکیلاتی تۆکمە ناکرێ لە ڕەوتی خەبات پشتگوێ بخرێن. لەم پێناسەیەدا ڕادیکاڵ بوونی حیزب بە مانای زێدەڕۆیی و دابەزاندنی خەباتی حیزبی بۆ کاری توندوتیژ نییە. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە حیزب بەم مانایە ڕادیکاڵە کە لە هەموو دەرەتانەکانی خەبات کەڵک وەردەگرێ و هەموو شێوازە گونجاوەکان بۆ بەرهەم هێنانی سەرمایەی شۆڕشگێڕانە لە جۆرەکانی دیکەی سەرمایە لەکار دەکا. واتە حیزب پەکی هیچ کام لە دینامیزمەکانی بۆ وە جووڵە کەوتن و وە جووڵە خستن ناخا. ڕادیکاڵ بوونی حیزب بەم مانایەیە کە حیزب لەگەڵ دیسکۆرسی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی جیهانیدا پێوەندییەکی پتەو و ئۆرگانیکی هەبێ و لێهاتوویی ئەوەی بێ تەنانەت بیری تازەش بە دیسکۆرسی شۆڕشگێڕانەی ئەنترناسیۆنالیستی زیاد بکا و تیۆریی نوێی بۆ هەناردە بکا. ڕادیکاڵ بوونی حیزب لەمەدا خۆی دەبینێتەوە کە بزووتنەوەی ئێمە ئالاهەڵگری میسیانیزم و مەوعوودگەراییەکی سێکۆلار و مۆدێرن لەسەر بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەرانە بێ کە لە پلەی یەکەمدا بۆ مرۆڤی کوردی سەردەم و لە پلەی دواتردا بۆ هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز لە هەر شوێنێکی جیهان سەرنجڕاکێش و ئیلهامبەخش بێ و ئەم کۆمەڵگا نموونەیەش لە کوردستانێکدا کە هەر بەتەنیا مافی نەتەوەیی گەلی کوردی تێدا وەدی هاتووە نابینێتەوە بەڵکوو سەرەڕای خەبات بۆ وەدی هێنانی مافی نەتەوایەتی، ئەم میسیانیزمە لە بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکدا دەبینێ کە بۆ هەموو هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە ئاستی جیهانیدا نموونە بێ.

بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ حیزبی پێشڕەو لە دیسکۆرسی چەپی ئۆرتۆدۆکس لەمەدایە کە جگە لەوەی وزە دەبەخشێ بە کۆمەڵگا و ڕابەرایەتیی دەکا، وزەشی لێ وەردەگرێ و

له زۆر حاڵەتدا خودموختاریی کۆمەڵگای له هەندێک بواری وەک بواری فیکر و ئەندیشه له لا گرینگه و ڕێزی بۆ دادەنێ.

له دیسکۆرسی ئۆرتۆدۆکسدا حیزب چەرخدەندەیەکی چکۆڵەیه که به جووڵەی خۆی چەرخدەندەی گەورەی کۆمەڵگاش دەجووڵێنێ. واته جووڵەکه لەبنەڕەتدا هی چەرخدەندە چکۆڵەکه واته حیزبه که به هۆی جووڵانەوەی ئەوەوە کۆمەڵگاش وە جووڵه دەکەوێ. بەڵام لەم پێناسەیەی ئێمەدا حیزب و کۆمەڵگا لەڕاستیدا هەر دووکیان چنراوەی کروتەونێکی واحیدن و تێک تەنراون. وزه لێک وەردگرن و وزه پێک زیاد دەکەن. حیزب و کۆمەڵگا وەکوو هەور و دەریا له ئەتمۆسفێری عەرزدان؛ هەور بەسەر دەریادا دەبارێ و ئاوی دەریاش هەمیسان دەبێتەوه به هەڵم و هەورەکان ئاوس دەکاتەوە. ئەم سیکله لەهەر لایەکەوە چەتی تێ بکەوێ ویشکەساڵی ڕوو دەدا.

خوازەی چەرخدەندەی چکۆڵه که چەرخدەندەی گەوره وەجووڵه دەخا یان مۆتۆری چکۆڵه که مۆتۆری گەوره وەکار دەخا وەبیر هێنەرەوەی نامیلکەیەکی بەنێوبانگ له مەسعوودی ئەحمەدزاده، یەکێک له بناغەدانەرانی فیداییانی خەڵقی ئێران، له سەردەمی پەهلەویدایه. ئەحمەدزاده له نامیلکەیەکدا بەناوی «خەباتی چەکدارانه، هەم تاکتیک و هەم ستراتێژی» باسی ئەوەی کرد که خەباتی پارتیزانی وەکوو داینەمۆیەکی چکۆڵه وایه که داینەمۆیەکی گەوره (زۆرینەی کۆمەڵگا) وەکار دەخا. واته هەتا ئەو داینەمۆ چکۆڵەیه وەکار نەکەوێ داینەمۆ گەورەکه ناکەوێته گەڕ. ئەم گوتەیه له پێش‌گریمانەیەکەوه سەرچاوه دەگرێ. ئەم پێش‌گریمانەیه له نامیلکەیەکی دیکه که هاوسەنگەرێکی ئەحمەدزاده واته ئەمیر پەرویز پوویان نووسیبووی، باسی لەسەر کرابوو. پوویان پێی وابوو پرانی کۆمەڵگا لەوپەڕی بێ‌هێزی و بێ‌هەڵوێستیدایه و به بێ ڕاپەڕینی چەکدارانەی هێزێکی شۆڕشگێر کۆمەڵگا هەر لەم خەوه قورسەدا دەمێنێتەوە.

> **بەگوێرەی تیۆرییەکانی دکتۆر قاسملوو، خەباتی چەکدارانه له کوردستاندا بەشێک له پرۆسەی سیاسەت کردنی ئەم بزووتنەوەیه بووە، واته خەباتی چەکداری لەلای ئێمه تاکتیک بووە نەک ستراتێژی**

ناوی نامیلکەکەی ئەمیر پەرویز پوویان «پێویستیی خەباتی چەکدارانه و ڕەتکردنەوەی تیۆریی مانەوە» بوو. پوویان لەم نامیلکەیەدا هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی هەر بەتەنیا بڕوایان به تێکۆشانی سیاسی هەیه و خۆیان له خەباتی چەکداری دەبوێرن. پوویان پێی وابوو ئەم حاڵەته بریتییه له پاسیڤ بوون لەسەر بنەمای «تیۆریی مانەوە»؛ واته بێ‌هەڵوێستی و پاسیڤ بوون لەپێناو درێژە دان به ژیان. پوویان لەم نامیلکەیەدا دوو جەمسەری ڕەهای له بەرانبەر یەک دانابوو: یەکیان جەمسەری حکوومەت بوو که ئەوپەڕی زەبروزەنگ دەنوێنێ و بەوپەڕی توندوتیژییەوە هێزی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێ. جەمسەرەکەی دیکەش زۆرینەی کۆمەڵگا بوو که لەبەرانبەر دەسەڵاتی ڕەهای حکوومەتدا له حاڵەتی بێ‌هێزی و بێ‌دەسەڵاتیی ڕەهادا بوو. له ڕوانگەی پوویانەوە ئەم کەش‌وهەوا ڕاوەستاو و گەندەڵە به هۆی خەباتی چەکدارییەوە تێک دەشکا.[۱]

له ڕوانگەی پوویانەوە بنەمای سەرەکی تیۆریی مانەوە «دەست نەوەشاندن»ە. بەگوێرەی تیۆریی مانەوە «ئەگەر دەمانەوێ بمێنینەوە، دەبێ له دەست وەشاندن خۆمان بپارێزین». پوویان دەڵێ پێچەوانەی ئەو گوتەیه ڕاستە؛ واته: «ئەگەر دەمانەوێ بمێنینەوە، دەبێ دەست بوەشێنین»[۲] ئەگینا تێدا دەچین.

مەسعوود ئەحمەدزاده بەگوێرەی ئەم

پێش‌گریمانەیەی ئەمیرپەرویز پوویان کە دەڵێ کۆمەڵگا لە حاڵەتی پاسیڤ بوونی ڕەهادایە، دەڵێ گۆمی مەندی بێ‌جووڵەییی کۆمەڵگا بەهۆی خەباتی چەکدارییەوە دەشڵەقێ و بەم شێوەیە داینەمۆی چکۆڵەی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ، داینەمۆی گەورەی کۆمەڵگا وەگەڕ دەخا.

یەکەمین جیاوازیی گرینگی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا، هەم لە قۆناغی کلاسیکدا و هەم لە قۆناغی تازەی ڕاساندا لێرەدا خۆی دەنوێنێ.

لە کوردستاندا هەرگیز خەباتی چەکداری «هەم وەکوو تاکتیک و هەم وەکوو ستراتێژی» چاوی لێ نەکراوە. بەگوێرەی تیۆرییەکانی دکتۆر قاسملوو، خەباتی چەکدارانە لە کوردستاندا بەشێک لە پرۆسەی سیاسەت کردنی ئەم بزووتنەوەیە بووە، واتە خەباتی چەکداری لەلای ئێمە تاکتیک بووە نەک ستراتێژی.

لە لایەکی دیکەوە لە قۆناغی نوێی خەباتی چەکداری واتە لە قۆناغی «ڕاسان»دا کۆمەڵگا هەرگیز وەکوو جەمسەری ڕەهای پاسیڤ بوون چاوی لێ ناکرێ. ئاراستە گشتی لە ڕاساندا بریتییە لە «لێک گرێ دانەوەی خەباتی شار و شاخ». ئەم ئاراستەیە لەسەر ئەم پێش‌گریمانەیە دامەزراوە کە کۆمەڵگا ـ کە لێرەدا بە خوازەی شار ناوی لێ هاتووە ـ خاوەنی هێزێکی ڕەسەنی زۆروزەوەندە. (چەمکی«شار» لێرەدا لە بەرانبەر چەمکی «دێ»دا نەهاتووە، بەڵکوو لە بەرانبەر چەمکی «شاخ»دا هاتووە. چونکە «دێ» لە خەباتی کوردستاندا لە کۆنەوە دەورێکی زۆر حاستەمی هەبووە. لە تەعبیری خەباتی شار و شاخدا مەبەست لە «شار» هەموو ئەو دەرەتانە مەدەنییانەن کە بەهۆی خەڵکی سیڤیلەوە ـ چ خەڵکی شار بن و چ خەڵکی دێ ـ چالاک دەبن. مەبەست لە شاخیش کۆی ئەو دەرەتانە سیاسی و شۆڕشگێڕانەیەن کە بەهۆی ئەحزابی پێشەنگ و خەباتکارەوە چالاک دەبن).

لە ڕوانگەی ئێمەوە، کۆمەڵگا چەرخدەندەی گەورەی ڕاوەستاو نییە کە دەبێ بە هۆی چەرخدەندەی چکۆڵەی خەباتی چەکدارییەوە بکەوێتە گەڕ. بەڵکوو ئەم دووانە دوو چەرخدەندەن کە بە شێوەی فیدبەک لە یەکتر سووتەمەنی وەردەگرن و وزەی شۆڕشگێڕانە دەبەخشن بە یەکتر. لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە بە حەزف کردنی جەمسەری «شار» هەر لە بنەڕەتدا «سەرمایەی شۆڕشگێڕانە» بەرهەم نایێ.

ئەوەی ڕاستی بێ هەم ئەمیر پەرویزی پوویان و هەم مەسعوودی ئەحمەدزادە لە بۆچوونەکانیاندا لەژێر کارتێکردنی تیۆرییەکانی بیرمەندێکی شۆڕشگێڕی مارکسیست بەناوی «ڕێژی دێبرێ»دا بوون. دێبرێ ڕووناکبیرێکی چەپی فەرانسەوی بوو کە هاوڕێی چێ گیڤارا و فیدل کاسترۆ بوو. کتێبێکی دێبرێ بەناوی «شۆڕش لە ناو شۆڕشدا» سەرچاوەی ئیلهامی کەسانێکی وەک پوویان و ئەحمەدزادە بوو.

چاوپێداگێڕانەوە و شرۆڤە کردنی تیۆرییەکانی دێبرێ و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە تیۆرییەکانی دێبرێ لە کاتی شەڕی چەکدارییەوە لە سەردەمی پەهلەویدا هەتا ڕەتکردنەوە و شەرمەزار کردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری و خەباتی ڕادیکاڵ لە سەردەمی ئیسلاحاتی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ ڕووناکبیرانی خەباتکاری کوردی ڕۆژهەڵات یەکجار زۆر پێویستە.

ئەگەر ئێمەی کورد بە شێوەیەکی مێژوویی و شیکارانە چاوێک لە ڕەوتی گۆڕانکاریی سووژەی ڕووناکبیری چەپی ئێرانی لە سەردەمی پەهلەوییەوە هەتا چل ساڵ دوای کۆماری ئیسلامی بخشێنین، دەبینین ئەو سووژەیە لە بەرگری کردن لە خەباتێکی چەکداریی کوێرانە لە سەردەمی پەهلەوییەوە گەیشتووە بە داکۆکی کردن لە شێوە ڕیفۆرمێکی نەزۆک و بێ‌بڕست لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا. ڕووناکبیری چەپی ئێرانی کە لە سەردەمی پەهلەویدا بڕوای بە خەباتی چەکدارانە هەبوو، کۆمەڵگای

وەکوو هەرەمەیەکی زەبەلاحی بێجووڵە و نارەسەن دەدیت کە دەبوو بە هۆی هێزێکی ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕەوە وە جووڵە بکەوێ. هەمان سووژەی شۆڕشگێر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هێندە بەرەو سووژەیەکی پاستۆریزە و سانتیمانتاڵ هەڵخلیسکا کە بێزی لە هەر چەشنە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە دەبێتەوە و بەرەوڕوو بوونەوەی ڕادیکاڵ لەگەڵ سیستەمی دڕندەی کۆماری ئیسلامی بە «توندوتیژی» حیساب دەکا. ئەم سووژەیە ـ کە لەو جەمسەرەوە هەڵخلیسکاوە بۆ ئەم جەمسەرە ـ هەم نموونەی تێکۆشەری سیاسیی هەیە (وەک فەڕڕوخی نیگەهدار) هەم نموونەی نووسەر و ڕووناکبیری هەیە (وەک بابەکی ئەحمەدی). ئەم کەسانەی لێرەدا ناویان هات لەڕاستیدا هەر دوو ناو نین لەناو هەندێک ناوی زۆروزەوەندی دیکە. ئەوانە دوو کەسی تیپیکاڵ لە سووژەی تێکۆشەری ئێرانین کە لە چەپێکی خەست و ئۆرتۆدۆکسەوە هەڵخلیسکاون بۆ ڕیفۆرمخوازییەکی حکوومەتیی ئەستێور و بێجەوهەر.

ئەگەر مەیلی ئۆرتۆدۆکسی ئەو سووژەیە بەر لە شۆڕشی ساڵی پەنجا و حەوت لە نامیلکەکانی پوویان و ئەحمەدزادەدا خۆی دەردەخا، مەیلی کوێر کردنەوەی هەر مۆدێلێک بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە لەلایەن سووژەی ڕووناکبیری ئێرانییەوە بە زەقترین شێوەی خۆی، لە ژمارەی ١٢ی گۆڤاری «اندیشه پویا»دا بە دیار دەکەوێ کە تەرخان کراوە بە شەرمەزار کردنەوەی بێئەملاوئەولای هەر چەشنە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە. ئەم ژمارەیەی «اندیشه پویا» لە مێژووی ڕووناکبیریی ئێرانیدا گرینگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە.

لەم گۆڤارەدا بە بیانووی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مێژووی جەریانی چەپ بەر لە شۆڕشی ٥٧، دروستی و شوێندانەر بوونی هەر چەشنە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە لە داهاتووشدا ڕەت دەکرێتەوە. سەردێری ئەم ژمارەیە بریتی یە لە «فداییان جهل». دیارە ئەم سەردێرە لە پلەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ ڕێکخراوی فەداییانی خەڵق دەکرد و لە پلەی دووەمدا هەموو ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە هەیە بە نەزان و گەمژە و کاڵفام ناو دەهێنا. هەر لە دووتوێی ئەم باس‌وخواسانەدا بوو کە ڕووناکبیرێکی ناوبەدەرەوەی وەک بابەک ئەحمەدی کە بەر لە شۆڕش داکۆکی لە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەکرد، تۆبە و شەرمەزاریی خۆی لەم ڕابردووە بە ئاشکرا ڕاگەیاند. ئەم باس‌وخواسانە بە ئاشکرا تەعبیریان لە چەشنە وەرچەرخانێکی پارادایمی لەناو ڕووناکبیرانی ئێرانیدا دەکرد.

ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو ئەو پێوەندییانەی ڕووناکبیری کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ جەریانی ڕووناکبیریی ئێرانیدا هەیەتی، تێگەیشتنی ڕووناکبیری کورد هەم لە خەباتی چەکداری و هەم لە خەباتی ڕیفۆرمیستی جیاوازیی بنەڕەتی و جەوهەریی لەگەڵ تێگەیشتنی ڕووناکبیری فارسدا هەیە و هەبووە. ئێمە نە لە ڕابردوودا وەکوو ستراتێژی چاومان لە خەباتی چەکداری کردووە، نە ئێستاش پێمان وایە بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانە تابۆ و حەرامێکی سیاسییە. ئێستاش کە ڕیفۆرمخوازیی حکوومەتی بە جووڵەیەکی ئەستێور دەزانین، وا نییە بڕوامان بە خەباتی مەدەنیی شوێندانەر نەبێ. بەڵام ئەوەی تێگەیشتنی ئێمە لە خەباتی مەدەنی لە تێگەیشتنی بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی و لە ئیسلاحتەڵەبی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە هۆی نەزۆک بوونی ڕیفۆرمخوازی دوای دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ دەگێڕینەوە بۆ دانانی داینەمۆی ئەو جووڵەیە لەناو خودی ستراکتۆری ڕێژیمی ئیسلامیدا. دواتر ئەو بابەتە بەتەسەلی شی دەکەینەوە، ئێستا ئاوڕێکی دیکە لە ڕێژێ دێبرێ و تیۆرییەکانی و چۆنیەتیی شوێندانانی لەسەر سووژەی ڕووناکبیری ئێرانی هەم لە سیما چالاکەکەیدا و هەم لە سیما پاسیڤەکەیدا دەدەینەوە.

هەر وەک باسمان کرد کتێبێکی دێبرێ کە بە خەستی کاری کردە سەر بزووتنەوەی

چەکداری لە ئێران بریتی بوولە «شۆڕش لە ناو شۆڕشدا». زۆریەک لە تیۆرییەکانی نامیلکەکانی پوویان و ئەحمەدزادە، وەرگێڕدراوی ڕستەکانی ئەو کتێبەی دێبرێ بوون. ئەو خەباتە چەکدارییەی لە ئاخروئۆخری دەیەی چلی هەتاوی لە سیاهکەلەوە دەستی پێ کرد و دواتر هەتا ڕادەیەک کێشرایە ناو شارەکانی ئێران، شوێنیان لەو نامیلکانەوە وەردەگرت. بەڵام دێبرێ دواتر کتێبێکی دیکەی نووسی کە لە حوکمی پەشیمان بوونەوە لە کتێبەکەی پێشووی واتە «شۆڕش لەناو شۆڕشدا»بوو. ناوی کتێبی دواتری دێبرێ «ڕەخنە گرتن لە چەک» بوو. دێبرێ لەم کتێبەیدا بۆچوونەکانی خۆی دەرحەق بە داکۆکی کردن لە خەباتی چەکداریی بەتەواوی ڕەت کردەوە. یەکەمین ڕووناکبیری چەپی ئێرانی کە بەئاشکرا شوێنوەرگرتنی خۆی لە کتێبی دووەمی دێبرێ دەرخست محەممەدی موختاری بوو. موختاری لە قەتڵە زنجیرییەکاندا وەبەر هات و بەهۆی مەئموورانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانی لێ ئەستێندرا. موختاری لە کتێبێکی خۆیدا (انسان در شعر معاصر) خەباتی چەکداری ڕەت کردەوە و هەڵیکوتایە سەر ئەحمەدی شاملوو وەک شاعیر و ڕووناکبیرێک کە بڕوای بەم چەشنە بزووتنەوەیە هەیە و بە شێعرە حەماسییەکانی برەو بە خەباتی چەکداری دەدا. موختاری لەم هەڵکوتانەیدا ناوی کتێبی دووەمی دێبرێی هێنا و جگە لە شاملوو خەباتکارانی شۆڕشگێڕی بەر لە شۆڕشی ٥٧یشی بە خەتابار زانی.

شاملوو کاتێک ئەو کتێبەی موختاریی خوێندبووەوە گوتبووی خۆزیا موختاری هەر بەتەنیا غەدری لە من کردبا بەڵام غەدری لەو خەباتکارە لەخۆبوردوو و گیانبەختکردووانە نەکردبا. بیست ساڵ دوای ئەم نووسینەی موختاری هەر لەم گۆڤارەی «اندیشه پویا»دا چەندین وتار نووسران کە شاملوویان وەک کەسێکی فێڵباز و درۆزن شەرمەزار دەکردوە. ئەوە نیشانی دەدا کە بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی ڕاشکاوانە بڕیاریان داوە تەنانەت بە نرخی ڕەش کردنەوەی ناوی ناودارانی خۆشیان بێ، نەهێڵن بیرۆکەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ئێرانی ئەمڕۆدا پەرە بستێنێ.

دەکرێ بڵێین مێژووی تێگەیشتنی ڕووناکبیری چەپی ئێرانی لە چەمکی خەبات ـ لە یەکێک لە خەتەکانی خۆیدا ـ و لە ماوی شێست ساڵی ڕابردوودا لە کتێبی یەکەمی دێبرێوە دەستی پێ کرد و گەیشت بە کتێبی دووەمی دێبرێ. ئەوە داستانی هێڵێک لە پانتایی سیاسەت و ڕووناکبیریی ئێرانیدا بوو کە بە حەماسەوە دەستی پێ کرد و بە تراژێدی درێژەی کێشا و بە دارمانێکەوە کۆتایی پێهات.

یەکێک لە دەلالەتەکانی ڕاسان ئەوەیە کە سووژەی ڕووناکبیر و سیاسیی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ چاو لە پێداویستییەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان دەکا و ئەو نوسخەیەی لە تاران و لە ناوەندەکانی پێوەندیدار بە دەزگا حکوومییەکان بۆ شێوازی خەباتی سیاسی دەپێچرێتەوە، لە کوردستاندا بە وڵامدەر نازانێ. سووژەی سیاسی و ڕووناکبیری کورد هەم لە سەردەمی پەهلەویدا و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا شێوەی خەباتی خۆی بە گوێرەی داخوازییەکانی هەلومەرجی کۆمەڵگای خۆی دیاریی کردووە و دیاری دەکا. ئەو نوسخەیەی ناسیۆنالیزمی ناوەندخواز لە تارانەوە یان تەنانەت لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ کوردستانی بەڕێ دەکا بێ هیچ دردۆنگییەک بۆ ئەستاندنەوەی جەوهەری شۆڕشگێڕانە و پتانسییەلی خەباتکارانەی بزووتنەوەی کورد گەلاڵە کراوە. ڕاسان بەم پێشگریمانەیەوە گەلاڵەی بۆ دادەڕێژرێ، کە ئێمە دەبێ خۆمان نوسخەی خەباتی خۆمان بپێچینەوە.


## پەراوێزەکان

١. مازیار بهروز، شورشیان آرمانخواه، ناکامی چپ در ایران، تهران، انتشارات ققنوس، ص ١٠٧.

٢. هوشنگ ماهرویان، رژی دبره و انقلاب کوبا، شهروند، شماره ٥٥، تیرماه ١٣٨٧.

# ئێمە و شەقام

ژاکان سنەیی



**ئاماژە**

ئەم ڕستەیەی کە دێموکراسی لە سندۆقی دەنگدانەوە مسۆگەر ئەبێت، ڕستەیەکی ڕێفۆرمخوازانی ئێرانە کە بەردەوام هەوڵیان داوە بەم دەستەواژەیەوە خەڵک بخڵاوێنن. ئەمەشیان وەک هەنێ هەوڵی بێبنەمای دیکەیانە وەک ئەوەی کە ئێمە لە نێوان خراپ و خراپتر ڕێگەیەکمان نیە بێجگە هەڵبژاردنی خراپەکە و زۆر نموونەی لەم چەشنە کە هەوڵی ئەم وتارە نە دەرخستنی سیمای ڕاستەقینەی ڕێفۆرمخوازانە و نە دەرخستنی گرنگیی هەڵبژاردن و سندۆقی دەنگدان، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ بەهەند وەرگرتنی شەقام وەک شوێنێکی عەینی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر هەر جۆرە ڕژێمێکی دیکتاتۆڕ هەروەها وەسەرخستنی مەدەنییانەی نارەزایەتی.

ئێمە نە لە وڵاتێکی ئازاددا دەژین نە سیستەمێکی دێموکراتیک حوکمڕانیمان بەسەردا دەکات، بەڵکوو لە دۆزەخێک بەناوی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لە ئێرانێکی دۆزەخی‌تر دەژین، کەوایە با لەسەر ئەرزی واقیع قسە بکەین و هەڵوێستەکانمان لەم سۆنگەیەوە بێت. ئەوەی ڕاستی بێ تەنانەت لە وڵاتە ئازاد و لیبراڵەکاندا هێشتا شەقام ڕۆڵی سەرەکی ئەگێڕێ و هێشتا خەڵک وەک ئیمکانێک بۆ چەسپاندنی مافە زەوتکراوەکانیان کەڵکی لێ وەرئەگرن. بۆیە باس کردن لەهەر چەشنە گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە تەنانەت هونەریش بە بێ لەبەرچاوگرتنی شەقام بێ مانایە و ئەگەر لە باری مەعریفی و فەلسەفییەکەشی قووڵ بینەوە شەقام خۆی سووژەیە نەک ئۆبژە و هەموو ئێلێمان و پێکهاتەیەکی شەقام بەشێکە و تەنانەت وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا خاوەن ئەکتە و نەک شوێنێکە بۆ کۆکردنەوەی هێزی جەماوەر بەڵکوو هاندەرە بۆ هەر چەشنە بزووتنەوەیەک.

زۆرن ئەو شەقامانەی لە یەک سەدەی ڕابردوودا ناویان لە مێژووی بزووتنەکاندا تۆمار کراوە و بوون بە پێناسە و شوناسی مرۆڤی سەردەم. هەر لێرەوە کە گرنگە هێزی شەقام جیددی وەربگرین و نابێ فەرامۆش بکەین ئەوەی شەقامی لە کۆنترۆڵدا بێ (لێرە مەبەستم ڕای گشتیە) لە هەر چەشنە دانوستان و گوشارێکا باڵادەستە و بەرگی براوەی مەیدانی سیاسییە.

مانگرتن وەک هەوڵێک بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بە رژێمە پاوانخواز و دیکتاتۆرەکان، برێ جار تەنانەت لە وڵاتە دێموکراتەکانیشدا، خاوەن مێژوویەکی کۆنە. بەتایبەت لە سەدەی بیستەم بەملاوە شێوازێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی و جۆرێک نارەزایەتیی سیاسییە و لە زۆرێک لە وڵاتاندا وەک کولتوورێکی باو، دژوارترین جۆری نارەزایەتییە دژ بە دەسەڵاتداران کە لە لایەن چالاکانی مەدەنییەوە چ بە شێوەی مانگرتنی تاک یان بە شێوەی گشتی بۆ جێبەجێ کردنی داخوازییەکان ئەنجام ئەدرێ. کوردیش بەردەوام وەک نەتەوەیەک لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ نارەزایەتی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان لە درێژەی خەباتی چەکداریی خۆیدا دەیان مانگرتنی سەرانسەریی ڕێکخستوە کە زۆربەیان لە مێژوودا تۆمار کراون.

خەباتی مەدەنییانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەتایبەت پاش شۆڕشی ئیسلامی، لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێراندا خاوەن مێژوویەکی تایبەتە. هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دامەرزاندنی کۆماری ئیسلامیدا، کۆچی مێژوویی شاری مەریوان و پشتیوانیی شارەکانی دیکەی کوردستان نموونەیەکی بەرچاوە لەو هەوڵە مەدەنیانەیە.

خەڵکی کوردستان لە پەنای خەباتی چەکداریی باشدا توانیان لە هێزی مەدەنی وەک ئێمکان و زەرفیەتێک بۆ داواکارییەکانیان کەڵک وەرگرن و تا دەهات ئەو چالاکییانە بەردەوام لە قەوارە و شێوازی جۆراوجۆردا خۆی دەردەخست. جیاوازییەک لە نێوان ئەکتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێراندا دەبیندرا و هەموو مانگرتنەکانی کوردستان و نارەزایەتییەکان مانادار بوون.

ئەتوانین بێژین کوردستان مەکۆی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا بوە، تەنانەت بەشداری کردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. وەک لە خولی چوارەمی سەرۆککۆماریدا، خەڵکی کوردستان لەبەر ڕقێک لە ڕەفسەنجانی بوویان، دەنگیان بە بەرانبەرەکەی دا. هەڵسووکەوتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێراندا جیاواز بووە و ئەمەش ئاساییە و ئەو هەڵاواردنە ڕەگەزی و مەزهەبییە لە کوردستاندا وای کردووە کە داواکارییەکانیش جیاواز بن و بەداخەوە لە کاتە هەستیارەکاندا، شارەکانی ئێران هیچکات بەهانای خەڵکی کوردستانەوە نەهاتوون و کێشەکانی کوردستانیان لەدەرەوەی کێشەی خۆیان زانیوە و تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیشیان بە نیسبەت زوڵمێک لە کوردستاندا بەرەو ڕووی خەڵک بۆتەوە، بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

ئەو شۆڕشە جەماوەرییە کاتی شەهیدکردنی «شوانە قادری» لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی

کۆماری ئیســـلامی یان ئەو مانگرتنە بۆ شەهید «فەرزاد کەمانگەر» کە سەرانســـەری کوردستانی تەنیبوو لەو نموونانەن کە بەداخەوە کوردســـتان تەنها خـــۆی بەرێوەی ئەبرد، بـــەڵام وەک خۆی ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو لە چالاکیی مەدەنیی رۆژهەڵات و لـــە مێژووی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتدا تۆمـــار کـــرا. ئەگەرچـــی بەهەمان شـــێوەش لە شۆڕشـــە بەرفراوانەکەی ساڵی ٨٨ پاش نۆیەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی کە ئەو ساختەکارییە و دەســـتبردنە ناو دەنگی دەنگـــدەران بووە هۆی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران، بەڵام سەرەڕای ئەوەی سەرانسەری ئێران چاوی لە ناوچە کوردنشینەکان بوو کەچی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردســـتان هیچ پەرچەکردارێکی بەنیسبەت ئەو رووداوانە نیشان نەدا کە دواتر لێکۆڵەرانی سیاسی پێیان وابوو کە ئاساییە خەڵکی کوردســـتان خۆی ناخاتە داوی نێـــوان دوو باڵـــی بناژۆخـــواز و ڕیفۆرمخوازەوە و کێشەی کورد و کوردستان قووڵتر لەو شەڕەیەکە ئەو دوو باڵە سازیان کردووە و هەر دوو لا نیشانیان داوە کە لە کاتێکدا دەســـەڵاتیان بەدەستەوە بووە وەک پرۆژەیەکی ئەمنی لە کوردستانیان ڕوانیوە.

ئەو نارەزایەتییانەی ئەم دواییەی ئێران و ئەو شەپۆلەی لە رێبەندانی ساڵی ٩٦ لە لایەن چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێرانی لە زۆرتر لە سەد شـــار کەوتە رێ، بە جۆرێک بـــوو کە هەر جۆرە مەشروعیەتێکی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ســـڕیەوە، تا ڕادەیەک کە کاربەدەستانی کۆماری ئیســـلامی کەوتنە قەیرانی دەســـەڵاتدارییەوە و زۆری نەمابـــوو ئـــەو هەوڵانە بـــە ئەنجام بگات و کۆتایی بە نزیک چوار دەیە زوڵم و زۆری کۆماری ئیســـلامی بێت. بەڵام چی بوو و بۆچی بە ئەنجام نەگەیشت و نارەزایەتییەکان درێژەی نەبوو جێی تێڕامانە و دەبێ لەسەری بکۆڵینەوە. لەم ناوەشدا پرس ئەوەیە کە بە ئەزمـــوون بۆمان دەرکەوتووە سەرجەم نارەزایەتییەکان لە ناوچە کوردنشینەکان لەگـــەڵ نارەزایەتییەکان لـــە ناوچەکانی دیکەی ئێرانـــدا هاوکات نەبووە. بە پێچەوانەکەشـــی هەر کات نارەزایەتییەکی سەرانسەری لە ئێران ڕویداوە جمووجووڵێکی وا لە کوردستان نابیندرێ.

ئێســـتا پرس ئەوەیە کە ئایا دەتوانین بڵێین کە تاکی کورد بەو ئاســـتە لە وشیاری گەیشتووە کە چیدی نابێتە داردەســـتەی دوو باڵی سیاسی لە ئێران کە دواتر کێشـــەکانیان بەســـەر کوردا هەر دەشـــکێننەوە و ئەم شەڕە شەڕی ئەوان نیە و شـــەڕی کورد شەڕی شوناســـی نەتەوایەتییە لەگەڵ شوناســـێک کە خۆی بە باڵادەست ئەزانێ و نەتەوەکانی دیکە دەستەمۆ ئەکات. ئایا ئەتوانین بڵێین ئێســـتا کورد پاش تاقی کردنەوەی هەموو ڕێگاکان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە مسۆگەرکردن و چەســـپاندنی مافەکانی تەنها بـــە مافی دیاری کردنـــی چارەنـــووس و خۆبەڕێوەبەری جێبەجێ ئەبێت.

ئێستا لە دۆخێکدا دەژین کە کورد پاش چل ســـاڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی هیچ رۆڵێکی لـــە بەرێوەبردنی کار و بارەکانـــدا لە ئێران نییە. ئەمـــە لە کاتێکدایە کە هیـــچ حیزبێکی کوردی ڕێگەی پـــێ نادرێ بە شـــێوەی فەرمی چالاکی و تەنانەت نوێنەرایەتیی شـــەقامی کوردی بکات. ئـــەوەی لەپەرلەمانیش بە ناوی نوێنەری کوردەوە هەیە سەرجەم نوێنەری ڕژێمی تاران و گوێڕایەڵی دەسەڵاتی ناوەند.

لەم حاڵەتەدا کورد دەبێ چۆن دانوســـتان لەگەڵ تاران بکات و چۆن لەگەڵ ئۆپۆزیســـیۆنی ناوەوە و دەرەوەی ئێران مامەڵە بکات؟ دەبێ بە چ گوتارێک بکەوێتە دانوستان. ئەو هەموو ئەزموونەی ئەم چەن ساڵەی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە نە کۆماری ئیسلامی و نە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە دانیان بە مافی کورددا نەناوە. ئەمەش بەشـــێکی ئەگەڕێتـــەوە بۆ پەرتەوازەیی و یەکدەنگ نەبوونی هێزی کوردی بە هەموو حیزبەکانیەوە و هەروەها یەک گوتار نەبوون و سەر لێ شێواویی کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتـــدا. ئەگەرچی باش دەزانین لـــە ئەگەری یەکدەنگ بوون و یەک هەڵوێســـت بوونی کۆمەڵگای کوردی، رەنگە دەســـەڵاتداران دیســـان هەر ملکەچی ویســـت و داخوازییەکانی کوردســـتانییان نەبن، بەڵام بـــە ئەزموون بۆمان

دەرکەوتووە کە هەر کات حیزبەکان بەهێز بوون و چالاکانی مەدەنی لە ناوەوە پرەهەڵوێست و شێلگیرانەتر هەڵسوکەوتیان کردووە بە واتایەک هێزی شار و شاخ بەیەک ئاراستە و لەوپەڕی تواناکانیاندا دەرکەوتوون، دەسەڵاتی تاران بە جۆرێکی تر لە دۆزی کوردی ڕوانیوە. نموونەیەکی بەرچاو کە لەم دواییانەدا ڕووی دا کاتێ ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٩٧ سێ چالاکی سیاسیی کورد ڕامین حوسەین پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی لە سێدارە دران و هاوکات بنکەی دوو لایەنی حیزبی دیموکرات لە کۆیە لەلایەن سوپای تیرۆریستی پاسدارانەوە مووشەکباران کرا، ئەم ڕەفتارە قیزەونانەی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی تووڕەیی و نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان. بەجۆرێک لەسەر داوا و بەیانییەی سەرجەم حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژی ٢١ی خەرمانان وەک مانگرتنی سەرانسەری دەسنیشان کرا. سەرەڕای تۆقاندن و چاوترساندنی خەڵک و چالاکانی مەدەنیی کورد و پرۆپاگەندەی زۆرەوە، وەک بینیمان نەوەد لە سەدی خەڵکی کوردستان لە مانگرتنێکی بێ وێنەدا کار و چالاکییەکانی خۆیان ڕاگرت. ئەم مانگرتنە بەجۆرێک دەنگدانەوەی بوو کە تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوانە سەردار ڕەجەبی، فەرماندەی سوپای ناوچەی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا وەک گلەیی و گازندە لە خەڵکی کوردستان دانی بەو مانگرتنە چاوەڕوانکراوەدا نابوو. ئەمەش دەری دەخات کە هێزی مەدەنیی کورد لە تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەنگدارترە و هێشتا خەڵک بە حیزبە کوردستانییەکان وەفادارن.

ئەم بە دەنگەوە چوونەی حیزبەکوردییەکان لە لایەن خەڵکەوە بێ گومان ئەرکی حیزبەکانی قورستر کردووە و خەڵک چاوەڕێی پرۆژە و پلانی گونجاوتریان لێ ئەکەن و چالاکییە فەرهەنگی، سیاسی و تەنانەت نیزامییەکان دەبێ لە ئاست چاوەڕوانیی خەڵکدا بێت. هێزی نیزامی نەک وەک ئەوەی لە ئێراندا وەک هێزێکی سەرکوتکەر هەیە، بەڵکوو هێزی نیزامیی کورد هێزێکە بۆ پاراستنی خەڵک و وەک هێزێکی ڕزگاریدەر چاولێ ئەکرێ و دەبێ ئەمەش بزانین کوردستان ئێستا و زۆرتر لە هەمیشە لە دۆخێکی نائاساییدا دەژی. داگیرکەران تۆختر لە جاران وەک کۆلۆنیالیزم و ژێردەستە چاو لە کوردستان ئەکەن بۆیە دەبێ کورد خۆی بە هەندێ قسەوە نەخلاوێنێ و لە پەنای پتەو کردنی هێزی مەدەنی، هێزی نیزامی و باڵی نیزامیی قایمتر و بەهێزتر بێت.

ناسیۆناڵیسم وەک میوەی سەردەمی مودێرن هێشتا بەرەیەکی ئەتۆی بۆ کورد نەبووە و زۆربەی وڵاتان لەم هەلە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵکیان وەرگرت و کورد بەو هەموو بەرەنگاری و بزووتنەوەیەوە تا ئێستا نەیتوانیوە دۆزی خۆی یەکلا بکاتەوە. ڕاستە هەندێ هۆکار و بەربەست هەیە کە برێکیان لەدەرەوەی ئیرادەی نەتەوەی کورددا بووە، بەڵام برێکیشی ڕووبەڕووی بزووتنەوەی کوردی ئەبێتەوە کە ئەمەش دەبێ نوخبەی سیاسی و قەڵەم بەدەستانی کورد بە دەیان پەرتووک و وتار لەسەری بکۆڵنەوە و لایەنەکانی دەربخەن کە بەداخەوە لەم بوارەشدا کورد کەمتەرخەم بووە و ئارشیو و کتێبخانەی کوردی بۆش و بەتاڵە. وەک چۆن مێژووەکەی کە ڕۆژهەڵاتناسان یان ئەویدی و نەیارانی بۆیان نووسیوە، ڕەنگە چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەر ئەمەش دیتران بۆمانی بکەن و لە ئەنجامدا دیترانیش مافی خۆمان دوودەستی پێشکەشمان بکەن. ئەوەی ڕاستی بێت وەک ئەرک لەسەر حیزبەکانە کە لە نەبوونی هەرچەشنە دەزگا و ڕێکخراوەیەکی کوردیدا، هەلێک بۆ قەڵەم بەدەستان بڕەخسێنن و ئاوڕێکی جیددی لەم کێشەیە بدەنەوە.

لە کوردستاندا هێشتا هیچ بنەمایەکی فیکری کە ناسیۆنالیسمی کوردی تێیا تیۆریزە بکەینەوە لەئارادا نییە و هەرچی هەیە تەنها هەنێ هەست و نەستی کرچ و کاڵە. پێویستە لەم ناسیۆناڵیسمە بەدەویە بەرەو ناسیۆناڵیسمێکی عەقڵانی هەنگاو بنێت. ڕاگرتنی هێزی شار( باڵی مەدەنی) و شاخ (باڵی نیزامی) و هاوسەنگییەک لە نێوانیاندا دەتوانێ بزووتنەوەی کوردی بەرەو پێشەوە ببات.

# ڕاسانی تاراوگە

ئاسۆ ساڵح



**ئاماژە**

ڕۆژی ٩ی جولای ٢٠١٩ کوردستانیانی دانیشتووی ئۆرووپا، خۆپیشاندانێکی بەرینیان لە شاری بروکسێل وەڕێخست. لەم خۆپیشاندانەدا کە بە دەسپێشخەریی دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات ئامادە کرابوو، هەزاران کەس بەشدارییان کرد. بە وتەی زۆر لە چاودێرانی سیاسی، ئەم خۆپیشاندانە یەکەم خۆپیشاندانی بەرینی کوردی ڕۆژهەڵاتە کە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەچێت، بۆیە ناوی ڕاسانی تاراوگەی لێ نرا. لەم کورتە وتارەدا هەوڵ دەدرێت کە تیشک بخرێتە سەر ئەم خۆپیشاندانە کە بە ڕای نووسەر خاڵێکی وەرچەرخانە لە خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئۆرووپا و دەکرێت وەکوو سەرەتایەک بۆ بە ئۆرووپایی کردنی دۆزی کوردی ڕۆژهەڵات چاوی لێ بکەین.

## کوردی دیاسپۆرا

وشەی دیاسـپۆرا بە ڕای ڕاجێرز بروبەیکێر (٢٠٠٥) دەکرێ لە سـەر ئەساسی سـێ ئێلێمێنت پێناسە بکرێت:

١ دیاسپۆرا ژینگەیەکە، واتە شوێنێکە کە کۆمەڵێک، کۆمەڵگایەک یان کامیۆنیتییەک تێیدا دەژین.

٢ لـەو ژینگەیە و لە ناو ئـەو کۆمەڵگایە مەیلێک (گرایشێک) بەرەو نیشتمان هەیە، نیشتمانێک کە لە جیهانی ڕاستیدا بوونی هەیە یان نا.

٣ ئەم کۆمەڵگایە لەم ژینگەیە لە لایەن کۆمەڵگای خانەخوێوە گەمارۆ دراوە.

بە پێی ئەم سـێ ئێلێمێنتە، دەکرێ بڵێین کە هەر جۆرە پەنابەرییەک (واتە دوور کەوتنەوە لە زێد و پەنابردن بۆ وڵاتێکی بیانی) نابێتە هۆی دروست بوونی دیاسپۆرا. هەر بەو پێیە دیاسپۆرا بە مانای کۆمەڵگای پەنابەرەکان نییە. زۆر کۆمەڵگای پەنابەرمان هەیە کە ناتوانین ناوی دیاسپۆرایان لێ بنێین.

دیاسـپۆرا لـە لایـەن کۆمەڵێک لـە پەنابەر (دوورکەوتوو لە زێد و نیشتمان) دروست دەبێت کە هێشتا پێوەندییەکانیان لەگەڵ نیشتمانیان نەپچڕاوە، ئەو پێوەندیە لە سەرەتادا پێوەندییەکی عاتیفییە، ئەو کەسانە هەستێکی زۆر بەهێزیان بۆ نیشتمانەکەیان هەیە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو نیشـتمانە وڵاتێکە (بـە مانای بوونی دەوڵـەت و چوارچێوەی دیاری کـراوی جوغرافیایی-سیاسـی) لە جیهانی ڕاسـتی دا یان نا. ئەم کۆمەڵگایە، هەستی نیشتمان دۆسـتییەکەیان لە ڕێگەی بەشـداریی چالاکانە لە چالاکییە سیاسییەکاندا کە لە کۆمەڵگای خانەخوێ بەڕێوە دەچێت، پێشـان دەدەن. کۆمەڵگای دیاسپۆرا هەوڵ دەدات کە لە پرۆسـەی سیاسیی کۆمەڵگای خانەخوێدا بەشـدار بێت و لـە ڕێگای کاریگەری لە پرۆسەی بڕیارداندا، بتوانن کاریگەرییەکی پۆزیتیڤیان بۆ دۆزی نیشتمانەکەیان هەبێت. ئەوان هەوڵ دەدەن کـە بارودۆخی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابووریی نیشتمانێک بەرەو باشی بگۆڕن کە لەوانەیە قەت بۆ ئەو نیشتمانە نەگەڕێنەوە.

دیـارە دەکـرێ ئێلێمێنتێکـی چوارەمیش بە تەعریفەکـەی ڕاجێرز زیاد بکەیـن و ئەویش بوونی دەرفەتـە لـە کۆمەڵگای خانەخوێدا بـۆ کۆمەڵگای دیاسـپۆرا کـە بتوانن کاری سیاسـی و چالاکییان هەبێت. ئەو دەرفەتە دەکرێ دەرفەتی سیاسـی واتە ئازادیی چالاکیی سیاسی بێت یان دەرفەتی ئابووری، واتە ئەندامانی کۆمەڵگای دیاسپۆرا توانایی ئەوەیان هەبێت کە بتوانن چالاکیی خۆبەخشانەیان هەبێت.

کورد لە دەرەوەی وڵات و بە تایبەت لە وڵاتانی ئۆروپایی کۆمەڵگایەکی دیاسپۆراییە، بۆیە زۆر ڕاستە ئەگەر وشەی دیاسپۆرا بۆ کورد بەکار ببەین. واتە ئەو کوردانە کە لە ئۆرووپا دەژین هەستێکی زۆر بەهێزیان بۆ نیشـتمانەکەیان هەیە. ئـەوان و بەرەی دواتریان (منداڵەکانیان) هەوڵ دەدەن لە پرۆسـەی سیاسی و پرۆسەی بڕیاردانی وڵاتانی ئۆرووپاییدا بەشدار ببن و بەو شێوەیە کارێک بۆ نیشتمانەکەیان ئەنجام بدەن.

بـە پێـی لێکۆڵینەوەیەک کە د.بەهار باشـەر، سـەبارەت بە کورد لە دیاسپۆرا بۆ زانکۆی بۆغازچی تورکیە ئەنجامی داوە، کوردەکان لە ئۆرووپا بە هۆی چالاکییەکانیـان و دیاربوونیانـەوە، وەکوو «گەلێک کە باشـترین ڕێکخستنی دیاسـپۆراییان لە ئۆرووپا هەیە» دەناسرێن. هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە کە کوردەکان چالاکییەکانیان لە ئۆرووپا وەکوو بەشێک لە خەباتیان لە کوردستان دەبینن و هەوڵ دەدەن بەو شێوهیە سەرنجی دەوڵەتە ئوروپاییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان ومیدیاکان بۆ سەر دۆزی کورد ڕاکێشن.

کوردسـتانییان لـە دەرەوەی وڵات وەکـوو ئاوێنەیەک لە کوردستان، کۆمەڵگایەکی نایەکدەستە واتـە پێکهاتـووە لە گرووپـە جیاجیـاکان، چینە جیاوازەکان، ئایینەکان و ئیدئۆلۆژییەکان، بەڵام خاڵی هاوبـەش لە ناو ئەواندا بوونی شۆناسـێکی بەهێزی کوردانەیە و هەروەها هەستێکی تایبەتیان کە بۆ زێد و نیشتمانیان هەیە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بە وتەی د.بەهار باشـەر، وەکوو گەلێک کە باشترین ڕێکخستنی دیاسپۆراییان لە ئۆرووپا هەیە بناسرێن.

## کوردی ڕۆژهەڵات لە ئۆرووپا و ڕاسانی تاراوگە

جگە لەو دوو فاکتەرە، واتە هەبوونی شۆناسی کوردی و هەست بۆ نیشتمان، کورد لە ئۆرووپا لەگەڵ کاری ڕێکخراوەیی زۆر ئاشـنایان هەیە و زۆربەیان لە ناو

حیزبێکی سیاسی یان ڕێکخراوەیەک کە نزیکایەتیی لەگەڵ حیزبێکی سیاسیی هەیە، تا ڕادەیەک زۆر یا کەم، چالاکن. ئەم خاڵە لە کوردی ڕۆژهەڵات زۆرتر بەدی دەکرێ، بە تایبەت کە دەروانینە نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ئۆرووپا یان بە گشتی خەڵکی دیکەی ئێران لە دەرەوە، کورد زۆرتر لە هەموویان لە ناو ڕێکخراوەکان و حیزبەکاندا بەشدارن.

بە پێی هەندێ سەرچاوە، ژمارەی کورد لە ئۆرووپا بە گشتی لە نێوان ١ بۆ ٢ ملیۆن کەسە. هەروەها هەر بە پێی ئەو سەرچاوانە (وەکوو ئەنستیتوی کورد لە پاریس یان ناوەندی کۆن-کورد یا هتد) ڕێژەی ئەو کوردانە کە تا ساڵی ٢٠٠٩ لە باکوور بەرەو ئۆرووپا هاتوون ٨٥ لە سەدی هەموو کوردەکانە. واتە ڕێژەی کوردی ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوا بە گشتی ١٥ لە سەدی کوردەکانی دانیشتووی ئۆرووپا بووە. لەوانەیە ئێستا ئەگەر هاتنی کوردی ڕۆژئاوا پاش شەڕی سووریە و کوردی ڕۆژهەڵات کە لەم ساڵانەی دوایی دا زۆرتر بووە پێی زیاد کەین، ئەم ڕێژەیە ببێتە ٧٥-٢٥، واتە ٢٥ لە سەدی کورد لە دەرەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوان.

واتە ئەگەر بڵێین ٢ ملیۆن کورد لە ئۆرووپا دەژین، ٥٠٠ هەزار کەسیان بە گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوان. ئەگەر ڕادەی یەک بە سێ بۆ هەرکام لە بەرچاو بگرین، دەبینین بە گشتی ١٦٥ هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە ئۆرووپا دەژین کە زۆربەیان لە وڵاتانی سکاندیناڤی واتە سوید، نورویژ، فینلاند و دانمارک، و هەروەها ئاڵمان و فەڕانسەن.

لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هۆکاری ئەوەی کە کوردەکان ڕوویان لە ئۆرووپا کردووە تەنیا سیاسی نەبووە بەڵکوو ئابووری (هاتنی کوردەکانی باکوور پاش شەڕی دووهەمی جیهانی) و ژینگەییش (وەکوو بوومەلەرزە) بووە. بەڵام هاتنی زۆربەی هەرەزۆری کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئۆرووپا بە هۆکاری سیاسی بووە. بۆیە زۆر سەیر نییە ئەگەر لە ناو کوردەکانی ئۆرووپاش، ڕۆژهەڵاتییەکان زۆرتر چالاکن. ئەوان خۆیان لە ناو خەباتێکدا دەبیننەوە کە لە دەرەوەش بە شێوەیەک درێژەی هەیە.

ڕاسانی تاراوگە (خۆپیشاندانەکەی بێلژیک) ئەو ڕاستییەی بە ڕوونی پێشان دا کە کوردستانییانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئۆرووپا دەژین، چەندە کۆمەڵگایەکی چالاکن. بەشێکی زۆری ئەو کەسانە کە بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون لە ڕێگەی زۆر دوورەوە هاتبوون و زۆر ماندوویەتییان چێشتبوو.

لەوانەیە پرسیار بکرێت کە بۆچی تا پێش ڕاسانی تاراوگە کەمتر چالاکییەکی سیاسیی ئاوا بەرینمان لێیان دەدیت. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێ چەند هۆکار ناو ببرێت (لەم وتارەدا شوێنی ئەوە نییە کە ئەم هۆکارانە لێکبدرێنەوە). وەکوو: زۆربوونی ڕێکخراوەکان و کەمتر بوونی کاری هاوبەش لەنێوانیان، بارودۆخی سیاسیی کوردستان، بارودۆخی حیزبەکان و جیابوونەوەکان.

## ڕاسانی تاراوگە و دەرفەتەکانی ئۆرووپا

یەکێ لەو کۆڵەکانە بۆ کۆمەڵگای دیاسپۆرا هەبوونی دەرفەتی سیاسییە. ئەم دەرفەتە بۆ کورد لە ئۆرووپا هەبووە. کۆمەڵناس توماس ڕێنارد پێی وایە دەرفەتە سیاسیەکانی ئۆرووپا بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان بتوانن بڕۆنە نێو سیستێمی سیاسیی ئۆرووپا و لەو ڕێگەیەوە بۆ نیشتمانەکەیان تێبکۆشن. ڕێنارد بۆ ئەم مەبەستە تێرمی «بە ئۆرووپایی کردنی بزوتنەوەی کوردی» بەکار دەبات.

هەروەها لێکۆڵەر ئێکاریوس کێللی پێی وایە کە سیستەمی ئۆرووپا چەندین شوێنی تایبەتی بۆ کاری لۆبی هەیە کە کوردەکان توانیویانە کەڵکی لێ وەربگرن یان خەریکی ئەو کارەن، وەکوو پارلەمانی ئۆرووپا، کۆمیسیۆنی ئۆرووپا، دادگای بەرزی ئۆرووپا، شووڕای ئۆرووپا و دادگای بەرزی ئۆرووپا بۆ مافی مرۆڤ. دیارە لە لێکۆڵینەوەکاندا زۆرتر فوکووس دەخرێتە سەر کوردی باکووری کوردستان. بۆ وێنە ئەوان، بە هۆی بوونی تورکیە لە شووڕای ئۆرووپادا (نەک یەکێتیی ئۆرووپا)، چەندین جار دۆزی خۆیان بردۆتە داداگاکان.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێ کە لە ئۆرووپا لابییەک هەیە کە دژ بە ئەندام بوونی تورکیە لە یەکێتیی ئۆرووپایە و بۆ ئەوەش زۆر چالاکانە کار دەکات. یەکێک لەو ئامێرانە کە بەدەست ئەم

لابیەوەیە، کێشـــەی کورد لە تورکیەیە کە زۆر جار باســـی دەکەن و زەقی دەکەنەوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە پەرلەمانی ئۆرووپا زۆر جار باسی کورد دەکرێت، بەڵام لێرە تەنیا مەبەست کوردی باکووری کوردستانە.

ڕاسانی تاراوگە و ئەو خۆپیشاندانە بەرینە کە لە بەردەم ناوەندە هەســـتیارەکانی ئۆرووپا بەڕێوەچوون، ئەوەی دەرخست کە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەتوانن لەو دەرفەتانە کە هەیە کەڵک وەربگرن. دیارە ئێستا زۆر زووە کە کاریگەرییەکانی ئەم خۆپیشاندانە بـــە شـــێوەی کۆنکرێت ببینیـــن، بەڵام چـــاوەڕوان دەکرێ کە لە داهاتوودا یەکێتیـــی ئۆرووپا و ناوەندە سیاسییەکانی بە شـــێوەیەکی جیاوازتر بڕواننە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەم خۆپیشاندانە بـــە چەند ئامانج ڕێکخرابوو کـــە گرینگترینی وەگەڕ خستنەوەی مەســـەلەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانـــی بوو. بەڵام هەر لـــەو چوارچێوەیەدا مرۆڤ دەتوانێ چەند ئامانجی دیکەش بپێکێ، وەکوو ناساندی کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕژێمێکی تێرۆریست لە لایەن یەکێتی ئۆرووپاوە و هەروەها باس کردنی کێشـــەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان. ڕاسانی تاراوگە ئەو درگایەی کردەوە کە ئەم باسانە بێنە ناو ناوەندەکانی بڕیاردان لە پارلەمانی ئۆرووپا.

## ڕاسانی تاراوگە و سیمای نوێ بوونەوەی خەباتی ڕۆژهەڵات

ڕەخنەیەک کە زۆر جار لـــە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان گیراوە و سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری ئیســـلامی (کە ئەم حیزبانـــە بە مردوو ناو دەبـــات) ئەوەیە کە نەیانتوانیوە ئەندامی نوێ بگرن و خۆیان نوێ بکەنەوە. ڕاسانی تاراوگە بە ڕوونی ئەوەی پێشـــان دا کە ئەم ڕەخنەیە نە تەنیا دروســـت نیە، بەڵکوو کۆڵەکەی ئێستای خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران، هێزی نوێیە.

بەشێک لەم هێزە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی بەڕێـــوە بردووە و بە هەر هۆکارێک ئەگەر ئێســـتا لە دەرەوەیە، بە شـــێوەیەکی دیکە و بە ئامێرێکی دیکە خەبات دەکات. بەشـــێکی دیکەش شانازیی بوون لە ڕیزی پێشـــمەرگەیان نەبووە، بەڵام لە ســـەر هەمان ڕێبـــاز کە زۆرکەس خۆیان فیدا کرد، خەریکی کار و چالاکین. لە کۆتایی دا پێویستە بگوترێت کە ڕاسانی تاراوگە هەڵگری چەندی پەیام بوو.

پەیامێک بـــەرەو ناوەندەکانی بڕیار و بە بیروڕای گشـــتی لە ئۆرووپا کە دۆزی کورد لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە زۆرتر گرینگیی پێ بدرێت. نابێ ڕۆژانە باسی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکرێت، بەڵام بە هەر هۆکارێک چاومان بەسەر ماف خورانی گەلێک و ڕەشە کوژیی ڕۆژانەی خەڵکێکدا ببەستین.

پەیامێک بەرەو ڕژێمی کۆماری ئیســـلامی کە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات نە تەنیا نەمردووە، بەڵکوو بە گوڕ وتینتر لە جاران دەڕواتە پێش. ڕاســـان تەنیا ڕاسانی خەڵک لە ناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاسانی پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستان نییە، بەڵکوو ڕاسانی تاراواگەشە.

پەیامێکیش بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وزە و پۆتانســـیێلێکی زۆر لـــە دەرەوەی وڵات و بە تایبـــەت لە ئۆرووپا هەیە کە نابێ بە فیڕۆ بچێت. بەشی ســـەرەکیی ئەم هێزە بەرەی نوێ و گەنجانن کە پێویســـتە زۆرتر لە جاران گرینگییان پێ بدرێت. ڕاسان واتە کەڵک وەرگرتن لە هەموو وزەکان لە پێناو خەبات، یەکێ لەو وزە گرینگانە لە دەرەوەی وڵاتە و ڕاسانی تاراوگە بە ڕوونی ئەمەی پیشان دا.

## سەرچاوەکان


1. Base, Dr. Bahar, 2013, “The Kurdish Diaspora In Europe: Identity Formation and Political Activism.”, Postdoctoral Research Fellow, University of Warwick, Bogazici University Foreign Policy Forum

2. Eccarious, Kelly, 2002, “Political Movements and Leverage Points: Kurdish Activism in Europeam Diaspora.”, The Journal of Muslim Minority Affairs, Vol. 22, No. 1

3. 1995, “The Kurdish Diaspora.”, Fondation Institut Kurde De Paris, 2019

4. 2014, “The Kurdish Diaspora”, The Kurdish Project, 2019

٥. ٢٠١٩، «ڕاســـانی تاراوگە لە ئۆرووپا بەڕێوە چوو»، ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ١٨ی پووشپەڕی ٢٧١٩ی کوردی.

# « وتوویژ »

# تابلۆیەکی ٤٧ ـ ٤٦

ئەم تابلۆیە پێشکەشە بە
گیانی پاکی شەهیدان
و خەباتکارانی ڕێگای
ڕزگاریی کوردستان، بە
تایبەت جەنگاوەرانی
بزووتنەوەی
ساڵەکانی ٤٧ـ٤٦

## بەشـــی یەکەم. ڕاسان، هەناوێک لە دوو زەمەن / هادی عەزیزی

مێژووی کوردستان بە گشتی لە زۆر شوێندا تووشـــی نارِوونی بووە و زۆر جـــار لە لایەن داگیرکەرانەوە یان لەبەر نەبوونی لێکۆڵینەوەی قووڵ و زانســـتی لە لایەن خـــودی کوردەوە نەیتوانیوە لە ســـاتێک کـــە وا کەوتۆتە ژێر لێکۆڵینەوە، ئامانجەکانی خۆی لە حەقیقەتی مێژوویيدا بپێکێت.

بەشـــێکی ئەم مێژووە دەکەوێتە چەرخی نـــوێ و ســـەدەی ڕابـــردووەوە و ســـەرەڕای هەبوونـــی دیکۆمێنت وبەڵگـــە و بیرەوەری و تەنانەت زیندووبوونی کەســـایەتییەکانی ئەو ســـەردەمە، هێشـــتا هەژارییەکی زۆری پێوە دیارە.

ئامانجـــی ئەم نووســـینە، زیندووکردنەوە و هێنانـــەوە کایـــەی بەشـــێک لـــە مێژووی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانە کە بـــە تایبەتی لە دوای هەرەســـهێنانی کۆمـــاری کوردســـتان لە ڕووی دەســـەڵاتەوە هەتا نزیک کۆنگرەی ســـێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خۆ دەگرێت. ئەم ســـاڵانە کارگەلێکی زۆر بنەڕەتی و کۆڵەکەیی بە بووژاندنەوەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان ئەنجـــام دەدرێت کە زۆر بەکرچ و کاڵی باســـی لێ کراوە و لە زۆر شوێنیش بە هۆکاری تایبەت بەردی لە سەر داندراوە.

کۆمـــاری کوردســـتان ئەگـــەر وەک حکوومەتێکـــی مۆدێرنی کوردی لەڕۆژهەڵات ناوی ببەین، دیارە ئەم دەستەواژەی مۆدێرن بوونە تەنیا چارتی تەشکیلاتی و حکوومەتی لە خۆ ناگرێت، بەڵکوو کۆمەڵێک خاڵی کردەوەیی و ڕوانینی کۆمار بەرامبەر بە خوێندن و مافی ژنـــان و منداڵان و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە خۆ دەگرێت.

گۆشـــەی جێگـــەی ســـەرنج ئەوەیە کە سەرەڕای کەم بوونی تەمەنی کۆمار، کۆمەڵێک هەنگاوی پێشکەوتنخوازانە و سەردەمییانە ئەو کات هەڵگیـــراوە، کە ئەگەر پلانی حکوومەتی پەهلـــەوی و بریتانیا بـــۆ ناوچەکانی خوارەوە کە لە ژێر دەســـەڵاتی ئینگلیزدا بوو، سەری نەگرتبا و پاشەکشـــەیان بە حەمەڕەشیدخان و جافرســـان ومەحموود خانی دزڵی نەکردبا، بە یەقینەوە دەتوانین بڵێین، ئەم سیســـتەمە هەمـــوو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانی دەگرتەوە.

لە دوای کۆماری کوردستان زنجیرەیەک کار و چالاکی ئەنجـــام دەدرێن کە دەتوانین وەک میرات و بناغەی بزووتنەوەی ۴۶ ـ ۴۷ چاوی لێ بکەین.

لەڕیـــزی یەکەمـــی ئـــەو چالاکییانە کە دەتوانیـــن وەک ســـاغ کردنـــەوەی حیزبی دێموکـــرات لێـــی بڕوانیـــن، کۆبوونەوەیەکی ۱۱ی ڕەشـــەمەی ســـاڵی ۱۳۲۶ی هەتاوییە کـــە لە ماڵی غەنی بلووریان بەڕێوەدەچێت و کەسانێکی وەک غەنی بلووریان و محەممەد شاپەسەندی و سەدیق خاتەمی و عەزیزیوسفی و سەید خدر نیزامی (ســـەید پیرە) و سەید محەممەد ئیســـحاقی تێیدا بەشدارن و وەک کۆمیتەی سەرەتایی ساغ کردنەوەی حیزبی دێموکرات بڕیار دەدەن.

لـــە ســـەرەتادا پەیوەندی بە ئێحســـانی تەبەری وەک سەرکردایەتیی حیزبی توودەوە دەکەن، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە، دواتر بەرەو باشووری کوردستان دەچن و چاویان بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود دەکەوێ.

لـــە ۱۹۴۸/۱۰/۲۳ یەک ژمـــارە گۆڤار بە نـــاوی ڕێگا بڵاو دەکەنەوە کـــە تێیدا بانگەواز و چالاک بوونەوەی حیزبـــی دێموکرات بڵاو دەکەنەوە.

دوای ئـــەو بـــڵاو بوونەوەیـــە، زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ســـاغ کەرەوە دەگیرێن و بەشێکیشـــیان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران دوور دەخرێنەوە.

ساڵی ۱۹۵۱ی زایینی و دوای ئازادبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ســـاغکەرەوە، کەسانێکی

وەک غەنی بلووریان، ڕەحیم سوڵتانی، کەریم وەیسی، ڕەحیم خەرازی، عەزیز حیسامی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی و دواتریش عەزیزیوسفی کە درەنگتر لە زیندان ئازاد دەبێ، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات زیندوو دەکەنەوە و پەیوەندی بە هەموو کۆمیتەکانی سەردەشت، سەقز، نەغەدە و ژمارەیەک لە گوندەکان کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبیان مابوو، دەکەنەوە و کۆمیتەی مهاباد جیا لە بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی، ڕێبەرایەتیی گشت کۆمیتەکانیش لە ئەستۆ دەگرێت.

لەم زنجیرە گیرانانەدا ڕاستییەک دەبینردرێ، ئەویش ئەوەیە کە ڕژێمی شا بەو گرتن و فشار هێنان و زیندانی کردنانە، نەیتوانی مەترسیی بوونی ڕێکخراوی سیاسی لە سەر خۆی کەم بکاتەوە.

مێژووییترین کارێک کە کۆمیتەی مهاباد لەو سەروبەندەدا کردی ئەوە بوو کە بەرپرسیارێتیی هەموو کۆمیتەکانی حیزبی لە ئەستۆ گرت و ڕێبەرایەتیی دەکرد.

دکتۆر قاسملووی نەمر، لە چل ساڵ خەبات بۆ ئازادیدا دەفەرموێت:

«ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٩ی هەتاوی ڕەزم ئارا کوژرا، لە دواییدا دەرکەوت هەر نەبێ دوو دەستەی سیاسی پێیان خۆش بوو، ڕەزم ئارا بکوژرێت یان ڕاستەوخۆ دەستیان لە کوشتنیدا هەبوو.

یەکیان مەزهەبییەکان بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا کاشانی کە دوژمنایەتیی خۆیان لە گەڵ ڕەزم ئارا نەدەشاردەوە و ئەوەی دیکەشیان حەمەڕەزاشا بوو کە پێی خۆش بوو ڕەزم ئارا بکوژرێ.

چونکە بەرە بەرە ئەو شەخسییەت و نفوزەی کە ڕەزم ئارا لە نێو ئەرتەشی ئێراندا و هەروەها لە نێو وڵاتدا پەیدای کردبوو، مەترسییەک بوو بۆ دەسەڵاتی شا و پاشایەتی. پاش کوژرانی ڕەزم ئارا، حوسێنی عەلا کە دەستپەروەردەی ئینگلیز بوو، ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٩ بوو بە سەرۆکوەزیر، بەڵام نە ئەو نفووز و شەخسییەتەی هەبوو و نە لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا دەرەتانی ئەوەی هەبوو کە بتوانێ پشتگیری لە پەرەئەستاندنی جوڵانەوەی خەڵکی ئێران بۆ میللی کردنی نەوت بکا. پاش نەمانی ڕەزم ئارا ڕێگە بۆ میللی کردنی نەوت خۆشتر بوو و جەبهەی میللی و بەتایبەتی شەخسی دکتور موسەددیق لەو هەلومەرجە باشترین کەڵکیان وەرگرت».

لە ١٩٥١/٣/١٥ هەتا ١٩٥١/٣/٢٠ نەوتی ئێران خۆماڵی کرا. بە خوماڵی بوونی نەوتی ئێران و دەست کرانەوەی دکتۆر موسەددیق و جەبهەی میللی پێشڕەو، دەرگایەکی گەورەش بۆ چالاکیی هەموو ڕێکخراوە دێموکراتییەکان کراوە و دواجاریش هەر جەبهەی میللی کارێکی وای کرد کە لە ١٩٥١/٤/٢٨ موسەددیق وەک سەرەکوەزیری ئێران هەڵبژێردرێ.

لە دوای ئەو هەلومەرجە، حیزبی دێموکرات لە دوای هەرەس هێنانی کۆمارەوە توانی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرایی بە بیانووی پشتیوانی لە خۆماڵی بوونی نەوتی ئێران یەکەمین خۆپیشاندانی جەماوەری لە ١٩٥١/٥/١ بەڕێوە ببا کە سێ هەزار کەس تێدا بەشدار بوون.

لە دوای ئەم خۆپیشاندانە حیزبی توودە سەرنج دەداتە کوردستان و لەڕێی سارمەدین سادق وەزیری و شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە دەکەن.

لە سەردەمی موسەددیقدا (١٩٥١-١٩٥٣) خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنی لە ئێران زۆر باش بوو و هەتا کودەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣/٨/١٩) حیزبی دێموکرات باشترین کەڵکی لە دۆخەکە وەرگرت.

دواتر کە شا و زاهیدی لە دژی موسەددیق کودەتایان کرد و سەرکەوتن، زۆرینەی نووسینگەکانی حیزبی توودە داخران و

زۆرینەی بەرپرسەکانیان گیران و هەندێکیان لەرادیـــۆ و تەلەڤزیـــۆن پەشـــیمانیی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام بــە پێچەوانەی حیزبی تودە، حیزبـــی دێموکرات هەرگیـــز چالاکییەکانی ڕانەوەستا.

مانگـــی فێبریڤەری ســـاڵی ١٩٥٤ غەنی بلووریان، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاســـملوو، عەزیز یوسفی و ســـەدیقی ئەنجیریئازەر لە تەوریز یەک دەگرنەوە و ٥ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردســـتانی ئۆرگانـــی حیزبـــی دێموکراتی کوردستان چاپ دەکەن.

لەو سەردەمە کە ئەوان لە تەوریز بوون لە ماڵی خانمێک بە ناوی ماروســـیا لە گەڕەکی ئەرمەنییانی تەوریز دەژیان.

هەر لەو سەروبەندەدا عەبدوڵڵا ئیسحاقی، لـــە ســـنە هاوکاریـــی کۆمیتـــەی حیزبـــی دێموکراتی دەکرد و لە ماڵی عوبەیدی خالقی برای مەزهەری خالقی مابووەوە.

قـــادر شـــەریف (هاشـــم ئەقلوتولـــلاب/ حەقتەڵەب) و ئەسعەد خودایاری بیجار، وەک بەرپرسانی کۆمیتەی بڵباس لە دەور و پشتی مهاباد مابوونەوە.

لە جۆزەردانی ســـاڵی ١٣٣٤ی هەتاوی، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە سەر داوای غەنی بلووریان کۆبوونەوەیەکی گرینگی لە ماڵی سەدیقی ئەنجیری لە تاران بەڕێوە برد، کە هەر کامە لە غەنی بلووریان، عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، ســـلێمان موعینی، محەممەد ئەمین ڕاتبی و ئەســـعەد خودایاری و سەدیق ئەنجیری ئازەر تێیدا بەشـــدار بوون و بە کۆی دەنگ بڕیاری ئەوەیان دا کە پەیوەندی لە گەڵ حیزبی تودە بپچڕێنـــن، چونکە تودەییەکان لـــە بەرامبەر کودەتا لە دژی موسەددیق بێدەنگ بوون.

دوای کۆبوونەوەکـــەی تـــاران دوو کۆبوونـــەوەی دیکـــە دەگیـــرێ کـــە هەمان ناوەرۆکی کۆبوونـــەوەی تارانە و لە هەندێک شـــوێن هەر دوو کۆبوونەوە وەک کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دێموکرات ناوزەد دەکرێ کە یەکەمینیان لە گوندی کەوتەری مەنگوڕایەتی و ئەوەی دیکەشـــیان لە کێوی قەڵاتەڕەشی پشت گوندی ســـەیداوای پیرانشار لە لایەن سەیدڕەسوڵی بابی گەورەوە بەڕێوە دەچێت.

دواتر بۆ فستیڤاڵی لاوانی ١٩٥٧ی مۆسکۆ، کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزب بڕیاری بەشدار بوون دەدا و لەو سەروبەندەشـــدا بەشێک لە ســـەرکردایەتیی حیزب دەگیرێن، هەر بۆیە بەرەو باشـــووری کوردستان شـــۆڕ دەبنەوە و هێدی هێـــدی لە گەڵ حیـــزب و ڕێکخراوە سیاســـییەکانی باشـــوور و ئێـــراق تێکەڵاوی دروست دەکەن.

ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێراق و پێکهاتنی کورد و عەرەب، دەرگایەکـــی ئاواڵـــە بـــەرەو ڕووی کورد لە باشووری کوردستان و ئێراقدا کراوە.

ســـاڵی ١٩٥٩ لە دوای چەند هەڵەیەکی نەخـــوازراو زنجیرەیەکی زۆر لـــە ئەندامان و لایەنگرانـــی حیزبی دێموکـــرات لەڕۆژهەڵات دەگیرێـــن کـــە ئەمـــە یەکەمیـــن زنجیرەی گـــەورەی گیرانی ئەندامانـــی حیزبە لە دوای خۆســـاغکردنەوە، هەر بۆیە بەشێکی دیکەی بەرچاو لە ئەندامان بەرەوە باشوور دەڕۆن.

تێکچوونـــی پەیوەندیی عەرەب و کوردی باشـــوور لـــە ئێراقـــدا، شۆڕشـــی ئەیلوولـــی هەڵگیرســـاند و بەشـــێکی زۆریش لە حیزبی دێموکـــرات بەو شـــەڕەوە تێـــوەگلا، کە هەر ئەمەش بووە بە هۆکاری ئەوەی دوو دەستەیی بکەوێتە نـــاو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و حیزب بەرەو پەرتەوازەیی بڕوات.

حیزبی دێموکرات ئەو کات لە دوو بنکەی سۆنێ و زینوێ جێگیر ببوو و کاری ڕێکخستن و تێکۆشانی لەو دوو بنکەیەوە بەڕێوە دەبرد.

لەم هەلومەرجەدا لە سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتـــاوی (نۆڤامبـــری ١٩٦٤) دووهەمیـــن کۆنگرەی حیزب بەســـترا و بەشێکی زۆریش لە کادیـــران و ئەندامـــان نەیانتوانـــی تێیدا

بەشدار بن کە بۆ کێشە ناوخۆییەکانی حیزب دەگەڕایەوە.
لە دوای کۆنگرەی دوو خوێنێکی تازە لە دەماری حیزبی دێموکراتدا وەگەڕ کەوت و سەر لە نوێ بنکە و بارەگاکانی حیزب ڕێکخرانەوە. کۆمیسیۆنێک لە لایەن کۆنگرەوە هەڵبژێردرا کە هەموو ئەندامانی نـاڕازی بگەڕێننەوە بۆ ناو حیزب... کۆمیتەی ناوەندی بە گوێرەی جوگرافیای ڕۆژهەڵات پێشمەرگەکانی لە سێ لک و دەستەیەکد اڕێکخست.
لکی یەکەم بە فەرماندەیی نحۆ پاشـایی ناسـراو بـە باپیر شـکاک، لە گـەڵ چوار پێشـمەرگەی دیکـە بـۆ ناوچەی سـۆما و برادۆست.
لکی دووهەم بە فەرماندەیی مەلا ڕەحیم وێردی «میرزا ئەحمـەد مەنجەڵان» لە گەڵ چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی بانە و سەقز.
لکی سـێهەم بـە فەرماندەیی سـلێمان موعینـی بۆ ناوچەکانی سەردەشـت، مهاباد، نەغەدە و بۆکان.
مـەلا سـەید ڕەشـید لە گـەڵ چەند پێشـمەرگەیەک بـۆ ناوچـەی مەریـوان و هەورامان.
ئەمیـر قـازی لـە مەقـەری سـۆنێ سەرپەرەستیی کارەکانی دەکرد.
ئەم ڕەوتە بەردەوامە هەتا ساڵی ١٩٦٥ی زایینی کـە پلۆنۆمـی یەکەمـی حیزب لە گوندی دێلۆ لە دیوەخانی حەمەدی کاحسێن کە دەبەسـترێ، لە نێوان ئەحمەد تەوفیق و سەدیق ئەنجیری ئازەردا دەمەقاڵە و هەرا ساز دەبێ و دوای ئەوە ئەحمەد تەوفیق بە بیانووی پشوودان ڕیزەکانی حیزب بەجێ دێڵێ و ڕوو لە شۆڕشی باشووری کوردستان دەکا و بەرەو حاجی ئۆمەران دەڕوا.
لێـرە بـە دواوە هەموو ئەرکـی حیزب دەکەوێتە ئەستۆی شەهید سلێمان موعینی. دوای ڕۆیشـتنی ئەحمەد تەوفیق لە حیزب، هەندێک لە ئەندامانی حیزب وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەنـدی دەگەڕێنەوە، بەڵام مافی بڕیار دانیان نابێ. شـەهید سلێمان موعینی وەک بەرپرسـی یەکەمـی حیـزب هەموو ڕێکخستنەکان کارا دەکا و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە.
سەرکردایەتیی باشـوور ئەحمەد تەوفیق بـۆ بادینان دەنێرێ و وەک دوور خسـتنەوە هەتا ئەو کاتـەی نامێنێ، چاوی بە ڕیزەکانی ڕۆژهەڵات ناکەوێتەوە. مەلا ئەحمەد شەڵماشی کە ناسـراوە بە مەلا ئاوارە، لـەو زەمەنەدا بە تەنیا چالاکیی دەکرد و لە ناوچەی سەردەشت بوو، مەلا ئاوارە وەک هونەری ڕێکخسـتن، بۆ یەکەمجار سیستمی ڕێکخسـتنی نهێنی لە شانەی یەک کەسیدا پێک هێنا.
بەهاری ١٩٦٦ی زایینی، بە پیلانی ساواک لە ناوچـەی باڵەکایەتی سـەدیقی ئەنجیری ئازەر بۆ هەمیشـە بێ سەروشوێن دەکرێ و تا ئێسـتاش مەیتەکەی نەدۆزراوەتەوە، کاتی خۆی فەرماندەیی باشـووری کوردستان بە ئەمیـر قازییان گوتبوو کە سـەرێکی براویان لە قەندیل بینیوەتەوە کە لە شـەهید سەدیق ئەنجیری دەچێت. پێشتریش لە ساڵی ١٩٥٩ ئەسـعەد خودایاری کە خەلکـی بیجار و لە ئەفسـەرەکانی کۆماری کوردسـتان بوو، لە باشووری کوردسـتان لە گوندی چۆم خڕگە تیرۆر کرابوو.
ڕۆژی ١٩٦٦/٩/١٤ لە سـەرووی گوندی خەڵان بە یاوەریی چوار کەس کە بریتی بوون لە فراکسیۆنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، لە لایەن سـالار حەیدەری، سماییل شەریفزادە، مـەلا ئـاوارە و حەمەدەمین سـیراجییەوە، کۆمیتەی شۆڕشـگێڕی حیزبـی دێموکرات پێک دێت.
کۆمیتەی شۆڕشـگێڕ لە سـەر دوو خاڵ پێک هاتبوون:
١ ڕێکخراو دروست بکەن
٢ ڕۆژنامەیـەک بە ناوی تیشـک دەربکەن کـە زمانحاڵـی کۆمیتەی شۆڕشـگێڕ بێت،

که شەهید شـــەریفزادە سەرنووسەری بوو و قەتیش بڵاو نەکراوە.
لەو کاتانەش سلێمان موعینی وەک لکی ٣ی حیزب ڕۆژنامـــەی ڕۆژی بڵاو دەکردەوە کە بە دروشـــمی پەســـەند کراوی کۆنگرەی دووهەم، یەکیەتی و خەبات و ســـەربەخۆیی دێموکراتی، بڵاو دەبۆوە.

## شۆڕشی ٤٦-٤٧

بزووتنەی ٤٦-٤٧ لە کاتێکدا ســـەری هەڵدا کە حیزبی دێموکرات بە هەموو شـــێوەیەک دەیویســـت، خۆی لە دۆخی باشوور و پیلانی ســـاواک بڕەوێنێتەوە و لە سەر کار و چالاکی بۆ ڕۆژهەڵات بەردەوام بێ. ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٧ مەلاڕەحیم وێـــردی بەر لە دەســـتپێکردنی بزووتنەوەکە شـــەهید کرا. ١٩٦٧/٥/١٨ نحۆ پاشـــایی ناســـراو بە باپیر شـــکاک، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیـــی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم، لە گەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە بە ناوکانی مەلا ئیسماعیل، ڕەزا، فەوزی و ناجی لە ناوچەی سەڵماس شەهید بوون.
١٩٦٨/٥/١ شەهید ســـمایل شەریفزادە، ناســـراو بە مەلا عەزیز، بـــە هۆی دزە کردنی بەکرێگیراوێـــک بـــۆ ناو پەلەکەیان تووشـــی شـــەڕێکی قـــورس دەبـــن و لە گەڵ ســـێ پێشـــمەرگەی دیکە بە ناوەکانی حوســـێنی ڕەحمان ڕابـــی، میرزا محەممەدی ئەســـتێ مەنگـــوڕ، عەلـــی عـــەولا کۆڵی، لـــە گوندی دارێنەی بانە شەهید بوون و لەو شەڕەدا تەنیا پێشـــمەرگەیەکی گەنج خۆی دەرباز کرد کە نازناوی ئاڵیاز بوو و ئێستاش لە ژیاندا ماوە.
مانگـــی ٧ی ١٩٦٨ ی زایینی عەبدوڵلای موعینـــی و مینەشـــەم لە دوای شـــەڕێکی قارەمانانـــە لە گوندی قالوێـــی عەولاغا کە بە قالوێی موعینی ناسراوە لە مووچەی ئەحمەد کەوازەرد شـــەهید کران و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی حەســـەن خورخورەیی بە بریندار بـــە دیل گیرا کـــە دوای ئەوەی بە ماشـــێن ڕایدەکێشن، دواتر لە پادگانی مهاباد تیرباران کرا، شەهید حەسەن لە کاتی شەهید کردنیدا نەیهێشتبوو چاوی ببەستن.
١٩٦٨/٦/٨مـــەلا ئاوارە لە گوندی دیواڵان لە گەڵ دوو پێشـــمەرگەی دیکە بە ناوەکانی محەممەد ئەحمـــەد (مەلا کەچە) و ڕەحمان وتمـــان چاوشـــین دەســـتگیر کـــران و لە ١٩٦٨/٩/٢ لە سەردەشـــت گوللەباران کران و شەهید بوون.
ناخۆشترین دۆخی ئەو سەردەمە شەهید کردنی شەهید سلێمان موعینی بوو کە وەک کەســـێ یەکەمی حیزبـــی دێموکرات دەهاتە ئەژمار. بە شـــەهید بوونی ســـلێمان موعینی ئاوێکی ســـارد بە سەر دەســـتی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا کرا.
ســـاڵی ١٩٦٩ی زایینیش قادر شـــەریف ناسراو بە هاشـــم ئەقلوتوللاب لە سلێمانی بە دەســـتی بەکرێگیراوێک بە نارنجەک شەهید دەکرێ.
زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی و ڕێبەرایەتی شـــەهید بـــوون و دەبـــوا وەک بەردەوامـــی جێگرەوەیـــان بـــۆ دابنێن. هەر بۆیـــە دواتر لە کۆنفرانســـی ســـێ و کۆنگرەی ســـێ، کە شـــەهیدی ڕێبـــەر دکتـــۆر قاســـملوو وەک فریادڕەسێک نەیهێشت خوێنی ئەوان بە فیرۆ بڕوات و حیزبی دێموکراتی لەســـەر بنەمای سیاســـەت کردنی ســـەربەخۆ جارێکی دیکە ڕاست کردەوە.
ئـــەوەی ئێمە لە درێژایی زەمەنی تەمەنی حیزبی دێموکراتدا بەدی دەکەین کە هەمیشە میراتی سیاســـی و نەتەوەیی بە بەرەی پاش خۆی بەخشیوە و نەیهێشتووە بەرەی خەباتی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کزی بدات.
هەر وەک هەمووما ئاگادارین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا «ڕاسان» وەک ئالترناتیف و جووڵەیەکی سیاسی و نیزامی خوێنی تازەی بە دەماری کورد لەڕۆژهەڵات بەخشـــی و لە توێی شاخ و شاردا هاوئاهەنگییەکی ڕێکخست.

لە نێوان وێکچوونی ڕاسان و بزووتنەوەی ٤٦-٤٧ کۆمەڵێک فاکتی گرینگ هەن، کە سەلمێنەری سیاسەتێکی دژ بە کوردە کە لە نێوان پەهلەوی و ڕژێمی ئیستای ئێراندا یەک ناوەرۆکی هەیە و ئەویش قڕکردن و خنکاندنی کوردی ڕۆژهەڵاتە.

بزووتنەوەی ٤٦-٤٧ لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە دەیویست کفنی پاشکۆیی و سستی بدڕێنێ و هەناسەیەکی نوێ بە هەناوی ڕۆژهەڵاتدا بکات.

ڕاسانیش پاش دوو قۆناغی کشانەوە لە ڕۆژهەڵات و کشانەوە لە قەندیل، کە لە قولاییی باشووردا بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەرەو خنکاندن دەڕۆیشت، وەک شمشێرێکی ناوقەدبڕ تەواوی ئەو بەربەستانەی پساند و هەموو پەیوەندییەکانی پێشمەرگە و کۆمەڵگەی هەڵبەستەوە.

ڕاسان لە زەمەنێکدا سەری هەڵدا و خەونی ڕژێمی داگیرکەری ئێرانی لە گۆڕ خست کە دەیانگوت بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەرەوەپیریی مردن چووە.

## بەشی دووەم: بەسەرهاتی جەنگاوەرێک

هەرچەند ناتوانم ئەوەی لە دڵمدایە بە تەواوی بینوسم و بیخوێنمەوە بەڵام دەمەوێ لەسەرڕا بەسەرهاتی خۆم کەمێک یادداشت کەم.

لە تەمەنی یەک ساڵیدا :باوکم فەوتی کرد، و لە تەمەنی پێنج یا شەش ساڵیدا: دایکیشم بە ڕەحمەت چوو و بێ دایک و باوک کەوتمە دنیایێکی بەدبەختی و سەر لێ شێواوی. نەمدەزانی ژیان چییە و چۆنە. پێم وا بوو بۆ ژیان و زیندەگی دەبێ لە ناو باوەشی گەرمی دایک و باب و لە ناو ناز و نیعمەتدا و لە وڵاتێکی تێرو تۆخ و لە وڵاتێ ئازاددا ژیان بەسەر ببەین. بەڵام دیم وا نییە ژیان. لە وڵاتێکی خەفەقان و پڕ زوڵم و زۆر دا ژیان بەسەر دەبەین. زوڵم و زۆر لە ڕادەبەدەر بوو. تەمەنم بە دوازدە سێزدە ساڵی گەیی، لە دڵی خۆمدا سەرم دێناو دەبرد دەمگوت خودایە دەبێ چۆن ئەو هەموو زوڵم و زۆرە لە ناو بچێ دەبێ کەس بتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرە بوەستێ؟ بۆخۆم بە خۆم گوت بەڵێ، ئەگەر خەڵک یەکگرتوو بێ دەتوانێ زوڵم و زۆر لە ناو بەرێ. زۆرم سەر دێناو دەبرد، بەڵام کەس نەبوو بە من بڵێ وەرە بەو ڕێگایەدا بڕۆین. شەوێک لە بناویلی کوردان لە ماڵی حاجی محەمەدی مامم بووم. لە پڕ پۆلێک چەکدار وەژوور کەوتن. زۆر ترسام؛ لە دڵی خۆمدا گوتم ئەوە حەتمەن خۆیان گۆڕیوە. سەربازگیری بوو، کاک ساڵەی برام سەرباز بوو؛ شەوانە خۆیان دەشاردەوە. دانیشتن و گوتیان حاجی نان و چامان بدەیە و نەفەرێکمان بۆ پەیدا کە ئەو نامەیە بەرێ بۆ هەنداوێ، کە وایان گوت دیسان لە دڵی خۆمدا گوتم خۆ ئەوە کوردن. مامە حاجیم گوتی: ئەم برازایەم نامەکە دەبا.

بەو شەوە نامەکەم برد و گەڕامەوە، دیم لەوێ نەمابوون.

بەیانی بە مامە حاجیمم گوت: مامە گیان ئەو چەکدارانە کێ بوون مامەم گوتی ڕۆڵە کارت چییە ئەوانە چەکدارن و خەڵکی وڵاتی خۆمانن.

دیسان کەوتمە خەیاڵاتەوە، خوایە چۆن پەیدایان کەم. زۆری پێ نەچوو خەبەر هات، لە ناو خەڵکدا باسیان بوو دەیانگوت بەخوا بەداخەوە ئەو نەفەرانە لە سورکێ کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر. دوبارە بە مامە حاجیم گوت: مامە گیان ئەوە کێن وا خەڵک باسیان دەکەن، گوتی: ئەوە هەمان چەکدارەکانی ئەو شەوە بوون کە تۆ نامەکەت بۆ بردن. بە داخەوە کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر لە سورکێ و ئەوانە بابە عەلی و بابە ڕەسوڵیان پێ دەگوتن. منیش لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ بەو جۆگە ئاوەدا بڕۆم هەتا دەگەمە سەرچاوەکەی. بیرم کردەوە کە من خزمم لە بەکرەجۆ هەن دەچم بۆ ئەوێ بەڵکو لەوێ پەیدایان کەم.

ڕۆیشــــتم، ئەو ڕۆژە بۆ شــەوێ چووم بۆ شاناخســێ بۆ ماڵــی حاجی عەلی ســۆفی شەریفی. بۆ سبەی شــەو چومە سەراومیراو. لەو دیوی گەمۆ ئێواریێ بوو، لەخۆوە ســەرم بــە ماڵێکدا کرد زۆریــان بەخێر هێنام. کاک محەمەد لێی پرســیم خەڵکــی کوێی: گۆتم خەڵکی بانــە زێرێم، خزممان لە بەکرە جۆی هەن دەچم بــۆ لای ئەوان؛ نابێ لادەم دەبێ بەیانی بەرێم کەی.

نــان و چــای بەیانیمــان خــوارد و دو پێشــمەرگە بانگیــان کردم وەرە بــا برۆین، خواحافیزیــم کــرد و کەوتینــە ڕێ. لە دڵی خۆمدا گوتم خوا شــوکر ئەوەی من دەمەوێ پێی گەیشــتم. نزیک بوینەوە لە کورەداوی. گرمەگرمێــک لە گوێم دەهــات هەر بۆ ئەم لا و لام دەڕوانــی، گوتیان ئەوە ڕۆڵە لە چی دەڕوانی؟ گوتم وەم زانی تەیارەیە، گوتیان نە، نە تەیارە و نە سەیارە.

ئــەوە ئێزگەی شۆرشــە، چوین بۆ مەقەڕ لێیان پرســیم بۆ چی دەچی بــۆ بەکرەجۆ، گوتم خزمم لەوێن، دیسان لە دڵی خۆمدا لە خۆشــییان حاڵم نەبوو دەمگوت ئەوەی من لێی دەگەڕام پێی گەیشــتم، سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە.

ڕۆژێک بەیانی پۆلێــک منداڵ لەناو دێ هاتنە خواریێ، بۆ یاری کردن منیش ڕۆیشتم بۆلای ئەوان، لەپڕ بانگیان کردمەوە منیش بە دڵ شــکاوی گەڕامەوە، گوتیان ئەوە بۆ کوێ دەچــووی؟ گوتم بۆلای ئەو مندالانە بۆ یاری کردن دەچم.

(گوتیان) ئەتۆ لێرە سجنی یاری چی. لە جوابدا گوتم دەی باشــە تفەنگم بدەنێ هەر لێرە دەبم ناڕۆم. نەمدەزانی ســجن یانی چی! زۆر باشە تفەنگت بدەینێ بۆ شای بەریەوە؟

گوتم نەوەڵڵا هەر لای ئێوە دەبم. گوتیان باشە لەم وڵاتە کێ دەناسی؟

مەلا شەریف لەمرانێ دەناسم. گوتیان دە باشە بڕو بۆلای ئەگەر کەفیلی کردی وەرەوە تفەنگت دەدەینێ.

بۆ شــەو چوم بۆلای مەلا شەریف. گوتم مامۆستا هاتووم دەبێ کەفیلم بی لە کورەداوی تفەنگم بدەنێ. لــە جوابدا گوتی ڕۆڵە ناتوانم. وازم لــێ نەهێنا، ناچــار گوتی بەیانی بچۆ بۆ بێورێ بپرسە بڵێ میرزا ئەحمەد یان کوێخا کەریــم لێرەیە؟ ئەوان لــەوێ نەبوون بچۆ بۆ باســنێ بڵێ کاک محەمەد لێرەیە و ئەگەر ئەویش لەوێ نەبوو بچۆ بۆ سورەدزێ بۆ لای مامۆســتا مەلا ڕەحیم، بیرم کردەوە مامۆستا مــەلا ڕەحیم دۆڵەرزنێیە، یەکســەر چووم بۆ وێ لــە بەردەرگای مزگەوتەکە پۆلێک پیاوی لێ وەســتابوون ســڵاوم کــرد؛ و گوتم ماڵی مامۆســتای کامەیە؟ گوتیان بۆ چیتە، گوتم: خزممانە.

گوتیان ئەوە ماڵەکەیانە ســەرم بە ژوورێدا کرد و ســڵاوم کــرد لە دایکی. مامۆســتا و مەلاژن ماچیان کــردم و گۆتیان عەبلا چۆن ئێرەت زانی. گوتم پێیان گوتم. ئەی مامۆستا لــە کوێیە، لە دێــرێ ژورەوە. چــوم بۆ وێ گوتیان ئەوە لەدێرێ خوارەوە. لەوێ پرسیم و گوتیان ئەوە لە ئاوەزێیە. چووم بۆ ئەوێ، لەبەر



عەبدوڵلا کەریمزادە لە ڕیزی خەبات بەردەوام دەبێت ▲

مالآن که ڕوانیم مامۆستا له سەربانی ماڵی وەستا کەریمی نەجار قەدەمی لێدەدا کە منی دی زەردەخەنەی کرد چووم بۆلای، سڵاوم لێ کرد و دەستم ماچ کرد، فرمووی عەبدوڵڵا ڕۆڵە چۆنت زانی من لێرەم؟ جوابم داوە: لەدواییدا گوتی وەستا کەریم میوانم هەیە دەڕۆمەوە، ماوەی یەک مانگ لای مامەوە لە دوایەدا نامەیێکی نووسی و فەرمووی ئەم نامە بەرە بۆ گۆڵێ، بۆ مامۆستا مەلا حەسەن، بەڵام دەبێ بۆ ماوەی دە ڕۆژ بێیەوە. نامەکەم برد و گەڕامەوە بۆ لای. مانگی ڕەمەزانێ بوو. دوای جێژنێ نامەیێکی نووسی و لێی پرسیم لای ئێوە کوێ بەناوبانگی لێیە. گۆتم جاتراوی پشتی هەورازە و بێکەژ، بەشی بانەزێڕێ ئاڵ یاز. فەرموی بڕۆرەوە بەڵام مانگی جارێک یان دو مانگ جارێک سەرم لێ بدە. بەڵام نامەکەی نەدامێ هەر بە خۆی بوو. ماوەی ساڵێک یا دو ساڵ دەچووم بۆ لای، کەرەتی ئاخری نامەیێکی دامێ بۆ دۆستێکی خۆی. نامەکەم برد و گەڕامەوە بۆلای بەڵام چاوم پێی نەکەوت. دایکی مامۆستا بە گریانەوە گوتی ڕۆڵە هەتا زووە بگەڕێوە ئەو بەری، مامۆستا شۆڕش گرتی. منیش بە خەفەتباری گەڕامەوە بەڵام مامۆستا لە مەنتەقەی بانە و سەردەشت و ڕەبەت ئەندامانی حیزبی پێ ناساندبووم؛ لە گەڕانەوەمدا لەگەڵ ئەوان پەیوەندیم بەست. ئەوەبوو لە پایزی چل و شەشدا هێواش هێواش کار و فەعالیەتی سیاسی دەستی پێ کرد و کەوتە کار. ئاوا بوو کە لە پایزی ساڵی چل و شەشدا پێشمەرگە نەبەز و قارەمانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامان و کادرانی سیاسی بە ئاشکرا کەوتنە ناو مەنتەقە و بە ئاشکرا دەست بە کاری سیاسی کرا. هەر بۆیە ڕژیمی شا بەتەواوی تۆقاو و کەوتە دڵە لەرزە و پەلەقاژە و گرتن و ئەزیەت و ئازاری خەڵکی بێ دیفاع و چەک بە زۆر بەسەردا سەپاندنی خەڵک تا بتوانێ گڕی ئاگری دڵی خەڵک خامۆش کا، بەڵام جووڵانەوەی دوازدەی بانەمەڕی بەهاری ساڵی ١٣۴۶ و هاوین و پایزی ساڵی ١٣۴٧ شاهیدی ئەوەیە کە هیچ دوژمنێکی گەلی کورد ناتوانێ گەلی کورد بە چۆکدا بێنێ.

شا وایزانی بە شەهید بوونی کاک ئیسماعیلی شەریفزادە و کاک محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ و کاک عەلی دادخا، عەلی عەبدوڵڵا کۆڵ، کاک حسینی ڕەحمان ڕابی، کاک فایەقی موعینی، کاک خەلیل شەوباش، مامۆستا ئاوارە، مەلا کەچە، کاک موراد شیرێژ، مەلا مەحمودی زەنگەنە، کاک عەبدوڵڵای موعینی، مینە شەم، کاک حەسەن خورخورەیی و هەموو شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چەند شەهیدی دی لەوە پێش، پێی وابوو سەدای سیاسی و خەباتی گەلی کوردی خامۆش کردوە. نەیزانی ئاگرێکە لە ناو دڵی خەڵکدا هەر بڵێسەی هەیە و ئاکامیشی هەر ئەوە بوو کە بە بڵێسەی ئەو ئاگرە سووتا، سڵاو لە هەموو شەهیدان و لە بنەماڵەی هەموو شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران...

ئەوەڵ شەڕمان شەڕی ١٢ی بانەمەڕی بەهاری ساڵی ۴٧ بوو لە چەمی ئەحمەدخانداڵان و گاوەڕۆ، لە بەر ماڵی دارێنەی ژورو و لە بەر ماڵی هەڵۆ پەڕشە، ئەو چەمە پردێکی لە سەرە بەناوی پردی مەلا عەزیز، ئاوی ئەو چەمە سەرچاوەکەی لە کۆێستانی مەیدانان، پشت ماڵی نجنەی ژوورو، و مەری جەڵەن، شێنان و کەشنێ سەر چاوە دەگرێ و لەگەڵ چۆمی سوتوو و بەردەڕەش لە خوار شاخی بەردە زەردی، لە مابەینی دارێنەی خواروو و بانەزێڕ، یەک دەگرنەوە دەڕژێنە ناو گۆمەشین.

دوهەم شەڕمان شەڕی قالوێ بو، لە دوهەم مانگی بەهاری ساڵی ١٣۴٧کە لەو شەڕەدا کاک عەبدوڵڵا موعینی و مینە شەم، شەهید بوون، و کاک حەسەن خورخورەی بەدیل گیرا و لە دوای ماوەیێک ئیعدام کرا.

شەڕی سێیەم لە دێی سورەبان لە ناوچەی سەردەشــت بوو. لەو شەڕەدا نەفەراتی زۆر لە دوژمن کوژران لە جاشەکان، پێشمەرگەیێکی قارەمان بە ناوی کاک مەحەممەدی ڕەسوومەرە شــەهید بوو و برینداریکمــان بەناوی کاک مەحەممەدی شخەڵی بە توندی بریندار بوو.

چوارەم شەڕمان، شەڕی کێو هۆمل پشت ماڵی شــڵماش بــوو. لەو شــەڕەدا نەفەراتی زۆر لــە جاشــەکانی ڕەیس چیچــۆ کوژران. پێشــمەرگەیێک بەناوی کاک سەلیم کە ناو ئەســلی عەبدوڵڵا گروێ بوو، خەڵکی ناوچەی ڕەبەت بوو، چاوێکی بریندار بوو.

پێنجم شەڕمان شــەڕی شاخی خاڵەباد، پشــت مێرگەتێکێ بوو لــە ناوچەی ڕەبەت، لــەو شــەڕەدا برینداریکمان بەنــاوی کاک حەســەن ئەلیاســی خەڵکی گوندی وەرگێڵ بوو. بەداخەوە ئەویش لەگەڵ پێشمەرگەیێکی قارەمــان بەناوی قەرەنــی، خەڵکی ناوچەی سەردەشــت بوو لە چیای ســورداش شەهید بون. لــە دوای شــەڕی خاڵەباد لــە پایزی ســاڵی ١٣٤٧ دا دو پێشمەرگەی قارەمان بە ناوەکانی کاک حوسەین خاتوون و حاجی، لە لای زستان شەهید بون.

شەڕی سورەبان، شــەری هومل، شەڕی خاڵەبــاد، لە پایزی ســاڵی ١٣٤٧ دا بوو کە مەســئولی بەرزمان ماموســتا قادر شەریف بوو. کە لە مزگەوتی مەزاتخانەکەی ســلێنی بە نارنجۆک شــەهیدیان کرد. کاوە مارەغانی لــە مەقەری قــەڵادزێ بەهۆی  دەســت و پێوەندیەکانــی  ڕێژیمی شــا شــەهید بوو. ماموســتای پایەبەرز، ماموستا مەلا ڕەحیمی وێردیش، لە ڕێی تەوێڵە بۆ ئێران شەهید کرا.

کاک فایەقــی موعینــی، لەگــەڵ کاک خەلیل شەوباش لە کوردستانی ئێراق شەهید کران. شــەهید ســاڵح لاجانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە دەستگیر کراون. ئەوانیش ئیعدام کران.

لە ساڵی ٥٢دا کاک محەممەدی ڕەمەزانی ڕژێمی شــا ئێعدامی کرد. لە ساڵی ٥٢ مەلا قادری وێردی لە بانــە بەهۆی چڵکاوخۆرانی ڕژێمی شــا لە ماڵی عومەری خەیات شەهید کــرا. کاک عەزیــزی مســتەفازادە لەگــەڵ مەحەممەد سەدیق لە سنە ئیعدام کران. کاک عوســمانی کەریمی لە ســاڵی ٥٨ لە شەڕی ســێ مانگەدا لە نەغەدە شــەهید کرا. کاک کامیلی قازی زادە لە ســورکێو لە ژێر بەفر و سەرما شەهید بوو.

خوێنــی ڕژاوی شــەهید پێشــەوا قــازی، دوکتۆر قاســملوو، دوکتۆر ســادقی شــەرەفکەندی، ماموســتا مــەلا ڕەحیــم وێردی، مەحەممەدی ڕەمەزانی، ئیســماعیلی شــەریفزادە، مەحەمــەدی ئەســتی مەنگور، عەلــی دادخا، حوســەینی ڕەحمــان ڕابی، کاک فایەقــی موعینــی، خەلیل شــەوباش، عەبدوڵڵای موعینی، حەســەن خورخورەی، حوســەین خاتون، حاجیلە مینەشــەم، مەلا مەحمــودی زەنگەنە، موراد شــیرێژ، ســاڵح لاجانی، و هاوڕێیانی ماموســتا ئــاوارە، مەلا کەچە، مەحەممەدی ڕەســوە مەرە، شەهیدانی نیروان، عومــەری ڕەحیمــی، عێزەتی مینە بەگ، ناسری ڕەســوڵی، ڕەحمانی مەولودی، عەلی ڕەش، حەســەن دیمۆکرات، ئەحمەدی مچە شــوان، ماموستا مەلا برایمی حیکمەت، وەســتا محەممەدی عەمار، خوێنی ڕژاوی ئەو هەموو شەهیدانە و تەواوی شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و خوێنی ڕژاوی گەلی کورد و گەلانــی ئێران دەبێتە دەریای بێ بن کە تەواوی دوژمنانی گەلی کورد تێیدا قــوم دەبن، هەر وەک ماموســتا مەلا ڕەحیم فەرمووی نەخۆش دەبین بەڵام نامرین، ڕەوتی مێژوو بەرەو پێش دەڕوا.

## بەشی سێیەم: ئیســمائیل شەریفزادە و هاوڕێیانی چۆن شەهید بوون؟

عەبدوڵڵا کەریمزادە لە ســەردەمی شۆڕشــی ٤٦-٤٧ ناسراوە بە ئاڵیاز و ئاڵیاز ئەو چەمەیە

که لــە دارێنەوە بــەرەو سەردەشــت دەڕوا و لە گۆمەشــین چەمی سەردەشــت و ئاڵیاز تێکــەڵ دەبنەوە و لەوێوە بەرەو ئاڵۆت دەڕۆن و دەرژێنــە بەنداوی دووکانەوە. ئــەو نازناوە لەلایەن شەهید مەلا ڕەحیم وەردی بۆ کاک عەبدوڵڵا دیاری کراوە.

با پێش هەمووشتێک ئەوەتان عەرز بکەم کە هەدەف لــەوەی مامۆســتا عەزیز (ناوی خوازراوی ســمکۆ شەریفزادە) و هاوڕێیانی تر گەڕابوونــەوە ئەوە بوو کە چالاکیی سیاســی بکەن، ئێمە بە دێهاتاندا دەگەڕاین و قسەمان بۆ خەڵک دەکرد. مەلا عەزیز خۆی قســەی دەکرد.

نازانــم چۆن باســی مەلا عەزیــز بکەم ڕاســتییەکەی. ئەمن ناتوانم بە هیچ لەونێک لەســەر ماهیەتی مــەلا عەزیز قســە بکەم، ئینسانێکی هەتا بڵێی سەوادار، میللەتپەروەر، جوانچاک و حیزبی بوو.

مەلا عەزیــز کە باســی لەگەڵ خەڵک دەکــرد زیاتــر لەســەر مەســەلەی چینی زەحمەتکێــش و هەژار و فەقیر قســەی بۆ خەڵــک دەکــرد. دەچووینە ســەر مووچەی کابرای دروێنەوان و قســەمان لەگەڵ دەکرد. ئــەو کابرایە زۆربەی جار یەکەم جار بوو مەلا عەزیزی دەدیت و بەڵام هەمیشــە بە ئاواتەوە بوو، جارێکی تر بیبینێتەوە. چونکە مەلا عەزیز بە زمانێک قســەی لەگەڵ ئەو خەڵکە دەکرد کە زمانــی خەڵک بوو؛ یانــی وەکوو ئەوەی بڵێین بە دەســتی بیخاتە نــاو دڵی خەڵکەوە ئاوا بوو؛ بە شــێوە و بە زمانی خۆیان قسەی لەگەڵ کابرای کەشاوەرز دەکرد، یانی دەیزانی چۆن ئەو خەڵکە لــە دەردی چینی هەژار و زەحمەتکێشی حالی بکات.

ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕاین کە تەشــکیلاتی حیزب زیندوو بکەینــەوە بۆ ئەوە دەگەڕاین، کە بە خەڵک بڵێین کــە حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران کێیە؟ چــون ئێمەمانان نەماندەزانــی کە حیزبی دێموکــرات کێیە؟ ئیللا ئــەو قەدیمیانەی کــە زەمانی کۆماری کوردستانیان دیبوو، خۆ ئەوانیش نەیاندەوێرا لای باوکیشــیان باسی ئەوە بکەن کە حیزب هەبــووە کورد کێیە و هەر لــە دڵی خۆیاندا هەڵیان دەگرت.

ئەمن لە شەمۆڵە [گوندێکی بانەیە] چەکی پێشمەرگایەتیم هەڵگرت. ئێمە دەگەڕاین بە گوندەکانــدا. ئێمە لە مەنتیقــەی بانە بووین، مامۆستا مەلا ئاوارە لە مەنتیقەی سەردەشت بوو، مامۆســتا مەلا مەحموود زەنگەنە، ساڵح لاجانی و مراد شیرێژ لە مەنتیقەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ، شنۆ و خانێ و لەو ناوە دەبوون.

مامۆستا قادر شــەریف ئێستا نەهاتبۆووە دیوی خۆمــان و کاک فایق و کاک عەبدوڵڵا موعینی ئەوان بــرا بوون ئەوان لە مەنتیقەی بۆکان و مەهاباد و ئەو ناوە بوون.

جــاری وابــوو دەگەڕاین یەکتریشــمان دەگرتــەوە و ئێمە بەدوای کاری سیاســی و فەعالییەتی سیاســییەوە بووین و خەڵکمان کــۆ دەکردەوە لــە مزگەوتەکان و قســەمان بۆ دەکردن. خەڵکی ئــەو دەمە دەتوانم بڵێم بەحەدێک ئەو خەڵکە دڵســۆز و دڵپاک بوو، دەرهەق بە پێشمەرگە نەبێتەوە. ئیللا ئەوانەی کە بە ڕەسمی لەگەڵ ساواک بوون. ئەوە نەبێت کەس خیانەتی پێ نەکردین؛ چون ئێمە هەر شــوێنێک دەچووین، ئیتر لە دوای ئێمە هیچ بۆ خەڵکەکە ڕووی نــەدەدا [لە کۆنەوە پاش ڕۆیشــتنی پێشــمەرگە، ئەو بنەماڵانەی کە شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەکان بوون، لە لایەن داگیرکەرانەوە ئــازار و ئەزیەت دراون و دەستبەســەرکراون] بە ڕاســتی خەڵکەکە دڵســۆز بوون. خەڵکەکە تامــەزرۆی ئەوە بوو کە کەسێک ببێت، بەناوی حیزبی دێموکرات، بەناوی چینی زەحمەتکێش قسەیان بۆ بکات و لەســەریان وەجواب بێت. زولم و زۆرەکە لە حەد بەدەر بوو. خەڵکەکە جاڕز بوو، جا ئەگەر چەکدارێکی ئاوا چووبانایە و قسەیان بۆ کابرا بکردبایە لە ماڵێک دانیشتبانایە پیرو جەوانی

ئەو دێیە کۆدەبوونەوە هەتا ئەو کەسە قسەیان بۆ بکات.

کاتێکـــی ئێمە لـــە مەنتیقـــە دەگەڕاین ڕەژیمی شـــا دەچوو، بە خەڵکەکەی دەگوت ئەوانە چەتەن، دیارە بە دەســـتەی پیاوەکانی خۆی ساواک لێرە و لەوێ بڵاوی دەکردوە کە بەلێ «جەماعەتێک چەتە» دەگەڕێن.

پاشـــان ڕەژیم بەوەش ڕازی نەبوو دەچوو ڕیـــش ســـپی و حاجییەکانـــی دێیەکانی کۆ دەکـــردەوە و ســـوێند و تەڵاقـــی دەدان کە ئەگەر کەســـێکی ناشناســـیان دیت خەبەری لێ بدەن و پاشـــان هەوڵی دا چەک بەســـەر خەڵکدا داســـەپێنێ و خەڵک چەکدار بکات و خەڵک زۆر بە کەمی ملی بەو شـــتەداکرد. دیارە ساواک ئەو کارانەی بەیارمەتیی کەسانی سەر بە خۆی دەکرد.


بـــەڵام ئێمـــە چۆن لـــە چەمـــی دارێنە دەرگیربووین؟

ئێمە کە لـــە مەنتیقە بووین، کەرەتێک کاک فایـــەق و کاک خەلیـــل شـــەوباش و کاک محەمەدئەمینی سیراجی کۆمەکیان هێنا. چ بوو؟! لیباس و جامەدانە و شـــتوومەکی وەک ڕەخت و فیشـــەکدان بوو. هێنایان لە دیوی گەورکان [ناوچەیەکی شـــاخاوییە، دەکەوێتە نێوان سەردەشـــت، بۆکان ،سەقز و مهاباد کە عەشـــیرەتی گەورک لـــەو ناوچەیە دەژین و ٤٠٠ گوندێک لەخـــۆ دەگرێت] هەموومانیان کۆ کردەوە و دایانینێ.

کاک ســـولەیمان موعینی و کاک خەلیل مســـتەفازادەی بانـــە [خەلیـــل شـــەوباش] کۆمەکێکـــی تریان هێنابوو نەگەیشـــتە ئێمە نەمانزانی ئایا چەکە؟! ئایا پووڵە؟! ئایا چییە؟

ئەوان چووبوون کۆمەکەکەیان هێنابوو. لە کوێیان هێنابوو نازانم، گەڕابوونەوە ســـلێمانی لە ســـلێمانی کاک فایەق دەچێتە مالی قالە تەگەرانی کە بەقسە دۆستی سەمیمیی کاک فایەق بوو.

هـــەر ئـــەو شـــەوی کـــە کاک فایەق و



کاک خەلیل دەگەنە ســـلێمانی، کاک فایەق نامەیـــەک دەنوســـێ بۆ شـــەریفزادە و کاک عەبدوڵـــڵای بـــرای، ئێمە لە ســـووتووی بانە بوویـــن، نامەکەمان پێ گەیی لـــە نامەکەدا کاک فایەق نوسیبووی کە ئێمە ئەوە میوانی قالە تەگەرانین، لە ســـلێمانی، بۆ ســـبەی بە پیرمانـــەوە وەرن لە ســـوورکێو و لە گوندی دونێزی پشـــتی کانی برایم کە لەوێ یەکتر دەگرینەوە.

ئەو جـــار کەوتینە تەگبیر کە کێ بچێ؟! کێ نەچێ؟! لەوێ ئەو جەماعەتی کە خەڵکی بانە بوون و شارەزاتر بوون لە هەموو شوێنێکی

بانە، شەریفزادە گوتی ئێمە دەچین.

ئێمە کێ بوون؟ سمکۆ شەریفزادە، ئەمن [ئاڵیاز]، محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ خەڵکی شاتمانی سەردەشت، ئەو برادەرە تفەنگ ساز بوو. عەلی عەبدوڵڵا کۆلی خەڵکی مرانێ، ئەوە گوندەی بن ڕەبەتێ، لەگەڵ حوسێنی ڕەحمان ڕابی مەریجەڵان [مەریجەڵان گوندی بانەیە دەکەوێتە نێوان بانە و سەردەشت]. کوێخا شەریفی کێلەشینی میرەدێ، محەمەدێکمان لەگەڵ بوو یان زاوای بوو یان ژن برای کوێخا شەریف، خەڵکی سەقز بوو ئەو محەمەدە هیچ چەکێکی پێ نەبوو. قەراربوو تفەنگی بۆ پەیدا بکەین.

لەگەڵ مچە قەشکێن، ئەو مچە قەشکێنەم نەدەناسی [مەبەستی ئەوەیە نەیدەزانی خەڵکی کوێی کوردستانە و چ کەسێکە].

جەماعەتەکەی تر یانی کاک عەبدوڵڵا موعینی، مینەشەم و پێشمەرگەکانی تر دەگەڕانەوە بۆ بەری گەورکایەتی ، جا ئێمەش ئەو شەوە پاش تەگبیر و بۆ بەیانی هاتینە شاخی هەڵۆیان و نان و چای بەیانیمان خوارد و بۆ شەوێ چووینە دارێنەی ژووروو. لە دارێنە نان و چامان خوارد و چووین لە مزگەوتێ قسەمان بۆ خەڵک کرد و چووین لە مالی کوێخا حوسێنی دارێنە بخەوین ، خەڵک لە ماڵی کوێخا حوسێن لێمان کۆبوونەوە لەو ماڵە ئێمە بە هیوا بووین چەند سەعاتێک بخەوین و شەوێ سەعات سێ وەرێ بکەوین.

وەختێ جێگایان بۆ ڕاخستین بخەوین شەریفزادە گوتی: با کوێخا شەریف نیگابان بێت، ئەمن گوتم با ئەو نەچێ ئەمن دەچم، کوێخا شەریف لە عێراق بوو ئەو سێ کەسی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ناو ئێمە، محەمەدی خزمی و مچە قەشکێن و حوسێنی ڕەحمان ڕابی.

ئەوانە هەموویان لە عێراقەوە، پێکەوە کاریان دەکرد. کوێخا شەریف ئەو کاتی شەڕی چەمی دارێنە ڕوویدا، دوو مانگ بوو لەگەڵ ئێمە بوو، جا بە هۆی هێندێ پیاوی ساواک کە ئاغای گوندەکانی سەر سنوور بوون، کوێخا شەریفی لە لایان ساواکەوە، ڕێکخرابوو کە بێتە نێو پێشمەرگە و لەوێ چی پێ دەکرێ لەگەڵ ئێمەی بکات.

کوێخا شەریف خەڵکی کێلەشینی میرەدێ [گوندێکی گەورەی نێوان بانە و سەقزە] بوو، ئەویش ئەو سێ نەفەری پەیدا کردبوو، حوسێن ڕەحمان ڕابی، محەمەدی خزمی. حوسین چووبوو مچە قەشکێنی پەیدا کردبوو ئیتر پاش ئەوەی ساز دەبن، دێ بەدێ دەگەڕێن بە شوێن ئێمەدا.

ئێمە لە بانەزێڕێ بووین، کابرایەک هات گوتی وەڵاهی جەماعەتێک پێشمەرگە لە ئێوە دەگەڕێن ئەوە لە کاولانن بەری هەورازان. ئێمەش گوتمان بچۆ بیانهێنە بۆ ئێرە، ئێمە کەسمان پێ شک نەدەهات کە پێشمەرگە بێت و لەو ناوچەیە بێت، کە هاتنە لای ئێمە، کوێخا شەریف و ئەو سێ کەسە بوون. شەریفزادە گوتی کاکە ئێمە ئەوانە ناناسین و دەبێ هەر کەس لەبەر خۆیەوە چاوی بەسەریانەوە بێت و بزانێ کێن و چ کارەن؟

لەو جەماعەتە تەنیا کوێخا شەریف و محەمەد ئاگاداری داوای ساواک بوون. ئەو دو کەسەی تر ئاگادار نەبوون. ئیتر لە پاش ئەو ڕۆژە هەتا ئەو شەوەی کە چووینە دارێنەی ژووروو، ئەو جەماعەتەمان لەگەڵ بوون.

ژوورەکەی کە لە دارێنە ئێمە لەوێ بوین بانیژەیەکی هەبوو کە دوو پەنجەرە لەو ژوورەوە، دەچووە سەر بانیژەکە. شەریفزادە گوتی کوێخا شەریف تۆ بچۆ ببە بە نیگابان، کە کوێخا شەریف چوو، من گوتم شەریفزادە با کوێخا شەریف نەچێ گوتی: لێگەڕێ با ئەو بچێ هەتا نیگابانییەکەی تەواو دەبێ ئێمە ناخەوین ئەگەر تەواو بوو ئەوە خۆمان دەچین نیگابان دەبین.

ئەمن هەر لەســەری ڕۆشتم و شەریفزادە لێم توورە بوو گوتی: عەبدوڵڵا دەڵێی دەترسی؟!

گوتــم: ئا دەترســم. ڕاســتە تــۆ لە من بەڵەدتری بەڵام منیش خەڵکی ئەو ناوچەیەم و هەموو بنکە داری ئێرە دەناسم، ئەوە پاسگای وەرواوێ، ئەوە ســیاوەمەیە، ئــەوە بنژاژوو و ورچەکە، ئەوە ئاڵۆتە، لێرە بە پشتەوە دۆڵەزنە، ئەوە مەریجەڵانە، لەو لامانەوە دارساوێنە ئەو شوێنانە هەموو پایەگای نیزامی لێ بوو.

ئێمە پێخەف و جێگامان بۆ ڕاخرابوو ئەو قسانەمان لەسەر پێخەفەکان دەکرد گوتم بۆ ئەوە نابێ کوێخا شەریف نیگابان بێت.

بەڵام شەریفزادە گوتی: نا ئێمە ناخەوین ئەو نیگابانییەکەی تــەواو دەبێت و ئەو کات یەکێکمــان نیگابــان دەبیــن ئەمــن گوتم: شــەریفزادە ئەمن هەمــووی نیگبانییەکەی دەکێشم، گوتی: نابێ دەبێ بە نۆرە بێ.

ئیتر بەدەم قســەوە خەومــان لێکەوت. پاشــان کە کوێخا شــەریف لە پەنجەرەکەوە زەینــی دابوویــە و زانیبــووی کــە ئێمــە خەوتوویــن، لەبانیژەکەوە و بــە دەلاقەکەدا تەقەی لە شــەریفزادە کرد، فیشــەکەکە بەر محەمــەدی ئەســتێ مەنگوڕ کــەوت ئەو لە تەنیشــت شــەریفزادەوە خەوتبوو. محەمەد لەســەر تەنیشــت خەتبــوو و گوللــەکە لە کەلەکەی لای ڕاستی کەوتبوو و پاش ئەوەی لە کەلەکەی دەرچوبوو بە دەســتی چەپیشی کەتبوو چون دەســتی بن ســەری دابوو بە تەقەکــە خەبەرمان بۆوە ، دەرپەرینە دەرێ ، خۆ کەس نەمابوو ، شــەریفزادە گوتی : ئەوە کوێخا شەریف بووە.

کوێخا شــەریف ئەو فیشەکەی تەقاندبوو و هەڵاتبوو چووبوو، خــۆی تەحویلی پاژگای ســێلمێ دابوو، لەوێ گوتبــووی کە ئەمن لە ماڵی کوێخا حوســین لە دارێنەی ژووروو، ٥ پێشمەرگەم کوشتووە.

پــاش تەقەکــە ئێمە هەســتاین بڕۆین. محەمەد، چون برینــدار بوو کەرێکمان پەیدا کــرد و محەمەدمان ســوار کــرد. هەر ٥٠ میترێک دەبوو لە دێیەکــە دوور کەوتینەوە، کە محەمەد گوتــی: کاکە ئەمن هیچم نییە، لێمگەڕێــن بۆخــۆم دەڕۆم و وڵاغــم ناوێ، محەمەد گەرمە برین بوو کەرمان بەرەو ماڵی ساحەبی داکردەوە و محەمەد بە پێیان لەگەڵ ئێمەوە وەڕێ کەوت. لە مەودای تەقەکە هەتا ئەوەی ســازبووین لە دێی دارێنە بێینەدەرێ، مچە قەشــکێن هەلی پەیدا کردبوو هەڵاتبوو. مچە دەمانچەیەکی خۆی پێ بوو ئەو شــەوە پاش تەقەکە گوم بوو ئیتر نەمزانی چی بەسەر هاتووە. ئەوەیش نەمابوو، ئێســتا مابووین من، مەلا عەزیز، محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ، عەلی عەبدوڵڵا کــۆڵ و ڕەحمان حوســێن ڕابی و محەمەدی خزمی کوێخا شەریف.

هێندێ ڕۆیشــتین و محەمەدی ئەستێ مەنگــوڕ وردە وردە پێی شــل بوو. تفەنگ و فیشــەکدانمان لــێ وەرگــرت. هێندێک تر ڕۆیشــتن محەمەد تەواو شل بوو. نەیدەتوانی ڕێ ببــڕێ. ئیتر ناچار بــە کۆڵێ هەڵمانگرت گەیشتینە شیوێک، گوتم لێرە دەبین جارێ. ســارد بوو؛ هێنــدێ پووشــیان هێنا کۆمان کــردەوە و ئاوریان تێ بەردا؛ ئەمن زۆریشــم گوت ئاوری تێ بەرمەدەن جوابیان نەداومەوە، بە قەراغ ئاورەکەوە، شــەریفزادە و محەمەدی خزمی کوێخا شەریف وحوسین ڕەحمان ڕابی و عەلی عەبدوڵڵا کۆڵ خەویان لێکەوت.

کاتێ ئــەو هاوڕێیانە خەویــان لێکەوت، محەمەدی ئەســتێ مەنگوڕ کــە بریندار بوو داوای ئاوی کرد، منیش زۆر گەڕام لە شیوێک ئەولاتر ئاوێکــم دۆزیــەوە. هێندێکم هێنا و گەیشــتمەوە لای محەمەد. دەسماڵێکم بەو ئاوە تەڕ دەکرد و بــە لێوی محەمەدم دادێنا لەو کاتەدا محەمەدی خزمی کوێخا شــەریف خەبەری بــۆوە، گوتی: ئەو ئــاوەت لە کوێ هێنا، منیش گوتم لەو شــیوەی پشتەوە، وەڵا هەستا ڕۆی ڕوو بە شیوەکە، گوتی دەچم ئاو دەخۆمەوە.

پاش قەدرێک حوسێنی ڕەحمان ڕابی خەبەری بۆوە.

ـ گوتی: ئەوە محەمەد چی لێهات

ـ گوتم: چووە ئاو بخوا

ـ گوتی: بەزاتی خودا ڕۆیوە.

ئیتر چووین بە دوایدا کە چووین محەمەد نەمابوو.

ئەو جارە شەریفزادە لە حوسێنی ڕەحمان ڕابی کەوتە شک. چون حوسێن لەگەڵ ئەوان هاتبوو. شەریفزادە دەستی لەسەر شانی حوسێن داناو گوتی: کاکە حوسێن هەرچی لە دڵدایە تۆ گیانی ئەولادت، هیچ مەکە و بڕۆ، ئێمەش کارمان پێت نییە.

حوسێن چاوی پڕ بوو لە ئاو و فرمێسک بە چاویدا هاتەخوارێ گوتی: مەلا عەزیز ئەو حەیفە ئەمن دەکوژێ کە لەگەڵ کوێخا شەریف هاتووم دەنا هەتا خوێنم لەگەڵ تۆ نەڕژێ دەستت لێ هەڵناگرم. ئەو جار هەستاین ڕێ کەوتین بۆ نێو چەمەکە. ئیتر ئەو چەند کەسە من، مەلا عەزیز، محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ کە بریندار بوو، حوسێنی ڕەحمان ڕابی و عەلی عەبدوڵلا کوڵ ماینەوە.

شەریفزادە گوتی: دەچینە ناو چەمەکە منیش: گوتم ناچینە ناو چۆمەکە دوور دەکەوینەوە بەرەوە شاخی هەڵۆیان. شەریفزادە فەرمووی نا ئێمە لێرە خۆ حەشار دەدەین، وادەزانن کە دوور کەوتووینەوە. من گوتم: کاکە ئەوانە دێن ئەو مەنیتقەیە هەمووی «کێو تەق دەکەن»[مەبەست گەڕان بە وردییە] جا ئەگەر کەس نەبینن دیارە ڕاست دێنە ئێرە و لێرە دەمانبینەوە. شەریفزادە فەرمووی: نا لێرە دەبین فکری ئەوەیان نییە ئاوا نزیک خۆ حەشاردەین.

بەهەرحاڵ چووینە چەمەکەوە و هەتا ئەوەمان کرد ڕۆژیش هەڵهات و وڵات ڕووناک بوو. نانمان پێ نەبوو دوو سێ کولێرەی جۆمان پێ بوو زۆریش برسیمان بوو بەڵام دەستمان بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت. سەعات لای ٨ی بەیانی بوو. ئێمە لەسەر ئاوەکە بوین قاچمان لە ئاوەکەدابوو دوربینێکمان پێ بوو هەر لە خۆرا سەیری ئەمبەر و ئەوبەرم دەکرد، سێ نەفەرم بەرچاو هاتن، تفەنگیان پێ بوو گوتم: مەلا عەزیز ئەوە جاشن!!!

مەلا عەزیز گوتی: ئەوە کوێرا تۆ جاشت پەیدا کرد؟ دوربینەکەی لێ وەرگرتم و خۆی سەیری کرد و گوتی: ئەرێ وەڵا عەبدوڵلا ئەوە جاشن.

لەو ماوەیەدا محەمەد کە بریندار ببوو بەحاڵ هۆشی هەبوو. جێگایەکمان بۆ سازکردبوو لەوێدا ڕامانکێشابوو. من گوتم هەستن با بڕۆین، شەریفزادە گوتی: ناڕۆین ئێرە باشترە، لێرە نامانبینن. ئەگەر بڕۆین تازە دەرەنگە و ڕەنگە ئاشکرا بین. دەبێ لێرە خۆمان حەشار دەین. ئیتر کەس هیچی نەگوت و لەوێ ماینەوە.

هێندەی پێ نەچوو لە هەردوو لاوە وەک خیز و خۆڵ گوللە بەسەرماندا هات. کە گوللە هات بەسەرماندا شەریفزادە و حوسێن پێکەوە، چوونە قووڵکەیەکەوە وەک قووڵکە خەڵووز بووبێت، پڕبووبێتەوە وابوو.

ئەمن و عەلیش لە جێی خۆمان نەجووڵاین، قاچمان لەنێو ئاوەکەدا بوو، ئیتر تەقە دەستی پێ کرد. ئەمن و عەلی ڕاستەوچەپ ڕاوەستاین؛ عەلی سەری لەبەری دارێنە بوو من سەرم لەبەری پەرشەی بوو. بییەک بەسەر ئاوەکەدا ڕووخابوو، عەلی سنگی دابووە سەری و تەقەی دەکرد. ئەمن هەر لە یەکەم دەسترێژی لێمان کرا، ڕانم گوللەی وێ کەوت؛ بەڵام هێسکی نەگرتبوو. هەر ئەوەندە شلکەی ڕانی ڕاستمی گرتبوو و دەرچووبوو. گوللەش کە وە خیز و بەردی چۆمی کەوتبو هەموو هەڵبەزیبۆوە وەک پریشکەی گوللە چۆنە ئاوا سمتم بە پریشکەی خیزەشینی چۆمی کون کون ببوو، خوێنی لەبەر دەڕۆیی. ئەمن تفەنگەکەم لە یەکەم تەقەدا گوللەی تێ گیرا و کاری

نەکـــرد. هێندەی خەریکـــی تفەنگەکە بووم، بـــۆم چاک نەبوو. بەڵام لەو کاتەدا محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ بە حاڵ هۆشی بوو کە ئەوەی دیت، گوتـــی عەبدوڵلا تـــۆ تفەنگەکەی من هەڵگرە و من تەفەنگەکـــەی ئەوم هەڵگرت، لەگەڵ تفەنگەکە دوو بەستەی فیشەکیش بۆ فڕێ دام کە پێم بێت.

لەو ئانوســـاتەدا عەلی بانگی کردم گوتی: عەبدوڵلا نەترسی نەڕۆی گوتم: بۆ کوێ دەڕۆم بەڵام برینـــدار بووم. گوتـــی: کوێتی گرتووە. گوتم: هیچ نییە بەو خیزە شینە بریندار بووم. عەلی تفەنگەکەی برنوویەکی کورتی پێ بوو. ئەمن تفەنگەکەم ١١تیرێکی هۆڵەندە بوو.

یەکەم جار کە مامۆســـتا ئاوارەم دیت، مامۆستا ئاوارە پرسیی شـــەریفزادە ئەو کوڕە لەگەڵتـــە کێیـــە؟! شـــەریفزادە گوتـــی ئەوە عەبدوڵلایە!!! خەڵکی بانەزێڕە وپێشـــمەرگەی بانەیـــە و تاقە پێشـــمەرگەی بانەیە. ئەوەیش فەرمووی وەڵاهی چون تاقە پێشمەرگەیە ئەو تفەنگـــەی بە دیاری دەدەمێ ، تفەنگێکی دار زەردی هۆڵەندی بوو ١١ تیری دەخوارد.

شەریفزادە تفەنگی ســـیمۆنۆفی پێ بوو. حوســـێنی ڕەحمان ڕابی، تفەنگێکی برنووی کورتـــی پێ بوو، محەمـــەد و عەلیش هەر وا تفەنگێکـــی برنووی کورتیـــان پێ بوو. کوێخا شـــەریفیش هەر تفەنگێکی برنووی کورتی پێ بوو.محەمەد هۆشـــی تەقەی نەبوو ســـەعات زیاتر تەقەمان کرد.

عەلـــی گوتـــی: ئایش عەبدوڵـــلا گیان؛ گوللـــەیەک هاتبوو ڕاست چووە زاری عەلییەوە و عەلی هەر ئەوەندی گوت و تەواو بوو. ئەمن لێی چوومە پێشـــێ و چەند جـــارم ڕاژاند و بانگم کرد، دەنگی نەبوو عەلی شەهید ببوو.

ئەمن بریندار بووم، عەلیش شـــەهید بوو. شـــەریفزادە ئەوەندی بڵێی دوو ســـەد میتر لێمان دوور بوو، ئەو بەوەی نەزانی کە ئەمن و عەلی ئاوامان بەسەر هاتووە، ئیتر بەین بەین تەقـــە دەکرا و بەین بەیـــن تەقە بێ دەنگ دەبوو.

ڕۆژ بـــەرەو ئاوابوون بـــوو. بەتەمای ئەوە بووین کـــە ڕۆژ ئاوا بێت و دەرچین. ئەوانیش بـــۆ ئـــەوەی دەرنەچین ئەو جـــار نارنجۆکی دووکەڵیان پێوەناین و دووکەڵێکی سەیر ساز بـــوو. نارنجۆکێ لەپەنا من لـــە ئاوەکە کەوت بەڵام مـــن هیچم لـــێ نەهات. هـــەر چەقە دووکەڵێک ســـازبوو، دووکەڵێکی ســـەیر بوو چاوچاوی نەدەدیت. سێ، چوار دانە نارنجۆکی دووکەڵیـــان هاویشـــت. هەتـــا دووکەڵەکـــە ڕەویبۆوە، ئەوان لێمان نزیک بوونەوە، دیسان دەســـتیان کرد بـــە دەســـترێژ و تەقە کردن و ئێمـــەش دەســـتمان پێ کرد، لـــەو کاتەدا نەفەرێـــک لەوان کـــە دواتر زانیـــم ئەحمەد دارەبەن خەڵکی مەریجەڵان بوو، کوژرا.

دیسان دەســـتیان کرد بە دەسترێژ هەر ســـەیر بـــوو. ڕەگباریان دەکـــرد ئەمبەراوبەر نازانم بە چی تەقەیـــان دەکرد. چەند گوللـــە لە تەنیشـــتی منی دا ئەگەر سەیرم کرد ئەو ڕەگبارەی کە چەند گوللـــەی وەتەنیشتی من کەوتبوو، شـــەریفزادە و حوسێنی ئەنگاوتووە و شـــەریفزادە کە ئەنگێودرا گلۆر بۆوە بۆ نێو چەمەکە و کەوتە نێو ئاوەکەوە، بەڵام حوسێن هەر لە جێی خۆیدا شەهید بوو.

ئیتـــر ماینەوە مـــن و محەمـــەد. من لە محەمەد دوور کەتبوومەوە، پاشـــان زانیم کە محەمـــەد هەر بەو برینەی گوللـــەکەی کوێخا شەریف هێندەی خوێن لەبەر ڕۆیوە، ئەویش شەهید بووە. نەمزانی چ بکەم هێندێ تەقەم کرد، هەر جارێ بە لایەکدا دەمگوت، با بڵێن زۆرن، پاش قەدرێک ڕاوەستام و بیرم کردەوە وا باشە خۆم بە دەم ئاوەکەوە بدەم و ئاوەکە هەم لێل بوو هەم سارد بوو،ساڵ نێوەڕاستی بەهار بوو. ئاوەکە قوڕاو بوو و بەفراو و قوڕاوی بـــەری مەریجەڵان بوو. ئاوەکە لێل و ســـارد بوو، هەرچی کردم نەمویـــرا خۆمی لێ دەم، دەترسام ئاو بمبات.

وەک ئەوەی کەســـێک پێم بڵێت لە بەر

خۆمـــەوە گوتـــم بـــا کڵاو و جامانەکەم دەم ئاوەکـــەدەم. کڵاوجامانەکـــەم دەم ئاوەکەدا و گوتـــم ئەگەر تەقەیان کرد ئـــەوە خۆم ناچم بەدوویـــدا، ئەگەریش تەقەیـــان نەکرد ئەوە خۆشم دەچم بەدوویدا کڵاوجامانەم دەم ئاودا، هێندەم لێ دوور نەکەتبووەوە، دایانگرت و بوو بە قاوەقاو هەر دەتگوت ڕاوە بەرازە.

لەپەنا منـــەوە، گۆمێک هەبوو دیاربوو کە کاتی خـــۆی کەندەڵانی گۆمەکە هەرەســـی کـــردووە، گابەردێـــک هاتبووە نـــاوی و دارە بییەک شـــۆڕابەی کێشابووە ســـەری. چرپی وچاڵێکـــی زۆر بەو دارە بییەوە گیرســـابۆوە. تفەنگەکەم بەدەســـتەوە گرت و خۆم گەیاندە گۆمەکـــە و دەســـتم بە پەلـــە بیەکە گرت و گۆمەکەم تاقی کردەوە، قاچم نەدەگەیشـــتە ئەرزی. دیاربوو قووڵ بوو. تفەنگەکەم بە پەلە بییەکە داکرد و خۆم مات کرد، لەبەر خۆمەوە گوتم قامیشـــێک پەیدا دەکـــەم و لە دەممی دەخەم و خۆم نوقم دەکەم  بەو قامیشـــێک نەفـــەس دەکێشـــم. لـــە چرپیوچاڵەکەی کە بەدارەبیەکەوە گیرســـابۆوە قامیشـــێکم پەیدا کـــرد، چوومە بن چرپیوچاڵەکـــە و جارجارە قامیشەکەم لە دەمم دەنا و سەرم نوقم دەکرد و جار جار سەرم دەردێنا و ئیتر ئاوا چاوەڕێ بووم شەو دابێت و ئەوان بڕۆن، قەدرێکی پێ چوو پەیـــدا بوون بەڵام بەرەولای من نەهاتن و گەڕانەوە مەیتەکانیان کۆکردەوە و هێندێکی تری پێ چـــوو، دەنگە دەنگ بڕا و ئیتر وڵات تەواو تاریک داهات.

پاش تەواو بوونـــی دەنگەدەنگەکە، کەس نەما پاش ئەوەش کە دەنگە دەنگ بڕا، ئەمن دەترسام کە کەسیان بەجێهێشتبێ بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو خەڵک هاتنە شوێنەکە خەڵکەکە بگرن. بۆیە هـــەر نەمدەوێرا لە گۆمەکە بێمە دەرێ، قەدرێکی تر ڕاوەســـتام و پاشـــان لە ئاوەکە هاتمە دەرێ. هەمـــوو گیانم تەزیبوو. بەناچاری وردە وردە بە هەر چنگەگرکەیەک بوو سەرکەوتم بەرەو شـــاخی هەڵۆیان. هەتا ئەوێ بە چنگەگرکێ ڕۆیشـــتووم. تەشبیهات نەبێت، وەک حەیوان.

گوتم دەچمە دێی هەڵۆی؛ لەوێ دەچمە ماڵی حاجی شـــەریفی هەڵۆ؛ ئەو حیزبی بوو. پاشـــان بە هەر چەشنێک بوو لیباسم داکەند و گوشیم و دواتر لەبەرم کردەوە و وردە وردە خۆم گەیاندە دێـــی هەڵۆی. لەوێ دێبەرێکی لێ بوو لە دێبەرەکە، خۆم مات کرد، کە گوێم دایە ســـەگوەڕێکی ســـەیر بوو، زۆر قەرەباڵغ بوو گوتم: بەخودا ئەوە جاشەکان لەوێن بۆیە نەچوومە نێودێی هەڵـــۆی و گەڕامەوە. چووم بۆ دێی پەڕشـــەی. ئەو وەخت کوێخا ڕەحمان لەوێ بوو. بەتەمای ئـــەوە بووم بچم بۆ ماڵی ئەوان، ئەویش حیزبی بوو. کە گەیشتمە قەراغ پەرشەی ئەویش هەر بەو دەستوورە سەگوەڕ و قەرباڵغ بوو گوتم بەخودا جاشەکان لێرەشن ئیتـــر نەچوومە نێودێ و گەڕامەوە ڕووم کردە بناویلە کۆن.

ئەوجـــار گوتـــم دەچم بـــۆ بناویلە کۆن. گەیشتمە سەر ڕێی بانەزێر- هەڵۆیە و لەوێوە چوومە ســـەر ڕێی بناویلە کۆن و سەگەلم لێ پەیدا بوو. تووشی کەرتە مەڕێک بووم نەمزانی مەڕەکەی هی کوێیە. شـــوانەکە هاورای کرد، هەی بیگرە، هەی بیکوژە، دەنگی شـــوانەکەم ناســـی؛ هاوارام کرد وەرە من ئاشێرم وەرە با ئەو سەگانە نەمگرن، شوانەکە خەڵکی بناویلە کۆن بوو.

شـــوانەکە هات و ئەگەر هـــات عەزیزی کوێخـــا مینە بـــوو، کە هاتە پێشـــێ دیتمی دەســـتی کـــرد بەگریان هێندێ دڵخۆشـــیی عەزیـــزم داوە و گوتم ببمبە نێو دێ. پاشـــان کاعەزیز، هـــاواری لە ئاوەڵشـــوانەکەی کرد. گوتی ئەمـــن هەتا ماڵێ دەچمـــەوە، لەگەڵ ئەو چوومەوە. ماڵەکـــەی لە بناویلە کۆن بوو. لەوێ نانم خوارد هێنـــدێ پێ چوو. لە ماڵی عەزیز قەدرێک لەســـەرخۆچووبووم. پاشـــان وەهۆش هاتمەوە؛ گوتمە عەزیزی ئەمن دەڕۆم بەڵام پاتۆڵێکم بۆ پەیـــدا بکە. جلەکانی خۆم

دەستێ ڕەنک و چۆغەی سوور بوو. بە خەڵات وەرمگرتبوو. بەڵام گوللەکە دایتەکاندبوو. بۆ لەبەرکردن نەدەبوو، هێندەش بە قوونە خشکێ ڕۆیشتبووم، تەواو تێکچووبوو.

عەزیز پاتۆڵێکی دامێ و پاتۆڵەکەم گۆڕی و پاتۆڵەکەی خۆمم بەدەستەوە گرت. هێنامە خوارێ لە چەمی «کۆدەڵە» دەم ئاوەکەم دا بە عەزیزم گوت، لەگەڵم وەرە بۆ کاولان بەشی هەورازە.

لەوێ دۆستێکی حیزبی لێ بوو بەناوی «حەسەنی ڕەسوڵی مینە». ئەو دەستی دوکتوری و شتی وای هەبوو. عەزیز هەتا بەرماڵانی کاولان هات لەگەڵم و لەوێ گوتم، جا کاکە ئەتۆ بگەڕێوە، یەکمان ماچ کرد و گەڕاوە و گوتم باسی هیچ مەکە.

ئەمنیش چوومە ماڵی کا حەسەن هەتا گەیشتمە ئەوێ ڕۆژ بووەوە. ئیتر لەوێ کاک حەسەن ڕایکێشام برینەکەی ڕانمی کردەوە یەک لیوان ئەلکۆلی چراتۆری تێ کرد.

ئەلکۆڵەکە برینەکەی برژاندمەوە .ئەو ڕۆژە لەگەڵ کا حەسەن چوومە جووتی، لە بینی دێی دەنکێ و کاولان سەعاتێکی ڕۆژ مابوو. گوتم: کاک حەسەن ئەمن دەڕۆم بۆ بانەزێڕە. بەرەو بانەزێڕە وەڕێ کەوتم و چووم بۆ مووچەی خۆمان، لەوێ گەوەرێکی ماڵی مامMی لێ بوو. چوومە گەوەڕەکەوە و لەوێ سەرمام بوو، ئاورێکیم کردەوە و هێندێ خۆم پێ گەرم کردەوە. کاکەکەم لەوبەری گەوەڕەکە جووتی دەکرد کە ئاورەکەی دیتبوو، هات بۆ لام. هەتا لێم نزیک نەبۆوە، نەمزانی. کاکەم هات و باوەشی پێداکردم و دەستی کرد بەگریان و ئیتر لەگەڵ ئەو ڕۆیشتمەوە هەتا نێوشەخسەکەی بانەزێڕێ. [دەکەوێتە ٢ کیلۆمیتری گوندی بانەزێڕ] و لەوێ بە کاکەمم گوت ئەتۆ بچۆوە بە نەفەرێکدا هێسترێک و نانم بۆ بنێرە و خۆت مەیەوە.

من چوومە نێو شەخسەکەوە و خۆم مات کرد و کاکەم ڕۆیشتەوە نان و هێستری بۆ ناردم و نانم خوارد و سواری هێستر بووم. چووم بۆ شەمۆلێ و لەوێ چووم بۆ ماڵی «برایمی مام وسوو» ماڵی کاک برایم لە شەمۆلێ بوو. کاک برایم حیزبی بوو، زۆرکەسی تری لێ بوو. وەک «مامۆستا مەلا ساڵەی باریکان»، «برایمی مام وسوو»، «حەمە ئاغا شندران» و «مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شەمۆلێ». جەماعەتێکی زۆری لێ بوون و ئەوانە هەمووی خەڵکی دێیەکە بوون؛ هەموو کەسی باش بوون، حیزبی بوون.

لە شەمۆلێ تفەنگەکەیان لێ وەرگرتم و وڵاخیان بۆ پەیدا کردم و بەڕێیان کردم بۆ بەری گەورکان. لەوێ لە گوندی گەنمان کە دەکەوێتە پشتی موسێ، دەوری هەفتەیەک لەوێ بووم و دەرمانیان کردم و چاوەڕێی کاک عەبدوڵڵای موعینی و ئەوان بووم، هەتا شەوێک هاتن لە دوومان بردیانین بۆ نێوان کانییەڕەش و سوێناسێ. لەوێ لە کونە شاخێک بووین. بە ڕۆژ دەهاتینە دەرێ. ئیتر نەفەرێکم لەگەڵ بوو پێشمەرگەی خۆمان بوو؛ منی دەرمان دەکرد. لە دێی گەنمان کابرایەک بەناوی «عەولای ساڵە عەباس» خودا عافووی کات، نەماوە، کابرایەکی حیزبی بوو، زۆری یارمەتی دام. پاش ئەو مانگە سەرخۆ کەوتمەوە و دەمتوانی بگەڕێم. پاش ئەوە ڕۆژێکی هاتمەوە شەمۆلێ و لەوێ تفەنگەکەم وەرگرتەوە و چوومە دیوی گەورکان و لەگەڵ پێشمەرگە کەوتمەوە...

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


ئاڵەکۆک/ غەنی بلوریان

وتاری دکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتیی ئاپریلی ١٩٨٩

ئەحمەد تۆفیق/ حامید گەوهەری

بیرەوەرییە سیاسیێەکانی ئەمیر قازی

وتووێژ/بیرەوەرییە سیاسییەکانی سەید عەلی ڕەحمانی

بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی

مرکز اسناد تاریخی/ساواک

# “وەرگێڕان”

# ئایا غەیرەفارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟

## گێڕانەوەی حاکمییەت لە«ناسنامەی ئێرانی»

نووسینی: د. ئەحمەد محەمەدپوور، زانکۆی ماساچۆسێت
د. کەماڵ سلێمانی، کۆلێژی مێکزیکۆ
وەرگێڕان: کەیوان فاتحی

## پوخته

له کۆتاییی سەدەی نوزدەهەمەوە، سەرەڕای بوونی پێکهاتەی فرەکولتووری و فرەزمانیی حەشیمەتی ئێران، ناسیۆنالیزمی فارسی وەکوو ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت کاری پێ کراوە. ڕۆشنبیرانی فارس کۆمەڵێک میسداقی مێژوویی و فەرهەنگییان فۆرموله کردووە کە وای کردووە زمان و ناسنامەی فارسی بۆ هەموو ئێرانییەکان هەمەگیر و هەمیشەیی بێ. بە هاتنە ئارای دەوڵەت نەتەوەی مودێرن، لە سەردەمی خانەدانی پەهلەوییەوە ناسنامەی غەیرەفارسەکان بە شێوەیەکی دڕندانە بۆ جێگیرکردنی سیاسەتی»یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان» ستەمیان لێ کرا. دەوڵەت لە ڕێگای وەها سیاسەتێکەوە و بە یارمەتیی ڕوشنبیران و چینی خوێنەوار و تێگەیشتوو، توانی ناسنامەی فارسی وەکوو «تاکە ناسنامەی» ئێرانی بسەپێنێ و بە شێوەیەکی سیستەماتیک، ناسنامە غەیرە فارسییەکان لە پەڕاوێز بخات و یاساغیان بکات و وەکوو «ناسنامەیەکی قەومیی ساختە» هەڵسوکەوتیان لەگەڵدابکات. بە لەقەڵەمدانی ناسنامە غەیرەفارسەکان وەک «ساختە»، لە ئاکامدا، ئەو ناسنامانە وەکووهەڕەشەیەکی هەمیشەیی بۆ سەر یەکپارچەیی و مۆنۆلۆگی ئایدیۆلۆژیی حاکمییەت سەیر دەکرێ. هەر بۆیە، ئەم وتارە مەبەستیەتی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە «ناسنامەی ئێرانی» و بەرهەمهێنانی «ئەویتری کۆلۆنیالیزەکراو» لە لایەن ئەو ناسنامەیەوە هەڵبسەنگێنێ. ئەم وتارە بانگەشەی ئەوەش دەکات کە لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە «بەئەویترکردنی گرووپە نێوخۆییەکان»، کە ناسیۆنالیزمی فارس بە پشت بەستن بە تێکەڵەیەک لە هێزی سەربازی و «ئێپیستمۆلۆژیی زاڵ»، «پرۆسەی کولۆنیالیزە کردنی نێوخۆیی» هێناوەتە ئاراوە و ڕاگیری کردووە.

## وشه سەرەکییەکان

ناسیۆنالیزمی فارسی، ناوچە فارسەکان، ئاریائیسم، کۆمەڵگەی سەردەست، کولۆنیالیزمی نێوخۆیی، کوردەکان، ناسنامەی ئێرانی

جەنگێک بۆ و لە دەوروبەری بەردەوام بوونی مێژوو لەئارادایە . . . کە دەیەوێ دیسانەوە بەرنامەیەک داڕێژێ یا دایبمرکێنێ و دەنگی کپ بکا. . . [بۆ سازکردنی] «بیرەوەریی گشتی» و هەروەها بە ئامانج و مەبەستێک کە چوارچێوەیەک بۆ خەڵک ساز بێ کە تیایدا شرۆڤە بۆ ئەوەی ئێستا ڕوو دەدا بکرێ. (میشێل فوکۆ، فیلم و بیرەوەریی گشتی)

نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی ئێرانی بە پێناسەیەکی نامێژوویی لە «ناسنامەیەکی ڕاستەقینەی ئێرانی» هەڵخلەتاون. (مێهرزاد بروجێردی، سازکراوە ناسیۆنالیستییە مشتومڕهەڵگرەکانی ناسنامەی ئێرانی)

کاتێک نوخبەی ئاکادیمیک و ڕۆشنبیری چینی سەردەست بەرەورووی بەرزبوونەوەی پێداگری کردن لەسەر ناسنامەی قەومی دەبنەوە، زۆربەی جار بە ترس و نیگەرانییەوە بەرپەرچی دەدەنەوە و باس لە مەترسییەکانی دەکەن. (کریستییەن ئیلینگ، کەمینەکانی ئێران)

## دەستپێک

لە یەکی ئاگوستی ٢٠١٨، کۆچەر بیرکار، زانای بیرکاری کورد و پروفێسور لە زانکۆی کەیمبریج، مێداڵی فیڵدزی بواری بیرکاریی ساڵی ٢٠١٨ی پێ بەخشرا، کە بەناوبانگترین خەڵاتی بواری بیرکارییە. بیرکار لە جێژنی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا ڕوو بە هاووڵاتیانی خۆی گوتی: «هیوادارم ئەم هەواڵە بزەیەک بخاتە سەر لێوی ٤٠ میلیۆن کورد». لێدوانەکەی بیرکار- کە بەرز ڕاگرتنی

ناسنامەی کوردیی خۆی و ئاماژەدەری ستەم و هەڵاواردنی سیستماتیک لە دژی کورد بوو ـ زۆرێک لە فارسەکانی لە ناوخۆی ئێران و دەرەوە تووڕە کرد.[1] لای ئەوان وتەکانی بیرکارهەتا ئاستی خەیانەت دەچوو. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە گرووپی قەومیی سەردەست (واتە فارسەکان) یادکردنەوەی ناسنامە غەیرە فارسەکان وەکوو خەیانەت، داوای خاک و جوداخوازی و لە بنەڕەتدا وەک دژەئێرانی بوون لە قەڵەم دەدەن. (۲، ۲۰۱۳) فارسە ساختەکارەکانی دیکە کاتێک زانییان بیرکار ناوی خۆی لە فارسییەوە گۆڕیوە بۆ کوردی، ئەمەیان وەکوو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ بێ وەفایی و خەیانەتی ئەو چاو لێ کرد.[2] دامەزراوە و بەرپرسانی دەوڵەتی ئێرانیش کاردانەوەیان بەرانبەر لێدوانەکەی بیرکار دەربڕی. بۆ نموونە، سۆرێنا سەتاری، جێگری حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران لە بواری زانست و تکنۆلۆژی، لە نامەی ڕێزلێنانی خۆی بۆ خێزانی بیرکار نووسیبووی «بیهەوێ یان نەیهەوێ، کۆچەر بیرکار فەریدوون درەخشانییە».[3] خوێندکارانی مێژووی ئێران دەزانن کە ئەم کاردانەوەیە لە هەمبەر لێکۆڵەرێکی کورد، ڕووداوێکی تاک و تەرا نییە، بەڵکو بەشێکە لە مودێلێک. لە دەوڵەتی ئێراندا بەکارهێنانی هەموو ناوە کوردییەکان بە تاوان لە قەڵەم نادرێت. بەڵام دەوڵەت بەربەستی بیرۆکراتیکی جۆراوجۆری بۆ بەکارهێنانی ناوە کوردییەکان داناوە. ئەوەش وەکوو ستراتیژییەک بۆ یەکدەست کردنی کۆمەڵگە ژێردەستەکان (بۆ وێنە لە کوردستان، ئیدارەی سەرژمێریی ئێران لیستێکی جێی پەسند لە ناوەکانیان خستووەتەڕوو، کە خەڵک دەبێ لە نێوانیاندا ناو هەڵبژێرن). هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سڕینەوەی گوزارشت کردنی کولتورە غەیرە فارسەکان، لای ڕۆشنبیرانی فارس نەبووەتە کێشە. بە پێچەوانەوە ئەوان بە شێوەیەکی سیستەماتیک زەمینەی مەعریفیان بۆ کاری یەکدەست کردن لە لایەن دەوڵەتەوە فەراهەم کردووە. نوخبەی فارس بەرامبەر بەوەی هاووڵاتیانی غەیرەکورد لە ئورووپا و ئەمریکا ناوە فارسییەکانی خۆیان بۆ ناوە ڕۆژئاواییەکانی بگۆڕن هیچ هەستیارییەکیان لە خۆیان پێشان نەداوە. دەبێ بپرسین، بۆچی سەرەڕای دژایەتیی توندیان لەگەڵ خۆدەربڕینی کولتوری کوردی، نوخبەی فارس بەوە قەڵس نابن کاتێک ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات کۆمەڵێک سیمای کولتووری ڕۆژئاوایی وەردەگرن. هەندێک لە ئامارەکانی ئەم دواییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دیاسپۆرای ئێرانی لە ئاستێکی بەرچاودا ئاوێتەی کولتووری ڕۆژئاوا بووە. بە پێی ڕاپرسییەکی ئەم دواییەی کەناڵی فرانس ۲۴، ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانییەکان تەنانەت پێوەندیی خۆیان و زێدەکەیان دەشارنەوە.[4] بەو حاڵەوە زۆر کەس تووڕە بوون بەوەی زانایەکی کورد ناوێکی کوردیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.[5]

> ڕۆشنبیرانی فارس کۆمەڵێک میسداقی مێژوویی و فەرهەنگیان فۆرموڵە کردووە کە وای کردووە زمان و ناسنامەی فارسی بۆ هەموو ئێرانییەکان هەمەگیر و هەمیشەیی بێ

جڤاکی کورد لە سەرتاسەری جیهان هەم بە دەستکەوتەکەی بیرکار و هەم بە پێی داگرتنی ئەو لە سەر ناسنامەی کوردیی خۆی دڵخۆش بوون. کوردەکان بە گشتی لێدوانەکەی بیرکاریان بەئازایانە و نیشتمانپەروەرانە لێکدەدایەوە.[6] بەڵام بۆچی کردەیەکی ئاوها سیمبولیک، ئەو هەموو خوێندنەوە دژ بە یەکەی بۆ دەکرێ؟ چ شتێک لە پشتی ئەم کاردانەوانەوەیە؟ ئەم کاردانەوانە

چ شتێکمان لە بارەی ناسنامەی ئێرانییەوە پێ دەڵێن؟ لە هەمووشیان گرنگتر، بۆچی کردەی تاکەکەسیی سادەی کوردێک (واتە ناسران بەو ناوەی کە خۆی هەڵیبژاردووە) دەستبەجێ کاردانەوەی ناسنامە دژبەرەکانی لێ دەکەوێتەوە؟ چ جۆرە لۆژیکێک لە پشت ئەم کاردانەوانەوەن؟ ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە بە چاوخشانەوەیەکی خێرا بە مێژوونووسیی ئێرانی و لە ژێر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی وڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

لەم وتارەدا کار لەسەر پلەبەندیی ئەتنۆکولتووری و سیاسی لە ئێراندا دەکەین، هەروەها ئەو ئەکادیمیایەی ئەو پلەبەندییە وەک سیستەمێک بۆ بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی ڕادەگرێ، واتە ئەو کۆلۆنیالیزمەی بە هۆیەوە جڤاکە غەیرەفارسەکان بە «ئەویتری ئەویتر» (بۆ زانیاریی زیاتر لە سەرم ئەم چەمکە، بڕوانە موحەممەد، ١٩٩٩). وەکوو چەمکێک کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی دەریدەخات کە چۆن نایەکسانیی سیاسی، کولتووری و ئابووری لە نێوان ناوەند و ناوچە جیاوازەکانی وڵاتێکدا هەیە. ئەم نایەکسانییە زۆرتر لەسەر بناغەی دابەشکارییە ئەتنیکی، زمانی، نەژادی و ئایینییەکان ڕێکخراوە. لیۆ مارکوارد، لە ١٩٥٧ لە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور [چەمکی] کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بەکارهێنا. دوای ئەوەی وتارەکەی پابلۆگونزالێز کاسانۆڤا، لە ساڵی ١٩٦٥ لە مێکزیک بڵاوکرایەوە، کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە توێژینەوەکانی بواری پەرەسەندندا برەوی پەیدا کرد. گونزالێز کاسانۆڤا، کولۆنیالیزمی نێوخۆییی بەو جۆرە پێناسە کرد: «دەسەڵاتی یەک گرووپی ئەتنیکی بەسەر گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکەدا کە لە ناو سنوورە بەردەوامەکانی یەک دەوڵەتدا دەژین(گونزالز کازانۆڤا، ١٩٦٥ : ١٣٠ – ١٣٢). بە ئیلهام وەرگرتن لە کۆنزالێز کاسانۆڤا، ئاندرێ گۆندێر فرانک، یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی تیوریی وابەستەیی، باس لەوە دەکات کە کولۆنیالیزمی نێوخۆیی، فۆرمێکە لە «گەشەی ناهاوسان» کە ئاماژەدەری پێوەندییەکی پێکهاتەییی نایەکسانە و لە پەیوەندیی نێوان «مێترۆپۆل» و «دەوڵەتۆکە» و «ناوەند و پەراوێز»دا خۆی ئاشکرا دەکات. (پیت و هارتوێک، ٢٠١٩ : ١١٨). لەو کاتەوە [چەمکی] کولۆنیالیزمی نێوخۆیی لە لایەن زۆریەک لە لێکۆڵەرانەوە بە تایبەت لە پێوەندیی ناوکۆی ئەمریکای لاتین، مێکزیک و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە کارهێنراوە (هیکتۆر، ١٩٧٥؛ پەکم، ٢٠٠٤).

عەلی ڕەزا ئەسغەرزادە، لێکۆڵەری ئێرانی لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەم دواییەی خۆی لە سەر مێژووی مودێرنی ئێران کەڵکی لەم چەمکە وەرگرتووە. بۆ نموونە ئەسغەرزادە وەهای دەبینێت چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تورکە ئازەرییەکان نیشانەیەک بێت بۆ خۆڕاگری تورکە ئازەرییەکان لە بەرامبەر کولۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ئێراندا (ئەسغەرزادە، ٢٠٠٧ : ١٩٧).[٧] لەو لێکۆلینەوانەی کە پێشترلە سەر کورد کراون، کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی یەکەمین لێکۆڵەرە کە پاش د.عەبدولرەحمان قاسملوو وەک «کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی» ئاماژەی بە کوردستان کردبێ (بێشکچی ١٩٩٠؛ قاسملوو، ٢٠٠٦). وادیارە لەم دواییانەدا ئەم شێوازە ڕوانینە، لەو لێکۆڵینەوانەدا وا لە بارەی کوردەوە دەکرێن، سەرنج و بایەخێکی زیاتری پێ دەدرێ و زیاتر مایەی پەسند بووبێ. ( گەمبەتی، ٢٠٠٩ ؛ ٢٠١١).

ماوەیەک لەمەوبەرمهمەت کورت، کۆمەڵناسی کورد، لێکۆلینەوەیەکی بەهێزی لە سەر «ئیسلامگەرایی و کولۆنیالیزمی نێوخۆیی» بڵاوکردەوە، کە تێیدا بۆ یەکەمجار لە ڕێچکە کۆلۆنیالیستییەکانی ئیسلامگەرایی کۆڵییەوە. (کورت ٢٠١٩ ).

ئێمــەش لەم وتارەی خۆماندا هاوڕاین لەگەڵ پێناســەی کۆلۆنیالیزەکردنی نێوخۆیی وەک «شــێوەیەکی تایبەت لە کۆلۆنیالیزەکردن کە لە دەرەوەی ناوکۆی سیستەمیی [کلاسیکی] کۆلۆنیال»(بلانێر، ١٩٦٩: ٣٩٣).[٨] لە ڕێگەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەوە بۆ کۆلۆنیالیزەکردن، دەتوانین «هەندێک لە ئاریشــە و ئالۆزییەکان ڕوون بکەینــەوە»(. . . ١٩٦٩: ٢٩٦) کە لە پەیوەندییە پلەبەندی کراوەکانی نێوان جڤاکە سەردەست و ژێردەســتەکاندا هەیە لە ناوکۆ ئێرانییەکەیدا.

## ئــەم هەمــوو کاردانــەوەی دژایەتییــە لەســەر بیرکار بۆچ؟

یەکێک لە هــۆکارەکان ئەوەیە: کۆمەڵگــەی سەردەســت یان حاکم لە ئێران خۆدەرخســتنی غەیرەفارســەکان وەکــوو هەڕەشەیەک لە سەر ناسنامەی فەرمی لێکدەداتــەوە. ئەمەش تیشــک دەخاتەسەر ئەوەی کە تێگەیشتنی جۆراوجۆر لەبارەی ناســنامەی نەتەوەییەکانــەوە لە ئارادایــە. لەلایەکی دیکەوە مشــتومڕ لەسەر کەیسی بیرکار دەرخــەری ئەوەیە کــورد بوونــی خۆی لە چوارچێوەی «یەکێتی»دا وەک شــتێکی تەواو ئارەزوومەندانە نابینێت. لەڕووی مێژووییەوە کۆمەڵگەی سەردەست ئاماژەکانی کوردبوونی بــە دواکەوتوویی، دەســتتێوەردانی دەرەکی، ســەربەخۆییخوازی یانیــش هەمــوو ئــەم خالانەی ســەرەوە پێکەوە لــە قەڵەم داوە ( بــۆ زانیاریی زیاتر بڕوانــە ئەڵینگ، ٢٠١٣ ). خۆدەرخســتنی کورد بە تەواوەتی لە داوای کورد بۆ خودموختاری یان ســەربەخۆیی جیا نەکراوەتەوە. پێکەوە بەســتنەوەی خواســتە سیاســییەکانی کورد و گەڕانــەوەی کورد بۆ زمان و کولتووری خۆی پەیوەندییەکی نزیکی بــە پێناســەی «حاکمیەت» بۆ «ناســنامەی ئێرانی»یەوە هەیە. هەر بۆیە، وتەگەڵێکی وەکوو وتەکەی بیرکار، کە ئێســتا کەســایەتییەکی ناسراوی کوردە، بە ئاسانی دەکرێ بانگەشەی فەرمیی یەکپارچەیی ناسنامەی ئێرانی بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش وایە لەبەر ئەوەی ئەم جــۆرە وتانە یان دەتوانێ بــە مانای دژایەتی لەگــەڵ ئاماژەکانی کولتووری ســەپێنراوەکان بێ یانیــش ئاماژەیەک بێ بۆ ئەوەی کورد بە ئارەزوومەندانە نەچووەتە ناو «یەکێتی»یەوە.

> **گرووپی قەومیی سەردەست (واتە فارسەکان) یادکردنەوەی ناسنامە غەیرە فارسەکان وەکوو خەیانەت، داوای خاک و جوداخوازی و لە بنەڕەتدا وەک دژەئێرانی بوون لە قەڵەم دەدەن**

ڕەنگە کاردانەوەکان لەهەمبەر لێدوانەکەی بیرکار، ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کــە پێناســەی ئێرانــی بوون چییــە و بیرۆکــەی نەتەوەی سەردەست و حاکمییەت لەسەر چی دامەزراوە و چۆن شــرۆڤە دەکرێ. لەڕووی مێژووییەوە، ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی لە ئێران لــە چوارچێــوەی کولتــوور و زمانی فارســیدا دروست کراوە، کە هەمــوو غەیرەفارســەکان دەخاتــەدەرەوە و نکۆڵــی لــە ناســنامەیان دەکات. دەوڵەتی مودێــرن، زمانــی فارســی و ناســنامەی ئێرانی وەک هاومانا نیشــان دەدات. لە گوتاری ناسیۆنالیســتیی دەوڵەتدا، ناســنامەی کۆمەڵگەی سەردەست لە گەڵ ناســنامەی هەموو دەوڵەتدا هاوسان کراوەتــەوە. بەم پێیــە دەکرێ لــە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە هەســتی پەیوەســت بوون بە «ناسنامە و کولتووری یەکگرتووی ئێرانی»یەوە کە بە فەرمــی ڕاگەیێندراوە، لــە پێوەندیی نێــوان کۆمەڵگــەی سەردەســت (فارس) و کۆمەڵگــەی ژێردەســت (غەیرەفارســەکان) تێبگەیــن. نوخبەی فارســگەرا[٩] کۆمەڵێک ناوەندی تایبەتیان دروست کردووە و پێکەوە ناوە کە لە ڕێگەیانەوە هێنانەناوەوەی ئەویتری

فارس، ڕەوایەتی مێژوویی و یاسایی بەدەست دەهێنێ. با نموونەی نێعمەتوڵڵا فازڵی وەربگرین کە یەکێک لە ئەکادیمسییەنەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامییە. فازڵی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هاوتا کردنەوەی «فارسی» لەگەڵ «نەتەوەیی»دا نییە، هەر بۆیەش دەتوانێ بڵێ ئەکادیمیای فارسی، کە لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزراوە، «بەنیازە زمان و ئەدەبیاتی کەلەپووری فارسی بەکاربهێنێ بۆ پاک کردنەوەی زمانی فارسی و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر ناسنامە ئەتنیکی و مەحەلییەکان» (فازڵی، ٢٠٠٦ : ٥٣، جەختکردنەوەکە هی نووسەرانی وتارەکەن).

ئەم ناوەندانە ئیمتیازی مەعریفی بۆ زمان و کولتووری فارسی مسۆگەر دەکەن و زمان و کولتوورەکانی دیکە بە قەومی و مەحەللی لە قەڵەم دەدەن (بڕوانە: وجدانی، ٢٠١٥ : ١١٧- ١٤٥). نوخبەی فارس، غەیرە فارسەکان وەکووکەمینەی قەومی، گرووپی قەومی یان خێڵ لەقەڵەم دەدەن (ئەحمەدی، ٢٠٠٨)، هاوکاتیش دژی ئەوەن بە هەمان شێوە ئاماژە بە کۆمەڵگاکەی خۆیان بدرێ. خۆسەلماندنی ناسنامە کولتووری و زمانییە غەیرە فارسەکان لۆمە دەکرێن و بە قەومگەرایی و جوداخوازی(تجزیه طلبی) وەسف دەکرێن. ئەم ناوەندانە ناسنامەی قەومی(فارسی) و ئەوانی تر پێناسە دەکەن، لەم ڕووەشەوە ناوەندە ئەکادیمییە کۆنەکانی فارس شتی زیاترمان بۆ ئاشکرا دەکەن. بۆ نموونە، ئیحسان یارشاتر، لێکۆڵەری بەناوبانگی فارس، دەڵێ زمانی پارسی (تکایە مەڵێن فارسی) ئەمباری بیر، هەست و سۆز و بەهاکان و کۆگای هونەرە ئەدەبییەکانی ئێرانە. ئەوە تەنیا لە ڕێگەی خۆشویستن، فێربوون، وانە وتنەوە و دەوڵەمەند کردنی زیاتری ئەو زمانەیە کە ناسنامەی ئێرانی دەتوانێ بەردەوامی بە خۆی بدات (جەختکردنەوەکە هی نووسەرانی وتارەکەیە:١٩٩٣، ١٤٢). لە ئەدەبیاتی ئەم دواییەدا، ڕوشنبیرانی فارس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە «شتێک بە ناوی قەومی فارس بوونی نییە». نووسەرانی فارسی لایەنگری خێزانی شاهانە وەک ئیلاهە بوقرات هوشداری دەدەن کە هەر چەشنە ئاماژەیەک بە فارسە دەسەڵاتدارەکان ـ وەک قەومێکی دیکەی ناو ئێران ـ پیلانگێرییەکە لەدژی یەکپارچەیی وڵات. فارسی زمانە و هیچ قەومێکی فارسی بوونی نییە.[١٠] بەهەمان شێوە، ئەکبەر گەنجی، ڕۆژنامەوانی فارس و فەرماندەی پێشووی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بانگەشەی ئەوە دەکات کە نازانێ «فارس بوون یانی چی».[١١]

> سڕینەوەی گوزارشت کردنی کولتورە غەیرە فارسەکان، لای ڕۆشنبیرانی فارس نەبووەتە کێشە. بە پێچەوانەوە ئەوان بە شێوەیەکی سیستەماتیک زەمینەی مەعریفیان بۆ کاری یەکدەست کردن لە لایەن دەوڵەتەوە فەراهەم کردووە

لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نوزدەهەمدا، گوتاری کۆمەڵگای سەردەست، ئێرانی وەکوونیشتمانی دایک و (هەر لەو پەیوەندییەشدا) زمانی فارسیی وەکوو زمانی دایکی خستووەتە ڕوو. (تەوەکولی تەرەقی، ٢٠١١ : ١١٢) ئەکادیمیسیەنە فارسەکان لە بەرهەمەکانی ئەم دواییەی خۆیاندا بەرگرییان لە هەمان مانای بنەڕەتخواز بۆ کولتوور و زمانی فارسی کردووە، بەڵام بە ئاڵۆزییەکی زیاترەوە. ئەوان بۆ جیاکردنەوەی زمانی فارسی لە هەر قەومیەتێک، پەنایان بۆ کۆمەڵێک ستراتیژیی جۆراوجۆری ڕوونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەبردووە. یەکێک لە ستراتیژییانە لەخۆگرتن و بەکارهێنانی دەستەواژەی «جیهانی فارسی زمانە».[١٢] ئەم وتەزا داتاشراوە ڕۆژهەڵاتناسانەیە هەر لە

سەرەتای پەیدابوونییەوە لە لایەن زۆرێک لە ئەکادیمیسییەنەکانەوە بەکارهێنراوە، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە. بە وتەی ئێمە «جیهانی فارسی زمان» جیهانێکی «جیۆکولتووری»یە (کیا، ٢٠١٤ : ٩٠)، زمانی فارسەکان تاکە توخمی پێکهێنەریەتی و خەڵکەکەشی بە هۆی بەکارهێنانی زمانی فارسییەوە فارسن. مانا کیا هەوڵ دەدات پەسنی ناقەومی بوون بە زمانی فارسی بدات و دەنووسێ کە ئەو «تێرمی فارسەکان بۆ ئاماژەدان بەو گروپە لە خەڵک بەکاردەهێنێ کە زمانێکی دیاری کراویان بۆ فێربوون هەیە»(کیا، ٢٠١٤: ٩٠، جەختی زیاتر). کیا بانگەشەی ئەوەش دەکات کە تەنانەت لە قۆناغی پێش مۆدێرندا، زمانی فارسی بواری بۆ ئەوان ڕەخساند کە وێنای کۆمەڵگەی خۆیان و ڕەگ و ڕیشەکانی بکەن. کیا پێمان دەڵێ کە «فارسەکان (واتە ئەوانەی زمانەکەیان دەزانێ) لە ئێران، توران و هێندوستان تێگەیشتنێکی دیاری کراوی هاوبەشیان لە مانای جوگرافیا هەبووە» و باسی ئەوەش دەکات کە «چۆن ئەم مانایانە بوونە بناغەکانی داکوتانی ڕەگ و ڕیشە و کۆمەڵگایان پێکهێناوە (کیا، ٢٠١٤: ٩٠، جەختکردنەوەکە هی نووسەرانی ئەم وتارەیە).

بۆ پاراستن و بەڵگەهێنانەوە بۆ سەپاندنی زمان و کولتووری خۆیان، نوخبەی فارس پێویستی بەوەیە بوونی قەومییەتی فارس ڕەت بکاتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە ناسیۆنالیستە فارسەکان زمانیان وەکوو بەردی بناغەی یەکریزیی نەتەوەیی سەیر کردووە. دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی فارس، لەوانەش ئاقا موحەممەد خان کرمانی (١٨٥۴- ١٨٩٦- ١٨٩٧)، لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەوەی مێژووییە زمانناسانەیە، یانیش بە واتایەکی دیکە «زمان مێژووە»(تەوەکوڵی —تارەقی، ٢٠١١: ٩٦). لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر دەستەواژەی گێلنەر بەکاربهێنین، مەحاڵە بەبێ یەکێتییەکی زمانیی بەهێز «هاوسنوورییەکی نەتەوەیی و سیاسی» دروست بکرێ. ئەگەر بە زمانی کرمانی بدوێین ئەوە «هێزی هەر نەتەوە و خەڵکێک گرێ دراوە بە هێزی زمانەکەیانەوە»(وەرگیراوە لە تەوەکوڵی، ٢٠١١ : ٩۴). وکوو وتمان، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمدا «بیچم گرتنی ناسنامەی نەتەوەییی مۆدێرنی ئێران پێوەندییەکی توندو تۆڵی بە زمانی فارسییەوە هەبووە» (تەوەکوڵی، ٢٠١١ : ٩٦). ئەم جۆرە ڕوانینە لەبارەی حاشاهەڵنەگربوونی یەکێتیی زمانی لە پێناو یەکێتیی نەتەوەیی، زۆریەک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی هان دا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی پاڵپشتی لە سڕینەوەی هەموو زمانێکی غەیرە فارسی بکەن. بۆ نموونە، ئەحمەد کەسرەوی (١٨٩٠ـ ١٩۴٦) بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە فرەیی زمانی بشێوی دروست دەکات و بۆیەش «هەرچی فرەیی کەمتر بێ، یەکێتییەکی باشتر دێتە ئاراوە» (١٩٩۴:١).

«بۆ سەپاندنی زمان و کولتووری خۆیان، نوخبەی فارس پێویستی بەوەیە بوونی قەومییەتی فارس ڕەتبکاتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە ناسیۆنالیستە فارسەکان زمانیان وەکوو بەردی بناغەی یەکریزیی نەتەوەیی سەیر کردووە»

هەم دەوڵەت و هەم ڕوشنبیرانی فارس، زمانی فارسییان وەک زمانێکی هەمەگیر خستووەتە ڕوو. وەک پێشتریش باس کرا، گونزالێز کاسانۆڤا، کولۆنیالیزمی نێوخۆیی بەوە پێناسە کردووە «دەسەڵاتی گرووپێکی قەومی. . . بەسەر گرووپە قەومییەکانی دیکەدا کە لە سنووره بەردەوامەکانی دەوڵەتێکدا دەژین»(١٩٦٥ : ١٣٠ - ١٣٢). ئەمە

دەتوانـــێ وڵامێک بێ بۆ هــۆکاری زیادبوونی تویژینەوە پۆســت کولۆنیاڵەکان کە نوخبەی فــارس بە رژدی هــەوڵ دەدەن فارس بوون لە ئاماژەیەکی زماناســانەدا کورت بکەنەوە و پێمان بڵێن کە فارســی هیــچ نییە جگە لە «زمانێکی نەتەوەیی». گوتاری ناسیونالیستیی فــارس، ئێــران وەکــوو وڵاتێکــی دێرین و یەکگرتــووی خــاوەن یــەک مێــژوو، یەک کولتوور و یەک زمانی ئەدەبی پێشان دەدات (کیا، ١٩٩٨ : ٩ -١٠). بە وتەی مێهرداد کیا، لێکۆڵەری ئێرانی، ئەم جۆرە لە دەرخســـتنی یەکگرتوویـــی «نەتەوە» تەنهـــا بەوە دەبێ بە شتێکی مومکین کە نکۆڵی لە بوونی ناسنامە غەیرەفارسییەکان بکرێ (٩ — ١٠). زمانەکانی دیکە، ئەگەر دانیشـــیان پێدا هێنرابێ، وەکوو بنـــزار و لەهجـــە جۆراوجۆرەکانی ئەو «زمانی دایک»ـە نمایش کراون.[١٣] بەم شـــێوەیەش، ئەکادیمیســـیەنە فارســـەکانی وەک چەنگیز پەهلەوان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە «زمانی فارســی زمانی زانســت و ئەدەبیاتــە... ئەم زمانەش دەبێ زمانی سروشــتی و نەتەوەییی هەمــوو ئێرانییەکان بــێ و هەموو زمانەکانی دیکــە زمانی ســەرەتایین.[١٤] لەم رووەوە مە ســعود لوقمان، یەکێکی دیکە لە روشنبیرانی فارس دەڵــێ» نا بۆ خوێندن بە زمانی دایکی لە ئێران».[١٥]

ژمارەیەکی زۆر لە زمانناســانی هاوچەرخ جیــاوازی کردنێکــی لەو چەشــنە لە نێوان لەهجــەکان و زمانەکانــدا بــە کردەیەکــی کۆمەڵایەتــی ـ سیاســی دەزانــن نەک بە هەولێکی زانســتی (بارفیلّــد ببینە، ١٩٩٨، بیلگ، ١٩٩٥، چەیمبــرس و ٢٠٠٤). ئەوان لە ســەر ئەو بروایەن کە ئــەوەی هەیە زمانە جۆراوجۆرەکانــە و زمانــی فەرمــی تەنهــا «دیالێکتێکە کە ســوپا و هێزی دەریاییی لە پشتە» ( براون و . . . .، ٢٠٠٩ . چەمبەرس و . . . .، ٢٠٠٤ سکاتەنبڵ و . . . . .، ٢٠٠٠). بەم حاڵەشەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگای سەردەست فارســـیی وەکوو ئەمباری فکر، هەست و سۆز و بەهـــا ئێرانییەکان دەناســـێنێت، کومەڵگە ژێردەســـتەکان لە هەمبەر ئەم ســـەپاندنەدا خۆراگـــری دەکەن (بڕوانە: یارشـــاتر، ١٩٩٣ : ١٤٣. بڕوانـــە ئەســـغەرزادە، ٢٠٠٧ : ٨٥ — ١١٧). وەکوو پێشتریش باس کرا، کۆمەڵگەی سەردەســـت خۆراگریی غەیرەفارســـەکان لە هەمبەر ســـەپاندنی زمان و کولتووری خۆیان بە ســـەر ئەوانی تردا، بـــە جوداخوازی لێک دەداتەوە (ژمارەیەک وتارلەسەر قینی ئەتنیکی لە ئەنجوومەنی فارسی).[١۶] هەربۆیە، ئەم وتارە پێی وایە پشـــتیوانیی روشـــنبیرانی فارس لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی و یەکدەست سازیی دەوڵەت، بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدارن لە پرۆســـەی کۆلۆنیالیزەکردنـــی نێوخۆییدا. پشت بەســـتنی ئەوان بە تیۆریی ئەنتیکۆلۆنیا و پۆســـت کۆلۆنیـــال بووەتـــە هـــۆی ئەوەی لـــە رۆژهەڵاتیـــش لەبـــەر کۆلۆنیالیزەکردنی نێوخۆیی بگیرێتەوە.

## سرینەوەی مێژووی غەیرە فارسەکان

مێژوونووسانی ئێرانی/فارس بە تێکرا بڕیاریان داوە هەڵوێســـتێکی دژەکۆلۆنیالـــی بەرامبەر مێـــژووی مۆدێرنـــی ئێـــران پەیـــڕەو بکەن (ئامەنات و بێرناردســـون، ٢٠٠٧، بەخشـــندە ٢٠١٥، دەباشـــی، ٢٠١۶، ماراشـــی، ٢٠٠٨، ئەســـکات —ئاقایی، ماراشی، ٢٠١٤، توکولی تارەقـــی، ۶ قومـــەکان، ٢٠١١). بەڵام لەبری ئەوەی گوتاری هەژموونگرایانە هەڵوەشێننەوە، ئارگۆمێنتەکانیان زیاتر لـــەوە دەچێ هەوڵی کۆپی کردنـــی «فۆرمێکـــی ناوچەگەرایانەی رۆژهەڵاتییانە» بدات، کـــە ماف و پێگەیەکی تایبەت بە کولتووری سەردەســـتی فارســـی دەدات بەســـەر ئەوانـــی تـــردا. نموونەیەکی باشـــی ئەمە حەمید دەباشییە، کە لێکۆڵینەوە بە قســـەی خـــۆی رەخنەییەکـــەی لەبارەی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی، دواجار بەرەو داهێنانی یەکەیەکـــی گەردوونـــی و ســـەروومێژوویی

بەناوی ئێرانی دەبات. دەباشی بەم جۆرە ئامانجی کتێبەکەی خۆی «ئێرانی بێ سنوور بە ڕووی ڕەخنەگرتن لە پۆست کولۆنیالیزمی نەتەوەیی» کورتدەکاتەوە:

«. . . [ئەم کتێبە] جووتەوانەی هەڵە لەکاردەخات و ئەوەی دەیخاتە ڕوو بریتییە لە . . . «دونیایی بوونێکی جیهانشاری»، مۆرکی بنەڕەتیی ڕێچکەی کولتووری ئێرانییە، ئەوەش هەر لە پێشینە ئیمپرالییەکەیەوە بیگرە هەتا دەگاتە ئەو تایبەتمەندییەی لە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالدا وەریگرتووە و هەتا دەگاتە سەر لەنوێ دۆزینەوەی بناوانی خۆی لەو دیو سنوورە وەهمییەکانی ئێستای، ئەو سنوورانەی بە هۆی باڵادەستیی هێزە کۆلۆنیالەکانەوە دروست بووە. . . .» (٢٠١٦ : ٥). ؟

هەرچەند ئەم ڕوانگەیەی سەرەوە هەمەگیر دیارە، بەڵام نموونەیەکی زەقی خوێندنەوەی بنەڕەتخوازانەی ناسیۆنالیستییە بۆ مێژوو. ئەمە ئەو شتەیە کە پارتا چاترجی (١٩٩٣)، تیۆریسیەنی ناسیۆنالیزم، بە «بەکلاسیکی کردنی نەتەوە» وەسفی دەکات کە ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی بناوانێکی ناوازەی شکۆمەند و بەردەوام بوونێکی مێژوویی نەتەوەیەکی مۆدێرن. لەو برگەیەی سەرەوەدا، پێداگریی دەباشی (٢٠١٦) لەسەر تاقانەبوونی «کولتووری ئێرانی» لەناو «ڕێچکەیەکی» نەگۆڕدا، کە نە کات و نە سیستەمە سیاسییە جۆراجۆرەکان و نە زنجیرەی خێزانە شاهانەکان کاری تێ ناکات و لەهەمان کاتدا بە شێوەیەکی نەپساوە و ناوازە جیهانشارییە، خوێندنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی بنەڕەتخوازانەیە و پەسنێکی لێکدژی «کولتوور»ی لێ دەکەوێتەوە. تەقریبەن لە هەموو مێژوونووسییەکی ناسیۆنالیستیدا، خواستی هاوشێوە بۆ هەردەمی بوون، یەکدەستی و بەردەوامیی «نەتەوە» لە مێژوودا هەیە. ئەم چەشنە مێژوونووسییانە، بە شێوەیەکی گشتی بەدەست ئەو شتەوە دەناڵێنن کە دەیڤید مەککرۆن، ئەکادیمسیەنی بەناودەنگی بواری ناسیۆنالیزم، بە «تێگەیشتنی هەڵە لە مێژوو» ناوی دەبات و بە «پێشمەرجی مێژووی ناسیۆنالیستیی» دەزانێ(٤٤). لێرەدا گشتاندنێکی بەربڵاوی بەناو «ڕێچکە»ی «کولتوور» بە درێژاییی هەزارەکان بە زەقی بەر چاو دەکەوێ، لەکاتێکدا دەباشی (٢٠١٦) خۆی دان بەوەدا دەنێ کە لە ئێرانی مۆدێرندا «هێزی میتافیزیکیی ناسیۆنالیزمی ئەتنیکیی فارس بە درێژاییی سەدەی نۆزدە بەدواوە زۆر بەهێز و بەدەسەڵات بووە». (٢٢٤).

> **روشنبیرانی فارس لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی و یەکدەست سازیی دەوڵەت، بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداران لە پرۆسەی کۆلۆنیالیزەکردنی نیوخۆییدا**

لە سەدەی نوزدەیەمدا، نوخبەی فارس وتەزای «کولتووری ئێران»یان داهێنا، کە بە دەربڕینێکی «تاک» گوزارشت لەو کولتوورە دەکات، بۆ ئەوەی «کولتووری فارسی» وەک «کولتوورێکی هاوبەش»ی ئێران بخەنەڕوو و ئێستاش «جیهانی فارسی زمان» بەکاردەهێنن. ڕۆشنبیرانی فارس جیا لەوەی ئەو کولتوورە بە هەمەگیر دەزانن، هەتا دێت زیاتر بەرگری لە «خەسڵەتی سەرووسنووری و تەمەندرێژی»ی ئەو کولتوورە دەکەن و بە دڵێکی خۆشەوە باس لەوە دەکەن کە «جیهانی فارسی زمان» هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ڕەنگە زمانی فارسییان لە پاڵ زمانەکانی دیکەدا تێدا خوێندراوە. ئەو ناوچانەی خوێندەوارانی فارس بە «فارسی زمان» وێنایان دەکەن، دەکرێ زۆر بە ئاسانی بە «عەرەب زمان» یان «عوسمانی زمان»یش ناوزەد بکرێن، چونکە ئەو زمانانەش وەک

زمانی فارسی لەو ناوچانەدا باو بوون. کەواتە بۆچی ئەو ناوچە فرەزمان و فرەئەتنیکییانە دواتر بە فارسی زمان ناودێر دەکرێن؟

ئەم ناونانە بۆ جیهانێکی زمانیی خەیاڵکرد، ڕەنگدانەوەی نوستالژیایەکی بنەڕەتخوازانەی ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانە، کە بە دەربڕینی بروجەردی «تێگەی خۆیان بۆ شوناسیان لەسەر ماتریسی زمان، مێژوونووسییەکی دەستبژێرکراو و ناسیۆنالیزمێکی فارس ناوەند دامەزراندووە»(بروجەردی، ١٩٩٨ : ٤٣). ئەم هەستە نوستالژییانە بە باشترین شێوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا تێبینی دەکرێن: «بیرۆکەی ئێران لەودیوسنوورەکانی ئێستای کە من لێرەدا دەیخەمە ڕوو باوانی ئیمپراتووریی نەتەوەیەک لەخۆدەگرێ و نەخشەکەی لەناو پانتاییەکی گشتیی سەروونەتەوەییدا دادەڕێژێ، کە لە ناو تێگەیەکی فراوان کراوی نەتەوە لەودیو باڵادەستیی کۆلۆنیالیدا هەموو ئەو گەلانە لەخۆدەگرێ (دەباشی، ٢٠١٦ :١٤٦، جەختی زیاتر کراوەتەوە).؟

شەهاب ئەحمەد، مێژوونووسی ئیسلام، بە دروستی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە کەڵک وەرگرتن لە وتەزای وەکوو «تورکی ـ فارسی یان جیهانی فارسی زمان» لە جیهانێکی وەها فرەلایەن و فرەکولتووردا» هەندێک یەکەی زمانی و ئەتنیکی لە ڕووی ماف و ئیمتیازاتەوە بخاتە پێشەوە»(ئەحمەد، ٢٠١٦: ٨٤). ئەو هۆشداری دەدات کە وتەزای» فارسی زمان» وەک مۆرکێکی بنەڕەتی و یان پەسنێکی بەرایی بەتایبەت توخمی «فارس» زەق دەکاتەوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم توخمە «مۆرکی پێکهێنەر و دیارکەری پارادایمی هاوبەشی ئیسلامییە»(٢٠١٦ : ٨٤). بەو حاڵەشەوە، سەرەڕای پێداچوونەوەی ڕەخنەیی بە هەندێک لە سیماکانی مێژوونووسیی کۆنتری ناسیۆنالیستیی فارسی، نەوەی نوێی ئەکادیمیسیینەکانیش کەوتوونەتە داوی بیرکردنەوە بە پێی چەمکی «جیهانی فارسی زمان»، کە داوێکی هەمەلایەنەیە لە گوتاردا.[١٧] لە ڕاستیدا، کەڵک وەرگرتن لەم چەمکە دەبێتە هۆی خوێندنەوەیەکی دەستبژێرکراوی مێژوو، کە تێیدا فارسەکان ئەو ئیمتیازەیان پێ دەدرێ تاکە هێزی کارای ئەو «جیهان»ە بن و ئەوانی تر لە فەزا مێژوویی ـ کولتووری و زمانییەکە دەسردرێنەوە.

> میژوونووسانی ئێرانی/فارس بە تێکڕا بڕیاریان داوە هەڵوێستێکی دژەکۆلۆنیالی بەرامبەر مێژووی مۆدێرنی ئێران پەیرەو بکەن

جەخت کردنەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار لەسەر «ڕەسەن» و «دۆزینەوەی دووبارە»ی «ڕابردووی نەتەوە»، لە بنەڕەتدا پەنا بردنەبەر «ڕابردوویەکی سەقامگیر»ە، کە خەمی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنە. ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیانە بۆ ڕابردوو، چۆنێتیی پێکهاتەی ناسنامەکان دەردەخات و دەبێتە هاندەرێکیش بۆ لایەنگرانی ناسیۆنالیزم تاوەکوچارەسەرێک بۆ وێکچوون و جیاوازییەکانیان بدۆزنەوە. بە مانایەکی دیکە، ئەوە لە دەرکەوتنی کەلێنەکاندایە، واتە لە بەناویەکداچوون و شوێنگۆڕکێی پانتاییەکانی جیاوازییەکاندا، کە ئەزموونە نێوسووژەییەکان و ئەزموونە کۆییەکانی نەتەوە، بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و بەها کولتوورییەکان دەبنە جێگەی باس و خواست(بابا، ١٩٩٤ : ٢). بەڵام لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی فارسدا، دەنگە غەیرەفارسەکان بە بەردەوامی پشتگوێ دەخرێن، چونکە ئەگەر وانەکەن، ئەوە خستنەڕووی ناسنامەیەکی یەکدەست و تاقانەی ئێرانی دەبێ بە شتێکی مەحاڵ.

ئەگەر دەستەواژە پڕئاماژەکەی باتلەر سپیڤاک (٢٠٠٧) وەربگرین، ئەوە دەتوانین بڵێین بێبەش کردنی دەنگە غەیرەفارسییەکان کاریگەریی لەسەر شێوازی ئەو ئاوازە دابنێ کە نەتەوەیەک تێیدا دەبێ بە سروود. با نموونەی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) وەربگرین، کە لە ١٩٢٢دا نووسی ئەو ئێرانی نییە و کوردە. سمکۆ لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا، کە ئەویش ناوی کورد بوو، ڕایگەیاند:

من کوردم و ژیانی خۆمم تەرخان کردووە بۆ نەتەوەکەم. بەڵام، بە گوێرەی ئەوەی بەر گوێم دەکەوێ، ئێرانییەکان بە چەتە ناوم دەبەن و بە پڕوپاگەندەی ئەوەی کە من لە چەتەییدا دەستم هەبووە ناوم دەزڕێنن. من چەتە نیم؛ من بەرگری لە مافی نەتەوەکەم دەکەم. ئێرانییەکان هیچ نین جگە لە دز و چەوسێنەر و وڵاتی کوردستانیان تاڵان کردووە و کەرامەتی کورد دەشکێنن (کورد، ١٩٢٢ : ژمارە٢).

ئەم وتانەی سمکۆ هی چەند ساڵ پێش ئەوەن ڕەزا پەهلەوی لە ١٩٢٥دا بێتەسەر کورسیی دەسەڵات. لای خوێندکارانی ئێرانناسی، نموونەی سمکۆ تەواو دژی ئەو بیرکردنەوە باوەیە کە دەڵێ خۆ جیاواز کردنەوەی کورد تەنها وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر حکومەتی پەهلەوی بووە. بەو حاڵەشەوە باس کردن لە جووتەوانەی غەیرەفارسەکان لەبەرامبەر ئێرانییەکان و بە پێچەوانەشەوە، حاڵەتێکی دەگمەن نەبووە، بە تایبەتی لە نێو کوردەکاندا. (بڕوانە سولێمانی، ٢٠١٧). وەکو وترا، ناسنامەی بە ڕواڵەت یەکدەست، وێنەیەکی خەیاڵی لە مێژوویەکی نەپساوەی ئێران دروست دەکات کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە هەتا ئێستا درێژدەبێتەوە؛ ئەو وێنەیەش لە پێناوهێشتنەوەی سیلسیلە مەراتبی ئەتنیکیی ئێستایە (بۆ زانیاریی زیاتر چاو لە زیبا ئیبراهیمی بکەن، ٢٠١٦). کەوا بێ، تیوریی پۆست کولۆنیالیزم بووەتە ئامرازێکی فیکری بە دەستی نوخبەی فارسیی تەوەککولی ـ تەرەقیەوەیە، کە ئامانج لە بەکارهێنانی بەرگرییە لە بەفارسی کردن و ئەو بانگەشەیەی کە «مێژوو و کولتووری دامەزراو گوزارشتن لە ڕوحێکی نەتەوەیی و هەموو ئێرانییەکان وەک میرات پێیان براوە.» (٢٠١١ : ١١٢، جەختکردنەوەکە هی نووسەرانی وتارەکەیە).

**سەرەڕای پێداچوونەوەی ڕەخنەیی بە هەندێک لە سیماکانی مێژوونووسیی کۆنتری ناسیۆنالیستیی فارسی، نەوەی نوێی ئەکادیمیسییەنەکانیش کەوتوونەتە داوی بیرکردنەوە بە پێی چەمکی «جیهانی فارسی زمان»**

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، واتە تەنیا دوو دەیە دوای ئەو گوتانەی سەرەوەی سمکۆ، کورد و تورک دوو کۆماری خودموختاری تەمەن کورتیان ڕاگەیاند(براوانە ئەسغەرزادە، ٢٠٠٧؛ وەلی، ٢٠١٤).[١٨] هەر لەو قۆناغەدا «بزووتنەوەی عەرەبی خوزستانیش ئامرازە ستانداردەکانی گوتاری ئیتنۆناسیۆنالیستیی بەکارهێنا، ئەوان بێ وچان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە قەومییەت، زمان، داب و نەریت و مێژووەکەیان هی نەتەوەیەکی دەستنیشان کراوە و لە ئێرانێکدا شوێنیان نابێتەوە کە فارس تێیدا قەومییەتی سەردەست بێ»(مان، ٢٠١٤ : ١١٤، ١١٥). سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵەرانی فارس، کە بە دەستەواژەی بلاوێنەر ئەزموونی کۆمەڵگا بندەستەکان «ئیدارە دەکەن و دەینوێننەوە و دەیقۆزنەوە»، باسی یادەوەریی مێژوویەکی پێکەوەیی جیاوازی هەموو ئێرانییەکانمان بۆ دەکەن. لێکۆڵەرێکی فارسی وەک تەوەککولی ـ تەرەقی بە شێوەیەک، وەک هەمیشە چاوپۆشی لە جیایی ئەزموونی مێژوویی

خەڵــک لە پانتایی فەلاتــی ئێراندا دەکات و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە «دژبەرانی نەزمی دەســتووری (لە ١٩٠٥ ـ ١٩٠٦) . . . مێژوو و کولتووریان وەکوو دەربڕینی ڕووح، ڕووحی نەتەوەیەک کە میراتــی هەموو ئێرانییەکانە، بنیاد ناوە (٢٠١١: ١١٢، جەخت کردنەوەکە هــی نووســەرانی وتارەکەیە). لــە کاتێکدا لە کۆتایی بیســتەکانی ســەدەی ڕابردوودا، نموونەی زۆر هەیە کە دەیسەلمێنن کۆمەڵگە جیاوازەکان لە ئێراندا لەگەڵ چ پرۆســەیەکدا بــەرەورووو بوونەتەوە، کە زۆر جار کوشــتن و بڕینی بەربڵاوی لێ کەوتوەتەوە. ئەوانەی لەو ئۆپەراسیۆنە بەرپرسیارن تەقریبەن بە هەمان شێوە هەلســوکەوتیان لەگەڵ کۆچەرییەکاندا دەکرد کە زۆربەی ســپی پێســتانی ئەمریکا لە ســەدەی نۆزدەیەمدا، لە گەڵ خۆجێیانی ئامریکا مامەڵەیــان دەکرد(کاتوزیان، ٢٠٠٦: ٣٢٦، جەختکردنەوەکــە هــی نووســەرانی وتارەکەیە).

تێگەیشتن لەوەی چۆن زۆر لە لێکۆڵەرانی ئەکادیمیــی فارس، بــە بەکارهێنانی تیوریی پۆســت کۆلۆنیال تووشی لێکدژیی چەمکیانە و مێژوویــی بوونەتەوە، بــۆ بەرەوپێش بردنی فارســیزم کە لە بانگەشــەی یەکێتیی زمانی و کولتووریــدا پەردەپــۆش کــراوە. یەکــەم هەنگاویــان بریتی بوو لــەوەی جووتەوانەی ڕۆژئــاوا لــە بەرامبــەر ئەوانــی دیکــەدا بۆ کۆلۆنیالیزەکردنی نێوخۆیی بقۆزێتەوە. لێرەدا ڕۆژئاوا دەمودەســت هاوتــا کراوەتەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی، هەرچەند لەڕاستیدا لای تیوریسیەنەکانی پۆست کۆلۆنیال، ڕۆژئاوا و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی ناکرێنەوە بە یەک. بۆ نموونە، فرانتس فانون (١٩٦٧) و هۆمی بابا (١٩٩٤) نە لەڕووی بونیادە مێژووییەکەی و نە لەڕووی شێوازی ئەزموون کردنیەوە لەلایەن خەڵکانی کۆلۆنیالیزەکــراوەوە، ئیمپریالیزم بە یــەک پێکهاتەی تاقانە نازانــن (بابا، ١٩٩٤، فانــون، ١٩٦٧). بەو حاڵەشــەوە، لــە پێناو پشتڕاســت کردنەوەی بانگەشــەی شوناسی یەکدەســت، ڕۆشــنبیرانی فارس شوناســی خۆیان لەسەر بنەمای دژایەتیی ئەورووپییەکان دادەمەزرێنــن (چاو لە ماتین بکەن، ٢٠١٨)، هەرچەند هێشــتاش ئیلهام لە ئەورووپییەکان وەردەگرن(بڕوانــە بروجێردی، ١٩٩٨). دەبێ ئامــاژە بۆ ئــەوەش بکەین کە لە ســەرەتای دەیەی بیستی ســەدەی ڕابردوو، بانگەوازێک بۆ «دابڕانی ئێپستمۆلۆژیک لە ڕۆژهەڵاتناسی» وبنیاتنانی «ڕوانگەیەکــی ڕۆژهەڵاتی»، کە بە «ڕۆژئاواناســی» ناودێر دەکرێ، ســیمایەکی گرنگــی ناســیۆنالیزمی فــارس بووە»(بڕوانە ماتین ئەســغەری، ٢٠١٤ : ٥٩). ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی فارس، هاوکات لەگەڵ بنیاتنانی شوناســی خۆیان لەســەر بناغەی کۆمەڵێک شــێوەی خۆ جیــاواز کردنەوە، بانگەشــەی ئەوەشــیان دەکرد کە بنەمایەکی هاوبەشــی مێژوویی و کولتووری لە نێوان ئێرانییەکان و ئەورووپییە سپی پێستەکاندا هەیە.

بە پێی ڕیوایەتی گەورەی مێژوونووسانی ئێران بێــت، ئەورووپییەکان کــە لە ڕێگەی ئێرانییەکانەوە زمان و نەژادی خۆیان ناسیبوو، کارتێکەریــی لێکۆڵەرانــی فارســیان ڕەت کردووەتەوە. بەو پێیەش بەشداریی ئێرانییەکان لە پێشکەوتنی ئەورووپییەکان بە شێوەیەکی ڕیاکارانە پشتگوێ خرا. تەوەککولی ـ تەرەقی لــە کتێبەکــەی خۆیدا لــە ژێر ناونیشــانی «سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئێران»، هەوڵ دەدات بەدوای «سڕینەوەی دامەزراوەی ماندووبوونی فارســی زمانان»دا بچێ کە «بەشــدارییان لە دروست کردنی ڕۆژهەڵاتناسیدا هەبووە «، ئەو هەروەها هەوڵ دەدات «ئەو مەیلە ڕەخنەییە باوە ڕاست بکاتەوە کە فۆکووسی تەنها لەسەر بەرهەمەکانــی لێکۆڵــەرە ئەکادیمیەکانــی ڕۆژئاوایە، بێ ئەوەی توێژینەوە لە بەشــداریی لێکۆڵــەرە خۆماڵییــەکان، لــە دامەزراندنی لێکۆڵینەوەکانــی پەیوەندیــدار بە ڕۆژهەڵات بکەن. «(٢٠١١ : ئیکس، ئای) نوخبەی فارس

لە جیاتی ئەوەی بەرەنگاری هەژموونی ئەورووپا لەسەر کولتووره غەیرەرۆژئاواییەکان ببێتەوە، بە ناڕاستەوخۆ پشتگیری لە بیرکردنەوەی بەناوەندبوونی ئەورووپا دەکات و هەموو هەوڵیان تەنیا بۆ ئەوەیە «پشکی لەبیرکراو»ی خۆیان لە بەرهەمە رۆژهەڵاتییەکانی بواری مەعریفە بەدەست بهێننەوە. هاوکات ئەوان لە هەڵسوکەوتی ناداپەروەرانەی ئەندامانی ئورووپایی خانەوادەی ئاریایی ناڕازی بوون. بەو شێوەیەش، لە بەرهەمەکانی نووسەرانی ناسیۆنالیستی فارسدا، مێژووی ئێران بوو بە نموونەیەک لە گرێی فرۆیدی، کە لە ئەوین و قین پێکهاتووە. ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی نووسەرە ناسیۆنالیستەکان ڕوو لە «رۆژهەڵاتناسیی ئاوەژوو» بکەن(بروجێردی، ١٩٩٦- ١٩٩٨).[١٩] پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ کە ژمارەیەک لە ڕەخنەگرانی فارس و ئازەری وەکوو موستەفا وەزیری (١٩٩٣)، مێهرزاد بروجردی (١٩٩٦ –١٩٩٨)،[٢٠] عەلی ڕەزا ئەسغەرزادە (٢٠٠٧)، ئەفشین مەتین – ئەسغەری (٢٠١٨)، ڕەزا زیائیبراهیمی (٢٠١١، ٢٠١٦)، پرسیاریان خستووەتەسەر مێژوونووسییەکی فارس ـ ناوەند و ئەفسانەی تاقانەبوونی کولتووری و بەردەوامیی مێژوویی «نەتەوە». بەو حاڵەشەوە، هەندێک لە ڕەخنەکانیان لە گەڵ بەرگرییەکی توند بەرەوڕوو بوویەوە.

بە هۆی قەبووڵ کردنی ڕەخنەکانی پۆست کولۆنیالیزم لە ڕۆژئاوا و هاوسۆزی لە گەڵ کۆمەڵگا نا- ڕۆژئاواییەکان، ئەو جۆرە لە لێکۆڵەرانی ئێرانی بایەخێکی ئەوتۆیان بە گریمانە هەرە سەرەتاییەکانی تیۆریی پۆست کۆلۆنیال نەدا: واتە خەبات لە دژی هەموو دەرکەوتنەکانی کولۆنیالیزم و پاڵپشتی کردنی بێ جیاوازی، لە خەباتە ڕزگاریخوازییەکانی خەڵکانی چەوساوە. لە بنەڕەتدا، هەر لە سەرەتاوە مامەڵەکردنێکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ کولۆنی و نەتەوە، مۆرکی لێکۆڵینەوە پۆست کۆلۆنیال و لێکۆڵینەوەکانی دواتر بووە. (دوب، ٢٠١٠ : ١٠٢). بەڵام بە پێچەوانەوە، پشتیوانیی نوخبەی فارس لە گوتاری کولۆنیالیزە کردنی نێوخۆیی، بووەتە ئامرازێک بەدەست ئێپیستمۆلۆژیی حاکمییەت و لە ڕێگەیەوە ئەویتری ڕۆژهەڵاتیی خۆی بەرهەمهێنا.[٢١] مێژوونووسیی فارسی هاوشێوەی هاوتا ڕۆژئاواییەکەی خۆی، سەرقاڵی مێژووگەراییە کە سەرقاڵی شێوە پێ دانەوەی مۆدێلە گشتییەکانە بە درێژایی کات و شوێن و هەر ئەوەش وا دەکات ڕۆشنبیرانی فارس وەک دەباشی بتوانن وێنای «بیرۆکەی نەتەوە بکەن، کە چالاکانە بنەچە سەروونەتەوەیی و کۆسمۆپۆلیتیەکانی خۆی لەبیرە و پشتی بەهێزتر دەکات»(٢٠١٦ : ٢٣٣).

مێژووگەرایی، وەک ئەوەی لیۆپولدن رانک وێنای دەکات، ئامانجی ئەوەیە یاسا پێشینە و گریمانەییەکانی چارەنووسی مێژوویی بدۆزێتەوە و هۆکاری سەرهەڵدان و لەناوچوونی کۆمەڵگاکان ڕوون بکاتەوە. (بروانە، لێگرس، ٢٠٠٥). ڕۆشنبیرانی ئێران لەکاتی دارشتنی وێنەیەکی یەکدەست بۆ مێژووی ئێران ڕابردوویەکیان لەسەر کۆمەڵێک بیرۆکەی گوماناوی و کەسایەتی و بنەچەی جێی مشتومڕ بنیات ناوە. بۆ بە جەوهەرکردنی شوناسی ئێرانی، دوو بانگەشەی بێ بەڵگە خراونەتەڕوو. یەکەمیان دیاری کردنی ئەو پانتاییە کاتی و شوێنییەیە کە گوایە «شوناسی ئێرانی» لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. دووەمیان بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک گریمانە و تیۆرییە بۆ پشتڕاست کردنەوەی یەکێتی و بەردەوامیی «شوناسی ئێرانی» بە درێژایی هەزاران ساڵ، بە پێی ئەو تیۆری و گریمانانەش هەمیشە کولتوورێکی ئێرانیی جیا و تاقانە هەبووە. بۆ نموونە یارشاتر دەنووسێ کە «دەرکەوتنی مادەکان [١٠٠٠ بۆ ١١٠٠ پ. ز] لە سەردەمی باڵادەستیی میزۆپۆتامییەکاندا ئەو بەڵگە بەراییە کە بوونی شوناسی ئێرانی

پشتڕاست دەکاتەوە(١٩٩٣ : ١٤٣).

گوایە ئەم کولتوورە گەردوونی و جیهانشارییە بە درێژایی دەسەڵاتی خێزانە شاهانە جۆراجۆرەکان و سەرەڕای پچڕان و ئاڵۆزی هەر پەرەی سەندووە. (ئەمنەت، ٢٠١٧). بۆ نموونە، هێرشی عەرەب بۆسەر قەڵەمڕەوەی ساسانی، کە بڕواهێنانی دانیشتووان بە ئیسلام و چەندین سەدە باڵادەستیی زمان و کولتووری عەرەبی لە ناوچەکانی سەر فەلاتی ئێرانی لێ کەوتەوە، بە پچڕانێکی بێ بایەخ دەزانن کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەردەوامیی مێژوویی ئێران نەبووە. یارشاتربانگەشەی ئەوە دەکات کە «عەرەبەکان ئایینێکی نوێ و جیهانبینییەکی جیاوازیان سەپاندووە. ئەو کاردانەوەیەی دوای چەندین دەیە خەبات هاتەئاراوە بریتی بوو لە: وەرگرتنی ئیسلام لەلایەک و پاراستنی زمان و میراتی کولتووریی فارسی لە لایەکی دیکەوە»( یارشاتر، ١٩٩٣ : ١٤٣، جەخت کردنەوەکە هی نووسەرانی وتارەکەیە).

بە هەمان شێوە، ئاڵۆزییە گەورەکانی وەک هێرشی ئەسکەندەر و مۆغۆڵەکانیش کێشەی بۆ «شوناسی ئێرانی»ی تاقانە دروست نەکردووە. هەرچەندە هەرکام لەو هێرشانە کاریگەریی درێژماوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبووە. هێرشی یەکەمیان باڵادەستیی کولتوری هێلێنیزمی بەدواوەبوو، ئەوەی دووەمیشیان چەسپانی زنجیرەی خێزانی شاهانەی مۆغۆڵ و تەنانەت گۆڕانی کاتیی ئایینی بەشێک لە دانیشتووان بۆ ئایینی بوودایی لێ کەوتەوە. (هۆڵت، ١٩٧٠). بەم شێوەیە، لێکۆڵەرانی فارس خوێندنەوەیەکی بنەڕەتخوازانە و بێ بنەما بۆ ڕابردوو دەکەن. بۆ نموونە، کاشانی ـ سابیت پێمان دەڵێ تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا هەر وەک «دەوڵەت نەتەوەکانی ئەمڕۆ و وەک ئامرازێک بۆ خۆپێناسەکردن» کە «ئێرانییەکانی تر»یش تێیدا هاوبەشن لە ئێران تێبگەین (لە نووسینی کیا وەرگیراوە، ٢٠١٤، ٨٩). ئەگەرچی کیا، کە یەکێکی دیکە لە لێکۆڵەرە ئێرانییەکانە، دەڵێ «خوێندنەوەکەی کاشانی ـ سابیت قۆناغێکی پێش مۆدێرنی داهێناوە کە چەندین سەدە هەژموونی نەگۆڕ لەخۆدەگرێ و پێچەوانەی ئەو گۆڕانە ڕیشەییانەیە کە لە قۆناغی مۆدێرندا ڕوویان داوە»(٢٠١٤ : ٨٩)، کەچی بە شێوەیەکی زۆر سەیر و سەمەرە، ئەویش بانگەشەی ئەوە دەکات کە «جۆرە خەتێکی ئێرانی بوون بە درێژاییی ئەو قۆناغە هەبووە»(٢٠١٤ : ٨٩).

> ناسنامەی بە ڕواڵەت یەکدەست، وێنەیەکی خەیاڵی لە مێژوویەکی نەپساوەی ئێران دروست دەکات کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە هەتا ئێستا درێژدەبێتەوە

بە شێوەیەک لە شێوەکان، پێداگریی ڕۆشنبیرانی فارس لەسەر بەردەوامیی و یەکدەستیی مێژوویی فەرهەنگی ئێرانی، (یان با بڵێین کولتووری فارسی)، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بەم باڵابوونەی کە «ڕێچکە»یەکی ناوازە و نەگۆڕی دەدرێتە پاڵ. بانگەشەی ئەوەی کە بناوانی ئەو کولتوورە هەزارانساڵەیە شتێکە دەدۆزرێتەوە و بانگەوازی زیندووکردنەوەی «کولتوورێکی ئیمپراتووری»ی خەیاڵکرد، زایەڵەیەکی ناسیۆنالیستی و ئیمپریالیستیی تێدایە. ئەوانەی خەیاڵی پرۆژەی زیندووکردنەوەی کولتووریان لەسەردایە تەنها سنوورە پۆست کۆلۆنیالەکان بە شتێکی خەیاڵکرد دەزانن؛ ئەمەش (لای ئەوان) ئاماژەیە بۆ ئەوەی سنوورەکانی ئیمپراتوورییەکانی پێش قۆناغی کۆلۆنیالی، سنووری سروشتین و دەکرێ بەدەست بهێنرێنەوە. بەڵام ئەم پرۆژەی زیندووکردنەوە و ئەم نۆستالژییە زیاتر

لەوەی لــە ڕواڵەتدا دەردەکــەون ڕوویان لە داهاتووە. ئەمە وایە لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژەیە دڵەڕاوکێی «کۆمەڵگای سەردەســت» لەسەر بەردەوامیــی ئــەو دەســەڵاتە ناموتەقارنە لە ئێــران دەردەخات. باشــترین نموونە بۆ ئەم دڵەڕاوکێیە جەختکردنەوەیە لەســەر ئەوەی «دروســت بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ [لە عێــراق نەک لە ئێرانیش] بۆ هەموو خەڵکانی ناوچەکــە کارەساتبارە»(دەباشــی، ۲۰۱۸). لێــرەوە دەبینین کە چــۆن ڕەخنەگرتن لە کۆلۆنیالیــزم بۆ پارێزگاری کردن لە یەکێتیی نیشــتمانی دایک و کولتووره ئیمراڵییەکەی بەکاردەهێنرێ.

زۆربەی ڕۆشنبیرانی فارس، کولۆنیالیزمــی ڕۆژئاوایــی بــە هۆکاری خواستە سیاسییەکانی غەیرەفارســەکان دەزانن. هەر چەشــنە دژایەتییەک لە گەڵ پلەبەندیــی ئێســتای زمان و فەرهەنگــی، بــە لێکەوتــەی دەســت تێوەردانی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکــە لە قەڵەم دەدرێ. مل نەدانی عەرەبەکان، بەلووچەکان، کوردەکان و ئازەرییە تورکەکان بۆ نیــازە ناوەندگەراکانی تاران وەک نیشــانەیەک بۆ دەســت تێوەردانــی بیانــی لێکدەدرێتــەوە.[۲۲] ئەوان بانگەشــەی ئەوە دەکەن کــە بێ جووڵاندنی دەرەکی، ئەم کۆمەڵگایانە لەبەرامبەر ناوەندا خۆڕاگــری ناکەن، چونکە لەڕاســتیدا ئەوان جگە لە «ناســنامەی دەســتکردی بەقەومی کراو»هیچــی تریان نییە(دەباشــی، ۲۰۱۶ – ۱۷)، ئەوە بە پێچەوانەی کۆمەڵگای فارســی کە ناسنامەکەیان دەبێت ڕاستییەکی ناوەکیی سروشتکرد بێ. ڕۆشنبیرانی فارس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەدەر لە ناسنامەی کۆمەڵگای سەردەســت، ناســنامەکانی دیکە نایاسایی و ساختەن. هەندێک جار دژایەتیی کۆمەڵایەتیی غەیرەفارسەکان بە «تووڕەییەکی کەڵەکەبوو» لە «ناکارامەیی و پشتگوێ خستنی حکومەتی ناوەنــدی» لە قەڵــەم دەدرێــن.[۲۳] ناکۆکییە کولتــووری و زمانییەکانی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ غەیرەفارسەکان و لەوێشەوە سیاسەتی چەوساندنەوە و تواندنەوە بە شێوەیەکی ڕەها شــاردراوەتەوە. کاتێک نوخبەی دەسەڵاتدار بەناوی کۆمەڵگا ژێردەستەکانی پەراوێزەوە قسە دەکەن، لە باشترین حاڵەتدا کۆلۆنیالیزەکردنی نێوخۆیی مێژوویی بۆ کۆمەڵێک نارەزایەتیی مەشــروع بەڵام لاوەکی لەدژی حکومەتێکی ناکارامەی ناوەندی کورت دەکەنەوە.

> ناکۆکییە کولتووری و زمانییەکانی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ غەیرەفارسەکان و لەوێشەوە سیاسەتی چەوساندنەوە و تواندنەوە بە شێوەیەکی ڕەها شاردراوەتەوە

## ئاریائیــزم و کــپ کردنــی ڕابردوو

بــە شــێوەیەکی گشــتی، لە بەســتێنی مێژوونووســیی ناوەندگەرایانــەی فارســدا، ئەوانی تــری غەیرەئاریایی وەلا نــراون. بەم پێیە مێژوونووســە ناسیونالیســتە فارسەکان، لێرە و لەوێ چاپۆشــییان لە فاکتە مێژووییــەکان کــردووە و بانگەشــەی ئەوەیان کردووە کە ئەوەی بە «کۆچی ئارییاییەکان» بــۆ خاکــی ئێســتای ئێــران ناودەبردرێت، بە شێوەی پچرپچڕ لە چەندین ســەدەدا ڕووی داوە. ئــەوەش لــەو قۆناغەدا بــووە کــە ئارییاییــەکان گرووپــە قەومییە خۆجێییەکانیــان دەتوانــدەوە. لــەم ڕیوایەتە نەژادییــە هەڵبەســتراوەدا، گرووپە قەومییە پێش ئارییەکان کە بۆ هەزاران ساڵ لە ئێران بوون فاکتێکی کێشەســازن. مێژوونووســیی ئاریائیــزم تەنانــەت نکۆڵــی لــە تێکەڵاویی قەومیی دوای هێرشی تورک و موغۆڵەکانیش دەکات. نموونەیەکی زۆر زەق بۆ ئەمە ئەوەیە کە تورکــەکان بە ئازەرییــە کۆنەکانی ئێران ناوزەد دەکرێن کە بنەچە و زمانی سەرەتایی

خۆیانیان لەبیرکردووە.[۲۴]بەم شێوەیە پێمان دەڵێن کە ناسنامەیەکی یەکدەستی ئێرانی بۆ هەزاران ساڵ بوونی هەبووە. بە گوێرەی یارشاتر، «بەردەنووسی داریوشی مەزن (۵۲۲ـ۴۸۶ پ. ز) بە ئاشکرا جەخت لەسەر ناسنامەی ئێرانی دەکاتەوە، کە وەک ئاریایی و فارسێک هۆشیاریی تەواوی لەسەر لایەنی نەژادیی خۆی هەبوە و شانازیی بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیەوە کردووە. (یارشاتر، ۱۹۹۳ : ۱۴۱، جەخت کردنەوەکە هی نووسەرانی وتارەکەیە).

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە هەوڵێکدا بۆ وە بیرهێنانەوەیەکی دەستەبژێری «رابردوو»، مێژوونووس و رۆشنبیرانی فارس دەستیان بە چەواشەکردنی مێژووی دێرینی ئێران کرد. مێژوونووسان و توێژی بژاردەکانی فارس دەستیان کرد بە چەواشەکاری لە مێژووی کۆنی ئێراندا. پاش بێدنگ کردنی رابردووی ئێرانی پێش هەخامەنشی، مێژوونووس و رۆشنبیرانی فارس، مێژووە غەیرەفارسییەکان و فرەرەنگیی کولتووریی ناوچەکەیان بۆ قازانجی ریوایەتی گەورەی مێژووی ئێران لادا. ئەوەی لەم گێرانەوە هەڵبەستراوەی مێژوودا بە ساغی مایەوە، کولتوورێکی خیاڵکردی ئێرانی بوو کە لە زمانی پاراوی فارسیدا بەرجەستە دەبێت. لێرەدا، «ناسنامەی ئێرانی» لە بنەرەتدا لە رێگەی زمانی فارسییەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەوەش نەک هەر وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن بەڵکو وەک هەڵگری سەرەکیی جیهانبینیی فارسی و کولتووری فارسی(یارشاتر، ۱۹۹۳ : ۱۴۱ جەختی زیاتر). ئەمجۆرە تێگەیشتنە رۆژهەڵاتییە بۆ رابردوویەکی زۆر پرکێشە و دوور نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەکی باوەڕ پێ کراو بۆ بانگەشە بێ بناغەکانی خۆی بهێنێتەوە. (پورپیرار، ۲۰۰۰ : وەزیری، ۱۹۹۳). ئەمە گەواهی لەسەر ئەو راستییەش دەدات کە مێژوونووسە فارسەکان، رێک وەک پاشاکانی پەهلەوی و سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی، داوا دەکەن کۆمەڵگا غەیرەفارسەکان گوێرایەڵی دەسەڵاتەکەیان ببن و خۆیان بە ئێرانی بزانن.

ئێستا ئەوە شتێکی زانراوە کە نزیکایەتی هەیە لە نێوان گوتاری ناسیۆنالیستیی ئێرانی و ئەوانەی پێش ئەوان باسی ئاریائیزمی نازییان دەکرد. بڵاوبوونەوەی ئاریائیزم لە ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی هەوڵی ئەو رۆشنبیرە فارسانەوە بوو کە بە بازنەی بەرلین ناسراون. ئەندامانی ئەو بازنەیە گۆڤاری «کاوە»یان دەردەکرد، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و کولتووری سیاسیی ئێران هەبوو(ماتین ـ ئەسغەری، ۲۰۱۴ : ۵۴). لێکۆڵەری ئێرانی ماراشی دەنووسێ، « گرنگە بزانین کە مێژووی نەتەوەگەراییی ئێران لە گەڵ چاپ کردنی کاوە دەستی پێ کرد (۲۰۰۸ : ۵۳). دەباشی بە لایەنگرییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «چاپ کردنی کاوە لە بەرلین لە ساڵی ۱۹۱۵ هەتا ۱۹۲۱ و بڵاوکردنەوەی بیری ئاریائیزم دەستپێکی بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیکی سەرەکی بوو بۆ بەبیرۆکە کردنی مێژووی ئێران لە رێگەی زیندووکردنەوەی میراتی دێرینەوە»(۲۰۱۶ : ۶۹). نووسەرانی کاوە لە رووی سیاسییەوە بە راشکاوی لایەنگری ئاڵمان بوون و پشتگیرییان لە دەسەڵاتی فیکریی ئەڵمانی دەکرد (ماتین ـ ئەسغەری، ۲۰۱۴ : ۵۴). پاشان، هەمان بازنە کۆمەڵێک گۆڤاری دیکەی وەک «ئیرانشەهر»ی بڵاوکردەوە کە «رەگ و ریشەی داهێنانە ئایدیۆلۆژییەکانیان لەناو ژینگەی کولتووریی قایمەری ئەڵمانیدا بوو، ئەمەش شتێکە کە مێژوونووسانی مۆدێرنیتەی ئێرانی پشتگوێیان خستووە یان نکۆڵیی لێ دەکەن»(ماتین — ئەسغەری، ۲۰۱۸ : ۶۴، جەختی لە سەر کراوە).

ناسیۆنالیستە فارسەکان بانگەشەی ئەوە

دەکەن کە «نەتەوەی ئێران»بوونێکی مێژوویی بەردەوام و تاقانەی هەبووە و زمانی فارسی وەک بناغەی زمانیی کاری کردووە. بەم شێوەیەش زمانی فارسی بۆ زمانێکی ناقەومی گۆڕا و درێژەی بە سەپاندنی خۆی دا وەک زمانێکی مێژوویی و نەتەوەیی. هەر ئەوەش دواجار ئەو ئەنجامگیرییەی لێ کەوتەوە کە لە ڕاستیدا هیچ غەیرەفارسێک بوونی نییە، مەگەر ئەو ناسنامە ساختانەی کە بە شێوەیەکی دەستکردی قەومی کراونەتەوە(دەباشی، ٢٠١٦ : ١٧). لێکۆڵەرانی غەیرە ـ پۆستکۆلۆنیال، هەڵگری ئەو فرەلایەنییە نەبوون وا بۆ ڕەت کردنەوەی تەواوەتیی فرەڕەنگی پێویستە، بۆیە ئەوان هەر هیچ نەبێ دانیان بەوەدا نا کە «هۆزی سەربەخۆی غەیرەفارس بوونیان هەیە» کە خاوەنی زمان و کولتووری خۆیانن. بۆ نموونە، ئەروەند ئابراهامیان،[٢٥] مێژوونووسی بەناوبانگی ئێران، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی غەیرەفارسەکان دەکات:

«ئەو حەشیمەتەی لە تەنیشت یەک دەژیان و خاوەنی بونیاد، پلەبەندی، زمان و لەهجەی خۆیان بوون زۆربەی جاران هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم خاوەن ئابوورییەکی پشت بەخۆ بەستوو بوون. جوگرافیای بەرجەستە، بناغەی ئەو فرەییە کۆمەڵایەتییە بووە . . . هۆزەکان، کە کۆی گشتییان لە نێوان ٢٥ بۆ ٣٠٪ دانیشتووانی وڵات بوو، لە ١٥ یەکەی سەرەکی پێکدەهاتن، کە بریتی بوون لە قاجارەکان، کوردەکان، تورکەمەنەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان، قەشقاییەکان، بەختیارییەکان، لورەکان، مازندەرانییەکان، بویرئەحمەدییەکان، هەزارەکان، شاهسەوانەکان، ئەفشارییەکان، تەیمورییەکان و خەمسەییەکان»(ئیبراهمیان، ٢٠٠٨: ٢١، جەختی لە سەر کراوە).

لە هەر گۆشەنیگایەکەوە سەیری بۆچوونەکانی ئابراهامیان بکەین، ئەوە بانگەشەی یەکدەستیی مێژوویی، زمان، کولتوور و «ئەزموونی هاوبەشی هەمووان» کێشەیان تێ دەکەوێت. وەک ئابراهامیان بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو کۆمەڵگایانە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ یان نیمچەسەربەخۆی خۆیان هەبووە. ئەو کۆمەڵگایانە کولتوور و زمانی خۆیان هەبووە و هەتا ئێستاش هەیانە، بەو حاڵەشەوە، لێکۆڵەرانی فارس وەک هۆز پێشانیان داون، ئەوەش وەسفێکە کە زۆربەی جاران بیانوو دەداتە دەست دەوڵەت بۆ ئەوەی مافەکانیان پێشێل بکات.

بەڵام لە نوێترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە فارس تێیاندا ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێت، ئەو پارچەپارچە بوونەی «نەتەوە» شاردراوەتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی تاقانەبوونی شوناسی ئێرانییەوە. نوخبەی فارسی هەوڵێکی بەردەوامی داوە بۆ ئەوەی یان نکۆڵی لە کولتوور و زمانی «ئەویتر»ەکانی خۆی بکات و بە دابونەریتی مەحەللی یان لەهجەکانی زمانی فارسی لەقەڵەمیان بدات، یان بە تەواوەتی پشتگوێیان بخات. بەڵام هاوکات بە شێوەیەکی زۆر پارادۆکسییانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە «زمانی فارسی وەک توخمێکی جەوهەری لە دروست کردنی شوناسی نیشتمانیی ئێرانیدا چەسپاوە». (تەوەکولی تەرەقی، ٢٠١١ : ١٠٤). بەڵام لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا زۆر بە دەگمەن دانیان بەوەدا ناوە کە پەیوەندیی نێوان زمانی فارسی و ئێرانی بوون بە پشتیوانیی هێزی سەربازی ڕاگیراوە، کە ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دروست کردنی بیرۆکەی «نیشتمانی لە بەرامبەر لۆکاڵیدا». ڕۆشنبیرانی فارس تێکۆشاون یەکێتییەکی نەژادی، زمانی و فەرهەنگی پێکەوەبنێن. پلەبەندییەکی کولۆنیاڵی بپارێزێت. بە بەراورد لەگەڵ ئابراهامیان، نەوەیەکی نوێ لە لێکۆڵەران (وەکوو تەوەککولی ـ تەرەقی) زۆرتر

خوێندنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی هەمەگیر بۆ ڕابرووی ئێران دەخەنەڕوو، لەسەر بنەمای ئەو خوێندنەوەیەش دەکرێ ئاسەواری ئەو «نەتەوە یەکدەست و یەکگرتووە» بۆ ڕابردوویەکی دوور بگەڕێنرێتەوە. ئەو نەوە نوێیە، هەوڵە ناسیۆنالیستییە بنەڕەتخوازانەکەی سەدەی ١٩ بە «ڕێکخستنەوەی ئێران» لێکدەداتەوە، نەک دروست کردنی ناسنامەیەکی نوێ. لای ئەوان، مەیلە ناسیۆنالیستییەکانی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە «خوێندنەوە و گێڕانەوەی ئەو دەقانەی باسی شکۆمەندیی ئێران دەکەن، ئەویش لە سەردەمی شوێنگۆڕکێی کۆمەڵگاکان، شکستی سەربازی و هاتنەناوەوەی هێزە بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمەدا، ڕێگەی بۆ سەر لەنوێ دارشتنەوەی دووبارەی ناسنامەی ئێرانی و بنیاتنانی شێوەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕیوایەتە مێژووییەکان و قۆناغبەندییان خۆش کرد»(٢٠١١ : ٩٧، جەخت کردنەوە هی نووسەرانی وتارەکەیە).

کەسانی وەک تەوەککولی ـ تەرەقی بە ئاسانی ناتوانن بوونی پێشوەختی ناسنامەی یەکدەستی ئێرانی وەک شتێکی بەڵگەنەویست بخەنەڕوو. بۆ نموونە ئەو دان بەوەدا دەنێ کە هەوڵ هەبووە بۆ«بنیاتنانی شێوەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕیوایەتە مێژووییەکان و قۆناغبەندییان»؛ بەڵام ئەمە لە بنەڕەتدا «سەر لەنوێ دارشتنەوەی ناسنامەی ئێرانی» بووە. تەوەککولی ـ-تەرەقی دان بەوەدا دەنێ کە «ئێران، فورس» و «عەجەم» کۆمەڵە چەمکێکن کە مشتومڕی زۆریان لەسەرە و لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا ناکرێ مانایەکی جێگیریان پێ بدرێ(١٩٩٤: ٣١٧). بەم حاڵەشەوە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات دەکات کە ئەم چەشنە لە لێڵیی تێگەیشتنی و زمانەوانی وای کردووە، مێژوونووسە ئێرانی و ڕۆژئاواییەکان بتوانن ئێران وەکوو بوونەوەرێکی هاوجۆر و خاوەن مێژوو و شارستانییەتی جیا و هەمەگیری خۆی بناسێنن(١٩٩٤: ٣١٧، جەختی لە سەر کراوەتەوە). بەڵام بە پێچەوانەوە، هەندێک لە گێڕانەوە زارەکییەکانی کورد، کە بۆ سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێنەوە، گومانی گەورە دروست دەکەن لەسەر ئەوەی هەموو خەڵک خۆیان بە ئێرانی یان عەجەم زانیبێت. بۆ نموونە، لە یەکێک لە بەیتە کوردییەکاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە فەرمانڕەوای قەڵای مێژوویی دمدم لە نزیک دەریاچەی ورمێ ڕایگەیاندووە پاشای ئێران [پاشای عەجەمان] لە من نزمترە . . . من هیچکات فەرمانڕەوایی فارسەکان قەبووڵ ناکەم . . من هیچکات کورد بەدناو ناکەم(١٨٩٠ : ١٨٦ – ١٨٧).[٢٦] کپ کردن یان چاوپۆشی کردن لە دەنگی غەیرەفارسەکان وای کردووە تەوەککولی ـ تەرەقی نەتوانن سەرنجی ڕەخنەکانی خۆیان لە گوتاری هەمەگیر بدەن کە جیاوازییەکان دەسڕێتەوە، واتە کاتێک ڕەخنەیان لە ڕۆژهەڵاتناسی گرت بەوەی کە «گوتارێکی هەژموونگەرانە و هەمەگیرە کە وەک پێناسەی زانستی و بابەتی بە شان و باڵی بۆچوونە ڕوانگەدارەکانی خۆیدا هەڵدەدات، لە کاتێکدا ئەو مێژوو و ڕوانگانە لەبیر دەکات کە باسی بناوانەکانی بۆ دەکەن»(تەوەککولی ـ تەرەقی ٢٠١١ : ١٨).

کاتێک بە خێرایی چاو بە بەرهەمەکانی مێژوونووسە بەرچاوەکانی فارسدا دەخشێنین، دەبینین خوێندەوەی ئەوان بۆ مێژوو لە بنەڕەتدا دەوڵەت ـ ناوەندە. یوسف ئەبازەری، ئەکادیمیسیەنی ئێرانی، دەڵێ هەموو

کاتێک به خێرایی چاو به بەرهەمەکانی مێژوونووسە بەرچاوەکانی فارسدا دەخشێنین، دەبینین خوێندەوەی ئەوان بۆ مێژوو لە بنەڕەتدا دەوڵەت ـ ناوەندە

دێرینخوازی و نۆستالژییەک بۆ ڕابردوویەکی شکۆدار، هیچ نییە جگە لە خولیای حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز.[٢٧] سەرەڕای ڕەخنەکانیان لە ئیمپریالیسم و ڕۆڵی تێکدەرانە و کاریگەرییەکانی لەسەر فەرهەنگ و کۆمەڵگەکانی دیکە، زۆربەی ڕۆشنبیرانی فارس ناتوانن تێبگەن کە ئەوانیش بەشدارن لە گوتاری کۆلۆنیالی وپلەبەندییەکی هاوشێوە لە ئێراندا(دەباشی . ٢٠٠٧، ٢٠١٥). لە نووسینەوەی فارس ـ ناوەندی مێژوودا، هەموو کات بوونی غەیرەفارس یان غەیرەشیعە (وەکوو عەرەبەکان، بەلووچەکان، کوردەکان، تورکەکان و تورکمەنەکان) وەکوو کێشەیەکی بەردەوام لە بەردەم هەوڵەکانی حکومەت بۆ سەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران سەیرکراون.

لە ڕیوایەتێکی ئاوەها دەوڵەتگەرا و قەوم-ناوەنددا بۆ مێژوو، غەیرەفارسەکان وەک سەرئێشەیەکی نەبڕاوە بۆ نەتەوە نمایش دەکرێن، کە تێیدا کۆمەڵگاکانی وەک کورد بە کۆمەڵە خێڵێکی یاخی و ستوونی پێنجەمی پیلانگێڕییە ئیمپرالییەکان وەسف دەکرێن(موحەممەد پوور و سلێمانی ٢٠١٩، سلێمانی، ٢٠١٧). خستنەدەرەوەی مێژووی کوردستان لە مێژوونووسیی ئێران، خاڵی یەکگرتنەوەی ناسیۆناڵیزمی دەوڵەت و ڕۆشنبیریی ئێرانە، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گوتارێکی سیاسی کە «نیشتمانپەروەری ناوەندگەرا» ڕووبەڕووی «جوداخوازی مەحەللی» دەکاتەوە. لەم تێگەیشتنە دەوڵەتییەدا، ناوەند دەبێتە پێشەنگی ژیار و پارێزەری یەکپارچەیی و ئاسایشی «نەتەوە». پەراوێزیش بە پێچەوانەوە ئاماژەیە بۆ ناسەقامگیری، دواکەوتوویی و بشێوی. مێژوونووسی ئێرانی، بە زمانی فارسی نووسرابێت یان زمانێکی بیانی، پێناسەیەکی ناوەندگەرایانە، تاکدەنگ و دەستبژێر سەبارەت بە ڕابردوو و ئێستای ئێران دەخاتەڕوو. مێژوونووسیی ئێرانی ناوەندگەرانەیە و لە پێناو گوتاری دەوڵەتدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک مێژووی کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک و تورکمەنەکان دەخاتە پەراوێزەوە. لەم مێژوونووسییە دەوڵەتییەدا، کۆمەڵگای سەردەست هەمووکات بەناوی هەموو ئێرانەوە قسە دەکات و غەیرە فارسەکانیش هەمیشە سەرچاوەی دڵەڕاوکێن.

لە ئێرانی پاش ١٩٧٩، بانگەشەی یەکدەست بوونی ناسنامەی ئێرانییەکان سەر لە نوێ دارێژرایەوە و پێدەچێ زیاتر لەگەڵ گێڕانەوەی شیعە بۆ ڕابردوو سازگار بێت

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بەرهەمەکانی نوخبەی فارس لێوانلێو بوون لە ڕەخنەی توند لە کۆلۆنیالیزم، کەچی هاوکات کۆمەڵێک سیاسەتی کۆلۆنیالیی هاوشێوە لە هەمبەر غەیرە فارسەکان بەڕێوە دەبەن. ئەحمەد کەسرەوی(١٨٩٠ – ١٩٤٦) یەکێک بوو لە پێشڕەوانی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە دژە ڕۆژئاواییە، کە بە بۆچوونی تەوەککولی-تەرەقی بەرهەمەکانی ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەی ژیاری ئورووپایی و پڕۆژە نمایشییەکەی ئەورووپای دەخستە بەر دەست، پرۆژەیەکی ئایندەگەرایانە کە دۆخی ئێستای ڕۆژئاوای وەک داهاتووی «ئەوانی تر» دەبینی (تەوەکولی – تەرەقی، ٢٠١٥ : ٢٢٩). بەو حاڵەوە، کەسرەوی یەکێک لە باشترین نموونەکانی ئەو کەسانە بوو کە»دژەکۆلۆنیالیزم بوون لە پێناو کۆلۆنیالیزە کردنی نێوخۆیی». ئەو هێچ کێشەیەکی نییە بە ئاشکرا پشتیوانی لە پاکتاوی زمانی بکات. کەسرەوی نووسیبووی کە ئەو خوازیاری وەدەرنانی هیچ گروپێکی قەومی نییە (کەسرەوی، ١٩٤١ :

١). ئەو لە درێژەدا دەڵێ:
هەموو ئەو شـــتەی کە من بەرگریم لێی کردووە و ئاواتم بۆ خواستووە سڕینەوەی ئەو زمانانە بووە کە لە ئێران قسەیان پێ دەکرێ: ترکی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئاشـــووری و نیمچە زمانەکان(کوردی، شوشـــتەری . .) بۆ ئەوەی هەموو ئێرانییەکان تەنیـــا بە زمانێک بدوێن کە ئەویش زمانی فارسییە. ئەمە خواستی من بووە وهەوڵی زۆریشـــم بۆی داوە. (١٩٤٤: ١، جەختی لە سەر کراوە).
لەژێر دەسەڵات و بە پشتیوانیی کۆماری ئیسـلامی، مەیلی هاوشـــێوەی ئـــەوە هەتا ئێستاش بەردەوامە.
لـــە ئێرانـــی پـــاش ١٩٧٩، بانگەشـــەی یەکدەســـت بوونـــی ناســـنامەی ئێرانییەکان ســـەر لە نوێ داڕێژرایـــەوە و پێدەچێ زیاتر لەگەڵ گێڕانەوەی شـــیعە بۆ ڕابردوو سازگار بێـــت. لێکۆڵەرە نوێتـــرەکان، بـــە لێکۆڵەری ئەکادیمـــی لائیکی وەک ئەمانەتیشـــەوە، لە نووسینەکانیان لەبارەی مێژووی ئێرانی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا، جەختێکی زیاتر دەخەنە سەر ناسنامەی شـــیعی. خوێندنەوەی ئەمانەتی بە ڕوونی بەرگری لە ناســـنامەیەکی نەتەوەییی یەکدەســـت دەکات کە دەکرێ ئاسەوارەکانی بدۆزینەوە، ناسنامەیەک کە لە زیاتر لە پێنج ســـەدەی ڕابردوودا، لـــە دەوری دوو تەوەری زمانی فارســـی و مەزهەبی شـــیعە دامەزراوە. بێگومـــان هەوڵەکانی ئەمانەتی بۆ دروســـت کردنـــی ناســـنامەیەکی نەتـــەوەی تاقانەی ئێرانی، هەوڵـــی جەوهەرگەرایانەن و گەواهی دەدەن لەســـەر کاریگەریـــی ناســـیۆنالیزمی میتۆدناســـانە،[٢٨] هەڵبـــەت ئەگـــەر باس لە ڕەنگدانەوەی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی پێشتر نەکەین، لەبارەی ئێرانەوە.[٢٩] لە ئێرانی پاش ١٩٧٩، فەرهەنگ و زمانی فارسی بوو بە سەنتێزی فارسیزم و شیعەگەرایی. سەرکوتی سیاســـی لە لایەن دەوڵەتـــەوە و توندوتیژیی دەوڵەت بەرانبەر کومەڵگا غەیرەفارســـەکان، لە بنەڕەتدا لەســـەر بنەمای فارسیزمی شیعی جێبەجێ دەکرێت.
سەرەڕای پێکهاتەی فرەزمان، فرەقەوم و فرەئایینی وڵات، ناسیۆنالیزمی شیعی- فارسی وەک گەورەتریـــن گوناە مامەڵەی لەگەڵ ئەو بانگەشـــەیەدا کـــردووە کە باس لـــە ناتاقانە بوونی نەتەوە دەکات. لە پێناســـەی فەرمیی بنەڕەتخوازانە و هەڵاوێرکارانەی «ناســـنامەی ئێرانـــی»دا توخمە شـــیعی و فارســـییەکان وەک تاکە توخمی دیاریکەری چارەنووســـی «نەتـــەوە» دەخرێنەڕوو. ڕیوایەتـــی دەوڵەتی ئەوە پشـــتگوێ دەخات کە سەفەوییەکان لە ســـەدەی ١٦دا خەڵکیان بـــە زۆر کردووە بە شـــیعە. هەر لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئیســـلام هەتا ســـەردەمی دەسەڵاتی ســـەفەوییەکان، ئیســـلامی ســـوننە بیروبـــاوەڕی زۆربەی ئەو خەڵکـــە بوو کە جـــاران لە فەڵاتـــی ئێرانیدا دەژیان. لـــە کاتی جێبەجێکردنـــی پرۆژەی گۆڕینی زۆرملەی مەزهەبدا، ســـەفەوییەکان ســـێ بژاردەیان خســـتە بەردەستی خەڵکانی ژێـــر دەســـەڵاتی خۆیان: ببنە شـــیعە، وڵات جێبهێڵن، یانیـــش ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە. بەم شێوەیە، ڕۆشنبیرانی ئێرانی بە ئەنقەست ئـــەو هەقیقەتەیان پشـــتگوێ خســـتووە، کە سڕینەوەی ناســـنامەکانی دیکە لە جەوهەری هەموو گوتارێکی کۆلۆنیالیستیدایە. ئەوان دژە کۆلۆنیالیزمن بۆ خزمەت کردنی ئامانجەکانی خۆیان، واتە وەک کەرســـتەیەک، نەک وەک ڕوانگەیەکی ڕزگاریخوازانە.

## دوا وتە

ئێمـــە هیواداریـــن کە مشـــتومڕەکان لەبارەی کەیســـی بیرکار، نیشـــاندەری پێوەندییەکی دیاری کراوی نێوان کۆمەڵگەی سەردەست و کۆمەڵگا بندەستەکان لە ئێراندا نیشان بدات. کومەڵگـــەی سەردەســـت وەک هەمەگیر بە شـــان و باڵی ناسنامەی فارســـیدا هەڵدەدات. ئەمەش وەک زەرووڕەتێک باڵادەســـت بوونی

ناسنامەی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە و وا دەکات فارسەکان بتوانن مەرجەکانی پەیوەست بوون بە «نەتەوە» دیاری بکەن. لێرەوەیە کۆمەڵگای سەردەست نکۆڵی کردنی کوردێک لە ناوە فارسییەکەی پێشتری خۆی بە تێکدەرانە دەبینێت، چونکە ئەوان لەرووی سیاسی/ فەرمییەوە ئەمە وەک خۆسەلماندن و شێوەیەک لە خۆڕاگری لەبەردەم ناسنامەی سەپێندراوی «ئێرانی»دا دەبینن. گۆڕینی ناو لە نێو خەباتی دژی نەژادپەرستی، هەڵاوێردن و زاڵبووندا مانای تایبەتی هەیە. بەشێک لە خۆڕاگریی کەسایەتییە بەناوبانگە ئەمریکییە ڕەش پێستەکانی وەک محەممەد عەلی، یاریزانی بەناوبانگی بۆکس و خەباتکاری ئازادی، ماڵکۆم ئێکس، لەهەمبەر نەژادپەرستیی سپی پێستەکانی ئەمریکا، لە ڕێگەی گۆڕینی ناوە سپی پێستانە/مەسیحییەکەی خۆیان و هەڵگرتنی ئەو ناوانەوە بووە کە ئاماژەیان بە خۆپێناسەکردن و خۆڕاگری دەکرد. ڕەت کردنەوە و نکۆڵی کردن لە ناسنامەکان کە ئەوانی کردبوو بە کۆمەڵە بوونەوەرێکی نادیار، خۆی گەواهیدەری سروشتی خۆڕاگرییەکەیانە (ئیلیاسی، ٢٠١٣).

کردەکەی بیرکار، ئاشکرای کرد لایەنی حاکمییەت چۆن خۆی و کۆمەڵگا ژێردەستەکان پێناسە دەکات. کردەکەی ئەو دەریخست ئێران دابەشبووە بەسەر ناوەندێکی خاوەن دەنگ و پەراوێزێکی بێبەری لە دەنگ. شوێن و کات تەرخان نەکراوە بۆ مێژووی غەیرەفارسەکان. گوتەکانی بیرکار و کاردانەوەکان بەرامبەری، پەردەیان لەسەر سڕینەوەی فەرمی و ئێپیستمۆلۆژیکی ناسنامەی ئەو لادا. چونکە لە زۆربەی ئەو نووسینانەی لەبارەی مێژووی ئێرانەوە نووسراون، وشەی کورد یان زۆر بەدەگمەن ناوی هێنراوە یان بە تەواوەتی پشتگوێ خراوە، یانیش کورد وەک جوداخوازێکی خۆشباوەڕ پێشان دراوە؛ «جوداخوازی» بووە بە دڵەڕاوکێی بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی فارس. لەم ساڵانەی دواییدا، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی فارس لەهەمبەر ئیعدامی ڕۆژانە و دەستگیرکردن و کوشتاری هەڕەمەکی لە کوردستان بێدەنگییان هەڵبژاردووە. ڕۆشنبیری کورد خالید تەوەککولی لە نووسینێکی خۆیدا باسی ئەو واقیعە دەکات کاتێک دەڵێ «نوخبەی فارس دژی هەموو جۆرەکانی سەرکوت و چەوساندنەوەن لە هەموو جیهاندا، بەڵام بە هۆی نیگەرانییە بنەڕەتییەکەیان بەرامبەر جوداخوازی، بەڵێنیان داوە بێدەنگی هەڵبژێرن، کاتێک مەسەلەکە دەگاتە دژایەتی توندوتیژی لەدژی کوردان».[٣٠] بەڵام هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و بێدەنگییە ستراتیژیکەکەیان پاساوێکە بۆ درێژەکێشانی سەرکوتی دەوڵەتی.

> توێژینەوەی مێژوو لە ئێران یارمەتیدەر بووە بۆ بەردەوامی دان و ڕاگرتنی ئەو پلەبەندییە قەومی ـ زمانی و کولتوورییەی کە ئێستا هەیە

باسەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوانەی لە لووتکەی پلەبەندیی قەومی-نەتەوەیی ئێستای ئێران دانیشتوون، پێداگریی کۆمەڵگا ناحاکمەکان لەسەر ناسنامەی خۆیان وەک هەڕەشە دەبینن. بنیاتنان و بەردەوامیی ئەم پلەبەندییە لە ڕێگەی پرۆسەی کۆلۆنیالیزەکردنی نێوخۆییەوە بووە بە شتێکی شیاو. گوتاری کۆلۆنیالیزەکردن بە هۆی بانگەشەی لێکدژی هەمانێتی و جیاوازیی هاوکاتی هەموو ئێرانییەکان بەهێزبووە. هەندێک جار قەومییەتی حاکم بە نابەدڵییەوە قەبووڵی دەکات کە لە ڕووی زمانی و کولتوورییەوە کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگە. بەڵام قەبووڵ کردنی

جیاوازییەکان کێشە بۆ پلەبەندیی ڕێکخستنی سیاسیی وڵات دروست ناکات. وەسفی نوخبەی فارس بۆ کۆمەڵگا غەیرەفارسەکان (بۆ نموونە کورد) پەیوەندیی دەسەڵاتی مێژوویی لە ئێرانی بەهێزتر کردووە. وەک پۆتس و براون باسی لێ دەکەن، دەسەڵات و مەعریفە پەیوەندییەکی ناوەکییان بە یەکەوە هەیە؛ لێکۆڵەرانی دژی-سەرکوت پەییان بەوە بردووە کە مەعریفە دیاردەیەکی سیاسییە. زانین نەرم و نیان نییە، چونکە لە پەیوەنیی نێوان خەڵکدا دروستدەبێت. زانین دەکرێ لە چۆنێتی دامەزران و بەکارهێنیدا سەرکەوتکەر بێت، وەک چۆن دەکرێت ئامرازێکیش بێت بۆ خۆڕاگری. (٢٠٠٥ : ٢٥٩)

نوخبەی فارس تیوریی پۆست کۆلۆنیالیزمیان کردووە بە بەشێک لە بەرهەمەکانی زانستی مێژوویی خۆیان، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانیاندا کۆلۆنیالیزم هەمیشە ڕۆژئاواییە و دەکەوێتە «دەرەوەی جیهانی فارسی زمان»ی ئەوانەوە. لای ئەوان کۆلۆنیالیزم دەستەیەک پەیوەندیی سیاسی و کولتووری دەگرێتەوە کە پاساو بۆ کۆمەڵێک پلەبەندی دەهێنێتەوە و سیستەمێکیشە کە تەنها سەر بە شوێنێکی جوگرافیی دیاریکراوە، واتە ڕۆژئاوا.

پشتیوانیی ئاشکرا یان ژێربەژێری ڕۆشنبیرانی فارس لە ڕێوشوێنەکانی دەوڵەتی ئێران وەرە و متمانەی بە دەوڵەت داوە بۆ ئەوەی ڕوانگەی «تاقانەبوونی نەتەوە» جێبەجێ بکات و باڵادەستیی نەژادی، کولتووری و زمانیی فارس بسەپێنێت. سەرەڕای ناکۆکیی ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییانەوە، نزیک بە هەمووی ڕۆشنبیرانی فارس و تەنانەت زۆربەی ڕۆشنبیرە چەپەکانیش پشتگیری لە پابەند بوون بە تێڕوانینی دەوڵەت، پیرۆزبوونی یەکپارچەیی خاک و پابەندبوون بە «زمانی شیرینی فارسی» وەک زمانی نیشتمانی دەکەن. بە دەربڕینی ناسر ئیرانپور، ڕۆشنبیری فارس، هەندێک لە گرووپە چەپەکان «بوون بە زمانحاڵی فاشیزم» و «پێشی فاشیستەکانیان داوەتەوە».[٣١] نارەزایانی سیاسیی فارسیش، کە ساڵانێکی زۆر زیندانی بوون و ئازیزانی خۆیان بە هۆی توندوتیژیی دەوڵەتەوە لەدەست داوە، کاتێک باسەکە دێتە سەر ئەوەی هیچ فەزایەک بۆ گەشەکردنی کولتووری غەیرەفارسییەکان نەهێڵرێتەوە، لایەنگریی دەوڵەت دەکەن.

بە کورتییەکەی، توێژینەوەی مێژوو لە ئێران یارمەتیدەر بووە بۆ بەردەوامی دان و ڕاگرتنی ئەو پلەبەندییە قەومی-زمانی و کولتوورییەی کە ئێستا هەیە، هەر بۆیە مێژوونووسی فارسی لە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی «ئەویتری ڕۆژهەڵاتی»دا بووە. نووسینەوەی مێژوو زیاتر پێش هەموو شتێک یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت کۆمەڵێک یەکێتیی پلەبەندکراو پێکەوە بنێت و کۆلۆنیالیزەکردنی نێوخۆیی جێبەجێ بکات. مێژوونووسی باڵادەست لە ئێران ئەرکی ئەوەی پێ دراوە «ڕابردوو و ئێستای» نەخوازراو بێدەنگ بکات.[٣٢] لە جەوهەری خۆیدا، مێژوونووسیی فارسی، سەرەڕای زایەڵە ئەنتی کۆلۆنیالەکەی، ڕۆڵی ئامرازێکی گێڕاوە بۆ هاوجۆرکردنەوەی هەموو غەیرەفارسەکان و یارمەتیی ئەو دەوڵەتەی داوە کە هەر کەسێک بەرەنگاری ببێتەوە حوکمی مەرگی بۆ دەردەکات. ئەم وتارە هەوڵێک بوو بۆ تیشک خستنەسەر ئەوەی کە چۆن ڕۆشنبیرانی فارس لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات خۆیان کردووە بە نوێنەری غەیرەفارسەکان. ئەم ئاراستە فیکرییەی ئەوان ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە گوتاری ناسیۆنالیستی- دەوڵەتیدا و ڕەوایەتی بە سیاسەتەکانی دەوڵەت بەخشیوە بۆ سڕینەوەی ئەویتری غەیرە فارس لە ئێران.

## تێبینی یەکان

١- لەلایەن فارسەکانەوە، ئێمە مەبەستمان کۆمەڵگەی فارسی ئێرانە لە ناوخۆ و دەرەوە.

٢- بۆ وێنە، چالاکێکی فارسی بریتانیایی تویتێکی نووسی: ئاغای فەریدون درەخشانی (ناوی پێشووی کۆچەر بیرکار) لە کاتێکدا پیرۆزبایی بە ئێوە دەڵێم، من دەزانم کە ئێوە خەیانەتتان بە ناوی ئێران، مللیەت ومیللەتێک کە بۆ پاراستنی (شاری خۆت) مەریوان بۆ بوون بە هەڵبجەیەکی دیکە لە لایەن سەدامەوە، کردووە. سەرەڕای ئەمانە دەبێ بگوترێ، کە ئێوە دەبێ لانیکەم تێچووەکانی ٢٢ ساڵ تەناهی و ١٦ ساڵ خوێندنی بە خۆرایی لە باشترین اانستگەکانی ئێراندا، بە میللەت بدەنەوە . https:// www. instagram. com/p/Bl-tCEhnoSs/?hl¼en (accessed 10 October 2018).

٣- ئارشیف. http://archive. fo/vVfQa (accessed 10 April 2019).

٤. ئارشیف. http://archive. fo/t0a5v (accessed 10 April 2019).

٥- زۆربەی کوردەکانی کرماشان و سەرپێڵ زەهاو دوو ناویان هەیە: یەکێکیان، فارسی، ئیسلامی، عەرەبی، ئەوی دیکەشیان کوردییە کە زۆرتر لە بواری کۆمەڵایەتی نافەرمیدا بە کاردەبرێ.

٦- بۆ وێنە، مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان لە وڵامدا : من یەکێک لەو چل میلیۆن کەسەم و زۆر خۆشحام بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە و شانازیت پێوە دەکەم. http:// archive. fo/yrMJx (accessed 10 October 2018).

٧- هێندێک بەرهەمی فارسی هەن کە ئاماژەیان بە کارە گرینگەکانی مایکڵ هێچت لە بارەی کۆلۆنیالیزمەوە کردووە. بەم حاڵەوە لە لێکۆڵینەوە فارسییەکاندا بە گشتی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی چەواشە کراوە (بۆ وێنە، تورابی و مورادی: ٢٠١٤).

٨- ئێمە لێرە ڕوانگەی ڕابێرت باڵنۆر وەکوو تیوریی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بە کار دێنین، لە بەر ئەوەی، ئەو هەوڵی داوە کە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی سەردەست و ژێردەست شی بکاتەوە. بڕوانە باڵنۆر(١٩٦٩).

٩- لێرە ئێمە چەمکی «بژاردەکانی فارس» مان بە کارهێناوە، چونکە هەموو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان لەرووی قەومیەوە فارس نین. بۆ وێنە، ئەحمەد کەسرەوی تورکێکی ئازەرییە کە پشتیوانیی لە سڕینەوەی هەموو زمان و فەرهەنگە غەیرە فارسەکان دەکرد. هەروەها غوڵامرەزا ڕەشید یاسەمی کوردێکی بەد ناو و ئەندامی بازنەی بەرلین بوو. ڕەشید- یاسەمی کتێبەکەی خۆی لە سەر کوردەکان و پێوەندیی نیژادی و مێژوویی خۆیان بە ئامانجی ڕەدکردنەوەی کورد وەکوو کومەڵگەیەکی جیاواز، نووسیوە. ئەو، کاتێک کە دەوڵەتی ئێران هێزی ئابووری، فەرهەنگی و نێزامیی خۆی بۆ لە ڕیشە هەڵکێشانی فەرهەنگ و زمانەکانی غەیری فارس بە دەستەوە بوو، وەکوو وەزیری فەرهەنگ خزمەتی دەکرد. بەم حاڵەوە، ڕەشید یاسەمی بە هۆکاری جەڵتەی مێشک و شەوقێکی لەرادەبەر بۆ خوێندنەوەی شێعری فارسی، گیانی لە دەست دا. نموونەی هاوشێوە لە وڵاتانی جیرانیشدا هەیە: کەسایەتییەکانی کورد وەکوو زیا گۆکالپ وعەبدولڕەحمان ئەلکاوکیبی بە ڕیز وەکوو کەسایەتیی ناسراوی ناسیۆنالیستی تورک و عەرەب ناسراون، کە پرۆپاگەندەیان بۆ ڕیشەکێش کردنی زمان و فەرهەنگی کوردی دەکرد.

١٠- بڕوانە ئیلاهە بوقرات. http://archive. fo/4CJT1 (accessed 10 September 2018).

١١- ئارشیف . http://archive. fo/kaxlT (accessed 25 April 2019).

١٢- ئەم وتەزایە بۆ یەکەمجارە لە لایەن مارشل هاجسۆن، بە کار هێنرا (١٩٤٧).

١٣- عەلی یونسی لە مانگی مەی ساڵی ٢٠١٨ دا ڕایگەیاند: تەنیا یەک زمان لە ئێراندا بوونی هەیە، هەموو ئەوانی دیکە تەنیا شێوەیەکی دیکەی فارسین. عەلی یونسی ڕاوکاوێژکاری تایبەتی حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆمار، بۆ کارو باری کەمینە قەومی و مەزهەبییەکانە (accessed 9 October 2018). http:// archive. fo/Ji0Ok.

١٤- ئەنجومەنی فارسی . http://archive. fo/xA8sF (accessed 10 March 2019).

١٥- ئەنجومەنی فارسی . http://archive. fo/m12x6 (accessed 10 March 2019).

16. https://parsianjoman. org/

١٧- بۆ زانیاریی زیاترلە بارەی کەڵک وەرگرتن لە وتەزای «جیهانبینیی فارسی» «Persianate World» بڕوانە گۆڤاری فارسی و جیهانی فارسی : سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە لە لایەن نیل گرینەوە ئێدیت کراوە (٢٠١٩). ؟ کتێبی سەوز، سنورگەلێکی نوێ بۆ جیهانی فارسی «PersianateWorld» دەنەخشێنی تاکوو ئەم جیهانە خەیاڵییە هەموو ئوراسیا، زیاتر لەوەی کە لە سەرەتاوە مارشل هاجسۆن پێشنیاری دەکرد، بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

١٨- حکومەتی خەڵکی ئازەربایجان بە ڕێبەریی سەید جەعفەر پیشەوەری لە ساڵی ١٩٤٥ دا دامەزرا. ماوەیەکی کورت پاش ئەم ڕووداوە مێژووییە، قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٤٦دا کۆماری کوردستانی لە مهاباد ڕاگەیاند.

١٩- بیرمەندی سووریایی سدیق جەلال ئەلعزم، یەکەم لێکۆڵەر بوو کە کەڵکی لە چەمکی «شەرقناسیی پێچەوانە» لە ١٩٨١ بە ڕەخنە گرتن لە شەرقناسی ئێدوارد سەعید، لە ١٩٧٨، وەرگرت. بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر «شەرقناسیی پێچەوانە» مهێرزاد بروجێردی. بروجێردی لە ١٩٩٦ لە کارەکەیدا ئیستیدلال دەکات کە، سەرەڕای شاراوە پەسەند کردنی زۆریەک لە ژێربەناکانی تیوریی شەرقناسی، شەرقناسیی پێچەوانە دژایەتییەکی دیاری کراوی لە گەڵ شەرقناسیدا نییە. وەکوو شەرقناسی، شەرقناسیی پێچەوانە، فەرزییەکەی لە سەر بنەمای دەرەکیی (فەزای ئازاد) دانروە، بەڵام زۆرترپێوەندی بە نوێنەرایەتی (یان براگەورەیی)بیاڤی هەڵبژاردن و تێگەیشتنی دەرکییەوە هەیە . . . (١٣:١٩٩٦).

٢٠- بروجێردی دەڵێ، بەلووچەکان، کوردەکان و تورکەمەنەکان هیچکات لە ئێران قەبووڵ نەکران یان بە تەواوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێراندا، یەکگرتوو نەبوون. ئەوان تەنیا تەوافوقیان لە گەڵ حاکمیەتی بژاردەکانی فارسدا کردووە، بەڵام مەکۆی چالاکیی جوداییخوازی و هەستی یاغیگەرین. (١٩٩٨ : ٥٤).

٢١- بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر «Oriental other of the Other» بڕوانە مەکدسی (٢٠٠٢).

٢٢-بۆ وێنە، ڕۆشنبیرێکی فارس دەڵێ، خوێندن بە زمانی دایکی نە تەنیا یاسای بنەڕەتی پێشێل دەکات، بەڵکوو بورایش بۆ ڕووخانی ئێران خۆش دەکات و ئەمەش تەنیا بە قازانجی دوژمنانی ئەم وڵاتەیە. Parsi Anjuman. http://archive. fo/m12x6 (accessed 10 March 2019).

له بەرانبەر کۆتایی ئەم تەیفە سیاسیەدا، کوڕی شای پێشووی ئێران لەم دواییانەدا گوتوویەتی، من لۆژیکی خوێندن بە زمانی دایکی تێناگەم. لە هەر وڵاتێکدا سیستەمی پەروەردە تەنیا زمانێکی سەرەکیی هەیە، تا ئەو شوێنەی کە من لە بیرم بێ، لە ئێراندا ئەو زمانە، زمانی فارسی بووە. ( March 2019http://archive. fo/ CQcZe (accessed 10

٢٣- دەباشی – حەمید (b2018) ئایا ئەهڤاز یان ئەهواز، جیاوازییەکەیان لە چیدایە؟ www. aljazeera. com/indepth/opinion/ahvaz-ahwaz-difference-180925145037386. html

٢٤- بروانە ئەحمەد کەسرەوی، ئەزەری زمانانی ئێرانی باستان .

٢٥- ڕاستە کە ئیبراهیمی خۆی وەکوو ئێرانی – ئەرمەنی دەناسێنێ. بە هەر حاڵ ئەو لە نووسراوەکانید بە ڕاشکاوی لە گەڵ سەرەرۆیی ناسیۆنالیزمی فارس لە ئێراندایە. بۆ وێنە، لە جێگەی شروڤەی خۆراگریی خەلکی ئازربایجان، ئیبراهیمی بە ڕاشکاوی ڕێبەری خۆی سەید جەعفەر پیشەوەری، لە دامەزراندن و ڕێبەری کردنی حیزبی دێمۆکراتی ئازربایجان لە ساڵی ١٩٤٥ دا مەحکووم دەکات. ئیبراهیمی بانگەشە دەکات کە پیشەوەری بە ڕێکەوت (قەومی) خۆی واتە سەرچاوەی ئازەریی سەرلەنوێ کەشف کردەوە کە ئازربایجانیانی خۆجێی خۆیانیان لە مافی نەتەوەیی بێ بەش کردووە (بروانە ئیبراهیمیان: ٢٠٠٨، ١١١). ئیبراهیمی هەقیقەت چەواشە دەکات کە خەڵکی تەورێز بە تێگرا دەنگیان بە پیشەوەری داوە. ئەو لە گەڵ سەرکەوتنی لە ئازربایجان، پارلمانی ئێران(مجلس) بەربژێر بوونی ئەوی ڕەد کردەوە، چونکە لە سەر ئەو براویە بوون کە ئەو کە سێکی کومونیست، خائین و بێ وەفایە بەرانبەر بە یەکپارچەیی خاکی ئێران (ئەسغەرزادە، ٢٠٠٧: ٩٥). ئیبراهیمی لە ناساندنی ڕێبەری خۆڕاگریی خەڵکی ئارزبایجان، چاوپۆشی دەکات لەو خەیانەتەی کە بە تورکانی ئازەریی، کردووە. تورکەکان ڕۆڵێکی بێ وێنەیان لە دارشتن و سەرخستنی یاسای بنەڕەتیی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥ – ١٩٠٩ دا گێراوە. بەم شێوەیە، ئەوان پاش بنبڕکردنی دەسەڵاتی ڕەزا شا، دەستیان دایە سیاسەتگەلێکی ڕەگەزپەرەستانەی جۆراوجۆرەوە. هەروەها ئیبراهیمیان . . .

٢٦- لێرە مەبەستەکە ئەوە نییە کە خوێندنی سەرەتایی مێژوویی ببێتە ئاڵترناتیڤ. بە پێچەوانەوە، ئەستەمە بزانین کە ئایا فەرمانڕەوایی کرمانجێک ماناداره بۆ هەموو کوردێک.

27. http://archive. fo/tt1l5 (accessed 10 April 2018).

٢٨- مێتود ناسیی ناسیۆنالیزم لە سەربنەمای» گریمانەی یەک میللەت/ دەوڵەت/ کۆمەڵگەی چینایەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی دونیای مودێرنە، (Wimmer and Schiller, 2002: 301).

٢٩- بروانە بابەتی ئەفسانەی ئەفشین مەتین، ئەسغەری لە ساڵی ٢٠١٧: مێژووی مودێرن: https://www. youtube. com/watch?v¼7hiAflZOjrI (accessed 4 October 2018).

30. https://t. me/didgaxalid (accessed 4 October 2018).

31. http://archive. fo/HyczG (accessed 25 April 2019).

٣٢- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕۆڵی نووسینی مێژوو لە سڕینەوەی جیاوازییەکان،بروانە Trouillot(2015).

## سەرچاوەکان


Abrahamian E (2008) Modern History of Iran. Cambridge: Cambridge University Press.

Ahmadi H (2008) Ethnicity and Sectarianism in Iran: From Myth to Reality/Qomiyat vaQowmgarayi Dar Iran; az Afsane Ta Vaqe»iayat. Tehran: Nashr-e Ney.

Ahmed S (2016) What is Islam? The Importance of Being Islamic. New Jersey: Princeton University Press.

Amanat A (2017) Iran: A Modern History. New Haven: Yale University Press.

Amanat A and Bernhardsson MT (2007) U. S. – Middle East Historical Encounters: A CriticalSurvey. Gainesville: University Press of Florida.

Asgharzadeh A (2007) Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, AryanistRacism, and Democratic Struggles. New York: Palgrave Macmillan.

Bakhshandeh E (2015) Occidentalism in Iran: Representations of the West in the IranianMedia. London: I. B. Tauris.

Barfield T (1998) The Dictionary of Anthropology. New Jersey: Wiley-Blackwell.

Besikci I (1990) Devletlerarasi Somurge Kurdistan/an International Colony Kurdistan. Bilimsel Arastırma Kitabı. Bonn: Wes¸anen Rewsen

Bhabha HK (1994) The Location of Culture. London: Routledge.

Billig M (1995) Banal Nationalism. London and Thousand Oaks: Sage.

Blauner R (1969) Internal colonialism and Ghetto Revolt. Social Problems 16(4): 393–408.

BoroujerdiM(1996) Iranian Intellectuals and the West: The Tormented Triumph of Nativism. Syracuse: Syracuse University Press.

Boroujerdi M (1998) Contesting nationalist constructions of Iranian identity. Critique:Critical Middle Eastern Studies 7(12): 43–55.

Brown K and Ogilvie S (2009) Concise Encyclopedia of Languages of the World. London,New York, Paris: Elsevier Science.

Butler J and Chakravorty Spivak G (2007) Who Sings the Nation-State? Calcutta,New York, Oxford: Seagull Books.

Green N (2019) The Persianate World: The Frontiers of a Eurasian Lingua Franca. Oakland:University of California Press.
Hechter M (1975) Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development. Berkeley: University of California Press.
Hodgson M (1974) The Venture of Islam: Conscience and History in a World Civilization. Chicago: University of Chicago Press.
Holt PM, Lambton KS and Lewis B (1970) The Cambridge History of Islam (v. 1A). Cambridge: Cambridge University Press.
Iggers GG (2005) Historiography in the Twentieth Century: From Scientific Objectivity to thePostmodern Challenge. Connecticut: Wesleyan University Press.
Jalal Al- «Azm S (1981) Orientalism and orientalism in reverse. In: Alexander Lyon Macfie(ed. ) Orientalism: A Reader. New York: New York University Press, pp. 217–238.
Kasravi A (1944)Mava Hamsayegan/Our neighbors and us. Parchameh-ye Haftagi 6(5): 1–5.
Katouzian H (2006) State and Society in Iran: The Eclipse of the Qajars and the Emergence ofthe Pahlavis. London: I. B. Tauris.
Kia M (1998) Persian nationalism and the campaign for language purification. MiddleEastern Studies 34(2): 9–36.
Kia M (2014) Imagining Iran before nationalism: Geocultural meanings of land in Azar»sAtashkadeh. In: Scot-Aghaei K and Marashi A (eds) Rethinking Iranian Nationalismand Modernity. Austin: The University of Texas Press, pp. 89–113.
Kurt MM (2019) My Muslim Kurdish brother: Colonial rule and Islamist governmentalityin the Kurdish region of Turkey. Journal of Balkan and Near Eastern Studies (21)3:350–365.
Makdisi U (2002) Ottoman orientalism. The American Historical Review 107(3): 768–796.
Mann B (2014) The Khuzistani Arab Movement, 1941–1946: A case of nationalism? In:Scot-Aghaei K and Marashi A (eds) Rethinking Iranian Nationalism and Modernity. Austin: The University of Texas Press, pp. 113–137.
Marashi A (2008) Nationalizing Iran: Culture, Power and the State. Seattle and London: TheUniversity of Washington Press.
Marquard L (1957) South Africa»s Colonial Poli-
Chambers JK and Trudgill P (2004) Dialectology. Cambridge: Cambridge University Press.
Chatterjee P (1993) The Nation and Its Fragments: Colonial and Postcolonial Histories. Princeton: Princeton University Press.
Dabashi H (2007) Iran: A People Interrupted. New York: The New Press.
Dabashi H (2015) Can Non-Europeans Think? London: Zed Books.
Dabashi H (2016) Iran without Borders: Towards a Critique of the Postcolonial Nation. New York: Verso.
Dabashi H (2018a) Formation of an independent Kurdistan would be disastrous for all peoplesof the region, including the Kurds themselves. Available at: www. aljazeera. com/indepth/opinion/kurdish-question-171030073038610. html (accessed 10 March 2018).
Dabashi H (2018b) Is it Ahvaz or Ahwaz – And what difference does it make? Available at:www. aljazeera. com/indepth/opinion/ahvaz-ahwaz-difference-180925145037386. html
(accessed 26 September 2018).
Dube S (2010) Critical crossovers: Post-colonial perspectives, subaltern studies and culturalidentities. In: Wetherell M and Mohanty CT (eds) The SAGE Handbook of Identities. London: SAGE, pp. 99–117.
Eliassi B (2013) Contesting Kurdish Identities in Sweden: Quest for Belonging among MiddleEastern Youth. New York: Palgrave Macmillan.
Elling RC (2013) Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini. New York: Palgrave.
Fanon F (1967) Black Skin. White Masks. New York: Grove Press.
Fazeli N (2006) Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the TwentiethCentury. New York: Routledge.
Gambetti Z (2009) Decolonizing Diyarbakir: Culture, identity and the struggle to appropriateurban space. In: Ali KA and Rieker M (eds) Comparing Cities the Middle East andSouth Asia. Oxford: Oxford University Press, pp. 97–129.
Ghassemlou AR (2006) Kurdistan and Kurd (Kurdish ed. ). Erbil: Rojhalat.
Gonza´ lez-Casanova P (1965) Internal Colonialism and National Development. Studies inComparative International Development 1(4): 27–37.

gen. Riga: Kymmel; Leipzig: Voss.
Soleimani K (2017) Kurdish image in statist historiography: The case of Simko. MiddleEastern Studies 53(6): 949–965.
Tavakoli-Targhi M (1994) Iran as imagined nation: The construction of national identity byMostafa Vaziri. International Journal of Middle East Studies 26(2): 316–318.
Tavakoli-Targhi M (2011) Refashioning Iran Orientalism, Occidentalism and Historiography. Basingstoke: Palgrave Macmillan.
Tavakoli-Targhi M (2015) Ahmad Kasravi»s critiques of Europism and orientalism. In:Talattof K (ed. ) Persian Language, Literature and Culture: New Leaves, Fresh Looks. United Kingdom: Routledge, pp. 228–238.
Torabi Y and Moradi Y (2014) Managing ethnic gaps in the Kurdistan of the IslamicRepublic of Iran. Faslnaˆmeh-ye Pezhuhesha-ye Raˆhbordi Dar Siyaˆsat 3(11): 9–29.
Trouillot M-R (2015) Silencing the Past: Power and the Production of History. Boston:Beacon Press.
Vali A (2014) Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity. London: I. B. Tauris.
Vaziri M (1993) Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity. New York:Paragon House.
Vejdani F (2015) Making History in Iran: Education, Nationalism, and Print Culture. Stanford: Stanford University Press.
Wimmer A and Schiller N (2002) Methodological nationalism and beyond: nation-statebuilding, migration and the social sciences. Global Networks 2(4): 301–334.
Yarshater E (1993) Persian identity in historical perspective. Iranian Studies26(1–2): 141–142.
Yu¨ ksel SA (2011) Rescaled localities and redefined class relations: Neoliberal experience inSouth-East Turkey. Journal of Balkan and near Eastern Studies 13(4): 433–455.
Zia-Ebrahimi R (2011) Self-orientalization and dislocation: The uses and abuses of the»Aryan» discourse in Iran. Journal of Iranian Studies 44(4): 445–472.
Zia-Ebrahimi R (2016) The Emergence of Iranian Nationalism: Race and the Politics ofDislocation. New York: Columbia University Press
cy. Johannesburg: Institute ofRace Relations.
Matin-Asgari A (2014) The Berlin circle: Iranian nationalism meets German countermodernity. In: Scot-Aghaei K and Marashi A (eds) Rethinking Iranian Nationalism and
Modernity. Austin: The University of Texas Press, pp. 49–67.
Matin-Asgari A (2018) Both Eastern and Western: An Intellectual History of Iranian
Modernity. Cambridge: Cambridge University Press.
McCrone D (1998) The Sociology of Nationalism: Tomorrow»s Ancestors, InternationalLibrary of Sociology. London; New York: Routledge.
Mohammad R (1999) Marginalisation, Islamism and the production of the «Other»s» «Other. «Gender, Place & Culture 6(3): 221–240.
Mohammadpour A and Soleimani K (2019) Interrogating the tribal: the aporia of «tribalism»in the sociological study of the Middle East. British Journal of Sociology, 20 March
2019, https://doi. org/10. 1111/1468-4446. 12656
Peckham R (2004) Internal colonialism: Nation and region in nineteenth-century Greece. In:Todorova M (ed. ) Balkan Identities: Nation and Memory. New York: New YorkUniversity Press, pp. 15–43.
Peet R and Hartwick E (2009) Theories of Development: Contentions, Arguments,Alternatives. New York: Guilford Press.
Potts K and Brown L (2005) Becoming an anti-oppressive researcher. In: Research asResistance; Critical, Indigenous, and Anti-Oppressive Approaches. Toronto: CanadianScholars» Press/ Women»s Press, pp. 255–286.
Pourpirar N (2000) Ta»ammoli Dar Bonyan-e Tarikh-e Iran: Davazdah Qarn Sokoot! Ketab-eAvval: Bar-amadan-e hakhamaneshiyan/Some Reflections on the Foundation of IranianHistory. Tehran: Nashr-e Karang.
Said E (1978) Orientalism. New York: Pantheon.
Scot-Aghaei K and Marashi A (2014) Rethinking Iranian Nationalism and Modernity. Austin, Texas: University of Texas Press.
Skutnabb K and Tove (2000) Linguistic Genocide in Education or Worldwide Diversity and
Human Rights? New Jersey/London: Lawrence Erlbaum Associates, Inc.
Socin A and Prym E (1890) Kurdische Sammlun-

# ئازادی و سنوورەکانی حکومەت

دیڤید میللەر

وەرگێڕان: شاهۆ زەنگەنە

ئەگەر ئێمە شێوەکاری ئەسینایی، ئەمبرۆجیۆ لۆرێنزێتی (خاوەنی نیگاری هێمای حکومەتی چاک و خراپ) بێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە بە ماشێنی زەمەن لە سەدەی چواردەیەمەوە گوازراوەتەوە بۆ ئێســـتا و پرسیاری لێ بکەین کە سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی چ ڕایەکی هەیە، من بڕوام وایە بەشێکی زۆر لەو شتانەی کە تا ئیســـتا وتراوە بۆی ئاشنایە و پەسەندی دەکات. ئەو دەشێ وا بیرکاتەوە کە من دەرفەتی زیاتر لە پێویســـتم بە [نووسین سەبارەت بە] بیرۆکەی ئانارشیستی داوە و هەروەها ئەوەیکە هەرکەسێک دەبێ بە شـــێوەیەکی ئەخلاقی دژایەتیی ڕاوە ڕێوی بکات، لای ئەو بابەتێکی چاوەڕوان‌نەکـــراوە. بەڵام لەســـەر سروشـــتی دەســـەڵاتی سیاســـی، لەســـەر پێویســـتیی بەرپرســـیاربوونی فەرمانـــڕەواکان لە بەرامبەر هەمـــوو هاووڵاتیـــان و لەســـەر ئـــەوەی کە دادگەری و بڕیار دەرکردنێکی سیاسیی چاک پێویســـتی بە چییە، (هیوام وایە) بە گشـــتی پێکەوە هاوڕا بین. لەگەڵ ئەوەشدا لۆرێنزێتی وای دەبینێت ئەم بەشە کە ئێستا دەستم پێ کردووە سەرســـوورهێنەر و سەیرە. ئەم بەشە سەبارەت بەو پرسیارەیە کە ئایا ڕووبەرێک لە ئازادیـــی مرۆڤ هەیە کـــە دەبێ لە دەرەوەی بازنەی سیاسەتەوە ڕابگیرێت – ئایا لە ژیانی مرۆڤدا چەند بەشـــێک هەیە کە حکومەت بە هیچ چەشـــنێک نابێت دەستێوەردانی بکات. ئەم بۆچوونە، توخمـــی ناوەندیی ئایدیۆلۆژیی سیاسیی زاڵی سەردەمی ئێمە، واتە لیبراڵیزمە و کاتێک لۆرێنزێتی شێوەکاریی دەکرد سەری هەڵنەدابـــوو. بە دڵنیاییـــەوە حکومەتی باش لای لۆرێنزێتی بەشـــێکی بەرچاو لە ئازادی دابـــوو بە خەڵکەکەی؛ ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر سەربەســـتییان هەبوو بۆ کشتوکاڵ، بازرگانی، ڕاو کردن و شتی هاوشێوەی دیکەش. بەڵام ئەم ڕێگەپێدان بـــە ئازادییە بە هۆی باوەڕ بە ڕێســـاکانەوە نەبوو، بەڵکوو توانای حکومەت بۆ دەستێوەردان لەم بەشانەی ژیانی ڕۆژانەدا سنووردار بوو.

بیرۆکەی حکومەتی ســـنووردار لە ماوەی چەندین ســـەدەدا دروســـت بـــوو و یەکەم پاڵنەریشـــی ململانـــێ ئایینیەکانـــی دوای چاکسازیی ئەورووپی لە سەدەی شانزدەهەمدا بـــوو. کاتێـــک کـــە قۆرغکاریی کەنیســـەی کاسۆلیکی ڕۆما بەسەر ژیانی ئایینیی خەڵکی مەسیحیدا دارما، کاردانەوەی سەرەتایی ئەوە بوو کە هەر جڤاتێکی سیاسی پێویستە ئایینی فەرمیی خۆی هەبێت، جا کاســـۆلیک بێت یا پرۆتێستان. بەڵام زۆربوونی ڕێبازە ئایینیەکانی پرۆتێستان بووە هۆی داواکاری بۆ لێبوردەییی ئایینی: لەگەڵ چەندین سنوور بۆدانان، هەموو کەســـێک مافی ئەوەی هەبوو ڕێگای خۆی بۆ لای خـــودا بدۆزێتەوە و دەوڵەت مافی ئەوەی نەبوو کە لەم بەدواداگەڕانەدا دەســـتێوەردان بـــکات. داواکاری بۆ ئازادیـــی ئایینی، لەگەڵ بەرەوپێش چوونی کات گەشـــەی ســـەند و بـــوو بە داواکارییەکـــی بەرفراوانتر بۆ ئازادیی تاکەکەســـی – بـــۆ مافـــی هـــەر تاکێک بۆ هەڵبژاردنی بیروبـــڕوای خۆی و ڕێگای ژیانی خۆی، بـــە مەرجێک ئـــەو هەڵبژاردنە نەبێتە دەســـتدرێژیی ڕاســـتەوخۆ بـــۆ ســـەر مافی کەســـێکی دیکە. بەتایبەتی بزاڤی ڕۆمانتیک لە کۆتاییی ســـەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ ئـــەم بیرۆکەی بۆ نەوەکانـــی داهاتوو بە میرات جێهێشت کە هەموو کەسێک تاکێکی بێ‌هاوتایە کە تەنیا ئـــەو کاتە دەگاتە چێژی ڕاســـتەقینە ئەگەر ڕێگای پێ بدرێ کە خۆی شێوازی ژیانی هەڵبژێرێت. ئەمەش پێویستی بە باشترین فەزای شیاو بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگا نـــوێ و ناباوەکان بۆ ژیان – پیشـــەی نوێ، فورمی نوێی دەربڕینی هونەری، شێوازی نوێ بۆ ڕێکخســـتنی پەیوەندییە تاکەکەسیەکان و هتد هەیە. وەک ئەوەی جۆن ســـتوارت میل لە بەرهەمە کلاســـیکەکەیدا دەربارەی ئازادی باسی دەکات (دەبێ دواتر باس لە پێشنیارە بەسوودەکانیشی بکەین):

*هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤ لەســەر یەک شــێواز یا چەند شێوازی کەم بینا بکرێت، ئەگەر کەسێک خاوەنی ڕێژەیــەک لــە عەقڵی بــاو و ئەزموونی پەسەندکراو بێت، ئەو شێوازەی کە خۆی بۆ ژیانی هەڵیدەبژێرێت، ئەوە باشــترینە، لەبەر ئەوە نا کە خۆی لەخۆیدا باشترینە، لەبــەر ئەوەی کــە شــێوازی خۆیەتی. مرۆڤــەکان وەک مــەڕ نیــن، تەنانەت مەڕەکانیش وەک یەک نین.*

لیبراڵــەکان دەیانوت لەبەر ئــەوەی ئازادیی تاکەکەســی بەهــای گــەورەی هەیــە، حکومەتەکان جیاواز لەوەی چاک بنیادنراون یا خــراپ، دەبــێ ڕێگەیــان پــێ نەدرێت دەســتێوەردانی ئازادیی تاکەکەســی بکەن. حکومەتی باش بەس نییە: تەنانەت حکومەتە نیەت پاک و باش بونیادنراوەکانیش وسوەسە دەبن کە دەستێوەردانی ئەو بەشە لە ئازادییە تاکەکەســیەکان بکەن کە دەبێ پیرۆز سەیر بکرێن. ئەمە ئــەو بیرۆکەیە کە بۆ لۆرێنزێتی زۆر سەیر دەبوو ئەگەر لێرە بووایە، و من دەبێ لەم بەشەدا بەدواداچوونی بۆ بکەم.

دوو پرسیاری سەرەکی هەیە کە پێویستە ئێمە بیپرســین. ســەرەتا، بە ڕوونی ئازادی چییە کە ئێمە قســەی لەبــارەوە دەکەین؟ مەبەســت چییە لەوەی دەوترێت فلان کەس ئازادە لەوەی ئەم کارە بکات یا ئەو کارە بکات، یان بەم شێوازە بژی یا بەو شێوازە؟ دووهەم، سنوورەکانی ئازادیی تاکەکەسی چین؟ کاتێک ئازادیی مــن لەگەڵ ئامانجە سیاســییەکانی دیکــە، کــە ئازادیی ئەوانی تریشــی تێدایە، دەکەوێتــە کێشــەوە دەبێ چ بکرێــت؟ ئایا لەم جۆرە بابەتانەدا هیچ ڕێســایەک هەیە بۆ بڕیاردان؟

بــا لــە ئــازادی بۆخۆیەوە دەســت پێ بکەیــن، بیرۆکەیەکی ناڕوون کــە لاپەڕەی زۆرێک لە کتێبەکانی فەلســەفەی سیاسیی پڕکردووەتــەوە. وەک یەکــەم هەنــگاو ڕێگا بدەن بڵێم ئازادیــی تاکەکەس پەیوەندیی بە ژمــارەی ئەو بژاردانەی کــە لەبەردەمیدایە و توانای ئەو بۆ هەڵبــژاردن لە نێوانیاندا هەیە. کەســێک کە مافــی هەڵبژاردنــی هەیە لە نێوان دە پیشــەدا ئازادییەکــی زیاتری هەیە لە کەســێک کە تەنیا دوو مافی هەڵبژاردنی هەیــە. بەدڵنیاییەوە چۆنیەتیی بژاردەکانیش هەروەهــا گرنگە: لەوانەیە بیرکەیتەوە کە دوو پیشەی باشت لەبەردەمدا بێت بۆ هەڵبژاردن ئازادیــی زیاترت پێ دەدات لــەوەی کە دە پیشــەی خراپت هەبێت، بەتایبــەت ئەگەر پیشە خراپەکان لە یەک بچن وەک(کەناس، پاک کەرەوەی نووســینگە، خاوێن کەرەوەی ئاودەست و هتد). لەبەر ئەوە، لە بری «ژمارەی بژاردەکان» لەوانەیە باشتر بێت بڵێین «پانتاییی بژاردەکان» کە ئەمە هەم جیاوازیی بژاردەکان و هەم بەهای بــژاردەکان لەبەرچاو دەگرێت. ســەبارەت بە دووهەم دەســتەواژە، «توانای هەڵبژاردن»، ئێمە پێویستیشمان بەمە هەیە، لەبــەر ئەوەی لەوانەیە کەســێک بژاردەکانی لەبەردەســتدا بێت، بەڵام لەبــەر هۆکارێک نەتوانێت هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەی لە نێوان بژاردەکاندا هەبێــت. بۆ وێنە ئەم دوانیوەڕۆیە کەســێک بۆ بینینی شانۆیەک لە نێوان دوو شــانودا بانگهێشتت دەکات، بەڵام تەنیا ناوی شــانۆکانت پێ دەڵێت، تــۆش هیچی دیکە ســەبارەت بە شــانۆکان نازانی. تۆ دەتوانیت هەرەمەکــی شــانۆیەک هەڵبژێریــت، بەڵام هەڵبژاردنــی تۆ لەم کاتەدا ناتوانێت لەســەر بنەمــای بڕیاری خۆت بێت بــۆ هەڵبژاردنی ئەو شــانۆیەی کە حــەزت لێیــە بیبینیت. یاخود کەسێک بە تەواوەتی لە ژێر چەپۆکی دایکیدایە و هەمیشە ئەو کارە ئەنجام دەدات کە دایکی پێشــنیاری پێ دەکات. ئەو چەند کارێکی پێ پێشــنیار دەکــرێ، دایمە ئەوە هەڵدەبژێرێت کە دایکی ئامۆژگاریی کردووە. لە ڕوانگەیەکەوە، ئەو ئازادیی ئەوەی هەیە کە

پیشـــەکەی هەڵبژێرێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەو ئازاد نییە.

لەبەر ئەوە دەتوانیـــن بڵێین ئازادی هەم لایەنی دەرەکیی هەیە و هەم لایەنی ناوەکی: ئازادیی کەسێک پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئاخۆ جیهـــان جۆرێک ڕێکخراوە کە چەندین درگا بە ڕوی کەســێکدا کــراوە بێت، بەڵام پەیوەندیی بەوەشـــەوە هەیە ئاخۆ ئەو کەسە توانای هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی هەیە، کە لە کام دەرگاوە بڕوات یان نا. بەڵام ئێســتا ئێمە پێویستمان بەوەیە قووڵتر سەیری بکەین کە مەبەستمان چییە لەوەی کە درگا کراوە بێت و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە مانای چییە.

چ کاتێک ئێمـــە دەتوانین بڵێین کـــە بژاردەیـــەک لەبەر دەســـتدایە بۆ ئەوەی کەسێک هەڵیبژێرێـــت؟ ڕێگـــە بدەن با پرســـیارەکە پێچەوانە بکەمەوە و بپرســـم چ کاتێـــک بـــژاردە لەبەردەســـتدا نییە؟ ڕوونترین حاڵەت ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئاماژەی بۆ دەکەیـــن لە ڕووی فیزیکییەوە ڕێگای بەدواداچوونی بـــۆ بژاردەکەی لـــێ گیرابێت. کەســـێک کە بەســـترابێتەوە یا خرابێتە بەندیخانـــەوە ئازادییەکی زۆر کەمی هەیە، لەبەر ئـــەوەی لـــە ڕووی فیزیکییەوە ڕێـــگای لێ گیـــراوە تا ئەو کارانـــە بکات کە لەوانەیە لە کاتی ئاساییدا بیکردایە. هەندێک لە فەیلەســـوفە سیاســـییەکان لە ناویشیاندا هـــاوڕێ دێرینەکەمـــان هۆبـــز، وتوویانە کە تەنیا لەمپـــەری فیزیکییە کە ئازادیی خەڵک ســـنووردار دەکات. بەڵام ئـــەم ڕوانگەیە لای زۆرینـــەی خەڵک ڕوانینێکی بیرتەســـکانەیە. ئێمە بەگشتی وا بیر دەکەینەوە کە بژاردەکان ســـنووردار دەکرێن، کاتێـــک چەند جۆرێک بەربەستیان بۆ دادەنرێت. بەتایبەتی یاساکان ئازادیـــی ئـــەو کەســـانەی کە ئەم یاســـایانە دەیانگرێتەوە سنووردار دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە سەرپێچیی یاساکان دەکەن سزا دەدرێن. ئەگەر من بەخێراییی زیاتر لەوەی ڕێگەی پێ دراوە شۆفێری بکەم، یا پەنجەرەی ماڵی دراوســـێکانمان بشـــکێنم، هیچ شتێک نییە لـــە ڕووی فیزیکییەوە ڕێگام لێ بگرێت، بەڵام ئەگەر ئەم کارانە بکەم دەگیرێم و ســـزا دەدرێم. لەبەر ئەوە ئازاد نیم ئەو کارانە ئەنجام بدەم. دەکـــرێ ئەم شـــێوازی بەڵگەهێنانەوە بۆ هەرەشـــەی کەســـانی تایبەت بۆ سەر من بەکار بهێنرێت. ئەگەر کەسێک هەڕەشەم لێ بکات ئەگـــەر جارێکی دیکە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی بمبینێـــت، ئەوا لێم دەدات، (وای دانێین هەڕەشەکە زۆر جیددیە)، ئەو بژاردەیە ئیتر بۆ مـــن بژاردەیەکی کراوە نییە کە هەڵیبژێرم.

> **بیرۆکەی حکومەتی سنووردار لە ماوەی چەندین سەدەدا دروست بوو و یەکەم پاڵنەریشی ململانێ ئایینیەکانی دوای چاکسازیی ئەورووپی لە سەدەی شانزدەهەمدا بوو**

بەشـــێوەیەکی گـــشـــتی لەمپـــەرە فیزیکییـــەکان و ئاستەنگەکان وەک بەربەست بۆ کەم کردنەوەی ئازادی قبووڵ کراون. لەم بابەتەدا مشتومڕەکە لـــەوەوە ســـەرهەڵدەدات کـــە لەوانەیە هەندێک کەس، لەبەر ئەوەی گـــران دەکەوێت لەســـەریان نەتوانن بـــە دوای بژاردەیەکدا بچـــن، هەرچەند ئەم بەهایەی کە دەبێ بیدەن لە شێوەی سزا یان وەک شێوەکانی دیکەی بەربەست نین. وەک پرسیارێک کە هەندێک کات دەپرسرێت: ئایا کەسێکی بێ پارە دەتوانێت لە چێشتخانەیەکی گرانبەها بۆ وێنە چێشتخانەی ڕێتز خواردن بخوات؟ ئایا ئێمە دەڵێیـــن «نا» لەبەر ئەوەی لەڕاســـتیدا هیچ ڕێگایەک نییە بۆ ئەوەی ئەو کەســـە لە ڕێتز خواردن بخوات ( لانیکەم تا ئەو کاتەی نەیەوێت کە ڕووبەڕووی ئاکامێکی قورس، کە چاوەڕوانی دەکات ببێتەوە، کاتێک

دەردەکەوێت پارەی ئەو خواردنەی پێ نییە)؟ یـا ئێمە دەڵێــن «بەڵێ» لەبەر ئــەوەی تەنیا شــتێک کە ڕێگرە کەمیی پارەکەیەتی، نەک هیچ مەبەســتێک لە لایەن خاوەنەکانی ڕێتز یا کەسێکی دیکەوە کە ڕێگر بێت لەوەی لەو شــوێنە خواردن بخوات. ئەم پرســیارە تەنیا پرســیارێکی فەلســەفی نییە، لەبەر ئەوەی وڵامەکەی ئێمە چۆنیەتیــی بیرکردنەوەمان ســەبارەت بــە پیوەندیی نێــوان حکومەت و ئازادییــەوە دەردەخــات. لــە نێــوان ئەو سیاســەتانەدا کە حکومەت پەیڕەوی دەکات، هەندێــک سیاســەت هەن کە ســەرچاوەی ســامانەکان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکەی کۆمەڵگا دەگوازنەوە - بە شێوەیەکی سروشتی لــە خەڵکە دەوڵەمەندەکانــەوە بۆ فەقیرەکان - ئێمــە دەمانەوێت بزانیــن ئەم کارە ڕێژەی ئازادیی وەرگرەکان زیــاد دەکات، یا ئازادیی بەخشندەکان کەم دەکاتەوە، یا هیچ کامیان، یا هەردووکیان.

ڕێگــە بدەن باســی چەنــد نموونەیەک بکەین کە خەڵک لە کاتی ئاســاییدا دەتوانن ئەنجامیان بدەن، بەڵام ئێستا بە هۆی بەرزیی نرخەکانیانــەوە ناتوانن. دەتوانین بڵێین ئەگەر نــرخ تا ڕێژەیەکــی دیاریکراو بــەرز ببێتەوە چیــدی خەڵــک ئــازاد نین؟ زۆر ســادەیە، کەسێک کە داهاتێکی کەمی هەیە و ناتوانێت بچێــت بۆ ســەیرانێک کە ١٠ هــەزار پاوند خەرجی بێت، بەراوردی لەگەڵ کەســێک بە هەمــان داهاتەوە بکەن کــە بۆ ڕزگاربوون لە بارودۆخێکی پڕ ئێش و ئــازار (پەککەوتەش نییــە)، پێویســتی بە نەشــتەرگەرییەکە کە تەنیا لە نەخۆشــخانەی تایبەتدا بە ١٠ هەزار پاوند دەکرێت. بــۆ دەڵێن کە دووهەم کەس ئــازاد نییە لەوەی ئەو نەشــتەرگەرییەی کە پێویستیەتی بیکات، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی سروشــتی ئێمە بۆ کەیســی یەکەم زمانێکی جیاوازتر بــەکار دەهێنیــن- لەوانەیە بڵێین ئەوکەســە ئازادە لەوەی بچێت بۆ ســەیران، بەڵام بەئاســانی ناتوانێت خەرجیەکەی دابین بکات؟ بۆ لە کەیسی دووهەمدا بەشێوەیەکی سرۆشــتی باســی ئازادی دەکەین، بەڵام بۆ یەکەمیان نا؟ سەیرانێکی گرانبەها، بابەتێکی خۆشــگوزەرانییە کــە دابــەش کردنەکەی بەشێوەیەکی ژیرانە دەکرێ بخرێتە پاڵ بازاری ئابوورییەوە، ئەو شــوێنەی کە خەڵک خۆیان هەڵیدەبژێرن کە چەندە پەیدا دەکەن و چۆن داهاتەکەیــان خەرج دەکەن. ئەو کەســەی کە باســی دەکەین چ ئەوەی کە بتوانێت بە کاتژمێری کاری زیاتر، گۆڕینی پیشەکەی، یا کەم کردنــەوەی خەرجییەکانی دیکەی، ١٠ هەزار پاوندکەی بەدەست بهێنێت یا خود نا - کە ئەمە خۆی بابەتی مشتومڕە - بەدڵنیاییەوە ئەوە دەزانین کــەس ناچار نەکراوە بۆ ئەوەی پارەی سەیرانەکەی بۆ دابین بکات. لەبەرامبەر ئەوەشدا ئەرکی حکومەتە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت کە هەموو کەسێک وەک پێویست دەستی بــە خزمەتگوزاریــی تەندروســتی ڕادەگات، چ لــە ڕێگــەی سیســتمی خزمەتگوزاریی تەندروســتیی گشــتییەوە بێ، یان بە دابین کردنی دڵنیاییی تەندروستی [تەئمین/بیمە]، بە شێوەیەک هەموو کەس توانای وەرگرتنی خزمەتگوزاریــی تەندروســتیی گونجــاوی هەبێت. ئەگەر کەســێک بۆ نەشتەرگەرییەک ڕووبەڕووی لیســتەی حیســابێکی ١٠ هەزار پاوەندی ببێتەوە، بەرپرسیارییەکەی دەکەوێتە سەرشــانی دەوڵەت کە نەیتوانیوە ئەرکەکەی جێبەجێ بکات. ئەوەی ئایا نرخی هەڵبژاردنی بژاردەیەک، ســنووردانان بــۆ ئازادییە، تەنیا پەیوەندیی بــە زۆری نرخەکەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بەوەشەوە هەیە کە ئەم نرخە چۆن دانراوە و ئاخۆ کەســی دیکە بەرپرســیارە لە دروست بوونی ئەو نرخە یان نا.

□

ئــەم ڕوانگەیــە کــە هەرچــی حکومــەت بەرپرســیارەتیی زیاتر بێــت، خەڵک ئازادیی

کەمتری دەبێت هەڵەیە. هەندێک جار حکومەت ئازادی سنووردار دەکات و هەندێک جار پاساوی بۆی هەیە، هەندێک جاریش نا (بۆ نموونە، پاسادانان بۆ پشتێنی سەلامەتی لە ئازادیی بەکارهێنەران کەم دەکاتەوە، بەڵام زۆرینەی خەڵک هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە پاساوێک بۆ ئەمە هەیە، ئەویش پاراستنی ژیانی خەڵکە). بەڵام لە هەندێک بابەتی دیکەدا چالاکیی حکومەت دەبێتە هۆی زیادبوونی ئازادی، بەوەی کە چەند بژاردەیەک دەخاتە بەردەم خەڵک کە لە کاتی ئاساییدا لەبەر زۆریی نرخەکەی، خەڵک دەستیان بەو شتانە ڕاناگات. پێویستە لە هەموو بابەتێکدا سەیری ئەو سیاسەتە تایبەتانە بکەین و بزانین ئایا لەگەڵ خستنە ڕووی چەند بژاردەیەک بۆ خەڵک، ئەوان چەند بژاردەی دیکە کە زۆر گرنگترن لانابەن. بەداخەوە وتاری سیاسییەکان سەبارەت بە «کۆمەڵگای ئازاد»، قەت باسی ئەم ئاستە لە وەردەکاری ناکەن. فەیلسوفە سیاسییەکان، پرسیاری ئەوەیان کردووە کە مەبەستمان لەوەی دەڵێین کەسێک ئازادە یا ئازاد نییە کە بژاردەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرێت، چییە. ئەوان دەتوانن لە دادوەرییەکی وردبینانە و زانایانە سەبارت بە پەیوەندیی نێوان حکومەت و ئازادیی تاکەکەسی، یارمەتیمان بدەن. ئەمە ڕوون کردنەوەیەکی باشی بەڵگەکەی من لە بەشی یەکەمدایە کە سەبارەت بە کێشە سیاسییەکانی ڕۆژ باسم لە بایەخی بیرکردنەوەی فەلسەفی کرد.

حکومەت کەمتر دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر لایەنی ناوەکیی ئازادی هەبێت، واتە توانای کەسەکان بۆ هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە لە ناو ئەو بژاردانەی کە لەبەردەمیاندایە. ئەمە هەندێک جار پێی دەوترێت «ئازادیی ئەرێنی»، بۆ ئەوەی لە «ئازادیی نەرێنی» جیا بکرێتەوە. واتە هەبوونی کۆمەڵێک بژاردە کە هۆکارە دەرەکییەکان ڕێگایان لێ نەگرتبن. ئەم دوو جۆرە لە ئازادی وەک دوو چەمکی بەرامبەر بە یەک هاتوون وەک ئەوەی فەیلەسوفی سیاسی ئایزایا بێرلین لە وتاری بەناوبانگی «دوو چەمکی ئازادی»دا، باسی لێ دەکات. بێرلین دەیەوێت مەترسیی «ئازادیی ئەرێنی» بەرجەستە بکاتەوە، ئەو بڕوای وایە ئەمە دەکرێت وەک پاساوێک بۆ ڕژیمە تۆتالیتار یا زۆردارەکانی وەک یەکێتیی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین کە «ئازادیی نەرێنی»ی زۆر کەمیان دەدا بە ژێردەستەکانی، بەکار بهێنرێت.[1] من بڕوام وایە ئەگەر ئەم دووانە وەک تەواوکەری یەکتر سەیر بکەین زۆر بە سوودترە، پێشتر نموونەم هێنایەوە بۆ دەبێ بە هەمان ئەندازە کە نیگەرانی بەردەستبوونی بژاردەکانین، دەبێ ئەوەندەش نیگەرانی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە بین. بەڵام ئێمە چۆن بزانین چ کاتێک هەڵبژاردنێک ڕەسەن و ڕاستەقینەیە؟ بڕیاردان لەسەر ئەم مژارە زۆر دژوارترە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕەنگە باشتر وابێت کە لە ڕوانگەیەکی پێچەوانەوە لێی نزیک ببینەوە و بپرسین چ کاتێک هەڵبژاردنەکان بەڕوونی ڕەسەن و ڕاستەقینە نین؟ نموونەیەکی ئاشکرا بۆ ئەم باسە ئەو کەسانەن کە گرفتاری خوتخوتە [وەسواس] یا هۆگری مادەی هۆشبەرن - بۆ وێنە ئەو کەسانەی کە عاشقی دزی کردنن کاتێک لە دوکانێکدا هەلی دزی کردنیان بۆ دەڕەخسێت، ناتوانن بەری خۆیان بگرن، یا ئەو کەسانەی هۆگری مادەی هۆشبەرن ئامادەن هەموو کارێک بکەن بۆ ئەوەی ئەو مادەیە بەدەست بهێنن. کەسانێک کە لەم بارودۆخەدان، لە کاتی بڕیارداندا بەپێی بەهێزترین حەزەکانیان دەجووڵێنەوە، بەڵام کاتێک دوور دەکەونەوە و بیری لێ دەکەنەوە، بۆیان دەردەکەوێت ئەمانە حەز و مەیلی دڵخوازی ئەوان نین. ئەگەر ئامێرێک هەبێ کە دەستی پێدا نێن و ڕزگاریان ببێت لە وەسواس بوون و

هۆگریی مادەی هۆشـــبەر، ئەو کارە دەکەن. بڕیاری ئەوان بۆ دزینی کراسێک یان ئەوەی بــە دەرزی هێرۆیین [مادەیەکی هۆشـــبەر] لەخۆیــان بــدەن، هەڵبژاردنێکی ڕەســەن و ڕاســتەقینە نییە لەبەر ئــەوەی هاندەرەکەی مەیلێکی زۆرە، ئەگەرنا ئەو کەسەی تێوەگلاوە حەزی دەکرد وا نەبوایە.

□

نموونەیەکی جیاوازتر ئەوەیە کە هەڵبژاردەکانی کەســێک لە لایــەن هێزێکــی دەرەکییەوە دەستنیشـــان دەکرێــت، وەک کچێــک کە بەردەوام ئەو کارە دەکا کە دایکی پێی دەڵێت. هەرچەندە ئەو کەســە وا دەردەکەوێ کە بە هەڵبژاردەکانی قایلە — بەڵام لەمەدا هەســت بە ململانێیەکی دەروونی ناکەیت وەک ئەوەی لە کەیسی خوتخوتەکردن [وەسوەسەبوون] و هۆگریــی مادە هۆشــبەرەکاندا دەمانبینی — ئەوان وا هەســت دەکەن کە بەڕاستی ئەمانە بڕیــاری خۆیان نییە. هەڵبژاردنی ڕەســەن و ڕاستەقینە پێویســتی بە جۆرێکی تایبەت لە ســەربەخۆییە. کەســێکی ئازاد پێویستە لە خۆی بپرســێت «بەڕاســتی من چیم دەوێت یا بڕوام بە چییــە؟» و توانای ئەوەی هەبێت کە وڵامە دەســتی دووەکان ڕەد بکاتەوە کە بەتەواویەتی هی خۆی نین. لەم مانایەدا کاتێک گوشــاری کۆمەڵایەتی لەسەر مرۆڤەکان زۆر زیــاد دەکات، بۆ ئەوەی بیروڕا و دابونەریتی بــاو پەیڕەو بکەن، ئــەوان ناتوانن لە بەرانبەر ئەم گوشــارانەدا بەرگری لــە خۆیان بکەن و مرۆڤــەکان ئازادییەکانیان لەدەســت دەدەن. ئاییــن و ئایدیۆلۆژیی سیاســی هەردووکیان دەتوانن ئەو کاریگەرییەیان هەبێت.

چۆن دەتوانین ئــەم ئازادییە دەروونییە، واتــە توانایــەک بــۆ هەڵبژاردنە ڕەســەن و ڕاســتەقینەکان پەرە پێ بدەین؟ یەکێک لە ڕێگاکان ئەوەیە کە ڕێژەیەکی فراوان بەدیلی جیاواز بخرێتە بــەردەم خەڵک بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرە کەم بکرێتەوە کە کۆمەڵێک بیروباوەڕ، یان هەر شێوازێکی ژیان، دەبێت تەنیا ڕێگای ڕاســت بێت. (بەپێچەوانەی ڕێبازە ئایینی و ڕژێمە سیاسییەکان کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی هەڵبژاردنەکانــی ئەندامەکانیان بکەن، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی ئەوان دڵنیا ببنەوە کە خەڵک ئەو شــتانە نابینێــت یا ئەزمونی ناکات کە دژی ئەو ڕێگای ژیانە بێت کە ئەوان بە ڕاســتی دادەنێن). لەبەر ئەوە حکومەتێک کــە بیەوێت گەشــە بە ئازادیــی هەڵبژاردن بدات، دەتوانــێ بە بڕەودانــی جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتی - بە خستنە ڕووی ڕێگای نوێ بۆ ژیان، شێوازی نوێی کولتووری و هتد، هانیان بدات. یەکێک لــە دەرکەوتە پراکتیکییەکانی ئەم سیاسەتە، سیســتمێکی پەروەردەیە کە منداڵەکان بــۆ بیرکردنەوەیەکــی ڕەخنەیی سەبارەت بەو بیر و بڕوا و بایەخانە کە لە باوک ودایکیانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە، یا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەریــان گرتووە، هانیان بدات و لە هەمان کاتیشــدا بە دابین کردنی خوێندنگای هاوبــەش بۆ پەروەردەکردنی ئەو منداڵانەی کە لــە جڤاتی جیاوازەوە هاتوون، لەگەڵ بڕوا و بایەخە کولتوورییە جیاوازەکانی یەکتر ئاشــنایان بکات. بــەڵام بەپێچەوانەی ئازادیی دەرەکــی، ئازادیی دەروونی گەرەنتی ناکرێت. هەندێک لە مرۆڤەکان بە سروشت لە ڕووی فکرییەوە سەربەخۆن، هەندێکیش ڕێ و شوێنی باو دەگرنە بەر. ئەوەی کە سیاسەت دەتوانێت بیــکات ئەوەیە کــە بارودۆخێکی گونجاو بڕەخسێنێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ڕێگای خۆیان لە ژیاندا هەڵبژێرن.

□

تا ئێســتا هەوڵم داوە شــی بکەمەوە ئازادی چییــە و بــۆ بەهایەکی ئەوەندە بــەرزی لە کۆمەڵگاکانــی ســەردەمدا هەیە. ئێســتاش دەمەوێت ڕاڤەی سنوورەکانی [ئازادی] بکەم. ئەم مەســەلەیە کە ئازادیی تاکەکەســی لە

ڕێگای جیـــاوازەوە دەبێ ســـنووردار بکرێت، دەبێ شتێکی ڕوون و ئاشـــکرا بێت: ئازادیی هەر کەســـێک پێویستە ســـنووردار بکرێ بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێت بە ڕێژەیەکی یەکســـان چێـــژ لـــە ئازادیی(دەرەکی) خۆی وەربگرێت؛ بەڵام لە پشـــت ئەمەوە کۆمەڵێک ئامانجی کۆمەڵایەتیی ڕێگەپێدراو هەیە کە بۆ ئەوەی پێش بکەون، پێویستە بۆ ئەو کارانەی ڕەنگە تاکەکان بیکەن سنوورێک دابنرێت. بۆ نموونە، بۆ پاراســـتنی ژینگە دەبێ ڕێگە لەوە بگیرێـــت کە خەڵک خۆڵ و خاشـــاک و زبڵ فـــڕێ دەن، هـــەوا بە گازی پیـــس ژەهراوی بکەن، شوێنە سروشـــتییەکان کە ئاژەڵەکانی لێ دەژین بکەن بە شـــوێنی نیشتەجێ بوون. ئێمە دەمانەوێت لە نێوان ئازادی و بەهاکانی دیکەدا هاوســـەنگی ڕابگرین و هەندێک جار ئازادی دەبێ بچێتە دواوە. بەڵام ڕاگرتنی ئەم هاوســـەنگییە تا کوێ بـــەردەوام دەبێت؟ ئایا هیچ بازنەیەک لە ئازادیی تاکەکەســـی هەیە کە پاســـاوێکمان بۆ دەســـتێوەردانی نەبێت ، هەرچەند ئاکامی سنووردارکردنی ئەو ئازادییە باشیش بێت؟

جۆن ستوارت میڵ لە نامیلکەی دەربارەی ئازادی کە پێشـــتریش ئامـــاژەم پێ کردووە، بڕوای وایە، لەڕاســـتیدا فەزایەکی وامان هەیە کە ئازادی تێیدا لە هەموو دەســـتێوەردانێک پارێـــزراوە. میڵ ئـــەوەی دەخســـتە ڕوو کە کاتێک کاری کەسێک «ڕوو لە خۆیەتی»، بەو مانایە کەڕەنگە جگە لە خۆی، هەڵســـوکەوتی نابێتـــە هۆی زیان گەیاندن بـــە بەرژەوەندیی کەســـانی دیکە، هەرگیز نابێ دەســـتێوردانی کارەکانـــی بکرێت. میڵ پێی وابـــوو کە ئەم ڕێسایە پاساوێکیشـــە بۆ ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕیـــن و ئازادیـــی تاکەکەســـی بـــۆ هەڵبژاردنـــی ڕێگای تایبەتـــی ژیان – چۆن جلوبەرگ بپۆشـــێت، چی بخوات و بخواتەوە، شـــوێن چ چالاکییەکی کولتـــووری بکەوێت، چ جـــۆرە پەیوەندییەکی سێکســـیی هەبێت، شـــوێنکەوتووی چ ئایینێک بێت و هتد. (ئەم بیرۆکەیە ئێستا بۆ ئێمە ئاشنایە، بەڵام کاتێک میڵ لە ناوەڕاســـتەکانی سەردەمی ڤیکتۆریادا نامیلکەکەی دەنووســـی، بـــە توندڕەویان ناو دەبرد تەنانەت بە ترسناکیان دادەنا.) بەڵام ئایا دەشـــێ ئەو هێڵی جیاوازییانە بکێشینەوە کە میڵ دەیویست دیارییان بکات؟ ئایا بەڕاستی هیچ کارێک هەیە لێی دڵنیا بین کە زیان بە کەســـانی دیکە، جگە لەو کەسەی ئەنجامی دەدات، ناگەیەنێت؟

میـــڵ ئـــەو بۆچوونەی لا ڕاســـت بوو کە لەوانەیە خەڵک لەو هەڵســـوکەوتانەی کە ئەو وەک کارێکـــی «ڕوو لە خۆ» پۆلێنی کردبوون، بڕەنجێن - لەبەرکردنـــی جلوبەرگی پیس و ناشیرین، هەڵســـوکەوتی سێکسیی نائاسایی، بێخودایـــی شـــەڕەنگێزانە و هتد. بەڵام ئەو دەیوت سووکایەتی کردن لە لایەن شتێکەوە هاوشـــێوەی زیان پێ گەیاندن لە لایەن ئەو شـــتەوە نییە. زیان گەیانـــدن واتای هێرش کردن یا تۆقاندنە، ئەوەی کە سامانەکەت لە ناو بچێـــت، یا خراپتر بوونی بارودۆخی ئابووریت، و لـــە ڕوانگـــەی میڵەوە ئەم شـــتە دەکرێت بە شـــێوەیەکی بـــێ لایەنانە ڕێـــک بخرێت، بەپێچەوانەوە ســـووکایەتی کردن، پەیوەندی بە بـــڕوا و هەڵســـوکەوتی تاکەکەســـیی ئەو کەســـەوە هەیە کە سووکایەتیی پێ دەکرێت - تۆ لەوانەیە هاوڕەگەزبازی یا مۆسیقای ڕاپ بە ســـووک بزانیت، بەڵام ئەمەش هۆیەکەی ئەوەیە کە بەپێی ئەو پێوەرە تاکەکەسییەی بۆ بەهاکان هەتە، لای تۆ ئەو چالاکییە هەڵەیە یا پەســـەندکراو نییە: ڕەنگـــە پەرچەکرداری مـــن هەندێـــک جیاوازتر بێـــت. بیرۆکەکەی میڵ بۆ کەســـێک ڕاســـت بوو کە پێی وا بوو هەڵسوکەوتی خەڵکانێک بێزارکەرە، بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە، یا لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی هانیان بدات تاکوو شـــێوازی خۆیان بگۆڕن، بەڵام ئـــەوان مافی ئەوەیـــان نییە لە ڕێگەی یاســـا یا خود ئامرازێکـــی دیکەوە ڕێگری لەو

هەڵسوکەوتانەیان بکەن.
دەتوانین بپرسین ئایا دەکرێ سووکایەتی پێ کــردن و زیــان گەیاندن وا بە ئاســانی لێک جیــا بکرێنەوە؟ وای دانێــن ژنێک لە نوســینگەیەک یا کارگەیــەک کاردەکات و زۆربــەی فەرمانبەرەکانــی پیاون و ســوورن لەســەر ئەوەی چەند پۆســتەرێکی گەورەی ئافرەتی ڕووت هەڵواســن و ئــەو ژنەش ئەوە بە ســووکایەتی دەزانێت. لــە ئەنجامدا، ئەو ژنە حەز لەو پیشــەی کــە هەیەتی نەکات و لەوانەیە بڕیار بدات وازی لێ بێنێت. ئاشکرایە هەڵســوکەوتی «ڕوو لــە خــۆی» فەرمانبەرە پیــاوەکان خەریکە زیان بەو ژنە دەگەیەنێت. نموونەیەکی دیکە ئەوەیە کە بە «وتاری قین» ناوی لێ دەبرێت — لێدوانی دژێو بەرانبەر بە کەمینەیەکی ئایینی یا ڕەگەزی لە شوێنێکی گشــتیدا، کە ڕەنگە ببێتە هــۆی ئەوەی لە خوێندنگا، زانکۆ یا شوێنی کارەکەیان دەریان کەن، یا بەلانیکەمەوە هەســتێکی ناخۆشیان بۆ مانەوە لەو شوێنەدا هەبێت. جارێکی دیکە وا دەردەکەوێــت کە هەڵســوکەوتێک کە لە سەرەتادا بە سادەیی ڕەنجێنەر بووە، لەوانەیە ناڕاســتەوخۆ ببێتە هۆی زیان گەیاندن، هەر لەبەر ئەوە ئێمە هەڵبژاردنێکمان لەبەر دەمدایە: یان ئەوەتا بۆچوونمان ســەبارەت بە ئازاردان بەرفراوانتر بکەین بۆ ئەوەی ئەم کەیســانەش بگرێتە خۆ کە لەم حاڵەتەشدا ڕووبەری کاری «ڕوو لە خــۆ» بچوک دەبێتــەوە یان ئەوەی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بیرۆکە سەرەکییەکە کە دەڵێت تەنیا دەستێوەردان لە هەڵسوکەوتێکدا بکرێ کە ڕاستەوخۆ زیان دەگەێنێت، و بڵێن خەڵک پێویستە لە دەربڕینی خۆیاندا ئازاد بن تەنانەت کاتێکیش خەڵکانی دیکە پێیان وایە ئەو شێوازی دەربڕینە زۆر ڕەنجێنەرە.
ســەبارەت بەو نموونانەی خســتمانەڕوو، سێ خاڵ بەتایبەتی شایانی ئاماژە پێ کردنن:
یەکــەم، کێشــەکە تەنهــا لــە خووی نائاسایی کەسێکدا نیە، کە هەڵسوکەوتەکەی ســوکایەتی پێ کردن بێــت. بۆچوونی ئێمە ســەبارەت بەو پۆســتەرە ڕووتە هەرچییەک بێت، دەبێت لــەوە تێبگەین کە بۆ زۆرینەی ژنان هەســت بە ســووکایەتی دەکەن. ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی تۆ ڕێگە نەدەیت کەسێک پۆستەری دیڤید بێکهام بەسەر مێزەکەتانەوە هەڵواســێت لەبەر ئەوەی تۆ لایەنگری تیپی ڕکابەری ئەویت.
دووەم، کەســی قوربانــی ناتوانێت خۆی لەو ســووکایەتییە دووربخاتەوە، جگە لەوەی کــە گۆڕانێکــی گــەورە لە هەڵســوکەوتیدا ڕوو بــدات، بۆ وێنە پیشــەکەی جێبهێڵێت، نەچێتەوە بۆ زانکۆ. ئەمە بە پێچەوانەی ئەوەیە کە من بە بینینی چەند پۆســتەرێک لەسەر دیواری ژووری دانیشتنی ماڵە دراوسێکەمان هەست بە سووکایەتی بکەم - من دەتوانم بە هاتنەدەر لەم ماڵە خــۆم دوور خەمەوە — یا ئــەو بیر و بۆچوونانەی کە لــە ڕۆژنامەیەکی ڕەگەز پەرستەوە بڵاو دەبێتەوە بە سووکایەتی دەزانم کە پێویست ناکات بیکڕم.
سێهەم، هەڵســوکەوتی کەسی ڕەنجێنەر بەرانبەر ئەو خەم و ناخۆشــییەی دروســتی دەکات، خــۆی لە خۆیــدا بەهایەکی ئەرێنی نییــە: ئەمە بۆ کەس، بەشــێکی پێویســت لــە بیرۆکــەی ژیانێکــی بــاش نییــە کە دەبێــت لەکاتی کارکردنــدا بتوانن چاوبڕنە وێنەیەکی ڕووت یا هــاوار کردن بە جۆرێک ڕەشپێســتەکان یــا موســڵمانەکان نیگەران بــکات. (من ئەوە ڕەد ناکەمــەوە کە لەوانەیە هەندێک خەڵــک زۆر حەزیان لەوە بێت ئەو کارانە بکەن، پرســیارەکە ئەوەیە، ئەو کەسانە چی لەدەســت ئەدەن ئەگــەر ڕێگرییان لێ بکرێت؟) هەرچەندە ئازادیی ڕادەربڕین گرنگە، بــەڵام هەموو ڕا دەربڕینێــک نابێت بە یەک چاو سەیر بکرێت. ئەمە زۆر گرنگە کە خەڵک بتوانن بە ئازادی خوداپەرەستیی خۆیان بکەن، بەشداریی گفتوگۆی سیاسی بکەن، لە ڕێگەی هونەرەوە ڕای خۆیان دەربڕن و هتد. ئەوەی

کە بتوانن پۆســـتەرێک لە شوێنی کارەکەیان نمایـــش بکەن، یا بە دەنگی بەرز دروشـــمی رەگەزپەرستانە بڵێنەوە زۆر گرنگ نیە.
لەوانەیـــە بگەینـــە ئـــەو ئەنجامە کە لەباتـــی ئەو رێسـا سـادەیەی میـــڵ – کە نابێـــت دەســـتێوەردان لـــە هەڵســـوکەوتی سروشتیی کەســـەکان بکرێت – پێویستمان بـــە دادوەریەکـــی ئاڵۆزتر بێت، واتـــا بەهای هەڵســـوکەوتە جیاوازەکان بە پێی ئەو باجەی کە دەیسەپێنن بەسەر کەسانی دیکەدا، و ئەو زەحمەتەی کە ئەو کەسانە بۆ دوورکەوتنەوە لەو باجەی توشی دەبن، هەڵبسەنگێنین.
ئێستا دەگەڕێینەوە لای چەند کێشەیەکی دیکـــەی رێســـاکەی میـــڵ: ئەو جـــۆرە لە هەڵســـوکەوتانەی کە کاریگەرییەکی خێرایان لەسەر کەســـانی دیکە نییە، جگە لە بکەری کارەکـــە، لەوانەیە لە درێژمـــاوەدا کاریگەریی بکەنـــە ســـەر خەڵکانی دیکە، لەبـــەر ئەوەی توانای ئەو کەســـە بۆ هاوبەشی لە کۆمەڵگادا کەم دەکاتەوە، یا خەرجی هەڵســـوکەوتەکانی دەکەوێتە سەرشانی خەڵک. بۆ وێنە، کەسێک کە هەمیشـــە ئـــارەق دەخواتـــەوە ناتوانێت کارێکـــی جێگیـــری هەبێت، کەســـێک کە زۆر جگەرە دەکێشـــێت، تەنانـــەت ئەگەر لە ماڵەکەی خۆشیدا بێت، ئەگەری تووش بوونی بە شـــێرپەنجە یا جەڵتـــەی دڵ زیاد دەکات، بۆیە پێویســـتی بە چارەسەری پزیشکی هەیە لەسەر حسابی خەرجی گشـــتی. پرسیارەکە ئەوەیـــە، ئایا ئێمە دەبێت ئەم هەڵســـوکەوتە بخەینە خانەی هەڵسوکەوتی سروشتییەوە و بە ناوی ئازادیی تاکەکەسییەوە بەرگرییان لێ بکەین.
میڵ نموونـــەی ئەو کەســـەی کە ئارەق ئەخوداتەوە باس دەکات و دەڵێت خورادنەوەی ئەو کەســـە لە دوو حاڵەتـــدا ناچێتە خانەی هەڵسوکەوتی «خۆ بۆ خۆ»وە: کاتێک کەسێک نەتوانێت ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە لە ژێر کاریگەریی خواردنەوەی مادە ئەلکولییەکاندا بە باشی ئەنجام بدات، یا کەسێک کە لەوانەیە دەســـت بداتە کاری توندوتیـــژی کاتێک کە سەرخۆشە. ئەگەر کاریگەریی خواردنەوەکە تەنیا ئەوە بێت کە ئەو کەســـە کەمتر لەوەی کە لەکاتی ئاساییدا چاوەڕوانیی لێ دەکرێت، توانـــای هاوبەشـــیی کۆمەڵایەتیـــی هەبێت، کۆمەڵگا مافی ئەوەی نییە رێگریی لێ بکات. منداڵـــەکان دەبێت فێری بەرپرســـیاریەتییە کۆمەڵایەتییـــەکان بکرێـــن و لە مەترســـیی مادە ئەلکولیـــەکان ئاگادار بکرێنەوە. بەڵام بۆ گەورەکان، بەرگری لە ئـــازادی، گرنگییەکی گەورەی هەیە تەنانەت ئەگەر هەموو کۆمەڵگا بە گشتی زیانی بەرکەوێت.
یەکێـــک لـــەو هۆکارانەی کـــە لەوانەیە دوودڵمان بکات لەوەی شـــوێن میڵ بکەوین ئەوەیە کە ئێســـتا لەچـــاو ئەوکاتانەی کە ئەو کتێبەی دەنوسی، دەوڵەت رێژەیەکی زۆرتری لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر هاووڵاتیانی خۆی گرتۆتە ئەســـتۆ. لەبەر ئەوەیـــە دەبێت باجی زۆربەی ئەو هەڵســـوکەوتە سروشتیانە بدات. کاتێک میڵ «دەربارەی ئازادی»ی دەنووسی، خزمەتگوزاریـــی تەندروســـتیی گشـــتی، سیستەمی پەروەردەی نیشتمانی، یا یارمەتیی داهاتی فەقیـــرەکان، دابین کردنی شـــوێنی نیشتەجێ بوونی گشتی و هتد، بوونیان نەبوو. لە زۆربەی کاتەکاندا، ئەو کەسانەی کە زیانیان بە تەندروســـتیی خۆیان دەگەیاند یا وایان لە خۆیـــان دەکرد کە کاریان بۆ نەکرێت، خۆیان دەبوو باجی ئەو کارانەیان بدەنەوە، یا خود پەنا بەرن بۆ دەزگا خێرخوازییـــە ناوچەییەکان. ئەوانیش مافی ئەوەیان هەبوو کە مەرج دانێن بۆ ئەو کەســـانەی لە لایەن ئەوانەوە یارمەتی دەدران. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رێساکەی میڵ هێشـــتا مانای هەیە، دوای ئەوەی دەوڵەتێک کە خۆشـــگوزەرانی دابین دەکات و پارەکەی لە بـــاج وەردەگیرێـــت، و بڕیـــاری داوە کە لانـــی کەمی داهات، پەروەردە، تەندروســـتی و شـــوێنی نیشـــتەجێ بوون بۆ هەموو کەس

دابین بکات. لەم چوارچێوەیەشدا ئایا پێویستە خەڵک بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی بەسەریاندا بسەپێت هەم بۆ بەشداریی کۆمەڵایەتی و هەمیش بۆ خۆ بە دوور گرتن لە بوون بە چاولەبەرێکی ناپێویستی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی؟

ئەمە بابەتێکە ئەمرۆکە لە سیاسەتیدا زۆر جێی مشتومڕە، یەکێک لەو هۆیانەی لەوانەیە ئێمە دواجار لەگەڵ میڵ هاوڕا بین ئەوەیە کە وا دیارە هیچ هێڵێکی ڕوون و ئاشکرامان بۆ سنووردارکردن نییە، کاتێک دەمانەوێت دەستبەرداری ئەم ڕێسایەی ئازادی ببین. بۆ نموونە، ئایا دەوڵەت دەبێت خەڵک ناچار بکات بۆ ئەوەی خواردنی خاوێن بخۆن؟ دەبێت ناچاریان بکات بەردەوام وەرزش بکەن؟ دەبێت نەهێڵێت وەرزشی مەترسیدار بکەن؟ هەرکام لەم کارانە بە شێوەیەکی باش خەرجی تەندروستیی گشتی کەم دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوانگەی ئەم کارانە دەستێوەردانێکی قبوڵ نەکراوە لە ژیانی تایبەتیدا. (لە پاش وشەی ڕوانگەی وشەیەک قرتاوە) لەم نموونانەدا، لەوانەیە بگەینە ئەوەی کە دەوڵەت دەتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی داوای ئەوە بکات کە کارتی دڵنیاییان هەبێت کاتێک کە دەچن بۆ شاخەوانی یا وەرزشە قورسەکان، و دەوڵەت دەتوانێت لە پەروەردەکردنی خەڵکدا ڕۆڵی گرنگ ببێت، بە تایبەتی سەبارەت بە مەترسیی جگەرە کێشان بۆ گەورەکان، بەکارهێنانی خواردنەوە ئەلکولیەکان، خواردنی خواردنە چەورەکان، پاڵ نەکەوتن لەبەردەم تەلەفیزیۆندا لە کاتە بەتاڵەکاندا و هتد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانێت لە ئەنجامدانی ئەم کارانە ڕێگرییان لێ بکات. میڵ وتەنی: «دەردیسەری شتێکە کە کۆمەڵگا دەبێت بەرگەی بگرێت، لە پێناو چاکەیەکی گەورەتردا کە ئازادیی مرۆڤەکانە.»

بەرگریی میڵ لە ئازادی بەرانبەر دەوڵەت، پەیوەستە بە جیاکردنەوەی فەزایەک بۆ چالاکیی تایبەتی، کە خەڵک دەبێت لە ناو ئەو فەزایەدا ئازادیی تەواوەتییان هەبێت، بۆ ئەوەی چییان پێ خۆش بوو بیکەن. ئێمە هەندێک لە کێشەکانی ئەم ڕوانگەیەمان تاقی کردەوە، و لەگەڵ چەند نموونەیەکی زیاتریش لە بەشی ٦ دا، ڕووبەڕوو دەبینەوە، کاتێک سەیری ئارگیومێنتی فیمینیستەکان دژی بیرۆکەی فەزای تایبەتی پارێزراو دەکەین. ئێستا دەمەوێت ڕێگایەکی جیاوازتری سنووردارکردنی حکوومەت ڕاقە بکەم، ئەوەی کە دەوڵەت لەوانەیە لەژێر ناوی ئازادیی تاکەکەسیدا بۆ ئازادییەکان سنوور دابنێت. ئەم بیرۆکەیە بریتییە لەوەی کە هەرکەسێک خاوەنی کۆمەڵێک مافە کە پێی دەوترێت مافەکانی مرۆڤ، و حکومەت بۆی نیە دەستێوەردانی بکات.

□

لەوکاتەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤی لە ساڵی ١٩٤٨دا چەسپاند، کاریگەریی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەردەوام و نەگۆڕ لە زیاد بووندایە. مافەکان بریتین لە لیستێکی درێژ لەو مافانەی کە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئیمزایان کردووە بەڵێنیان داوە سەبارەت هاووڵاتیانی خۆیان بیانپارێزن. بەڵام خودی چەمکەکە دەتوانین بیگێڕینەوە بۆ زۆر پێشتر، بۆ بیرۆکەی مافی سروشتی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فەلسەفەی سیاسیی لیبراڵدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. بۆ نموونە، جۆن لۆک بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو پیاوێک بەلانی کەمەوە مافی سرۆشتیی هەیە بۆ ژیان، ئازادی، و خاوەندارێتی (ئەوەی کە هەڵاواردنی ژنان بە ئەنقەست بووە یان نا، جێگای مشتومڕە) ، کاتێک حکوومەتەکان لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی دروست بوون، وەک مەرجێک بۆ هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی، بڕیاریان دا بۆ پاراستنی ئەم مافانە.

لیستی مافەکان لە جارنامەی گەردونیدا زۆر فراوانترە، و لەپاڵ ئەو مافانەدا کە راستەوخۆ بەرگــری لە ئــازادی دەکــەن - وەک مافی ئازادیــی جوڵانەوە، ئازادیی عیبادەت، ئازادیی هاوســەرگیری - ئەو مافانــەش دەگرێتە خۆ کە کاریگەرییان هەیە لە ســەر دابین کردنی ســەرچاوە مادییەکانی خەڵــک، وەک مافی کارکردن، مافی هەبوونی ئاستێکی قایلکەر بۆ ژیان، و مافی پەروەردە. سەرەڕای ئەوەش، لە ژێر رۆشــنایی شی کردنەوماندا بۆ ئازادی لە سەرەتای ئەم بەشەدا، ئەم مافانەش دەکرێت وەک رێگایــەک بــۆ پارێزگاری لــە ئازادیی تاکەکەسی ئەژمار بکەین، بە دڵنیا کردنەوەیان لەوەی کە ئــەو بژاردانەی کە ڕەنگە بە هۆی کەمیی ســەرچاوە مادییەکانەوە لەبەردەستدا نەبووبێت ئێستا بۆ ئەوان لە بەردەستدایە.

لە ســۆنگەی مافەکانی مرۆڤەوە، پرسیار لەوە ناکرێت کە ئایا هەندێک لە چالاکییەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی هێزەکی ژیان بە ئەوانی دیکە دەگەیەنن. بەجێی ئەوە سەیری خودی ئەو کەسە دەکرێت و پرسیار دەکرێت کە ئایا دەتوانین بارودۆخێکی تایبەت برەخســێنین کــە بە بێ ئەوە هیچ کەس نەتوانێت ژیانێکی شــیاوی هەبێت. ئەم ڕوانگەیە هەوڵ دەدات بەرانبەر ئەو پرســیارەی کە باشترین جۆری ژیان بــۆ مرۆڤەکان چییە، بــێ لایەن بێت- ئەو ناڵێــت کە باوەڕدارێکــی ئایینی بیت بە بەهاترە یا چالاکێکی سیاسی، هونەرمەندێک، یا جوتیارێک، یا کابانێک — بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو ئەم شــێوازانە لە ژیان پێویســتیان بــە بارودۆخێکە کــە مافەکانی مرۆڤ پارێزگاریی لــێ دەکات. هەندێک لەم بارودۆخانە ئاشــکران و جێی مشــتومڕ نین: کەس ناتوانێت بە شــێوەیەکی شیاو بژی بە بێ ئازادیی بیروڕا، ئازادیــی پەیوەندییەکان، شــوێن گواســتنەوە، بێ خواردن و شوێنی مانەوەی پێویســت، بە بــێ هەبوونی چانس بــۆ رێکخســتنی پەیوەندیی تاکەکەســی و پیشەگەر لەگەڵ کەسانی دیکەدا و هتد. بەڵام ئەو برگانەی دیکە کە لە لیســتی ستانداردی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، لەناویاندا جارنامەی بنەڕەتیی نەتەوە یەکگرتووکان، زیاتر کێشــە دروست دەکات. ڕەنگە ئەو مافانە بن کە ئێمە پێمان خۆشە لە کۆمەڵگای خۆماندا جێبەجێ بکرێــت، بەتایبەتی ئەگەر کەســێکی لیبراڵ بیــن، بەڵام ڕەنگــە بە لامانەوە ســەیر بێت کە ئایا ئەو مافانە بــۆ ژیانی مرۆڤ لە هەموو شێوازەکانیدا بەراستی بنچینەیین.

رێگە بدەن با سەیری دوو نموونە بکەین: یەکەم، مافی ئازادیی بیروڕا، ویژدان و ئایین، کە لــە جارنامــەی نەتــەوە یەکگرتووەکاندا ئەوندە بە گشــتی لێکدانــەوەی بۆ کراوە کە بریتــی دەبێت لە ئازادیــی گۆڕینی ئایین و ئازادیی ئەنجامدانی رێورەسمی هەر ئایینێک چ لــە فەزای گشــتی یــا خــود تایبەتیدا. لەبەر ئــەوەی باوەڕی ئایینــی و ئەنجامدانی رێورەســمەکانی بەشــێکن لە تایبەتمەندیی بەربــڵاوی مرۆڤــەکان، لەوانەیــە هەموومان لەگەڵ ئەوەی کە هەرکەسێک دەبێت بواری عیبادەت و خوێندنەوەی نوسراوە ئایینیەکانی هەبێت، بەڵام ئایا دەبێت ئەوان مافی ئەوەیان هەبێت کە ئایین و رێورەسمەکانی بە بێ هیچ ســنوورێک هەڵبژێرن؟ دەبێت ئــەوان مافی ئەوەیــان هەبێت خەڵک بەرنە ناو دینەکەیان ( هەوڵــدان بۆ گۆڕینی ئایینی ئەو خەڵکانەی کە ئایینێکی جیاوازیان هەیە)؟ ئایا پێویســتە دەوڵــەت بەشــێوەیەکی یەکســان لەگــەڵ ئایینەکان هەڵسوکەوت بکات یا مافی ئەوەی هەیە کە ئایینێک وەک ئایینی رەسمیی وڵات پەســند بکات؟ لە کۆمەڵــگا لیبراڵەکاندا ئەو مافانەی کە باســی دەکەین زۆر بە بەربڵاوی لێکدانەوەی بۆ دەکرێــت، کە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بەڵی دەبێت. هێشتا لە هەندێک شــوێنی دیکە زۆر کەمتر لەم مافانەش دانی پێدا نراوە، بەڵام قورسە کە بیسەلمێنین لەبەر ئــەو هۆیانە ژیانی مرۆڤ لــەو کۆمەڵگایانەدا

گونجاو نیە.

دووهەم، جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بەشداریی سیاسیش لە خۆ دەگرێت. ئەو دەڵێت هەموو کەس مافی بەشداری لە حکومەتی وڵاتی خۆیدا هەیە، و بەردەوام دەبێت تا ئەو شوێنەی دەڵێت ئەم مافە پێویستی بە هەڵبژاردنی ڕێک و پێک، مافی دەنگدانی یەکسان و گشتگیر، دەنگدانی نهێنی یا شتێکی هاوشێوەی ئەو هەیە. دووبارە ئەمە مافێکە کە لیبراڵەکان چەپڵەی بۆ لێدەدەن، و هەروەک لە بەشی پێشوتردا بینیمان هۆکاری باش هەیە بۆ ئەوەی بمانەوێت ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە بە شێوەیەکی دیموکراتیک بەرپرسیاریان بکەین بەرانبەر هەموو خەڵک بە گشتی. بەڵام ئەگەر باسی مافی مرۆڤ دەکەین، ئەو پرسیارەی کە دەبێت بیپرسین ئەوەیە، ئایا بەڕاستی مافێکی لەو شێوەیە، بەشێکی بنەڕەتی و پێویستی ژیانێکی شیاو بۆ مرۆڤە. کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بۆ هەزاران ساڵ بە بێ ئەم مافە دیموکراتیکانە بوونیان هەبووە، و هەرچەندە بە ستانداردی ئێمە هەموویان ناکامڵ بوون، بەڵام زۆر قوسە کە بانگەشەی ئەوە بکەین کە بە شێوەیەکی یەکسان هەموویان لە دابین کردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ ژیانی ئەندامەکان شکستیان هێناوە.

بە وتەیەکی دیکە، ئێمە پێویستە ئەو مافانەی کە بە شێوەیەکی باو وەک مافەکانی مرۆڤ ناسراون بە سەر دوو جۆردا دابەش بکەین. لیستێکی کورت لە مافەکان هەن، بە هەندێک دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، کە جیاواز لەو ژیانە تایبەتە کە کەسەکان بۆ ژیان هەڵیدەبژێرن، پێویستیی بنەڕەتین بۆ ژیانی مرۆڤەکان. ئەگەر ئەم مافانەیان لێ بسەندرێتەوە، ژیانیان دەکەوێتە تەنگ وچەڵەمەوە، گەشە ناکات و ژیانیان بە گشتی مرۆڤانە نابێت. هەروەها لیستێکی دوور و درێژ لە مافەکانیش هەیە، کە بە بڕوای ئێمە هەموو هاووڵاتییەک مافی خۆیەتی کە لێیان بەهرەمەند بێت، و ئەو مافانە پێوانەیەکن بۆ ناسینەوەی باش بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. هەرچەند لەوانەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کێ ئەم لیستەی کۆکردۆتەوە، چەندین نوسخەی لیستی درێژی جیاوازمان هەبێت. ئەو نوسخەی کە کۆمەڵگا لیبراڵەکان بە دڵیانە لەوانەیە جیاواز بێت لەو دانەی کە کۆمەڵگایەک بە پێشینەی کولتووری جیاوازەوە پەسندی دەکات، بۆ نموونە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان یا کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە نەریتی کۆنفۆسیوسی یا ترادسیۆنی بوودایییەوە. دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە ئەو مافانەی لە یەکێک لەو لیستە درێژانەدا هەن، لە لیستە بچوکەکەدا نین، ئەگەر بمانەوێت وردبین بین، نابێت ناویان بنێین مافەکانی مرۆڤ. کاتێک شورشگێرە فەرانسییەکان لە ساڵی ١٧٨٩ دا، بەیاننامەکەی خۆیان دادەڕشت ناویان نا جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی. ئەگەر بمانەوێت ئەوان بە نموونە وەربگرین، دەتوانین ئەو مافانە ناو بنێین مافەکانی هاووڵاتی کە لە لیستە درێژەکەدا هاتوون، مەبەستمان لەوە ئەوەیە کە ئەو مافانە پێویستە لە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمەدا وەک پارێزگاری سەرەتایی لە مافی تاکەکەس دانی پێدا بنرێت — لە کاتێکدا لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا کۆمەڵێک مافی جیاوازتر هەن، کە لەگەڵ مافەکانی ئێمەدا لەیەک ئەچن، بەڵام دەقاودەق نین، ئەوانە زاڵن.

من ئەم بەشەم بە خستنەرووی ئەو بیرۆکەیە دەست پێکرد کە روبەرێک لە ئازادیی تاکەکەسی هەیە کە حکومەت لە هیچ بارودۆخێکدا بۆی نییە دەستێوەردانی بکات، بە قووڵی لە کۆمەڵگا لیبراڵەکاندا ڕەگی داکوتاوە. ئەوەی کە ئێمە گەیشتین بەوەی کە ئەم بیرۆکەیە تا ڕادەیەک کێشەی هەیە. کاتێک دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە لەوەی بەڕاستی

ئازادی مانای چیە، بینیمان کە لە زۆربەی کەیسەکاندا ئازادی بە بێ چالاکی بەسودی حکومەت، بۆ دابین کردنی سەرچاوەکان بۆ بە کراوە هێشتنەوەی بژاردەکان، ڕەخساندنی بارودۆخێک کە خەڵک بتوانن هەڵبژاردنێکی ئازاد و بەئاگایانەیان هەبێت، نایەتە دی. هەروەها زانیمان ڕێگایەکی ئاسانمان بۆ پێناسە کردنی بازنەی هەڵسوکەوتی«خۆ بۆ خۆ» کە هیچ پەیوەندی بە کەسی دیکەوە نیە جگە لەو کەسەی ئەنجامی دەدات، نەبوو. و دواجار زانیمان کە بەکارهێنانی مافەکانی مرۆڤ وەک ڕێگایەک بۆ دانانی پێوانەیەکی ڕەها کە حکومەت پێویستە چاودێریی بکات، کاتێک دەتوانرێت کاری پێ بکرێت کە لیستی مافەکانی مرۆڤ کورت و بناخەیی بێت. لیستە درێژەکەی مافەکانی هاووڵاتی بە شێوەیەکی ڕێ پێ دراو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش مانای وایە کە بابەتێکی ڕاست و گونجاوە بۆ گفتوگۆی سیاسی. ئەو مافانەی کە سەردەمێک وادیار بوو کە جەوهەرین، لەوانەیە دواتر دەرکەوێت کە بۆ کۆمەڵگا زیانبەخشن (دامەزرێنەرانی ئەمەریکا دەیانویست دڵنیا ببنەوە کە هاووڵاتیی چەکدار بەردەوام دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنی وڵات، بۆیە لە دووهەم هەموارکردنەوەی دەستووردا مافی هەڵگرتنی چەکیان بە هەموو هاووڵاتیەکی ئەمریکی داوە- مافێک کە ئەمڕۆ لە بەردەم یاسادانەراندا بۆ دانانی سیاسەتێکی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵ کردنی بڵاوبوونەوەی چەکی بچووک ڕێگرە).

لەبەر ئەوە ئازادی بەهایەکی سیاسیی زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەندە گرنگیش نا کە سنووری قورس و ڕەها بۆ کاروباری دەسەڵاتی سیاسی دابنێت. لە دیموکراسیدا پرسیارەکان بە تایبەتی سەبارەت بە بەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ گەشەی ئازادی، سەبارەت بە ئازادی و بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی و ئەو مافانەی کە هەموو هاووڵاتیان دەبێت سودی لێ ببینن، بە کراوەیی تاوتوێ دەکرێت، و بۆ وڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەش خەڵک پشت بە کۆمەڵێک بنەمای جیاواز- بە یەکسانی، بە دادپەروەری، بە چاکەی گشتی، بە ڕێزگرتن لە سروشت، بە پاراستنی کولتوور و هتد، دەبەستن. بە بەردەوامیی ئەم گفتوگۆیە چەند ئازادییەک هەڵدەبژێردرێن و وەک مافی بنەڕەتی ڕێزیان لێ دەگیرێت. هەروا کە ئەم گفتوگۆیانە بەردەوام دەبن، ڕەنگە لە نوسینەوەی دەستووردا، کۆمەڵێک ئازادی هەڵدەبژێردرێن و پیرۆز بکرێن وەک مافە بناخەییەکان، بەڵام ئەمە هەرگیز دوایین قسە نیە: هەروا کە کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن، پێداویستیی نوێ و کێشەی نوێ سەرهەڵدەدەن، بە هەمان شێوە شکڵی ئازادییش دەگۆڕێت. کێ دەیتوانی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر خەیاڵی ئەوە بکات کە دەست ڕاگەیشتن بە ئەنتەرنێت، چاودێریی ئەلەکترۆنی و خاوەندارێتیی جین، ئاوا بە زوویی ناوەندی سەرەکیی گفتوگۆی ئازادیی تاکەکەسی داگیر بکات؟ کێ دەتوانێت پێشبینیی ئەوە بکات کە لە ٢٠ ساڵی داهاتودا چ بابەتێکی نوێ شوێنی ئەوان دەگرێتەوە؟

## پەراوێزەکان

*. مامۆستای فەلسەفەی سیاسی، زانکۆی ئاکسفۆرد

١. بە باوەڕی بێرلین، ئازادیی ئەرێنی مانای ئەوەیە تاک بۆخۆی ئازادیی هەبێت کە لە ڕووی عەقڵەوە بڕیار بدات و ئەم بڕیاردانە گرێدراوی هیچ هێزێکی دەرەکی نەبێت. واتە تاک دەیەوێ بڕیاری کۆتایی بۆ ژیانی خۆی تەنیا لە لایەن خۆیەوە بێت و تەنیا تاک بۆخۆیەتی کە شێوازی ژیانی دڵخواز هەڵدەبژێرێت. بێرلین پێیوایە ئەم مانایە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا باوە و هەر بۆیە بەرگری لە چەمکی ئازادیی نەرێنی وەک بنەمایەک بۆ لیبراڵیسم دەکات. لەم مانایەدا ئازادیی نەرێنی بریتییە لەوەی کە تاک لە هەرێمی تایبەتی خۆیدا ئازادە ئەو کارەی کە دەیەوێ بیکات بێ‌ئەوەی کەسانی تر بتوانن ڕێگریی لێ بکەن، لەمپەری بۆ ساز کەن و نەهێڵن. واتە مرۆڤ «ئازادە لە» هەر جۆرە دەستێوەردان، هەڕەشە و سنوورێک کە لایەنێکی دیکە بۆی ساز دەکات. (وەرگێڕ)

# تەوەرە جێی باسەکان لە کۆماری شیعەدا

دەیڤید مەکدۆوال
وەرگێڕان: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

دەکرێ بوترێ کتێبی مێژووی مۆدێرنی کورد، دەیڤید مەکدۆوال، باشترین بەرهەمی زانستییە کە لەسەر مێژووی سیاسی دوو سەد ساڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسراوە. مەکدۆوال ماوەی چوار ساڵ سەرقاڵی توێژینەوە بۆ ئەم کتێبە بووە و جگە لە کتێبناسی و ئارشیڤێکی دەوڵەمەند لەگەڵ گرنگترین بەرپرسە سیاسییەکانی کوردستان چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە. لە کاتی چاپی ئەم کتێبەوە تاکوو ئیستا سێ جار ناوەڕۆکی کتێبەکەی بەرۆژ کردووتەوە و هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییانە و زانیاری سەرنجراکێشی مەکدۆوال لەسەر گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناسیۆنالیزمی کوردی، کتێبی مێژووی مۆدێرنی کورد وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی لەسەر کوردستان سەیر دەکرێ. مەکدۆوال لەبەر کارکردن لە هێزە چەکدارییەکانی بریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان هەم سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن زانیارییە و هەم چەندین کتێبی لەسەر مێژووی بریتانیا و هەروەها کێشەی فەلستین و ئیسرائیل نووسیوە. مەکدۆوال جگە لەم کتێبە دوو بەرهەمی دیکەشی لەسەر کوردستان بە ناوەکانی کورد: نەتەوەیەکی حاشالێکراو و کوردەکان هەیە.  ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٠۴ لە لایەن ئیبراهیم یونسییەوە و لە ژێر ناوی تاریخ معاصر کرد بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕدرا، بەڵام بەشی سیانزەی ئەم کتیبە لە لایەن دەزگای سانسۆری ئێرانەوە دەرهاوێژرا. لە وەرگێڕانی کوردیشدا چونکە دەقی فارسی کتێبەکە بە بنەما گیراوە، دیسانەوە بێ بەشی سیانزە، تەوەرە جێی باسەکان لە کۆماری شیعەدا، کتێبەکە چاپ کراوە. بەشی وەرگێڕانی گۆڤاری تیشک بە مەبەستی ئامادەکردنی سەرچاوەی زانستی بۆ بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان کۆی بەشی سانسۆرکراوی ئەم کتێبەی، لە ڕووی چاپی ٢٠٠٥ی ئەم کتێبەوە، تەرجەمە کردووەتەوە. جێی ئاماژەیە نووسەر بە میتۆدی کۆمەڵناسی سیاسی ئەم بەرهەمە ناوازەی نووسیوە بەڵام لە هەندێک شوێندا کە دەکەوێتە بواری فەلسەفەی سیاسییەوە و باس لە دەبێ و نابێکان دەکا، خۆی لەگەڵ سیاسەتی بریتانیا بۆ مانەوەی سنووره هەنووکەییەکانی ناوچەکە دەگونجێنێت. ئاشکرایە ڕوانگەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تیشک لەگەڵ ئەم بۆچوونانەی نووسەر یەک ناگرێتەوە.

## پێشەکی

هەر وەک باقیی ئێران، کوردستانیش پێشوازیی لە دارمانی ڕێژیمی پەهلەوی کرد و دەستی خۆی تێدا وەشاند. سەرهەڵدانی پاییزی ١٩٧٨ بە تەواوی لەگەڵ ئەو قسەیەی ساڵێک پێشی سەرۆکوەزیران هۆوەیدادا ناتەبا بوو کە گوتبووی: لەوێ هیچ کێشەیەک نییە و کۆمەڵگای کوردی «بەرامبەر بە وڵات هەست بە وەفاداری دەکەن». ڕقی خەڵکی کورد لە شا لە پاش ڕێکەوتننامەکەی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا دووقاتیش ببوو، ڕێککەوتننامەیەک کە بە هۆیەوە شا پشتی کوردەکانی عێراقی بەردا. کاتێک لە پاییزی ١٩٧٨دا یەکەکانی سوپا لە ناوچە کوردییەکاندا لە متمانەبەخۆبوون کەوتن، کوردەکان لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا ئەوەندەی توانییان دەستیان بەسەر چەکوچۆڵەکاندا گرت و بوونە هێزێکی کاریگەر لە مەیدانەکەدا. ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئەوان پێشوازییان لە هاتنی خومەینی بۆ تاران کرد، بەڵام ئەو کارەیان لە پێناو وەدەرپەڕاندنی ڕێژیمی کۆن کردبوو نەک لە پێناو هێنانەژوورەوەی کۆمارێکی ئیسلامی. سەرەڕای ئەوەی ، ئەگەرچی زۆرینە ڕەنگ بوو وەکوو حەز پشتیوانییان لە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان» کردبا، بەڵام زۆر ڕوون نەبوو کە لە جیاتی ڕێژیمی پەهلەوی هیوادار بوون چ سیستمێک بێتە سەر کار.

لە ماوەی سێ حەوتووی پاش گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی خومەینی لە تاراوگە، شەڕێکی قورس لە نێوان کوردەکان و هێزە وەفادارەکان بە کۆماری ئیسلامیی تازە ڕاگەیەندراو لە بانە ڕووی دا کە زیاتر لە سەد کوژراوی لێ کەوتەوە. ئەم شەڕە بە هۆی تێکهەڵچوونێکی توندڕەوەکانی دوو لایەنی شیعە خۆجێییەکان و هێزە کوردییەکان هەڵگیرسا. سەرەڕای ئەوەش و لە بنەڕەتدا، وەها شەڕێکی بنەڕەتی لە نێوان ڕێژیمی نوێ و کوردەکاندا هەر چاوەڕێ نەدەکرا. بۆ ئەم ڕێژیمە ئیسلامییە نوێیە ، هەموو موسوڵمانەکانی نێو کۆمارەکە وەک پێویستییەک ئامانجی سیاسی بوون بۆ ئێران. هاوڕانەبوون لەگەڵ کۆمارەکە گومانی دەخستە سەر وەفاداری بە ئیمانە] ئیسلامییەکە[. لە هەمان کاتدا، ئەم ڕێژیمە نوێیە کە نە لە خۆی دڵنیا بوو و نە لە خەڵکی وڵاتەکە، بەنیسبەت لێکدابڕانی نەتەوەیی ترسی هەبوو. ڕێژیم نەیدەتوانی هیچ ترازانێک لە ناوچە سنوورییەکان قەبووڵ بکات و ڕاست بە هۆی ئەمەشەوە بوو کە لە کوردەکان دەترسا.

لە لایەکی دیکەوە، چاوەڕوانیی کوردەکان لە پاش ٣٥ ساڵ ناوەندگەرایی پێشکەوتووانە ئەو ئەگەرە بوو کە دەکرێ ئەو ناناوەندگەراییەی کە بە هۆی بۆشایی دەسەڵاتەوە هاتبووە ئاراوە، بەیاسایی بکرێت. زۆرینەیەکی هەرەبەرچاوی کوردەکان وێنای دامەزراوەیەکی خۆجێییان دەکرد کە سێکۆلار و دێموکراتیک بوو.

ئەوە کاکڵەی بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی چەپگەرا بوو، ئەو حیزبەی کە ئەگەری شەڕکردن لەگەڵ بیروبۆچوونی ئیسلامی لە تارانی لێدەکرا. لە ماوەی ساڵێک و بڕێک پاشتری، کوردستان بوو بە مەیدانی تێکهەڵچوونە بەردەوامەکانی نێوان خەباتگێڕانی کورد لەگەڵ ڕێکخراوی تازەدامەزراوی پاسدارانی شۆڕش پێکهاتوو لە خۆبەخشەکان، ڕێکخراوێک کە بە شێوەیەکی زۆر پەلاماردەرانە بروایان بە باڵادەستی بەها شیعییەکان لە ڕێژیمە نوێیەکەدا بوو. بە گشتی زۆربەی ناوچە گوندییەکان تا ساڵەکانی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ لەدەست هێزە کوردییەکاندا مانەوە لە کاتێکدا زۆربەی شارەکان سەرەڕای سەرهەڵدانە جاروبارەکانیان، لە دەستی لەرزۆکی ڕێژیمدا بوون. مەهاباد بە بەردەوامی دەکەوتە دەستی شۆڕشگێڕەکان کە هەندێ

جاری بە چەندین مانگیشی دەخایاند. بۆکان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ وەکوو قەڵای بەرخۆدانی کوردەکان مایەوە. شاری سنووریی سەردەشت پاش ئەوەی لە لایەن دەوڵەتەوە داگیر کرایەوە، ڕێژیم تەنیا دەیتوانی لە ڕێگەی ئاسمانییەوە کەلوپەلی پێ بگەیەنێ لەبەر ئەوەی ڕێگەی عەرزییەکەی هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٢یش هەر لە دەست شۆڕشگێڕەکاندا بوو.

ڕێژیم بە کەڵک وەرگرتن لە پاسداران لە جیاتی ئەرتەش، دڵڕەقییەکی زیاتری لە شەڕەکەدا لە خۆی نیشان دا. دڵڕەقییەکە زیاتر دەرکەوت کاتێک کە ڕێژیم بە شێوەیەکی دڕندانە کوردەکانی سەرکوت کرد کە لەودا لە دەوروبەری دە هەزار کورد تەنیا لە دوو ساڵی سەرەتادا گیانیان لەدەست دا، هەندێکیان لە شەڕدا و هەندێکیشیان لەو ئێعدامە بەکۆمەڵ و گۆترەییانەدا کە ئایەتوڵڵا سادق خاڵخاڵی، «قازیی سێدارە» کە بۆ ترسانی جەماوەرەکە و ناچارکردنیان بە خۆبەدەستەوەدان نێردرابووە ئەوێ، بەڕێوەی بردن.

دیسانیش لە هەر دوو لا، هەوڵ بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە و گەیشتن بە بارودۆخێکی پێکەوەحەوانەوە لە ئارادا بوو. ئەوەندەی پەیوەندیی بە لایەنی کوردەکانەوە بوو، ئەوان ئاشتییان لە پێناو هاتنەدیی ئاواتیان بۆ خودموختاری و کۆتایی هاتن بەو نەهامەتییە بەربڵاوەی بە هۆی شەڕەکەوە بەسەریان هاتبوو، دەویست. کە دەهاتە سەر لایەنی ڕێژیم، هاندەری هەرەسەرەکیی ئەو ڕێژیمە بۆ وتوویژ کەم کردنەوەی ژمارەی ئەو کێشەگەلە بوو کە هەم لە باری نێوخۆیی و هەمیش لە باری دەرەکییەوە ڕووبەڕوویان ببووەوە، ئەگەریش پێویستی کردبا لەو پێناوەدا ئامادە بوو ئەوەندە پاشەکشە بکات کە یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە نەکەوێتە مەترسییەوە.

> **چاوەڕوانیی کوردەکان لە پاش ٣٥ ساڵ ناوەندگەرایی پێشکەوتووانە ئەو ئەگەرە بوو کە دەکرێ ئەو ناناوەندگەراییەی کە بە هۆی بۆشایی دەسەڵاتەوە هاتبووە ئاراوە، بەیاسایی بکرێت**

لە ماوەی ساڵی یەکەمدا، هەوڵ بۆ سێ دەورە وتوویژی ئاشتی درا. لە سەرەتای مارسی ١٩٧٩دا، کوردەکان بۆ یەکەم جار داخوازییەکانی خۆیان کە هەڵگری هەشت خاڵ بوو، خستەڕوو و کۆماری ئیسلامییان ئاگادار کردەوە کە ئەوان داوای خودموختاری بۆ سەرتاسەری کوردستان وەکوو یەکەیەکی بەڕێوەبەری لە نێو ئێرانی فێدراڵدا دەکەن. داواکارییەکان زۆر زیاتر لە پارێزگای کوردستان بوو و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کرماشان و ئیلامیشی دەگرتەوە. ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەڕاستیدا زۆربەیان ئازەری و کرماشان و ئیلام زۆربەیان شیعە بوون و تەنانەت ئەوەش کە ئیلام زۆربەی لوڕ بوو تا کورد جێگەی موناقشە بوو. هیچ ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا ڕێگەی تێ نەدەچوو. ڕێژیم بە پانەوە پێناسەی کوردستانی ڕەت کردەوە و لە بەرامبەریدا پێشنیاری مافی تەواوی زمانی و کولتووریی خستەڕوو و پێشنیاریشی کرد کە پۆستە باڵاکانی ئیدارە خۆجێییەکان بە دەست کوردەکانەوە بێت و گارانتیی تایبەتی مافی کەمینەش لەیاسای بنەڕەتیدا بکرێت. کوردەکان ڕوانگەی خۆیان بەڕوونی دووپات کردەوە:

خەڵکەکەمان بۆ دوو ئامانجی سەرەکی شەڕیان کردووە: ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و جێ گرتنەوەی بە ڕێژیمی ئینسانی کە لە سەرانسەری ئێراندا ڕێز لە ئازادی و مافە سیاسییەکان بگرێت و هەروەها هاتنەدیی مافی نەتەوەیی بۆ هەموو نەتەوەکان لە شێوەی خودموختاری یان فێدراسیۆن لە

ئێرانێکی ئازاددا.

«لە قومدا، خومەینی پێشوەخت پێشنیارەکەی دەوڵەتی ڕەت کردبووەوە. لە کوردستاندا، سەرنجێکی زۆر کەم درایە ئەم ئاڵوگۆڕی پێشنیارانە، چونکە شەڕەکە سەرەتا لە دەورووبەری سنە و دواتر لە باکوورەوە لە نەغەدە گەیشتبووە لووتکەی توندوتیژی.»

لە سەرەتای ئاگۆستدا، لەسەر داخوازیی ڕێبەرێکی ئایینی کورد، شێخ عێزەددین حوسێنی هەوڵێکی تر بۆ ئاگربڕ درا، ئەمە دوابەدوای ئەوەی لەو هاوینەشەڕەدا کە سەرتاسەری ناوەند و باکووری کوردستانی گرتبووەوە، سەدان کەس کوژران و هەزارانی دیکە ئاوارە بوون. ئارامییەکە بە زۆری دوو حەوتووی پێ چووبوو کە شەڕێکی قورس لە پاوە هەڵگیرسا و ئایەتوڵڵا خومەینیی هان دا کە هەم قاسملوو و هەم شێخ عێزەدین بە تەواوی بە دوژمن ناوببات. ئەوپەڕی نەرمی نواندنەکەی دەرکردنی عەفوو بوو بۆ ئەوانەی ئامادە دەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن و هەروەها خەرج کردنی داهاتی ڕۆژێکی نەوت (بڕی ٧٥ میلیۆن دۆلار) بوو بۆ مەبەستی پەرەپێدانی بەپەلەی ناوچەکە. قاسملوو تکای ئەوە بوو کە لەسەر ئەساسی ڕێککەوتنەکەی دەوڵەت لەسەر ئەم چەند بنەمایە ئاگربڕ بکرێت:

١ ڕاگرتنی ناردنی هێزی سەربازیی زیاتر بۆ ناوچەکە،

٢ ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکان،

٣ ئازادکردنی هەموو دیلە کوردەکان،

٤ ڕاگرتنی ئێعدامی کوردە دەستبەسەرکراوەکان، بەڵام تکاکەی درا بە گوێی کەڕدا.

لە پاییزی ١٩٧٩دا، پێگەی ڕێژیم خراپتر بوو ئەویش بە هۆی ئەوەی شۆڕشگێڕەکان لە پێناو بۆسە نانەوەی کاریگەر لە دژی هاتوچۆی هێزەکانی ڕێژیم، کارێکیان دەکرد پاسدارەکان نەتوانن پێکەوە لە پەیوەندیدا بن. لە ئۆکتۆبەردا، پاسدارەکان کونترۆڵی مەهابادیان لەدەست دا، ئەو شارەی کە سیمبولی ناوەندیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکان بوو.

لە کۆتاییی ئەو مانگەدا، دەوڵەت ڕەزامەندیی نابەدڵانەی خومەینیی بۆ وتووێژی دووبارە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان وەرگرت. ئەوان پێشنیاریان کونترۆڵی کوردەکان بەسەر کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە ئوستانەکەدا بوو. لە دووی دێسامبەردا، کوردەکان بە داواکارییەکی تری هەشت خاڵییەوە وڵامیان دایەوە کە هەمان ئەو ناوچە جیۆگرافیانەی لەخۆ دەگرت کە پێشتر داوایان کردبوو، بەو جیاوازییەوە ئەم جارە داوایان دەکرد خودموختاریی کوردەکان لە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیشدا بنووسرێت.

هەروەها چەندرۆژ دواتر، کوردەکان کاتێک زانییان ڕەشنووسی هەموار کراوی یاسای بنەڕەتی، هەر جۆرە ئاماژەکردنێک بە کوردەکانی سڕیوەتەوە و تەنانەت وەکوو یەکێک لە خەڵکانی ئێرانیش ناوی نەبردوون، ڕیفراندۆمی یاسای بنەڕەتیی نوێیان بایکۆت کرد. کوردەکان لە دژایەتی کردنی یاسای بنەڕەتیی پێشنیارکراودا بەتەنێ نەبوون، چونکە ٨٠ لەسەدی دەنگدەرانی ئازەربایجانیش ڕیفراندۆمەکەیان بایکۆت کرد.

لە نێوەڕاستی ئەو مانگەدا، دەوڵەت پلانێکی بۆ دامەزراوەی خۆجێیی لە دوو شوورای پارێزگا بە ناوەندیی سنە و مهاباد و هەروەها خودموختاریی کولتووری بە کوردەکان پێشنیار کرد. لە ژانویەدا، خومەینی ئەوەشی بە پێنشیارەکە زیاد کرد کە گارانتی کردنی مافی عیبادەتی مەزهەبیی سوننییەکان لەو ناوچانەی زۆرینەیان سوننین بەیاسا بنەڕەتییە ئیسلامییەکە زیاد بکرێت، بەڵام ئەم پێشنیارە کە شتێکی ئەوتۆ نەبوو و وەدی نەهات.

تێکهەڵچوونی نوێ لە نێوان کوردەکان

و پاسدارەکاندا لە سەرەتای ساڵی نوێ لە مانگەکانی مارس و ئاوریلدا سەری هەڵدایەوە، سەرەتا لە سنە و دواتر کێشرایە پاوە، نەوسوود، جوانرۆ، پیرانشار و ورمێ. ئەوەش هێرشێکی بەربڵاوی سەربازی بۆ سەر کوردستانی بەدواوە بوو. ئەگەرچی ڕێژیم زۆربەی شارەکانی داگیر کردەوە، بەڵام ناوچە گوندییەکان لەدەست کوردەکاندا مایەوە. بە دەستپێکی شەڕی ئێران ـ عێراق لە سێپتامبری ١٩٨٠دا، پەیوەندیی ئەو دوولایەنە بە شێوەیەک کە گەڕانەوەی بۆ نەبوو، تێکچوو.

## بۆچی ئەو ڕێککەوتنی ئاشتییەی وتوویژی لەسەر کرابوو، جێبەجێ نەکرا

**١ هۆکاری سەرنەکەوتنەکە: ناکۆکییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا**

لە ڕواڵەتدا، شکستی ئاکامی ئەو بۆشاییە بوو کە لە نێوان لانیکەمی مەرجەکانی هەر کام لە لایەنەکاندا هەبوو. ئەگەر ئەمە تەنیا هۆکار بوایە، ئەو ئەگەرە لە ئارادا دەبوو کە ڕێگەیەک بۆ پێکگەیشتنێکی جێی هەڵکردن بدۆزرێتەوە، پێکگەیشتنێک کە خودموختاریی تەواوی بۆ کوردەکان دابین نەدەکرد بەڵام ئیزنی پێ دەدان ئاستێکی بەرچاو لە دەوڵەتێکی ناناوەندگەرا ئەزموون بکەن. سەرەڕای ئەمەش، هەندێ بەربەستی دیکە لە بەردەم سەرکەوتنی وتوویژەکاندا هەبوون. هیچکام لە لایەنەکان ڕێبەرییەکی یەکگرتوویان بۆ کونترۆڵی ئەو ناوچانەی ئیدیعای نوێنەرایەتی کردنیان دەکردن، نەبوو. بە پێچەوانەوە، هەر دوو لایەنەکە چەند سەرۆکی بوون. لە کردەوەدا دوو ڕێژیم لە ئێراندا هەبوون: دەوڵەت لە تاران کە هەموو بەرپرسیارەتییەکانی لە ئەستۆ بوو بەڵام زۆر بێ هێز بوو، و ڕێژیمی مەزهەبی لە قوم کە کەسێک وەک ئایەتوڵڵا خومەینی نوێنگەی بوو. وەها پێناسەکردنێکیش تەنانەت سادەکردنەوەی پرسەکەیە، چونکە مەلا پایەبەرزەکانیش لە نێو خۆیاندا دابەش ببوون. ئەگەرچی دەوڵەت لە تاران سەرەتا لە لایەن مێهدی بازرگانەوە بەڕێوەبرا و دواتر سەرکۆمار ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆکایەتیی کرد، بەڵام هەر دوو دەوڵەتەکە بە شێوەی بەردەوام بە هۆی بڕیارەکانی قومەوە یان بە هۆی بەرنامەی تاکەکانی نێو بەرەی مەلاکانەوە لە نرخیان دابەزێندرا و بوونە قوربانیی دووبەرەکی ناو هیرارشیی مەزهەبی. بۆ نموونە، لە کۆتاییەکانی ئاگۆستی ١٩٧٩دا، دوابەدوای شەڕێکی بەتایبەتی قورس، ناسیۆنالیستی بەئەزموون، ڕەحیم سەیف قازی بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئایەتوڵڵا تاڵەقانی کە مەلایەکی جێی ڕێز بوو، لە پێناو بەرەوپێش بردنی کاری ڕێککەوتنێکی ئاگربڕ چووە تاران. ڕێککەوتنێک کە خومەینی بیست و چوار کاتژمێر پاشتر ڤیتۆی کرد. چەندڕۆژ دواتری، سەرۆک وەزیران بازرگان لەبەر ڕووبەڕووبوونەوەی «لیبراڵانە»ی بارودۆخەکەی کوردستان کەوتە بەر ڕەخنەی توندی هیرارشیی مەلاکان. سەرکۆمار بەنیسەدریش لەوە باشتری بەسەر نەهات. لە پشتی ناوبراوەوە کۆمەڵێک مەلای توندڕەو هەبوون تا دڵنیا بن بەنیسەدر هیچ جۆرە پاشەکشەیەکی خۆبەدەستەوەدەرانە لە بەرامبەر کوردەکاندا ناکات.

بەرپرسانی مەدەنی و مەزهەبیی کۆمارەکە لە هەوڵدا بوون دەسەڵاتیان لە ڕێگەی دوو هێزی دژ بە یەک واتە ئەرتەش و پاسدارەکانەوە بچەسپێنن. ئەرتەش سێبەری پاسدارەکان بوون. بەجێهێشتنی ئەرتەش بە ڕادەیەک زۆر بوو، نزیک بە ٦٠ لەسەدی ئەوانەی پێشتر بەشێک بوون لە ئەرتەشی بەهێزی شاهەنشاهی کە پێشتر ژمارەی ئەندامانی ١٧١٠٠٠ بوو، ئەرتەشیان بەجێهێشت. دەرپەڕاندن، دەرکردن و لەسێدارەدان هۆکارەکانی لەدەستدانی نزیک بە ١٢٠٠٠ سەربازی دیکە بوون. نزیک بە

نیوەی ئەفسەرانی پلە مامناوەنجی (فەرماندە گوردان و فەرماندە تیپ) لەسەر کار لابران و بەمەش توانایی شەڕی ئەرتەش بە تەواوی دابەزی. وەفادارییان بە نیزام هێشتا جێگەی گومان بوو، لەبەر ئەوەی هەتا جوولای ١٩٨٠ چەندین هەوڵی کودەتا درا، یەکێک لە جیدیترینی ئەم هەوڵی کودەتایانە لە ژوئەنی ١٩٨٠ لە شاری سنووریی کوردستان واتا لە پاوە ڕووی دا. دوودڵییەکی جێگەی لێ تێگەیشتن بە نیسبەت ناردنی هێزی ئەرتەش بۆ کوردستان لە ئارادا بوو. تەنانەت کاتێک ڕێژیم ناردنی هێزی لە بەرانبەر پەرەسەندنی سەرهەڵدانەکان لە ئاپریلی ١٩٨٠دا بە پێویست زانی، دەوڵەت خۆی لە بارودۆخێکدا بینییەوە کە خەریکە لە ئەرتەشێک کەڵک وەردەگرێت کە ناچار بوو بە نیسبەت بێسەروبەرەییەکەی هۆشداری پێ بدات. لەڕاستیدا دەوڵەت ڕووبەڕووی ڕەت کردنەوەی هەندێک لە ئەرتەشییەکان بوویەوە کە ئامادە نەبوون گوندەکانی کوردستان بومباران بکەن یان هێرش بکەنە سەریان. ئەرتەش کە ئیمانێکی قایمی نەبوو، بە شێوەی سروشتی حەزی لە شەڕی نێوخۆیی نەبوو.

کەواتە سرووشتی بوو ڕوو بکرێتە پاسدارەکان کە لەو خۆبەخشانە پێک دەهات کە لە باری ئایدیۆلۆژیکییەوە هاندەریان هەبوو و بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی سەریان هەڵدابوو. بەڵام پاسدارەکان، بە دڵنیاییەوە لە سەرەتاوە، ناوەندێکی بەرپرسیارەتیی دیاریان نەبوو. ئەوان وەڵامدەری ئیمام خومەینی (کۆمیتەکانی ئیمام) و ئەو کۆمیتە شیعانە بوون کە لە سەرانسەری وڵات بۆ دابین کردنی دەوڵەتی لۆکاڵی کاتی و بۆخۆیان دامەزران. هەر دوو هێزەکە زیاتر بە بنەماکەیان کە سەرکەوتنگەرایی شیعە بوو، دەناسرانەوە تا ئەوەی بە لێهاتوویە سەربازی یان مەدەنییەکانیانەوە. ئیدی با هەر نەزم و دیسیپلینیان لەم لاوە ڕاوەستێ. زەحمەتە دامەزراوەگەلێک لەوانە توندڕەوتر وێنا بکەین کە هەم دژی کوردستانی سوننی و هەم دژی ئەرتەش بن. زۆربەی شەڕەکان بە هۆی ئامادەبوونی پڕچەکی پاسدارەکانەوە سەریان هەڵدا. تاران نە لە کونترۆڵی پاسدارەکان و نە لە کونترۆڵی ئیمام خومەینیدا بوو. سەرەڕای ئەوەش، ئەوان ئامادە نەبوون وڵامی داواکارییەکان بۆ لەسەرکارلاچوونیان بدەنەوە.

> هاندەری هەرەسەرەکیی ئەو ڕێژیمە بۆ وتووێژ کەم کردنەوەی ژمارەی ئەو کێشەگەلە بوو کە هەم لە باری نێوخۆیی و هەمیش لە باری دەرەکییەوە ڕووبەڕوویان ببووەوە

### ٢ هۆکاری سەرنەکەوتنەکە: دووبەرەکی لە نێو کوردەکاندا

دیارە کوردەکانیش بە دەست لاوازبوونیان لەیەکگرتوویدا ئازاریان دەچەشت. گەورەترین حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئیدیعای نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی کوردستانی دەکرد بەڵام هیچ بارەگایەکی گەورەی لە کاتی شۆڕشەکەدا نەبوو. قاسملوو کە لە نوامبری ١٩٧٨دا گەڕابووەوە وڵات، بە پەلە دەستی کرد بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەفسەرە متمانە پێ کراوەکانی خۆی لە تاران و مهاباد و هەروەها لەگەڵ ئەوانەی لە تاراوگە گەڕابوونەوە. هەندێکیان کە پێشتر هەر لە تاران ببوون، هەوڵیان دابوو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە زیندوویی ڕابگرن. بەڵام ئەمجارە باس باسی وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی بەرین بەمەبەستی داواکردنی خودموختاری لەو ڕێژیمە نوێیە بوو کە خەریک بوو شکڵی دەگرت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناچار بوو دەســەڵاتی خۆی لــە نێو گێژاوی ڕووداوەکانی پاش شۆڕشــدا بچەســپێنێ و هەوڵــی دا ئەم کارە لە ڕێگــەی دامەزراندنی شــوورای گوندەکانــەوە بــکات. ســەرەڕای ئەمــەش، ئەم حیزبە بە نیســبەت کونترۆڵی ئــەو تووڕەییە بــاوەی بە دژی پاســداران هاتبووە ئاراوە، بێ دەســەڵات بوو. بۆ نموونە بازرگانێکی بێ هیوا لە پاش یەکەمین زنجیرە تێکهەڵچوونە قورســەکان لە ســنە کە نزیک سەد کەس کوژراوی لێ کەوتەوە، وتی «ئەگەر ئەمەش کۆتاییی پێ بێت، ئــەودەم نەبوونی ڕێبەریــی خۆمانە کە زەربەمــان لێدەدا. چاو لە دەورووبــەرت بکە. ڕێبەرمان نییە، تەنانەت خراپتریش، هەر کەســێک پێی وایــە ڕێبەرە». خەباتی کوردەکان لە ماوەی ١٨ مانگی چارەنووسسازدا بەدەست نایەکگرتوو بوونەوە دەیناڵاند.

ئەگەر ســەرەڕۆیی یەکێک لە کێشــەکان بــوو، ددانان بە ڕێبەریــی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێران کێشەیەکی تــر بــوو. حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران دەیتوانی لەسەر پشتیوانیی هەمەلایەنەی ـ بــا ناڕێکخراویــش بووبێــت ـ ناوەنــدی نەریتیی خۆی لــە دەورووبەری مەهاباد و ورمێ حســێب بکات، بەڵام کەمتر دەیتوانــی لەســەرلای ســەرەوەی باکوور و هەروەهــا باشــووری کوردســتان حســێب بــکات. لــە بەشــی باکووریدا ڕووبــەڕووی ڕکەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق بــە ڕێبەریی برایانــی بارزانی ببووەوە کــە دەیانویســت عەشــیرەتە کرمانجەکان بە مەبەســتی پشــتیوانی لە کۆمارەکە و لە دژی خودموختاریی کوردســتان ڕێک بخەن. لە بەشــی باشــووردا، حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران ڕووبــەڕووی کێشــەی کۆمەڵە ببــووەوە (ڕێکخراوی شۆڕشــگێڕی زەحمەتکێشــانی کوردســتانی ئێــران) کە کێشــەی ئایدۆلۆژیکییــان لەگــەڵ حیزبی دێموکرات هەبوو و هەروەک فەداییانی خەڵق کە ئەویش لە کوردســتاندا چالاک بوو، ڕقی لە خۆناساندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان بوو.

کۆمەڵــە کە بــەو جــۆرەی ئەندامانیان ئێدعیعایــان دەکرد ســاڵی ١٩٦٩ لە لایەن گرووپێک خوێنــدکارەوە لە تاران دامەزرابوو. لە شکســتی ئاســانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێران بێ هیوا بوو کە ئاکامەکەی دەببووە دستەوەســتانی. لــە ڕاســتیدا کۆمەڵە لــە کۆتایی ١٩٧٨دا بە ئاشــکرا خۆی ڕاگەیاند. کۆمەڵە لە ژێــر کاریگەریی شۆڕشــی چیندا بــوو و هیــوادار بوو لە ڕێگــەی دروســت کردنی ئەو کادرانەوە کە دواتر بەمەبەستی پەروەردەکردنــی جەمــاوەر و کردنیــان بــە شۆڕشــخواز، دەگەڕانەوە بۆ ناوەندە سەنعەتی و کشتوکاڵییەکانی کوردستان، لاسایی ئەو شۆڕشە بکاتەوە.

> بەرپرسانی مەدەنی و مەزهەبیی کۆمارەکە لە هەوڵدا بوون دەسەڵاتیان لە ڕێگەی دوو هێزی دژ بە یەک واتە ئەرتەش و پاسدارەکانەوە بچەسپێنن

ئەگەرچــــــــی ئــەوان ســووکایەتییان بــە ڕێبەرەکانــی حیزبــی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرد و وەکوو «ناسیونالیستە بورژواکان» ناویان دەبردن، بەڵام زۆرێــک لە دامەزرێنەرانــی کۆمەڵە بۆخۆیان کوڕەئاغای بنەماڵە گەورەکانی بۆکان، ســەقز و ســنە بوون، هۆکارەکەشی ئاسان بوو، لەبەر ئەوەی هیچ کەســێک لە توێــژی خوارووی کۆمەڵگــە هەمان ئەو دەرەتانەی ئەوانی نەبوو کە بچێتە زانکۆ بۆ خوێندن.

کۆمەڵــە دەیویســت ئامانجــی خــۆی کە ڕێکخســتنی جەمــاوەر بوو لــە ڕێگەی پەروەدەکــردن، خزمەتگوزاری و ئەو کلینیکە

لادێییانەوە کە دواتر دایمەزراندن، بەدەست بێنێت. کۆمەڵە بە توندی «ڕێزیۆنیزمی سۆڤیەتی»ی حیزبی توودەی مەحکووم دەکرد و ناسیۆنالیزمی کوردیی بە کورتبینانە ناو دەبرد. ئەو دەیویست دەسەڵات بۆ هەموو کۆمەڵگاکانی ئێران بگەڕێتەوە و دەوڵەتی ناوەندی شکست بخوات. پتر لە ناسیۆنالیزم، ناناوەندگەرایی مەبەستی سەرەکییان بوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، کوردەکان تەنیا بەشێک بوون لەو پرۆسەیەدا و تەنیا هیوایان دەکرا سەرکەوتنی هاوبەش لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێران بێت.

کۆمەڵە لە هیچ شوێنێک بەقەد ناوچەی سنە ـ مەریوان بەهێز نەبوو. ئەوە لە باری مێژووییەوە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەریی کۆمەڵە لەو ناوچەیەوە بوون، هەروەها ڕەنگە بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سنە لە شۆڕشە کوردییەکانی پێشوودا بەشداریی نەکردبوو، ئەو شۆڕشانەی کە ناوەندی دەسەڵاتیان لە لای باکوورەوە بوون، بۆ نموونە سەرهەڵدانی سمکۆ و کۆماری مەهاباد. کەوابوو ماکەیەکی وەفاداریی ناوچەیی تێدا بوو.

هەروەها سنە هەمیشە تێکەڵاویی زیاتری لەگەڵ کاروباری پارێزگا فارسە دراوسێکاندا هەبوو و بەمەش زیاتر لە بەردەم ئەو ئایدیۆلۆژییە چینایەتییانەدا خۆی بینیبووەوە کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئێرانی ناوەندیدا هەبوو. سنە هەروەها مێژوویەکی یەکیەتیی چینایەتیشی هەبوو. لە ١٩١٧و ١٩١٨دا بۆ نموونە، گرووپێک لە بازرگانەکانی چینی خوارەوە لە ژێر کاریگەریی دێموکراتەکان لە شوێنەکانی تری ئێراندا، حیزبی سۆسیال دێموکراتیان دامەزراندبوو. کاتێک قاتوقڕی و برسیەتی لە کوردستاندا گەیشتە لووتکەی، ئەوان کونترۆڵی شارەکەیان گرتە دەست و دانەویڵەی کەڵەکەکراویان لە ئەنباری بازرگانە دەوڵەمەندەکان بەتایبەت فەرەجوڵڵا ئاسەف دەرهێنا و دابەشیان کرد. ئەوان دەستبەجێ لە لایەن ئەو ئاغا و مەلایانەوە کە دەمڕاستی تاران بوون، دەرکران.

سەرەڕای ئەمەش، تۆوەکە چێنرابوو. لە سەرەتای ١٩٢٠دا، حیزبی سۆسیالیست لقێکی لە سنە کردەوە کە تا هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە لە ١٩٢٦دا بەردەوام بوو. لایەنگرییان لە کۆمەڵگای یەکسان لە کردەوەدا بوو بە هۆی نوێ کردنەوەی بەرخۆدان لە دژی ئاغا و خاوەن مڵکەکان. لە ئاکامدا، تووەدە زیاتر لە سنە چالاک بوو تا شوێنەکانی تری کوردستان. هەر بۆیە، کاتێک لە بەهاری١٩٧٩دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەیتوانی پشتیوانی لەوانە بکات کە شەڕی پاسدارانیان لە سنە و مەریواندا دەکرد، کۆمەڵە و فیداییەکان بەپەلە بوون لە مەحکووم کردنیدا و کۆمەڵە لەو ناوچەیەدا خۆی کرد بە حیزبی سەرەکی.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵە بۆ زۆر کەس لە ناوچەکە سەرنجڕاکێشتر بوو چونکە وا دەردەکەوت کە دێموکراتیکترە. کۆمیتە ناوەندییەکەی هاوکاریی شانە نیوەخودموختارەکانی دەکرد، بەڵام ئیزنیشی بەوە دەدا کە زیاتر بڕیاردانەکان لۆکاڵی بن. هەموو کەس ئەو هەستەی بەرامبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبوو، سەرەڕای تەشکیلاتە لۆکاڵییەکانی. لە سنە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگەیەکی کەم بەڵام چالاکی هەبوو، بەڵام بە ناردنی کەسێکی مهابادی وەکوو کارگێڕ بۆ سنە و دیاری نەکردنی کەسێک لە خودی شارەکە، ئەو ڕوانگەیەی بەنیسبەت خۆی بەهێزتر کرد کە دەیگوت خۆی بە جیاواز و سەرتر دەزانێ.

کۆمەڵە کەمتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەی سازش لەگەڵ تاران بوو و زیاتر لە حیزبی دێموکرات سوور

بوو لەسەر درێژەدانی شەڕ. ئەمە بێ ئەملاوئەولا پێگەی کوردەکانی لە وتووێژدا لاواز کرد. لە نوامبری ١٩٧٩دا، کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگربڕێکی لەگەڵ دەوڵەت قەبووڵ کرد کە پێشزەمینەی وتووێژەکان بوو، هەوڵەکانی بە هۆی هێرشە بەردەوامەکانی کۆمەڵە بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەت تووشی کێشە بوو. کۆمەڵە ڕەشبین بوو و مانگێکی خایاند تا قەناعەتی پێ بهێنرێت بە شێوەیەکی نابەدڵی ئامادەی وتووێژەکان بێت. کاتێک لە دێسامبردا وتووێژەکان شکستیان خوارد، کۆمەڵە گەڕایەوە مەیدانی شەڕ. ئەم ڕێکخراوە ڕەدی کردەوە کە لە هەوڵی ئاگربڕی دواتر لە ژوئەنی ١٩٨٠دا بەشداری بکات و بەمەش پشتیوانییەکی زیاتری لە نێو جەماوەری ڕەشبین و لەسەر حەسێبی حیزبی دێموکرات بەدەست هێنا.

دواتر ناوچە «پاڕێزگاخواز»ەکانیش هەبوو کە هەندێک ئاغا و شێخ و خاوەن مڵکیان تێدا بوو کە هێشتا ژمارەیەک پێڕەوی هەژار و هاوکات پرشوبڵاویان هەبوو. یەک دوو ئاغا، بەتایبەت کوڕی سمکۆ، تاهیرخان، هەوڵی دا لەو ئاژاوەی لە کۆتایی ١٩٧٨دا لە کوردستان هەبوو، کەڵکئاژۆ وەربگرێت و خۆی بکاتەوە سەرۆک. ژمارەیەکی تر ئاژاوەکەیان قووڵتر کرد کاتێک ویستیان دەست بەسەر ئەو زەوییانەدا بگرنەوە کە لە ڕیفۆرمی ١٩٦٠ەکاندا لەدەستیان دابوو. ژمارەیەک کە بەداخ بوون بۆ لەدەستدانی ڕێژیمی پێشوو، هیواداربوون بە ژێنێراڵ پالیزبانی کورد پەیوەست بن، ژێنێراڵێک کە فەرمانداری گشتیی کرماشان بوو و هەڕەشەی کردبوو کە بە سوپای سەربازییەوە لە عێراقەوە دەگەڕێتەوە ئێران.

ڕێژیمی نوێ بەدوای یارمەتی لە نێو ئەو کوردانەدا دەگەڕا کە هاوکاریی ڕێژیمی شایان کردبوو، بەو پێشگریمانەیەوە کە ئەوان بەستراونەتەوە بە ناوەندەوە بەبێ ئەوەی جۆری ڕێژیمەکەیان بۆ گرینگ بێت. لە عێراقیشدا، ژمارەیەک بەشی عەشیرەیی هەبوون کە ڕەنگە بە هۆی ڕکابەرانی خۆجێیی خۆیانەوە بووبێت، لە بنەڕەتدا دەیانویست لایەنی دەوڵەتەکە بگرن، بۆ نموونە پێڕەوانی حاجی جەواهیر لە دۆڵی مەرگەوەڕ. دیسانیش پێشبینی کردنی سیاسەتی ئاغایەک هەمیشە ئاسان نەبوو. بۆ نموونە، تاهیر خان لە باکوور لە سەرەتادا شەڕی لەگەڵ ئەرتەشی ناوچەکە و ژاندارمێری کرد بەو هیوایەی خۆی دامەزرێنێت، بەڵام لە جولای ١٩٧٩دا بە شێوەیەکی نابەدڵی ناچار بوو داوا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکات بگاتە فریای، شتێک کە بە زەحمەت پێگەی سەرۆکایەتیی ناوبراوی لە نێو خەڵکی ئاسایی عەشیرەکەی بەهێز دەکرد. دواتر بووە هاوپەیمانی بارزانییەکان، تۆکمەترین هێزی عەشیرەگەرای باکووری کوردستانی ئێران، ئەو هێزەی کە تاهیرخان مێژووی پەیوەندیی بنەماڵەییی لەگەڵی هەبوو و بەمەش خۆی لە بەرەی دەوڵەت بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بینییەوە. سەرەڕای ئەمەش، ژمارەیەک لە خزمانی عەبدووی شکاک دژی تاران جەنگین.

هەروەها یەک دوو کەسیش بوون کە بە هۆی باوەڕیانەوە پشتیوانییان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد. بۆ نموونە، سەنار، سەرۆکی شکاکی مامەندی ڕابردوویەکی درێژی لە ناسیۆنالیزمدا هەبوو. سەنار بە هیچ جۆر دۆستی بارزانییەکان نەبوو، لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا لە ١٩٦٧دا سەناری کە بۆ کومیتەی شۆڕشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی دەکرد، دەستبەسەری کردبوو و تەحویلی شای دابووەوە. سەنار شانسی هەبوو کە تەنیا زیندانی کرابوو. دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی شا، سەنار بە بزووتنەوەکە پەیوەست بووەوە و لە فێوریەی ١٩٨٠دا وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران هەڵبژێردرا. لە هاوینی ئەو ساڵەدا، ئەو دژی زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆی ڕاوەستا و تاقە ڕێگەی ئاسنی ئێران بۆ تورکیە و ئۆرووپای کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەو و بە دۆڵی قوتووردا تێدەپەڕی، لە نێو برد.

یەکێک لە بەرچاوترینی ئەو کەسانەی کە تاران بۆ لای خۆی ڕایکێشابوو، مەلایەکی پایەبەرزی سوننی، ئەحمەد موفتی زادە بوو. موفتی زادە لە حەفتاکاندا مەکتەبی قورئانی لە شاری سنە دامەزراندبوو و یەکێک لە لایەنگرانی مافی کولتووریی کوردەکان بوو. ئەو لە ماوەی خولی یەکەمی شەڕی قورسی سنە لە مارسی ١٩٧٩دا، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە بۆ زەربەلێدان لە کەسایەتیی مەلای خۆشناوی مهاباد، شێخ عێزەددین حوسێنی (بەگشتی بە شێخ بانگ دەکرا) کە ببووە ناوەندی سەرنج بۆ بەرخۆدانی کوردی، هاتە مەیدانەکەوە. ئەگەرچی موفتی زادە پێشتر لەگەڵ چالاکانی کورد پەیوەندیی هەببوو، بەڵام بە زۆری وەکوو کەسێکی دواکەوتوو سەیر دەکرا. ئەمەش پێگەی ناوبراوی لای خەڵکی شار کە هەستی شۆڕشگێڕییان بەهێز بوو، لاواز کردبوو. شێخ عێزەدین، موفتی زادەی بە کەسێک ناوبرد کە «خودموختاریی دەوێ، بەڵام هیچ ئیدەیەکی لە بارەی مانای خودموختارییەوە نییە»، پێناسەکردنێک کە دەربڕی هەستی جێی پەسندی جەماوەر بوو. لەو ماوەیەدا، موفتی زادە ناچار بوو لەبەر ئاسایشی گیانی خۆی، سنە بەجێ بهێڵێ.

توێژی ئایینی کە موفتی زادە نوێنگەیەکی تەواوی بوو، بەرەو پارێزکاری دەکشان. بەڵام هەمیشە دەگمەنەکانیش هەبوون. شێخ عێزەددین ناسراوترین مەلای چەپگەرا بوو، بەڵام چەندین کەسی تریش لە پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا لایەنی لیبراڵ یان چەپیان گرت. لەوانەش دوو کەس کە پێشتر پێشبینیی ڕیفۆرمی زەوی لە ١٩٦٠ـەکانیاندا کردبوو و گوندەکانی خۆیانیان دابووە دەست دانیشتووانیان و هانی خوێندنی ژنان لە قوتابخانە دەوڵەتییەکانیان دابوو. هەر بۆیە، گەر هەڵوێستی لیبراڵانەی ژمارەیەک لە مەلاکان نەبووایە، دەکرا خەڵکی ئاسایی زیاتر بە مارکسیزمی توندڕەوی کۆمەڵە بشڵەژایەتن.

مەلای دیکە هەبوون کە بەختی خۆیان لە شوێنی دیکەدا دەبینییەوە. برای شێخ عێزەدین حوسێنی، جەلال، بە مەبەستی وەرێ خستنی میلشیایەکی سوننی پارێزکار بە ناوی «خەبات» بە دژی تاران و کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەکوچۆڵی لە سەدام حسێن وەرگرت.

بۆ زۆرێک لە چینی کۆنی خاوەن ملک، دارمانی ڕێژیمە شاهەنشاهییەکە دەرەتانێک بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەو زەوییانەیان کە دوابەدوای شۆڕشی سپی بەسەر وەرزێڕەکاندا دابەش کرابوون، یان لانیکەم دەیانویست کرێی ئەو زەوییانە وەربگرن کە نەیاندەتوانی بەدەستیان بهێننەوە. لەشوێنی تر، وەرزێڕەکان بە مەبەستی خاوەن بوونی ئەو زەوییانەی کە پێیان وابوو لەسەریان فێڵیان لێ کراوە، یاسایان گرتە دەست خۆیان. ئەمە لە هیچ شوێنێک ئەوەندەی مەریوان زەق نەبوو، لەو شوێنەی کە پەیوەندیی خاوەن ملک ـ وەرزێر زۆر ناوزڕاو بوو. کۆمەڵە لەڕاستیدا پشتیوانیی کرد و لە شەڕی دژە چینی خاوەن ملک، ڕێبەرایەتیی وەرزێڕەکانی کرد. کاتێک وەرزێڕە تووڕەکان لە جوولای ١٩٧٩دا بەرەو کۆمیتەی ئیمام ڕێپێوانیان

**ڕێژیمی نوێ بەدوای یارمەتی لە نێو ئەو کوردانەدا دەگەڕا کە هاوکاریی ڕێژیمی شایان کردبوو، بەو پێشگریمانەیەوە کە ئەوان بەستراونەتەوە بە ناوەندەوە بەبێ ئەوەی جۆری ڕێژیمەکەیان بۆ گرینگ بێت**

کرد و داوای «دەرکردنی ماکە فیۆدالەکانیان» کــرد، هیچ دژوار نەبوو بۆ خــاوەن مڵکەکان کە کۆمیتەکە بهێننە ســەر ئەو قەناعەتە کە فیۆدالیزمەکەی ئەوان بەڕوونی لە کۆمۆنیزمی کۆمەڵە باشترە.

هــەر بۆیــە، ئەگەرچــی دامــەزراوە لۆکاڵییەکانی دەوڵەت لە بنەمادا لە زۆر بەشی ئێراندا پشتیوانییان لە وەرزێڕەکان دەکرد، لە مەریوان پرسەکە جیاواز بوو، کێشمەکێشێکی چینایەتــی لــە ئاســتی خۆجێیی لەســەر پرســی زەوی و زار هەر لە ســەرەتاکەیەوە بووە پرســێکی نەتەوەیی کە بە شــێوەیەکی جیــددی زەبری لــە پەیوەندییەکانی خەڵک لەگــەڵ تاران دا. ماوەیەکی پێ چوو تا ڕێژیم بە تێگەیشــتنێکی پترەوە ڕووبەڕووی پرسی زەوی و زار ببێتــەوە ـ واتــە پاش ئەوەی لە سەرتاســەری ئێران بە شێوەیەکی نادرووست مامەڵەی لەگەڵ پرسەکە کردبوو.

کۆمەڵە هەڵوێستێکی توندڕەوانەی لەسەر پرســی زەوی و زار بە لایەنگریی وەرزێڕەکان گرتــە بەر، بەتایبەت لە دەورووبەری مەریوان و ســنە. ئەم سیاســەتەی لــە دەورووبەری بۆکان لەو شوێنەی کە خزمە دێبوکرییەکانی ڕێبەرایەتیــی کۆمەڵە دەژیــان، کەمتر پێڕەو دەکــرد. حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێرانیش ســوودی لە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی سوسیالیســتی برد. کاتێک ئاغاکانی دەورووبــەری ورمــێ و مهابــاد هەوڵیان دا ماڵیاتی باو (نەنووسراو لەیاسادا) بەسەر خەڵکدا ببڕنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناچــاری کــردن واز لە هەوڵەکانیــان بێنن. دیســانیش حیزبــی دێموکرات دەیویســت خۆی لــەو جــۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە نەدات کە کۆمەڵە دەیویســت. حیزبــی دێموکرات دەیویست پشــتیوانیی عەشیرەتەکان بۆ لای ڕوانگــەی خۆی ڕاکێشــێ، نــەک بە هۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە تووشی تێکهەڵچوون بێت لەگەڵیان. سەرەڕای ئەمەش، پرۆسەیەکی سروشتیی دووبەرەکی سازبوون لە ئارادا بوو، ئاغــاکان داوای یارمەتییــان لە بەرپرســانی حکوومی دەکــرد و وەرزێــڕەکان ڕوویان لە کۆمەڵە یان حیزبی دێموکرات دەکرد.

لــە کۆتاییــدا، ڕێژیــم هاوکاریی هێزی بارزانییــەکان لە نێــو کرمانجەکانی ناوچەی باکووری کوردســتانی ڕۆژهەڵاتی بەدەســت هێنا تــا ناوچەکانی نزیک لە ســنوور لەژێر دەســتی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران دەربهێنــێ و ئاغا کورمانجــەکان بە قەناعەت بگەیەنێت کە لە حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران کە لــە ڕووی یەکیەتیی زاراوەییــەوە زیاتر ســوننییەکان ڕۆڵیان تێدا دەگێــڕا، دوور بکەونــەوە. بارزانییــەکان بەو جۆرەی هاوکاریــی پەهلەوییەکانیان کردبوو، هاوکاریی کۆماری ئیسلامییان کرد. سەرەڕای ئەمەش، زۆربەی ئــەو ئاغایانە هەوڵیان دا لە دەرەوەی کێشــەکەدا بمێننەوە، دەیانویست دەدان بە دەسەڵاتی تاراندا بێنن و بەمەش کەم تا زۆر ســەربەخۆ بمێننــەوە، بەڵام بەکردەوە نەکەونە نێو شەڕەکەی کوردستانەوە.

## تێڕوانینی کۆمارەکە بەرامبەر کوردەکان

ڕێژیمــە نوێیەکــە بــە نیگەرانییــەوە لــە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردییان دەڕوانی. کەمینە نافارســەکانی ئێران بەســەریەکەوە نزیک بە نیوەی حەشــیمەتی ئێرانیان پێک دەهێنــا. لە ڕۆژە ســەرەتاکاندا و لەو کاتەی کە ڕێژیم لە خۆی دڵنیا نەبوو، ئەو ترســەی هەبوو کە پاشەکشە بەرامبەر کوردەکان دواتر داواکاریی گرووپەکانی تریشــی بەدوادا بێت. ئەم کەمینانە لەمبەر و ئەوبەری سنوورەکانی ئێرانــدا نیشــتەجێ بــوون، کــوردەکان و عەرەبەکان لە ســنووری عێراق، ئازەرییەکان و تورکەمەنــەکان لە ســنوورەکانی تورکیە و ســوڤیەتدا و بەلووچەکانیش لەسەر سنووری ئەفغانســتان و پاکســتان. لە ســێ نموونەدا (کوردەکان، تورکەمەنــەکان و بەلووچەکان)،

هەستی نزیکایەتی لەگەڵ ئەوبەر سنوور بە هۆی ئەوەی کەمینەی سوننیش بوون لە ئێراندا، زیاتر بوو.

لای کوردەکان، سەرنجراکێشیی کەڵک وەرگرتن لە مەترسیی دەرەکی زیاتر وەک کارتی گوشار بوو تا ئەوەی بڵێین لە ترسی حکوومەت ناچار بووبێتن دەست بۆ ئەو کارتە ببەن. لە مارسی ١٩٧٩دا، غەنی بلووریان (کە لە دێسامبردا پاش ٢٥ ساڵ بەند بوون، ئازاد کرابوو) لە لێکدانەوەیەکی خێرادا وتی «ئەگەر ئەم دەوڵەتە شۆڕشگێڕە قەبووڵی بکات مافی نەتەوایەتی بە خەڵکی کورد بدات، ئەوکات زۆر ئاسان دەبێت بەرگری لە سنوورەکانی ئێران لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا بکرێت. بەڵام گەر ئەم کارە نەکات، هەندێ هێزی دەرەکی دەتوانن کەڵکئاژۆ لە هەستی خەڵکی کورد وەربگرن». هەرەشەکە هەڵەی تێدا نەبوو. هەر جۆرێک بێت، پرسی کورد تارانی بە تەواوی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو، لەبەر ئەوەی وەبیرهێنەرەوەی سمکۆ، مهاباد و ئەوکاتە بوو کە عێراق ئیزنی دابوو جیابیرە کوردەکان وەکوو خاڵی هێرش بردن کەڵک لە خاکەکەی وەربگرن.

کەوابوو، ئەو «خودموختاری»یيەی کوردەکان دەیانویست، لای تاران لە «جیاییخوازی» دەچوو. بۆ نموونە، کاتێک لە جولای و ئاگۆستی ١٩٧٩ لە مەریوان و سنە لەسەر پرسی مڵکداری شەڕ گەڵگیرسا، سەرۆکوەزیران بازرگان وتی: «ئەوان [کوردەکان] هەر خودموختارییان ناوێ، ئەوان دەیانەوێ لە ئێران جیا ببنەوە»، ئەمە سەرەڕای ئەوەش ڕێبەرایەتیی کورد وریا بوون لەسەر شی کردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە داواکارییەکەیان بۆ خودموختاری، وەها لێکەوتەیەکی بەدوادا نەیێت. لە ڕاستیدا، لە ڕوانگەی قاسملووەوە «ئەوە دواکەوتووەکان بوون کە لە بارەی جیابوونەوەوە هاواریان دەکرد. چەپی کوردی خودموختارییەکی بیاتنەرانەیان دەویست». بەڵام ڕوانگەی تاران بەنیسبەت کوردەکان نەدەسڕایەوە: ئەوان سەربەخۆییخواز بوون و سەربەخۆییخواز دەمانەوە.

کوردەکان ڕووبەڕووی بەربەستێکی تر بوونەوە، بەربەستێک کە هەم لایەنی کردەوەیی هەبوو و هەم لایەنی ئایدیۆلۆژیکی. ئەوەش ئەو جیاکارییە مەزهەبییە بوو کە زۆربەی کوردەکانی وەکوو کەمینەی سوننی لە سەرزەمینی شیعەدا دەناساند. لە ئاستی کردەییدا، پەیوەندیی کوردە سوننییەکان لەگەڵ دراوسێ شیعە نەکوردەکانیان بە شێوەی نەریتی لاواز بوو و هەندێ جاریش توندوتیژی لە نێوانیاندا هەڵایساوە. ئێستا ڕێژیم، توندڕەوە شیعەکان لە فۆرمی کۆمیتەکانی ئیمام و پاسداراندا دەنێرێ تا کوردستان کونترۆڵ بکەن، کە پێشبینی دەکرا جێگرەوەی ئەو وەزعە هەر شەڕی چەکداری لە نزیک بە هەموو شارەکانی کوردستاندا دەبێت: مەریوان، سنە، سەقز، بانە، پاوە و هتد. پاش یەکەمین دەوری شەڕەکان لە سنە، تاران بە دیاری کردنی بەرپرسێکی باڵای شیعە، ئایەتوڵڵا حوججەتولئیسلام سەفدەری بە فەرماندەریی پادگانی پاسداران لە شارەکە، زیاتر هەستی خەڵکەکەی بریندار کرد.

جیددیترین شەڕ لە نەغەدە ڕووی دا، شارێک کە دانیشتووانەکەی تێکەڵاو بوون. لە کۆتاییەکانی ئاوریلی ١٩٧٩دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی بەرینی لە ستادیۆمێکی فووتباڵ کە لە بەشی ئازەری نشینی شارەکەدا هەڵکەوتبوو، ڕێکخست. کومیتەی خۆجێیی ئازەرییەکان داوای لە حیزبی دێموکرات کرد کە کۆبوونەوەکە لە شوێنێکی تر بگرێت تا پێش بە دنەدرانی کەسانێک بگیرێت. حیزبی دێموکرات نەتەنیا ئەم داواکارییەی ڕەت کردەوە بەڵکوو ژمارەیەک لە گرووپەکانی حیزبی دێموکرات بە چەکەوە گەیشتنە

شوێنەکە. کاتێک باندە ئازەرییەکان دەستیان کرد بە تاڵانی گوندە کوردییەکان، لانیکەم ٢٠٠ کەس کوژران و نزیک بە ٢٠٠٠ کەس ئاوارە بوون.

کوردە شیعەکان لە باشووری سنە هەستێکی جیاواز لە برا سوننییەکانیان بەنیسبەت شۆڕشی ئیسلامی هەبوو. ئەوانەی پارێزگای کرماشان وتیان هیچ ئۆگرییەکیان بە خودموختاری نییە. ئەوان لە بنەڕەتدا دەیانویست هەر جۆرێک بێت بەشێک لە کۆماری شیعە بمێننەوە و ڕێژیمیش لە کاتی وەرگرتنی ئەندام لە نێوانیاندا وەک «پێشمەرگە موسوڵمان» بۆ شەڕ دژی ناسیۆنالیزم و چەپەکان لە ناوچە باکوورییەکانی سەروویانەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو. لە ١٩٧٩دا، کوردە سوننی و شیعەکان لەو گوندانەی پارێزگای کوردستان کە پێکەوە دەژیان، بە کردەوە تووشی شەڕە تەقە لەگەڵ یەکتر بوون.

ئەوە لە ئاستی ئایدیۆلۆژیکییەوە بوو کە داهاتووی کوردەکان بۆ خۆبەڕێوەبەری بە جیددی تاریک و لێڵ بوو. خومەینی پێش لە بەدەسەڵات گەیشتنی هیچکات بۆچوونی خۆی لە بارەی کەمایەتییە ئێتنیکییەکانەوە دەرنەبڕیبوو، ئەمە سەرەڕای نووسینە بەربڵاوەکانی لە بارەی پرسە کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری و سیاسییەکانەوە. ڕەنگە ئەو هەر بیری لێ نەکردبێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، کێشەکانی بەردەم ئێرانی شۆڕشگێر دەرەتانی پێویستی بۆ دەربڕینی بۆچوونی لەم بارەیەوە بە ناوبراو دا. نیگەرانیی بنەڕەتی خومەینی ستراتیژیک بوو. ئەمە بۆ شێخ عێزەددین حوسێنی لەیەکەمین کۆبوونەوەی لەگەڵ خومەینی لە ئاوریلی ١٩٧٩ ڕوون بوو: «کاتێک ئەویم بەجێ دەهێشت،] خومەینی[ گۆشەیەک لە عەباکەمی گرت و پێی وتم: ئەوەی داوات لێ دەکەم ئاسایشی کوردستانە»، منیش گۆشەیەک لە عەباکەیم گرت و وتم: «ئەوەی من داوات لێ دەکەم خودموختاریی کوردستانە». لە مانگە سەرەتاییەکاندا، خومەینی دەیویست ئیزن بە دەوڵەت بدات لەگەڵ کوردەکان لەسەر داواکاریی خودموختاری وتوویژ بکات. وەک سەرۆکوەزیران بازرگان وتی (ئەگەرچی ڕوانگەی خودی بازرگان لە بارەی خودموختارییەوە زۆر بەرتەسک بوو): «ئێمە دەمانویست لەگەڵ کوردەکان بگەینە ڕێککەوتنێک، ئەگەرچی لەگەڵ ئەو ڕادیکاڵانە مامەڵەمان دەکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر توندڕەو بوون. ئێمە وتمان «ئیزنیان پێ بدەن ئەوە هەڵبژێرن کە دەیانهەوێ». کاتێک ئەوان دەستیان کرد بە قسەکردن لە بارەی خودموختارییەوە، ئێمە تەنانەت ئەوەشمان قەبووڵ کرد.»

ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی ئیسلامی لە ژوئەنی ١٩٧٩دا بڵاو کرایەوە، ئەگەرچی پێشنیاری خودموختاریی تێدا نەبوو، بەڵام بەڵێنی دەدا کە «فارسەکان، تورکەکان، کوردەکان، عەرەبەکان، بەلووچەکان و تورکەمەنەکان و ئەوانی تر مافی وەک یەکیان دەبێت». ئەو ڕەشنووسە تەنانەت ئەو دۆکتۆرینەی تێدا نەبوو کە دواتر پێی زیاد کرا و باسی دەوڵەتێکی دەکرد بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەرێکی باڵای مەعنەوی (ویلایەتی فەقیە). خومەینی دەیویست ئیزن بدات ڕەشنووسەکە ڕاستەوخۆ بچێتە بەردەم ڕیفراندۆمی خەڵکەوە. ئەوە بازرگان و بەنیسەدر بوون کە بە شێوەیەکی کارەساتهێنەر پێداگرییان لەسەر ئەوە کردبوو کە ڕەشنووسەکە دەبێ بدرێتە دەست شوورایەکی هەڵبژێردراوی یاسای بنەڕەتییەوە و ئەوان پێداچوونەوەی پێدا بکەن. ئەوان هیچ لەوە تێنەدەگەیشتن کە ئەم کارە دەبێتە کردنەوەی دەرگا بۆ مەلا ڕادیکاڵەکان. لە بەرامبەردا، ئەوە ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەری ڕەفسەنجانی بوو کە هۆشداریی پێدان و وتی «پێتان وایە کێ بۆ شوورای یاسای بنەڕەتی هەڵدەبژێردرێت؟ مشتێک بێ مێشک و بناژۆخوازی دەمارگرژ،

ئەوانە وەها زەبرێک لە ڕەشنووســەکە دەدەن کە لــە کۆکردنەوەیان پەشــیمان دەبنەوە». دەرکــەوت هــەر وای لێهــات. ٧٧ ئەندامی شووڕای کارناسان هەڵبژێردران و لە ئاگۆستدا کۆ کرانەوە، ٥٥ کەسیان مەلا بوون.

بــۆ ئــەم بناژۆخوازانــە دژوار نەبوو کە هەوڵ بــدەن خومەینی بۆچوونــی لە بارەی ڕەشنووســەکەوە بگۆڕێــت. لــە نوامبــردا، خومەینی باســی کرد کــە بۆچی هەر جۆرە ئاماژەیەک بە کەمایەتییە ئیتنیکییەکان لا برا:

«هەندێ جار وشەی کەمینەکان بۆ ئاماژە بە خەڵکانێــک وەک کــوردەکان، لوڕەکان، تورکەکان، فارســەکان و بەلووچەکان و هتد بەکار دەچێــت. ئەم خەڵکانە نابێ بە کەمینە ناوببرێن، چونکە ئــەم چەمکە ئەو گریمانەی تێدایە کە جیاوازییەک لە نێوان ئەم برایانەدا هەیە. لە ئیســلامدا، وەها جیاوازییەک هیچ جێگایەکی نییــە. هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو موسوڵمانانە نییە کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، بۆ نموونە، عەرەبەکان و فارســەکان. ئەگەری ئەوە زۆرە کە وەها کێشــەگەلێک لە لایەن ئەو کەسانەوە دروست کرابێت کە حەز ناکەن وڵاتە موســوڵمانەکان یەکگرتوو بن ... ئەوان کێشەی ناســیۆنالیزم، پان ـ ئێرانیزم، پــان ـ تورکیــزم و ئەو جــۆرە ئیزمگەلەیان دروست کردووە کە بە دژی هزری ئیسلامییە. بەرنامەیان لەنێوبردنی ئیســلام و فەلسەفەی ئیسلامییە.»

هــەر بۆیــە، تەنانــەت باس کــردن لە کەمایەتییــە ئیتنیکییەکان لــە چوارچێوەی ئیســلامدا دژایەتییەک بــوو بەرامبەر ئایینی ڕاستەقینە.

ئەگــەر کــوردەکان نەدەکــرا وەکــوو کەمینەیەکــی ئیتنیکی بە جیــاواز لە قەڵەم بدرێــن، ئــەوا زۆرینەیان دەکرا بانگەشــە بۆ پێگــەی کەمایەتیــی خۆیان وەک ســوننی بکەن. هیچ گومانێــک لە جیاوازی و پێگەی نزمتریان لە دەوڵەتێکی شیعەدا نەبوو، ڕاست ئاوێنــەی ئەو بارودۆخە بوون کە شــیعەکان لە عەرەبســتانی سعوودی و وڵاتانی عەرەبیی دیکە هەیانبوو. ئەوان خەڵکی ئاســایی بوون (ئۆمــە)، لــە بەرامبەردا شــیعەکان خەڵکی تایبەت (خاســە) بوون. ســەرەڕای ئەمەش کاتێک ڕەشنووسی سەرەکیی یاسای بنەڕەتی بە ناوهێنان، چوار لقی شــەریعەتی سوننیی بە فەرمی ناســی، دواڕەشنووس ئەو ناوانەشی داخست و پێداگریی لەسەر سروشتی شیعەی حکوومەتەکــە کرد و بەو پێیە پێویســت بوو بەرپرســانی بــاڵای حکوومی، ســەرکۆمار و سەرۆکوەزیران، شیعە بن.

ئەگەر ئەوان هیچ شوناسێکیان نەبوو، نە کورد و نە ســوننی، کەوابوو هیچ مانای نەبوو دەنگ بەیاسای بنەڕەتی بدەن. بۆیە کوردەکان تا ڕادەیەک بــە یەکدەنگ و وێکڕا خۆیان لە دەنگدان پاراســت و لەو شوێنانەی دەنگدان بەڕێوە دەچــوو، ســندووقەکانی دەنگدانیان ســووتاند. تەنیا کوردە شــیعەکانی کرماشان بەشــدارییان تێدا کرد. لە ژانویەی ١٩٨٠دا، خومەینی بە شێوەیەکی گونجاو نەرمیی نواند و بەڵێنی دەســتکاری کردنی یاسای بنەڕەتی لە پێناو گەرەنتی کردنی عیبادەتی مەزهەبی ســوننی لەو شــوێنانەی زۆرینەیان ســوننی بوون، دا. دیسانیش وەها دەستکاری کردنێک چاوەڕوان کراو نەبوو و کوردەکان ئەوەیان بە داوێک لێکدەدایەوە بۆ بەشــداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا.

هــەر لــە ســەرەتاوە، شــێخ عیزەددین حوســێنی وەها پێناسەیەکی بۆ ناسیۆنالیزمی کــوردی کردبــوو کــە لەگــەڵ ئایینــدا بێتەوە ئەویش لــە پێنــاو بەرپەرچدانەوەی ناڕوونییەکانــی ڕێژیمــە نوێیەکــە. وەکــوو لیبراڵێکی مەزهەبــی و چەپگەرایەک، ناوبراو زیاتر لەگەڵ کۆمەڵە دەگونجا تا لەگەڵ حیزبی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران و بەمەش ببووە مەلایەکی نائاســاییی سوننی. سەرەڕای بۆچوونە جێی گەنگەشەکانیشــی، ستاندارده

تاکەکەسییە جیاوازەکانی، گەرەنتیکەری ڕێزێکی جەماوەری بۆ شێخ بوو. کەوابوو، شێخ بەپێی هەڵوێستە تاکەکەسی، مەعنەوی و ناسیۆنالیستییەکانی، کاندیدایەکی سروشتی بوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ڕێبەرایەتی لە مهاباد لە پاش دارمانی ڕێژیمی پەهلەوی.

شێخ عێزەددین دۆکتۆرینی ویلایەتی فەقیهـ و بەم پێیەش لە کردەوەدا خودی خومەینی و شوورای نیگابانی بە قسەکانی ڕەت دەکردەوە. ئەو دەیگوت:

«ئەوەی هەمانە دەوڵەتێکی ئایینی نییە، بەڵکوو دیکتاتۆرییەکە لە ژێر ناوی ئیسلامدا ... ڕۆڵی مەلا دەبێ ڕێنمایی بێت لە ناساندنی خودادا. هەندێ مەلای شیعەشمان هەیە کە بەرپەرچی تێڕوانینی خومەینی بەنیسبەت فەقیهـ دەدەنەوە. ئەمە ڕێژیمێکی ئیسلامی نییە ... هەر جۆرە ڕێژیمێکی ئایینی، دیکتاتۆری لێ دەکەوێتەوە و ئایینیش دەبێتە ئامرازێکی لێدان، لەسێدارەدان و کوشتن بە ناوی خوا.»

ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبوو کە خومەینی لە وەها ڕەخنەیەک ببوورێت یان لەبیری بچێت. دیسانیش شێخ زیاتریشی وەسەر نا:

«من باوەڕم بە جیایی دین و دەوڵەت هەیە. هەر کاتێک دەوڵەتێکی ئایینی دامەزرێت، ئەوە چەقبەستوو و دژی دێموکراسییە. دەوڵەت دەبێ ئیزن بە دێموکراسی و جیاوازیی سیاسی لە نێو کۆمەڵگادا بدات.»

وەها بۆچوونگەلێک دەڵێی هی ئورووپاییەکانە تا ئەوەی بۆچوونێکی سیاسیی ئیسلامی بێت و بە دڵنیاییەوە هیچ جێگەیەکی لە ئێرانی شیعەدا نەبوو. هەر بۆیە هیچ سەیر نەبوو کە شێخ لە قوم وەکوو دوژمنێک سەیر دەکرا.

زەحمەتە بگوترێ بۆچوونە ئایینییەکانی شێخ چەندە جێی پەسندی کوردە ئیماندارەکان بوو، بەڵام ئیستدلالەکانی بە قازانجی خودموختاریی نەتەوەیی بوو و شێوەی ژیانی خۆی شەپۆلێک لە پشتیوانیی بۆ بەرهەم هێنابوو. ئەو بەم ئیستدلالەی خوارەوە خۆی لە قەرەی ئەو بانگەشە جیهانگەرایانە لە ئیسلام نەدا کە قوم باسەکەی هێنابووە ئاراوە و بەو پێیە حاشا لە خودموختاریی ئیتنیکی دەکرا: «ئیسلام پێویستی بەوە نییە کە گرووپێک خەڵک بەسەر هەموو موسوڵمانەکاندا حکوومەت بکەن. ئیسلام ئەوەی قەبووڵە کە خەڵک بەسەر گرووپ، نەتەوە و عەشیرەی جیاوازدا دابەش بوون. لە ئیسلامدا هیچ هۆیەک بۆ ئەوە نییە کە ئەم گرووپانە نابێ لەمەڕ کاروباری خۆیان بڕیاردەر بن.»

وەها بۆچوونگەلێک، هاوکات، لە خزمەتی تەئیدی بۆچوونی خومەینی بەنیسبەت جیهانی کوردییەوە بوو. خومەینی، شێخ عێزەددین و قاسملووی بە بەرپرسی ڕاستەوخۆی هەڵایسانی شەڕی مڵکداری لە جولای و ئاگۆستی ١٩٧٩ ناو دەبرد، ئەگەرچی ئەوان بە ئاشکرا کەوتبوونە دوای شەپۆلی ڕووداوەکانەوە. پروپاگەندەچییەکانی ڕێژیم دەستیان کردبوو بە ناوبردنی شێخ عێزەدین (شانازیی ئایین) بە «زیددەدین» (دژە ئایین). قاسملوو ڕێگەی چوون بۆ شوورای حەفتاوسێی ئەندامیی کارناسەکانی لێ گیرا، ئەو شوورایەی کە ناوبراو بۆی هەڵبژێردرابوو. هەر دووکیان وەک ئاژاوەگێڕ سەیردەکران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە «حیزبی شەیتان»، «گەندەڵ و نۆکەری بێگانە» ناو براو و بە نایاسایی ڕاگەیەندرا. ئەوە دواتر و لە ژێر گوشاری شەڕ لەگەڵ عێراق بوو کە ڕێژیم تێڕوانینێکی نەرمتری بەرامبەر سوننییەکان ڕەچاو کرد و هەوڵی جیددی دا بۆ ڕاکێشانی مەلا کوردە سوننییەکان تا پشتیوانی لە ڕێژیمەکە بکەن.

## دابڕان لە دەرەوە و لە نێوەوە

لە کۆتاییەکانی یەکەمین ساڵی

پڕکێشمەکێشدا، బارودۆخەکە وەک چاوەڕوان دەکـــرا، لەدەســـتدانی ســـەبری ڕێژیم و بێ هیوایی کوردەکانی بەدواوە بوو.

ئاژاوەکانی مارس ـ ئاوریلی ١٩٨٠ دەوڵەت لە تارانی هان دا تا هێرشـــێکی بەرین بکاتە ســـەر کوردستان. دەوڵەت ســـوور بوو لەسەر ئەوەی کونترۆڵی تەواوی سەرانســـەری وڵات بکات و لەوە دەترسا کە کوردستانێکی لیبراڵ دەبێتە نموونەیەکی مەترسیدار بۆ شوێنەکانی تری ئێران. بەنیسەدر کە بە تەواوی ئاگاداری دوژمنـــە ئاخوندەکانی لە قوم بوو، نەیدەتوانی بە لاواز دەربکەوێت. هەروەها بە هۆی ئەوەی شەڕ لە کوردســـتان جێی پەسندی جەماوەر نەبوو، بەنیسەدر ناچار بوو هۆشداری بدات بە ئەرتەش تا لە بڕیارە ســـەربازییەکانی دەوڵەت ســـەرپێچی نەکەن. لـــە کۆتاییـــی ئاوریلدا، دەوڵەت کونترۆڵی زۆربەی خاکی کوردستانی لەدەســـتدا بوو، بەڵام بە تێچـــووی نزیک بە هەزار کەس کوژراو لە شەڕەکەدا.

کاتێک کاتی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە هات، هەوڵەکانی بەنیسەدر بە هۆی ئاخوندگەلێکـــی تونـــدڕەوی وەک ئایەتوڵـــڵا موحەممـــەد بەهەشـــتییەوە کە دەیویســـت سەرانســـەر کوردستان «لەســـەر عەرز تەخت بکرێـــت»، پەراوێز خران. غەنـــی بلووریان کە ڕەدی کردبووەوە وەکوو نوێنەری خەڵکی مهاباد بچێتـــە «مەجلیس»، خۆی لـــە بارودۆخێکدا بینییـــەوە کە ڕوو لـــە چاپەمەنییـــەکان، بە دژی جینایەتـــە زۆرەکانی ئایەتوڵڵا خالخالی، داکۆکیـــی لە هاوکارانی کـــرد. ئەوە دوایین خزمەتی بە حیزبەکە بوو.

لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەمیشە کێشمەکێشێک لە نێوان دوو ویستی بـــە ڕواڵەت پێـــک نەگونجاو لە ئـــارادا ببوو: قۆســـتنەوەی هەلەکە لە پێناو بەدەستهێنانی خودموختاری یان پێشـــوازی، خۆگونجاندن و پشتیوانی لە شۆڕشەکە. بۆشاییەک هەبوو کە پڕکردنەوەی تا دەهات نەلواوتر بوو. تا ڕادەیەک جگە لەو دژوارییانەی بە نیسبەت چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ تاران لەگۆڕیدا بوون، ئەو هەوڵانەیش کە بـــۆ وتووێژی نوێ دەدران بە جۆرێک بە هۆی ســـووربوونی کۆمەڵە لەسەر شەڕ سووک دەکران.

پتر لەوەش، کوردســـتان ببووە مەیدانی شەڕ بۆ زۆرێک لە دژبەرە ڕادیکاڵەکان بە دژی ڕێژیم و ئەمەش کونترۆڵی سیاسیی کوردەکان بەسەر خەباتەکەی لاواز دەکرد. لەو هاوینەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە، فیداییانی خەڵق و موجاهیدین کەمپەینێکی بەهێزی شـــەڕی پارتیزانی و بۆسەدانانەوە بۆ کاروانە ســـەبازییەکانی پاسدارەکانیان بەڕێوە برد. بۆ سێ مانگ، حکوومەت هیچ هەوڵێکی بۆ گرتنەوەی مەهاباد، بۆکان و سەردەشـــت نەدا.

هەوڵـــە نێونجیگەرانەکانـــی حیزبـــی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیـــم بێ ئاکام بوون، مەگەر ئەوە نەبێت کە ژمارەیـــەک کوردی هـــان دا هەڵگەڕێنەوە و ڕوو بکەنـــە کۆمەڵە. لـــە چوارەمین کۆنگرەی لە فێوریەدا، حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران پشـــتیوانی لە درێژەدانـــی هەوڵەکانی بـــۆ دۆزینـــەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشـــتیانە کرد. بەڵام بەپێـــی هیوابڕاوی لە وتووێژەکان و ئەویاســـا بنەڕەتییـــەی لـــە کۆتایی ١٩٧٩ درایـــە دەرەوە، بارودۆخەکـــە بە شـــێوەیەک کە گەڕانەوەی بۆ نەبوو، بەرەو شـــەڕ دەچوو. حیزبی دێموکرات داوای لـــە ئەندامانی کرد کە بەرەو شاخەکان بکشـــێنەوە. هەندێکیان زیاتـــر و زیاتر ئەو هەســـتە ناخۆشـــەیان لا درووســـت دەبوو کە حیزبەکە وێدەچێ وازی لـــە بڕیارەکەی کۆنگرەی چواری هێنابێ و لە هەوڵەکانـــی حیزبی توودە کـــە وتووێژ لە نێو سیستمەکەدا بوو، زیاتر مەودا دەگرێت.

لـــە کۆتاییەکانـــی مانگی مایـــدا، غەنی بلووریان و شـــەش کەسی دیکە لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکـــە بە ناڕەزایەتی

بەرامبەر بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو و تۆمەتی دوورکەوتنەوەی ناوبراو لە بڕیارەکەی کۆنگرە، وازیان لە ئەندامەتیی حیزبەکە هێنا. ئەوان قاسملوویان لەبەر وەرگرتنی یارمەتی لە بەغدا لە کاتێکدا مەترسی بۆ سەر ئێران زۆر بوو، مەحکووم کرد و دەیانگوت خودموختاریی کوردستان دەبێ پاش دڵنیایی لەوە بێت کە شۆڕشی دژەئیمپریالیستی پارێزراوە. ئەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بە فیتی ئیمپریالیزم شەڕی چەکداری دەکات. ئیستدلالەکەیان هاوتەریبی سیاسەتی توودە بوو کە پشتیوانی کردن لەو ڕێژیمە ئیسلامییە بوو. لە ئاکامدا، بڵووریان هەندێ لەو قسانەی بڵاو کردەوە کە لە نێوان قاسملوو و بەغدادا کرابوون. بەڵام نەیتوانی ئەو تاوانبارکردنە بە بەڵگەوە بسەلمێنێت. لە ڕاستیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچکات بە دژی ئێران هاوکاریی هێزە عێراقییەکانی نەکرد.

ئەم سەربزێوییە ئەندامانی حیزبەکەی تووشی شڵەژان کرد. هەرچی بێت، بڵووریان نیشتمانپەروەریی خۆی بە ٢٥ ساڵ بەندبوونی سەلماندبوو. بەڵام بالانسی وەفاداری بە قازانجی قاسملوو بوو و سەربزێوەکان بە زوویی نازناوی «تاقمی حەوت کەسی جاش»یان لەسەر دانرا، واتە دابەزاندنیان تا ئاستی ئەو دەستەی کە بەکرێگیراوی ڕێژیم بوون. جیابوونەوەیەکی هاوشێوە هەر لەو کاتەدا لە نێو فیداییانی خەلقیش ڕووی دا، بەڵام لە نێو ئەواندا ئەوە زۆرینە بوون کە بڕیاریان دا هەمان سیاسەتی هاوشێوەی توودە پێڕەو بکەن. تەنیا کەمینەیەکیان بە نیسبەت شەڕی چەکدارییەوە خۆیان بە دەرووەست دەزانی.

ئێران ماوەیەک بوو سەری بە دنەدانەکانی خۆی قاڵ بوو. ئێران بە هۆی پروپاگەندەی شیعەگەرییەوە و شەرمەزارکردنی سەددام حوسێنەوە، عێراقی کردبووە دوژمنی خۆی. ڕێژیمی ئێران یارمەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی (پارتی) کردبوو و دەکرد، هەڵبەت بەگشتی بۆ شکست دانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو ئێران و ئێستایش خەریکی وتووێژ بوو لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. لە نێوەڕاستی هاوینی ١٩٨٠دا، ئەگەری شەڕی ئاشکرا هەبوو، بەڵام ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها شەڕێک بە باشی تەیار نەبوو. ئەرتەشەکەی بە هۆی وازهێنان و دەرپەڕاندنەوە قاتوقڕیی تێ کەوتبوو. سێ لق لەو لقانەی ئەرتەش کە مابوونەوە، بۆ سەرکوتی کوردستان بەڕێ کرابوون. کاتێک عێراق لە کۆتاییەکانی سێپتامبری ١٩٨٠ هێرشی کرد، چاوەڕوان دەکرا ئێران زوو خۆی بدا بە دەستەوە.

هێرشی عێراق وەکوو دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردەکان وابوو کە کوردستان بە تەواوی لە ژێر کونترۆڵی دەوڵەت دەربێنن یان بەندەکانی خودموختارییەکەیان بەسەر ڕێژیمدا بسەپێنن. دەکرا یەکێک لە بەربژێرەکان پشتیوانیی بێ مەرجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆیەکیەتیی خاکی ئێران بوایە، بەو هیوایە کە تاران وەها ئاماژەیەکی خەڵات کردبا. بەڵام قاسملوو کە چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی بەنیسبەت ئەوە نەبوو کە تاران دێتە دەست و هێرش دەکات، هەستێکی بەهێزی هەبوو کە پێداگر بێت لەسەر ئەوەی پێش لەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لوولەی چەکەکانی ڕوو بکاتە عێراقی هێرشبەر، تاران پرەنسیپەکانی خودموختاریی کوردستان قەبووڵ دەکات و هێزەکانی لە کوردستان دەکشێنێتەوە. بەپێی شێوەی بیرکردنەوەی تاران، وەها ئۆلتیماتۆمێک تەنیا دەکرا وەکوو خیانەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.

## شکست و دابڕانی زیاتر

دەرکەوت هیواکانی کورد کورتخایەنن، لەبەر ئەوەی سوپای ئێران لە ئۆکتۆبردا بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بەرگریی قایمیان

له خوزستان کرد. بۆ چەند مانگی پاش ئەوە، ئەرتەش نیگەرانی ملدان بە هێرشی عێراقییەکان بوو، هەر بۆیە کوردستانی بە پانەوە بۆ خودی کوردەکان بەجێ هێشت. لە کردەوەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە توانییان لەو شوێنانەی بەدەستیانەوە بوو، قوتابخانە و شوورای هەڵبژێدراوی گوند و شارەکان دامەزرێنن.

سەرەڕای ئەمەش، هەردووکیان بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆیان نەبوو و چاوەڕوان بوون هەوڵەکانی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی ناوچەکە ببینن. لە ئاگۆستی ١٩٨١دا، مەسعوود ڕەجەوی، ڕێبەری موجاهیدین و بەنیسەدر سەرکۆماری پێشوو کە ئێستا هەڵاتوو بوون، دامەزراندنی شوورای بەرگریی نەتەوەییان ڕاگەیاند. چارتی شووراکە، لە نێو شتەکانی دیکەدا، بەڵێنی ئازادیی مەدەنی، تێکەڵاوکردنی زەوی و زارەکان بە هاوبەشی، ڕێزدانان بۆ دارایی، یەکسانی بۆ ژنان و شوورای هەڵبژێدراو و ڕاوێژکاری دەدا. بەڵێنیگەلێک کە بەتایبەتی لە پێناو ڕاکێشانی چینی مامناوەندی خواروو حەسێب و کتێبیان بۆ کرابوو. چینێک کە وزەی سەرەکیی خەباتەکەیان بوو. لە پێنجەمین کۆنگرەیدا لە دێسامبردا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری دا بە شوورای بەرگری نەتەوەیی پەیوەست ببێت. بەڵام هەندێ کەس هەستیان دەکرد بڕیارەکە بە پەلە و بەبێ لێکدانەوەیەکی دروست دراوە، حیزبی دێموکرات وەکوو ئەندامێکی نەگونجاو مایەوە.

لە هاوینی ١٩٨٢دا، هێرشی ئێرانییەکان کە دەمێک بوو چاوەڕوان دەکرا، دەستی پێکرد. لە سەرەتادا، هێزە دەوڵەتییەکان نەیاندەتوانی بەرەو لای باشوورەوە بەرەوپێش بچن و ئەو هێزانەیان بگرنەوە کە بە درێژایی بەرەی سنووری باشوور دامەزرێندرابوون. ئەوە تەنیا لە نوامبردا بوو کە ئەوان توانییان جاددەی سەردەشت ـ پیرانشار کە لە باری تاکتیکییەوە گرینگ بوو، بگرنەوە، جاددەیەک کە بە درێژاییەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانیبووی هێز و تەقەمەنی ئاڵوگۆڕ بکات. لەدەستدانی ئەم جاددەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ناچار کرد بچێتە نێو پێگە بەتەواوی پارتیزانییەکانی کە لە بەرزاییەکانی دەورووبەری سەردەشت هەڵکەوتبوو. لە سێپتامبردا، حیزبی دێموکرات بە شێوەی کاتی بانەی گرتەوە و بەمەش نیشانی دا کە هێشتا لە هێزە کاریگەرەکەی نەکەوتووە. لە کۆتاییەکانی ١٩٨٣دا، تارادەیەک هەموو ئەو ناوچانەی لە ژێر دەست هێزە شۆڕشگێڕەکاندا بوون لە لایەن هێزە ئێرانییەکانەوە داگیر کرابووەوە.

لە جولای ١٩٨٤دا، هێزە ئێرانییەکان دواجار بە کەڵک وەرگرتن لە هێلیکۆپتێر، بۆ گەمارۆدانی لووتکەی شاخەکان و زاڵبوون بەسەر ناوچەکانی دەورووبەری، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان، لە بنکەوبارەگا سنوورییەکانیان لە هەورامان دەرکرد. هەروەک عێراق، ئێرانیش لەو شوێنانەی بە پێویستی زانی خەڵکی گوندەکانی بەمەبەستی دروست کردنی کەمەربەندێکی ئەمنییەتی و پێشگرتن بە بەرخۆدانی پارتیزانی لەو ناوچانە، لە ناوچە سنوورییەکان دەرکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەو عێراق پاشەکشەی پێ کرا، لەو شوێنەی کە لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانەوە بە دژی هێزە ئێرانییەکان یارمەتیی چەکدارانە درا.

لە هێرشەبەرییەکانی هاوینی ١٩٨٢وە زیاتر دەردەکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە بە زەحمەت دەیانتوانی چاو لە ئاستی یەکتر بنووقێنن. سەرەڕای ناکۆکی لەسەر ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە شوورای بەرگریی نەتەوەییدا، کۆمەڵە لە نوامبری ١٩٨٢دا ئامادەیی خۆی

بۆ هاریکاریی ســـەربازی لە ژێـــر ناوەندێکی فەرماندەیی هاوبەشدا دەربڕی. بۆ ماوەی دوو ساڵیان زیاتر، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـــران و کۆمەڵـــە چەندیـــن ئۆپەراســـیۆنی هاوبەشـــیان بە ســـەرکەوتوویی بەڕێوە برد. لە هەمان کاتدا، لـــە نوامبری ١٩٨٤دا، لێک هەڵبەزینەوەیەک لەســـەر خاوەنداریی شوێن و کوژرانی فەرماندەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران لە لایەن کۆمەڵەوە بوو بە دەستپێکی شەڕێکی قورس لە نێوانیان کە بۆ ماوەی چوار ساڵ زیاتری خایاند و لە هەندێ قۆناخیدا هیچکام لە لایەنەکان لە کوشـــتنی یەکتر ســـڵیان نەکردەوە. ئاگربـــڕی نێوانیان تەنیا لەبەر ئەو گوشـــارە هاتـــە دی کە هەر دوو لایەنەکە لـــە بەرامبەر هێزە ئێرانییەکاندا ڕووبەڕووی ببوونەوە.

لە پشت ئەم تێکهەڵچوونەدا، جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژیکـــی قـــووڵ لـــە نێوان هـــەر دوو گرووپەکـــەدا هەبوو. لە جولایـــدا، لێژنەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەســـتی گەیشتن بە ڕێگەچارەی ئاشـــتییانە بۆ کۆتایی هێنان بە شـــەڕ لەگەڵ تـــاران، هەوڵێکی دابـــوو. ئەمـــە بەهۆکاری تێکهەڵچوونەکەی لەگـــەڵ کۆمەڵە دەزانرێت کە بوو بە هۆی کشانەوەیشـــی لە شـــوورای بەرگریی نیشتمانی. ئەوە خودی قاسملوو بوو کە بڕیاری دا حیزبی دێموکرات لە شـــوورای بەرگریی نیشـــتمانی بێتـــەدەر کە زۆرێک لە چەپەکانی نێو حیزبی دێموکراتی تووڕە کرد. حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران، نها شوێنی پێکگەیشتنی دوو لایەن بوو، ئەوانەی هاوبۆچوونی شوورای بەرگریی نەتەوەیی یان کۆمەڵە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم بوون و ئەوانەی کە هێشتا بە سازان هیوادار بوون.

نیشـــانەگەلێکی دیکەی دڵەڕاوکێ لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لەسەر پرســـی ڕێبەرایەتی لە گۆڕێدا بوو. حیزبەکە دوابـــەدوای کۆنگـــرەی شەشـــەمی خۆی لە ژانویـــەی ١٩٨٤دا، ئەوانـــەی دەرپەڕاند کە شـــکیان لەســـەر بـــوو، کـــە بەرچاوترینیان کەریمی حیســـامی بـــوو. ناوبراو کەســـێکی بەئەزموونـــی حیزبەکە بوو کـــە هەر لە چوار ســـاڵ پێشترییەوە گومانی لەسەر بوو، کاتێک لـــە ١٩٨٠وە هاودەردیـــی لەگـــەڵ تاقمی حەوت کەسی دەربڕیبوو بەڵام دەستی لەکار نەکێشابووەوە.

کۆمەڵـــەش پێـــی نایـــە نێـــو قۆناخێکی پڕگیروگرفتـــەوە. کۆمەڵە، هەمیشـــە لە باری ئایدیۆلۆژیکییـــەوە دژی ئایدیای «بورژوازی»ی «خەبات تەنیا لە پێناو نەتەوە کورد» وەستابوو. ئەمـــە لە هەمان کاتدا بیـــر و بۆچوونێک بوو کە زیاتر بۆ ڕووناکبیرەکانی کە بڕیاربەدەستی سەرەکی بوون، سەرنجڕاکێش بوو تا بۆ کرێکار و وەرزێرەکانیـــان کە ژمارەیان بەنیســـبەت کەمتر بوو. لە ١٩٨٢دا، کۆمەڵە پەیوەســـتی دوو گرووپـــی چەپگەرای ئێرانیـــی بچووکتر لـــە خـــۆی بـــوو (ســـەهەند و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەیکار کە بۆ خۆی لە موجاهیدین جیاببوونەوە) و حیزبی کۆمۆنیســـتی ئێرانیان لە ژێر ڕێبەرایەتیی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، عەبدوڵڵا موهتەدی، دامەزراند.

بە فەرمی، کۆمەڵە بوونی نەما، ئەگەرچی لە کوردســـتان هـــەر بەو ناوە دەناســـرایەوە. کۆمەڵە نەتەنیا لـــە مەحکووم کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەردەم بەڵکوو لە مەحکووم کردنی ســـەردەمی پرشنگداری حیزبی دێموکرات لە مهابـــاد لە ١٩٤٦دا بە تەواوی تووشی هەڵەی لێکدانەوە بە نیسبەت هەســـتی کوردایەتی بوو. لە ماوەی شـــەش ســـاڵی پاشـــتریدا، زۆرێک لە خەباتگێڕان و پشـــتیوانانی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیســـتی ئێران چوونـــەدەر، لەبەر ئـــەوەی ئەگەرچی زۆربـــەی پێکهێنەرانی حیزبی کۆمۆنیســـت کورد بوون، بەڵام ڕەنگوبۆنی کوردایەتیی پێوە نەمابوو.

کاتێک لە کۆتاییـــدا لە ١٩٩١دا، کۆمەڵە

سەرلەنوێ هەستی کوردایەتیی وەبەرهاتەوە، لە باری ژمارەوە کەمتر لەو گرووپە بچووکانە بوو کە لــە ١٩٨٢دا تێکەڵاویان ببوو. بڕیاری گەڕانەوە بۆ شوناســـی کوردی بوو بە هۆکاری جیابوونەوەیەکـــی تر، حیزبی کۆمۆنیســـتی کرێکاریی ئێران، موهتـــەدی و هاوکارەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە خۆیان بە پاشـــماوەی ناسیۆنالیزمەوە لکاندووە.

کۆتاییـــی شـــەڕی ئێـــران ـ عێـــراق لە ١٩٨٨دا بە زەحمەت مایەی ئاســـوودەیی بوو بۆ کوردەکانی ئێران. ئەوەی کە قاســـملوو بە شانازییەوە دەیگوت هێزە کوردییەکان چارەگە میلیۆنێک هێزی ڕێژیمیان زەمینگیر کردووە، بێ کاریگەر بوو. مەوقعییەتی قاســـملوو لاواز بوو و ئێســـتا هاتبووە ســـەر ئەو قەناعەتە کە ناچارە لەگەڵ ڕێژیم وتووێژ بکات.

ســـەرەڕای ئەو پێکناکۆکییـــەی بە هۆی پێشـــنیاری وتووێژکـــردن لەگـــەڵ ڕێژیم لە نێو ئاســـتە جیاوازەکانـــی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێراندا هاتە کایەوە، قاســـملوو وتووێـــژی کردبـــووە تەوەرێکی ســـەرەکیی کۆنگـــرەی هەشـــتەمی حیزبەکـــە کـــە لە ژانویەی ١٩٨٨دا گیرا. ئەو ســـێ هۆکاری بۆ خســـتنەڕووی ئەوپێشنیارە باس دەکرد: هیچ ڕێگەچارەیەکی ســـەربازی بوونـــی نەبوو، بە کۆتاییهاتنی شـــەڕی ئێران ـ عێـــراق، تاران هەســـتی بەوە دەکرد کـــە دەتوانێ خۆی لە بەرامبـــەر کوردەکان بگرێتەوە و، لە کۆتاییدا، بـــەوەی کە خومەینی بە خێرایی خەریک بوو هێزی لێ بچنرێت، شانســـێکی ڕاستەقینە بۆ دەســـتپێکێکی نوێـــی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ کۆمارەکە لە ئارادا بوو.

لە هەمان کاتدا، وەها بەڵگەهێنانەوەیەک و هەوڵەکانی قاسملوو بۆ دەربازکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەیران، بوو بە هۆی سەربزێویی جیددی لە نێو حیزبەکەدا. هەمیشە دەســـتەیەکی سوسیالیستیی بەهێز لە نێـــو حیزبەکەدا هەبوو، دەســـتەیەک کە بـــە جۆرێک لە جۆرەکان هـــەر وەک کۆمەڵە چەقبەســـتوو بـــوون لـــە بیروبۆچوونیانـــدا. ئەندامانی ئەم گرووپە ئێســـتا قاســـملوویان بەوە تۆمەتبـــار دەکرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سوســـیالیزمەوە بەرەو سوســـیال دێموکراســـی بـــردووە و بەمەش پێگەی جەماوەریی حیزبەکەی وەمەترســـی خســـتووە. پانزدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکـــە نارەزایەتییان دەربڕی لەســـەر ئەو بنەمایە کـــە لە پاش کوژرانی نزیک بە پەنجا هەزار کـــورد بە هۆی ســـەرکوتی ڕێژیمەوە، وتووێژی ئاشتی پەسندکراو نییە. هەڵبەت لە پشـــت وەها بابەتگەلێکی تایبەتییەوە، نارازی بوونێکی قووڵ لە بەڕێوەبەریی سەرەڕۆیانەی قاســـملوو کە هەر لە کۆنگرەی شەشـــەمەوە زیادی کردبوو، خۆی حەشار دابوو.

ئەم نارازییانە لە پشت ڕێبەرەکەیان، جەلیل گادانی، کۆنگرەکەیان بەجێهێشـــت تا حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران ـ ڕێبەرایەتیی شۆڕشـــگێڕ دامەزرێنـــن. ئـــەوان ژمارەیەکی بەرچاوی چەپەکانی نێـــو حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران و ئەوانەشیان کە لەوەی پێیان دەگـــوت شـــێوازە نادێموکراتیکەکانی قاســـملوو ڕەنجابوون، بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئـــەم جیابوونەوەیە تا ڕادەیەک لەوەی ١٩٨٠ قورستر بوو، لەبەر ئەوەی گادانیش هەر وەک بلووریان یەکێک لە کۆنترین چالاکان بوو و تا ڕادەیەک لەگەڵ حیزبەکە هاومانا بوو.

ڕێبەرایەتیی شۆڕشـــگێڕ هەر زوو لەگەڵ کۆمەڵە ئاشـــتیی کرد، شـــتێک کـــە حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران بە زەحمەتی دەبینی. سەرەڕای ئەمەش، قورسایی حیزبەکە لەگەڵ قاسملوو مایەوە و لە ماوەی دوو ساڵی پاشـــتریدا، ڕێبەرایەتیی شۆڕشـــگێڕ بە هۆی دارمانی ئیمپراتۆریی سۆڤیەت و لەنێوچوونی ئێعتباری مارکســـیزمی لایەنگری سۆڤیەت، لاواز بوو. ئەگەرچی ڕێبەرایەتیی شۆڕشـــگێڕ بەدوای ســـازش لەگەڵ حیزبـــی دێموکراتی

کوردستانی ئێراندا بوو، بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حەزی لە هیچ پاشەکشەیەک نەبوو و بە تەواوی ڕەنجابوو لە «لادەرەکان»، ئەو ناوەی ئەوان لەسەریان نابوون.

لەو ماوەیەدا، قاسملوو بە هۆی دۆستەکەی، جەلال تاڵەبانییەوە ئاگادار کرایەوە کە تاران دەیەوێ وتووێژ بکات. ئەوە هەواڵێکی باش بوو و بەمەش زنجیرەیەک وتووێژی نهێنی لە دێسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩دا لەڤیەننا ڕێک خران.

قاسملوو بە تەواوی ئەو بوێرییەی هەبوو کە هەوڵ بدات نێردراوەکانی تاران بێنێتە سەر ئەو خاڵە کە بە چاوبەستراوەییەوە نە داوای خودموختاری ڕەد بکەنەوە نە ئەو تکایە ڕەد بکەنەوە کە ناوچەی کوردستان دەبێ لە باری ئیدارییەوە وەسەریەک بێت، ئەگەرچی ئەوان هیچکام لەو داوایانەیان قەبووڵ نەکرد. لە مانگی مارسدا، قاسملووو بە ئاگاداربوون لەوەی کە تاران نایهەوێ وتووێژەکان درێژە بدات، خەمسارد بوو.

لە ژوئەندا، زۆر زوو پاش مردنی خومەینی، قاسملوو بەنیسبەت ویستی ئێران بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان ئاگادار کرایەوە. ئەو زۆر بەو هەواڵە دڵخۆش بوو، ئەگەرچی ئەجێنداکەی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە بەرنامەی لێبوردنی گشتی بۆ پێشمەرگەکانی نەبوو، بەڵکوو پەیوەندیی بە ڕێککەوتنێکی سیاسییەوە هەبوو. پاش خومەینی، شانسێک بۆ دەستپێکی نوێ هاتبووە گۆڕێ. کاتێک لێژنەکەی ئێران گەیشتە شوێنی وتووێژەکە، قاسملوو لەگەڵ یاریدەدەرەکەی و هەروەها نێونجیگەرێکی جێی باوەڕ لە ئاپارتمانێکی ڤیەن چاوەڕێیان دەکرد. هەر سێکیان تەقەیان لێ کرا و کوژران. ڕۆژی چلەی مردنی ئایەتوڵڵا مردووەکە بوو.

تیرۆری قاسملوو خەسارێکی گەورە بوو لە هیواکانی کورد درا. زۆرێک کە قاسملوویان لە نزیکەوە دەناسی، ئەویان بە شارەزاترین سیاسەتمەداری سەرانسەری کوردستان دەزانی. دوکتور سادق شەرەفکەندی، هاوکارێکی نزیکی قاسملوو، ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی لە پاش ئەو گرتە دەست. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر نەیانتوانی خۆیان بەرانبەر شاگەشگەبوون بە چارەنووسی قاسملووەوە بگرن و نەڵێن:

«دوکتور قاسملوو بوو بە قوربانییەکی تراژیکی هەڵەی سیاسیی خۆی و هەڵوێستی سازشکارانەی بەرامبەر ئەو تیروریستە چەقبەستووانەی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبەن ... ئێمە هیواداریین کە مەرگی دوکتور قاسملوو وانەیەک بۆ ئەو کەسانە بێت کە لە کۆنگرەی هەشتەمدا سیاسەتی سازشیان لا پەسندتر بوو لە خەباتی چەکداری.»

شەش حەوتوو دواتر، ئەندامێکی پایەبەرزی کۆمەڵە لە لارناکا تیرۆر کرا. شەرەفکەندیش زۆری پێ نەچوو تیرۆر کرا. ئەو لە سێپتامبری ١٩٩٢ لە بیرلین لە پاش بەشداربوون لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لەگەڵ سێ هاوڕێی تیرۆر کرا. جێگرەوەی شەرەفکەندی، ئەندامێکی کەمتر ناسراوی حیزبەکە، مستەفا هیجری بوو.

## خەباتی بەردەوام

تا ساڵی ١٩٩٣، هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم کۆمەڵە تووشی خەسارێکی زۆر ببوون: شکست لە مەیدانی شەڕدا، ناکۆکیی نێوخۆیی و تیرۆر. سوپایەکی دووسەد هەزار کەسیی ڕێژیم، سەرەڕای لاوازییان بەرامبەر ئەو هێرشانەی پاش تاریکان دەکرایە سەریان، کوردستانیان خستە ژێر کونترۆڵی خۆیان.

ڕێژیم بایی ئەوەندە هەستی بە ئاسایش دەکرد کە ئیزن بە ئازادیی کولتووری بدات، لە نێویاندا پروپاگەندە بۆ ڕووداوە کولتوورییە کوردییەکان و بڵاوکراوەی کوردی. سەرەڕای

ئەمەش، بە هیچ شێوەیەک ئامادەی نەرمی نوانــدن لــە بەرامبــەر گرووپە سیاســییە کوردییــەکان نەبــوو کە بەشــێکی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کــە ژمارەی ئەو پاســدارانەی دەخرانە کەمینەوە و دەکوژران دەســتی بە زیادبوون کردبوو.

ئێستا ئیدی پرسی وتوویژ هەر باسیشی نەبــوو. لە جیاتــی ئەوە، دەوڵەت دەســتی کرد بــە زنجیرەیەک هێرشــی تۆپخانەیی و ئاســمانی لــە دژی مەقەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران و کۆمەڵە لە نێو خاکی کوردســتانی عێراقدا کە قوربانیی کەمی لێ کەوتەوە بەڵام زۆرێک لە کوردانی عێراقی ناچار کرد کە گوندە ســنوورییەکان بەجێ بهێڵن. ڕەنگ بــوو تاران بە جۆرێک دژی ئەو هەڕەشــە پەرچەکرداری نیشــان دابــوو کە بــە هــۆی ڕزگاریــی نەتەوەیی ڕێژەیــی کوردانی ئێراق لــە ١٩٩١ بەولاوە هاتبووە ئاراوە، بەڵام لە پاییزدا پاش ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەدکردنەوەی تاڵەبانی و بارزانی بۆ دەرکردنی شۆڕشگێڕە کوردە ئێرانییەکان لە عێراق بووەوە ـ ئەوان ساڵێک پێشتر ئەو کارەیــان لەگەڵ شۆڕشــگێڕەکانی دژبەری تورکیــە کردبــوو ـ هێــزی پەرچەکرداری خێرای بۆ بەستنی سنوورەکان پێک هێنا.

ســەرەڕای ئەمەش سیاسەتی تاران زۆر بێ مانا بوو. سیاســەتی سڕینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران یان کۆمەڵە. تا ئەو کاتە هەر دوو حیزبەکە نوێنەرایەتیی هەســتی نەتەوەییی زۆربــەی کوردەکانیان دەکرد، هیچ دوورەدیمەنێکی ڕێئالیستیکی نەبوو. هەڵوەشــانەوەی هەر کام لەم حیزبانە بە هــۆی ناکۆکیــی نێوخۆیــی زیاتر ڕێی تێدەچوو تا ئەوەی بە هێرشی دەرەکی.

حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێران بــە بەردەوامی و بە ڕوونــی دەیگوت کە نە باوەڕ نە چاوەڕوانییی ئەوەی هەیە کە شەڕی پارتیزانی بباتەوە و هیــچ جێگرەوەیەک بۆ ڕێگەچارەی ئاشــتیانە شک نابات. سەرەڕای ئەوەش کەســانێکی پایەبــەرزی ئەم حیزبە بــە زمانــی هەڕەشــەی جیابوونــەوە لــە ئێران قســەیان دەکرد لــە ئەگەری ئەوەی کــە کۆمــاری ئیســلامی چەقبەســتوویی خــۆی بەرامبــەر داوای خودموختــاری بســەلمێنێت. وەک نموونــەی تورکیە، لە ئێرانیــش ڕەدکردنەوەی چەقبەســتووانەی ئامادەیی پاشەکشــە لــە بەرامبەر بیرۆکەی خودموختــاری ســەرەتای دەرکەوتنــی نیشانەکانی ســەربەخۆییخوازییەکی ڕەسەن بوو.

ئێران لە وڵامەکەیدا بەرامبەر شۆڕشەکە دوو لایەنی بنەڕەتیی پرسی کوردی لەبەرچاو ون کردبوو. یەکەمینیان ئەوە بوو کە زۆربەی شــەڕە پارتیزانییەکان بە هیچ شێوەیەک لە نزیک سنوورەکانی عێراق بەڕێوە نەدەچوون، بەڵکوو لە دەرەوەی ماڵــی هاودەردەکانیان و بــە درێژایی و پانتایی خاکی کوردســتان بەڕێــوە دەچــوون. وەک چــۆن یەکێک لە ئەندامانــی دەفتــەری سیاســیی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێران وتی «ئەوان [تاران] زۆر پۆشتەوپەرداخترن، ئەوان هەموو ئیمتیازەکانــی دەوڵەتێکیــان هەیــە. بەڵام هیــچ پێگەیەکی سیاســییان نییــە. تەنیا پێگەیان پایگایە لە ســەر هەر شــاخێک». میلیتاریزەکردنی کوردستان لە لایەکەوە بوو بە هۆی ئەوەی پارتیزانەکان ئامانجی هێزەکی زیاتریان لەبەردەستدا بوو بۆ هێرشەکانیان و لە لایەکی دیکەوە هەستی نەتەوەییی لە نێو جەماوەری خەڵکدا بەهێزتر کرد.

ئازادیــی جموجۆڵــە پارتیزانییەکان بۆ ژیان لە نێو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا نیشانەیەکی ســەرەکی بوو لە پێشکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە شۆڕشی گەلانی ئێــران بەملاوە. نیشــانەیەکی تــر خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ســەرکۆماری لــە ژوئەنی ١٩٩٣دا دەرخســت. پارێزگای کوردســتان

تەنیا پارێزگای ئێـــران بوو کە خۆی لەوانی تر جیا کردەوە و لە بەرانبەر ئەو کاندیدایەی کە سەرۆک کۆماری ئەوکات بوو، واتە عەلی ئەکبەر ئەفســـەنجانی، دەنگی بە کاندیدای دژبەر دا. دواجار هەستی نەتەوایەتی ڕێگەی خۆی بەرەو لای باشووری ڕۆژهەڵات کردەوە کە زۆربەی شیعەنشین بوو، بەشێکی بۆ ڕقی خەڵکەکە لـــە درندەیی دەوڵـــەت بەرامبەر ئـــەو کوردانەی لە باکـــووری ئەوان دەژیان، دەگەڕایەوە و بەشێکیشی بۆ ناخۆشەویستی و نرخی مرۆیی پشـــتیوانی لـــە ڕێژیمێکی ئیدیۆلۆژیکـــی لە شـــەڕ بـــە دژی عێراق لە ١٩٨٠کاندا دەگەڕایەوە.

سەیر ئەوە بوو کە هاوپەیمانی زۆر جێی متمانەی تاران لە کوردستان تا ساڵی ١٩٩٣ لە نێوان عەشیرە توندڕەوە شیعەکانی ئەهلی حەق، عەشیرەتەکانی گۆران و سەنجابی بوو. هەر لە سەرکوتی سەرۆک عەشیرەتەکانیان لە لایەن ڕەزا شـــاوە، دەســـەڵاتی ســـەیدە حەیدەرییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو. سەید نەســـرەدین وەکوو ڕێبەرێکی بەهێزی گۆران دەرکەوت، بە جۆرێک هاوتای سەردەمی شێخە سوننییەکانی کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدە لە کوردســـتانی عوسمانیدا بوو. ئەهلی حەقەکان کە بـــە کەمینەبوونی لەپەراوێزکەوتـــووی ئایینی خۆیان وشـــیار بوون، پشتیوانییان لە پەهلەوییەکان کردبوو و پێویســـتیی ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە لە پاش هاتنەســـەرکاری کۆمارێکی شـــیعە لە تـــاران کە شـــایی بە خۆ بوو، نـــەک کەمتر نەبوو بەڵکوو زیاتر بوو. ســـەید نەســـرەدین بۆ خودی خۆی پێشـــڕەوی ئەو هێزە ئەهلی حەقیانەی کرد کە لە شەڕی ئێران ـ عێراقدا پارێزگارییان لە سنوورەکە دەکرد، و بەمەش وەفاداریی زیاتری ئەمان لە ژێر ئاگری شەڕدا لـــە بەراورد لەگـــەڵ هـــەر کام لەیەکەکانی یەکـــەی بەســـیجدا ناوبانگی دەرکـــرد. پتر لەوەش، عەشیرەگەلێکی وەک سەنجابی کە لە ژێر دەسەڵاتی پەهلەوییەکاندا نەهامەتییان کێشـــابوو، تەنانەت سەرەڕای پشتیوانییان لە پەهلەوییەکان، پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی زیاتر ئامادەیە خزمەت بە ژیانی عەشـــیرەیی بکات، بەشـــێکی لەبەر ئەوەی عەشیرە خۆی لە خۆیـــدا ماکەیەکی گرینگـــی کولتووریی ئێران بوو و بەشێکیشـــی لەبەر زۆریی نرخی ئاژەڵداری لە وڵاتێکدا بوو کە بەدەست کەمیی گۆشـــتەوە بە ڕادەیەکی زۆر دەیناڵاند. بەڵام ئەمانە لایەنگەلێکـــی دەگمەن و جوانی ئەو پرۆسەی بە بێگانە زانینە بوو کە بەرامبەریان دەستی پێ کردبوو.

فاکتۆرێکـــی دیکـــە کـــە کێشـــەیەکی درێژخایەنـــی ڕووبەڕووی ڕێژیـــم کردەوە، فاکتۆری ئابووری بوو کە لەودا، کوردستانێکی هـــەژار نوێنگـــەی ڕەهەندێکـــی زەقـــی کێشـــەیەکی بەرینتر بوو. بەو حەشیمەتەی کە هەر بیست ســـاڵ کەرەتێک دووبەرابەر دەبوو، جێی گومان بوو کە ئێران هێشتا ئەو توانایییەی هەبێت کە وڵامی داخوازییەکان بۆ خۆراک، پەروەردە و دامەزراندن بداتەوە. لە ١٩٩٢دا، بێکاری لە نێوان ئەوانەی تەمەنیان کەمتر لە ٢٥ ســـاڵ بوو، هەڵکشـــا بۆ هەفتا لەسەد و ئاوسانی ڕاستەقینە سەدلەسەد بوو. وێدەچوو ئەوەی گرینـــگ بوو زیندوومانەوە بوو نەک پەرەسەندن.

لە کوردستاندا، ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییە خۆی لە دامەزراندن و کۆچ کردندا دەبینییەوە. لـــە نێوەڕاســـتی ١٩٧٠کانـــدا، شـــارەکانی کوردستان بۆ لەخۆگرتنی ئەو هێزی کارەی کە تا دەهات زیادی دەکرد، بەرینتر بوونەوە. تا ١٩٩٠، بەپێی مەزندەکان زیاتر لە شەست لەســـەدی کوردەکان شارنشین بوون، بەڵام ئێســـتا ژمارەیەکـــی زیاتر لـــەوان دەچوونە خوزســـتان بۆ کاردۆزینەوە لە پیشەســـازیی نەوتیان لە بەندەرەکاندا، یان ڕوویان دەکردە تـــاران. ڕێک بەپێچەوانەی ئـــەوەی ڕێژیمە ناوەندگەراکانی ناوچەکـــە زۆر پێی هیوادار

بوون کە دروست کردنی شوناسی میللیی نوێ و یەکدەست بوو، کۆچ کردنی خەڵک بۆ ناوەندە گەورە پیشەسازییەکان، زیاتر پێداگریی لەسەر هەستی جیاوازی، خۆ بە بێگانە زانین و شوناسی لۆکاڵی لێ بەرهەم دەهات.

بزووتنەوەی کوردی وا دیار بوو لەو گەرەکە قەراخ نشینانەی کە بە خێرایی حەشیمەتیان زیادی دەکرد و دەوڵەت لە دابین کردنی تەنانەت سەرەتاییترین خزمەتگوزاری تێیاندا بێ توانا بوو، ئەگەری گەشەسەندنی زیاتر بوو و لەو شوێنانە بزووتنەوەکە لەگەڵ ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی کە دەیانویست بە ئاستێک لە ناناوەندگەرایی بگەن، ئاوێتە دەبوو. کۆمەڵە بەتایبەتی زۆر زەحمەتی دەکێشا کە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کە هەر لە حاڵی پەرەسەندندا بوو، کەڵک وەربگرێت، بەڵام ڕێگەیەکی درێژی لەبەر بوو. بەپێی قسەی ڕێبەری کۆمەڵە، عەبدوڵڵا موهتەدی، «بە مەبەستی ڕێکخستنی خەڵک، دەوڵەت دەبێ بە ئاشکرا ناسەقامگیر بکرێت».

هیواکانی کورد بە لیبراڵیزەکردن لە دوای هەڵبژاردنی ڕیفۆرمیستی ئیسلامی، سەرکۆمار موحەممەد خاتەمی لە ١٩٩٧دا زیادی کرد. لەڕاستیدا، ٧٦ لەسەدی دەنگدەران لە پارێزگای کوردستاندا پشتیوانییان لە ناوبراو کرد. ڕوانگەی پلۆرالیزمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوبراو جۆرێک دەربازبوون لەو پارێزکاریخوازییە خنکێنەرە بوو کە بەرپرسانی دەوڵەتی لە ناوچەکەدا بەسەر خەڵکیاندا دەسەپاند. خاتەمی خەڵکناسێکی لەرۆژئاوا وانەدیتوو، عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادەی وەکوو پارێزگار بەمەبەستی چاودێری بەسەر پرۆسەی تواناسازی و ئاشتبوونەوەی کوردستانی سوننی دیاری کرد. ڕەمەزانزادە یەکەمین کوردێک بوو کە لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ئەم پۆستەی پێ درابوو. ناوبراو بە باشی دەستی پێ کرد و بودجەیەکی بەرچاوی لە تاران بۆ پەرەسەندنی بنەما ئابوورییەکانی ئەم پارێزگا بە زۆری پشتگوێخراوە سەند. ناوبراو هەوڵی بەهێزکردنی کۆمەڵگا خۆجێییەکانی دا، ئەویش لە ڕێگەی کۆبوونەوەگرتن لەگەڵ خەڵکی خۆجێیی و بەرزکردنەوەی چالاکانەی پلەی کوردەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەدا.

هەر بۆیە هیچ سەیر نەبوو کە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان لە فێوریەی ١٩٩٩دا، کاندیدا ڕیفۆرمیستەکان لە سەرانسەر پارێزگادا کاروبارەکانیان گرتە دەست. لە کۆتاییەکانی هەمان مانگدا کاتێک هەواڵی دەستبەسەرکرانی ئۆجەلان لە نایرۆبی بیسترا، ئەم ئامانجە سیاسییە [لیبراڵیزم] بە شێوەیەکی ئاشکراتر دەربرا. لە سەرانسەری شار و شارۆچکە گەورەکانی ناوچەکە، خۆپیشاندانی بەرین بەڕێوە چوو.

ئەمجارە بەرتەسکبوونی پرۆسەی ڕیفۆرمی خاتەمی لە ناکاو خۆی دەرخست. نە خاتەمی و نە پارێزگارە کوردەکەی ئامادەی قەبووڵ کردنی سەرهەڵدان نەبوون. هەر دووکیان پشتیوانییان لە سەرکوتک ردنێکی قورس کرد کە لەودا لانیکەم ٣٠ کەس کوژران، سەدان کەس بریندار و نزیک بە ٢٠٠٠ کەس دەستبەسەر کران.

ئەگەرچی هەڵسوکەوتی دەوڵەت بەرامبەر خۆپیشاندانەکانی فێوریە هیوابراوییەکی قووڵی بۆ کوردەکانی ئێران بەدواوە بوو، بەڵام ئەوان لە ئێستا هیچ بژاردەیەکی باشتر لە خاتەمییان نییە. خاتەمی پاڵپشتیی خۆی بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی نیشان داوە و بۆ خەڵکی کوردستان، کارکردن لە پێناو لیبراڵیزەکردن، سەرەڕای ئاستەنگەکان و هێواشیی زۆری پرۆسەکە، ڕەنگە جارێ بژاردەیەکی باشتر بێت تا ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار لەوبەر سنوورە نێونەتەوەییەکانەوە.

# کوردەکان لە ناو ئێران:

## هاوسەنگ‌کردنی ناسنامەی ئەتنیکی و نەتەوەیی لە ژینگەیەکی بەئەمنی‌کراودا

نووسەران:

شەهرام ئەکبەرزادە، زاهید شەهاب ئەحمەد، کۆستاس لاوتایدز و ویلیام گورلای

وەرگێڕان: کامران تەیمووری

## پوخته

کوردەکان لە ناو ئێران هەست بە پەراوێزخران لەناو سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دەکەن. لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لەسەر کوردەکان لەناو ئێراندا نیشان ئەدا ئەمان هیچ چەشنە باوەڕ و پەیوەست بوونێکیان سەبارەت بە دەوڵەتی ناوەندییەوە نیە و هیچ چەشنە پەیوەندییەکی سۆزدارییان سەبارەت بە ناسنامەی ئێرانی یان کۆماری ئیسلامی نیە. ئەو کەسانەی لەم ڕاپرسییەدا وڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، لە سەر ناسنامە و پەیوەست بوونیان بە ناسنامەی کوردیی خۆیان وەک خاڵی سەرەکیی گرێدراوی، لەڕادەبەدەر پێداگرییان کردوە. ئەم دابڕانە سۆزداری و سیاسییە لە ئێران، ڕژێمی ئێستاکەی ئێران دێنێتە ژێر پرسیاری جیددییەوە و لە لایەکی تریشەوە زەبرێکی کاریگەر لە دیسکۆرسی یەکێتیی ئەتنیسیتی و یەکگرتوویی ئێران، واتە هەر ئەو وتارەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەردەوام بەهێز دەکرێ، دەوەشێنێ. ئەم مژارە ڕژێمی ئەمێستاکەی ئێرانی خستووەتە ناو دۆخێکەوە کە بۆ ئەم کێشە سیاسییە، ڕێگا چارەی ئەمنی بگرێتە بەر. بەم حاڵەشەوە، بە پێی داتا بەردەستەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەئەمنی کردنی دژەکردەوەی ئێران بۆ کوردەکانی ئەم وڵاتە، تەنیا دەبێتە هۆکاری گەورە بوونی قەڵشتەکان و خراپتر کردنی دۆخەکە. تێڕوانینی ئەمنی سەبارەت بە ویستی کوردەکان بۆ بەشداری کردن و وەخۆگرتنی کوردەکان لە ناو سیستەمی سیاسی، ستراتێژیایەکی بەراوەژوو و تژی لە مەترسی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدوای خۆیدا دێنی.

## پێشەکی

لە مانگی ئەگۆستی ساڵی ٢٠١٧، بیژەن زەنگەنە وەک کوردێکی شیعە مەزهەب، بۆ ماوەیەکی چوارساڵەی تر، وەک وەزیری نەوتی ئێران هەڵبژێردرا. (ڕووداو، ٢١ آگوست ٢٠١٧). لە ڕواڵەتدا، هەر ئەوەی کە کوردێک بتوانێت ببێتە خاوەن پۆستێکی وەها گرینگ، نیشاندەری ئەو چەمکە باوەیە کە ئێران سروشتێکی چەند ئەتنیکییە. لە لایەنی دیرۆکییەوە، لە جیاتی ئەوەی ئێران وەک نەتەوە-دەوڵەتێکی یەک ئەتنیکی پێناسە بکرێت، وەک وڵاتێکی فرە کولتوری و مەدەنی لێی دەڕوانرێت کە ئەتنیکەکانی لەناویا پێکەوە دەژین. ئەم چەشنە ڕوانگەگەلە لە سەدەی بیستەمدا، لە دەسپێکەوە بە هۆی توندیی نەتەوەخوازیی بنەماڵەی پەهلەوی- خوازیاری یەکدەست کردنەوەی کۆمەڵگا بوون- و لەساڵی ١٣٥٨-١٩٧٩ لە ژێر سەروەریی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە نمونەیەکی ئیسلامیی بەسەردا سەپاندن، تووشی گۆڕان بوو. ناسنامەی نەتەوەییی ئێران لە سەر بنەمای خولانەوە لە ناو بازنەی دوو فاکتەری ئیسلامی شیعی (ئیسلامیەت) و ناسیۆنالیزمی ئێرانی (ئێرانییەت)دامەزراوە.

ناکرێ ناسنامەی نەتەوەییی ئێران وەک چەمکێکی ڕاوەستاو و چەقبەستوو سەیر بکرێت. ئەم وتارە لە سەر ئەم تێگەیشتنە نوسراوە کە ناسنامەکانی نەتەوەیی، گشتی و ئەتنیکی چەمکگەلێکی چەقبەستوو نین، بەڵکوو دەتوانن بەهۆکاری ڕووداوەکان، دیسکۆرسەکان، دامەزراوەکان و تەعامولەکانەوە بیچم بگرن. دەبینرێ چەمکەکانی ناسنامەی ئێرانی، توخمەکانی ئێرانییەت و ئیسلامییەتیان لە هەناوی خۆیاندا حەشار داوە؛ پرسیار ئەمەیە؛ ئاخۆ ئەوان توانستی بەرهەمهێنانی کەشێک، یان مەودایەکیان بۆ سروشتی چەن ئەتنیکی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی - کە زۆریش پێوەی دەنازن- هەیە یان نا؟ بیچم گرتنی ناسنامە لەناو ئەم دۆخە تێکچڕژاو و چەند

ڕەهەندییەوە کێشـــەی سیاسیی بەدواوەیە. هەر وەک چۆن ناسنامەی نەتەوەیی جێگای مشتومڕە، پێویستە ناسنامە ئەتنیکییەکانیش هەر بەم شێوازە هەم وەک ناسنامەی گشتی و هەم لـــە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناســـنامە نەتەوەییەشدامشـــتومڕیان لەســـەربکرێ.

سەرەڕای دەستنیشـــان کرانی زەنگەنە وەک وەزیری نەوت، بەڵام ئەم وڵاتە بەڕوونی پەرۆشـــیی خـــۆی ســـەبارەت بـــە کەمینە ئەتنیکییەکانی خۆی هەیە. لە سێپتەمبەری ســـاڵی ٢٠١٨، تاران هێرشـــی کردە ســـەر دژبـــەرە کوردەکانی خۆی لـــە عێراق و بە پێی ڕاپۆرتەکان، سێ چالاکی کوردیشـــی لەســـێدارە دا. (ئەلجەزیرە ٩ ســـێپتەمبەر) ڕەنگە ڕژێمی ئیســـلامیی ئێران وەک ناســـنامەیەکی چـــەن لایەنە و پلـــۆڕاڵ بیەژرێنـــێ. بـــەڵام کێشـــەیەکی بنەڕەتیـــی نێوان ئەمـــە و چەمکێکی گشـــتگیر وەک ئوممەت لەئارادایە و ئەمە خۆی لەســـەرووی مژارەکانی جیاوازیـــی ئەتنیکییە. ڕژێمی کۆماری ئیســـلامی لە هەوڵی بەربەســـت کردنـــی جووڵەی سیاســـی و ئەتنیکـــی و دیزە بـــە دەرخۆنە کردنی ویســـت و داخوازی و مافەکانـــی کەمینەکانە، بە هۆی ئەوەی هەم پوتانسییەلی گرژیی کۆمەڵایەتی - سیاسییان هەیە و هەمیـــش چەمکـــی یەکگرتوویی نەتەوەیی دەبەنە ژێر پرســـیارەوە.

بەشـــداربووان لـــە ڕێگـــەی نمونـــە هەڵگرتنـــەوەی ســـنۆباڵ- تۆپەڵـــە بەفری- هەڵبژێردرابـــوون، تیمـــی لێکۆڵـــەر کەوتنە پەیوەندی گرتن لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار لـــە ناوخۆی ئێـــران و جێگاکانی تر. هەر لە دەسپێکیشـــەوە ناو و شێوازەکانی پەیوەندی گرتن لەگەڵیان دەسنیشـــان دەکرا. سەرەتا تیمی لێکۆڵـــەر بەشـــداربووانیان لە ڕێگای ئیمایلـــەوە بانگهێشـــت دەکـــرد و لینکـــی پرسیارەکان بۆ ئەو کەســـانەی حەزیان لێ بوو دەنێردرا. کۆ کردنەوەی ئانلاینی داتاکان بە مەبەســـتی دروســـت نەبوونی کێشـــەی ئەمنـــی هەڵبژێردرابوو. پرســـیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیـــە بۆ توێژینەوە لەســـەر مژاری ناســـنامە، بەشـــداریی سیاســـی و بەئەمنی کردن لە ئێران گەڵاڵـــە کرابوون. بۆ ئەوەی بەشـــداربووان نەناســـرێنەوە، هـــەر کامیان ژمارەیەکـــی تایبەتیان لە ژمـــارە١ هەتاکوو ژمـــارە ٩٦ پێ درابـــوو، لەم وتارەشـــدا بۆ ڕێفرێنـــس پێـــدان ئامـــاژە بە ژمارەکەیان دەکرێ.

ئێران لە لایەکەوە خۆی وەک وڵاتێکی لایەنگری فرەیی نیشان ئەدات بەڵام لە کردەوەدا زۆر بە توندی کاروباری پەیوەندیدار بە کەمینەکان لەناو سیستەمدا کۆنترۆڵ دەکات

ئەم وتارە بە لێکۆڵینەوەی جموجۆڵـــی بیچـــم گرتنـــی ناســـنامە و ئەولەهـــی لـــە ئێرانێکی چـــەن ئەتنیکییەوە دەســـت پێ دەکا. دواتر لەمە دەکۆڵێتـــەوە کە بـــۆ ڕژێمی ئێـــران وەک مەترســـییەک دەڕوانیتە گرووپە کوردییەکان و جەخت دەکاتە سەر ئەوەی لـــە هەندیـــک ســـەردەمدا، کـــوردەکان سیســـتەمی سیاســـییان هێناوەتـــە ژێـــر پرســـیار. لە لایەکی تـــرەوە، ئەم وتارە ئەو پێشـــکەوتنە سیاســـییانەی کوردەکان لە ســـەردەمی ســـەرۆک کۆماریی خاتەمی و وەدیارکەوتنی سیاســـەتی ڕیفۆرمیســـتی و ســـەردەمەکانی ســـەرۆک کۆماریـــی ئەحمەدینژاد و ڕۆحانیش دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە کۆتاییشـــدا، هەڵوێســـتی کوردەکان ســـەبارەت بە دۆخی بەسیاسی کـــراو و بەئەمنی کـــراو و کاریگەریی ئەمە لەســـەر بیچم گرتنی ناســـنامەی کوردی دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی لەســـەر دەکرێ.

## ناســـنامە، کەمینـــەکان و ئەولەهی لە ئێران

زۆر جــار نزیک بوونــەوەی فرەئەتنیکی لە ئێران وەک هێمایەک بۆ تۆلێرانسی بنەڕەتی و ویســتی کەمینــەکان بــۆ پەژراندنی ئەم فرەییە بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیر کراوە. بەڵام لە سەرەتاکانی ســەدەی بیستەمەوە، دەســەڵاتە یەک لە دوای یەکە ئێرانییەکان، هەندێک سیاســەتیان گرتــە بەر کە کەمتر خوازیاری پەژراندنــی ئەم فرەییە بوون. لە ماوەی شۆڕشی مەشرووتەدا (١٩١١-١٩٠٥) زمانی فارســی وەک زمانی فەرمیی تەواوی ئێرانییەکان هەڵبژێــردرا و دوابەدوای ئەمە، ڕەزاشا(١٩٢٥-١٩٤١) سیاسەتی زۆرەملیی ســەبارەت بە بەفارس کــردن و بەرەوپێش بردنی پرۆســەی دیموکراتیزاسیۆن لە ئێران بەڕێوە بــرد. لەم سیاســەتەدا فارس بوون هاوتای مۆدێــرن بوون بوو و نافارســەکان وەک دواکەوتوو ســەیر دەکــران. بە بڕوای دەنیــز ناتالــی زەق بوونەوە و هەڵکشــانی ناســیۆنالیزمی فــارس لــەم ســەردەمەدا کاریگەریی نایە سەر هەڵکشان و بەسیاسی کردنی ناســنامەی کوردی. هەوڵدانی زۆرە ملی بۆ ئاســیمیلە کردنــی کەمینەکان لە ســەردەمی حەمەرەزا شادا (١٩٤١-١٩٧٩) کەمتــر بووبوو. بــەڵام داکۆکــی کردن لە کۆنترۆڵی ناوەند و ناسنامەیەکی نەتەوەییی فارسی و یەکدەست هەر وەک خۆی مابۆوە.

بــەڵام هەڵوێســتی کۆماری ئیســلامی لەمــەڕ زۆرێتیی ئەتنیکــی چەمەوازتر بوو. دەســتووری ئێران لە ســەردەمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی مافی کەمینە ئەتنیکی و عەشــیرەیییەکان هەڵگری هەندێک مەرج بوو. خاڵی ١٩ی دەستوور پێی وایە: خەڵکی ئێران بە بــێ لەبەرچاوگرتنــی گرێدراویی ئەتنیکی و عەشیرەیی خاوەن مافی یەکسانن. ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و شــتی تر نابێ ببێتە هۆکاری باڵادەســتیی یەکێک لەمانە بەسەر ئەمەی تردا.

لــە پاش شــەڕی ئێــران و عێــراق و لەســاڵی ١٩٩٠ بەدواوە، ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی ســەرنجێکی زۆرتری داوەتە پرسە ئەتنیکییەکان. هــەروەک دواتریش ئاماژەی پــێ دەکرێ، زۆربــەی بەشــداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر ئەم بڕوایەن دەسەڵات چاوەدێرییەکی وردی بەسەر ئەتنیکەکانەوە هەبووە.

ڕەنگە هەر دەســەڵاتەی بە شــێوازێکی جیاواز لە هەمبەر فرە ئەتنیکی هەڵوێســت بگرێ. یەکەم؛ ڕەنگە فرە ئەتنیکی نەپەژرێنێ و هەوڵی یەکدەســت کردنی کۆمەڵگا بدات. یــان ئەگەر بێت و فــرە ئەتنیکی بە فەرمی بناســێ، ئــەوە دوو ڕێگا بگرێتــە بەر؛ یان گرووپی باڵادەســت لە سەر ئەستۆی ئەوانی ترەوە هەڵبژێرێ یان بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیری و بەرگری کردن لە تەنگەژەی نێــوان ئەتنیکەکەن، ئــەوە بەڕێوەبەربردنی ئەتنیکەکان بگرێتە بەر. ئێران یەکەم ڕوانگە بەکار ناهێنێ، بەڵکــوو پێداگرییەکی زۆرتر لەســەر پێگەی خــۆی وەک وڵاتێکی فرە ئەتنیکی دەکات.

ئــەم وتــارە بەڵگە دێنێتــەوە کە ئێران تێکەڵاوێک لە هەر دوو ڕوانگە بەکار دێنێ، لــە لایەکەوە خۆی وەک وڵاتێکی لایەنگری فرەیی نیشــان ئەدات بەڵام لــە کردەوەدا زۆر بــە تونــدی کاروبــاری پەیوەندیدار بە کەمینــەکان لەنــاو سیســتەمدا کۆنترۆڵ دەکات؛ تاکــوو ناســنامەی ئێرانــی، وەک نەتەوەی باڵادەســت بپارێزرێ. لە ڕاســتیدا زۆرێک لە بەشــداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریانبڕیوە کــە بەهــۆی ئەتنیکەکەیانەوە لەلایەن بەرپرسانی حکوومییەوە نەیانتوانیوە بگەن بە زۆرێک لــە دەرفەت و ئیمکانەکان.

ڕوانگەی تاران بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەتنیکەکان، دەرئەنجامی پوتانسیەلی فرەییی ئەتنیکی بــۆ نانەوەی پشــێوی و ئالۆزییە.

لێرەدا ئەولەهی پێناسەیەکی سەرووتر لە پێناسەکانی پەیوەندیدار بە ئەولەهیی سەربازی، سیاسی، ئابووری و پەرۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بەخۆوە دەگرێ. لە ڕاستیدا ئەولەهی بۆ ئێران گرێدراوی کۆیەکی ئاڵۆزی فاکتەرە ناوەکی و دەرەکییەکانە. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕەنگە کێشە و گرفتە ئەتنیکییەکان لە ئاستی جیاوازدا وەک سەرچاوەی گرۆگەف بۆ دووزەنە-نەزم-ی سیاسی، ئابووری یان دامەزراوەیی یان لە ڕاستیدا بۆیەکپارچەییی ئێران، بناسرێن. بەڕێوەبردنی گرووپە ئەتنیکییەکان لێرەدا بە مانای هەوڵدان بۆ مانەوەی ڕژێمە. لە ئاکامدا، سیاسەتی ئەتنیکی بەئەمنی دەکرێ. لەناو سیستەمگەلێکی لەم ڕەنگەدا، پێویستە مەترسییەکان پوچەڵ بکرێنەوە و ئەمەش پاساو بۆ بەکارهێنانی هەندێک کردەوە دێنێتەوە کە لە خۆیدا لەناو سیاسەتی ڕۆژانەدا ڕێگا پێدراو نیە.

بەشداربووان لەم توێژینەوەیەدا بەردەوام وتوویانە تاران وەک مەترسییەکی ئەولەهی لێیان دەڕوانێ. بۆ نموونە؛ بەشداربووی ژمارە ٣٤ وتوویەتی؛ دیسکۆرسی دەسەڵاتی دوای شۆڕش بەردەوام نەتەوەی کوردی وەک مەترسییەک بۆ ئەولەهیی ئێران بینیوە. ڕاسموس کریستیان ئێلینگ پێی وایە تاران بە نیسبەت هەندێک لە ئەتنیکەکان بە ڕوانینی گۆپاڵ و گێزەر نزیک دەبێتەوە. هەندێک لە ئەتنیکەکان تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی ڕژێم بگونجێنن. بەڵام کوردەکان ئەم ویستە لە خۆیانەوە نیشان نادەن. لە ڕوانگەیەکی دیرۆکییەوە، کوردەکان بەردەوام بۆ دەسەڵاتەکان کێشەیان ناوەتەوە و بە هۆکاری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سنور، بەرەنگاری لە هەمبەر بە فارس کردن و ناسنامەی ئایینیانەوە وەک سوننە، ئەمێستاکەش وەک گەورەترین مەترسی بۆ ڕژێمی ئێران دەنرخێندرێن.

لەسەر ئەم بنەمایە، لەناو گشت کەمینەکانی ناو ئێران، ئەوە کوردەکانن لە ناو دۆخێکی بەئەمنی کراودا جموجۆڵیان هەیە. وەک ڕاستییەک، لە ساڵی ٢٠١٨ کوردەکان ٤٥ لە ١٠٠ی بەندییەکان لە ئێران پێکدێنن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی وەک تورکیا ناسنامەی کوردی ئینکار نەکردووە، بەڵام مەبەستی لە کوشتنی بەئامانجی ڕێبەرانی کورد، ئیفلیج کردنی بزاڤە سیاسییە کوردییەکان بووە. ئەم دۆخە، سەرەڕای بەڵێنی ڕۆحانیش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ لیبرالیزە کردنی گشتی و ئازادیی سیاسی لە ئێران، لە سەردەمی سەرۆک کۆمارییەکەشی هەر بەردەوام بووە.

## کێشە کوردییەکان، پێش شۆڕش و دوای شۆڕش

لەسەردەمی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، داخوازیی کوردەکان بە گشتی سڕینەوەی ناوەندخوازی یان دیموکراتیزاسیۆن بووە، بێ ئەوەی ویستی سەربەخۆیی زۆر لە زیادی بدات. بەم حاڵەشەوە، لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، لە هەر کاتێکدا دەرفەت هەبووبێ، ئەوە کوردەکان ویستی خۆیان بۆ جووڵەی سیاسیی جیاواز و سەربەخۆییخوازی نیشان داوە. یەکێک لە نموونەکان، هەوڵدانی کوردەکان بۆ دامەزراندنی یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ لەسەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم، لە بۆشاییی داگیر کردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤیەت و لەسەر حوکم لاچوونی ڕەزا شا بووە. شۆڕشەکانی پێشووی کورد، لەلایەن هۆز و عەشیرەکانەوە بەڕێوە دەچوون، بەڵام ئەمجارە لەلایەن گرووپێکی چەپئاژۆ و ئێلیتی شارنشین بوو و مەبەستیان دامەزرانی ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی بوو.

چینی ناوەندیی نوێ، ناسیۆنالیزمی کوردییان جڵەو کردبو و بە مەبەستی ڕێ گرتن لە تەشەنەی بەفارس کردن، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان پێکهێنابوو. لە ژانویەی ساڵی ١٩٤٦، قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ١٣ ئەندام پەرلەمانی تر، دامەزرانی کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. تەمەنی ئەم کۆمارە زۆری نەخایاند و هاوکات لەگەڵ کۆتایی پێ هاتنی یارمەتیی سۆڤیەت، دارما. هێزەکانی ئێران لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦ کۆنترۆڵی مهابادیان گرتەوە دەست خۆیان و سزای لە سێدارەدانیان بەسەر قازی محەممەد و ئێلیتەکانی تردا سەپاند. بەم حاڵەشەوە، کۆماری (کوردستان لە) مهاباد، بوو بە نمونە و وینایەکی گرینگ و کاریگەر.

دواتر، عەبدولرەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ئاوای نوسی: گشت نەتەوەی کورد کۆماری مهابادیان وەک هێمایەک لە ویست و هیواکانیان دەبینی و هیودار بوون ئەمە ببێتە ناوەندێک بۆ هەوڵ دان لە پێناوی ئازادیی گشت کوردستان. هەر بۆیەش بەرپرسە ئێرانییەکان، مەترسیی ناسیۆنالیزمی کوردییان هەست پێ کرد، مەترسییەک کە لە مهابادەوە دەستی پێ کردبوو. دوای کۆماری مهاباد، جم و جۆڵی سیاسیی کوردەکان دامرکایەوە؛ بەڵام دیسان هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی نارەزایەتیی گەل لە دژی شا کە دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، سەری هەڵدایەوە.

لە سەرهەڵدانەکاندا گرووپی جیاواز بەشدارییان کردبوو، بەڵام کوردەکان ئەمجارەش ڕێگایەکی تریان گرتە بەر. لە حاڵێکدا لە هەموو شوێنێک، ئەوە مەلا شیعەکان بوون، جەماوەریان بە ڕێکخستن دەکرد، لە زۆربەی شارە کوردییەکان ئەوە مەلا سوننەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی وەک کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بوون ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا.

دروشمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران بوو. بۆیە کوردەکان خاوەن ڕێبازی خۆیان بوون، و ئەمەش هەر لە درێژەی ڕێڕەوی شۆڕشێک بوو کە خومەینی و لایەنگرانی هەڵیانبژاردبوو. هەردووکیان خوازیاری ڕووخانی شا بوون، بەڵام دواتر ڕوانگە سیاسییەکانیان گۆڕا.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی وەک تورکیا ناسنامەی کوردی ئینکار نەکردووە، بەڵام مەبەستی لە کوشتنی بەئامانجی ڕێبەرانی کورد، ئیفلیج کردنی بزاڤە سیاسییە کوردییەکان بووە**

لەسەرەتای وەلانان و وەدەرکەوتنی شا، جموجۆڵی کوردەکان دەستی پێ کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەشی کراوەی نوێ و بەدواداچوونی ئامانجی خۆی، واتە ئۆتۆنۆمی- و سەقامگیر کردنی لە ناو دەستوردا- هەوڵی دا. لەو کاتەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی سەقامگیر کردنی پێگەی خۆیدا بوو، کوردەکان گەورەترین کێشەیان بۆ دروست کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێداگریی لەسەر ئۆتۆنۆمی کرد. لەسەر ئەم بنەمایە، شاندێک لە کوردەکان لە قوم چاویان بە خومەینی کەوت، بەڵام داخوازییەکانیان ڕەد کرایەوە. دوابەدوای ئەمە، لە نێوان پێشمەرگە کوردەکان و هێزە شۆڕشگێرە[ئیسلامییەکان] پێکدادان ڕووی دا و لە ئاکامدا، تا چەند ساڵ دواتر، هەندێک ناوچە لە ژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا مایەوە. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، ڕژێمی نوێ،

داخوازیی کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمیی وەک پێشەکییەک بۆ سەربەخۆیی لێکدایەوە. لەم توێژینەوەیەدا، ئەم لێکدانەوەیەی ڕژێم لە سەر ئۆتۆنۆمی، لەگەڵ بەشداربووەکان باسی لەسەر کرا. بۆ وێنە؛ بەشداربووی ژمارە ٣٥ وتی، ڕژێمی ئێران داخوازیی نەتەوەکانی تریش بۆ وەدەسهێنانی مافەکانیان، وەک هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی- جیابوونەوە- لێکدەداتەوە.

خومەینی، لە وتارێکی ناسراوی خۆیدا، ڕوو لە گەلی کوردستان وتبووی ئیسلام بۆ یەکێتییە و پڕۆژەی جیایی کورد، لور، فارس و... لە یەکتر، قەبوڵ ناکرێ. خومەینی هۆشداری دایە کوردەکان، فریوی ئەو کەسانە نەخۆن کە خوازیاری تەفرەقە و جیایین.

بەم بەڵگاندنە کە لە ناو ئیسلامدا هیچ چەشنە جیاوازییەک لە نێوان دوو موسوڵماندا نییە کە بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن، بەردەوام هیرشی دەکردە سەر ڕامانی جیایی و جیاوازیی ئەتنیکی. وتەکانی خومەینی نیشاندەری ترسی بەردەوامی تاران لە جموجۆڵی جیاوازی ناو کەمینە ئەتنیکییەکان بوو. ئەم ترسە بە هۆی پێگەی ئەوان لە ناوچە سنورییەکانی ئێران و بوونی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی سنورەکان هێندەی تر ڕووی لە زیادبوون دەنا. لە ڕاستیدا، بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە تەواوی لەسەر پێشکەوتنە کوردییەکان لە دەرەوەی ئێران ئاگادارییان هەبوو و بە ڕێزەوە باسی پێشکەوتنە سیاسییەکانی کوردەکان لە سوریا و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە عێراق لەسێپتەمبەری ساڵی ٢٠١٧یان دەکرد.

میدیاکانی سەر بە دەسەڵاتی ئێران وەک پرێس تیڤی، ڕیفراندۆمیان وەک دنەدانێکی دەرەکی ناو دێنا و ئەمە نیشان ئەدا تارانیش بە پەرۆشەوە، دەیڕوانییە کاریگەرییە سیاسییە دەرەکی و ناوەکییەکانی و هەمیش بە نیسبەت دەستێوەردانی دەرەکی، دڵەڕاوکێی خۆی هەبوو. لە ڕاستیدا ڕژێمی ئێران نیگەرانی کەڵک وەرگرتنی هێزە دەرەکییەکان لەگرووپە ئەتنیکییەکان، بە مەبەستی لاواز کردن و نانەوەی مەترسی بۆ سەرەوەریی وڵاتی ئێران بووە. بە مەبەستی لابردنی ئەم چەشنە دڵەڕاوکێیانە، تاران هەوڵی پەرەپێدانی ئەم ڕوانگەیە دەدا کە ئیسلام دەتوانێ تەواوی ئەتنیکەکانی ناو ئێران لە خۆیەوە گرێ بداتەوە. چەمکی برایەتی لە ئیسلامدا بە مەبەستی ڕاگرتنی ئەتنیکەکان لەلای یەک، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

**لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، لە هەر کاتێکدا دەرفەت هەبووبێ، ئەوە کوردەکان ویستی خۆیان بۆ جووڵەی سیاسیی جیاواز و سەربەخۆییخوازی نیشان داوە**

بەم حاڵەشەوە، خومەینی سەبارەت بە کوردەکان جیهادی ڕاگەیاند. ئەوانی تاوانبار کرد لە دژی شۆڕش جموجۆڵیان هەیە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و قاسملووشی وەک «مفسد فی الارض» ناساند. پارێزگا کوردەکان لە ماوەی ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئێران تووشی توندوتیژی بوون و ڕژێم بەمەبەستی وەدەستهێنانەوەی ئەم ناوچانە، تۆڵەی لە پێشمەرگە کوردەکان کردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمە، دوای ئەوەی کە کوردەکان لەیەکەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی مانگی مارسی ساڵی ١٩٨٠، بە گشتی دەنگیان دایە بەربژێرە کوردەکان و دەسەڵاتیش دەنگی کوردەکانی بەتاڵ کرد، ئایدیای یەکسانی لە ئیسلامی خومەینیدا لە کوردەوەدا،

نەگەیشـــتە ئامانج. زۆریک لە بەشداربووان لەم توێژینەوەیـــەدا باســـی ئەزموونەکانی خۆیان لەسەر پەراوێزخران بە هۆی سوننە بوونیـــان کردووە. بـــۆ وێنە بەشـــداربووی ژمارە ٤٧ نوســـیویەتی؛ من لە ئێراندا وەک سوننەیەک دەناسرێم و هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری پەراوێز خرانی من.

رژێمی ئیســـلامی هەر کە دامەزرا، هیچ چەشـــنە مەودایەکی بۆ کردەی سیاســـیی پەیوەندیدار بە ئەتنیکەکان نەهێشـــتەوە. بە لایەنی تیـــۆرەوە، لە ژێـــر زاڵێتیی چەمکی گشـــتگیری ئوممەتدا، نەدەبوا هیچ چەشنە جیاوازییەک لە نێوان شیعە و سوننەدا مابایەوە. بەم حاڵەشـــەوە، هەندیک لـــە بیرمەندەکان پێیان وایە لە کردەوەدا، ناســـنامەی ئێرانی دوای شـــۆڕش، لەســـەر بنەمـــای زاڵێتیی شوناسی فارسی-شیعە دامەزراوە و بەم پێیە شیعەبونیش وەک نموونەی بەفارسی کراوی ئیســـلام ناســـێندرابوو. هەر ئەوەی کە هیچ مزگەوتێک بۆ سوننەکان لە تاران بوونی نیە، ئەمە خـــۆی نیشـــاندەری لەبەرچاونەگرتنی ئەوان لەلایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوەیە. هەلاواردنـــی ئەتنیکـــی لـــە ناوچە ســـوننە نشـــینەکان کورد و بەلـــوچ و تورکمەن، لە بەشە گەشەنەســـەندووەکانی ئێران پەرەی سەندووە. جگە لەمەش ئەوان پۆستی بالایان پێ نادرێت. بیـــژەن زەنگەنە وەزیری نەوتی ئێران، کوردێکی شـــیعەیە. سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی دانیشـــتووانی پارێزگای کوردستان کـــوردی ســـوننەن، هەرگیـــز پارێزگارێکی کوردیان نەبووە. لێرە دیســـانیش ئەزموونی بەشداربووان لەم توێژینەوەیەدا نیشانی ئەدا کوردەکان بەهۆی ســـوننە بونیانەوە، پەراوێز خراون و رژێمیش لە سەر بنەمای تێڕوانینی برایەتیی ئیسلامی هەڵسوکەوت ناکا.

ئێلیز ساناســـاریان، پێـــی وایە زۆر جار کەمینـــەکان لـــە رۆژهەلاتـــی ناقیـــن، بە هۆی پەراوێزخرانیان، لە پێگەی سیاســـیی ســـێکولارەوە نزیک دەبنەوە. ساناســـاریان لێـــرەدا ئامـــاژە دەکاتـــە ســـەر کەمینـــە ناموسوڵمانەکان، بەڵام ئەم بەڵگەهێنانەوەی ئەو ســـەبارەت بـــە کوردەکانیش، راســـتە. گشـــت پارتە سیاسییە ســـەرەکییەکان لە ئێـــران، عێراق، ســـوریا و تورکیا ئەم ڕێبازە ســـێکۆلارەیان گرتووتـــە بەر. لـــە روانگەی ئێلیتەکانی کۆماری ئیســـلامیی ئێرانەوە، بە هۆی مەیلەو ســـێکۆلار بوونـــی کوردەکان، پێویســـتە بـــە پارێـــزەوە لە گـــەڵ چالاکە سیاســـییە کوردەکان هەڵسوکەوت بکرێت. هـــەر وەک لـــەم توێژینەوەیەشـــدا هاتووە، لـــەم دۆخەدا نارەزایەتی و بەرەنگاری لە ناو کوردەکان پەرە دەسێنێ. بەشداربووی ژمارە ١٦ ئەڵێ من کەسێکی ســـێکۆلارم، بوونی ناسنامەی شیعە یان سوننە بۆم گرینگ نیە، بەڵام نزیک بوونەوەی دەسەلات لە خەڵکی، لە ژێـــر کاریگەریـــی ئاییـــن و بڕواکانیانە. ئەمە فاکتەرێکی ســـەرەکی بـــۆ بەدیهاتنی ڕوبەڕووبونەوەیـــە. بەشـــداربووی ژمارە ١٤ دەنوسێ: من کەســـێکی ئایینی نیم، بەڵام پێموایە ســـەرکوت کـــردن بەشـــێوازێکی سیستەماتیک لە دژی سوننەکان لەئارادایە و بەتایبەت بۆ پرسەکانی پەیوەندیدار بە کار و دامەزران، لە دەرەوەی یاســـای بنەڕەتیە.

گرووپە کوردییەکان بەردەوام لە هەوڵی دروســـت کردنـــی ئۆتۆنۆمی یـــان تەنانەت کەم کردنەوەی ئاســـتی ناوەندخوازیدا بوون و ئەمـــەش دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی تاران هەست بەوە بکا کوردەکان گرێدراوییان بە ئێرانێکی یەکگرتووەوە نییە. بە پێچەوانەوە، هەلاواردنـــی کـــوردەکان دەبێتـــە هۆکاری ئەوەی کوردەکان ئینتیمایەکی زۆر کەم لە خۆیان بۆ کۆماری ئیســـلامی نیشان بدەن. کێشـــە و ئاڵۆزییەکان هەڵقـــولاوی نەبوونی متمانـــەی دوو لایەنەیـــە. لە راســـتیدا ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە لە ســـالانی ١٩٨٠ تاکوو ســـالانی ١٩٩٠ بەردەوام بووە.

## سەردەمی خاتەمی و ئەحمەدی‌نژاد

سەرۆککۆماریی محەمەد خاتەمی (٢٠٠٥-١٩٩٧) گۆڕانیک لە ژیانی سیاسیی لە ئێراندا بوو. دروشمی خاتەمی، یەکگرتوویی بۆ گشت ئێرانییەکان بە هەر ئەتنیک و ئاییینزایەک بوو. بە تایبەت خاتەمی لەسەر ئەم بڕوایە بوو جیاوازییەکان خاوەن کاریگەرییەکی گرینگن بۆ بەدیهێنانی ئێرانێکی بەهێز و خاوەن شانازی. ڕوانگەی سیاسیی خاتەمی و بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازەکان وەک گشتێک دەیڕوانییە کۆمەڵگای ئێرانی؛ بەڵام هاوکات هەندێک قازانجیشی بۆ کەمینەکانی ناو ئێران هەبوو. خاتەمی هەوڵی دا ئەم کەمینانەش بێنە ناو پانتای سیاسی. ڕەنگە ئەمە وەک لێهاتوویی سیاسی و وەرگرتنی دەنگی کەمینەکانیش بناسرێت، بەڵام لە چوارچێوەی تێڕوانینی سیاسی بۆ کۆماریش دەگونجێ و ئەمەش ڕیشەی لە ناو چەمکی دادپەروەریی ئیسلامیداهەیە.

کەمپەینی هەڵبژاردنی خاتەمی بە مەبەستی بەشدار کردنی کەمینە ئەتنیکییەکان و سەفەری بۆ پارێزگاکان ڕووداوێکی نوێ بوو. دروشمی هەڵبژاردنی خاتەمی «ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان» بوو. لە سەردەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی خاتەمیدا، پارێزگا کوردییەکان زۆر بە توندی میلیتاریزە کرابوون. کە چی تاران بۆ ماوەیەکی درێژ بوو سەرنجێکی ئەوتۆی نەدابوو بەم ناوچانە. خاتەمی ڕوانگەی نوێی بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کرد و لەوتاری خۆیدا لە سنە وتی: کوردستان قەڵخان و پارێزڤانی سەقامگیریی ئێران لە هەمبەر هێرشەکان بووە و نەتەوەی ئێران هەبوونی خۆی، لە هەبوونی کوردەکاندا دەبینێتەوە کە لە ئاست دوژمندا بەرەنگارییان کرد.

پێشکەوتنەکانی خاتەمی لە سەرووی دروشم و دیسکۆرسی خاتەمی هەنگاویان نا. خاتەمی بۆ یەکەم جار لە ئێران، عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادەی وەک کوردێکی شیعە، لە پۆستی پارێزگاری کوردستان دامەزراند. ڕەمەزانزادەش بۆ کەم کردنەوەی گرژییەکان، هەژمارێکی زۆرتری لە کوردەکان لە پۆستە حکومییەکان دامەزراند. سەبارەت بەوەی خاتەمی ڕادەی دەستێوەردانەکانی تارانی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکان کەم کردبووەوە، بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان لە پارێزگا کوردییەکان و لە ئاستی وڵاتدا خاوەن ئۆتۆنۆمییەکی زۆرتر بوون. بەڵام بەم حاڵەشەوە، لە ڕێگای زانیاریی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیەوە، دوودڵی و گومانەکان سەبارەت بە خاتەمی لە ناو کەمینەکان هەر مانەوە. یەکێک لە بەشداربووان دروشمی ئێران بۆ ئێرانییەکانی وەک تەپڵێکی بەتاڵ ناو بردووە. یەکێکی تر لە بەشداربووان پێی وابووە خاتەمی تەنیا بە مەبەستی کۆ کردنەوەی دەنگ، بەڵێنی بە درۆی داوە. سەردەمی سەرۆکایەتیی خاتەمی، کرانەوەی کولتوریشی بەدواوە بوو. ئەم سەردەمە، گەشانەوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کرانەوەی کۆرسی کوردی، کاناڵی تلویزیۆنی و دیپارتمانی زمانی لە زانکۆکانیشی بە خۆوە بینی.

لەم بارودۆخەدا کوردەکان بە دڵنیاییەکی زۆرترەوە، ناسنامەی کوردیی خۆیان دەنواندەوە. بەشداربووی ژمارە ٤٤ پێی وایە: سەردەمی خاتەمی کاریگەرییەکی زۆری نایە سەر کۆمەڵگا. کرانەوەی سیاسی لە کۆمەڵگادا هاتە ئاراوە و چالاکیی کولتوریی لە کۆمەڵگای ئێراندا بەرفرە کرد... هەروەها لەسەر دۆخی منیش وەک کوردێک کاریگەریی دانا، لەبەر ئەوەی دەبوا منیش کتێب و ڕۆژنامەی کوردیم لەبەر دەست بوایە.

بەشداربووی ژمارە ٦ وتوویەتی: من ناتوانم هەوڵ دانەکانی خاتەمی لە بیر کەم. کەشی سیاسی لە کوردستان تا ڕادەیەک

کرابۆوە... کوردەکان دەستیان دایە چالاکیی سیاسی لە زانکۆکانی ئێران. لە بەرامبەردا، بەشداربووی ژمارە ٣٨ دەڵێ: کاریگەریی ڕیفۆرمیستەکان تەنیا بڵاو کردنەوەی چەند کتێب و بڵاڤۆکی کوردی بوو، ئەمەش تەنیا ١ لە هەزاری داخوازییەکانی منی وەک کوردێک دەگرتەوە.

بەم حاڵەشەوە، هەندیک لە ناوخۆدا، بە چاوێکی نەرێنییەوە دەڕواننە ئەم ئاڵوگۆڕانە. «واڵتر پاش» پێی وایە ترسێکی بەردەوام لە ئێراندا سەبارەت بە وەڵام دانەوەی داخوازیی کەمینەکان لە ئێران و داخوازیی زۆرتری کەمینەکان بوونی هەیە. جموجۆڵی ڕکەبەریی نێوان ڕیفۆرمیست و پارێزکارەکان لەم سەردەمەدا، قازانجی تایبەتیشی بۆ کوردەکان بەدوای خۆیدا هێنا. لە ساڵی ٢٠٠١ دوابەدوای هێرشی پارێزکارەکان بۆ سەر سیاسەتمەدارانی لایەنگری خاتەمی، تەنانەت ڕەمەزانزادەش تاوانبار کرا کە گوایە درۆ دەکا. دوابەدوای ئەمە، پێشکەوتنە کولتورییەکان لە پارێزگا کوردییەکان ڕاوەستان. پێشکەوتنە سیاسییەکانیش هەر بەم شێوەیە ڕاوەستان؛ ئەویش لە کاتێکدا کە ئەندامانی بەرچاوی ڕیفۆرمیست و بەشێک لە ئەندامە کوردەکانیان، لەلایەن شورای نیگەهبانەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٤دا ڕەد کرانەوە.

نەبوونی کەشی سیاسی و کولتوریی پێشوو، بێ هیوایی لێ شین بوو. بەشداربووی ژمارە ٣٤ بە ئاماژە کردن بەوەی ڕیفۆرمیستەکان توانایی دروست کردنی ئاڵوگۆڕیان نییە، پێی وایە کە ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر داناوە و متمانەی پێیان نەماوە. هەر بەم شێوازە، بەشداربووی ژمارە ١٧یش پێی وایە هیوا هەڵچنین لە سەر ڕیفۆرم لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیدا بووە، بەڵام بە شکستهێنانی ڕیفۆرمیستەکان و پلانەکانیان، کوردەکانیش هیوایەکیان بۆ ڕیفۆرم نەماوە. دەنگی کوردەکان لە ناو مشتومڕی گرژییە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٤ دامرکایەوە. لە کۆتاییی خولی دووهەمی سەرۆککۆماریی خاتەمی، گوشارەکان لە دژی سیاسەتەکانی خاتەمی پەرەیان سەند. ئەیەتوڵڵا جەننەتی ئەندامی شورای نیگەهبان سەبارەت بە مژاری ئەتنیکەکان هۆشداری دا کە ئەمە لە ئاکامدا دەبێتە هۆکاری جیاوازی.

> **ڕژێمی ئیسلامی هەر کە دامەزرا، هیچ چەشنە مەودایەکی بۆ کردەی سیاسیی پەیوەندیدار بە ئەتنیکەکان نەهێشتەوە. بە لایەنی تیۆرەوە، لە ژێر زاڵێتیی چەمکی گشتگیری ئوممەتدا، نەدەبوا هیچ چەشنە جیاوازییەک لە نێوان شیعە و سوننەدا مابایەوە**

هاوکات لەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥، مەحمود ئەحمەدینژاد گەیشتە سەرۆک کۆماری. مەحمود ئەحمەدینژاد لە سەردەمی کەمپەینی هەڵبژاردنی خۆیدا، هەڵویستێکی ڕوونی سەبارەت بە مافی کەمینە ئەتنیکییەکان نەبوو و کوردەکانیش بە هۆی ئەوەی ڕەنگە لە ساڵی ١٩٨٩ دەستی لە کوشتنی قاسملودا هەبووبێ، پێیان خۆش نەبوو دەنگی پێ بدەن. ئاستی دەنگدان لە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە هەژمارێکی زۆری کوردەوە، لە کەمترین ئاستی خۆیدا بوو. دوای ئەوەیش، کوژرانی شوانە قادری، وەک چالاکێکی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، بوو بە هۆکاری ناڕەزایەتیی بەربڵاو و هەندێک تێکهەڵچونی سەربازی لە شارە کوردنشینەکان. ئەحمەدینژاد هەر لە سەرەتاوە نزیک بوونەوەیەکی فارس تەوەری گرتە پێش و سیاسەتی توندئاژۆتری خستە

ڕوو. ئامانج تەنیا کەمینە ئەتنیکییەکان نەبوون، بەڵام دەزگای ئەمنی، تێڕوانینی تایبەتی ئەوەلەهیی بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان گرتە بەر.

جگە لەمە، ئەحمەدینژاد دەسکەوتە کولتوری و سیاسییەکانی خاتەمیشی بەراوەژوو کردەوە. ئەم دۆخە سیاسەتی سەرکوتکارانەی لێ کەوتەوە و ڕاوەستانی چالاکییە کولتورییە کوردییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردەکان، داخرانی بڵاڤۆکەکان و گیرانی چالاکانی کوردی لێ کەوتەوە. چەن کەسیش لەمانە سزای مەرگیان بەسەردا سەپێندرا. دەوڵەت چالاکانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسەکان و کۆمەڵگای مەدەنیی سەرکوت کرد و دەنگە دژبەرەکانی کپ کرد. بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بەم چەشنە لەسەر ئەم دۆخە دواون: بەشداربووی ژمارە ١٢ دەڵێ لەسەردەمی ئەحمەدینژاددا چومە زانکۆ. دەسگیر و ئەشکەنجە کرام. بەشداربووی ژمارە ٦ دەنوسێ: ئەو کاتەی لەسەردەمی خاتەمی من لە زانکۆ بووم. دەمبینی کەش و بارودۆخەکە چەن باش بووە، بەڵام کاتێک ئەحمەدینژاد هات، دۆخەکە زۆر تۆقێنەر بوو.

> گرووپە کوردییەکان بەردەوام لە هەوڵی دروست کردنی ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت کەم کردنەوەی ئاستی ناوەندخوازیدا بوون و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی تاران هەست بەوە بکا کوردەکان گرێدراوییان بە ئێرانێکی یەکگرتووەوە نییە

لەساڵی ٢٠٠٦، بەهائەدین ئەدەب بەرەی یەکگرتووی کوردی دامەزراند. ئەم بەرەیە گرووپێک بوون لە هەوڵی وەرگرتنەوەی مافە زەوت کراوەکانی کورد لە چوارچێوەی یاساکانی کۆری ئیسلامی ئێران بە شێوازێکی ئاشتیخوازانەدا بوون، تاکوو ڕێگایەک بۆ ئامادە کردنی مافە سیاسییە ڕەواکانی کوردەکان لە ئێراندا بدۆزنەوە. بەڵام کۆچی لە پڕی ئەدەب و زیندانی کرانی محەمەد سەدیق کەبودوەند-دامەزرێنەری ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان- بە تاوانی بانگەشە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧، ئەم ڕەوتەی ڕاگرت. لە ڕاستیدا دەسبەسەرکرانی کەبودوەند نیشاندەری دۆخی سەرکوتکارانەی ئێران لە کوردستان بوو.

جگە لەمە، دۆخی ئەولەهی لە کوردستان بە دامەزرانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک- گرێدراوی پارتی کرێکارانی کوردستان- لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دواوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. لە ساڵی ٢٠٠٨، ڕەحمان حاجی ئەحمەدی ڕێبەری ئەم گرووپە وتی ئەم گرووپە بۆ بەدیهێنانی ئێرانێکی کۆنفێدڕاڵ و دیموکراتیک تێکۆشان دەکات و ئامانجی سەرەکیی ئەوانیش دروست کردنی گرۆتین لە ناو گەلدایە. ئەم گرووپە چالاکیی سەربازیشی لە دژی هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەست پێ کرد. ئەم کردەوەیەی پژاک هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا کە لەناو بەشێکی زۆری خەڵکیشەوە خۆشەویستی بۆ خۆی لێ کەوتەوە، دژەکردەوەی توندی سەربازیی تارانیشی لێ کەوتەوە. توندوتیژی جاریکی تر سێبەری بەسەر پانتایی سیاسیی کوردستاندا کێشا. دەوڵەتی ئەحمەدینژاد هاوتەریب لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکاندا، چالاکیی سیاسیی کوردیی زۆر بە توندی ئاستەنگ کرد. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ هەواڵی ئیعدامی ئەندامێکی کۆمەڵە- ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستیی کوردی- بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ خوا بڵاو کردەوە و ئەمەش دەسپێکی شەپۆلێکی ئیعدامی چالاکانی کورد بوو.

## سەرۆک کۆماریی ڕۆحانی

گرژییەکان لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدینژاددا، لە ناو ئاڵوگۆڕە ژیۆپۆلیتیکەکان بۆ ئەکتەرانی ناوچەیی کورد، ئاستەنگییە ڕوو لە زیادبوونەکان لەسەر دۆخی سیاسی ڕووی لە زیاد بوون نا. بەم حاڵەشەوە ئەم دۆخە دیسان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. لە مانگی ژوونی ساڵی ٢٠١٣ حەسەن ڕۆحانی بە دەنگی زۆرەوە، لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا هەڵبژێردرا. بە پێچەوانەی ئەحمەدینژاد، ڕۆحانی لەلایەن دەنگدەرە کوردەکانەوە بە باشی پێشوازیی لێ کرا. هەندێک وێکچوون لە نێوان خاتەمی و ڕۆحانی لە ئارادا بوون.

هەر دووکیان ڕوانگەیەکی سیاسیی هاوبەشیان هەبوو و داکۆکییان لەسەر ئازادییە تایبەتەکان دەکرد. دروشمی ڕۆحانی بەشداریی ئەتنیکی بۆ پێشکەوتنی ئێران بوو و ئەمە زایەڵەی دەنگی دروشمی «ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان»ی خاتەمی بوو. ڕۆحانی ئاڵوگۆڕی لە کابینەی وەزیراندا بەدی هێنا و ئەمەش دەیتوانی پێگەی کەمینەکانی ئێران بگۆڕێ. ڕۆحانی وەک ئاماژەیەک بۆ گرینگیی کاروباری پەیوەندیدار بە ئەتنیکەکان، عەلی یۆنسی وەک ڕاوێژکاری تایبەت بە کەمینەکان هەڵبژارد و ڕایگەیاند پێویستە ئاستەنگییەکان لەسەرچالاکیی کولتوری و پەروەردەی زمان هەڵگیرێن. هەر وەها لەم خولەدا، بە ئاماژەپێدانی هەندێک خاڵ لە دەستوور و دەقەیاساییەکانی تر، مافی یاسایی بۆ پاڵپشتی لە ناسنامە ئەتنیکی، کولتوریی و زمانییەکان و کەڵک وەرگرتن لە زمانەکانی تر لە گەڵ زمانی فارسی لە میدیاکان و پابەند بوونی دەوڵەت بۆ پاراستنی میراتی کولتوریی گرووپەکانی تر، داکۆکی لێ کرا. ئەم دیسکۆرسە دژایەتیی لەگەڵ دیسکۆرسی فارس تەوەری ئەحمەدینژاد هەبوو.

جگە لەمانە، وتەکانی عبدولمحەممەد زاهیدی، پارێزگاری کوردستان و عەبدولڕەزا فەزلی وەزیری ناوخۆی ڕۆحانی، نیشاندەری خواستی دەوڵەت بۆ باشتر کردنی بەڕێوەبەرایەتی لە پارێزگا کوردنشینەکان و کەمتر کردنەوەی گرژییەکان بووە. سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتنەکان ئەرێنی بوون، بەڵام ڕۆحانی نەیتوانی ئاڵوگۆڕی بە کردەیی بەدی بێنێ. ڕۆحانی هیچ کەسی لە کوردەکان بۆ پۆستە باڵاکانی ئێران هەڵنەبژارد. گەر کارێکی ئاوای کردبایە ڕەنگبوو بتوانێ کاریگەرییەکی زۆرتری هەبوایە. لە ڕوانگەی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێرانەوە، ئەم کردەوەیە بەم واتایە بوو کە دروشمەکانی ڕۆحانی زۆرتر بە مەبەستی ڕێکلام بووە و لە درۆیەک زیاتر نەبووە. ڕەحمان حاجی ئەحمەدی ڕێبەری پژاک پێی وابوو ڕۆحانییش بەشێکە لە سیستەمی گشتی بە ڕێبەرایەتیی خامنەیی و ئامانجیشی لە هەڵبژاردنی ڕۆحانی وەک سەرۆک کۆمار، تەنیا بە مەبەستی وەدەرکەوتنی دەسەڵات لە بنبەستی سیاسییە(رویترز، ٢نوامبر ٢٠١٣).

> **خومەینی سەبارەت بە کوردەکان جەهادی ڕاگەیاند. ئەوانی تاوانبار کرد لە دژی شۆڕش جموجۆڵیان هەیە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و قاسملووشی وەک «مفسد فی الارض» ناساند**

هاوکات، ڕۆحانی بە هۆی ڕوبەڕووبونەوە لە گەڵ تەوژمی ڕەخنە، بە هۆی شکست هێنان لە هەڵنەبژاردنی یەکێک لە ئەندامانی کەمینە لە کابینەکەیدا، کەوتە دۆخی بەرەنگاری و وتی لەم بارەیەوە تەسلیمی گرووپەکانی گوشار نابێ. بۆ جارێکی تر،

ڕۆحانیش گەڕایەوە سەر دیسکۆرسی ئێرانچێتی و وتی هیچ چەشنە جیاوازییەک لە نێوان کورد، لور، تورکمان، بەلوچ و عەرەب نیە. ئێرانیش چەترێکە گشت ئەمانە لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. هاوکات، ئەندام پەرلەمانە کوردەکان جارێکی تر هەوڵیان دا بەرەی یەکگرتوو سەر لەنوێ زیندوو بکەنەوە، تەنانەت یەکێک لەوان وتی هەوڵی ئەوە ئەدەن لە نێوان دەوڵەتی ئێران و پارتە کوردەکاندا، تۆوی ئاشتی بچێنن. (ڕوداو، ٢٨ جولای ٢٠١٧)

ئەمە نیشانەیەک لە گۆڕانی ڕوانگەی سیاسی و چەشنە خۆشبینیەک بوو کە دەوڵەتی ڕۆحانی لە گەل خۆی هێنابووی. بەڵام پێویست بە ئاماژەیە ئەم بەرەیە سەرەڕای دامەزرانی لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە هەرگیز نەیتوانیوە مۆڵەتی فەرمی بۆ خۆی لە بەرپرسانی ئیرانی وەرگرێ. (ڕوداو،٢٨ جولای ٢٠١٧) سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی ڕۆحانی هەوڵی بۆ کرانەوەی پانتای سیاسی دەدا، بەڵام بە هەمان ڕادەش دەنگی دژبەر لە گشت لایەکەوە دەبیسرا. دەوڵەت بەردەوام لەگەڵ چالاکانی سیاسی بە توندی ڕوبەڕو دەبێتەوە و هاوکات ئەندامانی پژاکیشی بە دوژمنی لەگەڵ خوا تاوانبار دەکرد و هاوکات سزای ئیعدامیشی لەسەر چەندین کەسی ئەواندا سەپاند. دواتر گرژییەکان لە سێپتەمبەری ساڵی ٢٠١٨ بە هۆی هێرشی موشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئیعدامی چالاکانی کورد بەرفرەتر بوون. (الجزیرە،٩ سپتامبر ٢٠١٨).

ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕانە بۆتە هۆکاری بێ هیوایی لە دەوڵەتی ڕۆحانی، لە بەر ئەوەی سەردەمانێک وەک سیمایەکی نەرم بەڵێنی گۆڕینی بارودۆخی دابوو. سەرەڕای ئەوەی کە ناکارامەیی ڕۆحانی بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی ئەرێنی، دەرەنجامی تەنگەژەی شاراوە لە ناو سیستەمی سیاسیی ئێراندایە.

عەلی یونسی، ڕاوێژکاری ڕۆحانی بۆ کاروباری ئەتنیکەکان لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا نیگەرانیی خۆی لە ئیعدامی هەژمارێک لە چالاکانی کورد دەربڕیوە و ئەمەی خستۆتە سەر توندئاژۆکانی ناو سیستەم. لە ڕاستیدا، لە ئاگۆستی ساڵی ٢٠١٦، لە ماوەی یەک ڕۆژدا ٢٢ کورد لە کەرەج، سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپێنرا. هادی قایمی ئەندامی کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران، لەم بارەیەوە ئەڵێ: ئەم کردەوەیە گەف و هەڕەشەیەکە لەلایەن توێژە ئایدۆلۆژیستەکانی ناو سیستەم و خوازیاری ئەوەن بەمە نیشان بدەن هەڵبژاردنی ڕۆحانی ناتوانێ لەسەر سیاسەتەکانی ئەوان کاریگەرییەکی هەبێ.( ڕۆیترز، ٤-ی ئاوریل ٢٠١٤). لەم دۆخەدا، هیوا و ئارمانجەکانی کورد ببو بە قوربانیی شەڕی دەسەڵاتی نێو سیستەمی سیاسیی ئێران. تەنانەت گەر ڕۆحانییش خوازیاری کرانەوەی زۆرتری سیاسی بێ، ئەوە توێژە پارێزکارەکانی ڕژێم دەبنە بەربەست. لە ئاکامی ئەمەدا، زۆریک لە بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە، بەچاوێکی سووکەوە دەڕواننە پلەتفۆرمی ڕیفۆرمەکانی ڕۆحانی.

بەشداربووی ژمارە ٣٦ پێی وایە: تەواوی بەڵێن و دروشمەکانیان تەنیا بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامییە. لە کردەوەدا هیچ بەڵێنێک نابەنە سەر. هەندێکی تر وەک هەڵبژاردنێک لە نێوان خراپ و خراپتردا، دەڕواننە هەڵبژاردنی ڕۆحانی. بەشدار بووی ژمارە ٤٤ دەڵێ: من خۆم دەنگم بە ڕۆحانی داوە، لەبەر ئەوەی دەبوا لە نێوان خراپ و خراپتردا، یەکیان هەڵبژێرم. بەشداربووی ژمارە ٩ دەڵێ: ڕیفۆرمیستەکان ڕۆلی سوپاپی دڵنیایی بۆ کۆماری ئیسلامی دەگێڕن. بەشداربووی ژمارە ٢٥ دەڵێ: ڕیفۆرمیستەکان و توندئاژۆکان، هەر دووکیان، ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش پاراستنی ڕژێمی

ئێســـتا بە هەر نرخێکە.

هەر وەک سەردەمی خاتەمی، کوردەکان لە بەر ناکارامەییـــی ڕۆحانی بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریـــی بنەڕەتی هیوایەکیـــان نەماوە. بەشـــداربووی ژمارە ٧۴ باس لـــە نەبوونی گۆڕانکارییەکـــی بەرچاو دەکات و پێی وایە: ئەوان خەڵکیان بـــۆ وەرگرتنی دەنگەکانیان فریـــو داوە. بە دروشـــم و بەڵێنەوە دێنە نێو ساحەی سیاســـی، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز، بەڵێنەکانیان بە جێ ناهێنن. یەکێکی تر لە بەشداربووان دەڵێ: ئەمە هەر ئەو کەرەکەی پێشـــووە و تەنیا کورتانـــی گۆڕاوە. هیچ کام لـــە بزوتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکانـــی ئێران، کاریگەرییەکی ئەرینیان لەســـەر کوردەکان نەبووە.

## ڕوانگـــەی کـــوردەکان ســـەبارەت بـــە سیاســـەت لە ئێران

ئەو دۆخەی لە ســـەرەوە بە بەرفرەیی باسی لەسەر کرا، پێناسەکەری دۆخێکی سیاسییە کـــە کـــوردەکان خۆیانـــی تیـــا ئەدۆزنەوە. گەر گریمانەی ئێمە لەســـەر ئـــەم بنەمایە دامەزرابێ کە ناســـنامەکان خۆیـــان لە ناو دۆخە سیاســـییەکاندا دەدۆزنەوە، ئەوە ئەم حاڵەتەش ئەبێ لەســـەر ناسنامەی کوردی باندۆری خۆی دابنێ. ساناســـاریان لە سەر ئەم بڕوایەیە دیسکۆرســـی گشتی، ڕۆڵێکی فـــرە کاریگەری لە ســـەر تۆکمـــە کردنی یەکگرتوویی و ناســـنامەدا هەیە. بەم شێوازە کە تێگەیشـــتنێک لەئیمە لە هەمبەر ئەوان بۆ کەمینە نەتەوەییـــەکان بەدی دێنێ. داتا کۆکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە نیشـــاندەری جموجۆڵێکی هاوشێوە لەناو کوردەکانیشە. لە ڕاستیا، زۆرتر لە ٢ لە سەر ٣ی بەشداربووان دژ یان زۆر دژی ئەمە بوونە کە ناســـنامەی ئێرانـــی بۆ ئەوان گرینگە. (بڕوانە خشـــتەی ژمـــارە١)

زۆربەی بەشداربووە کوردەکان هەستیان بەوە کـــردووە دەســـەڵات وەک حاڵەتێکی ئەمنی لێیان دەڕوانـــێ. ٪۵٩.۵ پێیان وایە دەوڵەت کەمینەکان وەک مەترســـییەک بۆ ئەولەهـــی یان تەناهیـــی نەتەوەیی [ئێران] ســـەیر دەکا و ٪٣۶.۵ پێیـــان وایە دەوڵەت کەمینەکان وەک کێشەیەک بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی [ئێرانی- فارسی] سەیر دەکا. ئەمە بۆ بەشداربووە ناکوردەکان کە بڕوایان لەسەر ئەوەیە دەوڵەت کەمینەکان وەک کێشەیەک بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی سەیر دەکا دەبێتە ٪٢٧.٣ و ئەوەی کە وەک مەترســـییەک بۆ ئەولەهی نەتەوەیی [ئێرانن] دەبێتە ٪٣١.٨. (بڕوانە خشـــتەی ژمارە ٢)

بەشداربووی ژمارە ٣۴ کە خۆی کوردە دەڵێ: دیسکۆرسی حکومەت لە سەردەمی شۆڕشی مەشـــروتەوە تا ئێســـتا بـــەردەوام نەتەوەی

**خشتەی ژمارە ١: ناسنامەی ئێرانی من بۆم گرینگە (تەنیا بەشداربووانی ئێرانی)**

| بەشداربووان | هەژمار | ڕادە لە سەد |
|---|---|---|
| دژ ـ بە توندی | 21 | 28.4 |
| دژ | 29 | 39.2 |
| بێ لایەن | 13 | 17.6 |
| لایەنگر | 7 | 9.5 |
| زۆر لایەنگر | 4 | 5.4 |
| کۆی گشتی | 74 | 100 |

**خشتەی ژمارە ٢: پێتانوایە دەوڵەتی ئێران چۆن دەڕوانێتە کەمینە نەتەوەییەکان؟**

| بەشداربووان | کوردی | | نا ـ کورد | |
|---|---|---|---|---|
| | هەژمار | ڕێژە لە سەد | هەژمار | ڕێژە لە سەد |
| لایەنی پێویست بۆ ئەولەهی نەتەوەیی | - | - | 5 | 27 |
| ئەرێنی بۆ ئەولەهی نەتەوەیی | 3 | 41 | 3 | 13.6 |
| بێلایەن | - | - | 1 | 4.5 |
| کێشە بۆ یەکگرتووی نەتەوەیی | 27 | 36.5 | 6 | 27.3 |
| مەترسی بۆ ئەولەهی نەتەوەیی | 44 | 59.5 | 7 | 31.8 |

**خشتەی ژمارە ٣: پێتانوایە دەوڵەت تا چ ڕادەیەک چاوەدێری بەسەر گرووپە کەمینەکان و بە تایبەت کوردەکانەوە هەیە؟**

| بەشداربووان | کوردی | | نا ـ کورد | |
|---|---|---|---|---|
| | هەژمار | ڕێژە لە سەد | هەژمار | ڕێژە لە سەد |
| زۆر کەم | - | - | - | - |
| کەم | 1 | 1.3 | 1 | 4.5 |
| بێلایەن | - | - | 1 | 4.5 |
| زۆر | 21 | 28.4 | 10 | 45.5 |
| لە ڕادەبەدەر | 52 | 70.3 | 10 | 45.5 |

**خشتەی ژمارە ٤: کوردەکان دەرفەتی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی ئێرانیان هەیە؟**

| بەشداربووان | کوردی | | نا ـ کورد | |
|---|---|---|---|---|
| | هەژمار | ڕێژە لە سەد | هەژمار | ڕێژە لە سەد |
| زۆر دژ | 39 | 52.7 | 2 | 9.1 |
| دژ | 16 | 21.6 | 7 | 31.8 |
| بێلایەن | 6 | 8.1 | 3 | 13.6 |
| لایەنگر | 9 | 12.2 | 10 | 45.5 |
| زۆر لایەنگر | 4 | 5.4 | - | - |

کوردی وەک مەترسییەک بۆ ئەولەهیی نەتەوەییی ئێران سەیر کردووە و هەوڵی بۆ ئاسیمیلە کردن و تواندنەوەی نەتەوەکانی تر لە ناو نەتەوەی فارس داوە. بەشداربووی ژمارە ۶۳ دەڵێ: بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خوازیاری ئەوە نین ڕێگای چالاکیی کولتووری و کۆمەڵایەتی بدرێ بە کەمینەکان. بەشداربووی ژمارە ۴۴ پێی وایە: ئەوان [دەسەڵات] ئەم سیاسەتە دژبەرییە بە تایبەت لە سەر کوردەکان لە ڕێورەسمەکانی ساڵی نوێ، کەمپەینە ژینگە پارێزییەکان و فێستواڵە کولتوری و ئەدەبییەکان پەیڕەو دەکەن. هەر چەشنە کردەوە و چالاکییەکی سیاسی لە ناوچە کوردنشینەکان ڕێگەی لێ گیراوە و وەک مەترسییەک بۆ تەناهیی نەتەوەیی سەیر دەکرێ. لە ڕاستیا، لەناو بەشداربووە کوردەکاندا، ۲۸.۴٪ پێیان وایە دەوڵەت کەمینەکانی گرتووەتە ژێر چاودێریی خۆیەوە و ۷۰٪ پێیان وایە زۆر لە ژێر چاودێریدان.

لە بارودۆخێکی لەم ڕەنگەدا، دەنگی بێ هیوایی، لە نەبوونی ڕێگاچارە و دەنگی سیاسیی ئازاد لە بەرسڤی بەشداربووەکاندا بە ڕوونی دەبیسترا. بەشداربووی ژمارە ۷۴ دەنووسێ: کەسەکانی سەر بە کەمینەکان خاوەن مافی ڕادەربڕین بۆ نیشاندانی داخوازییەکانی خۆیان نین. هەر بۆیەش ویستی کەمینەکان لە دەستور و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تر، بە فەرمی ناناسرێت. لەناو بەشداربووە کوردەکاندا لانیکەم ۳ لە سەر ۴ی ئەوان دژ یان زۆر دژی ئەوە بوون کە بتوانن بە شێوازێکی کاریگەر بەشداریی سیاسییان هەبێ.

کوردەکان پێیان وایە تەواوی ئەم ڕێکارە سیاسییانەی ئێستاکە لە ئارادان، لەلایەن خودی ڕژێمەوە دانراون. بەشداربووی ژمارە ۷۴ وتی: ئیمە تەنیا مافی ئەوەمان هەیە دەنگ بدەین بەوکەسانەی دەوڵەت خۆی پێشتر ڕەزامەندیی لەسەر ئەمان دەربڕیوە. بەشداربووی ژمارە ۴۴ دەنووسێت: تا ئەو کاتەی ئێران نەبێتە وڵاتێکی دیموکراتیک، ناتوانین چاوەڕوانی بەشدارییەکی ڕاستەقینەی سیاسی بین. لە سیستەمێکی دامەزراو لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئایینی و دەسەڵاتێکی ئایینی و سەربازییەوە، زۆرێک لە کوردەکان، ناتوانن خاوەنی هێز و دەسەڵاتی سیاسی بن. بەشداربووی ژمارە ۶۵ دەڵێ: ناکرێ چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کاریگەرەکانی وەک میتینگی سیاسی، بڵاقۆک و سیمیناری سیاسی لە کوردستان، وەک تاران و شارە گەورەکان بەڕێوە بچن. بەشداربووی ژمارە ۱۴ پێی وایە: گەر کوردێک لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە چوارچێوەی بزاڤە سیاسییە بە فەرمی ناسراوەکاندا چالاکی بکات، ئەوە تا ڕادەیەک دەتوانێ لە بزاڤە سیاسییەکاندا بەشداریی هەبێ، بەڵام بەمەشەوە، گەر لە سەر ناسنامە کوردییەکەی پێداگری بکات، ڕەنگە ڕێگای بەشداریی سیاسی لێ بگیرێت. بەشداربووە کوردەکان پێیان وایە کۆماری ئیسلامی تەنانەت ڕێگا نادات ستانداردەکانی ناو دەستوری ئێرانیش بۆ پاڵپشتیی مافی کەمینەکان و بۆ یەکسانیی دەرفەتەکانی کەڵکی لێ وەربگیرێ. لەناو ئەم سیستەمەدا، چالاکییە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانیش تام و بەرامەی سیاسی بە خۆیانەوە دەگرن. لە ڕاستیا۸/۸۷٪-ی بەشداربووە کوردەکان لەم توێژینەوەیەدا وەک ناسنامەیەکی سیاسی دەیانڕوانییە ناسنامەی کوردیی خۆیان. زیاتر لە ۹۳٪ لە بەشداربووە کوردەکان لایەنگر یان زۆر لایەنگری ئەوە بوون کە ناسنامەی کوردییەکەیان خاوەن گرینگییەکی زۆرە بۆیان.

ئەمە ئاشکرایە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناو پارامێترە بەرتەسکەکانی کەرەوەکانی

ڕەهاخوازیی پەهلەوییەوە بیچمی گرتووە. فۆرماسیۆنی ناسنامەی کوردی لە ژینگەیەکی سیاسیدا بیچمی گرتووە و سەرەڕای دیسکۆرسی ڕۆحانی و هەوڵدانەکانی ئەو، گرژی و تەنگەژەکان هەر وەک خۆیان ماونەتەوە؛ ئاستەنگەکان هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و چاوەڕوانییەکان بێ وەڵام ماونەتەوە. لە خولانەوەی ناو بازنەی ناسنامە ڕکابەرەکان و ناسنامە هاوبەشەکاندا، ناسنامەی کوردی بەهێز دەبێ و پەیوەست بوونی لەگەڵ ناسنامەی بەرفرەتری ئێرانی کەمتر دەبێتەوە.

نادر ئینتسار پێی وایە پەرەسەندنی پرسی کورد بەرەو لای توندوتیژی نەک بە هۆی ویستی بنەڕەتیی کوردەکان، بەڵکو بە هۆی سەرکوتکاری و هەژارییەکە کە بەسەریاندا سەپاوە. ئینتسار پێی وایە تێفکرینە ئەمنییەکانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین وای کردووە داخوازیی کوردەکان وەک نیشانەکانی سەربەخۆییخوازی بروانن و بە کردەوە و سیاسەتی توندوتیژ وەڵامیان بدەنەوە. بە پێچەوانەوە، دەنیس ناتالی پێی وایە ئەوە هەڵوێستی ناسیۆنالیستی ئەم وڵاتانەیە کوردەکان بەرەو وەفا و ئینتیمایەکی زۆرتر بۆ ئەتنیسیتیی خۆیان ڕادەکێشێ. ئێران بە بەردەوامی وەک مەترسییەک لە جموجۆڵی کوردەکان دەڕوانێ، کەچی لوییس بەک پێی وایە داخوازییەکانی کەمینەکان لە ئێراندا زایەڵەی ویستی کەمینەکان بۆ گەشەسەندوویی مادی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە و ئەم داخوازییانە بە تەواوی لۆژیکین و نابێ وەک پێشەکییەک بۆ سەربەخۆیی لێیان بڕوانرێت. لوییز بەڵگەی ئەوەش دێنێتەوە کە هیچ دەسەڵاتێکی ئێرانی بۆ لەناو بردنی کێمایەسییە ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، وەک پێداویستیی سەرەتایی و ڕۆژانەی کەمینەکان هەوڵیان نەداوە. لە ڕاستیدا، بەشداربووانی ئەم

توێژینەوەیە پێیان وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیتوانیوە ستانداردەکان و دیسکۆرسی ناو خودی دەستوری ئیرانیش بەشێوازێکی دادپەروەرانە بەڕێوە ببات.

## دەرئەنجام

زۆرێک لە بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە نارەزایەتیی خۆیان لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕیوە. کوردەکان وا هەست دەکەن سیستەمی سیاسی، ڕێگای بەشداریی سیاسی بە کوردەکان نادات و ئەوان هەست بە پەراوێزخران دەکەن. دابڕانێکی ڕوون و ڕاشکاوی عاتیفی لە نێوان کوردەکان و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. لە ڕوانگەیەکی دیرۆکییەوە، ئەم دابڕانە لە ناو هەناوی بزوتنەوە دژبەرەکاندا هەبووە و جێگای نیگەرانیی دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران بووە. بەڵام لە کاتێکدا ڕژێمی ئێستاکە باس لە بەکارهێنانی دیسکۆرسی نەرم و نیان دەکات و لە سەریەکێتیی گشت ئێرانییەکان پێداگری دەکاتەوە، ڕێبەری ئێران، ناوەرۆکی ڕەق و ئەمنی بۆ سەرکوت کردنی دژبەرەکان بە کار دێنێ. بەم حاڵەشەوە ناسەقامگیریی ئێستاکەی کوردەکان نیشان ئەدات سیاسەتەکانی سەرکوت و سەپاندنی ئاستەنگی لەسەر داخوازییە سیاسییەکان، کێشە سیاسییەکانی دانەمرکاندووە یان ئەولەهییەکی زۆرتری بۆ ڕژێمی ئێران بە دیاری نەهێناوە یان هەوڵ دانەکان بۆ سەرکوتی دژبەران، بێ کاریگەر ماوەتەوە یان تەنانەت دەرئەنجامی پێچەوانەی بە دوای خۆیدا هێناوە.

بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە گلەییان لە هەڵاواردن و جیاوازکاریی زۆر و نەبوونی بەشداریی سیاسی هەیە. بە پێی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەمەش ناسنامەی کوردیی کوردەکانی لە هەمبەر هاووڵاتیی ئێرانی بەهێزتر کردوە. قاسملوو پێی وابوو حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەبوونی دەرەتانی سیاسی، هەنگاوی بەرەو توندوتیژی لە دژی ڕژێمی شا هەڵگرتووە. ئەم دەرفەتە لە ئارادایە بە هۆی بەردەوامیی ڕوانگەی ئەولەهیی تاران و ئەوەی کە نایەوێ ڕێکار یان دەرفەتێکی سیاسی بۆ کوردەکان پێک بێنێ، کوردەکان بەرەو توند و تیژی هەنگاو بنێنەوە. گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەکانی سیپتەمبەری ساڵی ٢٠١٨ نیشان ئەدەن تەنگەژەکان ڕوو لە زیاد بوونن. شکستی کردە سەرکوتکەرەکانی [ دەوڵەت] و ئەم ڕاستییە کە تێڕوانینی خاتەمی و ڕۆحانی بۆ کرانەوەی سیاسی و سەرنجدان بە کەمینەکان لە لایەن دەنگدەرە کوردەکانەوە پێشوازیی لێ کرا، نیشان ئەدات ئەم تێڕوانینە ڕەنگە هێشتاکەش وەک تێڕوانینێکی سیاسی شانسی ئەوەی هەبێ سەرکەتن وەدەست بێنێ. داخوازییە دابین نەکراوە ئەتنیکییەکان و هەست کردن بە نادادپەروەری لە پانتای سیاسیدا، نامۆ بوونی زۆرتری کوردەکان بە دوای خۆیدا دێنێ. سیاسەتە سەرکوتکارانەکان نەبوونەتە هۆکاری ئەوەی کوردەکان بەرەو لای کۆماری ئیسلامی هەنگاو بنێن. بەڵکوو جیاییی زۆرتر و بەهێز بوونی ناسنامەی کوردیی لێ کەوتۆتەوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەڵێنی بەدیهێنانی نەزم و بەشداریی سیاسی بە کوردەکان دابوو، بەڵام لە کردەیی کردنی ستانداردەکانی خۆی شکستی هێناوە. بەشداربووی ژمارە ١٩ دەنوسێ: هەڵوێستی من بۆ ئەم مژارە ئەوەیە؛ گەر نەتەوەیەک ئازادیی دەوێ نابێ لە ئازادی بێبەش بێت و ئەم ڕێگایەی ئێران بۆ چارەسەری پرسی کورد گرتوویەتە بەر، باش نیە. بەشداربووی ژمارە ٦ دەنوسێ: ترسی ئەمنی دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە کوردستان. ئێمە لەگەڵ کۆبوونەوەی لە ڕادەبەدەری چاوەڕوانییەکان ڕووبەڕووین. لە کۆتاییدا ئەم بێدەنگییە کپ کراوە دەشکێ و چاوەڕوانییە کۆکراوەکان بە تووڕەیی سەر هەڵدەدەن.

ئەم توێژینەوەیە بەشێک لە سیمای ناخۆشی سیاسیی کوردەکان لە ئێران پیشان ئەدات. سەرەڕای ئەوەی ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و قووڵ بونەوەیەکی زۆرتر هەیە، بەڵام لێکدانەوە و وردبوونەوە ئامارەکان نیشان ئەدات کوردەکان - ئەو جۆرەی کۆماری ئیسلامی ئێران باسی لێ دەکات- لە چوارچێوەی سیاسیی ئێراندا قەبوڵ نەکراون. کوردەکان هەست دەکەن پەراوێز خراون و بە ناسنامەی ئەتنیکیی خۆیانەوە هەست بە ئارامییەکی زۆرتر دەکەن. شێوازی تێڕوانینی ڕژێم لە سەرنجراکێش بوونی ناسیۆنالیزمی بە هێزی کورد لە سنورەکانی ئێران و ئەو کێشەیەی بۆ یەکپارچەییی ئێران بە دوای خۆیدا دێنێ، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەردەوام پرسی کورد، لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە سەیر بکرێ. لەم حاڵەتەشدا دۆخێکی وەک خولانەوە لە ناو بازنە پێکدێت. کێشە سیاسییەکان دەبنە هۆکاری جموجۆڵی گرووپەکان و ئەمەش سەرکوتی دەوڵەت بەدوای خۆیدا دێنێ و دەبێتە خراپتر بونی بارودۆخ. ئەم زنجیرە بەردەوامە، لە ئاکامدا ئەولەهیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی لاوازی دەکات.

## تێبینی

ئەم وتارە وەرگێڕدراوی وتارێکە بەم ناو نیشانە:

The Kurds in Iran: balancing national and ethnic identity in a securitised environment

ئەم وتارە لە چوارچێوەی چەمکی دەوڵەت نەتەوەی ئێراندا نووسراوە و وەرگێڕی ئەم وتارە وەک کوردێک بە ئەمانەتەوە دەقی وتارەکەی وەرگێڕاوە، بەڵام هیچ باوەڕێکی بەم چوارچیوە چەمکییە لە نەتەوە دەوڵەتی ئێرانی نیە.

# گەمارۆکان دەسپێکی مەترسین بۆ سەر کۆڵبەرانی کورد لە ئێراندا

نووسەران : سێرجیۆ کولۆمبەو، ئەندریا پڕادابیانکی*
وەرگێڕان: شارۆژ

کۆڵبەرانی کۆڵەوار بە هۆی وەزاڵە هاتوویی لە دەستی بێکاری و پشتگوێ خرانی ناوچەکەیان لە لایــەن دەوڵەتی ئێرانەوە، بــە کرێوە و لە ژێر گوللـەبارانی پاســەوانانی ســـەر سنوور، کۆڵی تاقەت پرووکێن بە شــاخەکاندا ئاودیو دەکەن.

شــاخەکانی ئێران لە کوێستانەکاندا بەفر داپۆشیون. لەســـەرجادەکانەوە وەکوو خاڵ دێنـــە بەرچـــاو. قەتاری پیاوان لە ســـنووری ئێراقـــەوە بۆ ئێران کە نزیک ســێ کیلۆمیتر و نیـــوە، ٦٨ کیلۆ کاڵا بـــە کۆڵیانەوە، بە پێ دەپێون. ئـــەوان دوای بڕینی چـــوار کاتژمێر ڕێـــگا کۆڵەکانی خۆیان بە ١٠ تا ٢٥ دولار بۆ هەر کەســـێک تەسلیمی شۆفیرەکانی سەیارە بارییـــەکان دەکەن کـــە ئەوانیـــش ئامادەن بارەکان بگەیەننە نزیکی مەریوان و لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران.

ئەم کۆڵبەرانە (پڕ بە پێستی وشە، ئەوەی کە بەکۆڵ دەگوازنەوە) کۆڵبەری کوردستانی ئێرانـــن کە دەچنـــە کوردســـتانی ئێراق و بـــە بێ گوێدانـــە بارودۆخـــی دژوار و گوللـە بارانی پاســـەوانانی سەر ســـنوور، کاڵاکان کۆ دەکەنەوە و دەیهێنەوە بۆ ئێران . کێشەگەلی گەورە کە ئـــەوان لە ئەنجامدانـــی ئەم کارە لە گەڵی بـــەرەو ڕوون ، دەرخـــەری ئەمەیە کـــە ناکۆکییەکانی نێوان واشـــنگتۆن و تاران تا چەندە لە ســـەر ژیانـــی ڕۆژانەی یەکێک لـــە فەقیرترین ناوچەکانی ئێـــران کاریگەری داناوە. ئەو ســـنوورانەی کە کۆڵبەرەکان پێیدا هاتووچۆ دەکەن چەندین ساڵە لە نزیکەوە لە لایەن سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە چاودێـــری دەکرێن، بەڵام پـــاش گەڕانەوەی گەمارۆکانـــی ئامریکا لە دژی هەرەشـــەکانی ئێران، چاوەدێری لە سەر هێزە نیزامییەکانی ئێران توندتـــر بووە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا تێدەکۆشـــی کە ئێران زیاتر تەریک بکاتەوە. ئەم حەرەکەتە ئامانجەکەی ئەوەیە کە سنوورەکان بە ڕووی بازرگانیـــی یاســـایی و قاچاخکردندا دابخات.

بـــە وتەی ڕێبـــاز حەملان وەزیـــری دارایی هەرێمی کوردستان، ئەمە ڕەوەندێکی پارەیە کە ســـاڵانە ٨ ملیـــارد دۆلارە. ئەولەوییەتی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئامریکا وەهەروەها ئستیون فاگین سەرکۆنسوڵی نوێی ئامریکا لە هەولێـــر، مەهارکردنی ئێرانە: ئامانجی ئامریکا لە زیادکردنی گەمارۆکان لاوازکردنی ئابووریی تارانە و هـــاوکات گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە کاریگەریی کۆماری ئیســـلامی لە کوردستانی ئێراق کەمڕەنگ بکاتەوە.

لـــە دیســـامبری ٢٠١٨دا، یـــەک مانگ پاش سەپاندنی بەشی دووهەمی گەمارۆکانی ئامریکا لە سەر ئێران، ڕێگری و بەربەستەکان لە ســـەر هاتوچۆی نزیک ٤٠٠ کۆڵبەر کە بە شـــێوەی نایاسایی لە زســـتاندا لە ٤٠ مایلی مەریوان، بە کێوی تەختدا لە ناو ١٦ ســـانتی میتربەفردا ســـەردەکەوتن، دەستی پێکرد. بە وتەی شـــاهیدان و سەرچاوە جۆرواجۆرەکان، پێشمەرگە چاوەدێریی ســـنووری لای ئێراق دەکات، بە بڕیاری مەســـعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردســـتان و ســـەرۆکی پێشـــووی هەرێم کە هێشـــتا دەستی باڵای هەیـــە، ڕەفتارەکانـــی خۆیـــان لـــە هەمبەر کۆڵبەران گۆڕیوە.

لە نێوان شۆفیری سەیارە بارهەڵگرەکاندا کە چاوەڕێـــی گەڕانەوەی کۆڵبـــەران بوون، پیاوێک باســـی لە نەهامەتی و ئەو گرفتاریانە کرد کە لە ســـەر سنوور لە گەڵی بەرەوڕوون. فەرزاد گوتی: «من پێشـــتر پـــارەی کاڵاکانی خۆم کە زۆرتر سیگار و جل وبەرگن، تەسلیم کردووە.» فەرزاد لە ئاوایی سەروئاوا شوێنێک کـــە لێی دەژی، ئامادە بوو کـــە بارەکان واتە کاڵا قاچاغەکان لە ســـەیارەکەی بار بکات و بیبات بۆ مەریوان. ئەو بە تووڕەییەوە چاوی لە کاتژمێرەکە کرد کە نێوەڕۆیە و گوتی: «بەڵام پاســـەوانانی ئێراقی ئیزن بـــە ئێمە نادەن کە دەربـــاز بین». چەندین کاتژمێر چاوەڕوان بوو.

نیگەرانیی پێوە دیار بوو. دەوروبەری کاتژمێر ٥ی ئێوارە، یەکەمین تارماییی کۆڵبەران لە تووڵە ڕێی سنوورەوە وەدەرکەوت. فەرزاد دەستەکانی لە سەر چاوی دانا و بە ئاسوودەیی دەیڕوانییە ڕێڕەوی پێچاوپێچی ئەو پیاوانەی کە بە لێژاییە توندەکاندا بەرەوە پیکابەکان دادەگەڕان. کۆڵبەرێک بە ناوی ڕەحیم کۆڵەکەی کە سیگاری میلانۆ بوو تەسلیمی فەرزاد کرد و لە بەرانبەردا ١٣ دۆلاری لێ وەرگرت. ئەو گوتی: «پێشمەرگەکان نەیاندەهێشت کاڵاکان بەوێدا تێپەڕێ، بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەوان زۆرتر و زۆرتر پێش بە ئێمە دەگرن یا خود ئێمە ناچار دەکەن کە ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ مەترسیتر ببڕین». ڕەحیم ٤٩ ساڵی تەمەنەوە و دووساڵە کۆڵبەری دەکات. ئەو لەگەڵ هاوژین و دوو کوڕەکەی لە مەریوان دەژین. ئەو هەموو ڕۆژێ ڕێگای ٥٠ خولەک بە سەیارە لەماڵەوە تا بن کێوی تەخت بە پێ دەبڕێ. «کاتێک ئێمە بەرەبەیان وەڕێکەوتین بەفرەکە هەر بەقەد ئێستا توند بوو و ئێمە تا پێش کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ ناتوانین بگەڕێینەوە». ئەو لە بەینی خواردنەوەی فانتادا وای گوت. ئێمە زیاتر سیگار و جلوبەرگ دێنین، بەڵام هەروەها ئەڵکەهۆڵ و کەلوپەلی ناوماڵیش وەکوو تەلەڤزیۆن و ماشێنی جل شۆردنیش دەگوازینەوە. بە درێژاییی مانگەکانی هاوین، پیاوە بەهێزەکان دەتوانن ٩٠ کیلۆ (٢٠٠ پاوند) کاڵا بە کۆڵەوە بگرن. بۆ داهاتێکی ٢٥ دۆلاری لە ڕۆژدا. ئەم کارە تەنیا تاقەتپڕوکێن نییە، بەڵکوو هەروەها دەتوانێ نرخی گیانیشی لەگەڵ بێ. بە پێی ڕاپۆرتی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ئێراندا، پاسەوانانی سەرسنووری ئێران لە ساڵی ٢٠١٨دا ٤٨ کۆڵبەریان کوشتووە و ١٠٤ کۆڵبەریشیان بریندار کردووە. سەرەڕای ئەمانە، ساڵانە دەیان کەس بە تەقینەوەی مینی چێندراوی سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق کە سێ دەیە دواتر هێشتا بانگەشە دەکەن کە قوربانین، لە بارودۆخی دژواری کوێستانەکاندا دەکوژرێن و کەمئەندام دەبن. کاروان کۆڵبەرێکی ٢٥ ساڵە، گوتی: «چەند ڕۆژ لەمەوپێش یەکێک لە ڕەفیقەکانم بە تەقەی سەربازێکی ئێرانی، کوژرا. جارێکی دیکە دوو مەئموور سەرەڕێیان لە ئێمە گرت و کۆڵە سیگارەکانیان لێ دزین». بەوشێوەیە کە ئەو قسەی دەکرد، کاروان ئاماژەی بە بینایەک کرد کە زاڵ بوو بە سەرتەواوی دۆڵەکەدا. لەو بینایەوە کە ناوەندی پاسەوانانی سەر سنوورە، سەربازەکان دەتوانن هاتوچۆی کۆڵبەرەکان لە ڕووکاری شاخەکانی ئێرانەوە ببینن و هەر چەند ماوە جارێک ئێمە وەبەر گوللە دەدەن بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان. گەنجێک شی کردەوە: «ئێمە خەریکی کارێکی نایاساییین کە تەنیا تا ڕادەیەک چاوپۆشیی لێ دەکرێ. لەم ڕووەوە، کاتێک هێزە نیزامییەکان دەیانهەوێ بە بیری ئێمە بێننەوە کە چ کەسێک کۆنترۆڵی ئێرەی بە دەستە، دەست دەکەن بە تەقە کردن لێمان. ئەمە ڕێگایەکە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئێمە، کە ئەوان ئیزن دەدەن بە ئێمە کە ئەم کارە بکەین. ئێمە بە بەردەوامی ژیانی خۆمان دەخەینە مەترسییەوە، بەڵام بۆ زۆرکەس ئەمە ڕێگایەکە بۆ بە دەستهێنانی بڕە پارەیەک.

بە پێی زانیارییە فەرمییەکانی دەوڵەتی ئێران، لە چوار پارێزگای وڵات کە زۆرینەیان کوردن، ڕێژەی بێکاری لە سێ پارێزگای دا، لە سەرەوەی پلەی مامناوەندییە. پارێزگای کرماشان بە ٢١.٦٪، بەرزترین ڕێژەی بێکاریی لە ناو ئێراندا تۆمار کردووە. لە سەر یەک ئەم چوار پارێزگایە تەقریبەن حەوت میلیۆن و نیوحەشیمەتی هەیە (نزیک ١٠٪ حەشیمەتی ئێران) کە ٥.٢٪ لە بەرهەمهێنانی خاوی ناوخۆیی ئێران پێک دێنێ،GDP. بە پێی ڕاپۆرتە نافەرمییەکانی میدیا لۆکاڵییەکان، بارودۆخی نالەباری ئابووری وای کردووە کە ساڵانە نزیک بیست



هەزار کەس روو لـــە کۆڵبەری بکەن. ڕەحیم شـــی کـــردەوە: «کۆڵبەری تەمەن ٢٠ ســـاڵ تاکوو٧٠ ســـاڵ وەبەرچاو دەکـــەون. کاتێک کەشـــوهەوا لە بار بێ لەوانەیە ســـێ تا چوار هەزار کەس بتوانن لە ســـنوورەوە دەرباز بن». ناکۆکیی نێوان کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی، مێژوویەکـــی دوورو درێژی هەیـــە. لە لایەن خومەینییەوە هاوشـــێوەی خاندانی پەهلەوی، ناوچە جیاوازەکان پەڕاوێز خران. پێشتر و لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیدا لە ساڵی١٩٧٩، کـــوردەکان بـــە دژی لەشکرکێشـــیی حەمە ڕەزاشا، پشتیوانییان، لە خومەینی کرد. بەڵام ئەو لە ســـەرەتای حکومەتەکەیەوە، داخوازیی خودموختاریـــی کوردەکانـــی ڕەد کردەوە. لە چـــوار دەیەی رابـــردوودا، هەموو ســـەرۆک کۆمارەکانـــی ئێران داخوازیـــی ناوچەکان بۆ یەکگرتن و سەرمایەدانانیان پشتگوێ خست. تەنانەت ســـەرۆک کۆمار حەســـەن ڕۆحانی، تا ئێســـتاش چاوەڕوانییەکانـــی دەنگدەرانی کـــورد کە پاڵپشـــتیان لە ســـەرکەوتنی ئەو لـــە هەڵبژاردنـــی ٢٠١٣ و هەروەهـــا ٢٠١٧ کرد، دەســـتەبەر نەبـــووە. هەروەها شـــەش ســـاڵ لەمەوپێش بەربژێـــرە ریفۆرمخوازەکان بەڵێنیان دا کە: «لەکەی نابەرانبەری لە ناوچە جیاوازەکاندا بسڕنەوە. ئەوان پەیمانیان دا کە ئەمـــان لە پێکهاتەی ئابـــووری و فەرهەنگیی وڵاتدا بەشدار بکرێن و ببنە هاووڵاتیی دەرجە یەک».

کاتێک کە دوایین سەیارە بارهەڵگرەکان بەرەو مەریـــوان وەڕێ کەوتن، جگە لە چەند پارچـــە پلاســـتیکی پرتەقاڵی هیچ شـــتێکی دیکە لە ناو بەفرەکـــەدا بە جێ نەما. ڕەحیم لە کۆتاییدا گوتی: «هەقیقەت ئەوەیە کە هیچ شتێک نەگۆڕاوە. تاران ئەم ناوچانەی پشتگوێ خستووە.»

*. For Kurdish Smugglers, Iran Sanctions Are Starting to Bite: By Sergio Colombo, Andrea Prada Bianchi: February 24, 2019.

# دژەکۆلۆنیالیزم [١]

وەرگێڕان: بەڕۆژ ئەسعەدی

دژەکۆلۆنیالیــزم خەباتی سیاســی خەڵکێکی کۆلۆنیکراو لــە دژی ئایدیۆلۆژیا و کردەوەکانی کۆلۆنیالیزمــە. دژەکۆلۆنیالیــزم لەم شــوێنەدا مانــا دەدات کە شــێوە جیاوازەکانی خەبات بۆ بەرگری، لــە بەردەم چالاکییەکانی کۆلۆنیالیزم، لە دامەزراوە سیاسی، ئابووری و کەلتوورییەکاندا شــکڵ دەگرێــت. ئــەم چەمکــە جەخت لە ســەر پێویســتیی ڕەتکردنــەوەی دەســەڵاتی کۆلۆنیالی و گەڕاندنــەوەی کۆنترۆڵی خۆجێیی دەکات. بــە شــێوەیەکی دژەیــەک، بزووتنەوە دژەکۆلۆنیالیســتییەکان خۆیــان لــە ڕێگەی ستاندنەوە و سست کردنی فۆرمە وەرگیراوەکانی دامەزراوەکانــی کۆلۆنیالیســتدا دەردەبــڕن و بــۆ ئەوانیــش دەگەڕێنــەوە. کەواتــە خەباتی دژەکۆلۆنیالیستی زۆربەی کات بە مانای گوتارێکی ناســیۆنالیزمی دژەکۆلۆنیالیزمە کە تێیدا کەڵک لە شــێوازە مۆدێرنە ئەورووپاییەکانی دەوڵەت-نەتــەوە وەردەگیرێ و وەک هێمایەکی بەرگری کاری پێ دەکرێت. هەندێک کات ڕێکخســتنە ســتەمکارەکانی حکوومەتی کۆلۆنیالیســتی ـ وەکــوو پێکهاتەکاتی بەڕێوەبەرایەتیی گشــتی و ناوەندەکانــی نوێنەرایەتیی سیاســی ـ دەبنە پانتایی دروست بوونی گوتارێکی ناسیۆنالیزمی دژەکۆلۆنیــال و داواکاریــی پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوەیەکی ســەربەخۆی پاش کۆلۆنیالیســتی پێک دێت.

لــە بارودۆخــە کۆلۆنیالییــە جیاوازەکاندا، دژەکۆلۆنیالیــزم فۆڕم و شــێوەی جیاجیای بە خۆوە گرتووە؛ بۆ نموونە دژەکۆلۆنیالیزم هەندێک کات لە گــەڵ ئایدیۆلۆژییەکــی ڕزگاریخوازیی ڕەگەزیدا یەک دەگرێت، وەکوو حاڵەتی سەدەی نۆزدەیەمی ئافریکای ڕۆژئاوا و ئایدیۆلۆژییەکانی ئێدوارد ویلیام بلێــدن و جەیمس ئافریکانووس هۆرتــۆن (ئەو ئایدیۆلۆژییانــەی کە دەتواندرێن وەک پێشــەنگی بزووتنەوەکانــی ســەدەی بیســتەم ســەیر بکرێن، بۆ نموونە بزووتنەوەی نێگریتیــوود[۲]). بــە پێچەوانــەوە، لە هەندێک بارودۆخــدا دژەکۆلۆنیالیزم لە گــەڵ داواکاریی دانپێدانان بــە جیاوازییــە کەلتوورییەکان، بە شــێوەیەکی بەرفراوان یەک دەگرێت، بۆ نموونە کۆنگرەی نەتەوەیی هیند کە ئامانجی دروســت کردنــی یەکیەتییەکی نەتەوەیی لە هیند و لە چوارچێوەی یــەک بزووتنەوەی ســەربەخۆی نەتەوەیــی لە نێوان ئــەو گرووپــە ئەتنیکییە جیاوازانــە بوو کە لە باری ئایینی و ڕەگەزییەوە لە یەکتر جیاوازن بوون.

دژەکۆلۆنیالیــزم لــە نیــوەی دووهەمــی سەدەی بیســتەمدا زیاتر بە مانایەکی ڕادیکاڵ و لــە چوارچێــوەی گوتارێکــی ڕزگاریخوازیی مارکسیســتیدا بەکار دەهات و ئامانجی ئاشــت کردنەوەی داواکارییەکانی ئینتەرناســیۆنالیزم و دژە نوخبەگەری، لەگەڵ هەستی نەتەوەییی ئەو کات (شێوازەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی)، لە بەرهەم و تیۆرییە سەرەتاییەکانی بیرمەندە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانــی وەک ســی ئێل ئــار جەیمز، ئامیرکار کاربال و فرانتز فانۆندا بوو. ئەم بزووتنەوە دژەکۆلۆنییە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییانە، بۆ شی کردنەوەی ڕۆڵی گرنگی ئەو چینە ڕووناکبیرانەی کە لە ئەورووپــای کۆلۆنیال خوێندبوویان و لە خەباتی دژەکۆلۆنیالدا دەوریان هەبوو، بیرۆکەی مارکسیستیی کادرە شۆڕشگێڕەکانیان پەرە پێدا. ئــەم بزووتنەوانە لەم بڕوایەدا بوون کە ڕەعیەت/پرۆلێتاریــا ـ لــە میانەی قۆناغــە جیاوازەکانی پەیوەندیی خۆجێیی و نەتەوەییەوە - پێویستیان بەوەیــە کە بەرەو کردەوەیەکــی ڕزگاریخوازیی ئاراســتە بکرێن. ئەم ئاراستەکردنەش لە ڕێگەی نوخبــەی بورژوازییەوەیــە کە لــە کۆتاییدا، بە پێی فۆرمولــی دراماتیکی کابــراڵ، [بۆ چینی بــۆرژوا] «کردەوەیەکی خۆکووژییــە»، چونکە بە هۆی گەشــەپیدانی کردەوەیەکی خۆجێیی کۆمەڵایەتیی و جەمــاوەری دژەکۆلۆنیالزیمەوە نوخبە بورژوازییەکە دەتوێتەوە.

بەتایبەتــی کابراڵ ئەم بیرۆکەیەی پەرەپێدا کــە پێویســتە کــردەوەی خۆجێیــی وەک تایبەتمەندییەکی جیاواز و تایبەتی سیاســەتی پۆســت کۆلۆنیالیســتی بەهێز بکرێــن و دانی



پێدا بنرێن، بە شێوەیەک کە کردەوەکانی بیرۆکەی مارکسیستیی پاش ستالینیستی ڕەقتر و ئۆرتۆدۆکستر ببێ. بەپێچەوانەی فۆرمولە ناسیۆنالیستییەکانی دواتری نوخبە بورژوازییەکانی پاش سەربەخۆیی، لێرەدا هیچ پەیوەندییەکی هەستەکی یان ئەفسانەیی بە ڕابردوو؛ بەئایدیال کراوی پێش کۆلۆنیالیزم بوونیان نییە. وا دەرک بە کردەوەی خۆجێی دەکرێت کە بە شێوەیەکی تەواو دەتواندرێ چاکسازیی تێدا بکرێ و بە شێوەیەکی حەتمیش لە پرۆسەی گۆڕانی مێژووییەوە دەگلێ:

جەماوەری کرێکار و بەتایبەتی جووتیارەکان، کە زۆربەیان نەخوێندەوارن و هیچ کات لە سنوورەکانی گوند یان ناوچەکەیان واوەتر نەڕۆیشتوون، لەگەڵ گرووپەکانی دیکە پەیوەندی دەگرن و ئەو گرێدبوونەوە خۆجێییەی خۆیان کە لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەتنیک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی سنووردار کردوون، لە کیس دەدەن. ئەوان لە ڕۆڵی گرنگی خۆیان لە خەباتدا تێدەگەن؛ کۆت و بەندی جیهان و ژیانی لادێ دەپسێنن و بەرەبەرە تێکەڵی وڵات و جیهان دەبن... بەم شێوەیەش خەباتی ڕزگاریخوازیی چەکداریی دەبێتە خەباتێکی ڕاستەقینە بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتنی کولتووری. (Cabral, January 1969)

(هەروەها سەیری بەراوردی ئێدوارد سەعید (١٩٩٣: ٢٦۴) دەربارەی گوتاری پێشکەوتنخوازانەتری ناسیۆنالیستیی سیما سەرەتاییەکانی دژەکۆلۆنیالیستی لە بەرانبەر گوتاری دواکەوتنخوازی مۆدێرنی هەندێک ناسیۆنالیستی پۆست کۆلۆنیالیست بکە.)

کەمتر باس لە بەشداریی زانستی کابراڵ بە ڕادەی فانۆن کراوە. چونکە کردەوەی سیاسییەکی کەمتری هەبووە. هەرچۆنێک بێ تیۆرییەکانی فانۆن سەبارەت بە شکڵ گرتنی وشیاریی نەتەوەیی، بەهێزترین بەشدارییان لە دروست کردنی گوتارێکی دژەکۆلۆنیالیستیی کاریگەردا کردووە. بە گشتی دژەکۆلۆنیالیزم ئەو



بەرگرییەیە کە بەرهەمی پەیوەندییەکی جێگیر و دیاریکراوی نێوان کۆلۆنی و کۆلۆنیالیستە کە تێیدا ئەم دووانە بە شێوەیەکی ڕەها و نەگۆڕ دژی یەکن و لە بەرانبەر یەکتردا ڕاوەدەستن. بە هەمان شێوە، دژەکۆلۆنیالیزم کەمتر تایبەتمەندییەکی ئەو کۆلۆنییانە بوو کە دانیشتووانەکانیان گۆڕدراون و تێیدا شێوازێک لە هاودەستی لە نێوان هێزی کۆلۆنیالیستی و دانیشتووە نوێکاندا دەبیندرێ، بۆ نموونە لەم شێوازەدا خەڵکی خۆجێیی سەرکوت کراون و لە شوێنێکی دیکەوە خەڵک بۆ ئەو ناوچەیە گوازراونەتەوە. لەو کۆلۆنییانەدا کە دانیشتووەکانی گوازراونەتەوە و خەڵکی نوێ لە جیاتیان دانراوە دەسەڵاتێکی بنەڕەتیتری کولتووری بە مەبەستی کاریگەرییەکی بەهێزتری دەبیندرێ و لەم ڕێگەوە کۆلۆنیالیزم هێژمۆنییەکی کامڵتری کولتووریی هەیە. لەم شێوازە کۆلۆنییەدا کە خەڵکەکەی گوازراونەتەوە، خەبات بۆ دەستنیشان کردنی هەڵاوردنێکی بنەڕەتیی سیاسی و ئابوورییە کە لە ئەنجامی پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیستییەوە ڕوو دەدات و لە ئاکامدا بەرەو هۆشیارییەک دەڕوا کە پەیوەندییەکی سنووردار لە نێوان کۆلۆنی و هێزی کۆلۆنیالیستیدا هەبێ. ئەم هوشیارییە پێگەیەکی ناوەندیی بۆ هەر جۆرە ویستێکی دژەکۆلۆنیایستی هەیە. لە بارودۆخی ئەم جۆرە کۆلۆنییەدا کە خەڵکەکەی گوازراونەتەوە، ڕەنگە بەرگری لە ئاستی کردەوەی کولتووریدا پێش لە گرنگ بوونی بەرگری لە ئاستی سیاسیدا دەرکی پێ بکرێ و شکڵ بگرێت.

## سەرچاوەکان


1. “Anti-Colonialism” in Postcolonialism Studies: The Key Concepts, by Bill Ashcroft, Gareth Griffiths and Helen Tiffin (London: Routledge, 2013), 15-17.

٢. Negritude چوارچێوەیەکی تیۆریی ڕەخنەیی و ئەدەبی بوو کە لە دەیەکانی ٢٠ و ٣٠ سەدەی بیستەمدا لە لایەن ڕووناکبیر و دیاسپۆرای ئافریقاییەکانەوە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ڕەشپێستەکان دروست کرا.

# ”هەڵسەنگاندن“

# «خەونی کوردستان»

کەیهان یووسفی



پەڕتووکـــی «خەونی کوردســـتان» چیرۆکێکی ڕئیاڵیســـتییە لە چوارچێـــوەی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویـــی و سیاســـیدا کـــە لە ســـەر بنەمای بیرەوەرییەکانـــی خـــودی نووســـەر، بەڵگـــە و دێکۆمێنـــت و فاکتە بەردەســـتەکان و هەروەها لێـــدوان و ئاخافتنەکانـــی کەســـانی حـــازر و پێوەندیـــدار بە ڕووداوەکانی نێـــو ئەم پەڕتووکەدا نووســـراوە. نووســـەر کارۆڵ پرۆنهۆبێرە، خاتوونە ڕۆژنامەوانێکی دۆســـتی کـــورد و خەڵکی وڵاتی وێنزۆئێلایە. ئەم پەڕتووکە سەرەتا لە ساڵی ٢٠٠٩ بڵاو کرایـــەوە کە کەم و کورپی زۆری پێوە دیار بوو، هەر بۆیەش نووسەر ماوەی نزیک بە دە ساڵ دیسانەوە لە سەر پەڕتووکەکە لێکۆڵینەوە دەکات و فاکت و دێکیۆمێنتی زۆرتری پێوە زیاد دەکات و دەوڵەمەندتری دەکاتەوە، ئەم پەڕتووکە دەکەوێتە خانـــووی لێکۆڵینەوەیـــی مێژوویی ـ سیاســـی بە نرخ کە نووســـەر ١٠٢۴ جار نووســـینەکانی خۆی ڕێفرێنس بە بەڵگـــە و دێکۆمێنت و وتەی کەسایەتی و شـــایەتحاڵان دەدات. ئەم پەڕتووکە لە ٣٠هەمین ساڵوگەڕی شەهید کرانی، ڕێبەری نیشـــتمانیی کورد، عەبدولڕحمانی قاسملوو و لە مانگـــی جولای ٢٠١٩ لە وڵاتی ئامریکا بە زمانی ئینگلیـــزی چاپ کـــرا. ئەم پەڕتووکـــە بە زمانی ئینگلیـــزی ۵۴٠ لاپەڕەیـــە کە لە پێنج فەســـڵ پێکدێت و هەر فەســـڵێکیش لە چەندین بەشی جیاجیا پێکهاتووە و لە لایەن کەیهان یووسفییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

خەونی کوردستان، بە سەرهاتی ژیان و مەرگی ڕێبەری ناوداری کورد، شـــەهید عەبدولڕەحمانی قاسملوویە. کارۆڵ ڕۆژانێک لە پاریس و شاخەکانی کوردستان لە سەر داوای دوکتور قاسملوو بەڵێنی پێ دەدات کە پەڕتووکێکی لە ســـەر بنووسێت، بەڵام هـــەر وەک خۆی دەڵێت بڕیـــار نەبوو من چیرۆکی مەرگی قاســـملوو بنووسمەوە. نووسەر کە لە ڕێگەی گەورە ســـینەماکاری کورد، یەلماز گۆنایـــەوە ئاشـــنا بە دۆزی کورد و کەســـایەتیی قاســـملوو دەبێت، تراژێدیی کـــورد بوون دەبێتە بەشـــێک لە ژیان و دڵنیگەرانییەکانی . لە ســـەر داوای قاسملوو دەچێتە شـــاخەکانی کوردستان، شەڕ و ماڵوێرانیی داسەپاو بە سەر نەتەوەی کورد و هێرشـــی پاسدار و هێزی ئێرانی بۆ سەر شار و گوندی کوردستان لە نزیکەوە دەبینێ.

پەڕتووکەکـــە بە پێچەوانـــەی زۆر پەڕتووکی دیکە بە تراژێدیای مەرگی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە دەســـت پـــێ دەکات و بە لەدایکبوونـــی لە نێو تراژێدیای مەرگی ڕێبەرێکی دیکەدا کۆتایی دێت. ڕێبەرێک شـــەهید دەکرێت و لـــە هەمان کاتدا ڕێبەرێکی دیکە لە دایک دەبێت.

نووسەر بە وردی تیشکی خستۆتە سەر چیرۆکی سیاســـیی ژیانی قاسملوو، باسی ژیان لە تاراوگە و گیروگرفتەکانی خەبات و گەڕانەوە بۆ کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران دەکات.

بـــە وردی ڕووداوەکانـــی ئـــەو ســـەردەمە، ســـتراکچێری کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینیی کوردســـتان و پەرتەوازەییـــی نـــاو ماڵی کورد و نەبوونی ســـتراتێژیی هاوبەشـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گشـــت پیلانەکانـــی دەســـەڵاتدارانی تاران لـــە دوتوێی بەڵگە و نووسراوەکانی نووسەران و ڕۆژنامەنووسە نێونەتەوەییەکان لە ســـەر ئـــەو ڕووداوانە دەخاتە ڕوو. پەڕتووکەکە گێڕانەوەی قوربانی بوونی کورد، قوربانـــی بوون بە دەســـتی خۆی، بە دەســـتی داگیرکەر و بە دەستی ی وڵاتە زلهێزەکان دەکات.

قاســـملوو لای نووســـەر کەڵـــە پیـــاوی دێموکراسییە. دێموکراسیخوازێک کە نیشتمان و نەتەوەکەی لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێت.

ئـــەم پەڕتووکە چیرۆکی تەنیاییی قاســـملو و هاوڕێیەکانیەتـــی، چۆن بە هەڵـــە ئێرانیەکان و کوردەکانـــی دیکـــە و تەنانـــەت بەشـــێک لەهاوســـەنگەرەکانی دژایەتیـــی دەکەن، لە دژی ئایدیـــا و خۆزگەکانـــی دەوەســـتنەوە و دوای تێپەڕبوونی ســـاڵانێک زۆربەیان تێدەگەن هەڵە بوون و دان بە هەڵەکانـــی خۆیاندا دەنێن. بەڵام قاســـملوو ئیتر نەماوە. نووســـەر وەکـــوو دەیان نووسەری بیانیی دیکە کە لە نزیکەوە قاسملوویان بینیووە، هێشـــتاش بە قاســـملوو سەرسامە. جیا

لە سەرسام بوون بە زانست و زانیاریی بەرز و بیرتیژیی قاسملوو، باس لەوە دەکات کە قاسملوو لە کاتی گەڕانەوەی لەسەرەتای ١٩٧٩دا چۆن لە کەسایەتییەکی نەناسراو لە نێو خەڵکەکەیدا دەبێتە هیوا و ڕێبەر و قارەمانی خەونەکانی ئەوان.

پەرتووکەکە بەشی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، لە تێنەگەیشتنی کوردەکان لە چەمکی چەپ و نەتەوەگەرایی و هەڵوێستە هەڵەکانیان بەرانبەر بە قاسملوو، تا دەگاتە بێ باوەڕیی دەسەڵاتداران و کاراکتەرەکانی تاران بە دێموکراسی و مافی نەتەوەکانی دیکە و ... باسی تەواوی هەوڵەکانی قاسملوو و دەرگا کوتانەکانی لە پێتەختە ئۆرووپییەکان بۆ ناسینی پرسی کورد دەکات، کە چۆن دەیهەوێت هاوپەیمان و پشتیوان بۆ دۆزی کورد بدۆزێتەوە.

خەونی کوردستان بە وردی باسی فرت و فێڵی داگیرکەران و درۆ وادەی بێ ناوەرۆکی جیهانی ڕۆژئاوایە بەرانبەر بە کورد. بێ کەسیی کوردەکان لە هەوراز و نشێوی مێژوودا کە تەنیا شاخەکان بوون کە خیانەتیان پێیان نەکرد. باسی باوەڕی یەک لە دوای یەکی ڕێبەرە کوردەکان بە نەتەوەی بالادەست و دوایی کوژرانیان لەلایەن ئەوانەوە.

کاکڵەی باسەکە، باسی تیرۆری قاسملوویە. چۆن ڕێژیمی ئێران سالانێک بە خوێندنەوەی گشت هەلومەرجە نێونەتەوەییەکان، خوێندنەوەی دۆخی نێوماڵی کورد و حیزبەکەی قاسملوو، کەڵک لە خودی کوردەکان وەردەگرێت بۆ پەلکێش کردنی قاسملوو بۆ نێو داوی مەرگ. باس لە هەڵوێستی هاوڕێیان و نزیکەکانی قاسملوو لە سەر مەسەلەی وتووێژ لە گەڵ ڕێژیمی ئێران و چیرۆک و نهێنییەکانی پشت ئەو ڕووداوە دەکات. چۆن یەکێک لە بکوژانی قاسملوو سالانێک پێش لە شەهید کرانی تەنیا چەن کیلوومیتر دوورتر لە دەفتەری سیاسیی حدکا لە باشووری کوردستان ،چاودێریی ژیان و دۆخی قاسملوو و حیزبەکەی دەکرد.

پەرتووکەکە باسی کەڵک وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە کارتی گوشاری مامەڵەی چەک و چۆڵ لە گەڵ ئۆتریشییەکان بۆ بێ دەنگ بوونیان دەکات. چۆن پۆلیس و سیستەمی دادوەریی ئەو ولاتە لە بەر پۆست و پارە و هەڕەشەی سیاسییەکانی ولاتەکەیان هەموو سوێند و یاساکانی خۆیان لە ژێر پێ دەنێن. باسی گەندەڵیی دەوڵەت ـ سیستەمی ئۆرووپی و لە هەمان حاڵدا هەبوونی دەنگی هەندێک ویژدانی ئۆرووپی دەکات کە لە نێو جیهانی گەنیوی کاپیتالیستدا لە سەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤ لە مەڕ کەیسی قاسملوو وەدەنگ دێن. گەندەڵیی «نۆریکۆم» گرێدراوە بە تراژیدیای کوردانەوە و باس لە قوربانی بوونی کوردەکان و سەرپۆش دانان لە سەر تیرۆری قاسملوو لە بەرانبەر پێترۆدۆلارە.

نووسەر بێ ئەنجام بوونی تەواوی هەوڵ و تەقالا یاساییەکانی خاتوو هێلێن کرۆلیچی خێزانی قاسملوو و حدکا بۆ دادگایی کردنی تاوانباران لە بەرانبەر بەرژوەندیخوازیی ئۆرووپاییەکان دەکات و بە ڕوونی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەردەست خستنی فاکتەکان، کارتۆنی بوونی بایەخ و دروشمە زریقە و بریقەدارەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤی ڕۆژئاواییمان بۆ پیشان دەدات، کە چۆن لاوازیی لۆبیگەریی کورد هەمیشە تەنیا و بێ پشتیوانی هێشتووەتەوە.

خەونی کوردستان، ژیانی پیاوێکە کە گشت زام و ژان و تراژیدی و خۆزگە و هیواکانی کوردی لە نێو خۆیدا کۆ کردووەتەوە. پیاوێک کە سوورە لە سەر باوەڕەکانی، پرەنسیپەکانی و خەونەکانی. تا دوایین هەناسە لە باوەڕەکانی پاشگەز نابێتەوە و پاشەکشە لە پرەنسیپەکانی ناکات. ئەو خەونەکەی قەت پشتگوێ ناخات و بە تەواوی هەوڵەکانی دەیهەوێت دەلاقەیەک بەرەورووی دەستڕاگەیشتنی کوردەکان بە مافەکانیان بکاتەوە.

خەونی کوردستان، هیوا و ئاواتی نەتەوەیەک دەگێڕێتەوە کە بە خوێن دەیهەوێت بوونی خۆی بپارێزێت، بەلام لە کۆتاییدا هەر خۆی خەنجەر لە پشتی خۆی دەدات. ئەم پەرتووکە باسی گشت ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی قاسملووە، چ ئەو کاتەی دەکەوێتە بەر ڕقی ئەوانەی ڕۆژهەلاتیان قوربانیی پارچەکانی دیکە کردووە و چ ئەو کاتەی لە سەنگەری پان فارسیزمەوە دیسان بە دژی

سەنگەر دەگرن.

ئەم پەڕتووکە بە جوانی و بە بەڵگە و وردەکارییەوە دەریدەخات کە چۆن قاسملوو وەکوو نیشتمانپەروەرێکی دیموکراسیخواز، بناژۆخوازی چەپ و ئایینی و نەتەوەیی دژایەتیی دەکەن و ئەو بەردەوام بۆیان دووپات دەکاتەوە کە دێموکراسی تەنیا دێموکراسی و بۆ گەیشتن بە دێموکراسی پێویست نیە بە ڕێگای دیکتاتۆریدا بڕۆین.

خوێندنەوەی بۆ گشت ڕووداوەکان لە سەر بنەمای دەروەست بوون بە باوەڕەکانیەتی. لەم کتێبەدا، پرسیار ڕووبەڕووی باڵوێزی ئامریکا دەکاتەوە و پێی دەڵێت چۆناوچۆنە ئامریکایەک کە بانگەشەی دێموکراسی بۆ جیهان دەکات، ئێمە پشتگوێ دەخات کە بزووتنەوەیەکی مافخواز و دیموکراسیخوازین، بەڵام پشتیوانی لە جیهادییەکانی ئەفغانستان و... دەکات.

نووسەر باس لە کەسایەتیی سەربەخۆی ڕێبەرێک دەکات کە تەواوی تێکۆشانی ئەوەیە ئەو سەربەخۆییە بۆ حیزبەکەی و نەتەوەکەشی دابین بکات. ئەو بە ڕوونی باسی پێوەندیی قاسملوو لە گەڵ دەوڵەتانی دیکە و ڕەچاو کردنی مافی پارچەکانی کوردستان دەکات و چۆن هەمیشە بەرژوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژوەندیی حیزبی و تاکەکەسیەوە دادەنێت.

پەڕتووکەکە باس لە ژیریی قاسملوو دەکات. ئەویش نە لە زمانی خودی نووسەر یا پێشمەرگە و هاوسەنگەرەکانی قاسملووەوە. بەڵکوو ئەو پزیشک و ڕۆژنامەوانانەی کە سەردانی کوردستان و بارەگاکانی پێشمەرگەیان کردبوو و قاسملوو وای لێ کردوون کە بۆ هەمیشە ببنە دۆستی ڕاستەقینەی کوردستان. باس لەوەی چۆن کاتێک حیزبە باشوورییەکان شارۆمەندانی وڵاتانی فەرانسە و ئیتالیا بە بارمتە دەگرن، قاسملوو بە هۆی کارتێکەریی خۆی لە سەر سەرکردایەتیی ئەو حیزبانەوە دەبێتە هۆی ئازادیی ئەوان و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی بنیاتنانی بناخەی پردی پێوەندیی نێوان قاسملوو و سەرکردەی ئەو وڵاتانە و بە تایبەت حیزبی دەسەڵاتداری فەرانسە و سەرکردەکانی.

ئەو بۆ خەونەکانی دەژیا و لە سەر بنەمای باوەڕەکانی هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە هەڵدەگرت. پەڕتووکەکە باسی ئەوە دەکات کە کاتێک ڕێژیم یەکێک لە براکانی قاسملوو دەگرێت و داوا دەکات لە گەڵ دیلەکانی ڕێژیمدا بیگۆڕنەوە، لە حاڵێکدا دەفتەری سیاسیی حیزبەکەی ڕازی بەو کار دەبن، ئەو قەبووڵ ناکات و دەڵێت، برای من پێوەندیی بە حیزبەوە نیە و من تەنیا دیل لە گەڵ پێشمەرگە دەگۆڕمەوە.

کارۆڵ باسی باوەڕمەندی و دەروەستیی قاسملوو بە پرەنسیبەکانی دەکات و دەڵێت: قاسملوو کاتێک لە کۆڕ و دانیشتنەکانی لە گەڵ خەڵکانی بیانی دەیگوت تیرۆر مەحکوومە لە پراکتیکیشدا هیچ کات ئیزنی نەدەدا حیزبەکەی کەڵک لە مێتۆدە تیرۆریستییەکان وەر بگرێت. گەرچی میدیا جیهانییەکان سەرنجی بیروڕای گشتییان بۆ لای دیاردە تیرۆریستییەکان ڕادەکێشا نەک بزووتنەوە مافخوازەکان.

خەونی کوردستان، باسی تەنیایی خەونی ڕێبەرێکە کە خۆی و نەتەوەکەی بە تەنیا لە نێوان ململانێی هێزە جیهانییەکاندا ماونەتەوە و هەموو لایەک تەنیا بە چاوی قوربانی بۆیان دەڕوانێت.

ململانێ نێوخۆییەکان، هەڵەکانی ئەو سەردەمە و کەم و کۆڕییەکان، بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە شیکاریی بۆ کراوە و لێدوانی لایەنگر و دژبەری بۆ وەرگیراوە و نووسەر وەکوو ڕەخنەگرێکی سەربەخۆ ڕای خۆشی لە بەراوردکاریی نێوان لێدوانەکان و واقعییەتی ڕووداوەکان دەربڕیوە.

خەونی کوردستان، پەڕتووکێکی بەنرخە کە بۆ هەر ڕووداوێک کەڵک لە زۆر بەڵگە و دێکۆمێنت وەردەگرێت و بە پێچەوانەی زۆر نووسین کە مێژووی ئەم ڕۆژانەیان وەکوو گێڕانەوە نووسیوە، نووسەر بە دەروەستی بە زانستی لێکۆڵینەوە، زۆر ورد ڕووداوەکان و ڕاستیی نێو ڕووداوەکان دەخاتە بەردەم خوێنەر.

خەونی کوردستان، چیرۆکی بەرخۆدانی نەتەوەیەکە کە مەرگی هیچ ڕێبەرێک، ڕەنگە بێ هێزی کرد بێت بەڵام ناهومێد و بێ هیوای نەکردووە.



5. The Treaty of Westphalia;
Her çiqas ku di rastî da du peymanên cuda li du bajarên cuda hatibûn wajo kirin lê ev peyman ji ber ku di naveroka xwe da yek bûn, di zimanê Înilîzî da weke yeljimar tê bikaranîn.
6. State;
Dewletên Swîsre û Holanda, Fransa, Spanîya û Portoqal di çarçoveya Peymana Westfalîyayê da weke welatên serbixwe hatine naskirin û dest-têwerdana papayî di karûbarên wan welatan da hate qedexe kirin. Wan dewletan karî bi sere xwe karûbarên xwe yên navxweyî û navneteweyî bi rêve biben. Rêgeza serxwebûna sîyasî û olî hete pejirandin. Rêgeza wekhewîya dewletan jî di têkelîyên navneteweyî da bingeh hat girtin.
7. Împaratorîya Pîroz a Romê, Împaratorîya Swêdê, Împaratorîya Spanyayê, şehenşahîya Fi-ransayê û Komara Holandayê hêzên serekî bûn ku di şerên sihsalî li hember hev sekinîbûn. Di nava welatên Ewropî yên vê serdemê da tenê Birîtanîya û Polonîya beşdarî şerên sîsalî nebûn.
8. The Principle of Territorial Integrity
9. The Principle of Non-Intervention;
Ji ber ku nivîskar li ser vê bawerê ye ku di vê rêgezê da qedexeyeke hiqûqî heye, ji têgeha "Qedexe"yê sûd girtîye.
10. The Principle of Sovereign Equality of States
11. Westphalian Sovereignty
12. Hague Conventions of 1899 and 1907.
13. The Covenant of the League of Nations
14. Xalên 12,13 û 15.
15. Kellogg–Briand Pact (1929)
Ev peyman her wisa weke "General Treaty for Renunciation of War as an Instrument of National Policy" jî tê naskirin.
16. Prohibition of the Use of Force
17. Xala 1ê.
18. Charter of the United Nations
19. United Nations Organization
20. Xala 1ê ya Çarteya Netewên Yekbûyî
21. Tu ji wan derfetên ku ji bo gelên blindest hatîne berçavgirtin li beranber astengîyên heyî ev qas bi-hêz û bibandor nîne ku bikaribin ji bo guherandina rewşa bindestan rê xweşker bin. Ji be vê çendê jî nivîskar ji têgeha "Hûrderfet"ê sûd girtîye.
22. Nivîskar bi zanebûn têgeha "Bindestan" bikar tîne, ji ber ku ne pêkan e hertim serwerî di destê pi-ranîya da be û bi nerîna nivîskar bikaranîna têghên weke kêmîne an eqelîyet ji bo wan rewşan guncav nîne.
23.The Right of a People To Self-Determination

eyî amajê bi vî mafî dikin û li kêleka vî mafî gelek mafên din hene ku di çarçoveya peyman, peymanname û biryarnameyên navneteweyî da amaje bi wan hatîye kirin, lê tu ji wan mafan bêyî hebûna rezamendî an neçarmayîna dewletan nahên cîbicîkirin. Daneyên heyî nîşan dane ku çavdêrîya navneteweyî û raya giştî ya cîhanî jî nikare bandoreke erênî li ser asta cîbicîkirina wan mafan ji alîyê dewletê ve bike.

## Encam

Li gor peymannameyên navneteweyî dewlet kirdeyê sereke yê hiqûqa navneteweyî ye, û ji sînornasîya sîyasî û bingehgirtina aşitîyê weke makerêgez bigire heya rêgezên binema yên din ku di hiqûqa navneteweyî da cih digirin, hemî ji bo birêkûpêkkirina têkelîyên dewletan hatîne dariştin. Lê di rastî da asta rêzdarîya dewletê li beranber wan binemayan hertim girêdayî hêza wan bûye. Ew jî tê vê wateyê ku dewlet di têkelîyên xwe yên navneteweyî da zêde girêdayî rêzikên hiqûqî namînin û li gor şet û mercan bertekên cuda nîşan didin.

Herwisa hêza dewletê di têkelîyên xwe yên navxweyî da jî li ser bingeha serwerîya westfalîyayî û hêmanên vê serwerîyê û li gor hêz û hêzdarîya xwe nêzîk dibe û bi her awayî bizavên gelên bindest ku li dijî serwerîyê pêk tên, tepeser dike.

Ne Civaka Netewan û ne jî Rêxistina Netewên Yekbûyî nekarîne cîbicîkirina mafên kîmîneyan mîsoger bikin, û rêkarên guncaw û bicî ji bo parastina wan mafan darêjin. Berevajî vê çendê jî hemî heyînên xwe ji bo parastina dewletê bikar anîne. Qedexekirina bikaranîna şer weke rêçareyeke sîyasî û parastina aştî û ewlehîya navneteweyî jî, tenê di têkelîyên di navbera dewletan da derbasdar in û hiqûqa navnetewî nekarîye tenê pêngaveke bihêz û şênber ji bo birêkûpêkkirina têkelîyên dewletan û bindestên (kîmîne) wan bavêje.

Ev mafên ku ji bo kîmîne û bindestan hatîne berçavgirtin jî, tenê di nava deqên belgenameyên navneteweyî da êxsîr mane, û ew jî tê vê wateyê ku gelên bindest û bitaybet gelê kurd pêwîst e, an bi hêza xwe (sîyasî, leşkerî, aborî û …hwd.) derfetekê ji bo dîyarkirina çarenivîsa xwe biafirîne, an jî bi çavên vekirî li benda derfetek derveyî be, ji ber ku dilxweşkirina bi rêgezên hiqûqa navneteweyî tenê xwe xapandin e, û ezmûna Kurdan li her çar parçeyên Kurdistanê nîşan dide ku ew hiqûq wê tu carî nebe rêxweşkerê çareserkirina pirsgirêkên gelê Kurd û rizgarîya wan.

## Jedar

1. Peace of Westphalia
2. Thirty Years' War
3. Münster
4. Osnabrück

Nêzî du dehsalan şûnda darêjerên "Çarteya Netewên Yekbûyî"[18] jî ev qedexe dubare kirin û heya roja îro jî têkelîyên navneteweyî li ser bingeha wan rêgezê tên û kirdeyên serekî ku di çarçoveya hiqûqa navneteweyî da tên naskirin jî dewlet in.

## Rêxistina Netewên Yekbûyî[19] û Parastina Serdestîyê

Girîngtirîn armanca Rêxistina Netewên Yekbûyî dabînkirin û parastina aştî û ewlehîya navneteweyî bû.[20] Vê rêxistinê gişt rêgezên ku me li jor amaje pê kirin pejirand û di nava çarte, biryarname û peymannameyên girêdêr da bi cih kir. Di rastî da avabûna Rêxistina Netewên Yekbûyî ji bo dagîrker û serdestan derfeteke zêrîn afirand. Wan bi sûdgirtin ji rêgezan navborî serwerîya xwe bi dilê xwe meşandin û her awayê rêkarên dijhiqûqî û nemirovane li dijî gelên blindest û kêmîneyan ceriband da ku bikaribin tevgerên rizgarîxwaz tepeser bikin.

Bêguman ji roja damezrandina Rêxistina Netewên Yekbûyê heya îro dagîrkerên kurdistanê jî ji bo tunekirina gelê Kurd hemî rêkarên hovane û dijhiqûqî bikar anîne ku aşkera an veşartî çavkanîya xwe ji hêman û rêgezên Serwerîya Westfalîyayî û Netewên Yekbûyê girtine. Ev jî tê vê wateyê ku Netewên Yekbûyî di avabûn û berdewamîya kar û xebatên xwe da tenê parastina serdestîyê esas girtîye, û dewlet jî bi zanebûn wan taybetmendîyan di berjewendîya xwe da bikar tînin.

## Hiqûqa Navneteweyî û Hûrderfetên[21] Bindestan[22]

Di çarçoveya rêzikên hiqûqa navnetewî da hin hûrderfet ji bo gelên bindest hatîne destnîşankirin ku dikarin di şert û mercên dîyar da wan hûrderfetan ji bo parastina heyînên xwe yên sîyasî, medenî, aborî, çandî û… hwd bikar bînin. Ew maf piranî weke mafên kêmîneyan tên binavkirin. Di nava wan mafan da jî ji hemûyan girîngtir "Mafê Gelan ji bo Dîyarkirina Çarenivîsê"[23] ye ku herwisa weke rêgezeke mafên mirovan jî tê naskirin.

Ev rêgez ne berhema Netewên Yekbûyî; lêbelê berhema Civaka Netewan e ku piştî Şerê Cîhanî yê Yekem ji bo rizgarîya gelên di jêr desthilatdarîya Împaratorîyên Osmanî û Nemsayê da esas hatibû girtin. Mixabin ji ber gelek sedemên taybet gelê Kurd nekarî wê derfetê bikar bîne û serbixwebûna xwe ragehîne. Piştî Şerê Cîhanî yê Dumeyîn û bitaybet di dehsalên 50-an û 60-an da jî vejînek nû di bikaranîna wî mafî da çêbû, û ew maf li dijî hêzên mêtînger hate bikaranîn. Di encama vê sûdgirtinê da jî gelek welatên nû serxwebûna xwe ragihandin, lê dîsa Kurdan nekarîn ji ber zext û zorên bêsînor xwe bibizivin û encamekê bidest bixin.

Gelek belgenameyên navnetew-

vê rojê ve heya îro têkelîyên wan bi rêya hiqûqa navneteweyî hatîne rêkûpêkkirin.

## Serwerîya Westfalîyayî, Rêgez û Kirde

Li gor peymana Westfalîyayê layenên şer[7] pêbendîya xwe bi rêzgirtina ji "Rêgeza Yekparebûna Axê"[8] ragihandin û "Rêgeza Qedexeya Destêwerdanê"[9] û herwisa "Rêgeza Wekhevîya Serwerîya Dewletan"[10] di kar û barên xwe bingeh girtin. Ev rêgez bûne binemaya sînornasîya sîyasî; anku heya wê demê sînoreke hêldîyar û naskirî di navbera kîyanên sîyasî da nehatibû pênasekirin. Ku sînoreke dîyarkirî heba jî, tu rêkeftineke du an çendalî ya navneteweyî cih nedabû misogerkirina parastina wî sinorî.

Di bin bandora Peymana Westfalîyayê da êdî pergala navneteweyî hebûna kîyaneke weku împaratorîyan di nav xwe da qebûl nedikir. Girîngtirîn împaratorîyên ku di nava xerîteya Ewropayê da cih digirtin, Împaratorîya Pîroz a Romê, Împaratorîya Osmanî, Împaratorîya Polonyayê û Împaratorîya Swêdê bûn ku her weku me amaje pê kir, piştî bifermînasîna dewletê hêdî-hêdî hilweşîyan, û tevlî dîrokê bûn.

Berevajî dewletan ku li ser rûpelên lihevhatinan sînor weke serxêza destpêbûna serwerîyê qebûl kirin, taybetmendîya serekî ya wan Împaratorîyan bingehgirtina rêgeza şer di têkelîyên navneteweyî da bû. Li ser vê esasê jî kengî berjewendîyeke wan çêbiba an berjewendîyeke wan ketiba jêr gef û xetereyan, şer weku rêçareya destpêkê ji bo parastina berjewendîyên xwe bikar dianîn.

Peymana Westfalîyayê bi pênasekirineke hişk a têgeha "Serwerîyê" ku îro rojê weke "Serwerîya Westfalîyayî"[11] tê binavkirin, rê li ber guherîneke mezin di têkelîyên navnetewî da xweş kir ku ew jî bingehgirtina rêgeza aşitîyê bû li dewsa rêgeza şer. Civaka navdewletî hêdî-hêdî gehişte vê encamê ku parastina sînoran tenê bi rêya aştîyê dê were mîsogerkirin. Lê dîsa jî gelek dem derbaz bû heya ku rêgeza şer cihê xwe da rêgeza aşitîyê.

Ji 1648-an heya sala 1919-an gelek lihevhatin û peymanên navneteweyî hatine girêdan. Tu ji wan peymanan nekarîn şer qedexe bikin. "Peymannameyên Aşitîyê yên Laheyê"[12] hin alavên pêşîgir yên weku navbijîwankarîyê pêşnîyar kirin û bikaranîna şer tenê ji bo wergirtina deynan qedexe kir. Bendewarîyeke xurt ji alîyê hiqûqnasan ve hebû ku "Peymannameya Civaka Netewan" [13] şer bi awayekî rasterast qedexe bike, lê tenê karî ku bikaranîna hêza leşkerî girêdayî hin şert û mercên dîyar bike.[14] Cara yekem û bi rêya "Rêkeftina Kellogg – Briandê"[15] bû ku rêgeza "Qedexeya Bikaranîna Hêzê"[16] di têkelîyên navneteweyî da bingeh hat girtin.[17]

Hiqûqa Navneteweyî weke yek ji hêmanên dîyarkerê darişteya têkilîyên naveneweyî, di nava xwe da gelek rêgez û rêzikan dihewîne û xwedî hin taybetmendîyan e ku dikare di nêrîna yekemîn da ji bo gelên bindest weke derfet bê şîrovekirin. Lê dema mirov bi berçavka wan gelan û bi hûrgilî li hiqûqa navneteweyî dinêre, digehe vê encamê ku ev hêman bi hemî alavên xwe yên hiqûqî û sîyasî nikare û naxwaze li beranberî hêzên sîyasî bisekine û desthilata wan sînordar bike. Her wisa mirov digehe vê encamê ku hêmaneke dewletparêz e û tu caran heyîna dewletê nake qurbana bendewarîyên bindestan. Li ser vê esasê jî naskirina hiqûqa navneteweyî bi lêkolîneke kurt li ser dîrok, xalên werçerxanê, taybetmendî û rêgez û rêzikên bingehîn dikare bersiva gelek pirsên têkildarî sernavê nivîsarê zelal bike.

## Aştîya Westfalîyayê û Avabûna Dewletê[1]

Dabeşbûna ola kirîstîyanîyê li ser du beşên Katolîk û Protistanan (destpêka sedsala 16-an), rê li ber şerekî dijwar xweş kir ku sala 1618-an dest pê bû, û sih salan berdewam kir.[2] Piştî demeke kurt ji destpêbûna şerî armancên olî cihê xwe dane sepandina serdestîya sîyasî û leşkerî, û di encamê da jî nêzî nîvê parzemîna Ewropayê di nava agirê şer da sot û wêran bû.


Gelek kesan bi sedema şer û gelek yên din jî bi sedema xizanî, kulb û xela û nexweşîyan canê xwe ji dest dan. Piştî wan hemî bobelatan, aştîhezan hewlên xwe ji bo gehiştin bi aşitîyeke mayinde gur kirin da ku bikaribin alîyên şer bo ser maseya lihevhatineke giştalî rakêşin û pêşîya berbelavbûna zêdetir a karesatan bigirin. Herî dawî sala 1648-an wan hewl û têkoşînan berhem dan û layenên şer bi wajokirina du peymanên Mûnister[3] û Osnabrûkê[4] ji alîyekê dawî bi şerên sihsalî anîn û ji alîyeke din ve jî xîmê pergaleke nû ya sîyasî-hiqûqî danîn.

Peymanên Westfalîyayê[5] yekem peymanên çendalî yên navneteweyî ne ku ji bo dabînkirina aşitîyê hatîne girêdan. Lê hevdem li gel wê çendê ku aştî misoger kirin, meydan jî ji bo têkçûna Împaratorîyan xweş kirin, ev heyîna sîyasî ku bi hezaran salan karîbû di têkelîyên herêmî û navneteweyî da weke kirdeyê sereke cih bigire. Împaratorî bi wê peymanê rastî derbeke hilweşîner hatin û çend sedsal şûnda, di bin bandora pergala nû ya sîyasî bi temamî ji holê rabûn û cihê xwe dane heyîneke din.

Yek ji encamên wan peymanan jidayîkbûna kîyana "Dewletê"[6] bû. Helbet ev nayê vê wateyê ku berîya sala 1648-an tu kîyaneke sîyasî ya weku dewletê di dinyayê da nebûye; lê belê mirov dikare bêje ku dewlet bi wateya îroyîn wê salê û bi rêya wan peymanan hatîye avakirin û ji

# Hiqûqa Navneteweyî, Astengî an Derfet?

Sabir Ebdulahîzad



## ڕێنمایی نووسین

### مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

**٣** گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

**٥** دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

### شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

**١. کتێب**

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

**٢. بەشێک لە کتێب**

Abbas Vali, "Nationalism and the Question of Origins," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

**٣. گۆڤار و ژورناڵ**

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East," The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

# ڕزگاری لە نێوان ڕێفۆرم و شۆڕشدا

۵۲

لە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پێوەندی‌کردن:
govaritishk@pdki.org